
# شەمشەمە کوێرەکان

نووسینی: موئەدەب پوور
وەرگێڕانی: نەسیم غولامی



CS CamScanner




CS CamScanner

# شەمشەمە کوێرەکان

GOLDEN
BOOK

ئەم کتێبە لەلایەن چەناڵی kteb_khana2 کراوەتە pdf
لە تیلیگرام

کتێبخانە
پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران

کتێبخانەی گۆڵدن بووک
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
07701598762 - 07501444434
Goldenbook @ktebfroshe_warzer
GOLDEN BOOK

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا
سلێمانی سەرەتای شەقامی مەولەوی
فەرعی سەعید تەها کۆیی
٠٧٥٠١١٢٨٣٨٨-٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧
Ktebxanai chwarchra
چوارچرا

CamScanner

رۆمان

# شەمشەمەکوێرەکان

م. موئەدەب پوور
وەرگێڕانی: نەسیم غولامی

CamScanner

به ناوی خوای تاک و تەنیا

بێناسی کتێب

ناوی کتێب: شەمشەمەکوێرەکان

نووسەر: م. موئەدەب پور

وەرگێڕ: نەسیم غوڵامی

دیزاین: هەرێم عوسمان

شوێنی چاپ: چوارچرا

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢١

تیراژ: ١٠٠٠دانە

GOLDEN BOOK

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی ( ) ساڵی ( ٢٠٢١) پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

کاتژمێر نزیکەی ١٠ بەیانی بوو لەگەڵ کاوەی کوڕە مامم سواری ئۆتۆمبێل بووین و دەمانویست بچین بۆ ئاسایشتگا[١]. باوکم و مامم نەزرێکیان کرد بوو، کە دەبوا بمانبردبایە بۆ ئەوێ. نەزرەکە مەکینەی جلشۆر بوو، چەکێکیش کە بڕە پارەیەکی زۆری لە سەر نووسرا بوو.

بەسەرهاتی نەزرەکە ئەوە بوو، کە ساڵی ڕابردوو ماوەی چەند ڕۆژ گرفتێکمان بۆ ساز بوو؛ من و کاوە لە شوێنێک ژوانمان بوو و نەماندەتوانی بچین بۆ کارگە! واتە کارگەکە هی باوک و مامم بوو، کە پێکەوە هەم برا و هەم هاوبەش و هەم دراوسێ بوون! ئێمە لە دوو ماڵی ڤیلایی لە نزیک فەرمانییە دەژیاین. باوکم و مامم هەر کارێکیان دەکرد پێکەوە هاوبەش بوون! بە کورتی بۆ ئەوەی نەچینە سەر ئیش، ئەم کاوە هیچ و پووچە خۆی دا لە ژانە سەر! مامم پاش چەند ڕۆژ بە زۆری ناردی بۆ "سی تی ئێسکەن" و لەچانسی ئێمە، وەڵامی پشکنینەکە لەگەڵ هی کەسێکی داماو، کە "تۆمۆر"[٢] لە مێشکیدا بوو، تێکچوو! هەڵبەت دەستبەجێ بە موبایل پەیوەندییان بە کاوە گرت و پێیان ڕاگەیاند؛ بەڵام کاوەی گلاراوگرتوو لای باوکی هیچی نەوت، ڕۆژێ هەمووانی بە وەڵامی پشکنینی سی تی ئێسکەنەکە هەراسان کرد و دواتر هەموو شت ئاشکرا بوو! جا مام چی لێ نەکرد، بە هەرحاڵ؛ ئەمەش نەزری ئەو ڕۆژەیەتی!

نزیک کاتژمێر ١١ بوو کە گەیشتین و کاوە ئۆتۆمبێلەکەی کە لەو شاسییە

---

[١] ئاسایشگا: نەخۆشخانەی دەروونی، یان شێتخانە.

[٢] تۆمۆر: لو، گرێ



CamScanner

بەرزە نوێیانە بوو، لە شوێنێکدا ڕایگرت، ئەو کامیۆنەی کە جلشۆرەکەی تێدا بوو لە پشت سەرمان ڕایگرت و من و کاوە چووینە بەشی ئیداری ئاسایشتگا ... زۆر گەورە بوو و نزیکەی پازدە شازدە کەس، کچ و کوڕی گەنج و خانم و پیاوی بە تەمەن تێیدا دانیشتبوون و ئیشیان دەکرد!

کاوە سەیرێکی کرد و بەرەو چەند مێز کە لە خوارەوەی هۆڵەکە بوو وەڕێکەوت و کۆمەڵێ کچ لە پشت کۆمپیتەرەکانیان دانیشتبوون و خەریکی ئیشکردن بوون. لەگەڵ ئەوەی بە دوایەوە بووم بە گوێیدا سرتاندم:

- کاوە کاری منداڵانە مەکە! بیدە با بڕۆین!

ئاوڕێکی داوە و وتی:

- باشە دەی بەڵام با کەمێک خۆم بنوێنم، ئینجا پێیان دەدەم و دەڕۆم! خۆ هەر وا خت و خاڵی نابێ!!! کوڵێ پارەیە!

هاتم شتێکی پێ بڵێم، چووە لای یەکێک لە مێزەکان و سڵاوی کرد. لە پشت مێزەکە کیژۆڵەیەکی تەمەن بیست و چوار ساڵ و کەمێکیش جوان بوو. سەری هەڵبڕی؛ لەگەڵ ئەوەی وەڵامی سڵاوی کاوەی دەدایەوە، سەیرێکی هەر دووکمانی کرد و ئینجا بە کاوەی وت:

- فەرموون، تکایە!

کاوە: خانمی بەڕێز من دەمەوێ برە پارەیەک لێرە پێشکەش بکەم! دەبێ چی بکەم؟

کچە بزەیەک نیشتە سەر لێوی و وتی:

- زۆر سوپاس. دەستتان خۆش بێ! تکایە بچنە لای ئەو ئاغایە، لە لای دەرگای هاتنە ژوورەوە.

کاوە گەڕاوە و سەیرێکی ئەو پیاوەی کرد، کە بەرپرسی ئەم کارانە بوو و پاشان بە کچەکەی وت:

-ناکرێ خۆتان ئەزییەت بکێشن و ڕێنوێنیم بکەن؟!

کچە سەیرێکی کرد و پێکەنی و لەگەڵ ئەوەی لە سەر کورسییەکەی هەڵدەستا وتی:





CamScanner

- بە چاوان! برە پارەکە چەندەیە؟

کاوە: هەزار تمەن.

کچە لە جێی خۆی وشک بوو و بە واق ورمانەوە وتی:

- هەزار تمەن؟!

کاوە: ڕووم ڕەش بێ! هەر ئەوەندە قەوەم پێ دەشکێ! بە خوا خۆشم بە نانی باوکم بەڕێ دەچم!

کچە کە ئەمەی زانی کاردانەوەیەکی توندی پیشان دا و بە توورەییەوە وتی:

- نا نا! دەستتان نەیەشێ! مەبەستم ئەوە بوو دەتانتوانی ئەم برە پارە ئەنتەرنێتی یان لە دەزگای ئێی تی ئێم تیتانکردبایە و ئەم ڕێگایەتان نەبریبا و تەشریف نەهاتبا!

کاوە بە جیدی وتی:

- ئەوەی ڕاستی بێ دەمویست لە شێوازی کاری ئەم ڕێکخراوە ئاگادار بم!

کچە پێکەنی! دوو کچی دیکەش کە گوێیان لەم باسانە بوو دایان لە پرمەی پێکەنین، منیش خێرا کاوەم کێشایە ئەم لا و وتم:

- ببوورە خانم، جلشۆرێکی گەورە لە دەرەوە لە ناو کامیۆنە! ئێستا گرانکێش دێ بۆ ئەوەی دایبگرێ. چەکێکی پارەش هەیە!

کاوە بە لاچاوەوە لێی ڕوانیم، ئینجا لەو لاوە هەر ئەو پیاوەی کە بەرپرسی ئەم کارە بوو خەریکبوو سەیری دەکردین و گوێی بۆ قسەکانمان هەڵخستبوو، لە سەر جێکەی هەستا و هاتە لامان و سڵاوێکی کرد وتی:

- پێشکەشی بەڕێز ستوودە؟!

من سڵاو و حەواڵپرسیم کرد وتم:

- بەڵێ، گوایە پێشتر لەگەڵتان هاوئاهەنگی کردووە!

- ئەرێ ئەرێ! جەنابی ستوودە گەورەمانە! مرۆڤێکی شەریف و خێرخوازە! تکایە بێنە ئەم لاوە ...

کاوە نەیهێشت کۆتایی بە قسەکانم بێنم و هەر لەوێ لە سەر کورسی دانیشت و چەکەکەی مامی پێدام و وتی:

- هانێ بیگرە و لەگەڵ ئەو ئاغایە زوو بیدە و وەرەوە! ئەم هەزار تمەنەشت بیر نەچێ بیدەی! من تاقەتم نییە بچمە لای ئەو مێزە! من لێرە دادەنیشم تا دێیتەوە!

بە لاچاوێکەوە چاوێکم لێکرد و لەگەڵ ئەو پیاوە چوومە لای مێزەکەی. دوو سێ خوولەکی خایاند هەتا ژمارە چەکەکەی نووسی و ڕسیڤێکی پێدام و هەر دووکمان چووینە دەرەوە بۆ داگرتنی جلشۆر.

گرانکێش گەیشتبوو و خەریکبوو جلشۆرەکەی دادەگرت! ئەو پیاوە پێی وتم: بگەڕێمەوە بۆ هۆڵ و چایەک شتێک بخۆمەوە و خۆشی لەوێ ڕاوەستا. منیش گەڕامەوە بۆ هۆڵەکە، کەسێکی دیکە هاتە بەر دەمم و وتی:

- ببوورە جلشۆرەکە گەیشت؟

هەر کە پێم وتن گەیشتووە، یەک دوانێکی بانگکرد و پێکەوە چوونە دەرەوە! بۆم دەرکەوت لانیکەم کاتژمێرێک بۆ داگرتن و بردنی دەخایەنێت. چوومە لای کاوە. بینیم کۆمەڵێ کچ دەورەیان داوە و کاوە خەریکە قسەیان بۆ دەکات. چوومە پێشەوە و ڕاست لە پشتە سەری کاوە، لە سەر کورسییەک دانیشتم کە کاوە ئاوڕی داوە و وتی:

- ببوورە! پشتم لێتانە.

بە زەردەخەنەیەکەوە وتم:

- شایەنی نییە.

دیسان ڕووی کردەوە خانمەکان و وتی:

- ئەم داماوەی کوڕە مامم لە تاوم چی لێ نەهات! بیست کیلۆ کێشی دابەزاند. لە خەمی منا چاوی چووبوو بە قووڵا.

کچەکان هەموو بە داخ و پەژارەوە سەریان دەلەقاند دیسان ئاوڕێکی داوە و وتی:

- دات و هاتییەوە؟!

بە سەر وەڵامم داوە و دیسان وتی:

- ببوورە پشتم لێتانە!

دیسان ڕووی کردەوە خانمەکان وتی:

– ساڵی پارەکە ئەم دەمانە نا نا کەمێ زووتر بوو. نا نا کەمێک درەنگتر بوو! لە سەر شەقام بۆ خۆم پیاسەم دەکرد؛ تاو نە تاوێ سەرم بەم لا و بەو لادا دەسووڕاند و سەیری کچانم دەکرد، بیرم لەوە دەکردەوە کە کاتیەتی بیر لە ژنهێنان بکەمەوە، لە ناکاو قاچم تێکەڵ بوو و درام بە عەرزا! ئێشێک لە لووتمەوە هەتا ژێر پام هات! لە سەر خۆم چووم! لەو ناوەدا بوورامەوە! ئیتر با باسی ئەوە نەکەم چۆن خەڵک کۆ بوونەوە و بنەماڵەیان ئاگادار کردەوە و منیان گەیاندە ماڵەوە! دکتۆر و تیشک و سنۆگرافی و پشکنین و هەزار بەزمی تر! بەڵام هیچ نەبوو! یانی دکتۆرەکان سەریان دەر نەدەکرد! هەر ئەوەندە وتیان خەریکی چاوە و چاو بووە و هۆشی نەبووە دراوە بە عەرزدا! هەرچی سوێندم خوارد و وتم: من خەریکی ئەم بەزمانە نیم، کەس باوەڕی پێم نەکرد! یانی نەزانینی خۆیان لە پشت ئەم مەسەلە دەشاردەوە!

دەی کارمان بەوە نییە!

عەرزی ئەم خانمانەی خۆم بکەم، دوای حەوت هەشت ڕۆژ، ڕۆژێک دەمەو ئێواران بوو. نازانم لە کوێوە دەهاتمەوە بۆ ماڵەوە، یان لە ماڵەوە دەچوومە کوێ، کە لە بەر دەرگای ماڵی خۆمان، دیسان لە ناو چوارچێوەی دەرگای ماڵی خۆمان قاچم تێکەڵ بوو! هەر دەتکوت قاچی منیش نین! حەوت قورئان لە بەیندا بێ، بە دەمەوە درام بە عەرزا! هەر ئەوەندە چانسم هێنا کە لە ساتەوەختە کۆتاییەکانا چاوم کەوت بە کچێک کە خەریک بوو لە پیادەڕەوەکە دەپەڕییەوە! ئەوەندە وەختم بوو بڵێم کچە جوانەکە دەک لە بەرت مرم، من خەریکە دەکەوم، ڕەنگە بکەوم و لە سەر خۆم بچم! ماڵەکەمان هەر ئێرەیە کە لەبەر دەمی وەستاوم! تۆ گیان ئەو کەسەی خۆشت دەوێ کاتێک تەواو درام بە عەرزا ئەم زەنگە لێدە و جۆرێ بە باوکم ڕابگەیێنە کە تێک نەچێ و بێ و جەنازەکەم بەرز بکاتەوە کە لەم ناوەڕاست جادە بۆن نەگرم و بەر پێی خەڵک نەگرم کە بەرپرسانی شارەوانی بۆڵەیان لێ هەستێت! لە ئێستاشەوە دەستخۆشیت لێ دەکەم و زرم درام بە عەرزا!

شەشەمەکێزدکار

له ناکاو هەمووان پێکەنین! کاوە سەیرێکی کردم و وتی:

– هەڵبەت ئەمانەم زوو زوو وت بۆ ئەوەی هەموو زانیاریەکانتان پێ بدەم! دەی کارمان بەوە نییە! بووەخشن پشتم لێتانە!

پێی پێکەنیم. ڕووی کردەوە خانمەکان وتی:

– خوا لەتەک ئێوە خێری ئەو کچە بنووسێ! ئیشاڵا لە هەر کوێیە بە ساقەی بم کە چەندە کچی چاک بوو! بەستەزمان هاتە لام! دەستێکی بە منەوە بوو و دەستێکی بە زەنگەوە! دەستێکی بە منەوە بوو و بە مست لە دەرگای دەکوتا! دەیگوڕاند ڕا کەن ڕا کەن کوڕە جوان چاک و باڵابەرز و ڕێک و پێکەکەتان خەریک جوانەمەرگ دەبێ!

سەی وەلی خانی باخەوانمان ئەمانەی گوێ لێ دەبێ! ئەویش بە سەر و بسک ڕنینەوە خۆی دەگەیێنێتە بەر دەرگا و هەر کە من دەبینێ ڕاناوەستێ و خێرا دەست لە سەر ئەوێم دادەنێ! کە ڕۆح لە جەستەم دەرنەچێ!

کچەکان دایان لە پرمەی پێکەنین!

کاوە: درۆ ناکەم! پێشینیان باوەڕیان وا بوو کە ڕۆح ئاوا دەردەچێ و بەم شێوە پێشیان پێ دەگرت و زیانبەرکەوتوویان لە مەرگی حەتمی ڕزگار دەکرد! ئێستا ئەم ئۆکسیجن و ئەم ئامێرانە هاتووە هەتا لە نەخۆشی دەدەن داماو دەمرێت!

ئیتر کاتێ دڵنیا دەبێ ڕۆح هاتووەتەوە بەرم دەمکاتە کوڵ و هاوار دەکا هەی هاوار ڕا کەن ئەوە من گەیاندمە نەخۆشخانە!

ماڵ دەبێتە پرسەخانە! ئەوە من لە کوڵی سەی وەلی خان هەڵبەز و دابەزم دەکرد و ئەوە ئەویش بەو شەقامانەدا هەڵات هەڵاتیەتی کە ئۆتۆمبێلێک دەگا و من فڕێ دەدەنە ناوی و دەمرفێنن بۆ کوێ؟ بۆ نەخۆشخانە!

ئێستا من حاڵم چۆنە؟ لە سەر خۆچوو! هەر وەک ئێستا کە زمانم وشک بووە ئەگەر هەر ئێستا چایەکم بۆ نەهێنن ئەو مەکینەی جلشۆر و ئەو چەکە و ئەو هەزار تمەنە هەڵدەگرم و دەستی ئەم ئامۆزایەم دەگرم و دەچم پێشکەشی ئاسایشتگایەکی دیکەی دەکەم!

کچەکان پەشۆکان و داوای لێبووردنیان دەکرد و لەگەڵ ئەوەی هەستان کە بچن چا بێنن کە یەکێ لە پشت سەرم وتی من هەر ئێستا چا دێنم! مەگێڕنەوە هەتا دەگەڕێمەوە!

ئاوڕم داوە دیتم سێ چوار کەس بێدەنگ وەستاون و خەریکن گوێ بۆ قسەکانی کاوەی خوا چاک بۆ نەکردوو دەگرن!

کاوە سەیرێکی کردم و وتی:

- خوا منی لە مەرگ گەڕاندەوە! خۆ لە بیرتە؟!

سەرم لەقاند و وتی:

- تۆ دات و هاتییەوە؟ چەکەکە دەڵێم! بووەخشە پشتم لێتانە!

تەنیا سەیرم کرد! خوولەکێکی پێ نەچوو کە دوو دانە چایان هێنا و فەرموویان لێ کردین. کاوە دانەیەکی هەڵگرت و چەند قوومی لێ خواردەوە و وتی:

- پشکنین، تیشک، سنۆگرافی! ئەم جارەیان سی تی ئێسکەن و چی و چی و چی. بەڵام دووبارە هیچ لە هیچ! یانێ دەیانوت لە ئێمەش ساغترە! ئێستا منیان بە دەم و لووت خوێناوییەوە هێناوەتەوە ئەم هۆڵە. خەڵک ئاو بە دەستیانەوە بوو دایاننا و دەورەیان دام کە بزانن جەرەیان چییە!

یەکێ وتی: شەڕی کردووە!

یەکێ وتی: بابەتی نامووسی بووە!

یەکێ وتی: هاتوون جانتاکەی بدزن نەیهێشتووە!

یەکێ هەندێ قسەی قۆڕی کرد کە باش دەردیان پێ دا!

یەکێ وتی: نا، گەرەکیان بووە بیرفێنن وەلی گەنجەکان فریا کەوتن و ڕزگاریان کردووە!

یەکێ نەهات دەسرەیەک تەڕ بکا دەموچاوم خاوێن بکاتەوە و باوکم و ئەوان ئاوا نەمبینن!

سەرتان نەهێشێنم! خزم و کەس بەمەیان زانی. هەوت هەشت ئۆتومبیلی پڕ پیاو هاتنە نەخۆشخانە! دەموچاوم هەر خوێن بوو خوێن بە لووت و دەم و

ناوچاومەوە مەیی بوو!

ئیتر دەرگای نەخۆشخانە کراوە و لە پێشدا باوکم وەکوو فەرموونی فیلمی قەیسەر[٢]، لە پێشەوە و دە بیست کەس لە خزمەکان بە دوایا، هاتنە ژوورەوە!

باوکم چاوی پێم کەوت، بووراوە!

نازانم کام خوا بە گڕاچووێک وتی ئەی هاوار کاوە مرد.

کاوە مرد، کاوە مرد، کاوە مرد بوو بە بنێشتە خۆشە. باوکم چاوی هەڵێنا و ئەوەی بیست دیسان بووراوە و خەریک بوو بمرێت!

وەلحاسل! قەبری بۆ نەیەت! پزیشکێک لەوێ بوو، تەمەنی لە ناو بیست و پێنج ساڵ یان شەست ساڵ!

هەموو دایان لە قریشکەی پێکەنین

کاوە – من ئەو وەختە حاڵم زۆر ناجۆر بوو هیچم بۆ لێک نەدەدراوە خۆ!

بە هەر حاڵ هات قاچمی پشکنی. سەرمی پشکنی، زکمی پشکنی، ئەعسابی قاچمی پشکنی، ئیتر سەرێکی لەقاند و بە خانمێکی پەرستاری وت کە دەموچاوم خاوێن بکاتەوە و برینەکان پانسمان بکە و خۆشی چووە ئەو لا و پرسیاری کرد باوکی کێیە؟ باوکم بە ئەسپایی هاتە پێشەوە، پێی وت هەر ئەم تاقە کوڕەت هەیە دیتم باوکم بە چەپۆک دای بە سەر خۆیا! ئینجا بە قوڵپی گریانەوە وتی: دکتۆر گیان تۆخوا چی بووە!؟ من هەر تاقە ئەم کوڕەم هەیە لە هیچ درێغی بۆ ناکەم! تۆخوا ڕاسەکەم پێ بڵێ! بەرگە دەگرم.

ئەمانەی وت و گریا! ئەوە منیش لەم بەری هۆڵەکەوە خەریکم ئەمانە دەبیستم! پزیشکەکە بە ئەسپایی وتی: ڕادیۆلۆجی و سی تی ئێسکەن هیچ پیشان نادەن! یان ئێم ئێس یان نەخۆشییەکی دیکەی هەیە یان نەخشییەکی نوێیە کە زانستی پزیشی سەرەندەری ناکات! ڕەنگە تۆمۆرێ بێ کە جارێ خۆی دەرناخا یان جۆرێ شێرپەنجەیە کە زەخت لە ئەعسابی پا دەکا و قاچی فەلەج دەکات!

---

[٢]- فیلمی قەیسەر فیلمێکی ئێرانی یە کە لە ساڵی ١٩٦٩ بە دەرهێنەرایەتی و لە نووسینی مەسعود کیمیایی ساز کرا. وەرگێر.



CamScanner

باوکم ئەمانەی بیست نازانم بۆ گیانی دەرنەچوو و بووراوە و کەوتە باوەشی دکتۆر. هەموو دەورەیان دا. ئەوە منیش دەمەوێ هەستم بچم بۆ لای باوکم بەڵام دادە پەرەستار نایەڵێ! خۆ ئێشی خۆمم لە بیر چووەوە! خانم پەرستارم لە باوەش کرد و هێنامە ئەم لا و بە ڕاکردن چوومە لای باوکم و سەری باوکمم گوشا بە سینگمەوە و ماچم کرد! هەر ماچم دەکرد و فرمێسکی گەشم دەوەراند و بە گریانەوە وتم: باوکە گیان هەستەوە! چاوەکانت بکەوە شا من ساغم! شا کوڕەکەت ساغە! شا هیچم نییە! هەر هەنسکم دەدا! ئاخە منیش هەر ئەم تاقە باوکەم بوو!

لەو کاتەدا کە هەموو دڵیان پڕ بوو و خەریک بوو بگرین، دایان لە پڕمەی پێکەنین کە کاوە وتی:

- مەبەستم ئەوەیە کە دایکم نەبوو! ئەگەر دەتانزانی بە چ نەهامەتییەک گەورە بووم! ئای کە دایک دەست بێنێ بە سەرتا! ئای بۆ ماچی دایک! ئای بۆ سۆزی دایک! هەر بۆیە کە گەورە بوم پەنا بردە بەر ژن و کچان!

دیسان قریشکەی پێکەنیان هەستا!

کاوە – یانی سۆزی دایکم نەبوو! سەرتان نەهێشێنم! ئەو شەوە منیان بردەوە بۆ ماڵ! خزم و کەس ڕژانە ئەوێ! خۆ ئێوە نازانن دەر و دراوسێ چییان بۆم نەکرد! کچی گەڕەک لەگەڵ دایکیان هەر کام مۆمێکیان بە دەستەوە هاتنە ژوور سەرم و بۆم دەگریان!

ئیتر بەیانی دەستی پێکرد! دە دانە نەخۆشخانە! دە جار سی تی ئێسکەن و پشکنین و ڕادیۆلۆجی! ئەم سەر تا ئەو سەری هۆڵی نەخۆشخانەکە پڕ بوو لە خزمەکانمان کە دەچوومە هەر کوێ بە دوامەوە بوون! هەر کەس دەهات و ئەم حەشیمەتەی دەدی و چاوی بە من دەکەوت، دەیپرسی کە چ باسە و ئەم گەنجە چی لێ هاتووە!

قوومێکی لە چاکەی دا و یەکێک لەو کچانە کە زۆر بێتاقەت ببوو، هاتە لام و وتی:

- تۆ ئەو کات گووت دەکرد؟!

نەمدەزانی چی وەڵام بدەمەوە.

- ئەو کات هێشتا ئامۆزام نەبوو. دوایی لێم بوو بە ئامۆزا.

- ئەم ڕادیۆلۆجی و پشکنینانە کە کۆتایی هات، پزیشکەکان ئاوی پاکیان ڕژاندە سەر دەستی باوکم و پێیان وت: کاکە وەختی بۆ دامەنە و پارەشت بە فیڕۆ مەدە! هەڵیبگرە و بیبەوە بۆ ماڵ و ئەوەندە ئازاری مەدە! ئێمە سەرەندەری ئەم نەخۆشییە ناکەین! لەو کاتەشدا نازانم کام یەک لە خزمەکانمان بە چەپکە گوڵێکیەوە هات و چووە لای باوکم و باوکم خۆی پێ نەگیرا و دای بە سەریا و دەستی بە لاواندنەوەم کرد؟!

گوڵەکەم ژاکاوە؛ دایە گیان لە کوێی؟!

دڵم زووخاوە؛ دایە گیان لە کوێی؟!

وجاغم کوێرە؛ دایە گیان لە کوێی؟!

باوکت لە چ حاڵە؛ دایە گیان لە کوێی!؟

ئەم کتوپڕە نازانم ئەم شێعرانەی چۆن ساز کرد و بە گۆرانی دەیوت و سەری بۆ دەلەقاند!

لە ناکاو یەکێ لە کچەکان کە زۆر بێتاقەت بوو، چاوی پڕ بوو لە ئاو و بە هەر دوو دەست دەموچاوی گرت کە کاوە خێرا وتی:

- بە قوربان گریانی دەویێ؟! ئەوە من چاک بوومەوە؟! سەیرم کە! زل و پانێر ئەوە لێرە دانیشتووم؟! ڕاوەستە با ئەوانی دیکەشتان بۆ بگێڕمەوە کە چۆن چاک بوومەوە؟!

هەستم کرد کە خەریکە لە تامی دەردەکا! دە کەسی لە سەر کار بێکار کردووە و درۆیان بۆ دەکات! بە ئەسپایی دام بە پشتیدا و وتم:

- کاوە گیان درەنگە!

گەڕاوە و وتی:

با بۆیان بگێڕمەوە کە چۆن چاک بوومەوە! تۆخوا بووەخشە پشتم لیتە!

دیسان ڕووی کردەوە و وتی:

وەلحاسڵ نەخۆشخانە بوو بە پرسەخانە. بەڕێوەبەری نەخۆشخانە کە ئاشنای

باوکم بوو، هات و هەموو وەڵامی پشکنین و ڕادیۆلۆژی و ئەمانەی هەڵگرت و دای بە دەستی باوکم و وتی:

نوسرەت سوێند بە دۆستایەتیمان و ئەو نان و نمەکەی وا پێکەوە کردمان کاوە هیچی نییە! ئەمە وەڵامەکان! سەیری بکە! هەموو نەرێنییە! بە گیان باوکم ئەمە ساغە! تەنیا باڵقبوونی درەنگوەختە و لەم تەمەنەدا بە جۆرێ خۆی پیشان دەدات! جارێ دوو جار زیاتر نییە! ئەوە ڕیشم دەخەمە گرەوە ئەگەر جارێکی دیکە هیچی لێ هات!

ئەوەندەی وا وت کە زەردەخەنە نیشتە سەر لێوی باوکم کە لە ناکاو لە سەر جێی خۆی هەستا و دەستی کرد بە خۆبادان و پێکەنین و چەقەنە لێدان و گیزە گیزە کردن!

ئێوارە چەندەی ماوە          بڵێی چییان لێناوە
گیپە و دۆی پڕ لە قەزوان     بەهـ بەهـ لەم شلپیتاوە

خزم و کەس دەستیان کرد بە چەڵە لێدان و پێکەنین! لە خۆشحاڵی! شتێکی کەم نییە! هەتا چارەکێک لەمەوبەر دەیانوت من دەردێکی بێ دەرمانم هەیە و دواتریش دەڵێن نا، ساغم! ئیتر باوکە! لەم کاتانەدا پێش خۆی پێ ناگیرێت!

سەرتان نەهێنێشێنم چووینەوە بۆ ماڵ! بە سڵاو و سڵەوات منیان کردە قەلاندۆشان و بردمیان! هەر ئەو شەوە باوکم زەنگی لێدا داوای تەقەمەنی کرد کە بێنە ناو باغ و بە خۆشی بیتەقێننەوە و ئاهەنگ بگێڕین! بۆ نانی شێویش پێشنیاری لە ڕیستورانتێکی گەورە دا خزم و کەس و خەڵکی گەڕەکی خولک کردا!

شەوی یەکەم تێپەڕی و ڕۆژ بۆوە! بەیانی بە ورەیەکی بەرزەوە لە خەو ڕاپەڕیم و نانێکی بەیانی باشم خوارد و چوومە حەوشە. چوومە پارکینگ کە نزیک لە ئۆتۆمبێلەکەم دیسان قاچم تێکەڵ بوو و بە دمەوە درام بە عەرزا!

سەر و گوێلاکم هەموو شکا! دەتکوت تراکتۆری شکاوم!

هەموو دایان لە پرمەی پێکەنین.

کاوە – وەلحاسڵ هەڵیانگرتم و بردیانم بۆ ماڵەوە و ماڵ دیسان بووەوە بە

پرسەخانە! باوکم وەک دۆنادۆنەکان هەر وا لێم ڕاما!

هەر لەو کاتەوە پارێزەرەکەمان وەخۆ کەوت و چوو بۆ باڵوێزخانەی سوویسرا بۆ پەساپۆرت! هەناسە ساردەکان زۆریان هەوڵ دا بەلام چەند ڕۆژی دەخایاند بۆ ئەوەی پەساپۆرت دەربکرێ و لەگەڵ نەخۆشخانەکانی ئەوان هاوئاهەنگی بکرێت!

ماوەی ئەم چەند ڕۆژە لە ماڵ گردە نشین ببووم! نەمدەوێرا لە ناو پێخەف بێمە دەرەوە! فەلەج بوونی قاچەکانم بە لایێ، نە لووتم ساغ بوو، نە چاو و نە دەم و فلچێکی ساغ!

دیسان بە پشتیم دادا و وتم:

- درەنگە کاوە! هەستە ئیترا پەکی کاری هەمووانت خست!

لە ناکاو هەموو بە تووڕەییەوە حاشاوڵیان بۆ هێنام و وتیان:

- ئی ...! با بزانین دەبێتە چی!

- کاری چی؟! کار هەر هەیە!

- با بزانین خوا چۆن شفای دا!

ئیتر هیچم نەوت و کاوە سەیرێکی کردم و دیسان دەستی پێ کردەوە!

- لە کوێدا بووم! لە ترسان لە جێی خۆم نەدەبزوام! دوور لە ڕووتان کاری تەوالێتیشم هەبا کورسییەکیان بۆ کڕیبووم و منیان لە سەر دادەنا و دەیانبردم بۆ تەوالێت!

ئیتر نازانم ڕۆژی سێیەم بوو یان چوارەم! ڕاستییەکەی ئێمە خزمێکمان هەبوو! خاتوونێک بوو کە پەیوەندییمان لەگەڵی نەبوو. زۆربلە و بە قسە و باس بوو !

ڕۆژی چوارەم بوو کە وەک شتێ لە زەنگیان دا و سەی وەلی خان دەرگاکەی کردەوە؛ پاش کەمێک ئەم خاتوونە بە بێ سلاو و حەوالپرسی هاتە ژوورەوە و بە تووڕەییەوە سەیرێکی باوکم و خزمەکانی کرد و چارشێوەکەی لە سەر کردەوە و وتی:

- ئێمە وەک ئێوە نین خوێن بکەین بە ئاو! هاتووم ئەم کورە تیمار بکەم و

بڕۆمەوە! هەر ئەوەندە!

ئینجا هاتە لای تەختەکەی من و وتی:

- سەد جار پێم وتی کارێک مەکە ببیە چاو! جادوویان کردووی! بە چاویان کردووی! تەلیسمیان کردووی! بۆ من مردووم بێڵم تۆ فەلەج بی!

ئینجا سەیرێکی باوکمی کرد و باوکمی کوڵی گریان گرتی و هاتە پێشەوە و وتی:

- ببوورە دادە کوبرا! گەردنم ئازا کە کە کوڕەکەم خەریکە لە پێش چاوی خۆم دەمرێ! یا غەوس! یا غەوس!

لەم کاتەدا ئامۆژنم هات و باوەشی بە دادە کوبرادا کرد و تێر و پڕ ماچی کردا وەلحاسڵ دادە کوبرا کەمێک هێور بووەوە و دیسان سەیرێکی کردم و قژی سەری جاوی و چاوی پشکنیم و سەیرێکی زمانی کردم و وتی: سەگبابانە جادووی هەوسەد ساڵەیان کردووی کە بە هیچ دکتۆر و دەوا و نەخۆشخانەیەک عیلاجی نایە!

دیسان باوکم بووراوە! دادە کوبرا لە ناو جانتا گەورەکەی کە لە ژێر چارشێوەکەی بوو کەمێک کاپۆل و پشکەڵی ماکەری هێنا و هێنایە بەر لووتی باوکم و باوکم دەست بە جێ هەستا سەر پێ و داوێن؛ واتە چارشێوەکەی دادە کوبرای گرت و وتی: دادە کوبرا ئەم جادووە پووچەڵ نەکەیتەوە و کوڕەکەمم بۆ نەگەڕێنیتەوە. داوێنت بەر نادەم! ئەوە قسەیە و کردم!

دادە کوبرا سەرێکی لەقاند و وتی: کارتان نەبێ! ئەمانە دەرەقەتم نایەن! کارێکی وات بۆ دەکەم! بەڵام هەندێ شتم دەوێ دەبێ بۆم ئامادە بکەن! باوکم و مامم وتیان دەک بە سەر چاو!

دیسان سەیرێکی کردم و وتی ئەوە قوڵف بکە. بینووسن با هەڵە نەبێ! یەکەم چڵکی قاچی زەیستان لە گەرماو لەگەڵ نینۆکی قامکە کەڵەی مردوو و ئاوی سەر برینی هاوڵە و زیپکەی چڵکنی دەموچاوی کوڕی نابالق و ڕیپۆقی چاوی منداڵی شەش مانگان بکڕن و بیهێنن و لەگەڵ نیوە کووپێک ئاوی تاتەشۆر تێکەڵی دەکەین و لە چێشتخانە لە سەر چرای سێ شۆعلە کە هەوت ڕۆژ و

شەو چێشتی لە سەر لێ نەنرا بێ، شۆرباوێکی پێ دروست دەکەین و بۆ بەیانی بە نەخورێنی پێی دەدەین بیخوا کە ئیشالا بە کوێرایی چاوی حەسوود جادووەکە پووچەڵ ببێتەوە!

ئەمەی وت و کچی داماو بە هێڵنجدانەوە هەستا و بەرەو توالێت وەڕێ کەوت!

کاوەش لە هەوت دەوڵەت ئازاد!

کاوە – پاشان لە ناو جانتاکەی قوتوویەکی دەرهێنا و دای بە ئامۆژنم و وتی: ئەوەیان بۆ دیاریکردنی لە ئێمە چاکترەکان! شێوازەکەشی بەم شێوەیە کە دوو دانە قالۆنچەی ڕەشی مێو جێبەجێ بکەی و سورا و سپیاویان لێ بدەی و لە ناو کوتە مەرمەڕشایەکی سپی بیپێچیتەوە و لە سەری نووسرا بێ: بەستم، بەستم، بەستم بەختی عایشێ گوێ درێژ خێری نوێژ و تاعەتی جندۆکەکان! بیبەی لە گۆڕستانێکی کۆنەدا بیکەیە چاڵ!

ئامۆژنی داماوم چاوی دەرپەڕی و وتی: باشە؛ وەلێ قالۆنچەی مێو لە کوێ بێنم؟! ئەمەی وت دادە کوبرا کە خەریک بوو چاکەی هەڵدەقوڕاند وتی: ئەو دوو قالۆنچەی کە لە ناو ئەم قووتووەدایە ئیتر! لە پڕ ئامۆژنم زریکاندی و قوتووەکەی فڕێ دا ناو هۆڵەکە! دوو سێ دانە لە کچەکانی خزممان لە سەر جێ ڕاست بوونەوە و بەرەو دەرگای هۆڵەکە ڕایان کرد! دادە کوبراش ئەمەی دی چارشێوەکەی لە سەر کرد و جانتاکەی هەڵگرت و ویستی بڕوا کە لەو لاوە ئامۆژنم زوو ڕای کرد و لە باوەشی کرد و عوزرمایی لێ خواستەوە و بڕیار درا یەکێک لە پیاوەکان ئەم کارە بکات! دادە کوبرا کە کەمێک ئارام بۆوە وتی: ئێستا دێمە سەر باسی سەرەکی. کەڕەی بەیانی دەچی بۆ تاتەشۆرخانە و بە ئەسپایی مردووشۆر دەکێشییە ئەم لا و پێی دەڵێی من تەلیسم شکێنی بووکی جاماسبم دەوێ! ئیتر ئەو خۆی دەزانێ چی دەڵێی! ئەگەر ملی نەدا شتێک بخە قوول مشتی و ڕازی بکە! بێگومان ڕازی دەبێ! ئینجا دەچی کەفی سابوونی دەستە یەکی شتنی مردوو بە چڵکی سەر بەردی تاتەشۆرخانەکە هەڵدەگرێ و دەیهێنێ. لێی وەربگرە تەنیا مەهێڵە خۆر لێی بکەوێ! و بیهێناماڵەوە و تێکەڵی کەمێک کونار و کافووری بکە و لە هەوت گەرماو بیدە لە سەر ئەم کوڕە و

کەمێکیشی پێ بدە با لە دەمیدا بیمژێ؛ بەڵام قووتی نەدا! دوای هەوت گەرما لە پڕ دەپژمێ و وەک چنار هەڵدەستێ و لە بەر دەمت دادەنیشێت!

ئەمەی وت و لە سەر خۆم چووم! دیسان هەموو دەورەیان دام و چاوم کردەوە و بە لالانەوە بە باوکمم وت: باوکە گیان بۆ ئەشکەنجەم دەکەن! با ئەم چەند ڕۆژە ژیانەم ماوە با هەر وا بێ و ئینجا بمرم! ئەم گەن و گووانە چییە دەرخواردمی دەدەن!

باوکم خوا چاکی بۆ بکا! هەر جۆرێ بوو دادە کوبرای لە ماڵەوە دەرکرد؛ بۆ دەمتوانی هیچ بخۆم؟!

دەی کارمان بەم بەسەرهاتەش نییە؛ و نازانم ڕۆژی چوارەم یان ڕۆژی پێنجەم بوو کە باوکم هاتە ژوور سەرم. لە برسێتی نەمدەتوانی دەستم هەڵێنم! باوکم سەیرێکی کردم و دڵی پڕ بوو و کوڵی گریان گرتی. منیش دڵم پڕ بوو. منیش گریام! پێکەوە جووتە تێر و پڕ گریاین و دوایی باوکم وتی: ڕۆڵە خۆ ژیانت نەکرد هەر لە ناو پێخەفی!

وتم: باوکە گیان چی بکەم! دەترسم هەستم و دیسان قاچم فەلەج ببێتەوە و بدرێم بە عەرزا و ئەمجارەیان مێشکم خوێنڕێژی بکا! ئەمەم وت و باوکم ئەوەندەی دیکە گریا!؟ منیش گریام! ئیتر بە جووتە باش باش گریاین. باوکم وتی: لە پێشدا دەبێ نان بخۆی! بەڵێنت پێ دەدەم لەو گەند و گووانە نییە! منیش بەڵێنی باوکمم نەشکاند و شتێکیان بۆ هێنام و خواردم و جلوبەرگەکەم لە بەر کرد کە لەگەڵ باوکم بچمە دەرەوە! وتم: باوکە گیان خۆ ئاگات لێمە کە نەدرێم بە عەرزا باوکم وتی: نا خاترجەم بە! دەبێ کەمێ بە ڕێگەوە بڕۆی کە قاچت تێکەڵ نەبێ کە بەشکەم بە ئومێد خوا پەساپۆرت و کاری نەخۆشخانەکەت جێبەجێ بێت! وەلحاسڵ بە جووتە لە بینا هاتینە دەرەوە و هاتینە ناو باغ! چەند هەنگاوم هەڵدەهێنا و دەوەستام و بە باوکمم دەوت: باوکە گیان ئاگات لێمە ئەویش دەیوت ئەرێ ڕۆڵە گیان ئاگام لێتە! چەند هەنگاوم دەهاویشت دیسان ئەمەم دووبارە دەکردەوە! ئەو داماوە خۆی کردە تەکیەگای من و منیش تەواو پاڵم پێوە دا کە نەکا بدرێم بە عەرزا! ئیتر هێواش هێواش چووینە ناو کۆڵان!





CamScanner

هەر کە گەیشتمە ناو کۆڵان یەکێک لە پەنجەرەکان کراوە و کچانی دراوسێ سەریان هێنا دەرەوە و هەر ئەوەندە چاویان بە من کەوت گریان و پەنجەرەی داخست! گەڕامەوە و بە باوکمم وت: چا باوکە چیم لێ هات! هەموو بەزەییان پێمدا دێ! غەدرت لە کێ کردووە کە خوا تۆڵەکەی لە من دەکاتەوە! مافی چ داماوێکت زەوت کردووە کە دەبێ من بیدەمەوە؟!

باوکم کوڵی گریان گرتی! منیش گریام! جووتە تێر و پڕ گریاین. باوکم وتی: ڕۆڵە لەگەڵ کاری خوا هیچ ناکرێ! دەبێ دان بە خۆتا بگری و ڕوو بکەیتە خوا! نابێ ناشکور بی! ئیشالّا دەچین بۆ خاریج چارەسەرت دەکەن! ئێستا هێدی هێدی بە ڕێگاوە برۆ با قاچەکانت پێەو بێت!

دیسان خۆم خستە سەر باوکم و هێواش هێواش بە ڕێگاوە ڕۆشتم و وەبیر ئەو کاتانە کەوتمەوە کە هەر لە ناو ئەم کۆڵانەدا سەیری هەموو پەنجەرەی ئەم کچانەم دەکرد و شتیان پێ دەدام! وەبیر ئەو ڕۆژانە کەوتمەوە و دڵی قرچەی لێوە هات و لە بەر خۆمەوە گریام و فرمێسک بە فرمێسکی دەوت ڕێم کە!

جا خانم و خاتوونم ئێوە بن دە پازدە هەنگاوم هەڵێنا کە لە ناکاو دیسان قاچم تێکەڵ بۆوە! خێرا هاوارم کرد و وتم: باوکە گیان توند بگرە کە قاچم فەلەج بووە و ناجووڵێتەوە! باوکم توند گرتمی و وتی: مەترسە باوکە گیان هەر پێم بڵێ کامم قاچتە!؟ وتم: باوکە گیان هەر دوو قاچمە! باوکم کە لە باوەشمی کرد بوو وتی: ڕاوەستە! ڕاوەستە باوکە گیان! ئینجا نووشتاوە و دەستێکی لە یەکێک لە قاچەکانم دا و وتی: ئێستا چۆنی ڕۆڵە! بە ئەسپایی قاچم بزواند هەستم کرد خۆ ماسوولکەکانم قاچم کراوەتەوە! دیسان بە ڕێگادا ڕۆشتمەوە و دوو هەنگاوی دیکەم هەڵێنا هاوارم کرد باوکە گیان باوکە گیان! بمگرە کە قاچم دیسان تێکەڵ بووەوە! باوکم زوو گرتمی و دیسان نووشتاوە دانەیەکی لە قاچەکەی دیکەی کوتام و ئینجا وتی: ئێستا چۆنی بە ڕێگاوە ڕۆشتم دیتم ئەم قاچەشم کراوە! دیسان هەتا سەر کووچە بە ڕێگاوە ڕۆشتم! هەرچەند قاچم تێکەڵ بۆوە و باوکم دەنووشتاوە یەک دانەی تێدەکوتا چاک دەبووەوە!

ئیتر ئێوە نازانن من و باوکم چیمان کێشا! لە خۆشی گریان! هەم دەگریاین و

هەمیش پێدەکەنین بە باوکمم وت، یا خوا بە حەیرانت بم دەستت شیفایە. وەختێک دەنووشتێیتەوە کە لە قاچم بکوتی چۆن قاغچم چاک دەکەیتەوە؟!

باوکم دەستێکی هێنا بە سەرما و وتی: قەیتانی ئەم پێلاوەت لە ژێر قاچەکەی دیکەت دەردێنم!؟

سەیرێکم کرد و وتی: یانی چی باوکە گیان!؟ دیسان بە سۆز و میهرەبانییەوە وتی: قەیتانی پێلاوەکانت توند گرێ دە کورکەر!؟

گەرووم نووسا دا تۆخوا پەرداخێ ئاوم بۆ بێنن؟!

هەموو کپ و بێدەنگ مابوونەوە و یەکیان وتی:

- دەی باشە دوایی چی بوو؟

کاوە – هیچ ئیترا؟ لەو ڕۆژە بە دواوە هەموو بەیانانێک کە لە ماڵ دێمە دەر باوکم بانگ دەکەم دێ قەیتانی پێلاوەکەم بۆ توند دەکا! ئاوا خوا شیفای دام! ئەم جلشۆرە و ئەم پارەش باوکم پارەکە کردی بە نەزر کە ئێستا بە جێی دێنین!

خوا شیفای هەموو نەخۆشەکان بدات! ئێستاش ئەگەر فەرمایشتێ فەرمانێکتان نییە با بڕۆین!

ئینجا سەیرێکی منی کرد و وتی:

- نەڕۆین، با بڕۆین.

پێکەنینم دەهات! ئەوانی تر هەر وا واق ورماو سەیریان دەکرد! کاوە زۆر جیدی لە سەر جێکەی هەستا و کراسەکەی بەری ڕێک کرد کە یەکێک لە کچەکان دەستی خستە ناو قەندانەکە و دوو سێ کوڵە قەندی هەڵگرت و بە توورەییەوە بەرەو کاوە تووڕی دا! ئەوانیش تریش لاساییان کردەوە و کاوە دەرچوو! منیش هەموو لە لاچاوەوە سەیریان دەکردم! بە ئەسپایی لە سەر جێی خۆم هەستام و وتم:

- ببوورن تۆخوا، هەر وایە ئیترا!

وەرێکەوتم و هەمووان پێکەنین! هەر یەک شتێکی دەوت:

- کتوپڕ کوشتووە دوو کاتژمێرە بە کەرمان دەزانێ!

ئەوە چۆن ئەو درۆیانەی بۆ دەهات!؟

- به قورئان من دڵم پڕ بوو!؟

- منی گەوجیش دوو جار بۆی گریام!؟

- وەلی خوێن شیرینیشە!

- ئەمە بۆ ئەکتەری باشە بە خوا!

گەیشتمە دەرەوە بینیم ڕسیڤی چەکی مەکینەی جلشۆرەکەی لە بەرپرسەکەی وەرگرتووە خەریکە دەستی لەگەڵ لێ دەداتەوە! منیش دەستم لەگەڵی لێداوە و ئەویش زۆر سوپاسگوزاری کرد. چووین سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین و وتم:

- ئەرێ ئەوە تۆ شەویلکەتا ناهێشێ ئەوەندە قسە دەکەی!؟

کاوە – شەویلکەم نا وەلی بەینێکە زمانم دێشێ!

- پێت عەیب نییە ئەم گەوجی گەوجییانە دەکەی؟! ئەو دوو سەعاتە ئەم داماوانەت لە کار خستووە!

کاوە – دەی بۆیان دەبێتە بیرەوەری! ئێستا بچین بۆ کوێ!

- بچین بۆ کارگە!

کاوە – کارگە بۆ؟

- زۆر سادەیە! بۆ کار!

کاوە – ئاخە پیاو تاکەی دەتوانێ ئیش بکا برا؟! خۆ کۆیلە نین! ئێمە ئیشی خۆمانمان ئەوڕۆ کرد! پێدانی نەزر و سەرقاڵ کردنی کۆمەڵی خەڵک و بیرەوەری خۆش و ... ڕاوەستە! ڕاوەستە!

هەر وا کە لە پشت فەرمانەکە دانیشتبوو دەستی کردە گیرفانی لەتە کاغەزێکی دەرهێنا و سەیرێکی کرد و بە بزەیەکەوە وتی:

- و شێوەی دۆست گرتن و دۆستایەتی!

سەیرێکی کاغەزەکەم کرد. ژمارە موبایلێک و ناوێکی لە سەر نووسرا بوو. نازانم شاناز بوو شازاد بوو چی بوو!

- تۆ کەی ئەمەت وەرگرت من نەمدی؟! خۆ من هەر لەگەڵت بووی؟!

- وتی: لە چاو ترووکانێکی تۆدا.

ئینجا ئۆتۆمبێلەکەی هەڵ کرد و لەگەڵ ئەوەی لە پارکەکە دەهاتە دەرەوە،

وتی:

- بەرەو چارەنووس!

- کاوە باوکم و مامم قەڵس دەبن!؟

کاوە – تۆ کامە دایک و باوک دەناسی کە لە چێژ بردنی رۆڵەکانیان بێتاقەت بن؟! قایشەکەت ببەستە و ڕێز لە ڕێنماییەکانی هاتووچۆ بگرە چوون دەمەوێ توند لێی خورم بەرەو چارەنووس!

لەگەڵ ئەوەی قایشەکەم دەبەست، وتم:

- ئێستا ئەتەوێ بچی بۆ کوێ؟

کاوە – بۆ هەر ئێستایەک شوێنێک هەیە بۆ رۆشتن! ئێستا ئەگەر بچی بۆ کافی شاپ، قوزەڵقورتیشی تێدا نییە! وەلێ ئەگەر بچی بۆ مۆڵی گوڵستان یان تەندیس، ئەوە هەفتا لە سەدی بەختەوەریت لە ئامێز گرتووە!

- بە ڕاست تاقەتت هەیە کاوە!

کاوە – دانیشە و هیچ مەڵێ! تۆ بخەوە و گوێ بۆ ئەم مووزیکە خۆشە رابگرە با پێت بڵێم ژیان یانی چی؟!

دەستی کرد بە قسە کردن! منیش نیوەم گوێ دەگرت و نیوەی نا! نیو کاتژمێر و چارەکە سەعاتێک بە ڕێوە بووین و نزیک شارۆچکەی رۆژاوا بووینەوە. ڕاست لە پشت یەکێک لە چرا سوورەکان کە هەمیشە دووسەت ئۆتۆمبێل ڕادەوەستێنێ، لە ناکاو، من و کاوە سەرمان درا لە شووشەی ئۆتۆمبێلەکە! خوا ڕەحمی کرد قایشەکانمان بەستبوو! پەشۆکام! ملم زۆر خراپ ئێشی پێ گەیشت! لە پێشدا نەمزانی چ ڕووی دا، کاوە کە بە دەستی پشت ملی گرتبوو و لە ئاوێنەکەوە سەیری ئۆتۆمبێلی دواوەی دەکرد وتی:

- لە دواوە دایکمانیان ... ، لە پشتەوە لێیان داین!

هەر دووکمان دابەزین و بینیمان پژۆیەکی ٢٠٦ وا تێی کوتاوین کە پێشەوەی هیچ نەماوە و چۆتە بن ئۆتۆمبێلە شاسی بەرزەکەی کاوە!

لە ناو پژۆکەدا دو کچی تەمەن نزیک بیست و ئەوەندە ساڵ دانیشتبوون کە لە ترسان ڕەنگیان بزرکا بوو!

خوولەکێک لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا هەر وا دانیشتبوون و سەیریان دەکردین!
خوا بەوە ڕەحمی کرد ئەوانیش قایشیان بەستبوو!
پاش کەمێک هەر دووکیان دابەزین و بە جیا دەستیان کرد بە شەڕکردن لەگەڵ من و کاوە! بە نۆرە و قیژە قیژ باشیان پێ کردین!
- شۆفێریتی نازانی بۆ دەیکەی؟ عارەبانە و داشقە سوار بی باشترە!
- باشە کابرا لێرە ڕایدەگرێ!
- ئۆتۆمبێلەکەم هیچی نەما! کێ مۆڵەتی شۆفێری پێداون!؟
- نەدەکرا لێرە ڕاینەگرن؟!
- تەلەفۆن بۆ ١١٠ بکە با بێن و باوکیان بسووتێنن!
- کوا موبایلەکەم؟! لە کوێیە؟
- ڕەنگە کەوتۆتە ژێر پات!
- نا نییە! تەلەفۆنی بۆ بکە؟!
- باڵانسم نییە خۆ!
- هاوار! بە دەس موبایلی تۆوە!
من و کاوە سەیری یەکترمان دەکرد و گوێمان هەڵدەخست کە کاوە چووە پێشەوە و موبایلەکەی دەرهێنا و وتی:
- ئەگەر قەناعەت دەکەن بە موبایلەکەی من بیگرن، بۆ من سەربەرزییە! تکایە فەرموون!
خەڵک ئاپۆرەیان بەستبوو و جا ترافیکێک ساز بوو مەپرسە!
کچە ژیکەڵەکە هەڵبەت بە ئارایشت ژیکەڵەکە، سەیرێکی کاوەی کرد و هیچی نەوت! کچەکەی دیکە کە جوانتر بوو، هاتە پێشەوە و موبایلەکەی بە تووڕەییەوە وەرگرت و بە لووتکردنێکەوە وتی:
- مێرسی!
کاوە – شایەنی ئێوەی نییە!
کچە خێرا وتی:
- خۆت شیرین مەکە کە وابزانی بە زمانلووسی دەتوانی لە خەرجی

قەرەبووەکەی خۆت قوتار دەی! هەتا دوافلسی دەبێ بدەی!

کاوە – دەیدەم بە چاوان! تۆ تەلەفۆن بکە!

هەر لەم کاتەدا خەڵک دەستیان پێ کرد:

- تاوانباری دادە گیان! تاوانبار!

- لە دواوە لێتداوە!

- ئەفسەر بێ سزاکەش بدەی!

- کرووکییەکە[4] دەبێ بکێشنەوە!

هەر دوو کچەکە سەیرێکی یەکتریان کرد و ئەوەی وا شۆفێر بوو و زۆریش توورە بوو، بە کاوەی وت:

- تۆ لە ناوەڕاست شەقام ڕاتگرتووە، من تاوانبارم، وەڵا تەواومان کرد!

کاوە سەیری کچە جوانتر و ئارامەکەی کرد و وتی:

- نا دادە گیان من تاوانبارم! من کەرم! من پەخمەم! من پاتاڵم کە لە خۆڕا لە پشت چرای سوور وەستاوم و هەم کاتی خۆم بە هەدەر دا هەم کاتی خۆم و هەمیش کاتی ئەو خەڵکە! هێشتا دەبێ ئەو هەمووە خەسارەتەش بدەم!

لەم کاتەدا لە سەر مەیدانەکەوە، دوو دانە ئەفسەر هاتن و سەیرێکی دیمەنی ڕووداوی هاتوچۆکەیان کرد و بە کچەیان وت کە لە پشتەوە تێی کوتاوە و تاوانبارە! ئینجا وتیان ئۆتۆمبێلەکان بگوازنەوە با شەقام بکرێتەوە! ئۆتۆمبێلەکەی کاوە هیچی لێ نەهاتبوو! بەڵام پڕۆکە چبووە ژێر شاسی بەرزەکە و ئەوان زیانیان پێ گەیشتبوو!

ئەفسەرەکە کە ئەمەی وت شۆفێر دەستی کرد بە گریان و بە ئەسپایی بە هاوڕێکەی وت:

- چ بکەم ئێستا!

کاوە سەرێکی لەقاند و چوو سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو و بردییە لای شەقام و ئێمەش لەگەڵ چەند کەس پاڵمان بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو نا و یەکێک لە

---

[4] ئەو بەڵگەیەی کاتێ پێکدادان دەبێت، پۆلیس دێت و نەخشەی ڕووداوەکە دەکێشێت.

ئەفسەرەکان داوای مۆڵەتنامەی شۆفێری و کارتی ئۆتۆمبێل و بیمەکانیان کرد!
کچەکە چاوەکانی سڕی و هاتە پێشەوە و وتی:
- جەنابی عەقید ئێوە دڵنیان من تاوتانبارم؟ ئاخە ئەم پیاوە لە ناکاو تورمزی گرت!
ئەفسەر بە پێکەنینەوە وتی:
- دەی ئێوە دەبا مەودای خۆپارێزیتان ڕەچاو کردبا.
- ئاخە خۆ نابێ ئەو لە ناکاو تورمز بگرێ شتی وا نابێت.
ئەفسەر هەر بەو پێکەنین و نەرم و نیانییەوە وتی:
- دەی هاتوو لە ناکاو منداڵێ هاتە بەر ئۆتۆمبێلەکەت! دەبێ بچییە سەر تورمزێکی دیکە.
هاوڕێکەی هەرای لێ کرد و شتێکی پێ وت کە ئیتر قسەی نەکرد و چووە لای ئۆتۆمبێلەکەی و دیسان دەستی کردەوە بە گریان و وتی:
- دەبێ زۆر قەرەبوو بکەمەوە؟
ئەفسەرەکە سەیرێکی کرد و وتی:
- وەڵا دیارە زۆرە! ئەو بەڕێزە بیمەکەی دەیدا؛ وەلێ ئێوە دەبێ خۆتان بیدەن.
ئینجا چوو کرووکی بکێشێتەوە. زۆر بەزەییم بە کچەدا هات. سەیرێکی کاوەم کرد و وتم: هیچ ناکرێ؟ کاوە پێکەنی و وتی:
- خۆ دیتت چەندە بە سەرماندا گوڕاندیان؟ چەند دڵمانیان شکاند؟ ورەمانیان دابەزاند؟ کەسایەتیمانیان بردە ژێر پرسیار؟
کچەکە کە هاوڕێی شۆفێرەکە بوو، بە ئەسپایی وتی:
- ببوورن! ڕاستییەکەیتان دەوێ پەشۆکاین. ببوورن.
کاوە: هەر ئەوەندە! عوزرخوایی؟ بۆچی لە کاتی شۆفێریدا هۆشتان نییە؟
بۆ سەرئێشە و چەرمەسەری بۆ خەڵک دەنێنەوە؟ ئێستا نۆرەی بیمە و قەرەبوو و ئەم بەزمانەیە؟ پەکم دەکەوێت؟ دوایش ئەگەر بڵێین خانمان با شۆفێری نەکەن نازانن بێتاقەت دەبن؟ ئاخە ئەوە شۆفێرییە تۆ دەیکەی؟

کچە هەنگاوێ هاتە پێشەوە و بە ئەسپایی وتی:

- خەتای من بوو. شۆفێرێتی باشە. بەڵام من لە بارەی شتێکی گرنگ قسەم بۆ دەکرد یانێ هەواڵێکم پێ دەدا ...

قسەکەی تەواو نەکرد بوو کە کاوە وتی:

- چ هەواڵێ؟

کچە پێکەنی و وتی:

- قسەی خۆمان بوو.

کاوە: چاو لێکە! قسەی خۆمان و خۆتان هی ئەو کاتە بوو کە لە پشتەوە لە منت نەدەدا! ئێستا کە لێتداوم کەواتە پەیوەندیی بە منیشەوە هەیە!

کچە دیسان پێکەنی و وتی:

- جا ئێوە چتان داوە لەمە؟!

کاوە – من حەقم بە سەر هەموو شتێکەوە هەیە دەبێ بیزانم! دوایا دەزانی زیانی ئۆتۆمبێلەکەت چەندەیە؟ ها؟ ها؟

کچە سەیرێکی هاوڕێکەی کرد و سەیرێکی ئۆتۆمبێلەکەی کرد کە ئەوی تریان خێرا وتی:

قسە مەکە ئیلهام! بۆ نازانی گاڵتەمان پێ دەکا؟! ئەویش هەر لەوانە.

کاوە – لە کامانەم؟ گەورە یان چکۆلە.

کچە بە تووڕەییەوە وتی:

- لەو سەگبابانە! تۆ سەیری ئەوی تریان کە دیارە چ دڕندەیەکە! هەرچی دەکەن چاوتان دەرێ! من گوێ بە قسەی ئەم ئەفسەرەم نادەم! دەچم سکاڵا تۆمار دەکەم.

ئەمەی وت و کاوە گەڕاوە لای من و وتی:

- سەگباب، دڕندە دا با سەیرێکی ئەو چاوانەت بکەم؟ وەی وەی وەی.

ڕاست دەکا داماوە، سەگبابی لە چاوەکانت دەبارێ!

من سەیرێکم کرد و چوومە ئەو لاترەوە ڕاوەستام و جگەرەیەکم داگیرساند و ئەو کچەی وا ناوی ئیلهام بوو شتێکی وت و هاتە لای من و وتی:

- من به ڕاستی داوای لێبووردنت لێ دەکەم! خۆت باش دەزانی! هۆشی بە خۆیەوە نییە! تەواو پەشۆکاوە! ئەگەر زیانی ئۆتۆمبێلەکەی بدا، زۆر کێشەی بۆ ساز دەبێ! بە هەر حاڵ لە لایەن ئەوەوە عوزرمایی دەخوازم! بە ڕاستی ...

نەمهێشت قسەی تەواو بکا وتم:

- وەڵامی کاوە بدەنەوە ئەگەر بیهەوێ چاکی دەکاتەوە!

ئیلهام – وەڵامی چی بدەمەوە؟

- هەر ئەوەی وا پرسی، لە خۆڕاوە شتێکی پێ بڵێن! بڵێن لە بارەی جلوبەرگ قسەتان دەکرد!

ئیلهام: ڕاستییەکەی باسی شتێکی تایبەتمان نەدەکرد! لە بارەی ئاهەنگی هالۆڤین قسەمان دەکرد!

ئەوەی وت ئەگەرچی زۆر دڵم لە کچە ئێشا بوو پێکەنینم هات!

ئیلهام بە سەرسامییەوە سەیرێکی کرد و وتم:

- هەر ئەوە بە کاوە بڵێن، بە خوا هەموو زەرەر و زیانەکەی دەدا.

ئینجا کاوە کە خەریک بوو لەگەڵ ئەوەی تر قسەی دەکرد و کەمێکیش تووڕە بوو بانگم کرد و وتم:

- کاوە! کاوە!

گەڕاوە لای من و ئیلهام و وتی:

هاورێکەتان زۆر بە ئەدەبە. پێم دەڵێ کاک گاوە! ئەگەر هەمووم پێتان قەرەبوو نەکردەوە و لە بەر ئەو بێڕێزییە شکاتم لێ نەکردن کوڕی باوکم نەبم! ئەگەر من هەر ئەورۆ ...

خێرا وتم:

- خەریک بوون باسی ئاهەنگی هالۆڤینیان دەکرد!

هەر ئەمەم وت کاوە بێدەنگ بوو و زەردەخەنەیەکی لێدا و بەدەم ڕێوە کە دەهاتە لامان وتی:

- ئەگەر من ئەورۆ بێڕێزیم پێکردن داوای لێبووردن دەکەم! ئەگەر بێ ئەدەبیم بەرامبەر کردن داوای لێبووردن دەکەم! ئەگەر من ئەمڕۆ لە پشت چرای

سوور لە خۆڕا وەستام داوای لێبووردن دەکەم! هەڵەم کرد بە خوا! ئێوە گەورەیی بکەن!

بە ئێمەی وت:

- دادە ئیلهام ئەگەر من، بڵێم لە ڕووداوەکەدا خەتای من بوو چیم پێ دەگا؟

ئیلهام پێکەنی و وتی:

- وەڵا جا چووزانم؟

کاوە – ئەگەر بمانبەنە ئەو ئاهەنگە ئەوە دەڵێم من هەڵەم کرد و تاوانبارم! دەنا با کرووکی بکێشینەوە و ئێوە خەسارەتەکانی من و خەسارەتی خۆشتان و بیمە و فیتەر و هەزار بەدبەختی تر بڕژێتە سەرتان!

- بە چیدا بزانم دەیکەی؟

- تۆ بەڵێنێکم پێ بدە با من بەرەو ژوان ببمەوە، بەڵێن دەدەم ئیتر. ئەوەی تر لە ئەستۆی خۆم.

ئیلهام کەمێک وەستا و خێرا چووە لای هاوڕێکەی و خولەکێک قسەی لەگەڵ کرد و گەڕاوە وتی:

- بەڵێن دەدەم! بەڵام بە مەرجێ کە هاوڕێکەم هیچ قەرەبوو نەکاتەوە!

کاوە خێرا گەڕاوە لای ئەفسەرەکە و شتێکی پێ وت، ئینجا هەر دووکیان گەڕانەوە و کاوە ڕووی لە من کرد و وتی:

- شایەتی بدە! مەگەر ئێمە بە کەلاجی دواوە نەهاتین و لەوانمان نەکوتا؟

من سەیرێکم کرد و خێرا وتی:

- فەرموون بەڕێزم! ئەوەش شایەتی! بەو گەوجیەتییەی خۆی دەڵێ ئەرێ!

ئەفسەرەکە سەرێکی کردم و وتی: ڕاست دەکا؟

سەرم لەقاند و کاوە وتی:

- وەختێک خۆمان دانی پێدا دەنێین بۆ قبووڵی ناکەی؟ دوایایەش خۆ ئێوە ڕووداوەکەتان نەبینی؟

ئەفسەرەکە وتی نا و کاوە وتی:

ئەگەر ئەو خانمە لە ئێمەی کوتابێ دەبێ لانیکەم بە قەرای هێڵێک تورمزی بە

جێ دەهێشت! وایە یان نا؟ ئەفسەرەکە سەیرێکی سەر عەرزەکەی کرد و بینی هیچی نییە! بیری کردەوە وتی:

- ئەی بۆ لە سەرەتادا نەتاندەکوت؟

کاوە: شەیتان بە لەعنەت بێ وتی درۆ بکە! دوایا شەیتانم بە لەحنەت کرد و ویژدانم ڕاپەڕی.

ئەفسەرەکە سەیرێکی کرد و کچە خێرا وتی:

- منیش هەر ئەوە دەڵێم بەڕێز ئەفسەر. بەڵام ئێوە باوەڕتان نەکرد! ئەمانە بە ئەنقەست بە کەلاجی دواوە هاتن و لە ئێمەیان کوتا.

کاوە: بە خوا ڕاست دەکا! جەنابی ئەفسەر تۆ سەیرێکی من بکە! سەگبابی بە ناوچاومەوە دیارە!

کچە دیسان وتی:

- دەبێ سزاشیان بدەن؟

کاوە گەڕاوە و سەیرێکی کردم و وتی:

- پێت چۆنە بمانخەنە زیندان؟ تاراوگە خۆ خراپ نییە؟ لەگەڵ ئەم کەش و هەوایە دێتەوە.

ئەفسەرەکە پێکەنی و وتی:

- لە بەر ئەوەی خۆم ڕووداوەکەم نەبینی و هێڵی تورمزیش نییە و خۆشتان خەریکە دانی پێدا دەنن، منیش کرۆکییەکە دەکێشمەوە، بەڵام هەرچی منم ...

کاوە خێرا وتی:

- ئێوە بفەرموون من لە خزمەتدام و ڕوونی دەکەمەوە کە چۆن شەیتان لە خشتەی بردم!

هەر دووکیان چوونە ئەو لا و ئیلهام وتی:

- بە ڕاستی دەستخۆشیتان لێ دەکەم! نازانم چی بڵێم، وەلێ ...

کەمێک وەستا و وتی:

- یانی ئەگەر کرۆکییەکە بکێشێتەوە ئیتر تەواو دەبێ؟

بە سەر ئاماژەم پێکرد و هاوڕێکەی هاتە پێشەوە وتی:

- بەشکەم ئەفسەرەکە خۆی کەر نەکا!

تەنیا سەیرم کرد و تەریق بووەوە و وتی:

- ببوورە کە ئەو قسانەم کرد بە خوا توورە بووم! ناوم ژیلایە.

وەک ڕێز سەرم دانەواند بەڵام هەر وەڵامم نەداوە و ئیلهام وتی:

- من زۆر بە لامەوە سەیرە!

- چی؟

ئیلهام – ئەو کارەی وا هاوڕێکەتان کردی.

- ئامۆزامە.

ئیلهام – ئامۆزاتانە؛ یانێ چوونە ئاهەنگێ ئەوەندە بۆی گرنگە کە ئامادەیە هەموو زیان و خەسارەتەکە قەرەبوو بکاتەوە؟

- ئێمە خەسارەتمان نەدا! هەروەها ئەوەی کە ئێوە لەگەڵ ئەخلاقی کاوە ڕانەهاتوون! قوون بە گێچەڵە.

لەم کاتەدا ژیلا گاڵتەجاڕییەکی کرد وتی:

- ئێستا ئەگەر کرووکییەکەمان کێشاوە و ڕامان کرد چی دەکەن؟

دیسان سەیرێکم کردەوە و هیچم نەوت، ئینجام ئیلهام عوزرمایی خواستەوە و چوومە لای ئۆتۆمبێلەکەی کاوە و پاڵم پێوە دا و کاوەش لەو کاتەدا کە لەگەڵ ئەفسەرەکە قسەی دەکرد سەیرێکی کردم.

دە خوولەک چارەکێک کاوە بە چەند دانە کاغەزەوە گەڕاوە و سەیرێکی کردم وتی:

- چ بووە؟

- لەوە دەچی تەشقەڵەمان پێ بکەن و ڕا بکەن.

کاوە پێکەنی و وتی:

- من ڕۆڵە لە بەر دایک هەڵدەگرم. وەرە تۆ حەقت بە سەر ئەمانەوە نەبێت.

- باشە ئاهەنگت بۆ چییە؟ وازیان لێ بێنە.

کاوە – دەمەوێ ئەزموونم زۆر بێ. وەرە.

چوینە لایان و ژیلا دەستی درێژ کردەوە کە کرووکییەکە وەربگرێ! کاوە

سەیرێکی کرد و وتی:
- کرووکییەکە بدەم لە سەر بەڵێنتان سوورن.
ژیلا – ئەگەر نەیدەی ئەفسەر بانگ دەکەم.
کاوە – ئەو کاتەیە کە کوڕ مامەکەم سەگبابە! هانێ! ئەمە کرووکی و مۆڵەتانمەکەت. بڕۆن.
ژیلا خێرا بەڵگەکانی وەرگرت و ئاماژەی بە ئیلهام کرد کە سوار بێ و خۆشی سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو! ئێمە هەر سێکمان سەیرمان دەکرد و ئیلهام وتی:
- نازانم بۆ وای لێهاتووە؟
دەستی کاوەم گرت و وتم:
- با بڕۆین کاوە؟
هەر ئەوەم وت ئیلهام موبایلەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا و وتی:
- باڵانسەکەم تەواو بووە تەلەفۆنم بۆ بکە.
ئینجا ژمارەکەی بە کاوە و وتی:
- من لە سەر بەڵێنی خۆمم. شەوی هەینی ئاهەنگە. پەیوەندیتان پێوە دەگرم.
کاوە کورتە تەلەفۆنێکی بۆ کرد.
ئینجا لەگەڵ ئەوەی موبایلەکەی دەخستە گیرفانیەوە وتی:
- بە هاوڕێکەت بڵێ ئەو کرووکییە بە بێ کارتی بیمە بایەخی نییە.
ئینجا پێکەنی و سەیرێکی منی کرد و وتی:
- با بڕۆین ئامۆزا.
بە جووتە سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین و لەگەڵ ئەوەی دەرگاکەیمان کردەوە ژیلا هات و وتی:
- بە ڕاستی بێویژدانن.
کاوە – ئەرێ لەبەر ئەمەش زۆر خەجاڵەتین!
ژیلا – ئێستا بە ئەفسەرەکە دەڵێم.
کاوە – یەکەم ئەوەی کە ئەفسەر گەڕاوە سەر ئیشەکەی! دوایا تۆ نازانی! من

به لۆژیکێکی زۆر ئەفسەرم ڕازی کرد کە کرووکییەکە ئاوا بکێشێتەوە. تۆ هەر چییەک بڵێی ناتوانی دوودڵی بکەی! ئێستا وەک کچێکی باش لەگەڵم وەرە با کاروبارەکەت جێبەجێ بکەم.

ژیلا سەیرێکی ئەو لا و ئەو لای کرد و وتی:

- بەڵێن دەدەی کارتی بیمەکەت بدەی؟

کاوە – نا.

ژیلا: دەی من چی بکەم. دەچم شکات دەکەم. ئێستا ژمارەکەت دەنووسم و شکاتت لێ دەکەم.

کاوە – زۆر ڕووداری کچێ! چی دەکەی بیکە! با هەموو خەسارەتەکان خۆت قەرەبووی بکەیتەوە ئینجا دەزانی چۆن قسە بکەی و لە سەر بەڵێنت سوور بیت.

ئینجا دەرگاکەی کردەوە و لە پشت سوکان دانیشت. ژیلا سەیرێکی کرد ئینجا دیسان دەستی کردەوە بە قسە کردن و هاوارکردن و وتی:

- ئیلهام!

دیسان بەزەییم پێدا هاتەوە. هەر لەوێ لای ئۆتۆمبێلەکە وەستاوم و سوار نەبووم. ئیلهام هێورانە هاتە پێشەوە و سەیرێکی کردم و پێی وتم:

- وا دیارە ئەمڕۆ هەر لەبەر ڕفتاری ئەم کچە دەبێ عوزرخوایی بخوازم. ببوورن. مێشکی لە کار کەوتووە.

سەرم لەقاند و دەرگای ئۆتۆمبێلەکەم کردەوە وتم:

- کاوە کارتی بیمەکەتی پێ بدە! من ئیتر وەڕەز بوم.

کاوە لە پشت شووشە سەیرێکی کرد و وتی:

- پێیان بڵێ سوار بن و بە دوامانداا بێن.

- بێنە کوێ؟ پێیان بدە با بڕۆین.

کاوە دیسان دابەزی و بە ژیلای وت:

- بڕۆ سوار بە و بە دواماندا وەرە.

ژیلا – بۆ کوێ؟

کاوە – ماڵی ئێمە. دە چین بۆ لای فیتەر. فیتەرێک لەم نزیکانە هەیە هی یەکێ

لە خزمەکانمانە. وەرە بە دوامدا.

ژیلا سەیرێکی کرد و ئیلهام دەنگی هەڵێنا و وتی:

- دە وەرە.

جووتە سواری ئۆتۆمبێلەکەیان بوون؛ بەڵام ئۆتۆمبێل هەڵنەبوو! دیسان ژیلا دەستی کردەوە بە گریان و دابەزی و وتی:

- هیچی نەماوە! هەڵنابێ.

ئیلهام دابەزی و بە منی وت:

- منیش دڵم پڕ بووە خەریکە بگریم.

پێی پێکەنیم و بە کاوەم وت:

- سیمی راکێشانتان هەیە!

کاوە چوو دەرگای دواوەوەی کردەوە و وتی:

- سەگبابی هیچ لە چاوت لە گوێشت دەبارێ. ئەمە جاری هەزارمە کە یارمەتییان دەدەین. هانێ بیدە لە ئەڵقەی ئەو تۆمبێلە داشقەی. سیمەکەم لێ وەرگرت و لێم دا و کاوە بە ژیلای وت:

- تەواوی دەکەی راتددەکێشم. بەو مەرجەی هەتا دەگەینە ئەوێ قسەی ناحەزمان پێ نەکەی؟ باش.

ژیلا – من نازانم ئاوا شۆفێری بکەم.

کاوە – برا تۆخوا تۆ چی دەزانی؟

ژیلا ئەم جار پێکەنی و بە نازێکەوە وتی:

- هەر دەزانم کێشە بۆ تۆ ساز بکەم.

کاوە سەیرێکی کرد و پێکەنی و وتی:

- شتێکی سەگبابی. وەرە سوار ئۆتۆمبێلەکەی من بە! کورە مامەکەم ئۆتۆمبێلەکە دێنێ!

سواری ئۆتۆمبێلی ٢٠٦ بووم و ئیلهام دەرگای کردەوە وتی:

- منیش سوار بم.

- تکایە شایەنی نییە.

دەست برێکەکەم خەواند و کاوە و ژیلا سواری ئۆتۆمبێلەکەی کاوە، بوون و کاوە بە ئەسپایی دەڕۆی و منی دەکێشا.

فیتەر نزیک بوو، لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا لەگەڵ ئیلهام، جگە لە چەند وشە هیچمان نەوت. ئەو بە چەند ڕستە دیسان داوای لێبووردنی لێ کردم و وتی: باوکی ژیلا کەمتر ئۆتۆبێل دەدا بە دەستییەوە. وێدەچوو لە باری داراییەوە کەم دەست بن. هەر بۆیە ئەگەر بێتوو بزانێ ژیلا تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە بێگومان قەڵس دەبێت. دوێنێ بۆ ئیشێک چووەتە شارێکی تر و ژیلا بە بێ ئیزنی ئەو ئۆتۆمبێلەکەی هەڵگرتووە. بۆیە ژیلاش ئاوا بێتاقەتە.

پاش کەمک گەیشتینە فیتەر و من و کاوە چووینە ژوورەوە! ئەوێ هی مێردی پوورم بوو! نیو کاتژمێر ئیشەکانمان جێبەجێ کرد و بە هۆی ئەوەی لەگەڵ بیمەکە ئاشنا بوو، بڕیار درا کە خۆی کاروباری بیمەکە جێبەجێ بکات.

نیو کاتژمێر دوایی من و کاوە و ئیلهام سواری ئۆتۆمبێلی کاوە بووین و بەڕێ کەوتین. ئەمجار ژیلا پێکەنی، دیار بوو لەگەڵ کاوەی پێ خۆش بوو. وتی:

- کاوە تۆخوا دیسان سفارش بدە!

کاوە – خاترجەم بە.

ژیلا – بە سێ ڕۆژ ئۆتۆمبێلەکە دەداتەوە؟

کاوە – کە دەڵێ دەیدەم دیارە دەیدا.

ژیلا – باوکم هەفتەکەی دیکە دێتەوە! ئەگەر بزانێ دەبێ لە ماڵ ڕا بکەم و دەبێ بچمە شوێنێ.

کاوە – دەی وەرە ماڵی ئێمە. قەناعەت بکە و وەرە ماڵمان.

ژیلا پێکەنی و وتی:

- دەترسم زۆر دڵخۆش بێت.

کاوە – ئەرێ ئەمە ئاهەنگی چییە؟

ژیلا – ئاهەنگی هالۆڤینە.

کاوە – ئەوەی لە خاریج ئاهەنگی دەگرن؟

ژیلا – ئا ئیتر. بۆ ئێوە ئاهەنگی هالۆڤین ناگرن؟

کاوه کەمێ وەستا و ئینجا خێرا وتی:

- با بۆ نایگرین؟ هەموو ساڵێ دەیگرین؟ باوکیشم پارەکەی دەدا. بارتەقای ئەو حەوشە گەورە شت دەکڕێ. ئاهەنگی کۆنمانە چۆن وازی لێ دێنن.

ژیلا – بە ڕاستە؟

کاوە – ئەرێ بە ئەبابەیلێ. جا ئامۆژنیشم مانگێ پێشتر دەچێ بۆ پێشوازی. بە تەلیس برینج و لەپە دەکڕێ و هەموو ژنانی دراوسێ کۆ دەبنەوە و برینج و لەپە خاوێن دەکەنەوە. ئاخە باوکم لە ڕۆژی هالۆڤین قیمەپڵاو دەدا و شەوەکەی نیسک پڵاو لەگەڵ خورما بڵاو دەکاتەوە، ئەوساڵ گۆشتیشی لەگەڵ دادەنێت.

ژیلا – چ باش. کەواتە بۆ بەیانییەکەی بێینە ئەوێ؟

کاوە – بەڵێ. بەڵام دەبێ مەنجەڵیش لەگەڵ خۆتان بێنن.

من پێکەنیم و ژیلا سەیرێکی کردم و وتی:

- درۆ دەکا؟

لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنیم وتم:

- لە خۆی بپرسە.

گەڕاوە لای کاوە و وتی:

- بە خوا ساختەچیت. من باوەڕم پێت کرد. لووسکە. جلوبەرگت لە بیر نەچێ. وەدرەنگ نەکەوی و چاوەڕێم نەکەی.

گەڕامەوە سەیرێکی کاوەم کرد کە ئیلهام وتی:

- شوێنێک هەیە جلوبەرگی هالۆڤین دەفرۆشن.

- سوپاس. بەڵام زۆر هۆگری ئاهەنگ و ئەم شتانە نیم.

ئیلهام – بۆچی؟

هەر هاتم قسە بکەم و کاوە وتی:

- نییە لە ماڵی ئێمە ئەم ئاهەنگە زۆرە ناچاری کار بکەی. پرسە و سەرەخۆشی ئەم دەچێ و ئاهەنگی مارە برین و شایی و هەڵپەڕین من دەچم.

ژیلا – دەی بۆ لەگەڵ یەکتر ناچن.

کاوە – ئاخە خۆ یەک و دوان نییە؟

ژیلا – دەی ڕۆژێ شاییە و ڕۆژێ شیوەن! دەبێ بە هەر دووکیان ڕابگەیت.

کاوە – ئاخە لە ماڵ ئێمە وا نییە. لە ڕۆژێکا سێ چوار دانە پرسە و سەرەخۆشیمان بەڕێوەیە. هەر لە کەڕەی بەیانییەوە دەست پێ دەکا هەتا نیوەشەو. شاییەکانیشمان وایە. هەمو شەوێک شاییەک و ئاهەنگێکمان هەیە.

ژیلا – شتی وا چۆن دەبێ؟

کاوە – بۆ نابێ؟

ژیلا – ئاخر لە ناو خزم و کەسدا چەند کەس دەمرن کە هەر لە کەڕەی بەیانییەوە سەرەخۆشیتانە هەتا شەو؟. بۆ لە ناو خزم و کەسدا نەخۆشییەکی گوازراوەییتان هەیە؟ هەموو شەوێکیش ئاهەنگی هاوسەرگیریتان هەبێ؟ چ خزمێکی سەیر و سەمەرن.

کاوە – پرسە و شاییەکان خۆ هی خۆمان نییە.

ژیلا – ئەی هی کێیە؟

کاوە – خەڵک. چووزانم.

ژیلا – دەی ئێوە بۆ دەچن؟

کاوە – خۆ ئێمە ناچین، ئەوان دێن. ئاخر باوکی ئەمە هۆڵێکی سەرەخۆشی هەیە و باوکی منیش تەلاری شایی. بەیانیان ئەمان پرسە و سەرەخۆشی دادەنێن و شەوانە ئێمە شایی.

ئیلهام و ژیلا سەیرێکی یەکتریان کرد و ئینجا دایان لە قاقای پێکەنین. کاوە وتی:

– خۆ دەزانم پێکەنیناوییە، بەڵام ئەمە ژیانی ئێمەیە.

ژیلا – بە ڕاستە یان فشە دەکەی؟

کاوە – فشەی چی؟ ئیشەکەمان ئەوەیە؟ هێشتا من قەینا ئەم هەناسەساردە، چی دەکێشێت. هەموو بەیانیانێک لە خەو هەڵدەستێ قات و پانتۆڵێکی ڕەش لە بەر دەکا! شاڵێکی ڕەش لە مل دەپێچێ و دەچێ بۆ تەلاری سەرەخۆشی و سینییەک خورما و سینییەک حەڵوا دەدەنە دەستییەوە و دەچێتە ناو تەلارەکە. هەر چارەکە ناچارێ دەبێ بگوڕێنێ: فاتیحا.

به ڕاستی ئیشێکی ئەستەمە! خۆ مرۆڤ دڵی نامێنێت. سەیری قەڵافەتی بکەن؟ دەڵێی مردووی گۆڕستانە. بۆنی کافوری لێ دێ. نا؟

پێکەنینم دەهات و ئیلهام وتی:

- بە ڕاستییەتی؟

گەڕامەوە سەیرێکم کرد. کیژێکی ژیکەڵە بوو. یانی زۆر زۆر ژیکەڵە. بە پێکەنینەوە وتم:

- باوەڕ بە قسەی مەکە.

هەر دووکیان پێکەنین و ژیلا وتی:

- بە ڕاستی سەگبابە. من لە پێشدا بە هەڵە بە تۆم وت سەگباب. نا کاوە زۆر سەگبابە.

کاوە – من سەگبابم؟ ئۆتۆمبێلەکەت ئەگەر مانگێ دیکەش ئامادە بوو؟

ژیلا – دە خۆت کەر مەکە کاوە. دەنا خەفەت دەخۆم.

کاوە – دەی باشە بۆ بەیانی ئامادەیە. خەم مەخۆ. ئێستا جلوبەرگی چی لە بەر بکەم؟

ژیلا: هەموو جۆرێک هەیە! دراکولا، جیسۆن، زۆرۆ، فرانکشتاین، جادووگەر، زامبی، فریشتە، سیندرلا، چەتەی دەریایی! هەموو شتێک هەیە.

گەڕامەوە بە ئیلهامم وت:

- باشە خۆ ئەمە جەژنی ئێمە نییە. ئێمە خۆمان جەژنمان زۆرە.

ژیلا – نییە دەتوانین بەڕێوەی ببەین؟ هەر شتێک دەبێ دێنە سەرمان. لە شوێنێک دەوەنێک دەسووتێنین و دەنگی گۆرانی زیاد دەکەین، ئۆتۆمبێل دێ و هەمووان دەبێ ڕا بکەین.

- یانی هالۆڤین بۆ هەمووان ئازادە؟

ژیلا – لە شوێنی تایبەت ئەرێ.

ئیلهام – ئەمانە بڕ و بیانووە. خەڵک پێویستی بە شادییە.

هاتم شتێ بڵێم کە کاوە هاتە ناو قسەکەم و وتی:

- ڕاست وایە. خەڵک شادییان دەوێ؟ خۆ هەموو کەس هاوشێوەی باوکت لە

خەم و پەژارە و پرسە و ماتەمگێڕان نان ناخوا کە واز لە شادی بێنێت. جگە لەمەش دنیای ئێستا گوندی جیهانییە. چی دەبێ ئاهەنگی فەرمییە جیهانییەکانیش بکەین بە جەژن.

- ئاخر ...

کاوە – ئاخو دەرد. بێلا با بزانین ئەم جەژنە پڕ خێر و بێرە چۆن دەگیرێت.

ئینجا بە ژیلای وت:

- فەرموون خاتوون.

ژیلا – بێجگە لەوەش Thanks giving هەیە.

کاوە لە ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەکەیەوە سەیرێکی کرد و وتی:

- ئەوەش دەکەن بە جەژن؟

ژیلا – ئا ئیتر. نەکا ئێوە نەیگرن؟ بەم سەروەت و سامان و هەرا و زلەوە، من وامزانی ...

کاوە – جەژن دەکەین. برا جەژن دەکەین. من پێم سەیر بوو کە ئێوە چۆن دەیگرن.

ژیلا – دەی دیارە ئیتر. شوکرانەبژێری لە خوایە.

کاوە – ئەیچۆن. شکورانەبژێری لە بەر قاپی خوا دەبێ بیکەین. جا چ هی ئێمە بێ و چ هی ئەو بیانییانە.

ژیلا – لە Thanks giving نانی شێویش لێ دەنێن؟

کاوە – نا برسییەتی دەکێشین. ئەی چۆن لێ نانێین؟

ژیلا – چی لێ دەنێن؟

- سەوزی پلاو لەگەڵ ماسی.

هەر سێکمان دامانە پڕمەی پێکەنین. ژیلا وتی:

- بۆ نیوەڕۆ جەژن دەکەن؟

کاوە کەمێک وەستا و وتی:

- ئەمە نەریتە. هەر کەسەو جۆرێ دەیکا بە جەژن. بەڵام بە ڕای تۆ بۆ نانی شێوی Thanks giving چی ساز بکەین لای خودا ڕووسوور بین و خودا

نەچی بە گژماندا.

ژیلا – قەل. قازیش دەبێ. بەڵام قەل باشترە. بەڵام شێوازی لێنانی زۆر گرنگە.

کاوە – یانی چۆن؟

ژیلا – دەبێ هەر بە ساقی پەڕەکانی لێ بکەینەوە و ناو زگی پڕ بکەین لە سەوزە و ئەم شتانە و بیخەینە ناو فڕن.

کاوە – واتە هەر بە زیندوویەتی، پەڕەکانی لێ بکەینەوە و بیخەینە فڕنەوە؟ بێزاد لەتە کاغەزێک بێنە ئەوانەی دەیڵێم بینووسە کە بیدەین بە ئامۆژن. بنووسە

مادەی پێویست:

قەلێکی قەڵەو، ئەگەر نەبوو قازیش دەبێ. قەلەکە هەر بە زیندوویەتی ئاوڕووتی دەکەین. ئینجا سەوزەی بۆنخۆشی وەک شملی دەخەینە ناو سکی، خوێ و بیبەر هێندەی پێویست پێ زیاد دەکەین و دەیخەینە ناو فڕن. پلەی فڕنەکە دەبێ لە سەر مۆکی ١٨٠ دەرەجە ڕێک بکرێ و لە درێژەی نێرەگەلە کێشانێک ڕادەوەستین و بەو شێوەی کە خودا لێمان ڕازییە شێوی Thanks giving ئامادەیە.

هەموو پێکەنین و ئیلهام وتی:

– ئەو لکاوە خەریکە گاڵتەمان پێ دەکات.

کاوە – کاوە گووی خوارد.

ژیلا – دەی ڕاست دەکا خۆ. دوایەش دەڵێم سەگبابی، تۆ دەڵێی نا.

کاوە – من کەی وتم: نا؟

ژیلا پێکەنی و کاوە بە جیدی وتی:

– نە تۆخوا. من کەی وتوومە سەگباب نیم.

هەر سێکمان پێکەنین و کاوە وتی:

– ئیتر واز لە قاز و قەل و Thanks giving بێنین و بێینەوە سەر تەشی هالۆڤینەکەی خۆمان. بە ڕای تۆ ژیلا گیان من ئەو شەوە جلوبەرگی چی لەبەر بکەم چاکترە؟

ژیلا کەمێک بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

- دراکۆلا

کاوە گەڕاوە سەیرێکی کرد و وتی:

- دەستخۆش مەمنونتم. ئێستا بوومە خوێنمژ؟

ژیلا – نەک لەبەر ئەوە! من مەبەستم خوێنمژییەکەی نییە.

کاوە – دیارە ئەو کاتەی دەڵێی وا خەڵک ئەنجن ئەنجن دەکات؟

کاوە سەیرێکی ئاوێنەی کرد و وتی:

- ئاخە بێویژدان چاوم کوێی لە دراکۆلا دەچێ؟ بیلبیلەی چاوی دراکۆلا سوورە! یانی خوێنی تێزاوە. کوێی چاوم خوێنی تێزاوە. ئەوەی پێی دەڵێی سەگباب با هەم؛ بەڵام خوێنی تێدا نییە؟

دامان لە پرمەی پێکەنین و ژیلا وتی:

- دەزانی چی دراکۆلا کە چاو لە هەر کەس دەکا سیحری دەکا و کەسەکە لە جێی خۆی وشک دەبێت.

کاوە بێدەنگ بوو و دیسان لە ئاوێنەکەوە سەیرێکی کرد. پێکەنی و وتی:

- زۆر سوپاس. بە ڕاستی ئێستا زانیم چ کچێکی زیرەک و پڕکەماڵاتی. وەڵا لێتانی ناشارمەوە خۆشم ماوەیەکە ئەم نهێنییەم بۆ دەرکەوتووە. واتە هەر کاتێک پێویستم بە پارە بێ و باوکم پێم نەدا. بانگی دەکەم چاو دەبڕمە چاوی! خوولەکێک ناکێشێ پارە لە ناو گیرفانمە. ئێستا بۆ ئەوەی بە خۆمی بسەلمێنم سەیرێکی ناو چاوی ئەم بێزادە دەکەم بزانم هیچ لێ دێ یان نا.

لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنیم وتم:

- نیو کاتژمێرە ئۆتۆمبێل لێدەخوڕی. ئەرێ بۆ کوێ دەچی؟

کاوە – هیچ مەڵێ با چاو نەبڕمە چاوت سیحرت کەم و شتێکت بە سەر بێ کە بۆ حەوت پشتت بیرت نەچێتەوە! ئەوەی وتم: بیتەپێنە گوێت!

ئینجا گەڕاوە سەیرێکی ژیلای کرد وتی:

- دەکرێ کەمێکی تر تاریف و وەسفی چاوم بکەی؟ با وردەم بەرز ببێتەوە.

هەر سێکمان پێکەنین.

- ڕایگرە.

کاوە – ڕاوەستە ...

- گیانی خۆت ڕایگرە.

چووە سەر شەقامەکە ڕاوستا وتم:

- دەچی بۆ کوێ؟

کاوە – هیچ برا. نیوەڕۆ تێپەڕیوە. وتم: بچینە ڕیستورانتێک جێیێ، خواردنێک بەمانە بدەین تێر بن.

هەر کە ئەمەی وت ژیلا لە پشتەوە قۆڵی هەڵماڵی و وتی:

- بۆ ئێمە سەگین پشیلەین؟ شتێک بخۆن با تێر بن چییە؟

کاوە خۆشی پێکەنی وتی:

- ببوورن. بە خوا مەبەستی خراپم نەبوو. یانی برسیتان نییە؟ بچین شتێک بخۆین تێر بین.

ژیلا – بۆ نان بە هەژار دەدەی؟

کاوە – دە ئەی بڵێم چی؟

ژیلا – هێشتا خانمەکانت بۆ نانی نیوەڕۆ بانگهێشت نەکردووە.

کاوە بیری کردەوە و وتی:

- وەڵا خانمەکان ئێمە بانگهێشت دەکەن.

ژیلا – باشە ئیتر درۆ مەکە.

کاوە – بە خوا. وەڵا هەموو ڕۆژێ کە لە کارگە دەگەڕێینەوە ئامۆژنم بانگمان دەکا و دەڵێ وەرنە خوارەوە نانەکەتان بخۆن و بڕۆن چوونکە ئیشم زۆرە.

ژیلا – بە ڕاست ئامۆژنت ئاوا لەگەڵت دەدوێ؟

کاوە – کوڕە فشە دەکەم.

ئیلهام – بۆ ئێوە لە ماڵی خۆتان نان ناخۆن دایکی خۆت چێشت ساز ناکات؟

کاوە – دایکی خوالێخۆشبووم کاتێک زۆر منداڵ بووم مرد. من ئامۆژنم بە خێوی کردووم کە دەبێتە دایکی بێزاد.

ژیلا – بەستەزمان؟ دیارە زۆر خەم دەخۆی؟

کاوە – نا خۆ لە بیرم نییە.

ژیلا – دەی بێ دایکی بۆ منداڵ زۆر ناخۆشە؟

کاوە – نا! ئامۆژنم لە دایکم دایکتر بوو.

ژیلا – نا مەبەستم ئەوەیە هەر کات بیری لێ دەکەویتەوە دڵت پڕ نابێ؟

کاوە – نا هیچم وەبیر نایە. هیچیم لێ وەبیر نایە. خەم ناخۆم.

ژیلا تووڕە بوو، وتی:

- بە جەهەندەم! تۆ چیت؟

کاوە پێکەنی و من وتم:

- درۆ دەکا. وێنەی دایکی خوالێخۆشبووی لە ژوورەکەیەتی، هەندێ جار لەگەڵ وێنەکەی قسە دەکات.

ژیلا – ئای لە کا حەمەکاوە.

کاوە - برا ئێوە هەر پرسیار دەکەن و منیش وەڵام دەدەمەوە. باشە دەی. دەتوانم داواتان لێ بکەم شانازییم پێ ببەخشن کە پێکەوە نانی نیوەڕۆ بخۆین؟

ژیلا – ئەوە قسەیەکی جوانە.

وەڕێکەوت و پاش کەمێک چووینە ڕیستوڕانت و دابەزین و چووینە شوێنێک و داوای خواردنمان کرد. ئینجا کاوە وتی:

- جلەکەی من کە دیارە ئێستا با بزانین بێزاد دەبێ چی لەبەر بکا باشە؟

ئیلهام – ئەگەر دەکرێ با من بۆی هەڵبژێرم.

کاوە – بۆ خۆم مردووم؟ ئەم بێزادە ئێوە جلوبەرگی بۆ دەستنیشان بکەن؟ خۆم دەزانم دەبێ چی لەبەر بکات کە لەو شەوەدا لە هی هەموویان جوانتر بێت.

ژیلا – چ جلوبەرگێک؟

کاوە – کۆتاڵێکی سپی! دووڕینیشی ناوێ. هەر ئاوا دەیئاڵێنینە دەوری و دەیهێنینە ئاهەنگی هالۆڤین. جەنازەش بەشێکە لە هالۆڤین ئیتر.

کچەکان پێکەنین. من سەیرێکم کرد و وتی:

- بۆ وا سەیرم دەکەن. دەی مردووی قەبرانیش ترسناکە. زامبییەکە بۆ خۆی.

ئیلهام – خۆ نابێ جلوبەرگ یان ئەو کەسایەتییە بە زۆری ترسناک بێت.

کاوە – با بزانم. باڵای یەک و هەشتایە. کێشیشی نزیک هەشتایە. ئەمە بابەتی تەڕەزانە. لۆیێ پێستی پڵنگ پەیدا دەکەین و کوتاڵێکیش لە دەوری دەپێچین و دەیهێنم. پێتان چۆنە؟

دیسان کچەکان پێکەنین. من دیسان سەیرێکم کردەوە و وتی:

- برا خۆشت شتێ بڵێ.

- جا تۆ دێڵی کابرا قسە بکات.

کاوە – باشە دەی قسە بکە.

- من حەزم لەم ئاهەنگ و بەزم نییە.

کاوە – جا تۆخوا ئەمە قسەی کرد. ئێستا گوو بکە ناو ئاهەنگ هالوڤین و بیکە بە دەرد.

- دە حەزم لێ نییە ئەم جلوبەرگانە لەبەر بکەم و بچمە شوێنێک. ئەمە نە جەژنی ئێمەیە و نە ئەمانە جلوبەرگی ئێمە. برا لاسایی کردنەوە بۆ؟ ئەویش لاسایی کردنەوەیەکی کوێر کوێرانە.

کاوە – باشە دەی برا! تۆ هەر بەم جلوبەرگانەی خۆتەوە وەرە، هەر ئاواش دەم و لووتت تێک دە و لە سووچێکدا دابنیشە. لە فرانکشتاینیش ترسناکتر دەبی. هەر شەوێکە دەچین بۆ جەژن و ئاهەنگ خەم بە با دەدەین. تۆش لێمانی بکە بە ژان و قوزەلقورت. تۆ هەر مەیە.

ئینجا ڕووی کردەوە کچەکان و وتی:

- ئەم ئاهەنگە چ کاتێکە؟

ژیلا – ئەم شەوی هەینییەیە؟

کاوە – ئەدرەسی ئەم جلفرۆشییە کوێیە پێمی بدە؟

ژیلا – لە ماڵێکدایە.

ئینجا ئەدرەسەکەی پێدا. لە زەفەرییەیە!

سەرتان نەیەشێنم نانی نیوەڕۆمان خوارد و هاتینە دەرەوە و ژیلا و ئیلهام ماڵاوییان کرد و ڕۆشتن. بڕیار بوو پێکەوە لە پەیوندیدا بین، ژمارە موبایلەکەمم دا بە ئیلهام و وتی: پەیوەندیی دەگرم.

ئێمە سواری ئۆتۆمبێل بووین و وتم:
- بە ڕاست دەتەوێ بڕۆی؟
کاوە – ئەرێ.
- ئەم کەری کەرییەت بە دڵە؟
کاوە – نا دەبێ بڕۆم! من لە ژیانمدا هەموو چەشنە ئاهەنگ و پارتییەکم بینیوە، بەڵام ئەمەیان نا.
- من نایەم.
کاوە – تۆ گوو دەخۆی. بچمە هەر کوێ دەبێ تۆ بێی.
- من پێم عەیبە وەکوو بووکەڵە جلوبەرگی سەیر و سەمەر لە بەر بکەم و بێمە پارتی و ئاهەنگ.
کاوە – لەبەر ئەوەی ڕانەهاتووی. جارێ لەبەری بکەی خۆشە دەبێت.
- کەری کەرییە.
- بەڵام خۆشە. حەیفە لە کیسی بدەین. پاش نیوەڕۆ بچین جلوبەرگێکت بۆ بکرم. جلەکەی من دیار بوو چ بێت.
- جلوبەرگی تۆ چییە؟
کاوە – دراکۆلا. قات و پانتۆڵی ڕەش لەگەڵ کوڵوانە.
- بە خوا ساختەچیت.
کاوە – شتێکیش بۆ تۆ جێبەجێ دەکەم.
- چی؟
کاوە – شتێکی سادە. بلووز داوێنێکی سادە. دەبیە دایکی دێو.
- گوو مەخۆ.
کاوە – دەی قات و دامەنێکت بۆ دەکرم لەگەڵ جەرگ و دڵ. ئینجا دەبییە خاتوو هیندی جەرگخۆر. پێت چۆنە؟
- نایەم.
کاوە – ئەگەر کەمێک ڕێکوپێک بوایەی دەمکردی بە شەشمشەمە کوێرەی شەو و حەوت و هەشت ژنم دەڕژانتە سەرت.

- نایەم.

کاوە – چ گیرێکم کردووە بە دەست تووە. جلوبەرگی فریشتەی مێهرەبانت بۆ بکرم. باشە؟

هیچ وەڵامم نەداوە.

- گەواڵێکت بۆ دەکرم و جلێکی سەرتاپا گوڵی جوان و کڵاوێکی مقەبایی سووریش دەکەمە سەرت و کەمێکیش بۆیاخی ڕەش دەدەم لە دەموچاوت. تەواوە؟ جا دەبی بە بووکەڵەیەکی زۆر بەڕێز و شکۆ.

- خەلک دەمرن بۆ لاساییکردنەوە.

کاوە – گەنج حەزی لە شادییە. پرۆزەیە. کاتێک هەر چوار دەورت دیوارە دەی کابرا دەچی بۆ جادەی هەرەمەکی. تۆ سەیری وڵاتانی دیکە بکە. تۆ سەیر بکە بۆ بچووکترین شت ئاهەنگ دەگرن. شادی دەکەن.

- تۆ خوا بیلە با قسەکەم بکەم.

کاوە – نا هەر گوێ بگرە. ئەوە شانسی ئێمە بەفریش ناباری، وڵات بەفر بباری ببێتە پشوو، بچین بۆ خلیسکێن.

بە بۆنەی جەژنی گەورەی پیسبوونی هەوا وڵات دەکەنە پشوو، لە ماڵدا داماندەمرکێنن. ئەمەش ئاهەنگ و خۆشی.

- هەڵیت و پەڵیتەکانت تەواو بوو.

کاوە – گەمەئاو. هەر دەست بۆ ئاو دەبەی دینە ژوور سەرت.

- کاوە. ئەری لە دەم دەکەوی؟

کاوە - باشە. دەی چ دەڵێی؟

- یانی بە ڕاست برۆین.

کاوە – کاتژمێرێکە دەچین و دێینەوە.

- دەی جلوبەرگێکم بۆ بکرە. جلوبەرگێکی پیاوانە و ڕێزدار و ئابڕوودارانە و ڕەنگاوڕەنگ. ئەگینا نایەم.

سەیرێکی کردم و وتی:

- باشە کابرا لە هالۆڤین جلی ڕێزدارانە لە بەر دەکات؟ دەچی بۆ شایی

پوورت؟

- هەر ئەوەی وا وتم:

گەیشتینە ماڵ و ئۆتۆمبێلەکەمان پارک کرد و چووینە ژوورەوە. دایکم تەلەفۆنی کرد و وتی ئێمە لە دەرەوە نانمان خواردووە. پاش سڵاو لەگەڵ کاوە چووینە سەرەوە. سەتەلایتەکەی داگیرساند کە ڕیکلامی بازرگانی بڵاو دەکرایەوە.

دادە کوبرا چایی بۆ هێناین لێم وەرگرت و دەستخۆشیم لێ کرد. کاوە بە دەم هەڵگرتنی چا لە سەر سینییەکە وتی:

- سەگباب جوانە نا؟

- چی؟

کاوە – کتوپڕە خوێن شیرینە.

سەیرێکی کردم و وتی:

- دیارە لەو عەیارانەیە.

- مەبەستت ژیلایە یان خەریکی وەسفی یەکێ لە دوژمنەکانت دەکەیت؟

کاوە – ئاخ ... تۆ بۆ قسە نابی. بێ زەوقی.

- تۆ جنێوی پێ دەدەی.

کاوە – لە کلتوری ئێمەدا ئەمە یانی جەخت کردنە سەر تاریف و وەسف. هیچ برا وازی لێ بێنە. ئەمە چ کەناڵێکە ئەوەندە ڕیکلامی بازرگانی بڵاو دەکاتەوە خۆ کوشتمانی.

ئینجا دەنگی بۆڕ کردەوە و دەنگی ڕیکلامی بازرگانی دەرهێنا:

- لە قژی خۆتان ڕازی نین؟ جۆری قژتان خراپە؟ قژتان بە چەپک دەوەرێ؟ ئەوە زۆر پیسی بۆیە؟ بچۆ بۆ گەرماو ڕشک و ئەسپێت لێ دەبارێت.

لە قەڵەوی خۆتان بێزارن. نیگەرانی کێشی لەشتان مەبن؟ جلەکانتان بۆتان تەسک بۆتەوە؟ لە چەوری زۆر هەراسانن؟ حەقتانە! وەک ورچتان لێ هاتووە پێش بەو سکە شوڕەتان بگرن.

پەساپۆرتی کەنەداتان دەوێ. گەرەکتانە لە شوێنێکی خۆش و دڵڕفێنی

شەشەگۆزەکان

ئەمریکادا بژین؟ فەرموون. بچۆ لە بەر ئاوێنە سەیرێکی خۆت بکە بزانە بۆ ئەمریکا چوون دەبی.

بیکووژێنەوە تۆخوا گەوجمانی کرد. ئەگەر تەلەفزیۆنی خۆمان شتێکی ماقوولی ببا منەتی ئەمانەمان نەدەکێشا. هەستە بیکووژێنەوە.

لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنیم چووم تەلەفزیۆنەکەم کووژاندەوە و گەڕامەوە دیتم دەستی گرتووە سەیری ئەم لا و ئەو لا دەکات.

کاوە – مێشوولە دای بە دەستمەوە. چووە کوێ نەتبینی.

- گەوج مەبە مێشوولە ئێستا هەیە.

کاوە – بە گیانی خۆم بینیم.

- ئێستا پیف پافت لێ دەدەم دەمرێ.

کاوە – دەمەوێ هەر بەو دەستانەی خۆم تۆڵەی لێ بکەمەوە.

هەستا بە ناو ژوورەکەدا گەڕا.

- وەرە دانیشە خۆت کەر مەکە.

کاوە – سەگباب لە کوێی. بەڵایەکت بە سەر بێنم بە سەر کەس نەهاتبێت. دەتگرم. دەتخەمە ناو تەلیس دەتبەم لە کەهریزەک فرێت دەدەم. جا بزانم ئەو کات دەتوانی بێیتەوە ئێرە؟ خۆت دەرخەی؟ لە کوێی؟

- بڵێی ئەم هالوڤینە چۆن بێت؟ ئاهەنگەکەی دەڵێم.

کاوە – سەد جار لە فیلمەکانتدا بینیوتە.

- ئاهەنگی ئێرە دەڵێم؟

کاوە – چووزانم، دەچین دەیبینین ئیتر.

- ئەی جلوبەرگ؟ چی لە بەر بکەم.

کاوە – بێزاد؟

- ها؟

کاوە – تۆ ئەگەر مێشوولە بای و بە کەسێکتەوە دابا! کاتێ دۆخەکە نالەبارە و بتزانیبا دێن دەتگرن دەچوویە کوێ؟

- وەڵا تۆ شێتی؟ وازی لێ بێنە.

کاوە – وازی لێ بێنم؟ هەستە با پێکەوە تۆڵەی خوێنی ئامۆزاکەت بکەمەوە.

- دنیایەکی سەیرە.

کاوە – بۆ؟

باسی ئەم ئاهەنگە دەکەم.

کاوە – بۆ چییەتی؟

- تۆ لە کۆڵ ئەو مێشوولە بەوە پێت دەڵێم.

کاوە – یانی لێی خۆش بم؟

- لاچۆ.

کاوە – باشە دەی لێی بوورام. ئەو مێشوولەیە و من مرۆڤ. ئەگەر بیشیکوژم قەرەبوو ئەو ملکوێلە خوێنەم بۆ ناکاتەوە.

- دەڵێم سبەی لە جیاتی میرنەورۆز باوکە نوێل دیاری نەورۆزانەمان بۆ دێنێت.

- کوڕە نا باوکە نوێل هەڵەخەرجی بۆ جیهانی سێیەم ناکات. تۆ چت داوە شادی چۆن بە خەڵک دەگا ئێمە دەبێ خۆمان سامان و کلتووری خۆمان بپارێزین و بیدەینە نەوەی پاش خۆمان، دەبێ وریابین دوژمن شادمان نەکات.

بەیانی بە جووتە ئیشەکانمان کرد و چووینە کارگە. پاش خواردنەوەی چا و قاوە هەستاین و سڵاومان کرد و کاوە وتی:

- باوکە گیان وەرە دوو قسەت بۆ بکەم؟

مامم سەیرێکی کرد و چووە سەر مۆبڵێک دانیشت و کاوە وتی:

- خۆ ئێمە شەڕمان نییە. وایە؟

مامم – دەی.

کاوە – باوک و کوڕین.

مامم سەیرێکی کرد.

کاوە – باوکە گیان هەمو کوڕ و باوکێک لێک جیا دەبنەوە. وایە یان نا؟

مامم- دەی ئێستا دەتەوێ چی بڵێی؟

کاوە – هەڵبەت لە سەر ئیزنی باوکم و مام و ئامۆژنم و ڕیشسپییەکان

دەمەوێ دەست لە کار بکێشمەوە.

مامم – چی؟

کاوە – دەست لە کار کێشانەوە.

مامم – دیسان خۆت کەر کرد؟

کاوە – نە بە سەرت باوکە گیان.

مامم – ئەی چی؟

کاوە – وەڵا هاوڕێیەکم کارگەیەکی داناوە داوای هاوکاری لێمان کردووە. مووچەکەی دوو قاتی ئێرەیە. ئێمەش بۆ بژێوی خۆمان ناچارین بچین بۆ ئەوێ. دەزانی چی باوکە گیان، مامم و ئامۆزاکەم ڕێزی خۆیان هەیە، گیست دەنکی ٢ ملوێنە. ئێمە نانە سکی کار دەکەین. هەر لە گیرفانی خۆمان دادەنێین.

مامم – خۆ من ماوەیەک نییە مووچەکەتانم زۆر کردووە توخمی سەگ.

کاوە – کەی؟

مامم - سێ مانگ نابێ!

کاوە – شا بە قوربانت بم ئەوە هیچ نییە؟ دەوڵەت ئێستا سیاسەتی پەیژەیی وەلا ناوە و چووەتە پاڵ سیاسەتی ئەسانسۆری و پلیکانی کارەبایی. ئەورۆ هێلکە دەکری بۆ بەیان بەم پارە ناتوانی تووش بکڕی چ بگات بە هێلکە. چووم کەمێک ئاڵەتی زەردەچەوەم کڕی. داوای چەکی لێم کرد.

مامم پێکەنی و وتی:

- چاو لێکە توخمی سەگ، تۆ لە ژیانتدا هێلکە و ئاڵەتی زەردەچەوەت کڕیوە؟ نا هەر دەزانی ئاڵەتی زەردەچەوە چییە؟

کاوە – ئەوەی وا لەگەڵ زەردێنەی هێلکە تێکەڵی دەکەین و دەیخەینە سەر قولاپەی قاچمان بۆ ئەوەی کووتراوییەکەی سارێژ ببێتەوە. ئەوەندە لەم کارگەدا بە دوای سەگا ڕامان کرد و منەتی ڕووسەکانمان کێشا.

بە قوربانت بم من سێ سەر خێزانم هەیە! تاکەی خەجاڵەتی ژن و منداڵم بم. بەزەیی و پیاوەتی بنوێنە. دەی کارمان بەمانە نییە. من و ئەم ئامۆزایەم چووینە وەزارەتی کار شکاتمان لە تۆ و مامم کرد. بۆ بەیانی داواتان لێ دەکرێ بچنە

دادگا. ئێستا یان مووچەکەمان زۆر دەکەن یان بچین شکاتەکەمان وەرگرینەوە. جا یان وەک باوک و کوڕ دەمێنینەوە یان لە دادگا چاومان بە چاوی یەکتر دەکەوێت.

مامم پێکەنی و وتی:

- دەی باشە. بچۆ وەریگرەوە. کەمێک مووچەکەتان زۆر دەکەین.

کاوە – خوا خۆشتان بکا. بە ڕاستی پیاوی. یا خوا دەست بۆ بە تەنەکە ببەی ببێتە ئاڵتون. ئەمشەو من و منداڵەکان بە ئاسوودەییەوە دەخەوین و خوا خێرتان بۆ بنووسێ. پاداشتمان پێ بدەن ئیتر کارمان پێتان نییە.

مامم: پاداشتی چی؟ تۆ چی دەکەی کە پاداشتت دەوێ؟

کاوە – نازانی باوکە گیان؟ هەر ئێستا کوڵی قازانجم بۆ هێنا و پێشی کوڵی زەرەرم گرت.

لەم کاتەدا باوکم بە پەلە هاتە ناو نووسینگەکان و هێشتا وەڵامی سلاوەکەی ئێمەی نەداوە بە مامی وت:

- کاکە ئێوە بە چێشتلێنەرتان وت ئەوڕۆ هیچ ساز نەکا؟

مامم – من گووی وا ناخۆم.

باوکم – دوور لە تۆ. بەڵام کاوە بۆ چووەتە لای چێشتلێنەر وتوویەتی باوکم فەرمانی داوە ئەوڕۆ بە لەشساغی کرێکارەکان نان و ماست دەخۆین.

مامم کڕ بوو و پاش کەمێک وتی:

- تف لە ڕووت سەگبابی گەواد. ئێستا من بەم نیوەڕۆیە جوابی ئەم ئالەمە چی بدەمەوە.

کاوە – ئەوە لە جێی دەستخۆشیت بوو؟ جا وەرە پێشی خەرجی زیادی بگرە! هێشتا من چاوەڕێی پاداشتیشم باوکە گیان.

مامم لە سەر مێزەکەی قەڵەمەکەی کاوەی هەڵگرت کە بۆی بخاتە برینگە کە کاوە بە تووڕەییەوە وتی:

- باوکە گیان باوکە گیان! قەڵەمی پارکێرە. حەیفە قەڵەمێکی تر فرێدە.

مامم دەستی ڕاگرت و خەریک بوو پێبکەنێ. باوکم ئەوە هەر پێدەکەنی. بۆ

ئەوەی خۆی بگری و ڕەواڵەتی تێک نەچێ لەگەڵ ئەوەی قەڵەمەکەی لە دەستی مامم وەرگرت وتی:

- جا تۆ وەرە کاکە با بچینە خوار با نانی نیوەڕۆمان لە کیس نەچێت.

مامم کە بە زۆری پێشی پێکەنینی خۆی گرتبوو، لەگەڵ باوکم ڕۆشت و لە بەر دەرگای دەفتەر وتی:

- ئەوڕۆ نەتبینم. بتبینم دەتکوژم.

من لە بەر پێکەنین قرتام مامم و باوکم خێرا ڕۆشتن و بە کاوەم وت:

- تۆ کەی چوویتە چێشتخانە؟

کاوە – ئەو کات وا هاتین.

- باشە کاوە بۆ وات کرد؟

کاوە – مەگەر نەتدەویست جلوبەرگی هالۆڤین بکڕی. دەی منیش کارێکم کرد کە ئەوڕۆ باوکم دەرمان کا. زوو وەرە تا پەشیمان نەبۆتەوە.

هەر دووکمان بە ئەسپایی لە کارگە هاتینە دەر. سواری ئۆتۆمبێلی کاوە بووین و وەڕێ کەوتین و وتم:

کاوە ئەوەندە مامم ئەزییەت مەدە. بە خوا هەر دووکمان لە کارگە فڕێ دەداتە دەرەوە. ئەو کات دەبێ بچین بۆ سواڵ.

کاوە – داماو من بە بەلاش پارە وەدەست دێنم.

- دە ئیتر درۆ مەکە کاوە.

لەم کاتەدا سەیری ئۆتۆمبێلێکی کرد کە لە پاڵمان تێپەڕ بوو و وتی:

- سەیری کە.

ئاوڕم داوە سەیری ئۆتۆمبێلەکەم کرد. ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل باڵا بوو، کە کچ و کوڕێک لە ناویدا دانیشتبوون و خەریک بوون پێکەوە قسەیان دەکرد و پێدەکەنین.

لە ناکاو چووە پێشیانەوە و ئاماژەی پێکردن کە ڕابیگرن.

- ئەوە چی دەکەی کاوە؟ ئەوە شێت بووی؟

کاوە – تۆ هیچ مەڵێ و هەر سەیر بکە.

شەشەکوژەکان

تەزێک بە گیانمدا هات. وڕ بووم کە بە نیازە چی بکا کە ئۆتۆمبێلەکەی پێ ڕاگرت. کاوەش ئۆتۆمبێلەکەی لە پێشییەوە ڕاگرت و دابەزی.

- کاوە کاوە.

هیچ گوێی نەدا. ئارام هاتە بەر ئۆتۆمبێلەکە و منیش زوو دابەزیم. زۆرم پێ عەیب بوو. چاوەڕێی شەڕ بووم.

خۆشی هیچ. ئارام چووە لایان و وتی:

- کاکە دەکرێ بێنە ئێرە؟

کوڕە فەقیرە ڕەنگی بزرکا. هێورانە دابەزی و دوو هەنگاو هاتە لای کاوە و وتی:

- فەرموون.

کاوە بە لە سەر خۆییەوە وتی:

- ئۆتۆمبێلێکی جوانت هەیە؟ پیرۆزت بێ؟

کوڕە سەیرێکی کرد و بە ئەسپایی وتی:

- سوپاس! قابیلیشی نییە.

کاوە – براکەم ئۆتۆمبێلەکەت جوانە. تۆخوا تند لێی مەخووڕە نەکا خوا بەو ڕۆژە نەکا تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بێت.

کوڕە بە ترسەوە وتی:

- بە سەر چاو ئەفسەر. بە خوا توند لی ناخوڕم. زۆر توند بڕوا هەتا هەشتا کیلۆمەتر.

کاوە – هەشتا زۆرە. هەفتاش زۆرە. شەستیش زۆرە. پێم خۆش نییە ئەو خوشکە جوانە بە ڕووداوی هاتوچۆ شتێکی لێ بێت. دوایەش من ئەفسەر نیم.

کوڕە کە زمانی گیرا وتی:

- ببوورە کاکە ئێمە پێکەوە دەزگیرانین.

کاوە – دەی دیسان پیرۆزتان بێ! خوا بتانپارێزێت. ببوورە ئۆتۆمبێلەکەتان بە ناو خۆتانەوەیە؟

کوڕە زمانی گیرا و کەوتە پرتە پرت. ئاورێکی داوە و دەرگاکەی کردەوە و



CamScanner

شتێکی بە کچە وت، ئینجا جانتاکەی هەڵگرت و شتێکی بە کچە دا. دیسان هاتەوە لای ئێمە و مۆڵەتنامەکەی دەرهێنا و شتێکیشی لە ژێر مۆڵەتنامەکە دانا و بە کاوەی وت:

- بە ناوی باوکمەوەیە! فەرموون! ئەمەش مۆڵەتنامەی خۆمە ...

پێکەنینێکی دەستکردی هات! لە ژێر مۆڵەتنامەکە چەکێکی پارەم بینی. کاوەم بینی و سەیرێکی منی کرد و ئینجا بە کوڕەی وت:

- خۆ من داوای مۆڵەتنامەم نەکرد بە قوربان! هەر ئەم ئامۆژگارییە کە خێرا شۆفێری مەکە! هەر ئەوەندە! ئێستا سواری ئۆتۆمبێلەکەت بە ئیشاڵا بەختەوەر بی.

کوڕە سەیرێکی کرد و توند گەڕاوە سواری ئۆتۆمبێلی بوو و کلاجی گرت و وەڕێکەوت. ئێمەش سەیرمان دەکرد. دوای ئەوەی دوور کەوتەوە، لەگەڵ ئەوەی دەچوومە لای ئۆتۆمبێلەکە وتم:

- کاوە ئیتر قسە ناکەم. بۆ وا دەکەی. پێت عەیب نییە. ئیتر قسەم لەگەڵ مەکە.

هات سوار بێ وتی:

- ها ڕاستم وت؟ ها پێم وتی: لەم وڵاتەدا زۆر ڕەحەت دەتوانی پارە وەدەست بێنی.

وەڵامم نەداوە.

کاوە – برا خۆ هیچم پێ نەوت. وتم: ئۆتۆمبێلەکەت زۆر جوانە و پیرۆزباییم لێ کرد. ئێستا ئەو دەیهەوێ پارەم پێ بدات، من چی بکەم.

دیسان وەڵام نەداوە.

کاوە – ماڵتە... ئێستا بۆ تۆراوی؟ ویستم پێت بسەلمێنم کە ڕاست دەکەم.

- شاڵڵا هەر نەیسلمێنی. ئەم داماوە زۆر ترسا.

کاوە – وەی، وەی، وەی،

- دەرد و زەهریمار. من لە جێی ئەو کوڕە بام وام لێ دەدای نەزانی لە کوێوە هاتووی.

کاوە – مەترسە بە قوربان! مەترسە! وەختێ شتێکت وا گران کرد کە خۆشت

نەتوانی بیکڕی هەر وا دەبێ. تا کەی خەڵک شت لە خۆیان گەورە دەکەنەوە. خوا فریامان بکەوێت.

- کاوە بە قورئان جارێ تر وا بکەی ...

کاوە – باشە دەی. تەواویکە. ئەو داماوە خۆ نەیپرسی ئەرێ پۆلیسم، کەسێکی ئاساییم. خوشکم و برام باوکم چیم ئەو هیچ ناڵێ تۆ چت داوە.

- وەبیرم مەهێنەوە ئیتر؟ ئێستا دەچێ بۆ کوێ؟

کاوە – ئادرەسم هەیە. بەرەو زەفەر. ماڵێکە.

- لە ماڵدا بە دزییەوە ئەم جلوبەرگانە دەفرۆشن.

کاوە – نا. لە فرۆشگایەکی پڕبایەخی وڵات دەیفرۆشین.

- ئێستا من چی بکرم کە بۆ ئەو شەوە لە بەری بکەم.

کاوە – برا هەزار ڕەحمەت بۆ ئەو کچانە! دەنا تۆ ئەوەندە ڕاڕاییت لە سەر جلوبەرگ لە بەرکردن. خۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری نییە.

- جلوبەرگم خراپ بێ نایەم.

کاوە – جەرگەکەم گرنگ خۆتی تەلیسیش لەبەر کەی هەر جوانی.

- قوزەلقورت.

پاش نیو کاتژمێر گەیشتین و کاوە لە بەر دەرگای ماڵەکە ڕایگرت و دابەزین، دای لە دەرگا و ناوی ژیلای هێنا و دەرگاکە کراوە و چووینە ژوورەوە؟ ماڵێکی دوو نهۆمی کۆنە بوو. لە ماڵ تێپەڕین و لە پلیکانەکان چووینە سەرەوە و دەرگاکە کراوە، پیاوێکی نزیک چل ساڵە هاتە پێشەوە و سڵاوی کرد. ئێمەش وەڵاممان داوە و چووینە ژوورەوە!

چووینە ناو هۆڵەکە بینیمان دە دوازدە ڕیگاڵی پڕ لە جلوبەرگی سەیر و سەمەرەی تێدا بوو و دوو سێ کچی گەنجیش خەریک بوون قەدیان دەکرد.

سڵاومان کرد و هەر ئەو پیاوە بە یەکێک لە کچەکانی وت جلوبەرگەکان پیشان بدەن! سەرتان نەیەشێنم چەند دانە جلوبەرگمان بینی وتم:

- من ئەمانە لە بەر ناکەم.

کاوە – ئەی بە تەمای چی؟

- جلوبەرگی دراکۆلا کە سادەیە من لەبەری دەکەم و تۆش شتێکی دیکە لە بەر بکە.

گەراوە بەو کچەی وت:

- ببوورن خانم جلوبەرگی دراکۆلا سایزی ٤٠تان هەیە! دەمەوێ دراکۆلای ئۆرجینال بێت. دراکۆلایەکی جینگلی و بنگلی بێ نامەوێ! شتێکم دەوێ ماقوولانە بێت.

کچە پێکەنی و وتی:

- ئۆرجینالی دراکۆلا کۆڵوانەکەیەتی کە دەبێ ڕەش بێ و ناوەوەی ئاستەری سوور.

ئینجا ڕۆی و کۆڵێکی دیکەی جلوبەرگ هێنا و کاوە چاوی پێکەوت و وتی:

- قات و پانتۆڵ باش نییە! ناکرێ ئێمە هەر کۆڵوانەکەی بکڕین؟

کچە بیری کردەوە وتی:

- با پرسیارێ بکەم؟

کە ڕۆی کاوە وتی:

- خۆت قات و پانتۆڵت هەیە! لەگەڵ جلێکی ڕەش لەبەری بکە، ئەم کۆڵوانەش بکە سەری. لایەکی هەڵگێڕەوە با سوورییەکەی ئاشکرا بێت. دەستێک ددانی دەستکردیشت بۆ دەکڕم.

- ددان بۆ؟

کاوە – دراکۆلای بێددانمان هەیە؟

- خۆ من نامەوێ لەوێ قەپاڵ لە کەس بگرم؟

کاوە – ئەی بە تەمای قوربانی بلێسیتەوە؟ دەی دەبێ گازی لێ بگری. هاتوو بۆ سەلماندنی دراکۆلا بوونت داوایان کرد قەباڵێکیش بگری.

- دەبێ خوێنیان بمژم؟

کاوە – جارێ تۆ گازەکەت بگرە، خوێنەکەی لە دەمت تف بکەوە. قووتی نەدەی. لە ناو دەمتان هێنە و بەرەی پێ بکە.

- لاچۆ، بێددان.



CS CamScanner

لەم کاتەدا کچە گەڕاوە و وتی:

- باشە کێشەی نییە ددانیشتان دەوێ؟

کاوە – نا برا ئەمە هەر ئاواش وەک سەگ دەمانگری دیانی بەهێز بێ شڕ و پڕمان دەکات.

کچە پێکەنی و وتی:

- ئەی خۆتان؟

کاوە – بۆ من وەحشیم گاز بگرم! بە نەزر و سەدەقە کاروبارم دەبەمە پێشەوە.

کچە لە پێکەنینا قرتا. خۆشم پێکەنیم و کچە وتی:

- مەبەستم جلوبەرگ بۆ خۆتانە؟

کاوە – ئەها؟ بەڕێزم من جلوبەرگی کەسایەتییەکی گڵاو و پیاوکوژ و بێبەزەیی، نائینسان، بێویژدان وەکوو زۆڕۆ و سۆپەرمانم گەرەکە. هەتانە؟

کچە کە هێشتا پێدەکەنی وتی:

- خۆ ئەمانە کەسایەتی باشن؟

کاوە – ڕاست دەکەی؟ ئەی بۆ هەتا ئێستا من وامدەزانی ئەمانە کاراکتەری خراپن. دەکرێ من کڵاوێکی وەک هینەکەی زۆڕۆ بکڕم و بلووزی سۆپەرمان و شۆرتەکەی پیاوی جاڵجاڵووکەیی و گۆرەوی باتمان ببینم؟

کچە لە بەر پێکەنین ژانی کرد.

- ئەو دەم دەبنە چ کاراکتەرێک؟ خواگیان ...

کاوە – وەرە با کارێکی دیکە بکەین. ئێوە وا بزانن من بە ڕووت و قووتی هاتوومەتە خزمەتتان. ئێوە چ جلوبەرگێک بۆ من بە باش دەزانن؟

ئەم جارەیان من و کچە پێکەنین و وتم:

- کاوە دارڕزە.

کاوە – برا دەمەوێ پێشنیارێکی باشتان لێ وەربگرم. من بشمرم بە ڕووتی نایەمە ئێرە.

کچە – ئێوە هەر جلوبەرگی زۆڕۆ لە بەر بکەن زۆر چاکترە. لە

کەسایەتیشتان دەوەشێتەوە.

کاوە – تۆ خوا ڕاست دەکەی؟

کچە – ئەری! زۆرزۆر لای خەڵک خۆشەویستە و بۆ دەسەڵات خراپ.

کاوە – دەستتان خۆش بێت. ئەری زۆرزۆر باشە. خوا سەرم بخا کە شایەنی ئەم جلوبەرگە بم و هاریکاری هەمووکەس بکەم. کچی باش دەستخۆش وا منت بەرەو چارەنووسێکی باش هاندا. هەر ئەم زۆرۆیەم بۆ بێنە کە هێشتا لەبەرم نەکردووە منی گۆری و دڵم کولوکۆی هاوکاری کردنی خەڵکیەتی.

سەرتان نەیەشێنم جلوبەرگەکانمان وەرگرت و کۆڵی پارەمان دا و لەوێ هاتینە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبێل بووین و گەڕاینەوە بۆ ماڵ. دایکم وا ڕاهاتبوو کە ئێمە لە کارگە ڕا بکەین و نانی نیوەڕۆ لە دەرەوە بخۆین.

پاش ئەوەی نانی نیوەڕۆمان خوارد چووینە سەرەوە و چووینە ژوورەکەی من و کاوە جلوبەرگەکەی لە بەر کرد. دەستێک جلوبەرگی ڕەش و کڵاوێکی وەک فیلمی زۆرۆ و شمشێرێک و دەمامکێک.

منیش دەستێک قات و پانتۆڵی ڕەشم لە کومێدەکەم دەرهێنا و ئامادە دامنا. کاوە جلوبەرگەکەی منی هەڵگرت و چووە هەورەبان و بریار بوو تەلەفون بۆ ژیلا بکات. منیش چووم خەوتم.

پاش نیوەڕۆ بوو کە هەستام و چوومە خوارەوە. خاتوو کوبرا وتی: دایک و باوکم چوونەتە دەرەوە بۆ شمەک کڕین. چایەکم بۆ خۆم تێکرد و چوومە حەوشە و لە سەر کورسییەک دانیشتم. حەوشەی ماڵەکەمان گەورە و خۆش بوو. ڕاست هاوشێوەی حەوشەی ماڵی مامم. خەریک بوو سەیری درەختێکم دەکرد. چەندانە تووتی لە سەر نیشتبوون و گمەیان دەهات. دەنگی کاوەم بیست خەریک بوو فشەی لەگەڵ دادە کوبرا دەکرد.

کاوە – سڵاو دادە کوبرا. بێزاد کوا؟

خاتوو کوبرا – سڵاو کاکە کاوە. خانم و مامت ڕۆشتوون و کاکە بێزادیش لە حەوشە چا دەخواتەوە.

کاوە – واتە کەس لە ماڵەوە نییە.

کوبرا خانم – ناوەلا.

کاوە – ئەی گیانەکەم. کوبرا خاتوون وەرە گەمەی بووک و زاوایەتی بکەین.

کوبرا خانم: قوڕ بە سەرم! کاکە کاوە دیسان فشەی دەست پێکرد.

کاوە – دە خولەک. دە خولەک.

کوبەا خاتوون – کوڕە شوورەییە بە خوا.

کاوە – چی بکەم دادە کوبرا بە خۆم نییە. خەتای ئەم دڵە سەگەمە. عاشقتم.

دەنگی پێکەنینی دادە کوبرا دەهات:

خاتوو کوبرا – من لە جێی دایکتم! گەورەم کردووی سەگباب.

کاوە – دەی پێنج خولەک یاری بکەین.

دادە کوبرا – دەڕۆی یان بەم کەوگیرە بتکوتم؟

کاوە – دەی چایەکم بۆ بێنە.

لە حەوشە دەنگیم بیست.

- کاوە داد کوبرا قەڵس مەکە.

لە ڕێڕەوەکە هاتە دەرەوە و وتی:

- دەمویست بنێرمە خوازبێنیت؛ بەڵام ڕووتاڵە نایەم. کەی هەستای؟

- ئەوە قەدەرێکە.

کاوە – من هەر سەرخەوێکم شکاند و نەشکاند.

- بۆچی؟

کاوە – لە ترسی باوکم.

لەم کاتەدا دادە کوبرا بە سینییەک کە کووپە چایەکی لە سەر بوو هات و وتی:

- فەرموون ئەوەش چا.

کاوە – گەرەکم بوو بێمە خوازبێنیت. بەڵام بەو کەوگیرە هەڕەشەت لێ کردم بە خوا نایەم.

داد کوبرا کە پێدەکەنی چاکەی دانایە سەر مێزەکە و وتی: من ٧٠ ساڵ تەمەنمە. دەبا پەنجا ساڵ لەمەوبەر هاتبای کەرە.

کاوە – تۆخوا؟ ... وەڵا وامدەزانی تەمەنت لە ناو پازدە شازدە ساڵانە. بۆیە بەپەلە نەبووم بێمە خوازبێنیت.

دادە کوبرا بەدەم پێکەنینەوە وتی:

- مامت چی لێت دەکرد؟

کاوە – ئەگەر بمیدیتایە دەمیکوشت.

- ئەی چۆن نەتیبینی؟

کاوە – هەتا خەوتبووم ئەوە خەوتبووم! ئینجا فرتەم کرد بۆ گەرماو! ئەویش ڕاوەستا کە لە گەرماو بێمە دەرەوە! گەرماو تەواو بوو بە ئەسپایی جلەکانم لەبەر کرد و مەکینەی ڕیش تاشەکەم هەڵگیرساند. لەو وا بوو کە من هێشتا لە گەرماوم و خەریکە ڕیش و سمێڵم دەتاشم. پاش ئەوەی دەنگە دەنگی هەستا و هاتە سەرەوە من چوومە یەکێک لەو ژوورانە و ئەویش لە دوام دەگەڕا. هاتە ئەم دیو من چوومە بەر هەیوان. ئەو هاتە بەر هەیوان من چوومە ژوورەکە. ئینجا پێزانی دەرگای بەر هەیوانەکەی قوڵف کرد. لەم دەرگاوە هاتە ژوورەوە من لە بەر هەیوانەوە خۆم فڕێ دا خوارەوە و چوومە ژوورەکەی خۆی خۆم حەشار دا. گەمەیەکی شاسەلیمانە بوو هەر مەپرسە.

- دەی دۆزیتییەوە؟

کاوە – فکری ئەوەی نەبوو کە لە ژوورەکەی خۆیم! هەمیشە لەم کاتانەدا بچۆ کەنووی مێشەنگوێن چوون لە هەموو شوێنێ پارێزراوترە.

- بە تەما بوو چیت لێ بکا؟ هەڵبەت ناحەقیشی نییە.

کاوە – لە پێشدا برێ گوڕە گوڕی دەکرد! ئینجا جنێوبارانێکی خۆی دەکا کە منی خستۆتەوە! ئینجا جوێن بە خۆی دەدات. لەگەڵ جنێودانیدا منیش بێدەنگ نابم. بە ئەسپایی دەچمە پێشەوە. کاتی جنێودان کاتێکە کە ماندووە و لە سەر کاناپە دانیشتووە. ئیتر ئەمە بەستراوەتەوە بە زۆری و کەمی تووڕەییەکەی. ئەگەر زۆر تووڕە نەبێ سەرم دادەخەم و دەچمە پێشەوە و دەڵێم باوکە گیان عوزرماییت لێ دەخوازم. هەڵە بووم. شەیتان بە لەحنەت. ئەگەر کەمێک تووڕە بێ دەچمە پێشەوە چوار مشقی دادەنیشم و دەڵێم هەڵە بووم باوکە گیان. ئەگەر

زۆر تووڕە بێ، بە سینگە خشکێ دەچمە پێشەوە و دەڵێم  باوکە گیان گووم خوارد. نەتبیستووە دەڵێن هەرزەکار و کەر؟

قرتام لە پێکەنین.

- دەی دوایا چی دەکات؟

کاوە – خولەکێک بێدەنگ دەبێ و ئینجا دەست دەکا بە ئامۆژگاری.

- زەنگت لێدا بۆ ژیلا؟

کاوە – ئەرێ جەژنەکە سبەی شەوە.

- هێشتا دوودڵم نازانم بێم نەیەم؟

کاوە – هەر دوو دڵت بە قوڕدا چێ. کوڵێ پارەمان بۆ ئەمانە خەرج کردووە. لانیکەم واز لە یەکێک لە دڵەکانت بێنە با دڵم نەتۆقێت.

- دە بڕۆ گوو مەخۆ.

کاوە – ئەمشەو چی بکەین؟

- برا سبەی شەو ئاهەنگە. واز لە ئەشمەو بێنە. تۆ نازانی پشوو چییە؟

کاوە – تەمەنی مرۆڤ کەمتر لەو قسانەیە. ئەوڕۆ دێین و سبەی کۆی دەکەینەوە دەڕۆین. لەو دنیا لێپرسینەوەمان لێ ناکرێ کە بۆچی تەمەنمان بە هیچ تێپەڕاند؟ نەکیر و مەنکیر گاڵتەمان پێ ناکەن؟

- من ئەوشەو نایەمە هیچ کوێ. خۆت بچۆ.

کاوە – دەچم خۆ. ئەی؟

- بڕۆ من نایەم.

سەیرێکی کردم و وتی:

- تۆ ئەزانی مردوو چییە؟ جەستەیەکی بێ گیانی کە لە هەمبەر کردەوەکاندا هیچ دژکردەوەت نییە. تۆ کەسێکی کە بەری ئاسمان بۆ تۆ بە دەڵق گیراوە.

- گوو مەخۆ. دەڵێم ئەوشەو پشوو بدەین بۆ سبەی.

گوڕاندی و وتی:

کاوە – کەرە خۆ بەیانی ناچی بۆ کرێکاری و حەماڵی کە بتەوێ ئەمشەو پشوو بدەی.

- به ڕاستی بێئەدەبی؟

کاوه – ببووره. به ڕاستی داوای لێبووردنت لێ دەکەم. ویستم ... کۆنترۆڵم له دەست دا. چاو لێکه بێزاد گیان. ئەم دنیایه بەقای بۆ کەس نەبووه. بەهارێکی ژیان که بارانی لێ نەبارێ و درەختەکانی چرۆ نەکەن و گوڵەکانی نەپشکوێن دەبێ گووی تێبکەی؟ هەسته! هەسته با بچینه ژوورەکەت و کاروبارەکەت جێبەجێ بکەم و ددان دەستکردییەکەت بخەیته ناو ئاو. حەبی زەختی خوێن و چەوری و شەکرەکەت پێ بدەم و سۆندەکەت لێ بدەم و بتخەوێنم و خۆشم بچم به دوای ژیانی خۆمدا.

سەیرێکم کرد و هاواری کرد و وتی:

- ده هەسته کەرپیاو! تا کەی دەردەداری تۆ بم؟

لەم کاتەدا دەنگی موبایلەکەم هات! سەیرێکی ژمارەکەم کرد و نەمناسییەوه.

- نازانم کێیه؟

کاوه – بێگومان مەرێ زیندووی به قەسابەوه دەوێ. خۆ کەس تەلەفون بۆ تۆ ناکات. ڕەنگه قەسابێکی زیندووی دەوێ به مەرەوه.

- بڵێی کێ بێ؟

کاوه – ده لێی هەڵگره وەڵامی دەوه.

- ئەلۆ؟

- سەلام.

- سەلام فەرموون.

- نەتانناسیم. ئیلهامم.

کەمێک پەشۆکام و خێرا موبایلەکەم بەرەو لای ئەو ڕاگرت و به کاوەم وت:

- ئیلهامه.

کاوه – زوو دایخه! زوو دایخه.

- بۆچی؟

کاوه – نەکا له پشت تەلەفونەکه ئەنگوستیلەیه شتێک ...

به لاچاوێکەوه سەیرم کرد و دەستم کرد به قسەکردن.

- سلاو باشن؟

ئیلهام – مزاحیم بووم؟

- نا نا! شوێنەکەم گۆڕی، ببوورە.

ئیلهام – وتم: زەنگ لێ بدەم دیسان دەستخۆشیتان لێ بکەم و هەمیش ژمارەکەمتان هەبێت.

- مەمنوون. ئێستا ژمارەکەتانم هەیە.

ئیلهام – دەی زۆر چاکە!

بێدەنگی. خۆشم نەمدەزانی بۆ وام لێ هات! سەیرێکی کاوەم کرد کە چاوی زەق کردبووەوە و سەرمم لەقاند کە یانی چ بڵێم! خێرا وتی:

- بڵێ ڕووداوی هاتووچۆکە خۆش بوو؟

هاتم قسە بکەم ئیلهام وتی:

- ئەوە کێیە؟

- کاوەیە.

ئیلهام – سلاوی منی پێ بگەیێنە.

- سلاوتان دەگەیەنێت.

دیسان بێدەنگی کە کاوە موبایلەکەی لە دەست ساندم و نای بە گوێیەوە و وتی:

- سلاوتان لێ بێ دادە ئیلهام؟ باشن شکور؟ ئەوە چۆن بوو ئێمەتان وەبیر هاتەوە. گوێم وشک بوو ئەوەندە چاوەڕێی تەلەفۆنتان بووم.

نەمزانی ئیلهام چی وت؟

کاوە – کورە وا مەڵێ لە خزمەتدام.

دیسانیش نەمزانی ئیلهام چی وت کە کاوە وتی:

- خەتای خۆی نییە فەقیرە. خەریکی هنگکردن و لووت خاوێنکردنەوە بوو تو زەنگت لێدا. نەیتوانی خۆی ڕێک بکات! من لە لایەن ئەوەوە داوای لێبووردن دەکەم. بە ڕاستی عوزرخواییتان لێ دەخوازم. ئێستا بۆ زەنگت لێداوە و مزاحیمی ئەم کورە بووی؟ ناکرێ پاشنیوەڕۆیەک لە ئاسوودەییدا بین؟

خێرا موبایلەکەم وەرگرت و وتم:

- دادە ئیلهام؟

خەریک بوو پێدەکەنی. ڕاوەستام پێکەنینی تەواو بێت و وتم:

- بە ڕاستی ببوورن ئەمە تەواو نییە.

ئیلهام – چ خوێن شیرینە.

- بەهەر حاڵ ببوورن. قشە دەکات.

ئیلهام – ئەی خۆت؟

- من؟

ئیلهام – دیار بوو پێت خۆش نەبوو بمدوێنیت.

- نا نا! ئەوەی ڕاستی بێ پەشۆکام.

ئیلهام – بۆ؟

- نازانم.

بێدەنگ بوو و وتم:

- دادە ژیلا باشە؟

ئیلهام – باشە لە ماڵێن؟

- ئەرێ.

ئیلهام – دەکرێ پێم بڵێن ماڵتان لە کوێیە؟

- فەرمانییە! بۆچی؟

ئیلهام – وەڵا دەمانویست بچین لەگەڵ ژیلا شت بکڕین. وتم: ئەگەر کرا یەکتر ببینین! دەچینە مۆڵی گوڵستان.

- ببوورە ڕاوەستن.

گەڕامەوە بە کاوەم وت:

- بە نیازن لەگەڵ دادە ژیلا بچن بۆ مۆڵی گوڵستان. دەڵێ ئەگەر ئێمەش دەمانهەوێ ...

خێرا وتی:

- نا دەستخۆش بڵێ ئێمە کاری بازاڕمان نییە.

بێدەنگ بووم.

کاوە – دەی هیچمان ناوێ جا ئەگەر ئەوان سوورن بڵێ هەرچییان بۆ خۆیان کری بۆ ئێمەش بکرن.

تەلەفۆنەکەم نا بەو گوێی دیکەمەوە وتم:

- هەتا ئێستا دەتوت شەو بچینە دەرەوە، ئێستا بۆ خۆتت کەر کردووە؟

کاوە – لەگەڵ ئەمانە چوونە دەرەوە هەر زەرەرە. شت بکرە و نانی شێویان پێ بدە و دوایەش ماڵئاوایی. هەر ئەوە نییە؟

- ئێستا چی پێ بڵێم؟

کاوە – جەهەندەم! کاتژمێرێک دیاری بکە.

بە لاچاوەوە سەیرێکم کرد و موبایلەکەم نا بە گوێمەوە و وتم:

- ببوورن بەرنامەکەمان لێک داوە!

ئیلهام – ئەگەر کارتان هەیە کێشە نییە.

- نا! کاتژمێر چەند و کوێ؟

ئیلهام – هەشت باشە؟

- ئەرێ باشە؟

ئیلهام – دەی هەشت وەرنە بەر دەم مۆڵ. پەیوەندییتان پێوە دەگرم.

- باش.

ئیلهام – دەی کەوایە دەتانبینمەوە. جاری خواحافیز.

- خوا حافیز سوپاس بۆ تەلەفۆنکردنت.

پێکەنی و موبایلەکەی داخست. گەڕامەوە سەیرێکی کاوەم کرد؟

کاوە – چییە؟

- کاوە هیچت پێ ناڵێم.

کاوە – مەگەر خۆت نەتدەویست ئەم شەو مۆدێتیشن بکەی بۆ بەیانی؟

- دەی ئەمە زەنگی لێدا. چی بکەم؟

کاوە – خۆشت لێی هاتووە؟

- نازانم. خۆشم ماومەتەوە.

کاوە – کامیان؟

- هەر ئەو کچە ئیتر.

کاوە – باشە کامیان ئەها ئەوەی هەفتەکەی پێشوو دەڵێی؟

- کورە نا.

کاوە – ئەی چی؟

- هەر ئەوەی وا پیرەکە دەمانویست پێکەوە بیبینە ماڵەوە، ئەوەی ئەو کۆڵانە. لە بەر دەرگای ماڵیان خەریک بوو درەختەکانی ئاودێری دەکرد.

سەیرێکی کردم وتی:

- دوو ڕۆژە بیر لە قەرەواشی خەڵک دەکەیتەوە؟

- گوو مەخۆ. قەرەواشی چی؟ کچێکی زۆر ژیکەڵەیە.

کاوە – قەرەواشی ئەو ماڵەیە.

- گووت خوارد. قەرەواش پانتۆڵی جینی جوان و تیشێرت لەبەر دەکات؟ تۆ بڵێ کامە خانمی ماڵ ئیزن دەدا قەرەواشی ماڵەکەی لەم تیشێرتانە لەبەر بکات؟

کاوە – تۆخوا لەم پرسانەدا متمانم پێ بکە! ئامارەکانم لەم بارەوە زۆر ڕاستن. ڕەنگە لە شتی دیکەدا ئامارەکانم وەک ئاماری دەوڵەت بێ؛ بەڵام لەمەدا نا! ئەو کچەی تۆ باسی دەکەی لەو ماڵە کارەکەرە. خاوەنی ئەو ماڵەش کەسێکی سینگڵ و سەڵتە. پێشانگای ئۆتۆمبێلی هەیە.

- تۆ هەڵەی؟

کاوە – ئەم کۆڵانەی خوارەوە ناڵێی؟ سێ چوار ماڵ ئەو لای ماڵی کەیوان!

- ئەری؟

کاوە – هەر ئەوەی پێتم وت! جا یەک نین دووانن. یەکیان چێشت لێدەنێ و یەکیان کاروباری ناو ماڵ دەکات.

- تۆخوا بە ڕاستە؟

کاوە – داماو دوو ڕۆژە بیری لێ دەکەیتەوە؟

- هیچ لێی نایە.

کاوە – خاوەن ماڵ زۆر خوداپێداوە. ژن و منداڵی ناردووەتە ئەمریکا و

خۆشی لێرە خەریکی کارە. زۆریش خۆش زەوقە. تەمەنی شەست ساڵە قەحبە باب. لە سەر شیش و بن شیش دەخوات.

- سەیرە؟

کاوە – پارەت ببێ و جا خۆش بژیت.

- تۆخوا بە تەمای چین. هەستین لەم وڵاتە بڕۆین.

کاوە – ئێستا خۆشت لە کچێ هاتووە و خاوەنداریشە بە تەمای بڕۆی. برا تۆ باشی؟ پارووە نانێکە با یەکێکی تر بیخوات. بە خوا بەخیلی و دەستڕژدی.

- باشە پیاوێکی شەست ساڵە لەگەڵ کچێ بیست و چەند ساڵە؟

کاوە – دوو دانە کچی بیست ساڵە. هێشتا ئێمە هەر ئەوانە دەزانین. ئەوانی تر خوا ئەیزانێ؟ خوداپێداوان ئەم دنیاشیان بەهەشتە. وەکوو خۆمان.

- وەک ئێمە؟

کاوە - گەوجە گەوجە. هەستە بچۆ گەرماو درەنگە.

هەستاین کارەکانمان جێبەجێ بکەین.

نزیکەی نیو کاتژمێری پێ چوو تا ئامادە بووین و نزیکەی هەشت گەیشتینە مۆڵی گولستان و کاوە هەر لە دەرەوە ئۆتۆمبێلەکەی پارک کرد، دەرگای قوڵف دەکرد کە دەنگی ژیلامان لە پشت سەرمان بیست؟

ژیلا - سڵاو. باش هاتن.

کاوە – مرۆڤی کاتناس دەبێ خەڵات بکرێت.

ژیلا بە نازەوە وتی:- باشە دەی خەڵاتی چت دەوێ؟

کاوە - لە ڕووم هەڵنایە بیڵێم.

ژیلا – بە خوا کەری.

کاوە – دەی چی بکەم. حەزم لێیە. بەڵام پێم عەیبە بیڵێم.

ژیلا پێکەنی و وتی: - جارێ تۆ بیڵێ هاتوو ڕۆژێ بۆتم کرێ؟

کاوە – هەواڵەی چاڵە بەفرم ناوێ. هەر ئێستا گەرەکمە.

ژیلا پێکەنی و وتی: - چەند ڕووداری. باشە چاوت دەری بیڵێ.

من بێدەنگ بووم و کاوە وتی: - گەنمە شامی مەکسیکیم بۆ بکرە هەر لێرە

بیخۆم.

ژیلا تێراما و ڕووم وەرگێڕا و ژیلا وتی:

- کەسێکی گۆپاڵی وەک تۆ ئەو چاوەڕوانییانەی لی دەکرێ؟

من گەڕامەوە وتم: - سڵاو خاتوو ژیلا؟

ژیلا – ببوورن، سەلام. خۆ ئەمە بیر و هۆش لای کەس ناهێڵێ. وەرە با بچین گەنمە شامی مەکسیکی بخۆین بەڵام نازانی چیت لە دەست داوە.

کاوە پێکەنی و وتی: - هەموو شتێک لە جێی خۆیدا خۆشە.

- دادە ئیلهام لە کوێیە.

ژیلا – وەڵا کێشەیەکی بۆ پێش هات و عوزرخایی خواست و پێم وایە نێو کاژمێری دیکە دێت.

کاوە – دەی با بچینە ژوورەوە شت بکڕین هەتا ئیلهام دێت.

هەر سێکمان چووینە مۆڵ و هێورانە بە بەردەم فرۆشکاگاندا تێدەپەڕین و ژیلا وتی:

- بچینە نهۆمی سەرەوە سەیر بکەین.

لە پلیکانەکا چووینە سەرەوە و چەند دانە فرۆشگامان تێپەڕاند و ژیلا وتی:

- ئەوەی ڕاستی بێ من لەم دووکانەی خوارەوە چەند دانە شتم دەوێ!

کاوە – یانی دیسان بچینەوە خوارێ؟

ژیلا – نا! خولەکێکە. ئێوە هەر لە سەرەوە بن هەتا من دێمەوە. فرۆشگای تایبەتی خانمانە. ڕێگە بە پیاوان نادەن.

کاوە – دەی باشە ئێمە لێرە ڕادەوەستین. زوو وەرەوە.

ژیلا – پێنج خولەکم پێ دەچێ دێمەوە.

ئەمەی وت و لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە. من و کاوە ڕۆشتین و سەیری ویترینەکانمان° دەکرد. لە پڕ کاوە دەستی خستە گیرفانی و خێرا وتی: - بێزاد وەرە.

° ویترین: مەعرەزی جامخانەی دوکانەکان

لەگەڵ ئەوەی هیچ سەرسام نەبووم کەوتمە دوای، کاتێ لە پلیکانەکان دەچووینە خوارەوە وتم: - کاوە چی بووە؟

کاوە – سوویچی ئۆتۆمبێل نییە.

- دەی ڕەنگە ...

کاوە – وەرە.

لە پاساژ هاتینە دەرەوە و چووینە ئەو شوێنەی کە ئۆتۆمبێلەکەمان لەوێ ڕاگرتبوو! ئۆتۆمبێلەکە نەبوو.

خێرا ئەم سەر و ئەو سەری شەقممان چاو لێ کرد و وتم:

- تاکسییەک بگرین و بچینە ئەو سەری مەیدان ڕەنگە ...

کاوە – بە کار نایە وەرە با بڕۆین.

بێتاقەت بووم. نەمدەزانی چی بڵێم و کاوە وتی: - یانی ژیلا ...؟

کاوە – ئەرێ باوک سەگ. جا بە منیش دەڵێ سەگبابێتی لە چاوت دەبارێ. سویچەکەمی دزی.

- ئێستا چی بکەین؟

کاوە – ئاسایش لێرەیە. با ئاگاداریان بکەینەوە، ئەم کتوپڕ کوشتووە یەکێکی وەبەر دا یەخەمان دەگرن. ئینجا بیرێک دەکەینەوە.

هەر دووکمان چووینە ئاسایش و ڕاپۆرتمان دا! شکور کارتی ئۆتۆمبێلەکە لە ناو جزدانەکەی کاوە بوو.

کاتژمێرێکی پێچوو، دواتر هاتینە دەرەوە! کاوە هیچی لە بارەی ژیلا نەوت. تەنیا ڕاپۆرتی دزییەکەی دا.

هەر لەوێ تاکسییەکمان گرت و کاوە وتی: - زەفەر.

- زەفەر بۆ؟

کاوە – دانیشە پێت دەڵێم.

سوار بووین و وتی: - خۆ ئەدرەسی ئەوێمان نییە.

- کوێ؟

کاوە - ئەو شوێنەی کە هالۆڤین دەگرن. بچینە ئەوێ وا جلەکانمان لەوێ

کری.

هیچم نەوت. بەڵام زۆر تووڕە بووم. خێرا موبایلەکەم دەرهێنا و ژمارەی ئیلهامم گرت. بەڵام وەڵامی نەداوە. دوو سێ جار تەلەفۆنم کرد هیچ هەڵینەگرت. نامەیەکم بۆی نارد و کاوە وتی: - وەڵامی نەداوە؟

- نا!

کاوە – خۆت بێتاقەت مەکە.

- ئێستا چی بە مامم بڵێین.

کاوە – جێبەجێ دەبێ خەم مەخۆ.

- ئەگەر هالۆڤین و ئەمانە درۆ بێ چی بکەین.

کاوە – دەیدۆزینەوە. نیگەران مەبە. خوا بەوە ڕەحمی کرد خۆمان لە ناو ئۆتۆمبێلەکە نەبووین دەنا چی ڕووی نەدەدا؟

- کاوە تۆخوا تەواوی کە.

کاوە – لەم کاتانەدا خۆت مەدۆڕێنە. لە سەر خۆ بە بۆ ئەوەی بتوانی باش بیر بکەیتەوە.

نزیکەی نیو کاتژمێر گەیشتینە زەفەر و کاوە ئەدرەسی هەر ئەو شوێنەی دا و چووین لەوێ پارکمان کرد و دابەزین و بە ئۆتۆمکبێلەکەمان وت هەر لەوێ بمێنێتەوە.

کاوە لە دەرگای دا و بە منی وت لەگەڵی نەیەمە ژوورەوە.

منیش هەر لەوێ ڕاوەستام. پاش کەمێک لیدان، ئایفۆنیماڵەکە وەڵامی داوە، کاوە خۆی ناساند و دەرگاکە کراوە و چووە ژوورەوە.

چارەکێکی پێ نەچوو گەڕاوە و وتی: - سوار بە با بڕۆین.

- بۆ کوێ؟

کاوە – ماڵەوە.

ئەی ئۆتۆمبێلەکە. ئەدرەست وەرگرت؟ ئەوێ بوو؟

کاوە – ئەرێ وەرمگرت.

- لە کوێیە؟

ئەستێرەکان

کاوە – شوێنێکە لە کەرەج لە ناو باغێکە.

هەر دووکمان سوار بووین و ڕۆشتینەوە بۆ ماڵەوە. من ئەوەندە توورە بووم هەر مەپرسە. نەک لەبەر ئۆتۆمبێلەکە! لە بەر ئەو جووتە کە دوای ئەوەی چەندە لەگەڵیان باش بووین ئاوایان لەگەڵ کردین.

لە ماڵەوە کەمێ لە خوارەوە لەگەڵ باوکم و ئەوان دانیشتین چایەکمان خواردەوە و چووینە سەرەوە و ژوورەکەی من و کاوە نامەیەکی بۆ ژیلا نارد کە پاش کەمێک تەلەفۆنەکەی زرەی هات.

کاوە – سڵاو دزە خانم.

نەمزانی ئەو چی وت و هەر گوێم بۆ قسەکانی کاوە ڕادەگرت.

- لە پێشدا پەشۆکام و دواتر پێکەنینم هات.

- نا پاڕانەوە لە کارا نییە. هەر ویستم بڵێم ڕاپۆرتی دزییەکەم دا. بەڵام ناوم نەهێنای. ئەلان ژمارە پلاک لای هەموو پۆلیسەکان هەیە. ئاگات لێ بێت.

- جاری تۆ براوەی نۆرەی منیش دێت.

کاوە پێدەکەنی و قسەی دەکرد. ئەرێ بە ڕاست ئەو پژۆ ٢٠٦ لە لای فیتەرە ئەوەشت هەر دزێتییە.

دیسان پێکەنی و وتی: - فکرم بۆ چوو. بەڵام با ئەوەشت پێ بڵێم: دوو دانە پۆلیس بێنم، لەم لام و ئەو لای خۆمی دانێم و دێم تۆ دەدۆزمەوە. نەک لە بەر ئەوەی ئۆتۆمبێلکەت دزیوە. لە بەر ئەوەی زۆر شتی بە نرخت لێ دزیم.

- باشە. باش. بەڵام زۆر لەمانە سەرتر بوو. من لە جیاتی تۆ بام عوزرخواییم دەخواستەوە و ئۆتۆمبێلەکەم هەڵدەگرت و دەهاتمە ئێرە. ڕەنگە ئەو کات بتمبەخشیایە.

پێم وا جنێوی دەدا کە کاوە پێکەنی و وتی:

- باشە لە بیرم دەمێنێ سڵاوی ئیلهام بگەیێنە. نەیویست لەم کاروبارەدا بێ؟ نا؟

کەمێکی دیکە گوێی دا و تەلەفۆنەکەی داخست و زوو تەلەفۆنی بۆ ئەو خزمەمان کرد کە فیتەری هەبوو و پێی وت ئۆتۆمبێلەکە لە دووکانی فیتەرەکەی

شەشەمەکوژەکان

بباته دەرەوە و لە سەر شەقامی دایبنێ ئینجا تەلەفۆنی داخست و وتم:

- چی وت؟

کاوە – گەوجی گەوجی. گاڵتەی پێمان دەکرد. دوو سێ جنێویشی پێداین.

- جنێو بۆ؟

کاوە – بۆ ئەوەی خواپێداوین.

- ئەوەی تریش دزێتی بوو ئەرێ؟

کاوە – ئەرێ.

- ئەوەندە تووڕەم.

کاوە – وازی لێ بێنە کاتژمێر چەندە؟

- دە و نیو. بۆ؟

ئەم دوو کاتژمێرەی کۆتایی شەوە چی بکەین؟ بەرنامەت نییە.

سەیرم کرد و هیچم نەوت و موبایلەکەم دەرهێنا و زەنگێکم بۆ ئیلهام لێدا دیسان وەڵامی نەداوە بە کاوەم وت: - ئەگەر هەر ئەمشەو ئۆتۆمبێلەکە بفرۆشی چی؟

کاوە – ئاخە کێ ئەو ئۆتۆمبێلە دەکڕێ؟ ئۆتۆمبێلێکی گران. هەموو باش دەزانن دزێتییە.

- ئەی بە تەمای چییە؟

کاوە – شەق و شیڕی دەکەن. بەڵام ئەمشە و سبەی شەو نا.

- بۆچی؟

کاوە – لەبەر ئەوەی سبەی بەو ئۆتۆمبێلەوە دێتە هالۆڤین. بە تەمایە سبەی شەو خۆی پێوە بنوێنێت. دڵی نایە سبەی شەو لە کیس بدات.

- ئەگەر هەر بەیانی فرۆشتی چی بکەین؟

کاوە – ئەوەندە ژیر نییە. خاترجەم بە. هەستە ئەو سەتەلایتە هەڵگیرسێنە. گەوج بووین.

- تۆ بە ڕاستی دڵت بڕوای کاری تر دەدات؟

کاوە – دە ئی چی بکەم هەتا نیوە شەو؟

- خۆی شەوە. من دەچم دەخەوم. تۆش بچۆ ماڵی خۆتان بخەوە. لانیکەم بەیانی سەردانی ئاسایش دەکەین بزانین چ قوڕێ دەتوانین بیکەین بە سەرمانا.

پێکەنی و وتی: - ئەوەندە بێتاقەت مەبە. سبەی شەو ئۆتۆمبێلەکە لای خۆمانە.

سەیرێکی کردم و لە جێگاکەی هەستا و وتی: - ڕاستە ڕووداوێکی ناخۆشە. بەڵام خۆشحاڵم کە لەم نەهامەتییەدا تەنها نیم و کوڕە مامێکی گووم ببووره گوڵم هەیە.

- دە لاچۆ کاوە.

کاوە – شەوخۆش ئامۆزای ئازیزم. خەونی خۆش خۆش ببینی.

- سەرچاوم. بێ ئەدەب.

لە هەورەبانەوە چووە ماڵی خۆیان. منیش کارەکانم کرد و چوومە ناو پێخەفەکەم. بەڵام هەر بیرم لای ئۆتۆبێلەکە بوو. بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر بەیانی هاتنە ئەوێ چییان لێ بکەم.

***

بۆ بەیان لە خەو هەستام و دەنگی کاوەم لە پلیکانەکاندا بیست. زۆر جار بەیانیان لەگەڵ ئێمە نان دەخوات.

کاوە – بەیانیتان باش.

- سڵاو.

کاوە – بچینە خوارەوە لە برسان قرڕڕم هات.

- با بچین من ئامادەم.

هەر دووکمان چووینە خوارەوە و سڵاومان لە دادە کوبرا کرد. خۆمان چامان تێکرد و چووینە حەوشە کە ئەوانی تریش لەوێ بوون و خەریکی خواردنی نانی بەیانی بوون. لەگەڵ ئەوەی سڵاومان کرد مامم بە کاوەی وت: - سەیرە کاتی خۆی هەستاوی.

کاوە – باوکە گیان ئەوەندە سەر مەخە سەرم. لە ماڵ ڕا دەکەم.

هەموو پێکەنین. مامم وتی:

- تۆ پشیلەی ئیمام عەلیت بچییە هەر کوێ دێیتەوە. کوێت هەیە بچیت؟

کاوه – ئەگەر زۆرم زەخت لێبکەی دەستی ئەم بێزادە دەگرم و ڕا دەکەین دەچین بۆ ئەمریکا خۆمان دەشارینەوە ئێوەش هەر بە شوێنماندا بگەڕێن جا خۆ ناشماندۆزنەوە.

مامم – کابرا لە ماڵ ڕا بکا دەچێتە ئەمریکا؟

کاوه – ئەی کوێ؟ بچینە بیابان. دەی کابرا لە ماڵ ڕا بکا دەچێتە شوێنێکی خۆش و دڵڕفێن.

مامم – بە کامە پارە؟

کاوه – دەی تۆ پارەکەی دەدی. خۆ ناکرێ هەم ڕا بکەم و هەمیش خەرجەکەی بدەم. بۆ چەند دەستم هەیە.

مامم – هەتیو نازانی دوێنێ چ مەغلووبەیەکت ساز کرد ئێستایش وەک کوڕی چاک دۆیە کارگە و دەچێتە سەر ئیشەکەت. حاڵی بووی.

خۆ ئێمە لە پێکەنین قرتاین. هەر کات ئەم دووانە دەمەدەمێیان دەکرد ئێمە پێدەکەنین. مامم بە ئەنقەست شتێکی بە کاوە دەوت، کە کاوە وەڵامی بداتەوە و مامم بە کەیفی بێت. کاوەی خۆش دەویست. سەرەڕای وەک مامم خۆی دەڵێ ڕێوێبوونەکەی.

لەم کاتەدا کوبرا خانم هێلکە و ڕۆنی بۆ هێنایین و کاوە وتی:

– باوکە گیان بە تەمام واز لەم ڕێوی بوونەم بێنم ژن بێنم و ژیانی خۆم بکەم. ئێوە ڕاتان چییە؟

مامم – من بێجا دەکەم کچی خەڵک بۆ تۆ داماو بکەم. تۆ بەڵای گیانی.

دایکم خێرا وتی: – کاکە چۆن دڵت دێ ئەم قسانە بەم کوڕە باشە دەکەیت.

مامم – براژن تۆ نازانی دوێنێ لە کارگە چ مەغلووبەیەکی ساز کرد.

دایکم پێکەنی و وتی: – دەی هەرزە کار و کەرییان وتووە.

مامم – بێزاد گیان ناڵێم. ئەم دوابراوەی خۆم دەڵێم. بێزاد پیاوە. ئەمە مەلەی ژێر کایە.

باوکم زوو وتی: – دەی کاکە لێی خۆش بە ئیتر.

مامم – لا اله الا الله.

پێکەنینی دەهات. بەتایبەت لەبەر ئەو کارەی دوێنێ. کاوە فەری لە سەر هیچ نەبوو. پارووپەکی زلی خستە ناو دەمی و زۆر لە سەر خۆیانە هەر کەس قسەی بکردایە سەیری دەکرد و وەک هێمای داکۆکی سەری بۆ دەلەقاند. هەر دەتکوت باسی ئەویش ناکەن.

پاروەکەی قووت دا و هێمنانە وتی: - بە رای من ئەم کەسانە تا زووە ژن بێنن با ببنە بەشەر.

هەموو پێکەنین. مامم بە پێکەنینەوە وتی: - بخۆ زوو کە درەنگە.

نانی بەیانیمان خوارد و من ئۆتۆمبێلەکەم لە ناو پارکینگ دەرهێنا و بە جووتە سوار بووین و ڕۆشتین و کاوە وتی: - دەزانی دوێشەو چ بوو؟

- دوێشەو تا درەنگانێ لەگەڵ یەکتر بووین.

کاوە – خۆ ئەوە درەنگانی شەو نییە.

- ئەی چییە؟

کاوە – درەنگانی شەو ئەوەیە کە کۆتاییەکی خۆشی هەبێت. تاقەتی نووستنم نەبوو. جلەکەی زۆرڕۆم هێنا کە جارێک لە بەری بکەم بۆ ئەوەی بزانی کێشەی نییە. بلێ دەی.

- دەی.

کاوە – بنێشتێکم دەیە با ئەوی تریشت بۆ بگێڕمەوە.

لە ناو داشبۆردەکە بنێشتێکم دەرهێنا و یەکیان دا بە من یەکیشیانی خۆی هەڵیگرت. من وتم:

- نامەوێ.

کاوە – بینە دەمت با پێت بڵێم.

بە زۆری دانەیەکم نایە دەمم و وتی:

- ئەرێ. جلەکەم لە بەر کرد و چوومە بەر ئاوێنە و چاوێکم لە خۆم کرد. چیت لێ بشارمەوە زۆر خۆشم لە خۆم هات. کابرا هەندێ جار شتی وای بۆ دەردەکەوێت.

سەیرێکم کرد وتی: - بنێشتەکەت بجاوە حەیفە. پارەمان پێداوە.

- دەیڵێی یان نا.

کاوە – کارت بەوە نەبێ. پیس دڵم لە خۆم چوو. گوێ لەمە بگرە. بڵێ دەی.

- دەی.

کاوە – هیچ وازی لێ بێنە. بیشیڵێم تۆ باوەڕ ناکەی.

- دەی بیڵێ ڕەنگە باوەڕت پێ بکەم.

کاوە – باشە جگەرەکەم بدەیە با پێت بڵێم.

- خۆت کەر دەکەی.

کاوە – جگەرەیەکم دەیە. خۆ داوای ماچت لێ ناکەم هەر بۆلەتە.

- لە ناو داشبۆردە، هەڵیگرە.

لە ناو داشبۆردە بۆکسێک جگەرەی دەرهێنا و دووانی داگیرساند و هات یەکیان بدا بە من وتم:

- نامەوێ.

کاوە – بیکێشە با پێت بێژم.

- شاڵا هەر نەیڵێی.

کاوە – نەیڵێم لە دەستی دەدەی.

سەیرێکم کرد و وەرمگرت و وتم: - ئێستا بیڵێ.

کاوە – دەزانم باوەڕم پێ ناکەی. بەڵام ئا بەم کاتە پیرۆزە ئەو جلەم لەبەر کرد هەستێکی خۆش هاتە ناخمەوە.

دیسان سەیرم کردەوە. جیدی بوو. هەر بۆیە پرسیم: - دە وایە ئێتر.

سەیرێکی کردم و وتی: - شا بێزاد ئەگەر ئەوی تری نەڵێم بێتاقەت دەبی؟

- بۆ نایڵێی؟

کاوە – دەترسم بە چاوم کەی.

- گوو مەخۆ.

پێکەنینم دەهات.

- بیڵێ دەی.

کاوە – جگەرەکەت بکێشە با پێت بێژم.

سووتكه جگرەكەم لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەكەم فڕێ دا وتم: - تەواو بوو. بیڵێ!

كاوه – دەی بنێشتەكەت بجاوە با پێت بڵێم.

- برا نامەوێ.

كاوه – باش باش. برای گەورەم تۆ بی ئەم جلەم لەبەر كرد شتێك لەگەڵی هاتە ناخمەوە.

خێرا بە پێكەنینەوە وتم: - ڕەنگە شمشێر بوو ئەرێ ...

كاوه – ئەوە هاتم بیكەم بە زك دراكوولایەكی وەك تۆ، كە ئیتر نەپەڕیتە ناو فەرمایشتەكانم. نایڵێم.

- ببوورە بیڵێ.

كاوه – بنێشتەكەت بجوو با پێت بڵێم! تۆ خوا حەیفە.

- بیڵێ دەی.

كاوه – هیچ ئیتر. هەر كە جلەكانم لە بەر كرد لە ناكاو لە ناو دنیای خەیاڵاتدا پیاوێكی ڕیش و سمێڵ پان و درێژم لە بەر دەمم بینی.

- گوو مەخۆ ساختەچی.

كاوه – هەر وتم: باوەڕم پێ ناكەی. كاتێ نزیكترین كەست باوەڕت پێ نەكا هیچ ئیتر دوژمنت بۆ چییە.

- باشە دەی باوەڕم كرد بیڵێ.

كاوه – باوەڕت كرد بە ڕاستی؟

- ئەرێ برا.

كاوه – پێم خۆش بوو بیای و بتبینیبایە كە ئەم شك و گومانەت برەویایەتەوە. پیاوێكی هی ٥٠٠ساڵ لەمەوبەر، بە ڕیشێكی درێژەوە هاتە بەر دەمم. لە پێشدا وامزانی خەیاڵاتی بووم و زوو زوو چاوم دەترووكاند. بەڵام بینیم نە ئەوەی لە بەر دەمم وەستاوە تەندروست و ڕاستە.

باوەڕ كە هەر ئێستا كە بۆتان دەگێڕمەوە مووچرك بە گیانمدا دێت.

- بە ڕاستە.

کاوه – جا، کابرا که جارێ دوو جار فشەی کرد ئیتر تازە کەس باوەڕی پێ ناکات. سوێند بە چی بخۆم باوەڕ بکەیت.

– بۆ شتی وا دەبێ؟

کاوه – ناڕەحەتم مەکە! بۆ من وا بوو! خەونی ڕاستەقینە هەر ئەمەیە.

– دەی بڵێ.

کاوه – من بێدەنگ بووم. ڕاستییەکەی لە پێشدا ترسام و هاتم دانەیەک بدەم بە سەریدا. بەڵام دیتم دەستەمۆ و ژیرە. سەیرێکی کردم. پڕ هەیمەنە بوو. بەو جلوبەرگ و سمێڵ، کەشکۆڵێک لە کۆڵ و تەورێکی زێڕین بە دەستەوە.

هات بڕوا، بانگم کرد. بەڵام هیچ وەڵامی نەداوە و هاوارم کردم. هۆ مامە بۆ کوێ؟

باوەڕکە بە سامەوە چاوێکی لێکردم، چاوی بریسکەی دەداوە و بە دەنگێکی بۆڕەوە وتی: خزمەتی خەڵک.

چم لێهات؟ پەشۆکام. وتم: تۆ کێی؟ ستالینی؟ هەر بەو دەنگە وتی: ئەو گوو درا بە گۆڕیدا. وتم: دەروێشەکانی گوناوەی. سەیرێکی ئەو لا و ئەو لای کرد و ئینجا گازی لە لێوی گرت یانی شەشش. وتم: حەکیم فێردەوسیت کە هاتووی ئامۆژگاریمان بکەی، کە شانازی بە ئێرانی بوونمانەوە بکەین؟ کوڕە کوڕ پێدەکەنی. وتم: ئادۆڵف هیتلەری کە ئەو هەموو جووە داماوەی سووتاند. وتی: پاتاڵ سمێڵی هیتلەر ئاوایە؟ وتم: دەنا هیچ بیرێک بە مێشکم نایا دە تۆ کێی؟ وتی: هەتیو شاعەباسم. ئێستاش هاتووم دەستگرۆیی خەڵک بکەم. وتم: بۆ پارەیان پێداوی و بوویەتە بەرپرسی ئاسایش؟ وتی: نازانم! دەچم دەستگرۆیی خەڵک بکەم.

ئینجا سەیرێکی کردم پەرەی دڵم درا. وتی: تۆ بڕۆ داڕزە بۆ ئەو جلوبەرگەی کە لەبەرت کردووە و هەر لەبەر ئاوێنە خۆت دەنوێنێیت. ئەمەی وت و ون بوو. ئەوە منیش وەک داری بێ دەلەرزیم. عارەقەی ساردم دەردەدا و ئەژنۆم شل بوو. لە سەر مۆبلەکە دانیشتم. پاش کەمێک، کەم کەم هاتمە سەر خۆ و شەیتانم بە لەعنەت کرد. وتم: خوا ئەمە چی بوو؟ خەون بوو خەیاڵ بوو وەهم بوو؟ دڵم

توقی. خەیالاوی بووم.

هەستام و ئەم و لا ئەو لام سەیر کرد. هیچ نەبوو. وتم: وازی لی بێنە. شاعەباس لە کوێ و من لە کوێ؟ کە لە ناکاو لە بەر ئاوێنە تالە سمێلێکم بینی. تاڵە سمێڵی شاعەباس. ڕەنگم هەڵبزرکا. دڵەکوتەیەکم بوو. کەمێک ئاوم خواردەوە و بە خۆمم وت: کورە وشیار بە. دەبێ دابنیشی و بیر بکەیتەوە ئەم چیرۆکە چۆن چۆنی بێت. جەرەیان چییە؟

هەر وا پێدەکەنیم وتم: - دوو کاتژمێرە لە جیاتی ئەوەی بیر لە ئۆتۆمبێل بکەیتەوە، باسی گەوجی گەوجیم بۆ دەکەیت؟

کاوە – مەگەر نەتدەویست بزانی دوێشەو درەنگانی شەو چ ڕووی دا.

سەیرم کرد دیتم بە جیدی قسە دەکات.

- دەی چ بوو؟

کاوە – بنێشتەکەت بجاوە با پێت بڵێم.

- دەی.

کاوە – سەرت نەیەشێنم. هەر ئاوا بیرم دەکردەوە کە لە ناکاو لە بەر چاوم لاچوو. لە ناکاو لەم خەونە تێگەیشتم. تەواوی قسەکانی شاعەباس هاتە زەینمەوە. خزمەتی خەڵک. دەستگرۆیی.

چوومە بەر ئاوێنە بینیم بەڵێ. جلەکە ئیشی خۆی کرد. ئیتر من کاوەی جاران نیم. بوومەتە زۆرۆ.

شمشێرەکەم خستە کالان و دەمامکم لێدا، کە لە کاتی یارمەتیدانی خەڵک کەس نەمناسێ و ئەگەر دووسبەی لە جادە یەکێ بینیمی نەزانێ من کێم و تەریق نەبێتەوە. کڵاوەکەم کردە سەرم و خۆشتیپتر بم و چوومە هەورەبان. لێرەوە بە ڕاستی بە سەرهاتەکە ڕاستە؟

سەیرێکم کرد و ئۆتۆمبێکەم لە شوێنێک پارک کرد و وتم:- تۆخوا بە ڕاستە؟

کاوە پێدەکەنی. وتی: - ئەرێ بە گیان تۆ. ئەمانەی ئیتر ڕاستە.

- دەی.

کاوە – دە هیچ ئیتر. چوومە هەورەبان و سەیری ئەم لا و ئەو لام کرد لە ناو

له هەیوانی هاوماڵ، دەنگی ناڵەیەکی کزم بیست! گوێم هەڵخست و هەناسەم قەتیس کرد. نووزەیەک بوو کە لە دڵەوە دەینالاند. ئیتر هۆشم بە خۆمەوە نەما. سمێڵی شاعەباس هاتە بەر چاوم پەڕیمە هەورەبانەکەی هاوماڵمان و لە لێواری هەورەبانەوە سەیری بەر هەیوانم کرد.

- دەی؟

کاوە – ئەوی تری ناتوانم بڵێم! یانی لە گەورەکەمەوە ئیزنم پێ نەدراوە باسی بکەم. چوون کابرا کە چاکەیەکی کرد نابێ باسی بکات.

- بمری کاوە دە بیڵێ.

کاوە – زۆرم لێ مەکە ئیزنم نییە.

- تۆخوا بە ڕاستە.

کاوە – ئەرێ بە گیانی تۆ. ئەم جلەی زۆڕۆ چییە. چ کاریگەرییەکی قووڵ لە سەر خەڵک هەیە. کابرا چاوی پێ دەکەوێ بەتایبەت نیوە شەوانە هیچ ئیرادەیەکی نامێنێت. هەر هاریکاری دەوێت. بەتایبەت بەو کڵاو و دەمامک و شمشێر لە کالان نراوە. کۆڵوانەکە کە ئەوە هیچ. کاتێ لەم بەرهەیوانەوە دەپەڕییە ئەو بەر هەیوانەی دیکە و با هەڵیدەداتەوە و لە تاریکی شەودا وەک ئاڵا دەشەکێتەوە ئای هەر باسی مەکە. جۆرێک کار دەکاتە سەرت، کە ئیتر پێویست بە شمشێر ناکات.

سەیرێکم کرد و وتم:

- یا خوا کاوە عەمرت نەمێنێت. بە ڕاسی بێ چا و ڕووی.

کاوە – بۆ؟

- هەر ئەوە.

کاوە – ئەرێ چاوەڕوانی چیت لە منە شاعەباس فەرمانی بە من دا کە جلی زۆڕۆم لەبەردایە دەستگرۆیی خەڵک بکەم، دەبێ چی لێ بکەم؟ بێمە شوێن تۆ جلوبەرگی دراکۆلاییت بۆ بکرم، کە بچی خوێنی خەڵک بمژی. چووم بۆ هاریکاری. تۆم بباردایە بایەخی کارەکەم دەچووە ژێر پرسیارەوە. ئەو کات هەمووان دەیانوت: فەرموو ئەمەش لە زۆڕۆ. لەگەڵ دراکۆلا برابەشن. کوڕە

دەستیان تێکەڵە. بنێشتەکەت بجاوە حەیفە.

- دەرد و قوزەلقورت.

کاوە - برا یەکێ بوو یارمەتی دەویست. خۆ ناکرێ بە جووتە بچین.

هیچ وەڵامم نەداوە وتی:

- لیستێکی داواکاریشم وەرگرت بۆ سبەی شەو و دوو سبەی شەو.

بە لاچاوێکەوە سەیرم کرد و وتم: - ئنشائەڵلا کارت بە منیش نییە؟.

کاوە - با کەرە؟ بۆ تۆم لە بیر دەچێ گزگلەکەم؟ دوێشەو قسەم بۆ ستەملێکراوان و بێبەشان دەکرد. سەبارەت بە دراکولا و ئەوەی کە چەندە گەورەیان کردۆتەوە و دۆسییەیان بۆ ناوەتەوە. مێژووم بۆت گۆڕی. پێیانم وت: دراکولا وازی لە هەموو ئەمانە هێناوە و ئێستا خاوێن بووەتەوە و ژار لە لەشی دەرچووە. بردمانە نەخۆشخانە ماوەیەک خەواندمان و ئێستا تریاک ناکێشێت. ئەویش تۆبەی کردووە و ئێستا جەرگی جەرگ دەخوات بۆ خەڵک و ئەوە بۆ ساڵێک دەچێ بیری لای کاری خێرخوازییە. باوەڕیان پێم کرد. بڕیارە شەوێ پشکنینی خوێنی تۆیان بۆ بەرم، کە ئەگەر دەستگرۆیی و خزمەت بە خەڵک جێبەجێ بوو لە سبەی شەوییەوە بە فەرمی دادەمەزرێنم و دوو قۆڵی بە جیدییەتەوە ئیش دەکەین.

لەم کاتەدا موبایلەکەی زرەی هات و سەیرێکی کرد و وتی:

- تەماشا دەنگی ناسک هەر ئاوایە. کابرا بەو دەنگەی لە خۆ دەبوورێتەوە. خوا باڵت بگرێ خزمەت بە خەڵک بکەی با بزانی خزمەتکردن چ خۆشییەکی تێدایە و ئیتر وازی لێ نەهێنیت.

ئینجا موبایلەکەی وەڵام داوە ژیلا بوو:

- بەهـ بەهـ سڵاو دادە ژیلا. خۆتان چۆنن؟ بەو ئۆتۆمبێلە خۆشی ڕادەبوێری؟

نەمدەزانی ئەو چی دەڵێ کاوە وتی: - دوگمەیەکی لە پێشەوە هەیە سوورە.

- ئەرێ ئەو سوورە لێ دەی هەڵ دەبێ.

- کوڕە لە خزمەتام بۆ وا دەڵێ؟

بە ئاماژە تێمگەیاند کە ڕووی پێ نەدا.

شەشەمەکوژەکان

کاوە – وا دەزانی بە فشەمە. ئەوە لە بەر دەرگای ئاسایشم خەریکە ئەرکی پێ دەسپێرن.

- پێبکەنە. پێبکەنەوە. نۆرەی پێکەنینی منیش دێت.

- نا. دەرگای باک کلیلی ناوێ. دەرگای پێشەوە کە دەکەیتەوە تەنیا بۆری سەری سۆندەکە بکەیەوە تەواوە. بەنزینی سووپەری تێکە.

دیسان ئاماژەم پێ کرد.

- خاترجەم بە دوو سێ ڕۆژی دیکە دەتدۆزمەوە.

کەمێک بێدەنگ بوو و دوایا موبایلەکەی داخست.

- چی دەویست؟

کاوە – نەیدەزانی نۆیگیتۆرەکەی هەڵ بکات.

- دەی بۆ فێرت کرد؟ با بەنزینەکەی تەواو بێ و نەتوانێ ئیشی پێ بکات.

کاوە – ئەها دە ئیتر نایە بۆ ئاهەنگی هالۆڤین.

- لەوە ناچێ بێت. دەترسێت.

کاوە – کەرتر لەو شتانەیە دێت. وەرە با گرێو بکەین.

- لاچۆ.

موبایلەکەم دەرهێنا و ژمارەی ئیلهامم گرت. دیسان وەڵامی نەداوە.

لەم کاتەدا نامەیەک بۆ کاوە هات. کاوە پێکەنی و وتی: - نووسیویەتی دوو شەوی تر ئۆتومبێلەکە دێنێتە بەر دەرگای ماڵ و تەلەفۆنیشم بۆ دەکا کە بێم هەڵیگرم.

- درۆ دەکا بۆ ئەوەی بە دوای نەکەوی.

کاوە – کورە نا.

- گوێت لە هیچ نییە. هەر بە شکاوی دەزانی چەندە دەکات؟

هیچی نەوت و پاش نیو کاتژمێر گەیشتینە کارگە و هەتا نزیکەی دوو لەوێ بووین و ئینجا چووینەوە بۆ ماڵ. لەم کاتەدا نامەیەکم لە ئیلهامەوە بۆ هات. نووسیبووی: نازانم چۆن داوای لێ بووردنتان لێ بکەم. بڕیار وا نەوبو ئاوای لێ بێت. بەڵێنتان دەدەمێ ئۆتومبێلەکە سبەینێ لای کاوە خۆیەتی. لێم ببوورە.

نامەکەم بۆ کاوە خوێندەوە وتی: - نەموت.

- یانی لەو دزییەوە پەشیمان بوونەتەوە و یان فێڵە ئەمە.

کاوە – وەڵا جا چت عەرز کەم؟ بزانین شەو چ دەبێت.

کاوە چوو بۆ ماڵی خۆیان و منیش چوومە ماڵی خۆمان، بڕیار بوو پاشنیوەڕۆ یەکتر ببینین. چوومە ژوورەکەم. نەمدەزانی وەڵامی نامەکەی ئیلهام بدەمەوە یان نا. هەستم دەکرد ئیلهام لەمەدا دەستی تێدا نییە. بەڵام هەر تووڕە بووم. چوومە ناو پێخەفەکەم و بۆی نووستم.

کاتژمێر نزیک شەش و نیو بوو، کاوە زەنگی لێدا و هەڵیساندم. هەستام چوومە گەرماو و چوومە خوارێ لای باوکم و ئەوان. دیسان کاوە زەنگی لێداوە و وتی: نیو کاتژمێری دیکە لە کارگە بە. گەرەکی نەبوو کەس بەو جلانەوە ببینێت. منیش چووم قات و پانتۆڵەکەم لەبەر کرد و کۆڵوانەکەم هەڵگرت و پاش ماڵاوایی لە دایک و باوکم چوومە دەرەوە و کاوە دەرگای ماڵەوەی کردەوە و بە جووتە سوار بووین و ڕۆشتین.

کاوە – لێیدە بۆ ئوتووبانی کەرەج با پێت بڵێم.

- ئادرەسەکە باش دەزانی؟

کاوە – ئەرێ بڕۆ.

نزیکەی کاتژمێرێکی پێچوو هەتا گەیشتینە ئوتووبان. خۆشبەختانە ئوتووبان چۆڵ بوو و توند لێم دەخوڕی. نزیک کەرەج کاوە ڕێ دەرچوونێکی پیشان دام و منیش بام داوە و لێمخووڕی. و پرسیارم لە چەند کەسی نێو ڕێگا کرد، هەتا گەیشتینە شوێنێکی چۆڵ، ئینجا لە جادە لامان دا. ئینجا گەیشتینە باغێکی گەورە و لەوێ ڕامانگرت. هەوا تاریک بوو و ئەوێش تەنیا گڵۆپێکی بوو و ئەویش زۆر لە ئێمە دوور بوو.

کاوە چووە پێش دەرگایەکی گەورەی ئاسنی و سەیرێکی پلاکەکەی کرد و وتی:

- بەڵێ، هەر ئەمەیە کۆڵوانەکەت بکە کۆڵ.

- برا ڕەنگە ئێرە نەبێت. هەر کە بەم جلانەوە بمانبینێ بە خوا جەڵتە لێی دەدا.

کاوه کڵاوەکەی لە سەر کرد و دەمامکەکەی لێدا و وتی: - هەر ئێرەیە.

- ئاخە بە چیدا دەزانی؟

بە دەستێک ئاماژەیە بە لێواری دیوارەکە کرد. سەرم هەڵێنا و بینیم کوولەکەیەکیان لە سەر سەربانەکە داناوە.

کاوە – ئەمە هێمای هالۆڤینە. بیکە کۆڵ عەمرت نەمێنێت. بەو جلانەوە هیچ ڕێمان ناکەنە ژوورەوە دەریشمان دەکەن.

کۆڵوانەکەم لە کۆڵ کرد و کاوەش کۆڵوانەکەی کرد و شمشێرکەی بەست و دەستی کرد بە دەرگا لێدان. یەکەم جار سێ دانە سێ دانە ئینجا چوار جار چوار جار.

کاوە – ئەوە هێماکەیەتی. ئێستا دەرگا دەکرێتەوە و حەوت هەشت دانە ملقەوی و ملهوڕی بێنە دەرەوە جا تێمان هەڵدەن شەق بە شەق بڵێ جێم کە. نابێ دەنگمان لێوە بێت. ئەو کات دەزانن خۆمانین.

- ڕاسیش ئەکەی؟

کاوە – ئاوا لێمان نادەن. هەر دوو سێ زللەیە.

- گەوج مەبە.

لەم کاتەدا دەرگا کراوە و پیاوێکی بە ڕاستی ملهوڕ هاتە دەرەوە و سەیرێکی کردین و وتی: - پارە.

کاوە دەستی خستە گیرفانی و ٥٠ هەزاری پێدا و ئەویش لە بەر چوارچێوەی دەرگاکە لاچوو و وتی:

- ئۆتۆمبێلەکە بێنە ژوورەوە.

چووم سوار بووم و لە شوێنێکدا پارکم کرد و دابەزیم و قوڵفی فەرمانەکەم لێدا و ئینجا خۆشیم قوڵف کرد و چوومە لای کاوە و ئەو کابراش لە پشتمانەوە دەرۆیی و ئێمەش بە دوایدا، کە بە ئەسپایی بە کاوەم وت: - هیچ دەنگ و مەنگێک نییە کورە. پێموا ئەم ئۆتۆمبێلەشمان دەچێت.

کاوە – کورە دە مەترسە. لە شار ئەمنترە.

باغێکی گەورە بوو لە ناوەڕاستەکەیدا بینایەکی گەورە. کەمێک کە چووینە





CamScanner

پێشترەوە سێ چوار پیاوی دیکەشمان بینی، کە خەریک بوون یەکتریان دەدوان. دامان بە لای ئەوانیشدا و ئەو کابرا لە پلیکانەوە چووە سەرەوە و دەرگاکەی کردەوە و ئاماژەی پێکردین کە بێینە ژوورەوە. ئێمەش چووین. لە ناو ڕێڕەوەکەدا لێی تێپەڕین و گەیشتینە دەرگایەکی چێوی و کاوە وتی: - پێموا خەریکە بە قاچ خۆمان دێنە ناو کوشتارگە و ملوێنێکیشمان لە کیس چوو. ئێمە چەند گەمژەین.

دەرگاکەی کردەوە و بینیمان هۆڵێکی گەورە و کۆمەڵێ کچ و کوڕ بە جلی خزمەتکارەوە وەک فیلم و شت لەوێن و لەگەڵ ئەوەی ئێمەیان بینی هەر دووکیان هاتنە پێشەوە و سڵاو و چاک و خۆشییان کرد و یەکیان وتی: - جلوبەرگی هالۆڤینتان لە بەر کردووە؟

کاوە – ئا ئیتر. ئەمە دراکولایە و خۆشم کە دیارە چیم.

کچە پێکەنی و وتی: - لێرە ژووری جل گۆڕینمان هەبوو.

کاوە – دەی بچم دیسان دایکەنمەوە و دیسان بیکەمەوە بەرم؟

کچە پێکەنی و وتی: - نا بۆ ئاسوودەیی خۆتان وتم کە بۆ جارێکی دیکە پێویست ناکا بەم جلانەوە لە جادە بن. بیخەنە ناو جانتایەک و بیهێننە ئێرە.

کاوە خەریک بوو قسەی لەگەڵ دەکرد و منیش چاوم لە دەوروبەرم دەکرد. هۆڵێکی گەورە بوو کە دوو دانە ڕێڕەوی بوو و دوو سێ دانە دەرگا. لەم کاتەدا دەرگای خوارەوەی هۆڵ کراوە کوڕێک و دوو کچ لێی هاتنە دەرەوە. مەودامان حەوت هەش مەتری بوو. لە پڕ قەیافەی کوڕەم بە لاوە ئاشنا هات. ئەویش کەمێک لێم ورد بووەوە و ئینجا لەگەڵ کچەکان چوونە ڕێڕەوەکانی تر. پێموا هەڵەم بووم. گەڕامەوە لای کاوە و یەکێ لە کچەکان وتی: - چ دراکولایەکی خۆش دیمەنە.

سوپاسم کرد کە ئەوی تریان وتی:

- زۆڕۆش لە زۆڕۆی ناو فیلمەکە ڕێکوپێکترە. ناکرێ دەمامکەکەتان لا بدەن؟

کاوە – بۆ نابێ؟ خۆ ئێمە لە کەس کەمتر نین. با هەمووان بمانناسن. منم زۆڕۆی پشتیوانی مافخوراوان. ئەڵلاهو ئەکبەر.

کچەکان پێکەنین.

دەمامکەکەی لا برد و یەکێک لە کچەکان وتی:

- تۆخوا حیف نەبێ ئەم دەموچاوە دەمامکی لێ بدرێت.

کاوە تا هات شتێک بڵێ کچێکی تر هات و شتێکی بەو دووانەی تر وت و ئینجا ڕووی تێکردین و وتی:

- بووەخشن. ئەکرێ لەتەکما بێن.

من و کاوە سەیرێکمان کرد و کاوە وتی: - بۆ کوێنە؟ (بە زاراوەی خۆی)

کچە بە پێکەنینەوە وتی: - مەترسن. جێیی خراو نییە.

کاوە – ئێمە لە دێوی سێسەریش ناترسین. چ بگا بەم کچە قەشەنگە. فەرموو ئێمە لە خزمەتداین.

کچە دەستخۆشییەکی کرد و وەڕێ کەوت و ئێمەش بە دوایا. لە خوار ڕێڕەوەکەوە دەرگایەک بوو کە کراوە و خۆشی ڕاوەستا و من و کاوە چووینە ژوورەوە. ژوورێکی گەورە و بە مێز و کورسییەوە. لە پێش مێزەکە ئەو کورە وەستا بوو وا ئەو جارە ناسیمەوە. یانی هەر دووکمان ناسیمان. خێرا هاتە لامان و وتی:

- ئێوە لێرە چ گوویەک دەخۆن؟

کاوە – ئەوە بە خێرهاتن کردنتە پاتاڵ. قسەی لەوە جوانترت نەبوو.

هەنگاوێک هاتە بەرەوە و وتم: - ڕەزا. تۆی؟

بە ناوچاو گرژییەکەوە وتی: - چییان لێ کردوون. باشە بۆ لێرەن؟

هەر وا سەیرم کرد و کاوە وتی:- بە خوا هیچیان لێمان نەکردووە. وەلی ئەگەر ئامادەمان دەکەی دەست خۆش. بەڵام ئێمەی گەلی قارەمان ئامادەی شکست و سەرکەوتنین.

ڕەزا خێرا لە باوەشی کرد! گووشای بە خۆیەوە. نزیکەی پانزدە و شازدە چرکە هەر وا توند گرتبووی بە خۆیەوە و کاوە وتی: - گەواد ملوێنێکت هەر لە بەر دەرگا لێم وەرگرت. ئێستا بە خۆڕایی باوەشم پێدا دەکەی؟ تۆ بیس هەزارمان بدەوە با دڵمان نەتۆقێت.

دەموچاوی کاوەی ماچ کرد و بە پێکەنین و فرمێسکەوە هاتە لای من و لە باوەشمی کرد. ئینجا ماچی کردم و دەستمانی گرت و بردنی بۆ ئەو سەری ژوورەکە و وتی:

- دانیشن. ئیستا دەڵێم هەم پارەکەتان بدەنەوە و هەمیش لێرە فڕێتان بدەنە دەرەوە.

کاوە – ماڵتە چەند پیسی. ڕەزا ئەوە بۆ وا دەکەی؟

ڕەزا – زۆرم بیر کردبوون؛ بەلام پێم خۆش نەبوو لێرە بتانبینم. ئێوە چی دەکێشن؟

کاوە – وەلا جا چیت لێ بشارمەوە من کۆل دەکێشم.

ڕەزا – دەی خۆت کەر مەکە ڕاستەکەی بڵێ.

کاوە – ئەوە شێتی؟

هاتە لام و وتی: - بێزاد گەوجت کردم ڕاستەکەی بڵێ. تۆ خۆ قەت درۆ ناکەی.

پێکەنیم و وتم: - هیچ وەلا. ڕەزا خۆت لێرە چ دەکەی؟

سەیرێکی کردم و پێکەنی و وتی: - چاو لە چاوم ببڕە بڵێ هیچ ناکێشم.

پێکەنین و چاوم لە چاوی بڕی و هەتا هاتم قسە بکەم خێرا وتی:

- هیچ مەڵێ. چاوت هەموو شتێکی وت. تۆ هەر پاکی.

دیسان پێکەنیم و وتم: - برا هەندێ جاریش درۆ دەکەم خۆ.

سەیرێکی هەر دووکمانی کرد و وتی:

- من هەر کات بیر دەکەمەوە هەر ئێوەم پێ پاکە. کاتێ بیر لە ئێوە دەکەمەوە دەڵێم شکور گەنجی باشیشمان هەیە. بەلام لێرە چاوم پێتان کەوت دڵم داخورپا. وەلێ ئیستا دەزانم هەر وەک جاران پاکن دڵم زۆر خۆشە.

دیسان گەڕاوە و چاوی لە چاوم بڕی و من هەر پێدەکەنیم:

ڕەزا – باشە ئیستا تۆ لێرە چی دەکەی؟

کاوە – ئەرێ بە تۆ چی. مەلای؟ چیت؟

ڕەزا – تۆخوا کاوە لێرە چی دەکەی؟

کاوه – وەڵا بێرەدا تێپەڕ دەبووین ئەو کوولەکەمان دی وتمان با بیبینە ژوورەوە و دوو سێ کیلۆ بکڕین و بیبەینەوە بۆماڵەوە دایکم کوولەکەمان بۆ ساز بکات. ئەمە بۆ ئەوەندە فزوولە؟

ڕەزا – بەم جلانەوە هاتوون کوولەکە بکڕن.

کاوە – جا کوولەکەی تەنیاش ناخۆین دەبێ شتی دیکەشی لەگەڵ بێت.

کاوە دوو سێ چەپۆکی دا بە سەریدا واتە کاوە ڕاستەکەی بڵێ. کاوە وتی: - ئەمە چ ئاخخخ. برا هاتووین بۆ ئاهەنگی هالۆڤین. هەمیش هاتووین بە دوای ئۆتۆمبێلەکەماندا.

ڕەزا – ئۆتۆمبێلەکەتان؟

دانیشتم هەمووم بۆ گێڕاوە و وتی: - ژیلا و ئیلهام؟

سەرمان لەقاند و وتی: - باوکیان دەسووتێنم.

کاوە – گوو دەخۆی. ئۆتۆمبێلی منی دزیوە خۆم هیچی پێ ناڵێم تۆ لە پای چی.

ڕەزا پێکەنی و دیسان کاوەی لە باوەش کردەوە و وتی: - هەر نەگۆڕاوە. هەر کەرەکەی جارانە.

ئینجا سەیرێکی منی کرد و وتی: - ئەمە دیارە. کەسایەتی تۆ چییە؟

کاوە – مەعلووم نییە.

ڕەزا – ناوەڵا. قات و پانتۆڵی و کەوای لە بەر کردووە.

کاوە – بەمە دەڵێن پانتۆڵ پەخمە؟ ئەمە کۆڵوانەیە.

ڕەزا – باشە دەی یەکێ نەزانێ دوکتۆرای وەرگرتووە.

کاوە سەیرێکی کردم و ئینجا بە ڕەزای وت: - ئەمە دراکۆلایە. یانی نەتزانی؟

ڕەزا سەیرێکی کردم و پێکەنی و وتی: - ئەم کوڕە خاسەت کردووە بە دراکۆلا و خۆشت زۆڕۆ. ئاگ خوا چاکت بۆ نەکات.

ئەم جارەیان هەر سێکمان پێکەنین. کاوە وتی: - کوڕە دە لاچۆ.





CamScanner

ڕەزا – باشە ئەمە کوێ لە دراکولا دەچێ تۆخودا. تۆ .... تۆ "شمری"[٦].

کاوە – کوڕە ڕەزا شتێکت با پێ نەڵێم.

ڕەزا – تۆخودا چاوم لێ کە ئەمە دڵی دێ خوێن لە لووت کەس بێنێت.

کاوە سەیرێکی منی کرد و وتی: – دەی ئێستا وەک خۆت دەڵێی هیچ لە دراکولا ناچێ.

ڕەزا – هیچ ناچێ؟

کاوە – کوڕە دە چی بکەم. هەر چییەکم کرد ئەم جلانەی لە بەر نەدەکرد. دەیکوت جلوبەرگی حەیابەرانە لەبەر ناکەم. منیش وتم دەی قات و پانتۆڵ لەبەر کە و کۆڵوانەیەکیش بکە سەری. دەنا بەم قیافە شیرینەوە هەر بۆ ئەوە باشە جلوبەرگی حەسان بنی سابت و ئەمیر کەبیر لە بەر کات.

هەر سێکمان پێکەنین و لە دەرگایان دا و هەر ئەو ئافرەتە بە سینییەکەوە هاتە ژوورەوە و بزەیەکی لێدا و سینییەکەی لە سەر مێزەکە دانا.

ڕەزا چەند دانە سەهۆڵی هەڵگرت و خستییە ناو پەرداخەکان و خواردنەوەی بۆ تێکردین و پەرداخەکانی پێداین و سەیرێکی کردین و بە دەم گریانەوە وتی:

– سوێند بە دۆسایەتیمان. چەند ساڵە خۆشیم نەدیووە. وەڵی ئەمشەو لەو ساوە زانیومە ئێوە پاکن و تریاک ناکێشن بە خوا قاچم بە عەرز ناکەوێ.

بە دەستەکەی تری فرمێسکەکانی سڕی و پەرداخەکەی نا بە سەرەوە. ئێمەش خواردمانەوە و کاوە وتی:

– باشە ڕەزا ئێمە هەموو شتێکمان سەبارەت بە خۆمان وت. ئێستا تۆ لێرە چی دەکەی؟ پشتیوانی بێبەشان شێرەی دەر و مەڕی ماڵەوە. قەڵغانی طوللە. لێرە چی دەکەی؟ پێت وایە ئێمە پێمان خۆشە تۆ لێرەی ماجستەری وڵات؟

سەری داخست دیسان پەرداخەکەی پڕ کرد و سەیرێکی منی کرد و پێکەنی وتی: – ماجستەرەکەمم تەواو نەکرد. بە پەرداخەکەی ئاماژەیەکی پێکردین و پەرداخەکەی نا بە سەرەوە و کاوە وتی:

---

[٦] شمر: ئەوەی ئیمامی حسینی شەهید کرد.

- بۆچی؟

ڕەزا – لە دەلالی و کڕین و فرۆشتن وەختێ بنیادەم خووی پێ گرت هەموو شتێک ئەفرۆشێ. ئاین، ئیمان، وڵات و دۆست و هاوڕێ.

ئینجا سەری داخست و کاوە وتی: - ئەی هاوار هاوڕێ و برادەری.

کاوە – بۆ هەواڵێکت نەبوو. پێمانت نەگوت.

دیسان سەری بەرز کردەوە و وتی: - دەبێ ئێوە تا کەی خەمی من بخۆن. دوو ساڵ لەمەوبەر خۆشتان خەریک بوون بچن بە قوڕدا. دوو مانگ سێ مانگ دەبا هەر بەو ڕێوە بوایەن.

پێکەنی و سەیرێکی کاوە کرد و وتی: - لێتان نەدەهات ئاوا بەهێز بن. هەر دووکتان. هەر وا قسە بکەن.

کاوە – ئێمە ئەو کات لە چاو تۆ پێزۆری بووین.

ڕەزا – نا. ئەو عانە زۆرم پێ سەیر بوو بەو خواپێداوییەتانەوە منتان لەقاو نەدا. تیپەکەتان لە زانکۆ لە لووسکە و شت دەچوو. وەلێ دوایی ...

بێدەنگ بوو و وتی: - بە قەبری باوکم پیاوەتی ئێوە منی ئەم سێ مانگە ڕاگرت.

دیسان پێکەنینێکی دەستکردی کرد و وتی: دوو سێ شەو دوای ئەو بەرنامە بۆ بەیانییەکەی هاتن بە شوێنمدا. بە بەڵگە و ئەم شتانەوە. نازانم چ باوک حیزێ پاڵی بە هەموو شتێکەوە نا و هەموو بەڵگەکانی دا بە ناوچاویدا و پێی وتبوو دەبێ پرسەی بۆ بگری، ئێستا بەڵگەت هێناوە؟ ئەویش نازانم شەوەکەی بەیانییەکەی کەی بوو جەڵتە لێیداو مرد.

هەر وا سەیرم کرد کە پێکەنینێکی دەستکردی هاتێ و وتی: - وازی لێ بێنن. چەند ساڵی پێچووە. ئەویش مرد. بۆتان تێکەم.

ئینجا لە سەر وەڵامەکانمان نەوەستا پەرداخەکانی بۆ پڕ کردین و وتی: - کوڕگەل ئێوە لێرە هیچ ناخۆن. حاڵی بوون. ئێستا کە هاتوون قەینا چاوێکی لێبکەن وەلێ دەم لە هیچ نادەن.

کاوە – با ئەم کتوپڕ کووشتوە بدۆزمەوە و ئۆتومبیلەکەمی لێ بستێنم.

ڕەزا – دێن. ڕەنگە ئیستاش هاتبێتن. بۆ ئۆتۆمبێلەکەش خەم مەخۆن. هێنای، هێنای نەشیهێنا ئەوە دەینێرینە بە دوایدا. ڕۆڵە لە بەر دایک هەڵدەگری. هەموو کارێکی لە دەست دێ. وەلێ زیاتر ئۆتۆمبێل دەدزێت. جوانیشە ئەم گەوج و لەوجێلە ئەدۆزێتەوە و دایان دەماڵێ.

من پێکەنیم و کاوە سەیرێکی کرد و پێکەنی.

- کاوە گیان تۆ ناڵیم بە قوربان.

کاوە – باوکی دەسووتێنم کە ئاوا ئابرووم نەبات. سەیریکە تۆخودا. عالەمم بە کەر زانی کەچی کچێک منی لە خشتە برد. هەستە با بڕۆین بزانین هاتن یان نا.

ڕەزا – با بڕۆین ئێوە بە هەموویان بناسێنم.

کاوە – دەستت خۆش بێت. ئەمە پێویست بە ناساندن ناکا. سوودی نییە. سەرێک بلەقێنێ تەواوە. من بناسێنە. تەنیا ڕاوەستە خۆم سێ چوار دانە لەو جوان جوانانە ڕاوکەم. ئینجا ئاماژەت پێ دەکەم وەرە پێشەوە.

ڕەزا – جوانی چی؟ دەتەوێ بە هینەکان خۆمانت بناسێنم.

کاوە سەیرێکی کرد و وتی: - ئەو گامێشەی وا لە بەر دەرگا بوو؟

- ئا ئێتر.

- نایهەوێ خۆمان جارێ زیارەتمان کرد. ئاخە گامێش بۆ خۆ پێناساندن دەبێت؟

ڕەزا پێکەنی و وتی: - جارێ بێ با بڕۆین بزانین هاتوون یان نا.

هەر سێکمان لە ژوورەکە هاتینەوە دەرەوە و لە ڕێڕەوەکە چووینە دەرەوە. ئینجا لەو هۆڵە گەورە تێپەڕین و چووینە ناو باغەکە. ڕەزا ئێمەی بە هەمووان ناساند. زۆریان ڕێز لێ دەگرت. ئینجا چووینە شوێنێک کە ئۆتۆمبێلەکانیان لەوێدا پارک دەکرد. دوو خوولەکی پێ نەچوو. ئۆتۆمبێلەکەی کاوەمان بینی. بە دڵ کەیفساز بووم. شکور هیچی لێ نەهاتبوو. کاوە دەرگاکەی کردەوە و بینیمان پاکەتێک لە بەر ئۆتۆمبێلەکەیە. نامەیەکی تێدا بوو کە داوای لێبووردنی لە کاوە کردبوو و لەم قسانە. بە ڕاست دەیویست بۆ بەیانی ئۆتۆمبێلەکە بێنێتەوە.

کاوە نامەکەی هەڵگرت و منیش ڕۆشتم لە ناو ئۆتۆمبێلەکەم قوڵفی فەرمانەکەم هێنا و دام لە فەرمانەکەی کاوە و کاوە ئۆتۆمبێلەکەی قوڵف کرد و داوای لەو پیاوانەی ئەوێ کرد کە ئاگایان لێبێ و هەر سێکمان چووینە ژوورەوە.

لە سەر هۆڵەکە دەنگی گۆرانییەکی بە ئەستەم دەهات. ڕەزا یەکێک لەو کچانەی کە پێشتر بینیمان بانگکرد و وتی: هەر کارێکتان بوو بەو بڵێن و دیسان پێی وتین.

- کورگەڵ لێرە دەم لە هیچ شتێک نادەن. نە خواردنەوە و نە میوە و هیچ.

کاوە – کوڕە دە باش گوو بەو نانەی تۆ بە ئێمەی دەدەی. برینی گەدەمان گرت چ دەکەی؟

ڕەزا سەیری کرد و دیسان لە باوەشی گرت و وتی:

- وەک ئەو دەم. هیچ نەگۆڕاوە. خۆزگا بچووایەینەوە بۆ ئەو عانە. چەند ساڵ لەمەوبەر.

کاوە – بهێڵە ئەم شەو ڕایبووێرین. جا خۆزگە بخوازە.

هاواری کرد: - ئەرێ بهێڵە با بچین ئاوات بخوازین گەواد.

ڕەزا و من و ئەو کچە پێکەنین و دیسان ڕەزا وتی: - هەر چیتان ویست بەم دادە مێنازە بێژن بۆتان دێنێ. وەلێ هەر چییەکی هێنا بیخۆن.

ئینجا ئاماژەی بە مێناز کرد و لەگەڵ من و کاوە کەوتە ڕێ و دەرگایەکی کردەوە، کە دەنگی گۆرانی بەرزتر بۆوە و چووە ژوورەوە و ئێمەش بە دوایدا.

حەوت هەشت پلەمان تێپەڕاند و دەرگاکە کراوە و هەڵم و هاڵاوی بۆن و ئدکلۆن و هەزار شتی تر لەگەڵ دەنگی گۆرانییەکە هاتە دەرەوە.

من و کاوە چووینە ژوورەوە. گڵۆپ دانەگیرسا بوو، تەنیا سەمای تیشک و هایلایتەکان شوێنەکەیان ڕووناک کردبۆوە! ڕووناک یانی هەر بەر پێمان دەبینی.

شوێنێکی گەورە بوو کە دەورتا دەوری مێزیان چنیبوو و مۆبل و کورسی و کاناپە. ئەو لاشی بارێکی گەورە بوو کە سێ چوار کچ لە پشتی دانیشتبوون و خەریکی ئیشکردن بوون و لایەکیشی تیپی مۆسیقا بوو.

ناوەڕاستەکەی خەڵک بوون. هەموو کەس. نازانم بڵێم چییان دەکرد. لە ڕاستیدا کۆمەڵەکیان هەڵدەبەزینەوە. هەندێکیان بە دەور خۆیانەوە دەسوورانەوە و کۆمەڵێکیشیان ...

هەر لەوێ کاوە مێنازی گەڕاندەوە و هەر دووکمان چووینە ژوورەوە! پاش کەمێک چاومان بە تاریکی ڕاهات! لە سووچێک ڕاوەستاین و کاوە وتی: - دیتم ئەو سەگبابەم بینی. ئەوەتا.

لای خوارەوەی هۆڵەکەی پێ پیشان دام. ژیلا و ئیلهام و یەک دوو کچی تر، کە لەگەڵ چەند کوڕی دیکە قسەیان دەکرد و پێدەکەنین.

من بە جلەکان سەرسام بووم. کچان زیاتر جلی کەسایەتییەکانیان لە بەر بوو. وەکوو سیندرلا یان فریشتە یان شتێکی لەو شێوە، کۆمەڵێ جلی سەیر و سەمەری ڕۆژاواییان لە بەر بوو کە ئەیانهوو جادووگەرن. بەڵام چ جادووگەرانێک. کۆمەڵێکیان کراسی ڕیشۆڵ ڕیشۆڵیان وەکوو جلی مرۆڤی سەرەتایی لەبەر کرد بوو، بەڵام جوان بوو.

کوڕانیش هەموو جۆرە جلوبەرگێکیان لە بەر بوو. بەڵام هەموویان جلی کەسایەتییە نگریس و ترسناکەکانیان لە بەر بوو.

شوێنێکی سەیر بوو، بەڵام ڕەنگاوڕەنگ! دنیایەکی ڕەنگاڵە و پڕ لە ڕەنگ و جیاواز لەگەڵ دنیای ڕاستەقینە.

لەم کاتەدا کاوە دەستی کێشام وتی: - لە کوێی وەرە ئیتر.

وەڕێ کەوتین و چووینە لای شیرین! پێنج شەش هەنگاومان ما بوو کە ئیلهام منی بینی. کەمێک واقی وڕما و ئینجا خێرا چووە سەر مۆبلێک و دەموچاوی لە ناو هەر دوو دەستیدا شاردەوە.

ژیلا پاشان ئێمەی بینی. دەمەو نزیکبوونەوەمان بوو، کە دەستی کە لە کاتی قسە کردندا دەجووڵاندەوە ڕەق بوو.

من و کاوە لەو دوو هەنگاوەدا ڕاوەستاین و ژیلا خێرا شتێکی بە کوڕەکان وت. ئەوانیش سەیرێکیان کردین و چوونە ئەو لا. کاوە چووە پێشەوە و کەمێک سەیری کرد و وتی: - سوویچەکەم دەیە؟

ژیلا لەگەڵ ئەوەی سەیری دەکردم هێورانە خۆی دەستی خستە ناو جانتاکەی و دای بە کاوە، کاوە توند دەستی گرت و وتی: - سەگبابی لە چاوی من دەباری یان تۆ؟

ئینجا ئاوڕی بۆ لای من داوە و وتی: - با بڕۆین.

سەیرێکی ئیلهامم کرد، کە بە هەر دوو دەستی دەموچاوی گرتبوو ژیلا ڕایکردە لامان و وتی:

- من خۆ نامەم بۆ ناردن کە سبەی ئۆمبێلەکەتان بۆ دێنمەوە. درۆ ناکەم بە خوا ...

کاوە بە دەم بە ڕێگەوە ڕۆشتنەوە وتی: - دەزانم.

ژیلا – بە خوا درۆ ناکەم.

کاوە – گرنگ نییە دەی.

ژیلا – نامەکە لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدایە.

کاوە – تەوفیر ناکات.

دیسان کە هەر وا بە دوامانەوە بوو وتی: - هەندێ شت لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدایە با ئەوانە هەڵگرمەوە.

کاوە – دەڕۆی چاکە دەنا دەڵێم بێن لێتدەن. ئەم کتوپڕ کوشتووە چ ڕووداریشە. لاچۆ دەنا دەڵێم ئاجان بێ بتگرێت. دەی نەتبینم.

هەر دووکمان چووینە ئەولاتر و کاوە چاوێکی لە ئەوانەی ناوەڕاستی هۆڵ کرد و وتی:

- وەی خواگیان ئەم هەمووە جادووگەرە. بریا جادووباتڵکەرەوەم هێنا با. لەوە ناچێ ئەمشەو بە ساغی دەرچین. بێزاد ئەگەر هاتوو مردم لە کاتی کفندا نێرگەلەت بیر نەچێت. ئەوە دەچم بۆ جەنگی ئەم جادووگەرانە. گەردنم ئازا کە کوڕە مام. لا حول و لا قوه الی بالله!

دەستیم گرت و لەگەڵ ئەوەی دەمگوڕاند کە دەنگم ببیستێ وتم: - هەتیو خۆت کەر مەکە. تۆ نابێ بچی.

کاوە – ئەی چی بکەین لێرە؟

- با بڕۆین شتێک بخۆین.

کاوە – چی بخۆین. ئەو ڕەزا داماوەش کوڵی وتی هیچ مەخۆن.

- چووزانم کابرا ئەمانە دەبینی هۆشی نامێنێت.

کاوە هەر لەوێ چاوی لە کچان دەکرد و گوراندی و وتی: - خوایە گیان ئەم خۆشییەمان لێ نەستێنی.

لەم کاتەدا دەنگی لە پەنای کاوەوە هات. دەنگی کوڕێ بوو. ئەوێ ئەوەندە ژاوە ژاو بوو بۆ ئەوەی دەنگت ببیستری دەبا بتگوڕاندبا.

- تۆ زۆرۆی؟

من و کاوە ئاوڕمان داوە و کاوە بە دەنگی بەرز وتی: - بە چییا زانیت؟

کوڕە جۆرێ سەیری کاوەی کرد و وتی: - دەی بەم شمشێر و کڵاو و دەمامک و کۆڵوانەوە ئیتر.

کاوە – لە من وا بوو کە ئەگەر دەمامک لێ دەم کەس نامناسێتەوە.

کوڕە پێکەنی و بە گوڕاندەوە وتی: - خۆ خۆتم نەناسی جلەکەتم ناسی.

کاوە – بریا ڕووت بام کە جلەکەمت نەناسیبایە. دەی کارت چییە؟

کوڕە – خەڵک کاریان بە زۆرۆ چییە؟

کاوە – واژۆیان لێ دەوێ.

کوڕە – نا یارمەتی. ناوت چییە؟

کاوە – ئەگەر ئێستا ناوم بڵێم بۆ سبەی زوو دەچی ئەفسەر "گارسیا بە دە ئاجان" دێن دەرگام پێ دەگرن.

کوڕە پێکەنی و وتی: - دەی وەرە ماڵمان با نەتدۆزێتەوە.

کاوە سەیری کرد و وتی: - بە چاوان. هەر کات ماڵە یانەییەکەمان ئاشکرا بوو دێمە ماڵتان. ئێستە با بچمە سەر پۆستەکەم.

هاتین بڕۆین کە کوڕە بە گوڕاندەوە دیسان وتی: - ئەم هاوڕێیەت چ کەسایەتییەکی هەیە؟

کاوە – دەغەزار.

پێکەنی و وتی: یانی جلەکەی هێمای کەسایەتییەتی چییە.

کاوە سەیرێکی کردم و وتی: - بە ڕاست نازانی؟

کوڕە – نا. قات و پانتۆڵ لەگەڵ باڵتا.

کاوە – برا ئەوە کۆڵوانەیە نەک باڵتا. بە تۆ چی جلی ئێمە چییە. با بڕۆین بێهراد گیان. ڕووی پێ مەدە. جلەکەشت زۆر ترسناکە. ئەمانە لە ئێرەییانە وا دەڵێن.

کوڕە – قوڕ بە سەرت. عەمرت نەمێنێت.

کاوە گەڕاوە سەیرێکی کرد و وتی: - هەتا ئێستا ڕێزمان لێ گرتی. و هیچمان پێ نەوتی. هەتیو. کارێک مەکە خۆم لە کەریەتی دەم و ...

خێرا کوڕە بە پێکەنینەوە بە نازێکەوە وتی: - ئەو دەم چ گوویەکت دەخوارد. دەتدەمە دەست کچەکان ئەنجن ئەنجنت کەن ئەویش بە ددان.

کاوە کەمێک وەستا و ئینجا بە ئارامی وتی: - خۆ لێت ناترسم. بەڵام ئەگەر دایکی درۆت نەگاوە ئەو کچانەم پێ نیشان دە.

کوڕە دیسان پێکەنی دەستی بۆ لای کۆتایی هۆڵەکە ڕاداشت. من و کاوە گەڕاینەوە و ئەو لامان بینی کە چوار پێنج کچ بە جلی ڕەنگاوڕەنگ و جوان وەستاون و خەریکن سەیرمان دەکەن.

کاوە – بە چیدا بزانم ئەوانە تۆ دەناسن بۆقی باوک مردوو.

کوڕە بە پێکەنینەوە گوڕاندی: - دەمناسن.

کاوە – با شک و گومانم نەمێنێ دەستێکیان بۆ ڕاتەکێنە.

کوڕە گەڕاوە لای کچەکان و دەستی بۆ هەڵتەکاندن و ئەوانیش بۆیان هەڵتەکاند کاوە وتی:- من لە پێشدا وتم: لەو بەڕەڵا و خوێڕییانەی کە سەرئێشە بۆ پیاوماقوولان ساز دەکەن. بەڵام ئێستە متمانەم پێتە.

کوڕە وتی: - ئێستا ناوت چییە؟

کاوە – ببوورە ڕەگەزنامەکەمت پێ بدەم بە چاوی خۆت ببینی. بەڵام بە مەرجێک لە پێشدا من بەو هاوڕێیانەت بناسێنە.

لەگەڵ کوڕە ڕۆی و بە گوڕاندنەوە وتم: - هۆۆۆۆ بۆ کوێ.

کاوە – خەریکە دەچمە سەر ئێشەکەم. لای ناخێر زۆرۆم. دەبێ ئەرکی سەر

شانم ڕاپەڕێنم. تۆ بچۆ بە ئیشی خۆت ڕابگە. بەڵام خوێنی نەکوڵاو و نائیستریلیزە نەخۆی بەقوربان. لە پێشدا سەیری ڕێکەوتی ئێکسپایێری بکە ئینجا بیخۆ! گازی توند نەگری. گازی ناسک و نەرم.

ئەمەی وت و لەگەڵ کوڕە ڕۆی. من لەو ناوەڕاستەدا مامەوە. نەمدەزانی چی بکەم. چوومە ئەو لای بارەکە. خواردنەوەی ئامادە دەکرد. کورسییەکم هێنا لە سەری دانیشتم و بەرپرسەکەی هات و بە بزەوە وتی: - چیتان پێ خۆشە بیخۆن؟

کچێکی بیست ساڵە بوو.

- هیچ. سوپاستان دەکەم.

کچە پێکەنی و وتی: - خاترجەم بە ئێوە سفارش کراون. مێناز سفارشی کردوون.

پێکەنیم و وتم: - ناوتان چییە؟

- مریەم.

- ئێوەش هاتوونەتە ئێرە بۆ ...؟

مریەم – نا ئیش دەکەم.

خۆی پەرداخێکی هەڵگرت و سەهۆڵی تێکرد و چەند شتی تێکەڵ کرد و پێیدام و وتی: - ئەمە زۆر خۆشە.

دەستخۆشیم لێ کرد و کەمێکم خواردەوە و وتم: - لە شوێنێکی دیکە ئیش نەبوو.

مریەم – ئێستا کار خۆ وەگیر ناکەوێت. دەرس دەخوێنم و کاتێکی کەمم بۆ ئەمە هەیە. مووچەی ئێرەم زۆر باشە.

لەو کاتەدا کچێک لە ناکاو ڕایکرد و هاتە لامانەوە و دانیشتە سەر عەرز و دەستی کرد بە هێڵنجدان.

بێزم هاتەوە و حاڵم تێکچوو مریەم ئاماژەی کرد و وتی: - بڕۆ ئەو لا.

هەستام و چوومە چەند مەتر ئەولاتر دانیشتم و وتم: - هەمیشە ئاوایە؟

مریەم – ئەوە تازە دەست پێ دەکات. دوو کاتژمێری تر خراپتریش دەبێت.

گەڕامەوە سەیرێکی کچەم کرد. هەر وا لە سەر عەرزەکە دانیشتبوو.

- دیارە زۆر ناجۆرە.

مریەم – باش دەبێت. ئەوە ئاسەواری ئەو حەبانەیە.

- چی لە دەستمان دێ بۆ بکەین؟

مریەم – هەتا درەنگانی شەو بیست کەسیان وایان لی دیێت.

ئینجا سەیرێکی ئەو لای کرد و وتی: - ئەی هاوار. خوێنی هەڵینا! نێو زکی تووا وە.

ئینجا ئاماژەی بە یەکێ لە کچە خزمەتکارەکان کرد کە بێ و ئەو شوێنە خاوێن بکاتەوە!

- ئێوە لێرەدا چی دەکەن؟

دەنگی ئەو موزیکەکە ئەوەنە زۆر بوو کەس گوێی لە دەنگی ئەوی تر نەدەبوو.

- ببوورن تێنەگەیشتم. ئەوەندە دەنگی مووزیکەکەی زۆرە ...

مریەم – ڕادێی. وتم بۆ لێرەی؟

سەیرێکی ناوەڕاستی هۆڵەکەم کرد و بە گوڕاندنەوە بۆ ئەوەی دەنگم بچی وتم: - خۆشم نازانم.

مریەم – هاوڕێی ناجۆر؟

سەیرێکم کرد و بە دەنگی بەرز وتی: - ئێوە لێرە هاوڕێی خراپن. من لە بری ئێوە بام هەڵدەستام دەڕۆشم و چیتر نەدەهاتمە ئێرە.

گوڕاندم و وتم: - ئەی خۆت؟

مریەم – هەر ئیشی خۆم دەکەم هەر ئەوەندە.

کەمێک لە پەرداخەکەم خواردەوە، پاش کەمێک بینیم ئەو کچە لە سەر عەرزەکە ڕاکشاوە. تا هاتم بە مریەم بڵێم شتێک بکا کە سێ چوار کەس هاتن و قاچیان گرت و بە دوای خۆیدا ڕایانکێشا.

سەرم لەقاند و وتم: - دەبێ تەلەفۆن بۆ فریاکەوتن بکەم.

مریەم قیژاندی و وتی: - خۆیان پزیشکیان هەیە! ببوورە من دەبێ بچمە

سەر ئیشەکەم.

پێکەنی و ڕۆی. منیش پەرداخەکەم هەڵگرت و ڕۆشتم. لە دوورەوە کاوەم بینی. لە سەر مێزێک لەگەڵ سێ چوار کچ دانیشتبوو. کە منی بینی ئاماژەی پێکردم. چوومە پێشەوە وتی:

- وەرە دانیشە. کچەکان ئەمە بێزادە. بێزاد ئەمانەش ناویان شۆهرە، لیلی و پاتی. ئەوەی تریشیان لێی بپرسە ناوی چییە؟

سڵاوم لە هەموویان کرد و یەکیان وتی: - جلوبەرگی چ کەسایەتییەکت لەبەر کردووە؟

کاوە خێرا وتی: - خۆت بزانە چییە بزانم دەزانی؟

ئەو کچەی وا ناوی شۆهرە بوو بیری کردەوە وتی: - شێرلۆک هۆڵمز.

کاوە – کێ؟

شۆهرە – شێرلۆک هۆڵمز. ئەو کۆمیسێرەکە.

ئەوەی تریان وا ناوی لیلی بوو وتی: - کچێ نا. ئەوە جلوبەرگی ئەو قەشەکەیە وا لە فیلمی پشتکوڕی نۆتێردامدا هەیە.

گەڕامەوە سەیرێکی کاوەم کرد کە پانتە ئا وتی: - من لە سەرەتادا کە هاتم وامزانی بەڕێوەبەری ئێرەیە.

کاوە – برا ئەوە جلوبەرگی دراکولایە. لای ناخێر ئەمە دراکولایە. ئەوە کۆڵوانەکەیەتی.

شۆهرە – کۆڵوانە یان پاڵتا.

کاوە – چ بەزمێکە. سەد جار وتم ئەو ددانە دەستکردییەت دانێ جا وەرە. ئەلان هەرچی سوێندیان بۆ بخۆم باوەڕ ناکەن تۆ دراکولای و داوای ڕەگەزنامەت لێ دەکەن. هەستە یەکێ گازێکیان لێ بگرە با بزانن دنیا بەری بە کوێوەیە. هەستە لە پانتائاوە دەست پێ بکە با بزانێ تۆ دراکولای یان بەڕێوەبەری ئێرە.

هێورانە کۆڵوانەکەم لە کۆڵم کردەوە و کاوە وتی: - بۆ وا دەکەی؟ ئەها زانیم چی دەکەی. ئێستا یەکێ لەو کچانە دەخەیتە ناو کۆڵوانەکەت و دەیشاریتەوە و

شەشەکوژەکان

دەیبەی بۆ نانی شێو دەیخۆی. تەواوە. دراکۆلابوونی دەرکەوت.

هەموو پێکەنین و پانتەئا وتی: - من ئامادەم.

سەیرێکم کرد و پێکەنیم و کۆڵوانەکەم لە سەر کورسییەکە دانا و دانیشتم.

کاوە – ئێستا کەس تۆ ناناسێ. هەموو وا دەزانن کارمەندی شوێنێکی و مووچەکەت بەشت ناکا هاتووی لێرە ئیش دەکەن و قاپ و قاچاغ کۆ دەکەیتەوە. ئەو کۆڵوانە لە کۆڵ کە کورە.

- وەک تەڵخەک بم. عەیبە کاکە.

کاوە – ئەها کەوتەوە خۆی. ئێستا دەست دەکا بە ئامۆژگاری.

- کاوە لە ئامۆژگاری تێپەڕیوە. سەیرێکی دەوروبەرت بکە.

کاوە – پێت وایە لە کوێی؟ ئەنجوومەنی ئەدەبی و ...

- هەستم نەدەکرد ئاوا بێ.

شۆهرە – ڕانەهاتووی.

- نامەوێ ڕابێم. ئەم بەزمە چییە کۆمەڵێ گەنج حەب دەخۆن و شێت دەبن و هەڵبەز و دابەز دەکەن.

کاوە – گشتکەسەکەم ئەمە جۆرێ حاڵ لێهاتنە.

لیلی – چی؟

کاوە – حاڵ لێهاتن. ئەوەی دەروێشەکان حاڵ دەیانگرێ. ئەوەندە بە دەور خۆیانەوە دەسووڕێنەوە کە زراو و سەفرایان تێکەڵ بێ کە هەڵی بهێنێنەوە و بگەنە لای خوا. ئەمانە تاقەتی پێنج هەزار جار بە دەور خۆ سووڕانەوەیان نییە. حەبێک دەخۆن و دەبنە تووربین. بە خوا ئەو کات لەم حەبانە بوایە دەروێشەکان ئەزییەتی بە دەور خۆ سووڕانەوەیان نەدەکێشا.

- ئەمە سەما نییە. تێپەڕینە بۆ خەڵسە چوون.

کاوە – ئێمە دراکۆلای عارفمان نەبینی بوو. تازە هەستە مرۆڤەکانیش ڕزگارکە. باشە من زۆرڕۆم خەڵک ڕزگار دەکەم تۆ چیت؟ بۆ نانم دەبڕی و دێیتە سەر ئیشی من و هاوتەریب لەگەڵم ڕێکخراو دروست دەکەی؟

- ئەم زۆرڕۆیە ئابرووی بە زۆرڕۆوە نەهێشتووە.

کاوە – زۆرۆ لە پشووە.

شۆهرە – دیارە بێزاد کوڕی چاکە. نازانم بۆ لێرەیە؟

- ئێوەش بۆ لێرەن؟

شۆهرە – ئێمە تازە حەیامان تکاوە. ئێمە شاپەڕیکین. شەمشەمە کوێرەین. ئەمشەو بێ و یان سبەی شەو گرنگ نییە. بەڵام ئێوە دەتوانن هەر ئێستا بڕۆن.

کاوە – برا چت داوە لەمانە؟ ئەمانە چەرمە سەرەکەیان سەگ بردوویەتی. ئەمانە دنیایان بۆ خومار بوون و مادەی هۆشبەر داناوە. ببوورە عیرفان. ژیانیان لە پێناو خەڵسە و حاڵ لێهاتن داناوە مانگی خۆیان دەکووژن بۆ ئەوەی بەم شەوە بگەن و ئەوەی هەیانە و نیانە بیدەن بە حەب و هەڵی بهێننەوە. چت لێیان داوە. با بە دەرد خۆیانەوە دامرکن. شاپەڕیکن ئیتر.

شۆهرە سەیرێکی کرد و وتی: - خەریکە هانمان دەدەی کە وازی لێ بێنین.

کاوە – کەری کێ بن؟ ببوورە من کەری کێ بم؟ بخۆن. بخۆن، بکێشن. دەرزی لێ بدەن، دنیا ئەوەی ناوێ. کوا حەبەکانتان. هەموو مستیان کردەوە. لە هەر مستێکیاندا چەند دانە حەبی تێدا بوو.

بە سەرسوورمانەوە وتم: - ئێوە هێشتا نەتانخواردووە؟

لیلی – ئەگەر خواردبامان خۆ لێرە بێدەنگ دانەنیشتبووین و لەو ناوەڕاستەدا هەڵبەز دابەزمان دەکرد و ئێوەش هەر دەبوا نازمانتان کردایە.

پانتە – کاوە ناهێڵێ بیخۆین.

شۆهرە – درۆ دەکا. هەر نەیخواردووە.

کاوە – دەیخۆم برا. دیان دەیخۆم. زۆری ماوە بۆ سەری شەو.

سەیرم کرد و پێکەنیم خەریک بوو بە شێوازی خۆی ئامۆژگاری دەکردن، وەلی ئامۆژگارییەکەشی دیارە کاریگەر بوو.

کاوە – ژیان خۆی دژوارە و ئەم مێمۆشییە دژوارتری کردووە. یانی بڕسکبڕی کردووە. تاکە ڕێگەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی بدا لە کەرێتی. خۆی لە گەوجیەتی بدا. ئێوە ئەو کەسە نین کە بەرگەی ئەم ژیانە بگرن. ئەو حەبانە بخۆن وا لە ناو دەستانا نمی گرتووە.

پیاو ئەگەر لاواز بوو بمری چاکترە. جا ئەگەر کچیش بێت. شتی وا چۆن دەبێ یەکێ لەم کچان هەستێ دەستی یەکێ لەو کوڕانە بگرێ و بڵێ هەستە با لێرە بچینە دەرەوە.

تۆخوا من بۆ کێ ئەفلێتینم. خوا گەمژەمی کردووە. ئەمشەو خۆشە. ئەم قسانە لە کوێی مەعیدەمەوە دێت. بڵێی ئاسەواری ئەو حەبانە نەبێت.

ئینجا دەستی بۆ شوێنێ ڕاداشت و وتی:- جا تۆخوا ئێوە سەیری ئەو کوڕە بکەن. باوکی چەند دانە دووکانی هەیە. ئەوەی وا لەو ناوەڕاستە بە دەوری خۆیەوە دەسووڕێتەوە و خەریکە پانتۆڵەکەی لە پا دادەکەوێت. ئەوە بۆ کەس ئەو پانتۆڵەی بۆ هەڵناکێشێ؟

هەموو سەیری کوڕەیان کرد.

شۆهرە – من دەیناسم. باوکی چەندانە دووکانی هەیە. پەخمەیەکە. کۆڵێکی پارە پێ قەرزدارم. هەر کات پارەم نەبێ ئەچم بە فێڵ لێی وەردەگرم. دایکە داماوەکەی.

کاوە – دایکی حەبخۆرە.

شۆهرە – کوڕە نا. هەر کات ئەم درەنگانی شەو دێتەوە دایکی هەتا ئەو دێتەوە بۆ ماڵەوە لە حەوشە دادەنیشێ و دەگری.

کاوە لەگەڵ ئەوەی سەیری کوڕەی دەکرد وتی: - جوانچاکیشە.

شۆهرە – ئەرێ جوانچاکە.

کاوە – کاتی ئەوە نەهاتووە قەرزەکەتی بدەیتەوە؟ یان بە دایکی؟ لەم زلکاوە دەربازی بکەین؟ هەم ئەو و هەم خۆشت؟ ئیتر جا یان دەتوانی یان ناتوانی. ئیتر تیرێکەو دەیپێکی، گرتی گرتی و نەیگرت نەیگرت. کە گرتی چ دەبێ؟ ئەوە ژیان، عەشق، منداڵێکی ژیکەڵە و جوان و خۆشی دێتە سەر ڕێت.

شۆهرە پێکەنی و وتی: - ئەی ئەگەر نەیگرت؟

کاوە – چ تەوفیرێکی بۆ تۆ هەیە. وابزانە هەر لێرەی. بەڵام کچێکی جوانی وەک تۆ لە دەستی دێت. وەک فیلم و شت کە پیاوان ئافرەتان ڕزگار دەکەن نا من وا هەست دەکەم کە کچان و ژنان باشتر پیاوان دەرباز دەکەن.

ئەری ئەوە من ورێنەی چی دەکەم. ئەی خوا حەبەکانم لە کوێن. بێزاد لای تۆ نییە.

شۆهرە پێکەنی و دەستی درێژ کردەوە وتی: - وەرە حەبەکانم بۆ تۆ؟

کاوە – دەستخۆش ئەی خۆت چی دەکەی؟

شۆهرە – ئەمشەو نایکێشم. تیرێک دەهاوم، بزانم دەیگری یان نا. ئەگەر گرتی ئیتر پێویستم پێی نیە.

کاوە – دەی بۆ وەستاوی هەستە ئیتر.

شۆهرە پێکەنی و هەستا و وتی: - هەزار جار دایکم ئامۆژگاری کردم، بەلام گوێم نەدەگرت. وەلی قسەکانی تۆ کاری کردە سەرم. دوعام بۆ بکە.

کاوە – کاری باش دوعای گەرەک نییە. خوای خۆی ئاگای لێت دەبێ.

شۆهرە سەیری کاوەی کرد و فرمێسکی چاوی سڕی. پێکەنی و وتی: - خەریکە قسەکانت کار دەکاتە سەرم.

کاوە – بڕۆ درەنگە.

ڕۆی و ئینجا گەڕاوە و وتی: - ئەگەر توانیم لێرە بیبەمە درەوە. بچمە کوێ؟

کاوە – ڕاست بۆ مالی کوڕە. دەچییە مالەوە و بە دایکی دەلێی کوڕەکەتم لەو زەلکاوە دەرهێنا. بە نیازم بەیانی هاوسەرگیری لەگەلدا بکەم. تۆ دەلێی چی؟ دلنیا بە دایک ئافرەتێکی خۆشدەوێ کە کوڕەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە. پێی بلێن ئەگەر هەر وا بژییێت لە دەست دەچێت. منیش ئەم حەبانەت بۆ ڕادەگرم ئەگەر تیرەکەی نەیپێکا پێت دەدەمەوە.

شۆهرە دیسان گریا و وتی: - فڕێیان دە. ئەمە نەبوو تیرێکی تر دەهاوم. ڕۆشت.

ئێمەیش سەیری یەکترمان کرد. ئەو چرکانە تێنەدەپەڕین. لە دلما چەند جار هاوارم لە خوا کرد وەک بلێی خوا گوێی لە هاوارەکانم بوو.

دە خولەکی پێنەچوو دەستی کوڕەی گرت و بردی. لیلی و پانتە ئاش بێدەنگ و کز بوون. کاتێ شۆهرە ئەو کوڕەی هەلگرتەوە و ڕۆی هر سێکیان سەیری کاوەیان کرد و لیلی وتی: - دەلێی پێکای.

کاوه – ئێوه تیرتان نییه.

لیلی – من تیرم نییه. پوورزایەکم هەیە هەژارە، بەڵام زۆر کوڕی چاکە.

کاوه – هەر چییەک بێ لێرە باشترە.

پێکەنی و بە کاوەی وت: – تۆ بەرپرسی.

کاوه – خوا نەکا.

لیلی – مەبەستم بەرپرسی ڕێکخراوی چاکژیانەوە و دەروونناسی و لەم شتانە.

کاوه پێکەنی.

لیلی – ڕەنگە هەر بە ڕاستی زۆرۆ بێ. هاتووی بۆ ڕزگارکردن.

کاوه – بچۆ بە دوایا. هەموو شتێک پارە نییە.

پێکەنی و جانتاکەی هەڵگرت و دەستی درێژ کردەوە چووە لای کاوە و وتی:

– ها منیش ئەمانەم ناوێ. جاری نامەوێ. بزانم چۆن دەبێ.

کاوه حەبەکانی ئەویشی وەرگرت و پانتە ئا و ئەوی تر هەستان و پانتە ئا وتی: – منیش پێمخۆشە تاقی بکەمەوە ئەگەرچی وەک ڕۆژ لێم ڕوونە ناتوانم.

کاوه – ئێرە هەر هەیە. هەر کات پێت خۆش بوو دەتوانی بێیتەوە.

هەر دووکیان حەبەکانیان لە سەر مێز دانا. کاوه حەبەکانی سەر مێزی کۆ کردەوە و پێی وتم: – تۆ حەبت گەرەک نییە. بە هەرزانتر پێی دەدەم.

پێی پێکەنیم و وتم: – من ئەگەر بمویستایە بچمە خەڵسەوە، پێنج هەزار دەور بە دەور خۆم دەسووڕامەوە.

کاوه – یەک، دوو، سێ، ... پێنج، دەنکی بە چەندە. بچم بیبەمەوە و پارەکەی وەرگرم. چواردە دانەیە. لە خوا بەزیاد بێت. باوکم بزانێ من لە بن بەردیش بێ پارە وەدەست دێنم. ئەوەندە دڵخۆش دەبێت.

لە دەستیم وەرگرت و فڕێم دا.

کاوه – خوا چاکت بۆ نەکا. بۆیە دەڵێن هاوبەش ماڵوێرانکەرەیە. هەستە با بڕۆین ئەم ئاهەنگە کۆنینە لێی حاڵی نەبووم.

– ئافەرەم. بچین بزانین چەند کەس دەتوانین ڕزگار بکەین.

سەیرێکی کردم و وتی: - من دوو گوێی درێژم هەیە؟ ئەوە ئەمشەو چەند کچم دا بە شوو. زۆرۆ ئەوشەو ئەرکی شەرعی و یاسایی خۆی ڕاپەڕاند و ئێستا کاتی ئۆفیەتی. هەر چەند ئەوانیش سالێ دوای شووکردن تەلاق وەردەگرن و هەر دێنەوە ئێرە.

- کورە نا، تۆ چووزانی.

چووە ناوەڕاستی هۆڵەکە و دەنگی مووزیک زۆر بوو، هاتمە بچم بۆ لای کە یەکێ قۆڵی کۆتەکەمی کێشا. دیتم ئیلهامە.

هەر وا سەیرم دەکرد و دەستی کێشام و بردمی خواری هۆڵەکە کە دەنگی کەمتر بوو و وتی: - دەمەوێ کەمێک قسەت لەگەڵ بکەم.

دانیشتمە سەر مێزەکە و ئەویش بەرامبەرم دانیشت.

- نازانم بڵێم چی؟ بەڵام بە ڕاستی داوای لێبووردنت لێ دەکەم. بە دڵ داوای لێبووردنت لێ دەکەم. من نەمدەویست ئەمە ڕوو بدات.

- بەڵام ڕووی دا.

ئیلهام - پێم وت بەڵام ...

- دەی نامەیەکت بۆ ناردبام و پێت بوتبام.

ئیلهام - یانی هاوڕێکەم بفرۆشم؟

- قەی چی دەکات. پاش ئەو کارەی کاوە بۆی کردن.

ئیلهام - دەزانم. بەڵام لە دووڕیاندا بووم. هەر بۆیە سەرم لێ شێوا بوو. زۆرم داوا لێ کرد ئیتر وا بڕیار بوو دوو سبەی ئۆتۆمبێلەکە بێنێتەوە. ئەگەر ئێوە ئەمشەو نەهاتبان و ناشزانم چۆن ئێرەتان دۆزییەوە. کە ئێوەم بینی ... بێدەنگ بوو و چاوی پڕ بوو لە ئاو و وتم:

- ئێوە ئەمە ئیشتانە وایە؟

ئیلهام - ئێمە؟ نا.

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی: - نامەوێ لەگەڵتا درۆزن بم. ئەرێ ئەمە ئیشی ئێمەیە. من وا نیم کە ئۆتۆمبێل بدزم و ... بەڵام ئەرێوەڵا ئەمە کەسپمانە.

- زۆرر باشە.

ئیلهام – نا باش نییه. لێم دەبووری؟

- ئێوە خەریک بوو بێچارەمان بکەن. ئۆتۆمبێلی کاوە ئەوە لەو لا و ئەی ئەوی تر؟ ئەگەر پۆلیس بە فیتەر بیدۆزێتەوە. چی دەکەن؟

سەری داخست.

- دەزانی چی ئەوەندە تووڕەم ناتوانم بتبەخشم.

ئەمەم وت و هەستام چووم بە دوای کاوەدا.

کەمێک ناو هۆڵەکەم سەیر کرد، چ بەزمێک بوو. لەو تیشکە ڕەنگاوڕەنگانە هیچ شتێک جوان نەدەبینرا. هەر ئەوەت دەبینی شتێک لەو ناوەڕاستەدا خەریکی هەڵبەز و دابەزە.

هەر وا چوومە پێشەوە و ئەم و ئەو لام سەیرکرد، کە لەو لای هۆڵەکە بینیمەوە. لەگەڵ دوو سێ کچ وەستا بوو و قسەی دەکرد.

چوومە پێشەوە و منی دی وتی: - ئەمەیە! نەموت! ئۆرجینالی دراکۆلایە. هی ڕۆمانییە. قەپاڵی وا دەگرێ هەر مەپرسە.

کچەکان دەتگووت جیوەیان تێکراوە هەر دەجوولانەوە. یەکیان وتی:

- هیچ لە دراکۆلا ناچێت.

کاوە – بەهـ بەها! تۆ سەیری ئەو بەژن و باڵایەی بکە جا قسە بکە. بە شەرتی چەقۆ پێتان دەدەم. ئەوە چی دەڵێن؟

یەکیان کە سەیری دەکردم وتی: - ئەمە دڵی نایە پەرداخێک ئاو بخواتەوە. چ بگا بە خوێن.

کاوە – ئاوا سەیری مەکەن! خوێنمژێکی زۆڵە هەر باسی مەکە.

بە لاچاوێکەوە سەیرم کرد و خێرا وتی: - شا ! شا! ئەوە خەریکە تووڕە دەبێت.

یەکیان چاوی بڕییە ناو چاوی کاوە دەستی دەکێشا و دەیوت: - دەبا بڕۆین.

کاوە – برا جارێ ڕاوەستە دوایی دەڕۆین.

- جلەکانی دراکۆلای لێ نایێ خۆ.

کاوە – برا ئێوە چتان داوە لە جلەکانی هەر لە ئێوارەوە گیرتان بە جلەکانی

داوه.

- بەلام زۆر جوان چاکە.

کاوە – ئا بینیتان. خەریکە بەو چاوانەی هیپنۆتیزمتان دەکات.

یەکیان خێرا وتی: - وەی ئەوە من خەریکە دەبوورێمەوە شتی بڵێ با پێبکەنم.

کاوە – بۆ تەڵخەکە؟ برا دراکۆلایە.

- ئەگەر بە ڕاست دراکۆلایە ئەی کوا ددانەکانی؟

کاوە سەیرێکی کردم وتی: - وەلا ددانەکانی لار و گێرن خەریکی ئۆرتودێنسی دەکا کە بەشکەم ڕاست بێتەوە. دوایای دەیکێشین. هەفتەکەی تر بڕیارە ئیمپلێنتی بکەین.

ئەوەی وا گیری بە کاوە دا بوو دیسان دەستی کێشاوە و وتی:

- من زۆرۆم خۆشتر دەوێ. وەرە با بڕۆین.

کاوە – ئەرێ دە وازم لێ بێنە. دوایی.

بە ئەسپایی بە گوێیدا چرپاندم: - ئەرێ بزانە ئەوانەشت بۆ عاقڵ نابێ.

کاوە – تۆ جارێ ئەمانە لە سەر جێی خۆیان بووەستێنە کە دەڵێی جیوەیان تێکراوە. ئەو دەم.

یەکیان کە سەیری دەکردم وتی: - ئەو سرتە و خورتەتان لە چییە؟

کاوە – وتی تۆ جوانی خاوەن ڕەسەنی و بۆ بووکی دراکولا باشی.

لەگەڵ ئەوەی کاوە ئەوەی وت. کچە بە ناوقەتی تێی کووتام و وتی: - وەی خوایە گیان. تۆ زاوام بی مارەییم ناوێ. دەبێ هەر ئێستا بێ قەپاڵم لێ بگرێت.

کچە دیسان دەستی کاوەی کێشاوە و وتی: - نەڕۆین؟

کاوە – ئیشالا دەچینە سەر قەبری من. برا دە ڕاوەستە با ئەم دووانە لێک مارە کەم.

لەم کاتەدا یەکێ لە دواوە منی کێشا. ئاوڕم داوە دیتم ئیلهامە و دەگری.

- بێزاد! تۆخوا وەرە! ژیلایان برد.

من کەمێک سەیرم کرد و کاوە وتی: - بردیان بۆ کوێ؟ کێ بردی؟

ئیلهام کە هەر دەگریا وتی: - دکتۆر دکتۆر.

کاوە – دەی دیارە نەخۆش بووە بردوویانە پزیشک پشکنینی بۆ بکات! ئیشالا هەر چی زووە چاک ببێتەوە.

ئیلهام هاواری کرد: - بردیانە ژێرزەوی لێی بدەن. لە سەر ئۆتۆمبیلەکەی تۆ؟ ئەمەی وت زانیم چ باسە. کاری ڕەزا خۆیەتی. هەر دووکمان وەڕێ کەوتین.

وتم: - ژێرزەوی لە کوێیە؟

کاوە – وتی من دەزانم. ژێرزەوییە.

جا وەرە بێتاقەت بە و پێبکەنە. لە هۆڵەکە کە هاتینە دەرەوە و دەرگا لە پشت سەرمان داخرا. دەتگوت کێوێک لە کۆڵمان هەڵگیراوە.

کاوە – ئایش. لەوێ کەڕ بووم. برا با بچین ڕەزا بدۆزینەوە و لەگەڵ ئەو بچین.

ئیلهام لەگەڵ ئەوەی دەستی ڕادەکێشام وتی: - ئێستا دەیکوژن. تۆ خوا.

کاوە – دەی بە جەحەندەم. سەگبابی ئۆتۆمبێل دز. ئەوە دەیانهەوێ ڕووبەڕووی ئەم دزانە ببنەوە دەبێ بچین نەهێڵین؟ بە خوا نایەم.

- کاوە خۆت کەر مەکە. ژێرزەوی لە کوێیە؟

ئیلهام – ئەم لایە.

لە بیناکە چووینە دەرەوە و چووینە ناو باغ و بردمانیان بۆ شوێنێک پشت بیناکە کە چەند دانە پلیکانی خشتی بوو و چووینە خوارەوە؟

کاوە – ئێستا پزیشکی چییە؟ پسپۆڕە یان نیمچە پسپۆڕە؟

ئیلهام لە بەر دەرگاکە وەستا بووو نەیدەوێرا بێتە خوارەوە وتی:

- هەموو کارەی ئێرەیە. تۆخوا زوو کەن.

کاوە – برا ئەمە پزیشکی پسپۆڕ بێ ئێمە چمان لە دەست دێ ئێمە پزیشکی نیمچە پسپۆڕین.

لە پلیکانەکان کە دەچوومە خوارەوە کاوە بە دوامدا دەهات وتی: - بێزاد – لای ئەو پسپۆڕە نەیقەومێنی حەیامان بچێ. ڕاوەستە هەر سەری پیوە دەنێ.

پلیکانەکانمان ڕەت کرد و لە ڕێڕەوێکی کورت تێپەڕین و گەیشتینە دەرگایەک کە ئیلهام ئاماژەی پێ کرد و من دەرگاکەم کردەوە.

ژێرزەوییەک بوو ڕەنگە دووسەت مەتر. سەقفێکی نزم و چەند دانە کوڵەکەی خشتی. چەند دانە گڵۆپیش بە سەرپێچەوە هەڵواسرا بوو و شوێنەکەی ڕووناک کردبۆوە. یەکەم جار بێدەنگ بوو و لە ناکاو دەنگی قیژەی ژیلا بەرز بووەوە و هاواری کرد: - ئیلهام! ئیلهام!

بەرەو پێشەوە ڕامان کرد کە دیسان قیژاندی: - کاوە! گووم خواردم. کەریەتیم کرد. تۆ خوا!

لە ناوەڕاستی ژێرزەویدا بووین. هەم ئەوان ئێمەیان دەبینی و هەمیش ئێمە ئەوان. ڕاوەستا بوو و هەر دوو دەستی ژیلایان لە پشتەوە بە کوڵەکەیەکەوە بەستبووەوە. دەگریا. یەکێ لە پیاوەکان سۆندەیێک بە دەستەوە و چاوەڕێ بوو.

کاوە چووە پێشەوە و ژیلا بە گریانەوە وتی: - تۆخوا کاوە! تۆ گیان ئەو کەسەی خۆشت دەوێ مەهێڵە لێم دەن. گووم خوارد. خۆ من وتم: دوو سبەی دەیهێنمەوە. ئیلهام قسەیان لەگەڵ بکە. بێزاد تۆ خودا. ئیتر گوو دەخۆم کاری وا دەکەم.

زۆرر بێتاقەت بووم، کە کاوە سۆندەکەی لەو کابرا وەرگرت و وتی: - لێتان دا؟

ئەو کابرا کە بە قەد گایەک دەبوو وتی: - نا! چاوەڕێی دکتۆر بووم.

کاوە – دانەیەکیشت لێ نەدا؟

ئەو کابرا دیسان وتی: - نا!

کاوە – دە هەتا دکتۆر دەهات دوو سێ دانەت لێدایە با دەستت گەرم داهاتبا.

ئەو کابرا پێکەنی و کاوە سۆندەکەی بە دەستەوە بوو و ڕایدەتەکاند و وتی: - دە هاتوو دکتۆر نەهات. چارە چییە؟ لێی دەین و بچینە سەر کارەکەمان. خۆ ئاهەنگ کۆتایی هات.

ئەو دووانە پێکەنین منیش ئەوە بێتاقەت و پێکەنینیشم دەهات. ژیلا سەیری کاوەی دەکرد و دەگریا. ئیلهام دەستی بە دەموچاویەوە گرتبوو و لە سەر عەرزەکە دانیشت و بە دەنگی بەرز دەگریا.

چوومە پێشەوە و سۆندەکەم لە کاوە وەرگرت و فرێم دا ئەو لا و دەنگێک لە

پشتەوە هات: - هێناتان؟

ڕەزا بوو. کە هاتە پێشەوە ئێمەی بینی واقی وڕما و پاش کەمێک: - ئێوە لێرە چی دەکەن؟

ڕانەوەستام و وتم: - ئەشکەنجەخانەت لێرە دروست کردووە. پێت عەیب نییە.

هاتە پێشترەوە وتی: - مەگەر ئەمانە ئۆتۆمبێلەکەتانیان نەدزی؟

بە تووڕەییەوە وتم: - بۆ ئاوا دڕندانە؟

ڕەزا - ئەی خەڵاتیان بکەم؟

- نا وەڵێ ... دە کاوە دەستی بکەوە.

ڕەزا ئاماژەی بەو دووانە کرد و ئەوانیش لە ژێرزەوی چوونە دەرەوە و ڕەزا وتی: - خۆ هیچیان لێ نەهاتووە نەڕە نەڕ چیتە؟

- بیکەوە.

ڕەزا - باش برا باش.

کاوە - چی باشە برا. من شکاتت لێ دەکەم.

ژیلا - کاوە تۆخوا هەر چی بیڵێی بە قسەت دەکەم.

کاوە - نەمهێشت لێت دەن وتم با خۆم لێت دەم. لە بیرتە لە تەلەفۆنەکەدا چیت وت؟ ئەلان کاتیەتی تۆڵەت لێ بکەمەوە. کوا سۆندەکە؟ ئەو سۆندەم بدەنێ بزانم.

وا جیدی قسەی دەکرد کە ئیلهام هاتە پێشەوە و دەستی کاوەی گرت و بە گریانەوە وتی:

- لە من بدە کاوە، من ئێستا سۆندەکە دێنم. لە جیاتی ئەو لە من بدە.

چوومە پشت کۆڵەکەکە و ئەو گووریسانەی وا دەستی ژیلایان پێ بەستبوو کردمەوە. گەڕامەوە ئەم لا و خۆی هاویشتووە باوەشی ئیلهام. توند توند یەکتریان لە باوەش کرد و گریان.

بە لاچاوێک سەیری کاوەم کرد کە کاوە وتی: - ئەرێ خۆ نەتهێشت قەمچیکارییەکی بکەم دە بێڵە با بدەم لە سەر چۆکی.

هەر وا کە سەیرم دەکرد وتی: - با قژی بکێشم دڵم ئەهوەن بێتەوە.

ڕەزا پێکەنی. خۆشم پێکەنینم هات. لە ژێرەزوی هاتینە دەرەوە کە ڕەزا کە بە دوامانەوە بوو وتی:

- جارێ تر ئۆتۆمبێلی دزیەتی بێننە ئێرە ئەهانێ. ئیتر ئەو عانە کەس فریاتان ناکەوێت. حاڵی بوون ...؟

خێرا وتم: - ئەها لە بەر خۆت ئەم کارەت کرد نە لەبەر ئێمە.

گەڕاوە ئاماژەی بە ژیلا و ئیلهام کرد و وتی: - بڕۆن دەی.

ئەو دووانەش بە ڕاکردنەوە لە ژێرزەوی چوونە دەرەوە و ڕەزا وتی: - بێزاد گیان خۆ وا نەکەم ئێرە دەبێتە ئاخوران و بخۆران. ئیتر پاروە نانێکم هەیە لە دەستم دەچێ.

- هەی گوو بەم کارەی دەیکەی. ئاخە تۆ چت لێهاتووە توکەی وا بووی؟. بە ڕاست تۆ هەر ڕەزاکەی جارانی. ناتناسمەوە. ئەو ڕەزایەی خەفەتی بۆ هەموو عالەم دەخوارد. ئەو ڕەزایەی قەڵغانی نەهامەتی هەمووان بوو. ئەو ڕەزایەی ...؟

کاوە هاتە پێشەوە و وتی: - برا ئەو ڕەزایە مرد؟ خوا عافوی کا.

ئینجا ڕووی کردە ڕەزا وتی: - ڕەزاگیان پشکی ئێرە چەندە؟ پشکداری نوێتان گەرەکە؟ پرسگەیی شتێ؟

ڕەزا پێکەنینێکی دەستکردی هاتێ و هیچی نەوت و کاوە دیسان وتی: - گوێ بۆ قسەی ئەمە مەگرە ئەمە پاتاڵە. پارە لە کوێوە دێ و بۆ کوێ دەڕوا. خۆی باوکی کار دەکا و زکی ئەم تێر دەکات. وەرە با قسەی خۆمان بکەین. ئێرە پرسگەی هەیە؟ هەڵبەت ئیشێک لێرە؟ دەبێ مۆدێرن بکرێتەوە. سۆندە و ئەمانە کۆنن. هەڵبەت زۆری کار دەوێ. دەبێ ئامارازی پێشکەوتوو بێنی. لە چین و ڕووسیا بێنە.

گەڕامەوە و لە ژێرزەوی هاتمە دەرەوە. کاوە و ڕەزا هاتن و بە کاوەم وت: - با بڕۆین.

کاوە – ئێستا! جارێ ڕاوەستە. هاتم. با جارێ ئەم کوڵوانەم ڕێک کەم. ئەو کڵاوە لە سەرکەم. ئەم دەمامکە بدەم لە دەموچاوم. نا! لە پێشدا دەمامکەکە لێ دەدەم و دوایی کڵاو لە سەر دەکەم. ڕەزا جوانە؟ سەیرێکم بکە بزانە سەر و





CS CamScanner

سەکتم چۆنە؟

ڕەزا پێکەنی و وتی: - چاکە.

کاوە – بێزاد جوانە؟ کێشەی نییە؟

- بۆ بە تەمای چی بکەی؟

کاوە – بچمەوە سەر ئیشەکەم ئیتر.

- یانی چی؟ ئەوە من دەچمەوە بۆ ماڵ.

کاوە – ماڵەوەی چی خۆ من هێشتا دەوامەکەم کۆتایی نەهاتووە.

- وەرە دەی عەیبە.

کاوە – شا! من کەسێک نیم کە خۆ لە بەرپرسایەتی و ئەرک قوتار بدەم. ئەو کەسەی ئەم جلانەی لە بەرە دیارە مەبەستێکی بووە. منیش کەسێک نیم کە ناپاکی لەگەڵ بکەم. ئەویش لەم شەوە پیرۆزەدا.

ڕەزا سەیرێکی کرد و وتی: - بۆ ئەم جلوبەرگانە کێ پێی دای.

کاوە – شاعەباس. شاعەباسی خواعافوو کردوو. نامەی ئەرکی بۆم نارد کە بچم دەستگرۆیی خەڵک بکەم. شا چەندین کەس چاوەڕێمن کە نەجاتیان بدەم.

ڕەزا سەیری کرد و وتی: - شوورەییە کاوە! ئەمانە حەبیان خواردووە و هۆشیان بەسەرخۆیانەوە نییە.

کاوە – ئەی من کێم؟

- وەرە با بڕۆین.

کاوە – نایەم بۆ کەڵەگاییم لێ دەکەی؟

- هاتی هاتی دەنا خۆم دەڕۆم.

کاوە – بڕۆ. دەتهەوێ ئەم تیکە نانەم لێ ببڕی. من ئێستا لە سەر ئیشم. بۆ نافامی. هەموو ئەمانە پێویستیان بە زۆرۆیە. دەبێ بچم هاریکارییان بکەم.

هات بچێتە ئەو لا. ڕەزا پێدەکەنی و بە منی وت: - دە نیو کاتژمێر تریش لێرە بن دوایی بڕۆن.

بە لاچاوێکەوە سەیرم کرد و وتم: - تۆخوا تۆ هیچ مەڵێ. کاوە! کاوە! ڕام کرد و دەستیم گرت و وتم: - وەرە با بڕۆین. ئێرە بۆ ئێمە نابێت.

کاوە – لاچۆ ئیمپریالیزمی زلهێز. بۆ خۆتت لە هەمووان پێ سەرترە. سەیرێکی بندەستەکانیشت بکە. ئەو لووتبەرزییە گەمژانەت بیشێکنە.

- باشە. ئەوە من دەڕۆم تۆ هەتا هەر کاتێ پێت خۆشە بمێنەوە.

هاتم بڕۆم کە خێرا وتی: - دێم. دێم.

- دە وەرە.

کاوە – شا بێزاد. دڵم مەشکێنە. نیو کاتژمێر. تەنیا نیو کاتژمێر. ئینجا دەستی یەکتر دەگرین و تفێک دەکەم لە دەموچاوی ئەم ڕەزایە و دەچینەوە بۆ ماڵ خۆمان. باشە؟ تۆ گیانی خۆت.

پێکەنیم و وتم: - تەنیا نیو کاتژمێر.

کاوە – نیوکاتژمێر و کاتێکی زیادی.

- باشە دەی.

کاوە – ئەوەندەی چەنە لێ دەدەی کاتەکەکە خەریکە تێپەڕ دەبێت. وەرە با بڕۆین درەنگە.

هەر سێکمان وەڕێ کەوتین و دەورێکی بیناکەمان لێدا کە بینیم ژیلا و ئیلهام لە بەر دەرگاکەن و ئیتر نەدەگریان.

پێیان گەیشتین و کاوە وتی: - ئەوە هەر لێرەین. دا ئەو سۆندەم دەنێ بزانم.

ژیلا سەری داخست! ئیلهام بە ئەسپایی وتی: - نازانین چۆن بڕۆین نە جلوبەرگمان هەیە نە ئۆتۆمبێلێک.

درۆی نەدەکرد هەر دووکیان لەم جلوبەرگە سەیر و سەمەرانەیان لە بەر کرد بوو.

کاوە – دەی بە جەحەندم. هەر لێرە بن و ئەرکێکم هەیە رایدەپەڕێنم و دەگەڕێمەوە.

ئیلهام – ئێرە خراپە کاکە کاوە.

بە ئەسپایی وتم: - وەرنە ژوورەوە.

ئینجا دەرگاکەم کردەوە و ئەو دووانە چوونە ژوور و ئێمەش بە دوایاندا. لە ڕێڕەوەکە تێپەڕین و دەرگاکەمان بە کراوەیی و قەرەباڵغ بینی. مێناز لەوێ بوو

هەر کە ڕەزا بینی ڕای کردە پێشەوە و وتی:
- کەسێک ڕۆی.
ڕەزا سەیرێکی کرد و وتی: - کەی؟
مێهناز – دە خوولەک لەمەو پێش.
ڕەزا – بچین بیدۆزینەوە.
کاوە – چووەتە ژووری و تۆ دەتهەوێ بیبینی. دوای ئەوەش ڕۆی چاوی دەری لە بەرامبەردا سەد دانەی ترمان هەیە.
ڕەزا سەیرێکی کرد و وەڕێکەوت و بە دەم ڕێگا ڕۆشتنەوە وتی: - ئێوە بچنە خوارەوە منیش دوایی دێم.
سەیرێکی مێنازم کرد کە بە دوای ڕەزادا تیژ تێپەڕی. منیش کەوتمە دوایان. کاوەش لەگەڵ ئەوەی بانگی دەکردم بە دوامانداا دەهات.
لەو هۆڵە و ئەوی تر تێپەڕین کە ڕەزا گەڕاوە و بە منی وت: - بۆ کوێ دێی؟
وەڵامم نەداوە و ئەویش وەڕێکەوت و هاتینە ناو نوسینگەکەی، چیمان نەبینی.
هەر ئەو کچەی کە لە خوارەوە حاڵی تێک چووبوو، لە سەر تەرکی عەرزەکەی ڕاکشا بوو و دوو سێ کەسیش لە ژوور سەری بوون.
کاوە لەگەڵ ئەوەی چاوی پێ کەوت وتی: - ماندوویێتی دەردەکا؟
مێهناز بە ئەسپایی وتی: - مردووە.
کاوە – ئەها بەڵێ! ترسام وتم نەکا شتێکی لێ هاتبێت.
دەستی مێهنازم کێشا و وتم: - ئەوە دەڵێی چی مردووی چی و شتی چی؟
مێهناز – سەنکووپی کردووە. ڕەنگە.
بێدەنگ بووم و ڕەزا بە یەکێکی وت: - پشکنیت؟
کابرا سەرێکی لەقاند و ڕەزا وتی: - جارێ شتێک بخەنە ژێری.
چوومە پێشەوە و وتم: - ڕەزا بڵێی مردبێت؟
بە ئەسپایی وتی: - ئا ئێتر مردووە.
زەنگێک لێدە بۆ فریاکەوتن. ڕەنگە زیندوو بێ. ڕەنگە کارێکمان لە دەست بێت.
ڕەزا لەگەڵ ئەوەی سەیری کچەی دەکرد بە ئەسپایی وتی: - خومان

پزیشکمان هەیە.

ئینجا بە ئاماژە هەموو چوونە دەرەوە و هەر سێکمان ماینەوە و من گووڕاندم و وتم: - بووی بە بکووژ؟ پارە لە خوێنی خەڵک دەخۆی؟

سەری داخست و موبایلەکەم دەرهێنا و وتم: - هەر ئێستا تەلەفۆن بکە بۆ ئۆژانسی، فریاکەوتنێ شتێ.

بە ئەسپایی وتی: - جارێ لێی بڕوانە و ئینجا تەلەفۆن بکە.

لەگەڵ ئەوەی موبایلەکەمم بە دەستمەوە بوو چوومە لای کچە و لە پالی دانیشتم و دیسان وتی:

- پزیشک پشکنی. تەواوی کردووە.

قیژاندم وتم: - پزیشک کوا لێرەیە؟

ڕەزا – ئەوەی وا چووە دەرەوە.

کاوە – هەر بە ڕاست دکتۆرە؟

ڕەزا – ئەرێ مۆڵەتی پزیشکایەتییەکەی هەڵوەشاوەتەوە. منیش هێناومەتە ئێرە.

کاوە – ڕەحمەت لەو باوکەت چەندە خەفەتخۆری خەڵکی.

- قوزەڵقورت. جارێ وەخت ئەمانە نییە. بچۆ بیهێنە ژوورەوە.

کاوە – کێ؟

- ئەوەی وا پێی ئێژن دکتۆز.

چووە دەرێ و پاش کەمێک لەگەڵ چەند کەسی دیکە هاتەوە و وتم: - ئێوە پزیشکن؟

سەری لەقاند و وتم: - بیپشکنە.

سەیرێکی کردم و وتی: پشکنیم. مردووە.

قیژاندم و وتم: - دە دیسان بیپشکنەوە.

سەیرێکی ڕەزای کرد و ئەویش ئاماژەی پێکرد و هاتە ژوور سەری کچە دانیشت و نەبزی گرت و وتی:

- ئەمە هیچ.

ئینجا پێڵووی کردووه و وتی: - ئەمەش هیچ.

ئینجا لە گیرفانی فەندەکەی دەرهێنا و لە بەر لووتی گیرساندی و وتی: - دەی ئەمەش هیچ. نە ئەو چڵ لێدەدا، نە ئەو دەبزوێ و نە ئەمیان دەجووڵێت.

مەبەستی نەبز و بیلبیلەی چاو و شۆعلەی فەندەک بوو. لەم کاتەدا کاوە هاتە ژوورەوە و وتی: - ببوورە کاکە پزیشک. ئەگەر ئەمیان لێیدایە و ئەمیان ببزوایە و ئەوی تریشیان بجووڵابایە، ئێستا خۆ لێرە نەبوو و لە خوارە وەک جیوە خۆی بە عەرزەوە نەدەگرت. هەناسەیەکی دەستکردی فشارێکی دڵ شۆکێک شتێکی لێدە.

دکتۆرە هەر سەیری دەکردین و کاوە بە ڕەزای وت: - ئەمە چەندەی پێ دەدەی؟ نیوەی بدە بە من ئەوەی وتی منیش بۆت دەڵێم.

ئینجا گەڕاوە لای پزیشکەکە و وتی: - ئەوە تۆ بۆ ڕیکلامێک ناکەی؟ وەڵا حەیفە خۆت لە خەڵک مەشارەوە. بەم بەهرە و تواناتەوە با خەڵک لێت سوودمەند بن.

دکتورەکە هیچی نەوت و هەستا و لە ژوورەکە چووە دەرەوە. منیش دەستم کرد بەوانەی وا لە فیلم و شتدا بینیبووم و دەستم خستە سەر دڵی کچە فشارم دا! هەتا پێنجم دەژمارد و ئینجا فشارم دەدا. کاوە و ڕەزاش هەر وا لە ژوور سەرم وەستا بوون و سەیریان دەکرد. پێموایە سێ چوار خوولەک تێپەڕی. بەڵام ... کاوە دەستی لە سەر شانم دانا و بە هێواشی وتی: - وازی لێ بێنە.

دوو سێ جار زەختم کردە سەر سینگی. خوا خۆی دەزانێ چەند جاری دیکە خەریک بووم و داوام لە خوا کرد کە زیندووی بکاتەوە. بەڵام نەیکرد.

دڵم پڕ بووم. نەمدەزانی چی بکەم. وازم لێ هێنا.

کچێکی چاو برۆ ڕەش کە قژی بۆیاخ کردبوو. بریا هەر ئەو کاتە وا حاڵی تێکچووبوو کارێکم کردبا.

ئارایشتی ژێر چاوی کاڵ ببووە و تووارەکەی لە ژێر چاویدا کۆ ببووەوە. دیارە بەر لە مردن گریا بوو. هەر دوو دەستی قوچاند بوو. دیارە زۆری ئێش و ئازار کێشا بوو. گیان لە دەستدانی لاوان چەند ئاسانە.

دەنگی دەرگا هات و پاش کەمێک مێناز هاتە ژوورەوە و مەلافەیەکی کردەوە و دای بە ملیدا. لە دواساتدا دیسان دەموچاویم بینی.

مێناز مەلافەکەی دا بە ملیدا و وتی:- هەزار جار وتم نەکەی واز لەمانە بێنە خۆ گوێی نەدەگرت.

سەیرم کرد و بە هێواشی وتی:- کراک، حەشیش و هێرۆیین. هەموو شتێکی دەکێشا.

گەرامەوە و سەیری مەلافەکەم کرد. ئەوشەو دایکی چاوەڕێیەتی کە بگەڕێتەوە. ڕەنگە باوکی خوشکەکەی براکەی.

ئێستا هەر سەیری کاتژمێر دەکەن، کە خوا کەی بێتەوە. نەمتوانی پێش بە خۆم بگرم و گریام.

کاوە هاتە ئەم لام و ڕەزاش هاتە ئەو لام.

پاش دوو خوولەک. ڕەزا دەستی کچەی لە ژێر مەلافەکە دەرهێنا و وتی: - چاو بێزاد. شوێنی ساغ لە دەستیدا نییە. ئەوەندەی دەرزی لێداوە کە دەمارەکانی وشک بووە. ئەمە دەمێکە مردووە. وەلێ ئێستا ئیتر بە یەکجاری مرد. ئەویش لێرە.

سەرم هەڵبری و ئاوی چاومم سڕی و دەستی کچەم خستەوە ژێر مەلافەکەی و ئینجا مەلافەکەم لە سەر دەموچاوی لابرد.

چاوی ئاوەڵا بوو. دەتوت سەیرمان دەکات.

- جا ڕەزا. سەیری کاممان دەکات؟

دیسان دڵم پڕ بوو و وتم: - ڕەزا تۆ بەشێک لە هۆکاری مردنی بووی.

ڕەزا ڕووی کردە ئەو لا.

- باش. ڕوو کە ئەم لا. تۆ بێتاوانی. بەڵام من تاوانبارم. ئەگەر لە خوارەوە کە بینیم حاڵی باش نییە کارێکم کردبایە ڕەنگە ئێستا نەمردایە.

قژیم کە لە سەر دەموچاوی بوو لابرد و وتم: - ڕەزا ڕەنگە ئەمە خوشکی من با؟ ئەگەر خوشکی خۆت با؟ ئەو کاتیش ڕووت وەردەگێڕا. هەر ئاوا خەمسارد دەبووی. ئەم چاوە ناناسی؟ چاو، ڕەزا چاوی لە چاوی کێ دەچی؟ باش سەیری

بکە.

ڕووی کردە ئەو لا.

- ئەم چاوە هەموو خەڵکی دنیا دەیناسن. هەموو خەڵکی دنیا بینیویانە. لە بیرتە؟ لە بیرتە لە بارەی ئەم چاوە چیت وت؟ کەی بوو؟ لە بیرتە؟ ئەو کات لە خۆمان بووی، بەڵام ئێستا سەر بەوانی. ڕەزا قسە بکە. خەریکە سەیری کێ دەکات؟

لەم کاتەدا کاوە بە هەر دوو پەنجەی چاوی کچەی قووچاند. کاتێک پەنجەی لە سەر چاوی هەڵگرت چاوی ئیتر ئاوەڵا نەبوو. فرمێسکی چاوی سڕی و هەستا و وتی: - نیو کاتژمێر تێنەپەڕی وەرە با بڕۆین.

سەیرێکی ڕەزام کرد، کە هێشتا لەوێ دانیشتبوو و دانەویمەوە مەلافەکەم بە دەموچاویدا دا و بینیم مێهناز پاڵی بە دەرگاکەوە داوە و دەگری.

ویستم شتێک بە ڕەزا بڵێم کە خۆی لە کاتێکدا کە سەری داخستبوو وتی: - سەیری من دەکات.

هیچم نەوت و لە بەر دەرگاکە بە مێهنازم وت: - ڕەزا تەلەفۆنی ئێمەی هەیە. چ خۆت و چ هەر کام لەم کچانەی کە لێرەن. ئەگەر ویستیان لێرە بێنە دەرەوە زەنگێکم بۆ لێدە. هەتا ئیشێک دەدۆزنەوە من هەموو خەرجەکانتان دەدەم.

ڕەزا دەگریا. بەڵام خۆی دەرنەدەخست.

دەرگاکەم کردەوە و کاوە وتی: - ڕەزا تەلەفۆنت بۆ دەکەم کارم پێتە.

ڕەزا سەرێکی لەقاند. کاوە بێدەنگ بوو و ئینجا وتی: - سەیری ئێمەی دەکرد. سەیری ئەو بێ ویژدانەی دەکرد وا گەیاندمانییە ئەم ڕۆژە ڕەشە. من ئەمەم لە چاوی خوێندەوە.

هاتمە دەرەوە و کاوە بە دوامدا.

گەیشتینە ناو هۆڵەکە دیتم ژیلا و ئیلهام لە شوێنێکدا پاڵیان بە دیوارەکەوە داوە. ئێمەیان دی هاتنە پێشەوە. کاوە وتی: - وەرن.

هەر چوارمان چووینە ناو باغەکە. ئیلهام بە ئەسپایی وتی: - جلوبەرگەکانمان لە ناو جانتایەک لە ناو ئۆتۆمبێلەکەیە.

چووینە لای ئۆتۆمبێلەکە و کاوە دەرگاکەی کردەوە و جانتاکەی پیدا. تیژ چوونە ژوورەوە و پاش چارەکێک گەڕانەوە. جلەکانیان گۆڕی.

بالماسکە کۆتایی پێ هاتبوو. ژیانی دوانە یان فرەچەشن.

تاقەتم نەبوو لەگەڵ ئیلهام قسە بکەم. یانی تاقەتی دواندنم نەبوو. ئاماژەم بە کاوە کرد ئەویش هەر دووکیانی سواری ئۆتۆمبێلەکە کرد و ڕۆشتین و لە باغ دەرچووین.

لەگەڵ ئەوەی دەڕۆشت. گەیشتینە سیڕای سابیق. ئێستا پێی دەڵێن جمهووری. کۆڵان بە کۆڵان ڕۆشتین تا گەیشتینە ماڵێکی کۆنی دوو نهۆمی و پاش کەمێک ژیلا دابەزی و کاوە وەڕێکەوت. ژیلا دەستێکی لێمان هەڵتەکاند و منیش بە سەر وەڵامم داوە.

لە من وا بوو پاش کەمێک ئیلهامیش دادەبەزێت. بەڵام وا نەبوو.

کاوە چووە وەلیعەسر و هەڵکشایە سەر. هەر چاوەڕێ بووم بای بدا. بەڵام هەر وا دەڕوی. پارکی ساعیمان تێپەڕاند و زەنگێکم بۆ کاوە لێدا: - کاوە ئەوە دەچی بۆ کوێ؟

کاوە – ئیلهام دەگەیێنم.

- کوێ؟

کاوە – نازانم هەر دەڵێ بڕۆ.

- دەی لێی بپرسە ماڵیان لە کوێیە؟

کاوە – ماڵتان لە کوێیە؟

پاش کەمێک بێدەنگی کاوە وتی: - زافەرانییە. دەڵێ زافەرانییە.

کەمێک بێدەنگ بووم و ئینجا وتم: - تۆ بێژی ڕاست بکات؟

کاوە – چووزانم. ئاشکرا دەبێت.

تەلەفۆنەکەم داخست و "وەنەکمان" تێپەڕاند. ئینجا چوارڕیانی پارکی ویرۆ و پاشان کاوە بایداوە.

پاش چەند شەقام و کۆڵان لە کۆڵانێکی لاوەکی جوان، لە بەر دەم ماڵێکی دوو نهۆمی ڕایگرت. منیش لە دوایاندا ڕامگرت. پاش کەمێک ئیلهام لە ئۆتۆبێل

دابەزی. سەیرێکی منی کرد، کە من ڕووم کردە ئەو لا. ئەویش نەهاتە پێشەوە و چووە ئەو بەر و پێموا کلیلەکانی دەرهێنا و دەرگای ماڵەکەی کردەوە. سەرم وشک بوو یانی ماڵەکەی لێرە بوو. ماڵەکەیان لێرە بوو یان ...؟

ئاوڕی داوە و سەیرێکی منی کرد. کاوە وەڕێکەوت و مینش بە دوایا. لە دواچرکەدا سەیرێکم کرد.

بریا وا نەبا. زۆرم خۆش دەویست.

نزیکەی چارەکێک گەیشتین و ئۆتۆمبێلەکەمان هەر لەو شەقامەدا پارک کرد و دابەزین و کاوە وتی:

- پێت خۆشە بێیتە لای من؟

- نا دەچمەوە ماڵ خۆمان. دەمامک و شمشێر و کڵاوەکەت کوا؟

کاوە – لە ناو ئۆتۆمبێلەکەیە. خۆ بە کەڵک نەهات. ڕووم ڕەش بێ شاعەباس.

- بۆ بە کار نەهات ڕەنگە بێ کەسێکت ڕزگار کردبێ. لەوانەیە چووبێتنە سەر ژیانیان و ئیتر بە لای ئەم شتە خراپانەدا نەیەن و توخنی نەکەون.

کاوە – باسی ئەوە ناکەم. باس خۆم دەکەم. وتم: ئەمشەو ڕایدەبوێرین. جا چی لێ هات. دەبێ بیر لە سبەینێمان بکەینەوە. بۆ سبەینێ دەچم ڕایدەبوێرم.

- کێ کەڕەی بەیانی دەچێ بۆ ڕابواردن.

کاوە – دکتور وتی: هەموو شتێک بە نەخورێنی باشە. جارێ خوات لەگەڵ.

- کاوە ئەگەر بمانبردایە بۆ نەخۆشخانە ڕەنگە ...

کاوە نەیهێشت قسەکەم بکەم وتی: - مرد کاکە بێزاد. ئێمە گاڵتەمان بە پزیشکەکە دەکرد. دەنا مردبوو. مرد و نەجاتی بوو. ئەوە گیرام ساڵێک زیاتر بمابوایە. ئاخە ئەوە ژیان بوو ئەو کچە کردی؟ ژیان ئەو کاتە خۆشە کە دڵت خۆش بێت. خۆ ئەمە ژیان نییە. تەنیا هەناسە کێشانە. بچۆ ناو پێخەفەکەت بتوپە و بیری لێ مەکەوە. بیر لەوە بکەوە سێ کچمان ڕزگار کرد، ئیشاڵا دەبنە بەشەر و سەر دەکەون. گەورەیی لە ڕوانینتدا بێ نەک ئەوەی سەیری دەکەی.

پێکەنی چووە ماڵی خۆیان. منیش دەرگاکەم کردەوە و چوومە ژوورەوە.

*****

کاتژمێر هەشتی بەیانی بە زۆری لە خەو هەستام و تەلەفۆنێکم بۆ باوکم کرد و هەڵمساند، چوومە گەرما و دوایا چوومە نهۆمی خوارەوە و دایکم کەمێ بۆڵەی کرد و نانی بەیانانمان خوارد، سواری ئۆتۆمبێلی کاوە بووین و چووین بۆ کارگە.

لە ڕێگادا بە کاوەم وت: - چیت لە جلەکانی زۆرۆ کرد؟

کاوە – لە ناو کومێدەکەمە.

- بەڵام لێت دەهاتەوە.

کاوە – گیانی من بە ڕاستە؟

- کاوە. ئەرێ بە ڕاست ئێمە لەوانەمان بۆ نییە.

کاوە – ئەی ئەم هەمووە کەڵە پیاوەمان هەیە، گەڵا چەوەندەرن؟ هەموو سووپەرمان و زۆرۆن؟ هەر ئەوەندە پێیان وتراوە جلی ئەمانە لەبەر مەکەن. قات و پانتۆڵ باشترە. گەرەکیان نییە دوو ڕوویی بنوێنن.

پێکەنیم و وتم: - باوەڕ ناکەی؟ برا گیان ئەمانە بۆ خۆیان سووپەرمانێکن، ئەو سەری نادیار. هەر مەپرسە. خوایە گیان بە خاتر ناوە جوانەکانت و سیفاتە بەرزەکانت، هێزی ئەم سووپەرمانانەمان زۆ زیادکەی، با سوپەرمانەکانی ئەمریکا تەریق ببنەوە. ئامین یا ڕەبەلعالەمین.

پێکەنیم و وتم: - لە جەفەنگ و شۆخی دەرچێ. هەر بە ڕاست بۆ نیمانە؟

کاوە – لەبەر ئەوەی ئەوە کلتووری ئێمەیە. ئێمە قارەمانکوژی و مردوو پەرستین. بەڵام ئەوان قارەمانی خۆیان خۆش دەوێت.

پاش کەمێک وتم: - کەی پەیوەندیی بە ڕەزاوە دەکەی؟

کاوە – تەلەفۆنی بۆ دەکەم.

- بۆ وای لێهاتووە؟

کاوە – ئەویش خۆی قارەمانێکە. ئەلان بووە بە شیاکە.

هیچم نەوت هەتا گەیشتینە کارگە. کاوە ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و وتی:

- ئەورۆ هیچ تاقەتی ئیشم نییە. ئەی تۆ؟ خۆ هەینیانە بۆ ئیش نابێت.

- دەنا تۆ هەموو ڕۆژێ ماندووی ئیشی فەقیرەکە. ئەورۆ مادەی سەرەکی دێن بۆ کارگە. باوکم و مامم هاتوون.

کاوە – ڕاوەستە.

مووبایلەکەی دەرهێنا، وتم: - بە تەمای چی بکەی؟ بڕ و بیانووی قوڕ مەهێنەوە وەک ئەو ڕۆژەی لێ دێت.

کاوە – نا تۆ هیچ مەڵێ.

ژمارەی تەلەفۆنی کارگەی گرت و دەنگی گۆڕی و دەسماڵێکی نا بە دەمییەوە و وتی:

- سڵاوتان لێ بێ.

نازانم لە پشت تەلەفۆن کێ قسەی دەکرد و کاوە وتی: - سڵاو خوشکی من.

هەر قسەکانی کاوەم دەبیست.

- ادخل واحد بمب قوی فی کل الکارگە!

- انت لا تکرار! انا تکلم فقه. انت استماع.

لا لا! واحد بمب. المنفجر. الکل الناس لت و پار! التعطیل! التعطیل! المرخص الکریکاران.

خێرا موبایلەکەی داخست و وتی: پێموا هەموو دەڕژێنە دەرەوە. وەرە با بڕۆین.

ڕۆشتین و نگابان سڵاوێکی لێ کردین و دەرگاکەی کردەوە و وتم: - کاوە تۆخوا تۆ لە کێ دەچی!

کاوە – برا گیان لە هەموو دنیادا کارگەکان ڕۆژ نە ڕۆژێ کار دەکەن. ناکرێ هەموو ڕۆژێ بچینە سەر کار. ئەویش لەو زەختەی وا ئێستا لە سەر شانمە.

چاکە جار جار دێینەوە ماڵ و سەیری تەلەڤیزیۆنی خۆمان دەکەین و ماندوویێتیمان دەحەسێتەوە.

پێکەنیم و وتم: - تەلەڤیزۆنی خۆمان؟

کاوە - کەناڵەکانی خۆمان ئەوەندە خۆشە کابرا دڵی نایە هیچیانی لە کیس بچێت.

چووینە کارگە و کاوە ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و چووینە سەر و باوکم و مامم خەریک بوون لەگەڵ سکرتێری کارگە قسەیان دەکرد.

کاوە - ئەی بۆ دەڵێی هیچ ڕووی نەداوە دە برۆن چۆڵی کەن.

گەیشتینە لایان و سڵاوم کرد و وەڵامی سڵاوەکەمیان داوە و دیسان دەستیان کردەوە بە قسە کردن. کاوە وتی: - چ بووە؟

- یەکێ زەنگی لێداوە و هەندێ شتی وتووە.

کاوە - چی وت؟

- دەیوت لە ناو کارگەدا بۆمبیان چاندووە.

کاوە - بۆمب؟ باوکەڕۆ. ماڵی وێران خۆم. ئێوەش بۆم پان بوونەتەوە.

مامم سەیرێکی کرد و وتی: - هەرا هەرا.

کاوە - دەنگی چۆن بوو؟ یانی بنزاراوەی هەبوو؟

سکرتێری کارگە کەمێک تێڕاما و وتی: - بەڵێ بنزاراوەی قەزوینی هەبوو.

پێکەنینێک گرتمی هەر مەپرسە. کاوە سەیرێکی کرد و وتی: - شتی وا چۆن دەبێ دادە سکرتێر؟

سکرتێری داماو ماق ماق سەیری کاوەی دەکرد.

- وەڵا هەر دەیوت ئەلبۆب. ئەلمونفەجر. ئەلتعتیل.

کاوە - ئەمە بنزاراوەی قەزوینییە.

سکرتێر - زۆر هاوشێوە بوو.

کاوە - دادە گیان. کاتێ ئەلف و لام دێنە پێشەوە ئەوە یانی عەرەبییە و نە قەزوینی. عەرەبیش کە لەگەڵ بۆمب هات ئەوە یانی ئەلقاعیدە، تالیبان. باوکە گیان ئەمە چییە داتانمەزراندووە. ئەوە وتوویەتی کارگە داخەن.

خاتوو سکرتێر وتی: - نا! نا! دەیوت ادخل یانی وەرنە ژوورەوە.

کاوە – ئاخە کامە تالیبان و ئەلقاعیدە بۆمب لە شوێنێک دادەنێ و ئینجا هەمووان بانگهێشتی ئەو شوێنە دەکات.

سکرتێر گێژ ببوو و وتی: - ڕەنگە لە دەرەوە بۆمبەکەیان چاندبێ و وتبێتیان بچنە ژوورەوە با کەس زیانی پێ نەگات.

کاوە سەیرێکی کرد و وتی: - دادە تۆ بۆ لێرە دامەزراوی. تۆ بەم زانیارییانەتەوە دەبا بچوبایەتە CIA و پێشی ئەم ئەلقاعیدانەت گرتبا کە بۆمبڕێژی نەکەن.

باوکم و مامم پێکەنین و کاوە وتی: - برا بیرێک لە ئێمەش بکەنەوە. خوا نەکا خوێن لە لووتی کەسێک بێ بەرۆکی کێ بگرین. گوێ بە قسەی ئەم دادەیە مەدەن. کابرا وتوویەتی ادخل واحد بمبم القوی فی کل الکارگە.

خاتوونی سکرتێر وتی: - ئەرێ ئەرێ هەر ئەمەی وت.

کاوە – ئینجا نەیوت الکل الناس لت و پار؟

خاتووتی سکرتێر وتی: با با وای وت.

کاوە – دە کەی ئەمە بنزاراوەی قەزوێنییە.

مامم گەڕاوە سەیرێکی کاوەی کرد . باوکم پێکەنی. خاتوونی سکرتێر تازە لێی حاڵی بوو باسەکەیان چییە، دەستی کرد بە پێکەنین و وتی: - ئێوە بوون؟

کاوە – بەڵێ. هەڵبەت ببوورە کە بنزاراوەی قەزوێنیم هەیە. لەم ماوەی دوایدا چووینە ڕیزەکانی ئەلقاعیدەوە بۆیە عەرەبیمان زۆر باش نییە.

سکرتێر دیسان پێکەنی و کاوە گەڕاوە بە مامی وت: - چۆڵی ناکەن؟

مامم هەر وا سەیری کرد و باوکم بە زۆری دەیویست پێش بە پێکەنینی خۆی بگرێت و وتی:

- کاکە تۆ برۆ خۆم ئامۆژگاری دەکەم.

مامم وتی: - ئەگەر ئەوشەو داخم نەکردی کوڕی باوکم نەبم.

باوکم ژێر باڵی گرت و لەگەڵ خۆی بردی. بەڵام مامم هەر دوو سێ هەنگاو دەڕۆیی و ئاوڕێکی دەداوە و لە بنەوە شتێکی دەوت نازانم چی بوو بەڵام

یەکیانم بیست کە وتی: - کوڕ کەر.

دووهەمیانی کەمێک دوور کەوتەوە وت و کاوەی وتی: - ئەمە یانی تووتکە سەگ. ئا ئەمەیان یانی جاشکە کەر.

من و سکرتێر هەر پێدەکەنین و لە دوورەوە بینیمان باوکم و مامم خەریکن پێدەکەنن.

کاوە گەڕاوە و سەیرێکی سکرتێرەکەی کرد کە ئەویش خۆی کۆ کردەوە و ڕاوەستا و کاوە وتی:- ناوت چییە؟

- شەکرابی.

کاوە – نا. دایکت لە ماڵەوە بە چی بانگت دەکات.

خاتوو شەکرابی پێکەنی و وتی:- سیما.

کاوە – نا وا ناڵێم. مەبەستم ئەوەیە کە بە عەشق و سۆزەوە بانگت لێ دەکات؟

خاتوو شەکرابی لە کاتێکدا کە پێدەکەنی و دەشترسا وتی: - نازانم بە خوا. سەرنجم نەداوە.

کاوە – من دەزانم. پێت دەڵێ سیماگیان. دادە گیان. کچە زیرەکەکەم. چاوەکەم. شەکراوەکەم. چووەتەوە سەر خاڵۆ گیانی خۆی. وەک خۆی بیرتیژە.

خاتووی شەکرابی هەر پێدەکەنی و سەری داخست و هیچی نەوت.

کاوە – باشە ئەوە ئەوڕۆ باوکم داخم دەکا. من چ قوڕێ بگرمەوە و بیکەم بە سەری تودا؟ ها پێم بڵێ.

دەڵێم مانگێ مووچەت نەدەنێ. با باوک و دایکی تۆش تۆ داخ بکەن با بزانی ئاخی دایک و باوک چی بە سەر منداڵ دێنێ با عەقڵت پێ بشکێ بە زمانی عەرەبی نەڵێی بنزاراوەی عەرەبی.

خاتوو شەکرابی بە پێکەنینەوە ڕۆشتە دەرەوە و وتی: - دەبێ لە بەیانییەوە فێری زمانی عەرەبی بێ. حاڵی بووی؟ هەموو بەیانانێک دێم لێت دەپرسمەوە. گەوجە کچ.

خانمی شەکرابی تیژ ڕۆی و چووە ژوورەکەی و کاوە وتی: - تۆ خوا کابرا

لەمە باشتر عەرەبی ئاخافتن دەکات. ئێستا من دەبێ بەم لەشە کز و لەڕەمەوە هەتا شەو کار بکەم.

هەر دووکمان چووینە نووسینگەکەمان. من و کاوە نووسینگەیەکی گەورەمان هەبوو. مێزی ئەو لەو لا و هی منیش لەم لا.

چووینە ژوورەوە خانمی تابەندەی سکرتێرەکەمان قرچە پا هەستا و سڵاوی کرد و کاوە وتی:

- خێرا بڕۆ دوو دانە نان و پەنیرێکمان بۆ بێنە با بیخۆین، چوون گەرەکمانە کار بکەین. چاشت لە بیر نەچێت.

بە جووتە چووینە ژوورەکەمان و کاوە لە پشت مێزەکە دانیشت و وتی:

- کاتژمێرێک خەریکی نان لەوەڕاندن دەبین و پاشماوەی ڕۆژ ئیش دەکەین.

- ئا بەڵام دەبێ بە ڕاستی ئیش بکەین.

کاوە – دە ئا ئیتر. بەڵام پرسیار ئەوەیە چی بکەین؟

سەیرم کرد و وتی: - نا هەر بە ڕاس ئەوە نان و پەنیر و کەرەشمان خوارد و چایەکیشمان کرد بە دوایدا، دوایی چی بکەین؟

- دەی ئێستا زەنگ بۆ باوکم لێ دەدەم. دیارە کار زۆرە کە دەتوانین بیکەین. هەمووی خەتای تۆیە. هەتا ئێستا هەرچی کارمان بووە ئەو تابەندە داماوە کردوویەتی. ئێستا ئیشمان پێ نادەن. بووینەتە منداڵی ناو کایەی گەورە.

کاوە – بە خوا ڕاست دەکەی. خەریکە پێگە و شانمان لە کارگە لە دەست دەدەین.

- بەتایبەت بەم کارانەی وا تۆ دەیکەی. دەریشمان نەکەن لە پیاوەتی خۆیانە. دەرمان بکەن چی بکەین؟

کاوە – کوڕە نا. لە ئێستا بە دەواوە دەمەوێ ببمە کەسێکی کاریگەری ئەم کارگە.

کەمێک بیرم کردەوە بەڵام هیچ بە مێشکمدا نەهات.

کاوە – ها دیتت. جا مامم و باوکم هەر دەیانهەوێ من و تۆ خەریکی تەقەڵا بین. هەموو بەیانانێک دەمانهێننە ئێرە بۆ ئەوەی وەک کلک بە شوێنیانەوە بین.

- ئەگەر من و تۆ گوێرایەڵیان باین ئەلان متمانەیان پێمان بوو و ئیشیان پێمان دەدا.

هەر لەو کاتەدا مەشەدی عەبە لە دەرگای دا و بە سینییەکی گەورە هاتە ژوورەوە و سڵاوی کرد و سینییەکەی لە سەر مێزەکە دانا و وت: - هەتا چاییەکە سارد نەبووەسەو بیخۆنەو.

کاوە – مەشەدی عەبە ئەوە لەم کارگە کێ لە هەموو زیاتر کار دەکا؟

مەشەدی عەبە سەیرێکی کرد و وتی: - جا چە بێژم برا؟

کاوە – پێم خۆشە ڕاستییەکەی بڵێی؟

مەشەدی عەبە قاقایەکی کێشا و وتی: - نازانم چە بێژم.

کاوە – ئەگەر نەیڵێی پێشینەیەکی خراپت بۆ دەنووسم. مەشەدی عەبە – کوڕە نۆکەرتم.

کاوە – دەی بیڵێ.

مەشەدی عەبە – چی بێژم؟

کاوە – دەیڵێی یان هەستم بۆت؟

مەشەدی عەبە – وەبان چاو.

کەمێک بیری کردەوە و وتی: - هەر ئێرە یان گشت کارگەکە.

کاوە – نا ئێرە تەنیا.

دیسان بیری کردەوە و وتی:- پێموا خانم تابەندە.

کاوە – بۆچی؟

مەشەدی عەبە – کاکە چاییەکەتان سارد ئەوێتەو. بیخۆنەو.

کاوە – باشە بۆچی خانم تابەندە؟

مەشەدی عەبەی داماو سەیرێکی منی کرد و منیش وتم: - مەشەدی عەبە ئێمە بە نیازین لەم کارگە کار بکەین. دەمانهەوێ بزانین بۆ بەرەو پێشخستنی ئەم کارگە چی بکەین؟

مەشەدی عەبە پێکەنی و کاوە وتی: - هەی ماڵت نەشێوێ هەر پێدەکەنی.

مەشەدی عەبە – کاکە بە خوا ئەترسم لێم تووڕە ون.

کاوه – نا خاتر جەم بە. بیلیٰ.

کەمێک وەستا و وتی: - خانم تابەندە گشت کارەکان ئێوە ئەکا. بێ ئەوەی پێتان بێژێ.

کاوە – باشە بۆ؟

دیسان پێکەنی و کاوە وتی: - دیسان پێکەنی.

مەشەدی عەبە – ئاخە خۆتان پێتان وت لای ئێوە باس کار نەکات.

گەڕامەوە و سەیرێکی کاوەم کرد و کاوە تیژ وتی: - من کەی وتم:؟

مەشەدی عەبە – تۆ خوا برا وازم لێ بێرە.

- باشە دەی. بچۆ خانم تابەندە بانگە بکە بێتە ئێرە.

مەشەدی عەبەی لە خوا ویستوو تیژ چووە دەرەوە و پاش کەمێک خاتوو تابەندە کە کچێکی تەمەن ٢٤ ساڵە بوو هاتە ژوورەوە و وتی: - کارتان بوو؟

تا هاتم شتێک بڵێم کاوە وتی: - بە نیازین دەستخۆشیت لێ بکەین بۆ ئەوەی ڕاستگۆیانە خەریکی ئیشی. ئافەرەم. ئافەرەم.

سەیرێکی کاوەم کرد و وتی: - چاکە بوو بە دەمی مردوو. ئەمە ڕزقی خوایە. زوو وەرە. خوانەکە با هەر وا نەمێنێ دەنا شەیتان لە سەری نان دەکا بە قوزەلقورتی.

خاتوو تابەندە پێکەنی و وتم: - خانمی تابەندە تکایە کاری ئەورۆ با ئێمە بیکەین.

گەڕاوە و سەیرێکی کردم و ئینجا پێی وتم: - خۆم دەیکەم ئێوە ئاسوودە بن.

- نا تکایە بیهێن.

داماوی هەناسە سارد کەمێک بێدەنگ بوو، چووە دەرەوە و منیش بە کاوەم وت:

- کاوە دارزە. پێت عەیب نییە ئەو کارانە هەموو بەو کچە بەستەزمانە دەکەی؟

کاوە – خەم مەخۆ کوڵێ پارە و پاداشتی پێ دەدەن.

لەم کاتەدا خانمی تابەندە بە فایلێکی ئەستوورەوە گەڕاوە و هات بچێتە لای

کاوە و کاوە خێرا وتی:

- خۆ ئێرە جێ نییە ئەم سینییە زلە نابینی.

هاتە لای من و دۆسییەکەی لە سەر مێزەکەی من دانا و وتی: - یەکسانسازی پێشنیارەکان. دەبێ بە وردی هەمووی چێک بکەیتەوە کە هەڵەیەک ڕوو نەدات.

سەرم لەقاند و دەستخۆشیم لێ کرد و چووە دەرەوە و کاوە وتی:

- خوا بتکوژێ بێزاد. من هەر ژیانت بۆ خۆش دەکەم و هەر تۆ گووی تێکە.

- وەرە با دەست پێ بکەین کەرەکەر مەکە. مەگەر ناتهەوێ ببییە کەسێکی کاریگەر لەم کارگەدا.

سەیرێکی کردم و ئینجا هەستا سەر پێ و دوو بابۆڵەی گەورە گرت و هاتە سەر مێزەکەم و بابۆڵەیەکی پێدام و لەگەڵ ئەوەی گازێکی لێگرت وتی: - هەواڵی مەرگمان هات.

بابۆڵەکەی نزیکەی پازدە سەنتیمەتر بوو. لێم وەرگرت و وتم: - ئەمە چۆن بخۆم. دا چایەکم دەیە.

کاوە – ئەستەغفیرەڵا.

ڕۆشت و دوو چای تێکرد و هێنای و لە سەر مێزەکەی دانام و خۆشی لە سەر کورسییەک دانیشت. گازێکم لە بابۆڵەکە گرت و وتم: - شتێک بڵێم دوێشەو هەر نەخەوتم.

کاوە – منیش.

- هەر بیرم لای ئەو کچە بوو. پێم خۆش بوو زووتر لەگەڵ ئەو ڕەزا قسەم کردبا.

کاوە – منیش.

- پێم خۆشە بزانم ئەو ڕەزایە بۆ بووە بەو ڕەزایە.

کاوە – منیش.

- ئەرێ دەرد و منیش. وەک بەشەر قسە بکە.

کاوە – دە ئەو کات چۆن ئەم بابۆڵە بخۆم؟

- دەی دوایی بیخۆ.

کاوە – درەنگە فریای کار ناکەوین.

- ئەلان دایک و باوکی لە چ حاڵێکدان؟

کاوە – کرتە قوزەڵقورتم. ئەرێ دێلی نانەکەمان بخۆین یان نا. چاکە بوو بە دەمی مردوو ئەوەندە ساردە. هەر لە بەیانی خەریکی ئیش و کارم.

گازێکم لە بابۆڵەکە گرت و وتم: - تەلەفۆنێک بۆ ڕەزا بکە کە لە شوێنێکدا یەکتر ببینین.

کاوە لەگەڵ ئەوەی نان و پەنیری دەخوارد وتی: - باش.

- دەبێ هەوڵ بدەین کارێکی بۆ بکەین.

کاوە – باش.

- هەر ئەمڕۆ تەلەفۆنی بۆ دەکەین.

کاوە – باش.

- لەوانەیە ڕوومان پێنەدا. دەبێ بچینە ئەو باغە.

کاوە - باش.

- زەهرەمار و دەرد.

دیسانیش لەگەڵ ئەوەی دەیخوارد وتی: - ئەوڕۆ ئیرادم زۆر لێ دەگری. کرتە قوڕە دەردم. برا دە دەقە گوو مەخۆ با ئەم نانی بەیانیانە بکەمە دەردم.

- خۆ ئێمە نانی بەیانیمان خواردووە.

کاوە – نانی کارمەندی شتێکی ترە.

- کاوە؟

کاوە – گیانە.

- بڵێی ئەو ماڵەی ئیلهام چووە ناویەوە کوێ بێت؟

کاوە – ماڵێکی گەورە و باش.

- دەست خۆش بێ. خۆشم دەزانم ماڵێکی خۆش بوو. دەڵێم ئەو ماڵە ماڵی خۆیان بوو؟

کاوە – چووزانم.

- بریا وا نەبا. ئەگەر هۆشت ببوایە ئەگەر وریا سوویچەکەت بای ئەمە ڕووی

نەدەدا.

سەیرێکی منی کرد و وتی: - ئەو کچە تیوە مارە لە خشتەی بردم. خەتای منە.

- دوێشەو چەند جار داوای لێبووردنی کرد.

کاوە – گووی خوارد. من نەگەیشتایەم بە سوندە ڕەش و شینیان دەکردەوە.

- حەزت لە ژیلا نییە؟

کاوە – کوڕە وێڵی کە دزە.

- نانمان تەواو بوو؟

کاوە – کوڕە با ئەو هەمووە ماوە.

- بابۆڵەیەکی دیکەشم بۆ بگرە.

کاوە – وا دیارە باش دەخۆی کە باش کار بکەی.

چوو دوو بابۆڵەی گرت و هات و یەکیانی پێدام و وتی: - ئیلهام بێتاوانە.

کاوە – جێگری کاروباری تاوان بوو.

- کوڕە نا. هەر نەهاتە ناو باسەکە.

کاوە – بریا دوو هێلکەیان هێنابا و هێلکەو ڕۆنێکمان ساز کردبا.

- عەیبە ئێستا داوای بکەین.

کاوە – ماڵتە مەشەدی عەبە نەیکردووە بڕێ هەنگوینیش بێنێت. کابرا هەتا نیوەڕۆ دادەهێزرێت.

- ئەیچی. بەڵام لە سبەینێوە. ئێستا عەیبە.

کاوە – سبەی هەم هەنگوین و مرەبا و هەمیش هێلکەوڕۆن. پێت چونە؟

- باشە. زۆر خۆشە.

کاوە – سەروپێ خۆشە نا.

- ئەرێ، بەڵام لێرە شتی وا نییە.

کاوە – لە سەر ڕێگە دەیکڕین.

- ئەرێ.

کاوە – حەلیماو خۆشە.

- خۆ هەموو ڕۆژێ نابێ.

کاوە – دەبێ بەرنامەی بۆ دادەنین. بابوڵەیەکی تر دەگرم.

- دەست خۆش بێ!

لەگەڵ ئەوەی دەچووە لای مێزەکەی وتی: - شەممە سەر و پێ، سێشەممە حەلیماو.

- ئەرێ دەبێ ناوەڕاستەکەی مەودای تێکەوێت.

کاوە – یەکشەممە هەر نان و پەنیر و کەرە. بەڵام لەگەڵ هەنگوین. دووشەممەش هێلکەو ڕۆن یان هێلکە و تەماتە. هێلکەوتەماتە بەیانیان شتێکی ترە. هەر چوارشەممە دەمێنێ.

- چوارشەممە قاوە لەگەڵ کێک و بیسکیت دەخۆین.

کاوە – نا ئەوە لووسکانەیە. بەیانان دەبێ شتی خۆماڵی بخۆین. حەزم لێ نییە شتی کۆنی خۆمان نەخۆین.

- ڕاست دەکەی. وایە.

کاوە – چات بۆ تێکەم؟

- نا، خۆم تێی دەکەم. کووپەکەتم دەیە.

کاوە – دەستخۆش. قاوە و کێک کاتژمێر دە و نیو باشە.

- دەڵێن ئینگلیزییەکان وا دەکەن. دەی بەیانی، قاوە لەگەڵ بیسکیت و پێنجی پاشنیوەڕۆ لەگەڵ چا دەیخۆنەوە.

کاوە – بتەقی یارەبی. ئەی کەی کار بکەین؟

- نازانم بۆ تێر ناخۆم؟ شەکریشیم تێکرد.

کاوە – دەستت خۆش بێت. ئەمریکییەکانیش وان. کە دەبێتە دەی بەیانی دایک و باوکیان هەتا قاوە نەخۆنەوە خۆ سڵاوی بەیانیان ناکەن. خۆ ناحەقیشیان نییە. کارمەند دەبێ بە زکی تێرەوە ئیش بکات.

- پەنیرەکەیان سوێرە؟

کاوە – پەنیری سەلک خۆشە.

- دەبێ پێشترش لە ئاودا بخووسێنرێ.

کاوە – خۆ پیاو ناتوانێ ئەمانە لای مەشەدی عەبە بڵێ.

- حاڵی بووم.

کاوە – باشە شوکر حاڵی بووی.

- بۆ چوارشەممە. هێلکەی نیوکوڵ.

کاوە – زۆر چاکە. ئای زۆر خۆشە. هێلکەکە سەرەکەی دەشکێنین و ناوەکەی خوێی پێدا دەکەین بە خوا چوار پێنج دانە دەخۆم.

- چوار و پێنج زۆرە سێ دانە باشە.

کاوە – باشە. لەگەڵتم. من حەزم لە بڕیاری گروپییە. زۆر چاکە چوارشەممەمان یەکلا کردەوە. بە گیان تۆ بە هاوکاری و هەرەوەرزی هەموو کارەکان جێبەجێ دەبێت. کە من من و تۆ تۆ نەبێ کابرا زوو سەر دەکەوێ. ئەمانە گوویان کردووەتە ژیانمان هەر خەریکی لەقاودانی یەکترن.

- ئەو دۆسییە چای پێدا نەڕژێ.

دەیخەمە ناو کەشاوەکە با هیچی لێ نەیە.

کاوە – نا! نا! شتێک بچێتە ناو ئەوکەشاوە تازە نایەتە دەرەوە.

- دەی چی لێ بکەم؟

کاوە – لە سەر ئەو مێزەی دانێ با هەر لە بەر چاوم بێت. بە جووتە چا بخۆینەوە و دوو بە دوو جگەرەی بۆ بکێشین و ئیش بکەین. چاکە؟

- ئەرێ باشە.

دۆسییەکەم خستە ژێر ئەو مێزە و کاوە دوو جگەرەی داگیرساند و یەکیانی دا بە من و وتی:

- بە خوا کار خۆشە. کار جەوهەری مرۆڤە. ئەگەر کارمان نەبا ئێستە بێتاقەت دەبووین و ساتێکمان سەد ساڵ بوو.

- نا هەر بە ڕاست وایە.

کاوە – هەتا ئەوەندەشی کارمان نەکردووە. گوێڕایەڵی باوکم و مامم نەبووین. خۆ ئەوە کار نییە.

- ئەرێ برا. وەرە بزانە خەڵک بۆ پاروو نانێ چی دەکات؟

شەشەمەکوژەکان

کاوە – ئەیچی. ئەو چایە بوو بە دەمی مردوو.

- شیلەو گەرمە.

کاوە – با مەشەدی عەبە چایەکی گەرممان بۆ بێنێ و ماندوێتیمان دەرچێ و دا بنیشین لە کار. خۆ بە چای سارد و سڕ کار ناچێ بەڕێوە.

کلیلی ئایفۆنەکەی لێدا و بە خانمی تابەندەی وت کە بە مەشەدی عەبە بڵێ خێرا چایەکی دیکە بێنێت و ئینجا وتی: - بێزاد ئەو دۆسییە بخە ئەو لاوە چای بە سەردا دەڕژێ و کۆڵەوارمان دەکەن.

دۆسییەکەم لابرد و خستمە ئەو لاتر و وتی: - ئەرێ ئەمانە چاوەڕێن ئیرادمان لێ بگرن. بیانوو مەدە بە دەستیانەوە.

- ئەرێ وەک شتێک باوەڕیان پێمان نییە.

کاوە – زۆر ناخۆشە باوکی خۆت باوەڕت پێ نەکات.

- نا. لەمەو بە دوا خۆمان پیشان دەدەین با ئەمجار باوەڕمان پێ بکەن.

کاوە – با بەم خانم تابەندە بڵێم ئەگەر ئیشی تر هەیە بیهێنێت.

- ئەرێ پێی بڵێ.

دوگمەی ئایفۆنەکەی لێدا و بە خانم تابەندەی وت: - خانم تابەندە کاری دیکە چی هەیە بیهێنە.

خانم تابەندە – نا نییە. دوو دانەی سووکە خۆم دەیکەم.

کاوە – کاری سووک نا. کاری قورس.

خانم تابەندە – نا کارێکی وا نییە. ئەگەر دەتانهەوێ با یەک دوو کارە هەیە بۆتان بێنم.

کاوە – نا! نا! کاری سووکمان ناوێ کاری قورس.

خانم تابەندە – بە چاوان. ئەگەر بوو باش بۆتان دێنم.

کاوە – چاوتان گەش. ئەوە چاوەڕێم.

ئایفۆنەکەی داخست و وتی: - دیتت؟ من مەیلم بێنێ ئاوا ئیش دەکەم.

- ئافەرەم. ئافەرەم. دڵخۆش بووم.

کاوە – قوربانت. جا بزانە لەمەو بە دوا چی دەکەم. کابرا ئەم کارانە بکا و بە

ئاسودەبیەوە بچیتە سەر ئیشی گەورەتر.

- ئەی کاری چکۆڵە؟

کاوە – ڕەزای خۆمان. زەنگی بۆ لێ نادەم.

- با، با. خۆ ئەمە کاری چکۆلە نییە. کاری سەرەکییە.

موبایلەکەی دەرهێنا و ژمارەکەی گرت و پاش کەمێک وەڵامی داوە.

سڵاو و چاک و خۆشی کرد و ئینجا ئاماژەی بە من کرد کە چاوی پێ بکەوێ یان نا منیش وتم: ئەرێ.

پاش کەمێک موبایلەکەی داخست و وتی:- بۆ نانی نیوەڕۆ کاتم دانا. کێشە نییە؟

- با بچین ببینین بزانین خەریکی چ بەزمێکە.

کاوە – کاتژمێر چەندە؟

- یازدە.

کاوە – مەشەدی عەبەش یاخوا کاری پێ نەسپێری. ئێمە خۆ تازە کارەکانمان تەواو نابێت.

- دەی زەنگی بۆ ئاوخۆری لێدە.

کاوە – کابرا دەبێ ئیشی خۆی بزانێ. خۆ ناکرێ دایمە داردەستێکت بە دەستەوە بێ و بە سەریان ڕابگەی.

لەم کاتەدا مەشەدی عەبە لە دەرگای دا و بە سینییەک کە چادانێکی تێدا بوو هاتە ژوورەوە و وتی:

- مانی نەون. درەنگ کوڵیا. بۆیە درەنگ هاوردم.

کاوە – هەی ماڵتە هەر چا کۆنەکەت گەرم کردایە دەمانخواردەوە. مەشەدی عەبە گیان. وەلێ گەرم و داغ بێ. چای داغ کابرا وەخۆ دێنێ و ئامادەی کاری دەکات.

مەشەدی عەبە سینییەکەی لە سەر مێز دانا و سەیرێکی ئەم مێزەی کرد و وتی: - ئەم سینییە لاوەم.

کاوە دەستی کرد بە گیرفانی دا و شتێکی دەرهێنا و خستییە گیرفانی

مەشەدی عەبە و وتی:

- ئەرێ مەشەدی عەبە. کۆی بکەوە بەر دەست و پامانی گرتووە ناهێڵی ئیش بکەین.

مەشەدی – کاکە گیان خوا لێت وەزیاد کات.

کاوە – ئەو قسانە چییە مەشەدی عەبە.

مەشەدی عەبە – خوا لە گەورەیی نەتانخات.

کاوە – دوعامان بۆ بکە دایک و باوک لێمان ڕازی بن مەشەدی عەبە. پێم خۆشە بچی بە مامم و باوکمم کە ئەوەندەی بۆڵەیان کرد بڵێی ئێمە کارمان کرد.

مەشەدی عەبە – وەبان چاو. دۆسییەکە بووەم بۆ خانم تابەندە.

کاوە – ئەرێ کوڕە. ئەمانە کەی کارە؟ هەرچی دەڵێم کارە سەخت و قورسەکانمان بۆ بنێرە کارە سوکەکان دەنێرێت. سفارش خۆ هیچ نییە. منداڵێکی پۆلی سەرەتاییش دەزانێ بیکا. دۆسییەکەی بۆ ببەوە پێی بڵێ کاری قورس.

مەشەدی عەبە مێزەکەی خاوێن کردەوە و سینی و دۆسیەکەی لابرد و وتی:

- وەبان چاو. ئێوە خۆتان نارەحەت مەکەن.

ئینجا ڕۆی و کاوە وتی: - زۆر چاکە. لە ئەمڕۆوە ئەوە ئیشی ئێمەیە. کار و وردبینی. کۆشش و کار. جیدییەت و کار. چییە ناوی ئەم هەفتە بنێین کۆشش و کار؟

- زۆر چاکە.

کاوە – هەفتەکەی دیکە ناوی چی لێ بنێین زوو بیڵێ. پێت چۆنە بیری لێ بکەینەوە؟

- چاکە.

کاوە – هەفتەکەی دیکە ناو دەنێن ئەزموون و کار.

- یانی چی؟

کاوە – واتە هەم کار بکەین و هەمیش سەردانی بەشەکانی دیکە بکەین و لە هەر کار و چالاکییەک ئەزموون بەدەست بێنین.

- شتی وا چاکە بە خوا.

کاوە – بەو مەرجەی لە نێوان کارەکان فەرق دانەنێین. واتە سەردانی چا دانەریش بکەین و لە کارەکەی فێری ئەزموون بین. دەزانی. دەڵێن ئەگەر دەتهەوێ ببیە بەڕێوەبەر و سەرۆکی کارگە دەبێ بزانی لە چادانێکدا چەندە چای وشکی دەبێ تێ بکرێت، چەندانە چادان پڕ بکەی کە هەموو کارمەندەکان تێر چا بخۆنەوە.

- ڕاست وایە.

کاوە – دەی ئێستا کاتژمێر چەندە؟

- پێنج خوولەکمان ماوە بۆ یازدە.

کاوە – یازدە و نیو دەبێ بچین بۆ لای کاکە ڕەزا. ئەم نیو کاتژمێرەش دادە تابەندە دۆسییەکەمان بۆ بێنێ با جێبەجێی بکەین.

- خۆ نیو کاتژمێر هیچ کارێک ناکرێ.

کاوە – با ئەم چاییە هەتا نەبووەتە سەهۆڵاو بیخۆینەوە.

- تەلەفۆنیشیان نەکرد ئەم سەگبابانە.

- چاویان دەرێ وازیان لێ بێنە.

کاوە – ئاخە دڵم لێ چووە ئەو کتوپڕ کوشتووە زۆر جوانە.

- بۆیە ئاوا پێی دەڵێی کتوپڕ کوشتوو؟

کاوە – دیوتە ئەم ڕەزا هیچ و پووچە چ هەرا و زاڵەیەکی بۆ خۆی ناوەتەوە. بە خوا ئێمە نەباین ئەو کچەی هەتا ئێستا کوشتبوو.

- هەستم نەدەکرد ئەمە ڕەزا بێ بە خوا.

کاوە – دنیایە ئیتر.

- یانی چی؟

کاوە – کابرا جاری وایە کارێک دەکا کە خۆی حەزی لێ نییە بیکات.

- بەڵام ڕەزا لە ئیشەکەی ڕازی بوو.

کاوە – کوڕە خوا دەزانێ. بە خوای شەوێکی خۆش بوو.

- ڕشانەوەم لێی هات. دوێشەو خەو بە چاومدا نەهات. دەموچاوی ئەو کچەم لە بەر چاو بوو. چاوی لێم دەکرد.

کاوە – ئەری دە لە کۆڵ بەوە. هەستە با بیرۆین. هێواشتر دەچین با کات تێپەڕ بێت.

وەرێ کەوتین و لە نووسینگە هاتینە دەرەوە و کاوە بە خانمی تابەندەی وت:

- خاتوو تابەندە دۆزیتەوە؟

خاتوو تابەندە بە سەرسووڕمانەوە وتی: - چی؟

کاوە – کاری قورس.

خانمی تابەندە بە پێکەنینەوە وتی: - جارێ نا بەڵام بە چاوان.

کاوە – ئەم سێ ڕۆژی پشووە چی دەکەی؟ سەفەر و شت ناچی؟

خانمی تابەندە بە پێکەنینەوە وتی: - جا خەرج ئەوەندە قورسە بۆ سەفەر دەبێ؟ لە ماڵەوە دادەنیشم و پشوو دەدەم.

- دەچی بۆ کێش؟

خاتوو تابەندە چاوی بریقەی داوە و کاوە وتی: - چەند کەسن؟

خاتوو تابەندە هات فەرموویەک بکا و کاوە وتی: - شەرم مەکە چەند کەسن؟

خانمی تابەندە – زۆر سوپاس کاک کاوە. سێ کەسین خۆم و دایک و کچەکەم.

کاوە – ئەی مێردەکەت پیاو نییە؟

سەری داخست و وتی: - لێک جیا بووینەتەوە کاک کاوە.

کاوە – جا بۆ برا.

وەڵامی نەداوە و کاوە وتی: - چوون وای لێهات هۆتێلی پێنج ئەستێرەتان بۆ دەگرم. ئەی بۆ هەتا ئێستا نەتوتبوو؟

پێکەنینێکی هات کە زیاتر لە گریان دەچوو.

کاوە – لە کەیەوە لێک دابڕاون؟

خانمی تابەندە – پێنج شەش مانگە.

کاوە – کچەکەت تەمەنی چەندە؟

خانمی تابەندە – سێ ساڵانە.

کاوە – ئەی هاوار. وەزع و دۆخی ئابوورییتان چۆنە؟





CamScanner

پێکەنی و وتی: - لە سای خوا و سەری ئێوە باشە.

کاوە – ئێمە یان دۆسییەکان؟

دیسان پێکەنی و کاوە وتی: - ماڵتان هەیە؟

خاتوو تابەندە – شوێنێکمان بە کرێ گرتووە. مووچەی دایکم دەدەین بە کرێ ماڵ و بە مووچەکەی خۆشم دەژین. سوپاس بۆ خوا بە مووچەی ئێرە و کاری زیادی ژیانمان خراپ نییە.

کاوە هەر لەوێ تەلەفۆنی بە ئاژانسی هاوڕێکەی کرد و ناوی خاتوو تابەندە و دایکی دا و وتی: بلیت و هۆتێلیان بۆ ڕیزێرڤ بکە و ئەدرەس و تەلەفۆنی ئاژانسی دا بە خاتوو تابەندە و ئاماژەیەکی بە من کرد کە من خواحافیزیم کرد و هاتینە دەرەوە و پاش کەمێک بە خۆیدا هات و وتی: - کەمێکم پێدا کە لەوێ لە گیرفانی خۆی خەرج نەکا. دنیایەکی سەیرە ماڵتە نەمانزانیبوو لە پەناگوێمان بوو.

- داماو چی کێشاوە؟

کاوە – ئێستاشی سەختە. خۆ گاڵتە نییە. تەڵاق لەگەڵ منداڵێک. چاکە دایکی ئاگای لێیە.

- ئێمەش دەبێ ئاگامان لێی بێت.

کاوە – وەزع ئەوەندە ناجۆرە هەر بنەماڵەیە و تێک دەچێت.

- کە لێکتێگەیشتن نەبوو وای لێ دێ ئێتر.

سەیرێکی کردم و وتی: - ئا ئێتر کێشەی ئەم ژن و مێردانە کە بە لێشاو لێک جیا دەبنەوە ئەوەیە کە لێک تێناگەن. گەمارۆکانیش هەمووی فشەیە.

ئای. چ گوویەکم خوارد. ئەمە کتێبەکە قاچاغ دەکات. وەرە با بڕۆین زمان ڕاوەستێ سەر سڵامەتە.

چووینە پارکینگ و سواری ئۆتۆمبێل بووین و پەیامی بۆ هات. سەیرێکی کرد و سەیرێکی منی کرد و وتی: - گوێ بگرە کوڕی چاک.

کاک کاوە پێم خۆش نییە بە خراپ بیرم لێ بکەیتەوە و چوون پێشم عەیبە چاو لە چاوت ببڕم و قسەت لەگەڵ بکەم ئەوەم نارد. مێردەکەم لەو کۆمپانییەی

که ئیشی دەکرد ساڵ و نیوێکە دەرکراوە. هەموو دەرگایەکی کوتا بەڵام ئیشی دەست نەکەوت. نازانم چی کرد کە چوار ساڵی زیندان بۆ براوە. ببوورن کە درۆم لەگەڵ کردن. تابەندە.

پەیامێکی نارد و سەیرێکی منی کرد و وتی: - لێکتێگەیشتنی چی؟

هیچم نەوت. هیچمان هیچمان نەوت پاش چل خوولەک گەیشتینە تاران و تم:

- لە چ ڕیستۆرانتێک یەکتر دەبینین؟

کاوە – لە هیچ کوێ؟

کاوە – نووسینگەکەی. لە یەکێک لە تاوەرەکانی فرمانییەیە.

هیچم نەوت و پاش بیست خوولەک گەیشتین و کاوە بە هەر جۆرێک بوو شوێنێکی پارکی دۆزییەوە و ئۆتۆمبێلەکەمان دانا و پاش کەمێک دابەزین، هەتا گەیشتینە تاوەر و چووینە بەشی نگابانی و ناو و شۆرەتی ڕەزامان وت. تەلەفۆنێکی کرد و ئینجا پێی وتین فەرموون. نهۆمی حەوتەم.

سواری ئەسانسۆر بووین. و چووینە نهۆمی حەوتەم. ڕێڕەوێکی پاک و خاوێن و جوان. ڕاست لە هۆتێلی حەوت ئەستێرە دەچوو.

کاوە سەیری ژمارەی دەرگاکانی کرد و لە بەر دەم یەکیان وەستا و زەنگی لێدا. هەموو ئایفۆنی وێنەییان بوو.

پاش کەمێک دەرگا کراوە و خانمێکی سکرتێری خۆشپۆش و ژیکەڵە بە بزەوە پێشوازی لێ کردین. هەر دووکمان چووینە ژوورەوە. شوێنەکە سەد و پەنجا مەتر بوو. دیکۆراسیۆنێکی ڕازاوە و قەشەنگ.

دیارە ڕەزا وتبووی کە چاوەڕێی ئێمەیە بۆ ئەوەی چاوەڕێ نەبین ڕێنوێنی کردین بۆ ژوورەکەی و لە دەرگاکەی دا. ئینجا کردییەوە و خۆشی چووە لاوە. واتە ئێمە بچینە ژوورەوە.

ئەویش ژوورێک بوو نزیکەی سی چل مەتر بە مۆبل و مێزی سەرۆک و دیکۆری گوڵدانی جوان و هەزار شتی تر.

ڕەزا لە پشت مێزەکە دانیشتبوو و خەریک بوو بە تەلەفۆن قسەی دەکرد کە دەستبەجێ هەستا و لەگەڵ ئەوەی قسەی دەکرد بە پێکەنینەوە بەخێرهاتنی

کردین و ئینجا هاته لای کاوه. به تەلەفۆن قسەی دەکرد و بە چاو و برۆ هەڵتەکاندنیش ئێمەی دەدواند. قسەیەکی بۆ تەلەفۆن بوو و قسەیەکی بۆ ئێمە.

ڕەزا – قوربانتان. یا خوا بە خێر بێن. تا لەگەڵ ئێوەم نییە. وەرنە ئێرە دانیشن.

پاش کەمێک تەلەفۆنی داخست. دیسان هاتە لامانەوە و لە پێشدا کاوەی لە ئامێز گرت و ماچی کرد و ئینجا هاتە لای من و کاوە وتی: - چ هەرا و زاڵەیەکت ناوەتەوە. چ نووسینگەیەکت هەیە؟

ڕەزا – هەمووی دەکەمە قوربانتان. ئینجا سەیرێکی منی کرد و وتی: - هەر لێم نارەحەتی.

هیچم نەوت و کاوە وتی: - ڕەزا چی دەکەی؟

ڕەزا – بەو هەستە ئابووریی و جەوهەری ناخ و بەهرە سرووشتی و زانایيە سیاسییەی کە لە ناخما دۆزیومەتەوە، هەموو جۆرە باوک گەماڵی و گەوادییەکم لێرە کردووە. یانی کار نییە من لێرە ئەنجامی نەدەم. هەر ئێستا داوای هەزار ئۆتۆمبێل بکە با بڵێم بیهێنن. پێم بڵێ فلان کەس و فلان کەس لە کوێ گیراون با بیهێنمە دەرەوە.

هەر وا سەیرم دەکرد. جلێکی جوان و ڕێکوپێک. دەتکوت ئەو ئەکتەرانەیە ئانتۆنیۆ باندراس. هەڵبەت کاتی گەنجێتییەکەی.

لەگەڵ ئەو ڕەزایەی من دەمناسی زۆری فەرق هەبوو. کوڕێکی پاک و ساکار و تەنیا خەمی خەڵکی لە بەر بوو. هەمیشە بە جلێکی سادە، بەڵام خاوێن و بزەیەک کە هیچ کات لە سەر سیمای نەدەتۆرا. قسە کردنی کە دوو ڕوویی تێدا نەبوو، ئەوەی دەیوت لە کردەوەدا دەیکرد. چاوی بریسکەی هیوا و ئاواتی تێدا بوو. ئەو ڕەزایەی کە بە چ دەردەسەرێک خەرجی زانکۆکەی دەکێشا. دەرسی دەخوێند و کاری دەکرد و یارمەتی هەمووانی دەدا.

بەڵام ئەو ڕەزایەی من ئەوڕۆ بینیم چاوی تار و لیڵ بوو.

کاوە – ئێستا ڕازیت؟

هیچی نەوت سەیرمانی کرد و لە ئایفۆنی دا کە سکرتێرەکەی وەڵامی داوە و

ئینجا پێی وتین: - بڵێم چیتان بۆ بێنن؟ نیسکافە، قاوە، کاپۆچینۆ؟ شت تریش هەیە ....

کاوە وتی: - من چا دەخۆم.

منیش هەر داوای چام کرد و داوای لە سکرتێرەکەی کرد بیهێنێ و ئینجا ڕووی کردە کاوە و وتی: - ئێرەتان چۆن دۆزییەوە؟

کاوە – خۆت گێل مەکە ڕەزا. وەڵامی پرسیارەکەم دەوە.

سەری چەند جار لەقاند و بە ناقایلییەوە وتی: - تۆخوا کاوە لە کوڵ بەوە. ئێستا وتم و دوێنێشەویش وتم. جا ڕازی و ناڕازی هەر ئەوەم وا هەم.

کاوە – باشە بۆ؟

ڕەزا – تۆ لە پای چی. ئەو وەختەت لە بیر چووەتەو.

کاوە – نا لە بیرم نەچووە. کەس لە بیری ناچێ. بەڵام ئەمە نابێتە دەلیل.

ڕەزا – بۆ نابێتە دەلیل؟ دەلیلە و دەلیلی زۆر خاس و چاکیش.

گەڕامەوە و وتم: - تۆ کەسێک بووی کە خەمخۆری خەڵک بووی و یارمەتیت دەدان.

ڕەزا – بۆ بێزاد ئێستا خەمخۆر نیم. ئێستا باشتر هاوکاری خەڵک دەکەم. ئەو وەختە هەر دڵدارییانم دەداوە ئێستا زۆرم لە دەست دێ.

کاوە – وەک کارەکەی دوێشەت؟

ڕەزا – ئەوە خۆشم پێی نارەحەت بووم. وەلێ ناچارم. ئەویش خۆم دەزانم بۆ.

- بۆچییەکەی شتێکی سەیر نییە. هەموو کەس بۆ هەر کارێک کە دەیکا هۆکارێکی هەیە. بەڵام دەبێ دروست بێت.

ڕەزا – ئەرێ، کێ ئەتوانێ دروست و هەڵەکەی لێک بداتەوە. نا کێ چووزانێ خاس و خراو چییە. ئەمانە پێوەرن خۆمان دروستمان کردووە. جەماعەتێکێ دانیشتوون بۆمانیان دروست کردووە. کێ چووزانێ ئەوان خۆیان خاسن. خاس چییە؟ پیاوکوژی خراوە وەلێ ئەگەر دوژمنت کوشت ئەوە باشە. یەکێ لە سێدارە دەدەن و یەکێ مەدالیای پێدا هەڵدەواسن.

- چ لۆژیکێک.

ڕەزا – من ناڵێم قسەکەم ڕاستە. بەڵام ئەگەر مردین و چووینە ئەو دنیا و هەموو شتێک جۆرێ تر بوو ئەو لە بان چۆک کوتانە زۆر ناخۆشە.

لەم کاتەدا پیاوێکی تەمەن شەست و برێ ساڵە، چا و شیرینی بۆ هێناین. ئینجا چووە دەرەوە و دیسان گەڕاوە و قاپێکی میوە هێنا و لە سەر مێزەکەی دانا و کڕنۆشێکی کرد و ڕۆی و ڕەزا وتی: - ئەوە مامە قاسم بوو. ناسیتان؟

کاوە – کامە مامە قاسم؟

ڕەزا – ئەو ماڵەی جیرانمان. ئەو ماڵەی چەند جار هاتن. دەبێ لە بیرتان بێ.

کاوە – هەی ماڵتە من تۆم بە زۆری لە بیرە، دەبێ ئەم مامە قاسمەم لە بیر بمێنێت.

ڕەزا – ئەگەر لە بیرت بێ شەوێکیان هاتنە ماڵمان. لە هاوماڵەکەمان زیڕە زیڕێک دەهات.

کەمێک بیرم کردەوە و وەبیرم هاتەوە و سەرم لەقاند و وتی: - گورچیلەکانی لە کار کەوتووە. دیالیز دەکرا. بە بەدبەختی و بێپارەیی. شۆفێری تەکسی بوو و ئۆتۆمبێلەکەیان دزی و هیچی نەما. خۆی نەخۆش و ژن زەلیل و دوو کچ عازەب. ئۆتۆمبێلەکەشیان ئەوە دزرا و لەوەش هەناسە ساردتر بوون.

کاوە – بۆ یارانە وەرناگرن.

ڕەزا پێکەنی و وتی: - گورچیلەیەکم بۆ کڕی. جیازی یەکێ لە کچەکانیم ئامادە کرد. هێنامە ئێرە. مووچەی باشی پێ دەدەم. ئێستا پێی بڵێ دەقەیەک ناوەستێ خۆی دەکاتە قوربانم.

کاوە – دیارە یارانەش وەردەگرن.

ڕەزا دیسان پێکەنی و وتی: - کورە ئەرێ یارانەش وەردەگرن.

کاوە – پێیان بڵێ خەرجی نەکەن هەر ئەم پارە پێتی هەیە.

ڕەزا – بە سەر چاوەکانم؟

کاوە – دەی درێژە بە فەرمایشتەکانت بدە.

ڕەزا – ئەوەی لە بەر هەژاری و دەستنەڕۆیی گورچیلەی بەم مامە قاسمە

شەشەمەکوژەکان

فرۆشت، سێ ئەوندە پارەم پێدا دا. گەڕاوە و سەیرێکی منی کرد و وتی: - ئەمانە ناویان چییە؟ چاک یان خراپ. ئەگەر ئەو کات بایی هەر دەمزانی خەم بخۆم بۆیان. ئێستا کاکە بێزاد گیان ئەمە چاکن یان خراپ. تۆ شییان بکەوە.

وەڵامم نەداوە و وتی: - داوای شتێکت لێ بکەم نالێی نا؟

سەیرم کرد و وتم: - چی؟

ڕەزا - هەستە هەتا دەتوانی تێم هەڵدە. هەرچی لە بەردەستە بیکە بە برنگە. بەلام وەلامم بەرەوە.

ئینجا هەر وا سەیری کردم و وتم: - نازانم چ بڵێم ڕەزا؟

ڕەزا - هەر ئەمە. منیش گەیشتمە ئێرە. منیش ڕۆژێ گەیشتمە ئەم وشە. ئەمە ڕامیپەڕاند. ئێمە چووزانین. خەڵک چی دەزانێ وا ئێمە نایزانین؟ کێ چووزانێ؟ چی دەزانن؟ یانی ئەگەر بیانزانیبایە وەزع ئاوای لێ دەهات؟ ئەگەیتە سێ‌ڕییان. دەبێ یەکیان هەڵبژێری. ئەم وشە دێتە مێشکت. کامە ڕێ؟ نازانم. بەم وشە نازانی دێیتە ناو چ دنیایەک. لەم وەختانەدا تووش بنیادەمێ بەرەلا هاتم. منیش گوێم پێدا. جا ئەو دەیزانی یان نا نازانم. بەلام ئێستا من لێرەم.

نووسینگە و ماڵ و ڤێلا و باغ و چەند دانە دووکان و چی و چی و چی؟ سبەی ڕۆژ چی دەبێ خوا دەزانێت. ئەوەش بڵێم من لە گیرفانی چەور ئەبرم و هەر تیکە نانێ هەڵدەگرمەوە بە ئەسپایی هەڵیدەگرم دەڵێم با چکێکیشی بتکێ و چەند کەس تر لێی بخۆن.

لە پڕ کاوە دەستی کرد بە فیکە و چەپڵەڕێزان و وتی: - بژی ڕابین هوود. تۆ کاری خۆت بکە خۆ هەتا ئێوارە قسەت بۆ بکەین وەک وایە گوێزت بۆ بژمێرین. بەلام ئەو ڕێگەی پێیدا دەڕۆی هەڵەیە. ئیتر کەرە کەر مەکە کە چاک و خراپ چییە دەنا ئەو قاپی شیرینییە دەکەمە سەرت. ئەرێ بە ڕاست لەم مەندیی ئابوورییەدا شوکر بۆ خوا وەزعت باشە؟

ڕەزا پێکەنی و وتی: - لە سای ڕەحمەتی خوا و دۆستان پارووە نانێک هەیە. هەرچی وەزع خراپتر بێ ئێمە باشین. ئەوەی ئێوە دیتان دڵۆپێ لە دەریا بوو.

کاوە - چۆن؟

ڕەزا – لەو باغە هەفتەی سێ شەو ئاهەنگە. ئاهەنگی هاوسەرگیری و میوانی و گوودبای میوانی و هەموو شتێک. ئەو ژێرزەمینە کۆگایە. هەر شتێ دێتە ئەم دیو سنوور دەیهێننە ئەو کۆگا.

کاوە – مانگی سەد ملوێن دەکەوی؟

ڕەزا پێکەنی و وتی: هەی ماڵتە سەد ملوێن پارەیە. ئەوێ مانگی سێ چوار ملیاردم بۆ دەرنەهێنێ ناچمە ناوێ.

کاوە – هەمووی دەچێتە گیرفانی خۆت؟

ڕەزا – نا برا دە لە سەدی هی خۆمە ئەوی دیکە دەچێتە گیرفانی سەرترەکانمان.

کاوە – دە برا دەست و باڵی ئێمەش بگرە نامەرد.

ڕەزا – خوا بەو ڕۆژ نەکات. ئێوە هیچ نازانن. هەر عان تەشقەڵەمان لێ بکەن و لەقاومان بدەن. وەک ئەوانەی وا لەقاو دران.

- ڕەزا ئەوە ناترسی؟

ڕەزا – چەرمە سەرەکە تازە سەگ خواردی. وەلێ ئاگام لە هەموو شتێک هەیە. لەم لا و ئەو پارەم داناوە کە شتێک بوو ڕا کەم بۆ ئەوێ.

- باشە ڕەزا چی بوو کەوتییە ناو ئەم کارەوە؟

ڕەزا – ئێستا دەیڵێم. برا تازە چاومان بەیەکتر کەوتووە. هێشتا لە یەکتر تێر نەبووین. جارێ باس بیرەوەریمان نەکردووە خەریک دادگاییمن.

کاوە – کوڕە نا. دادگایی چی. تکات لێ دەکەم کاتێ باج بدە کە وڵات تووشی کێشە نەبێت.

ڕەزا – خۆ باج ئێمە نایدەین. باج هی کارمەند و کرێکارە.

ئینجا پێکەنی و وتی: - چیت بە سەر من و سەرگووڵی هەناسە سارد هێنا. ئەو شەوە لە ڕیستوڕانت بە دزییەوە ڕۆشتی. خۆ پەنابایکم لە گیرفاندا نەبوو. خولەکێک ڕاوەستە، پێنج خوولەک ڕاوەستە. هیچ خۆ خەریک بوو شێت بم.

کاوە – خۆ حیسێبم کرد بوو.

ڕەزا – گوو مەخۆ. خۆ من نەمەزانی. سەرگووڵ وتی: درەنگە دەبێ بڕۆمەوە.

به قەستی بە بۆنەی توالێتەوە چوومە لای بەڕێوەبەرەکە. ئەویش وتی: مێزەکەی ئێوە حەسێب کراوە. ئەو شەوە ئەوەندەم جوێن پێت دا.

کاوە پێکەنی و وتی: - سەرگوڵ چی دەکا؟

ڕەزا ڕەنگی تێکچوو و گوڵی پێکەنین لە سەر لێوی ژاکا و لەگەڵ ئەوەی کووپەکەی بە دەستەوە بوو بە هێواشی وتی: - باشە.

سەیرێکی کاوەی کرد و وتی: - شووی کردووە و کچێکیشی هەیە.

کاوە – شووی بە کێ کرد؟

ڕەزا – کەسێک؟ پیاوێکی خاس و ڕێک و پێکە.

کاوە – ئەی خۆت؟ ئەی بڕیار نەبوو ...

وەڵامی نەداوە.

کاوە – سەرگوڵ چی لێ هات؟ ئێوە بۆ یەک دەمردن.

ڕەزا – ئەرێ بۆی دەمردم.

کاوە – بەڕەڵاتی کرد؟

ڕەزا – نا ئەو لە سەرم ڕاوەستا. من وازم لێ هێنا. لە ناوەو خۆم کوشت، لە بەر ئەوەی ئەو بەختەوەر بێت. زۆر لە من سەرتر بوو. وتم: با بە منەو نەسووتێت. من وەختێ هاتمە دەرێ پانسەد تمەن لە گیرفانمدا بەشی نانێکی نەدەکرد. هاوسەرگیری جێی خۆی هەیە. خەیاڵێکی خاو بوو. من نەمدەتوانی خۆم کۆ بکەمەوە. چ بگا بەوەی بچمە ژێر باری سەرگووڵ.

کاوە – دەی چیت کرد؟

ڕەزا – وازم لێ هێنا. ساڵێ خۆمم پێ نیشان نەدا. لە ساڵدا چوار پێنج جار چاوم پێ کەوت وتم: بڕۆ شوو بکە. هەتا ساڵێک هەموو جارێ دەهاتە لام و ئێتر نەهات. وەلێ چاوەڕێم بوو. وتم: وا نابێ. جۆرێ پێم ڕاگەیاند کە کچ حاجییەکی دەوڵەمەندم مارە کردووە. ئەویش ساڵێ دوای ئەوە بە زۆری ماڵ خۆیان شووی کرد.

بزەیەکی هاتێ و وتی: - بیری لێ ناکەمەوە. گرنگ ئەوەیە ئێستا خۆشبەختە.

خێرا وتم: چووزانی؟

قژی خۆی کێشا و وتی: - بێزادگیان مەمکولێنەرەوە. با هەر وا بزانم.

لەم کاتەدا لە دەرگایان دا و خانمێکی تر بە جلوبەرگێکی ڕازاوە و جوانەوە بە سینییەک هاتە ژوورەوە و بە دوایدا مامە قاسمیش بە سینییەک لە ساردی هاتە ژوورەوە.

کچە گەنجەکە هاتە پێشەوە و سینییەکەی لە سەر مێزی کۆنفرانس دانا و ڕووی لە ئێمە کرد و بزە نیشتە سەر لێوی، مامە قاسمیش سینی ساردی و پەرداخ و خوێکەی هەڵگرت و دیسان کڕنۆشی بردەوە و ڕۆشت و کاوە ئاماژەی بە کچە کرد و وتی: - ئەم کچە هەر ئەوەیە وا گورچیلەی ژانی دەکرد و دەیقیژاند؟

ڕەزا لەگەڵ ئەوەی لە جێگاکەی هەستا وتی: - نا مامە قاسمە. هەستن نەهار بخۆین.

کاوە – کوا؟

ڕەزا – ئەو سینییە.

کاوە سەیرێکی کرد و لە سەر جێگاکەی هەستا و چوو بۆ لای مێزی کۆنفرانس و سەیرێکی سینییکەی کرد و بە ڕەزای وت: - خواردنی ڕژیمییە؟

لە دوورەوە چاوم بە حەفت هەشت دانە سەندویچ کەوت.

ڕەزا – نا.

کاوە – دێسێرە؟

ڕەزا پێکەنی و وتی: نا.

کاوە – خواردنی نەزرییە دەیدەن بە خەڵک؟

ڕەزا – نا.

کاوە – ئاسانکاریم بۆ دەکەی؟

ڕەزا – هی قەدیمە.

کاوە – خۆراکی کۆنەیە. ژاراویمان دەکەی.

ڕەزا پێکەنی و وتی: - لە ناو بیروەرییەکانتا بخوولێرەوە.

کاوە – گۆشتکووتم لە بیرە.

هەستام و چوومە پێشەوە و چاوم بە ساندویچ کەوت و پێکەنیم و ڕەزا وتی:

- وەبیرت هاتەوە بێزاد؟

دیسان پێکەنیم و وتی: - ئەرێ.

کاوە - لە بیرەوەرییەکانی تۆشدا گۆشتکوتی تێدایە. یانی گۆشتکوت لە یادەوەری هەر دووکماندا هەیە.

من و ڕەزا پێکەنین.

کاوە وتی: دیارە بیرەوەری خۆشتان لێی هەیە.

ڕەزا - گوو مەخۆ. ساندویچی نزیک زانکۆت لە بیر نییە؟ ئەوەی لەگەڵ یەکتر دەچووین.

کاوە سەیرێکی ساندویچەکانی کرد و ئینجا وتی: - دەی؟

ڕەزا - ناردم هەر لەوێ ساندویچمان بۆ بێنن. بۆ بیرەوەری.

کاوە سەیرێکی تری کرد و وتی: - گەواد. ئەو شەوە نەتهێشت دەم لە هیچ بدەین و برسی و توونی هێنامانتەوە و ئەوڕۆش لەمە. دوو ڕۆژ لەگەڵت بین تووش برینی گەدە دەبین. دەوڵەمەندێکی بەخیلی گووت لێ دەرچووە. داماو هەتا هەی بخۆ. بۆ کێی دێڵیتەوە میراتخۆر بۆتی دەخوا و جنێویکیشت دەداتێ. دەڵێن ماڵی خۆ نەخۆر بۆ چەکمە بۆر. هەستە بچۆ ڕیستوڕانت با شتێک بخۆی ئەو دەزانی خواردن چییە. بێزاد گیان دەست لەم ساندویچانە مەدە ئەمانە چەکن.

من و ڕەزا پێکەنین و ڕەزا ساندویچێکی لەگەڵ ساردی هەڵگرت و چوو لە سەر مۆبلەکە دانیشت. منیش دانەیەکم هەڵگرت و ساردییەک لەگەڵی و چوومە لای ڕەزا.

ڕەزا - کاوە هەڵگرە. گەرەکت نییە بیر لە ڕابردوو بکەینەوە.

کاوە بە نابەدڵییەوە ساندویچێکی لەگەڵ ساردی هەڵگرت و وتی: - دە هەتیو بمانتبردبایەتە شوێنێک شتێکی باشترمان بخواردایە و یادێکمان لە ڕابردوو بکردایە. ئەمە دەبێ بە زۆری بیکەین بەو دیودا. خۆ قووت نادرێ. ئەمە چییە؟

ڕەزا - سۆسیس.

کاوە - هەر هەموویان؟

ڕەزا – ئەرێ.

کاوە – برا ئێمە ئەو کات ساندویچی مریشکمان دەخوارد تۆ هی سۆسیست بۆمان کڕیوە؟

ڕەزا – سۆسیس خۆشە کوڕە.

کاوە – ئەی لەگەڵ مریشک بیرەوەریمان نەبوو.

- ئەرێ دە کەم ببۆڵێنە.

لەگەڵ ئەوەی ساندویچەکەی دەخوارد هاتە لامان و وتی: - لە کام لاوە بیخۆم. چ زلەیە. دوو نانت داوا کردووە کە زوو تێر بین؟

ڕەزا لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی وتی: - خۆ دەزانم باوەڕ ناکەن وەلی هەر وەخت بێتاقەت دەبم دەچم بۆ ئەو جێ بە یادی ئێوە و ئاوا خۆم دڵخۆش دەکەم.

بزەیەکی تاڵ هاتە سەر لێوی و ئینجا دەستیکرد بە کردنەوەی کاغەزی ساندویچەکەی. کاوە بە شوێن سەر کاغەزەکە دەگەڕا بۆ ئەوەی بیکاتەوە.

کاوە – مۆر و مۆمیان کردووە قاحبە بابانە. خۆ ساندویچ نییە. ڕازی سەر بە مۆرە. لە هیچ لاوە ناکرێتەوە.

ساندویچەکەم لێ وەگرت و بۆم کردەوە و دام بە دەستییەوە وتی: - سەرەکەت بادا؟

- بخۆ و مەبۆڵێنە.

کاوە – بە خوا خەریکم.

ڕەزا – مچەتان لە بیرە؟

سەیرێکم کرد.

ڕەزا – ئەویش دڵی بە سەرگووڵەوە بوو. زۆریش. وەلی سەرگوول منی خۆش دەویست.

کەمێک وەستا و لەگەڵ ئەوەی قەپاڵی لە ساندویچەکەی گرت وتی:

- چوومە لای وتم من وازم لێ هێنا. تۆ بچۆ سەرگوول بخوازە.

دیسان کەمێک بێدەنگ بوو و وتی: - مچە مێردیەتی.

وەک شتێ دڵی پڕ بوو و بە بزەیەکی تاڵەوە وتی: - ئێستا بەختەوەرن. خۆم

باش دەزانم.

کاوە – بە چیدا دەزانی هەیە؟

ڕەزا – هەیە. دووراودوور هۆشم پێوەیە.

کاوە – باسی سەرگووڵ ناکەم. سۆسیسی ناو ئەم ساندویچە دەڵێم. سێ قەپاڵم لێ گرت هەر کاهوو و ترشیاتی خەیارم خواردم.

- کاوە دارِزە.

ڕەزا پێکەنی.

- ئەم کەرە کەسێکی خۆش ویستووە و وازی لێ هێناوە بە من چی. من دەبێ خەمی زکی خۆمم بێ کە نەکا بێکەس بێت.

ڕەزا – بڵێم سکەیتت بۆ بێنن؟

کاوە – نا برا هەموو هێزم لە سەر ئەم سەگ خاوەنەیە ئیتر هێز و پێزی سکەیتم نییە. بریا یارمەتیت دەدام سۆسیسەکەم بدۆزیبایەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنین وتم: - ڕەزا؟

ڕەزا – گیان؟

- بە ڕاست دوێشەو بە سۆندە لێت دەدا؟

دیسان پێدەکەنی و وتی: - وا دەزانی دەمویست لێی بدەم؟

قوومێکی لە ساردییەکەی خوارد و وتی: - ترس! ترس برای مەرگە. بە ترس و تۆقاندن زۆر شت دەکرێت.

کاوە – تەلەفۆنیان بۆمان نەکرد. زۆر ترسان. ئەوەندەی ترسان کە پەنایان بۆ هێناین بۆ ئێمە بەسە.

ڕەزا – دەتزانی مەکۆیان هەیە.

کاوە – بە ڕاستە.

ڕەزا – ئەرێ گشتیان لە مانگا دوو سێ جار لە جێگایەکدا کۆ دەبنەوە هەمووشی دز و فز. لەم سەرەوە دێن و لەو لایشەوە دەترووتێننەوە.

کاوە کە سەیری ڕەزای دەکرد پێکەنی و وتی: - چ کۆبوونەوەیەکی جوانە. لەم سەر دێن لەو سەریشەو دەترووتننەوە. وەی ئەم سۆسیسە چ خۆشە ڕەزا.

سەد دانە کەباب دێنێت. هەڵبەت لەگەڵ تۆی خۆشەویست.

ڕەزا – حەزت لێیە؟

کاوە – من هەمیشە عاشقی سۆسیسم. ئەویش لەگەڵ کاهوو و تەماتە و ترشیاتی خەیار.

ڕەزا – ژیلا دەڵێم.

کاوە لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی وتی: - کوڕە ناوەڵا. باسی ئەو مەکۆیەمان بۆ بکە.

ڕەزاش پێکەنی. و وتی: - ئەوانیش گوناحن. وا ئەزانن کارێکی فرە گەورە دەکەن.

کاوە – ئافەرم. وا دەزانن واکسینی ئایدز دروست دەکەن.

ڕەزا – نا کوڕە. بە تەمای دزییەکی گەورەن.

کاوە – نەکا خۆیان لە ئێمە بدەن؟

ڕەزا – نا مەترسە؟ لەوە دەچی دەمێک بی خەریک بن. بەلام بیانگرن دە ساڵ زیندان چاوەڕوانیانە.

ئینجا سەیری کاوەی کرد و وتی: - ئەگەر کەسێکی باش بوایە دەیتوانی هاوکارییان بکات.

کاوە – لە دزی و فزی؟

ڕەزا – نا ئەمەی کە لەم کارە پاشگەزیان بکاتەوە.

کاوە – بنیادەمی باش وەڵا نییە. ئەم هەمووە قورئان و سوورە و فەرموودە نەیتوانیوە عاقڵیان بکا بنیادەم چۆن دەتوانێت؟

ڕەزا – ڕەنگە زۆرۆ بتوانێت.

کاوە – ئەگەر من دەڵێی بە خودا نایکەم. دەبێ فاڵ بگرمەوە.

ڕەزا – بە حافز[٧].

کاوە – نا. بە شاعەباسی مەزن.

---

[٧]- **حافظ شاعیری فارسەکان.**

ڕەزا – چی؟

- ڕەزا لە کۆڵی بەوە. یەک پارچە شێتە.

کاوە – تۆ ئەدرەسی ئەم مەکۆیەم دەیە. هاتوو هاتینە ئەوێ هەموویانمان کۆکردەوە و بردمانن. یەک یەک ڕێنوێنیمان کردن.

ڕەزا پێدەکەنی وتی: - خۆزگا ئەو عانە تەلەفۆنم بۆتان بکردایە و چەند شتم ڕەچاو بکردایە ئێستا زۆر شت بۆم فەرقی ئەکرد.

کاوە - دە خۆ ئێستا هەموو شتێکت هەیە چیت لە خودا دەوێ؟

ڕەزا – ئەوەی وا بووم و زۆر بەلامەوە گرنگ بوو لە دەستم دا. یانی ئەو شتە باشانەی وا بووم.

کاوە لەگەڵ ئەوەی لە ساندویچەکەیدا بۆ سۆسیس دەگەڕا وتی: - بە خودا ئەوەندەی من لە بیرمە تۆ هەر ڕەش و ڕووت بوویت.

ڕەزا – ئەرێ وەلێ زۆر شت بایەخدار بوو.

ئینجا پێکەنی و وتی: – ویژدان.

کاوە – چاکە نیتە. بە خودا هەر کەس ویژدانی نەبێ ئاسوودەترە و هەموو شتێکی هەیە. پارە و ئاسوودەیی.

ڕەزا – ئێستا لە ناو مێشکمدا تەنیا وشەیەک ماوەتەوە. وەلێ ئەو وەختە مانای بۆم بوو. ئەنگێزەی پێم دەدا. کارێکی دەکرد تا پشت هەموو شتێک ببینم. لەو پەڕ نەهامەتیدا دڵخۆش بووم.

ئەو عان هیچ شتێکم نەبوو. وەلێ خۆمم زۆر پێ گەورە بوو. ئێستا هەموو شتێکم هەیە وەلێ لە ناخمدا کەمم.

خاسم لە بیرە ئەو عان بە نان شەو موحتاج بووم. پێم عەیب بوو داوای پارە لە دایکم بکەم. فەقیرە خۆی دەچوو لە مووچەی باوکم پارەی پێم دەدا، کە هەتا نیمەی مانگ بەزۆری بڕی دەکرد. باوکم مرد بوو. نەمدەزانی چی بکەم. ئێوە هاتنە بەر چاوم. وەلێ گەرەکم نەبوو بێمە لاتان. خۆ دەزانن بەو بەزمانەی وا بوومان چاک نەبوو.

ئیتر تەلەفۆنم بۆ یەک دوانێ لە کوڕگەل کرد ئیتر با نەڵێم کێ بوون. ئەوانیش

گوناح بوون. دەترسان.

ڕفتاریان زۆر سەیر بوو. تەلەفۆنم بۆیان دەکرد، دوای سڵام و خۆناساندن دەیوت ڕەزا بە خوا دەنگ نایێ.

منیش دامەخست و دووبارە دەمگرتەوە. دووبارە ئەیوت: دەنگت نایە. دووبارە دامدەخست و دەمگرتەوە. ئیتر نەمگرتەوە. یەکیان هەر منی ناسی وتی: تەلەفۆنت بۆ دەکەم. ئیستاش و ئەوساش تەلەفۆنی نەکردەوە.

یەکیان منی ناسی وتی: ئەوە نیو کاتژمێر تر دێمە لات. بەڵام نەهات.

ئیتر وەک گوول هەموو لێم دەترسان.

چووم کارێ بدۆزمەوە. خۆ کاریش دەس نەدەکەوت.

با شتێکتان بۆ بگێڕێمەوە پێبکەنن. لە برسان خەریک بوو دەمردم. چوومە دووکانێک. لە بەر دووکانەکە بیسکیتێکم هەڵگرت و لە ناو ساردکەرەوەکە شیرێکم هەڵگرت و ڕام کرد و شاگرد دووکانەکە لە دواوە ملمی گرت و وتی: کا جەمشید کاجەمشید دزە گەوادەکەم گرت.

ئەوەندەم پێ عەیبوو. ئەو هەمووە تێمیان هەڵدا بەخۆمم نەزانی. لەتەک تێهەڵدانەکە تۆمەتی دزی هەموو شتێکیان خستە پاڵم، ڕۆن، پاودری جلشۆر و قاپشۆر. برنج و ساردەمەنی و پاستیل ... باش بوو هەر تێمیان هەڵدا ڕادەست پۆلیسیان نەکردم.

لەگەڵ ئەوەی بە واق وڕمانەوە سەیرم دەکرد وتم: - ڕەزا دەبا بهاتایەتە لای ئێمە.

ڕەزا – نا! وەزعم باش نەبوو. دەردەسەرتان بۆ ساز دەبوو.

ئیتر سەرتان نەیەشێنم دوای تێهەڵدانێکی باش خۆم گەیاندە پارک و دەموچاوە خوێناوییەکەم شت. بێژم لە خۆم هاتەوە. لە دزیکردن و لە خوێڕیەتی.

- بۆ نەچوویە ماڵی خۆتان. لەوێ پارووە نانێ هەر بوو بیخۆیت.

- ماڵ چی. دایکە داماوەکەم ماڵەکەی ڕادەست کردەو هەستا چووە لای پوورم و ئەوان.

شەمشەمەکوێرەکان

کەمێکی لە ساردییەکەی خواردەوە. وتی: - ئیتر سەعاتێک لە ناو پارکەکە بووم، ئیتر هەستام و کەوتمە ڕێ. گەیشتمە نانپێژییەک. سەیرم کرد لە دەرەوە لەتە نانێ کەوتووە. بە ئەسپایی چوومە ژوورەوە و هەڵمگرت کەمێک ئەو لاتر خواردم و بەر دڵمی گرت. ڕاوەستام چەند کەس تریش بێن بۆ نان و لە هەر کامیان لەتە نانێ بمێنێتەو و منیش بچم بیخۆم. ئیتر شاگرد نانپێژییەکە پێموایە یەکێ پێی وتبوو هاتە لام و وتی: وەستا دەڵێ هەر چەنێکت نان بووێ ببە پارەکەی مەدە.

خوا ئەیزانێ چیم لێهات. هەم پێم عەیب بوو و هەمیش پێم سەیر بوو. سەرم داخست نانەکەم وەرگرت. شاگرد نانپێژییەکە چووە ناو دووکان. بە ئەسپایی چوومە پێشەوە و ناو دووکانەکەم چاو لێکرد. پیاوێکی زک زل دانیشتبوو. سەیرێکم کرد و پێکەنی و ڕووی کردە ئەو لا. لە تەریقیدا چوومە ناو کووچەکە و نانەکە نیوەم خوارد و نیوەکەی تریم دانا بۆ ژەمی تر. ئێستا نەمدەزانی لە کوێی دابنێم. بەشوێن کاردا دەگەڕام و نەمەزانی ئەم لەتە نانە چی لێ بکەم.

خوا چی بکەم چی نەکەم. پینەچێی لە سەر چواریانەکە بوو. وتم: مامە خوا بازارت بدا. سەرێکی لەقاند و سەیرێ ئەو لام و ئەو لای کرد و وتم: مامە ئەم لەتە نانەم بۆ هەڵدەگری؟ بەشوێن کاردا دەگەڕێم تۆخوا شوورەییە با بەدەستمەو نەبێت. ئەم جار سەرێ بەرز کردەوە و لێمی ڕوانی پێموایە سێ چرکەی پێ چوو. زۆر کەیفساز بووم. دەستخۆشیم کرد و هاتم بکەومە ڕێ وتی: چی دەزانی؟ وتم: بەکالوریۆسم هەیە بەشوێن کاردا دەگەڕم. وتی: چی دەزانی؟ بیرم کردەوە زانیم هیچ کارێ نازانم. هاتم بڵێم بڕوانامەی زانکۆم هەیە. وەلێ بۆم دەرکەوت بڕوانامە بە کەڵکی هیچ شتێ نایێ. وتی: واکس دەزانی لێ بدەی. زوو وتم: ئەرێ. وەلێ بەر لە نیوەڕۆ بۆ کار دەگەڕم. وتی: باشە. دوانیوەڕۆ وەرە. زکت تێر ئەبێ. کار خۆشم باش نییە. بەڵام برسی و ڕەش و ڕووت نیم. پێم خۆش بوو دانەوم دەستی ماچ کەم. چوومە لای دانیشتم و وتم: چی بکەم؟ لە ژێر مێزەکەی تەلیسێکی دەرهێنا کە بزمار وردی تیا بوو. پێی دام و چەکووچێکیشی دایە دەستم و وتی: ئەمانە ڕاست کەوە.

وەرمگرت و دەستم پێکرد. بە چەکووچ یەکێ لە بزمارەکانم ڕاست کردەوە.

دە دانەم ڕاست کردەوە و وتی: دەرسی چیت خوێندووە. پێم وت و وتی: ئەم دەرسە بۆ چی دەبێ؟ پێم وت و ئەویش لێمی ڕوانی و وتی: کاری بۆ هەیە؟ وتم: نا. وتی: خۆزگا دەرست نەخوێندایە و بچوای ئیشی فێر ببای باشتر بوو. وتم: مامە گیان من ئێستا لە بواری خۆمدا شارەزام. وتی: دە ئەوە نییە کارت دەست ناکەوێ. هیچم نەوت و بزمارەکانم ڕاست کردەوە و ئەویش لە ژێرەوە وتی: کارم بدابا بە گوێدرێژ باشتری ڕاست دەکردەوە.

منیش وتم: خۆ بزمارەکانم باش ڕاست کردووەتەوە.

ئیتر هەتا لای ئێوارە لەوێ بووم. شتێکی سەیر ئەوە بوو کە هەتا ئەو کاتەی کە من لەوێ بزمارم ڕاست دەکردەوە یەک مشتەری نەهات. هەر لە خۆوە چوار جووت پێڵاوی دانا بوو ئەمیان واکس دەکرد و دایدەنا و ئەویانی واکس دەکرد و دایدەنا. لەم کاتانەدا هەر پێلاوێکی سێ جار واکس دەکرد. ناوە ناوەش جگەرەیەکی دەکێشا.

لای ئێوارە شمەکەکانی کۆکردەوە و دەستی خستە گیرفانی پێنسەد تمەنی پێدام و وتی: ئەمە مووچەی ئەوڕۆت. وتم: مامە گیان تۆ خۆت ئەوڕۆ ئیشت نەکرد. وتی: ئەی ئەم هەمووە کارەی وا کردم. ئەوە هۆشت لە کوێیە. هەڵیگرە بزانم. وتی: سبەی ڕۆژی خوایە. بە شەرمەوە پێنسەد تمەنەکەم وەرگرت و ماڵئاواییم لێ کرد.

- شەو لە کوێ دەخەوتی؟

ڕەزا – پارک. سەر جادە. هەر شوێنێک ببا.

- باشە ڕەزا بۆ لای ئێمە هیچت نەوت؟

پێکەنی و مژێکی لە جگەرەیەکی دا و وتی:- جاری یەکەم ئەوەی دۆخەکە باش نەبوو و یەکەوە دوا ئەوەی کە کەس نەهاتە هاوارمەوە ئیتر ترسام ئێوەش ...

درێژەی پێ نەدا و وتم: - ئێمەشت وەک ئەوان هاتە بەر چاو؟

خێرا هەستا ماچی کردم و وتی: - نە بە خوا ... دەی وازی لێ بێنە.

- باشە دەی دوایی بوو چی؟

ڕەزا - ماڵئاواییم لە پینەچی کرد و چوومە لای دووکانی خواردەمەنی فرۆشییەکە و پاش چارەکێک گەیشتم. سەرم داخست و چوومە ژوورەوە. هەتا کابرای دوکاندار و شاگردەکەی چاویان پێم کەوت قیت بوونەوە وتم هاتووم پارەی بیسکیت و شیرەکە بدەم. ئینجا پێنسەد تمەنەکەم دا بە دەستییەوە و ئەویش پارەکەی دا بە ناوچاومدا و وتی: برۆ نەتبینمەوە. پێم خۆش بوو خۆم ڕاگرم و چوومە لای دەرگا شاگردەکەی دانەیەکی تێم هەڵدا. زۆرم پێ ناخۆش بوو. مستێکم دا بە ناوچاو شاگردەکەدا و دام بە عەرزدا. چوومە لای دووکاندار کە هات لێم بدا باش باش لە یەکمان هەڵدا. دووکانەکەیم شێواند و ئۆخەی بە دڵما هات. باشم لە بیرە دەمگوڕاند و تێم هەڵدەدا. ئیتر کەس نەیدەوێرا بێتە پێشەوە. لە دووکان هاتمە دەرەوە و ڕام کرد کە پۆلیس نەمگرێ.

ئەمە یەکەمین تۆڵەم بوو. ڕەنگە ئەگەر وام نەکردبا تووشی ئەم چارەنووسە نەدەهاتم. نازانم. ڕەنگە. ئەگەر ئەگەر.

دوایی زۆر بێتاقەت بووم. نازانم لەوەی کە چۆن لەگەڵم جووڵانەوە و چۆنیان لەگەڵ جووەڵامەوە. هەموو ئەو کارانەی کە لەگەڵم کرا تۆڵەکەیم لەو دووکاندارە کردەوە. زۆر بێتاقەت بووم. پێم خۆش بوو بچم بۆ ماڵی پوورم و دایکم ببینم بەڵام پارەی پاس نەبوو.

دەخولامەوە کە کات تێپەڕ ببێ و بچم لە شوێنێک بخەوم. جا ئێوە نازانن ئەگەر کابرا بێ پارە و بێ جێ و بێکار بوو ساتێکی سەد ساڵە. ئینجا شەویش دادێ دەبێ لە سەر کورسییەک هەتا بەیانی لە سەرما و گەرما بخەوێت.

ئیتر شەو هات و بوو بە کاتژمێر ١٢ شەو. پارکێکی بچووکم دۆزییەوە کە کەسی تێدا نەبوو. کورسییەکم لە سووچێکدا دۆزییەوە و ڕاکشام. جا کاکە بیر و خەیاڵ هەڵیگرتم. بیر و خەیاڵ هاتە ناخ، گوێ و چاو و لەش و دڵ. ئەوەی کە بۆچی وام لێهات؟ باشە بۆچی؟ چ دەبوو منیش وەک ئەو عالەمە ئیشم هەبایە و سەرم لە ناو ژیانی خۆما بوایە و وەک بەچکەی بنیادەم دەرسەکەمم تەواو کردایە و بچوایەتمە سەر کارێک؟

هەزار بیر و خەیاڵ. بەم لادا دەخەوتم ئەو لام دەیێشا و بەو لادا دەخەوتم ئەم لام دەیێشا بە پشتەوە دەخەوتم پشتم دەیێشا. خۆ ژیان نەبوو. ئەمە بەزمی شەوانەم بوو.

جا شتێکتان بۆ بگێڕمەوە. کاتژمێر نزیکەی دووی شەو بوو کە دەنگی ئۆتۆمبێل هات. سەرنجم نەدا لە سووچێکی جادەکەدا پارکی کرد بوو و دەنگی داخرانی دوو دەرگای ئۆتۆمبێلم بیست.

ئۆتۆمبێلێکی لەو مۆدێل بەرزانە بوو. کچ و کوڕێ یان ژن و مێردێک و سەگێکی ژیکەڵەش دابەزی. منیش ئەوە لە پارکم و لە سەر کورسییەک.

بە جووتە هاتنە ناو پارک. دەمەقرێیان بوو. لە سەر چی سەفەر بۆ خاریجە.

کوڕە دەیویست بچێتە تایلەند و کچە نەیدەهێشت. کوڕە قسەیەکی دەکرد و نامەیەکی بۆ دەهات و کچە قسەیەکی دەکرد نامەیەک بۆ کوڕە دەهات. کچەش دەیوت کێیە؟ کوڕە دەیوت ڕیکلامە. جا نیوەشەو بێ و هەر خولەکێک ڕیکلامێک بۆ موبایلەکەت. کچە بە زۆری موبایلەکەی وەرگرت کوڕەش نەهێشت. کچە قۆڵی گرت ویستی موبایلەکەی لێ بستێنێ سەگەکە هاتە پێشەوە و ڕووی کردە کچە. سەگە هی کوڕە بوو. سەگە بە کچە دەوڕی و کچەش لە دواوە دەویست موبایلەکەی لێ بستێنێت.

پێکەنینم هات و سەگە دەنگی پێکەنینەکەمی بیست و ئەو گلاوە پەلاماری دام.

تەشا ئەو شانسەی من. منیش هەستام و لە سەر دەسکی کورسییەکە ڕاوەستام دەستم دایە لقێک درەخت بۆ ئەوەی نەکەوم. سەگەش هەر دەیوەڕاند و دەویست بمگرێت.

کچ و کوڕە هاتنە لام و کوڕە هەر شەڕی دەکرد و کچەش هەرای لە سەگەکەی دەکرد کە واز لە من بێنێ. دوای پێنج خولەک سەگە وازی لێم هێنا.

کوڕە لەگەڵ ئەوەی دەڕۆیی ئاوڕی داوە وتی: گامێش سەگەکەمت ترساند.

کچە موبایلەکەی لە بیر چوو و قۆڵی کوڕەی گرت و وتی: مێهران وازی لێ بێنە. خۆ بەشەر نییە.

ڕاوەستام هەتا بەرەو ئۆتۆمبێلەکە چوون و سەگەیان سواری ئۆتومبیل کرد

ئینجا لە سەر کورسییەکەم هاتمە خوارەوە. نەمدەزانی پێدەکەنم یان دەگریم.

جگرەیەکی داگیرساند. سەرم لەقاند و سەیرێکی کاوەم کرد کە زۆر لە مێژ بوو بێدەنگ بوو دیتم هەر هەموو ساندویچەکانی کردووەتەوە و سۆسیسەکانی خواردووە.

- کاوە؟ هەی ماڵتە.

کاوە – بۆ چی بووە؟

- ئەوە خەریکە قسەمان بۆ دەکات.

دەستی سڕی و وتی: - چاوی دەڕێ. هەر ئەو کاتەی وا ئەم بەڕێزە لە زانکۆ ئاسمانی پڕ بوو لە ئەستێرە، هاوڕێکانی پێکەوە ژوانیان دادەنا کە بچن بۆ سەیران فاسۆلیا ببەن یان دۆکلێو.

سەیرێکی کاوەی کرد و وتی: - تۆخودا ڕاست ناکەم ڕەزا؟ پێم نیشان نەدای؟

ڕەزا سەری داخست و هیچی نەوت.

کاوە – لە بیرتە چیت وت ڕەزا؟ نەموت واز بێنە. کوڕە لە بەر چاوی. هەموو وازیان هێنا و ئەمەیان دا بە گرتن. ئەو کوڕە باشی بۆ چووە. کەر و پاتاڵە. خوا تەنیا دوو گوێی درێژی مەخمەڵی و سمێل و کلکی پێ نەداوە. ئەم ساندویچانەی بۆ بەرەوە و پارەکە وەربگرەوە و بڵێ هیچی سۆسیسی تێدا نەبوو. هەمووم پشکنی.

ڕەزا پێکەنی و وتی: - دووکانێکم بۆ دانا.

- چی؟

ڕەزا – بۆ ئەو پینەچییەش دووکانێکم دانا. بۆم کڕی. شوێنێکی باش و پڕ هاتووچۆ. زۆر گەورە نییە. شەش حەوت مەترە. نانپێژییەکەش پشکی ئاردەکەیم بۆ زۆر کرد. چەند جاریش خۆم پارەی ئاردەکەیم دا. هەموو چاکییەکانم قەرەبوو کردەوە.

- ئەوە شتی چاکە. تۆ کەسێکی زۆر چاکی.

ڕەزا – چاکە دوو لایەنەیە. لە بەخشیندا چێژێک هەیە کە هیچ شتێکدا نییە. ئەگەر یەکێ کاتی خۆی بۆ منی ببەخشیبا ئێستا من لێرە نەبووم. وەستا

پێنچییەکە قسەکانی فشە نەبوو. منیش کاتی قەرەبووکردنەوە فشەم نەکرد. ئانپێژییەکە فشەی نەکرد و منیش فشەم لەگەڵ نەکرد.

لەم کاتەدا نامەم بۆ هات. ئیلهام بوو. نووسیبووی ئەگەر تەلەفۆنت بۆ بکەم وەڵامم دەدەیەوە؟ لەم کاتەدا پەیام بۆ کاوە هاتبوو وتی: - دەیهەوێ تەلەفۆنت بۆ بکات.

- ئیلهام بۆ منیش وای نووسیوە.

کاوە – ناکەن نامەکەیان لانیکەم نیو کاتژمێر مەودایان هەبێت.

- ئەوان چووزانن ئێمە هەمیشە لای یەکین.

ڕەزا – کوڕەکان وریا بن ئەمانە نەکا خەریکی شتێک بن.

کاوە – تۆ ئەدرەسی مەکۆکەیانم دەیە ئیتر کارت بە هیچ نەبێ.

من وەڵامی ئیلهامم نەداوە. بەڵام کاوە وەڵامی ژیلای داوە و پاش کەمێک تەلەفۆنی کرد و کاوە وەڵامی داوە هەر وتەکانی کاوەم دەبیست و پێدەکەنی:

- سڵاو و قوڕە دەرد. سەگباب خەریکی چ پیلانێکی؟

- من گوێم درێژ نییە باوەڕ بە قسەکانت بکەم. برا نامەوێ گوێ بە قسەکانت بدەم. من پێمخۆشە ئیزراییل ببینم بەڵام چاوم بە تۆ نەکەوێت. بە قورئان بینینی دێو درنجم لە بینینی تۆ پێ خۆشترە.

ئینجا بە سەر ئاماژەی پێکردم یانی باشە و منیش بە سرتە پێم وت: - ئافەرەم چاکی پێ بڵێ. باریکەڵا.

کاوە – دە بڕۆ عەمرت نەمێنێت. بریا بمهێشتایە بەو سۆندە شل شل بتکوتن و منیش تۆخەی بە دڵما بهاتبا. ئەرێ سۆندەکە کوا. دا بمدەیە بزانم.

بە ئاماژە پێم وت هێور بە و وتی: - نا. نا. نا. سۆندەم ناوێ. هەڵەم کرد. وەلی چیتر نە نامە بنێرە و نە تەلەفۆن بکە. من پێم خۆشە دوژمنی بابە کوشتەم ببینم بەڵام تۆ نەبینم.

- چی؟

- کوێ؟

- کاتژمێر چەند؟

- باشه دێم. زوو بێ.

- قوربانت خواحافیز.

تەلەفۆنی داخست. من و ڕەزا هەر وا سەیرمان دەکرد. ئەویش زۆر خەمساردانە قومێکی لە ساردییەکەی خواردەوە و وتی: - ئەرێ ڕەزا ساندویچی سۆسیسەکەت بە چەندە کڕی؟

ساردییەکەم لێ وەرگرت و وتم: - وادەت داناوە؟

کاوە – ئەرێ کاتژمێر ٨

- ئەی چی دیکەت وت؟

- قسەی خۆمان بوو.

- دەی فشە مەکە بە ڕاستمە.

کاوە – باوکم کاری پێمە. دەیەوێ عوزرخواییمان لێ بخوازێت. عەیبە.

- ئای کاوە. لە بیرتە چی لێمان کرد؟

کاوە – من ڕق ئەستوور نیم. دەیدەمە دەست خودا.

- ئەی ئەو کارانەی وا کردیان.

کاوە – تۆڵە باش نییە. تەماشا ڕەزا تۆڵەی کردەوە ئێستا وەک سەگ پەشیمانە.

ڕەزا پێکەنی و وتم: - ئیلهامیش نامەی نارد وەلی من وەڵامم نەداوە.

کاوە – تۆ کەری من چی.

- کەر نیم. ئیرادەم پۆڵایینە.

کاوە – نا تۆ کەری. لە دنیای کوڕاندا بەمە دەڵێن کەرێتی. بە ڕق ئەستووری و کینە و ڕق دەڵێن کەرێتی. لە هەر حاڵەتێکدا ئامادە بە با بڕۆین؟

- من بۆ؟

کاوە – تۆش خوڵک کراوی.

- خۆ ئەو هیچی نەوت. دوو وشە قسەی نەکرد. چ بگا بە خوڵککردنی من.

کاوە – ئاماژەیی خوڵکتی کرد.

- من نایەم. ڕەزا، شا کاوە چی دەکات؟

ڕەزا پێکەنی و وتی: ڕەزا – ئەمە کاکەوەیە.

کاوە – ڕەزا گیان دەستخۆش بۆ ئەو ساندویچی سۆسیسە بێ سۆسیسەت. ئیمە دەبێ بڕۆین و پشوو بدەین. با بڕۆین عوزرخواییمان لێ بخوازن. هەتا جارێکی تر کە دەمانبینی و دەتبینین کەم بێ شەرەفی بکە. بەشکەم خوا هیدایەتی دابێ.

هەستا و منیش هەستام بە ڕەزام وت:- ڕەزا تەلەفۆنمان بۆ بکە.

ڕەزا – تەلەفۆنتان بۆ دەکەم. ئەو دەم لە ڕووم هەڵنەدەهات. بەڵام ئێستا زوو زوو تەلەفۆنتان بۆ دەکەم.

ماڵئاواییم لە ڕەزا کرد و گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە و من چوومە ناو پێخەفەکەم. بۆی خەوتم.

کاتژمێر شەش بوو کاوە تەلەفۆنی کرد و ئەوەندە زمانبازی کرد بۆ ئەوەی ڕازی بووم شەو لەگەڵی بم.

هێدییانە هەستام و چوومە گەرماو و چوومە خوارەوە و نیو کاتژمێر لای دایک و باوکم بووم. ئینجا چوومە سەرەوە جلوبەرگەکەم لە بەرکرد و کاوە تەلەفۆنی کرد و لە ماڵ دەرکەوتم و سواری ئۆتۆمبێل بووم و وەڕێ کەوتین.

ژوانەکە لە کافی شاپێکدا نزیک جۆردەن بوو. پاش نیو کاتژمێر گەیشتین و ئۆتۆمبێلمان پارک کرد و کاوە هەر لەوێ ڕیمۆتەکەی خستە گیرفانی و ئەم و ئەو لای سەیر کرد و وتی:

- ئەو کچە تیوە بزانە لەمانەدا نییە لە ناکاو سوویچەکە لە گیرفانت دەرفێنن و دێنە ناو ئۆتۆمبێلەکەت.

- کوا کافیشاپ؟

کاوە – لەم کۆڵانەدایە. بۆیە لێرە ئۆتۆمبێلەکەم ڕاگرت کە نەیدزن. هەر دووکمان وەڕێکەوتین. لە ناوەڕاستی جادەدا تێپەڕین و چووینە ئەو بەر و کافیشاپێکی گەورەمان بینی، چووین و سەیرێکم کرد لە خوارەوە لە سەر مێزێک دانیشتوون.

چووینە لایان و هەر دووکیان قرچە پا هەستانە سەر پێ. دەستخۆشیم کرد و

من و کاوه و ئیلهام دانیشتین. بەڵام ژیلا هەر وا وەستا بوو به پاوه و وەک منداڵی یەخسیر لارەملانە ڕاوەستابوو. دەستی پێکەوە هەڵپێکاکاوە - دە دانیشە.

ژیلا - هەتا لێم نەبووری دانانیشم.

کاوه - من هەر وا لە کەس نابوورم.

ژیلا - تکات لێ دەکەم. تۆخودا.

کاوه - خۆ تۆ منداڵ نیت. دانیشە عەیبە.

ژیلا - هەڵە بووم. نەمدەزانی کەسێکی ئاوای. وامدەزانی وەک کوڕەکانی تری ...

کەمێک وەستا و وتی: - کاوه هەڵە بووم. تۆ زۆر پیاوی چاکی. لێم دەبووری؟

کاوه پێکەنی و وتی: - باش بۆت کەر بووم. دە دانیشە.

لەگەڵ ئەوەی دڵخۆش بوو پێی وتم: - تۆش لە ئیلهام خۆش بە. ئەو لەم بەرنامەدا نەبوو. بگرە دەشیویست پاشگەزم بکاتەوە.

سەرم داخست و سەیری ئیلهامم کرد، کە سەرم داخست و لە نینۆکی دەڕوانی.

گارسۆن هات و داوای کرد و ڕۆشت، ژیلا وتی: - ئێوە دکتۆرتان لە کوێ دەناسی؟

کاوه - هاوڕێمانە.

ژیلا - کەواتە ئێوەش بەڵێ؟

خێرا وتم: - نا. ئەو پزیشکە سەردەمانێ کەسێکی تر بوو. مرۆڤ بوو. مرۆڤێکی باش.

ژیلا - ئەی بۆ ئێستا ...

کاوه - ئیتر بوو بە کەسێکی تر. دنیا دەوران دەورانە ڕێواسی کەلیخانە.

ژیلا - بە ڕاست پزیشکە؟

کاوه - خەریک بوو پسپۆڕییەکەی وەردەگرت کە جێبەجێ نەبوو.

ژیلا – کەواتە بە ڕاست دەرزی خوێندووە.

کاوە – دەی باسی خۆتان بکەن. خەریکی چین؟

ژیلا – دیارە دکتۆر پێی وتوون؟

کاوە – نا.

ژیلا گەڕاوە و سەیرێکی کاوەی کرد و ئینجا وتی: - ئای لە مێژە.

لەم کاتەدا گارسۆن سفارشەکانی هێنا و لە سەر مێزی دانا.

هەموومان سەرقاڵی قاوە و نیسکافەکەمان بووین و قسەمان نەدەکرد. کافی شاپەکە زۆر قەرەباڵغ بوو. سەیری دەوروبەرمم کرد و ئیلهام خێرا دەستی گرتم. بە سەرسووڕمانەوە سەیرم کرد و وتم:

- بۆ نەچینە دەرەوە قسە بکەین؟

کەمێک بێدەنگ بووم و هەستامە سەر پێ و ڕاوەستام هەتا ئەویش هات و منیش چووم بە دوایدا و دەرگاکەم کردەوە و بە بزەوە دەستخۆشی کرد و چووە دەرەوە.

بامان داوە بۆ ناو شەقامێک و پاش کەمێک وتی: - دەزانی بۆچی دەمویست بتبینم؟

سەیرم کرد.

- کە دڵنیام ببمەوە کە منت بەخشیوە یان نا؟

- گرنگە بۆت؟

ئیلهامم – ئەرێ زۆریش.

- بۆچی؟

ئیلهام – بۆ کابرا لە هەموو ژیانیدا لەگەڵ چەند کەس ئاشنا دەبێت؟

- دەی گەورەشی مەکەوە. خەڵک زۆرن.

ئیلهام – نا وا نییە. خۆ ناڵێم خەڵک نییە. بەڵام زۆر کەمن.

- بەڵام لەوە ناچێ.

ئیلهام – لە هەر حاڵەتێک پێم خۆش نییە تۆ لێم برەنجی. من ئازاری زۆر کەسم داوە. بەڵام پێمخۆش نەبوو تۆ یەکیان بیت. ئێوە فەرقتان هەیە، بەڵام ژیلا

ئەمەی درەنگ زانی.
- گرنگ نییە. ئیتر وا هات.
ئیلهام – لە هەر حاڵەتێکدا تکایە لێم ببوورە.
ڕاست لە بەر دەمم ڕاوەستا. چاوی بڕییە چاوم و پێکەنیم. چاوی زۆر جوان بوو. چاوی کاڵ بوو.
ئیلهام – ئەمە یانی ئەرێ؟
سەرم داخست و هەناسێکی قووڵی کێشا و ئینجا لە کاتێکدا کە پێدەکەنی و پێکەنینەکەی زۆر شیرین بوو و وتی: - دڵم ئاسوودە بوو. ئێستا با بڕۆینەوە.
- چی؟
ئیلهام – بگەڕێینەوە لای ژیلا.
وەڕێکەوت و بانگم کرد:
- ئیلهام؟
لە ناکاو گەڕاوە و دیسان پێکەنی و وتی: - ئەمە یەکەم جارە کە ناوم دێنی.
پێکەنیم وتم: - شتی وا پێش نەهاتبوو؟
ئیلهام – ناومم ئیلهام نییە.
کەمێک وەستا و وتی: - مەهتاب. ناوم مەهتابە.
- دەی بۆ ئەو ناوەت لە خۆت ناوە خۆ مەهتاب ناوێکی خۆشە.
مەهتاب – هەمووان وا دەکەن. تەنانەت کوڕانیش.
- بۆچی؟
مەهتاب – نازانم.
- ئێستا بە ناوی چی بانگت لێ بکەم؟
مەهتاب – هەر ناوێ خۆت پێت خۆشە.
- من ڕقم لە درۆیە. بە مەهتاب بانگت دەکەم.
مەهتاب – بۆ بە تەمای دیسان بمبینی؟
سەرم لەقاند و وتی: - سەرەڕای هەر هەموو ئەو شتانەی کە سەبارەت بە من دەیزانی؟

- مرۆڤەکان هەندێ جار هەڵە دەکەن.

مەهتاب – من یان خۆت؟

- تۆ دەڵێم. بێگومان هەڵەت بووە. بەڵام ...

دوو هەنگاو ڕۆی و ئاوڕی داوە و وتی: - بەڵام چی ...؟

- گرنگ ئەوەی مرۆڤ ئیتر هەڵە نەکاتەوە.

سەیرێکی کردم و بە پێچەوانەی کافی شاپ ڕۆی و وتی: - هەندێ جار نابێ.

- بۆ نابێ؟

مەهتاب – تۆ نازانی. هەندێ جار مرۆڤ بە دەست خۆی نییە. خۆ بە خۆ دەچێتە ناو بەزمێکەوە.

- نا وا نییە. مرۆڤەکان مافی هەڵبژاردنیان هەیە.

مەهتاب – بەو مەرجەی بژاردەیەکی باشتری لە بەر دەست بێت.

لەگەڵ ئەوەی پێکەوە دەڕۆشتین وتم: - تۆ کچێکی جوانی بێگومان بژاردەی باشت بووە.

- ئەگەر هەمبا تووشی ئەم چارەنووسە نەدەهاتم.

- بێگومان ڕێگەی هەڵەت دەستنیشان کردووە.

مەهتاب – هەمووان ڕێگەی هەڵە دەڕۆن کە تووشی لەمپەر دەبن.

- تۆ هێشتا تووشی نەبووی. دەتوانی بگەڕێتەوە و بژاردەی باشتر هەڵبژێری.

مەهتاب – بێ یارمەتی نابێ.

- بەهەر حاڵ کەسانێک هەن کە دەیکەن.

ڕاوەستا و وتی: - بۆ وێنە تۆ؟

- ڕەنگە.

مەهتاب – تۆ کۆمەکم دەکەی؟

نەمدەزانی چی بڵێ.

مەهتاب – دوودڵی؟

- نا. یانی نازانم.

دیسان دەستی کردەوە بە ڕێگا ڕۆشتن و هیچی نەوت. پاش کەمێک وتم: -

ئەو ماڵەی تۆمان گەیاند ماڵی خۆتانە؟

مەهتاب – نا لەوێ کار دەکەم. پەرستاری منداڵم.

کەمێک بێدەنگ بووم و ئینجا وتم: - پەرستاری منداڵی؟

لە پڕ تووڕە بوو و ڕاوەستا و وتی: - تەماشا ئەگەر بۆ کچێکی پاکیزە و ڕووی خۆر نەدیو دەگەڕی ...

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی: - ئەرێ تەنیا پەرستاری منداڵم.

دیسان کەوتەوە ڕێگا و پاش کەمێک وتی: - ژن و مێردێک و دوو منداڵن. کابرا تاوەرسازە. بەیانی دەڕوا شەو دێتەوە. ژنەش کاتژمێر نۆ و نیو لە خەو هەڵدەستێ و نزیەکی دە لە ماڵ دەردەکەوێ و هەتا پاشنیوەڕۆ بە ماڵ ناکەوێ. هەندێ جار دەڵێ شەوانە بچم. ئەو کاتانەی کە مێردەکەی سەفەری دەرەوەی وڵاتی هەیە. ئیتر خۆی دەڵێ چ کاتژمێرێک بێم.

- شەو خۆی لە ماڵە.

مەهتاب – هەندێ شەوان نا دەچێتە میوانی.

- موچەکەت چەندە؟

مەهتاب – خوداپێداوان خۆ پارە بە کەس نادەن.

- ئەی بۆ لەوێی؟

ماوەیەک هیچی نەوت و ئینجا وتی: - بۆ دەتهەوێ هاریکاریم بکەی؟

شانم هەڵتەکاند و وتم:- نازانم.

مەهتاب – لەبەر دڵسۆزی و هاوکاری بەشخوراوان؟

- نا وا ناڵێم.

مەهتاب – چییە دڵت لێم چووە؟

- نا. نەمدەزانی ڕاست دەکەم یان درۆ.

گەڕاوە و لەگەڵ ئەوەی دیسان قۆڵی گرتم و وتی: - نا؟

سەرم لەقاند.

مەهتاب – نا؟ کەمێکیش؟

ڕاوەستام و بە شەکەتییەوە وتم: - تەماشا مەهتاب. من بە ڕاستی نازانم.

یەکەم جار کە تۆم بینی کەسێک بووی و ئێستا کەسێکی دیکەی.

مەهتاب – لەبەر ئەو دزییەی کردمان و شتی تر؟

- خۆ تۆ دز نیت.

مەهتاب – دە خۆ شەریکە دز بووم.

- بەڵام تۆ دژی ئەم دزییە بووی.

مەهتاب – دژی ئەم دزییە بووم لەبەر تۆ دەنا بۆ دزییەکانی دیکە لایەنگری و هاوکاریش دەکەم.

هیچم نەوت.

مەهتاب – ناتوانی بڕیار بدەی؟

- زۆر ئەستەمە. چوونکە من کە بڕیارم دەدەم تا کۆتایی دەڕۆم. بۆیە دەبێ دڵنیا بم.

مەهتاب – لە خۆت؟

- خۆم بەشێکی مەسەلەکەم.

مەهتاب – و لە من؟

سەیرم کرد و هیچی نەوت.

- تۆ ناتوانی بڕیار بدەی؟

مەهتاب – نا. لە بەر ئەوەی تەنیا نیم.

دیسان تووڕە بووەوە و وتی: - تۆ هیچ نازانی؟ ژیلا. ژیلاش هەیە.

بە ئەسپایی وتم: - ڕاستە من هیچ نازانم وەلی دەمەوێ بزانم.

مەهتاب – زۆر شت هەیە چاک وایە کەس نەیزانێ؟ ئەمە ئاسوودەترە.

- بەڵام من دەمەوێ بیزانم.

مەهتاب – ڕەنگە دواتر پەشیمان بیبتەوە.

- پەشیمانی لە زانین لە پەشیمانی لە نەزانین باشترە.

هیچی نەوت و جووتە پیاسەمان دەکرد و وتم: - بە لامەوە سەیرە. تۆ خەریکی کار دەکەی و مووچە وەردەگری. دە بۆ؟

مەهتاب – مووچەکەم بۆ هەفتەیەکە. نیوەی دەڕوا بۆ کرێ ماڵ.

- دەی چی دەکەی؟

سەیری کردم و دای لە پرمەی پێکەنین و وتی: - هەر ئەم کارە ئیتر.

- ناترسی بتگرن؟

شانی هەڵتەکاند و وتی: - کابرا هۆشی هەبێ نا.

- ئەوانەی لە بەندیخانەن هەر ئەم کارەیان کردووە. لە جێیەکدا تووشی گون ڕەشی خۆت دەبی.

دیسان بێدەنگ بووین و وتم: - هەر ئۆتۆمبێل دەبەن؟

پێکەنی و وتی: - پێت عەیبە بڵێی دزی؟

سەرم لەقاند و وتی: - نا. هەموو کارێ بۆ وێنە جانتا دزی.

- ئەو کاتە مەترسیدارە. یەکێ ڕاست لەو کاتەدا پێتان بزانێ چی دەکەن.

مەهتاب – ناتوانێ.

- یانی چی؟ یەکێ گەوجە و گێلە و دوو گەوج گێلە خۆ هەمووان گەوج و گێل نین.

دیسان پێکەنی و دانەیەکی تێکووتام و وتی: - مرۆڤی سادە و باش زۆرن. ئەوانە بۆ ئێمە بەسن.

هاتم شتێک بڵێم. دەستی درێژ کردەوە و جانتای پارەکەم لە ناو دەستیدا بوو. سەرم وشک بوو. چوونکە لەو کاتەدا هەستم کرد جانتای پارەکەم لای خۆمە. کەمێک سەیرم کرد و ئینجا هەر دووکمان پێکەنین و وتم: - شتی گێل و پەخمە زۆرن.

مەهتاب – نا جەنابت گەوج و گێل نین.

- بە ڕاست چۆن دەتوانی؟

مەهتاب – پرۆڤە.

کەمێک بێدەنگ بووم و ئینجا بە ئارامی وتم: - ئەگەر لە سەر شتی دیکە پرۆڤەت کردبا باشتر نەبوو؟

مەهتاب – نازانم. تاقیم نەکردۆتەوە.

- هەتا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە کە چیتر ئەم کارە نەکەی؟

مەهتاب – زۆر بەڵام خۆ پێم وتی پێویستم بە یارمەتییە. خۆ بە تەنیا نابێت. دژوارە. پاش کەمێک کە ئاوارە و دەربەدەر بووی دێیتەوە سەر ئەم بەزمە. دەبێ کەسێک پشتیوانیت لێ بکات.

هیچ وەڵامێکم بۆ نەدەدراوە خۆشم سەرم لێ شێوا بوو.

- بنەماڵەت نیتە؟

سەیرێکی کردم و هیچی نەوت.

- ناتهەوێ قسەی لە سەر بکەی؟

مەهتاب – نا.

- باش. چۆنت پێ خۆشە وا بێت.

مەهتاب – یانی جارێ نا.

سەرم لەقاند و وتی: - سوپاس کە کاتێ داوام لێ کردی هاتی و نەتهێشت لە ژیلا بدەن.

- دڵخۆشم کە توانیم. نامهەوێ بیری لێ بکەمەوە. حاڵم تێک دەچێت ...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم و خۆشی درێژەی بە وتەکانی نەدا و وتم:

- ماڵتان لە کوێیە؟ خۆ کچی ئەو ماڵە نیت.

مەهتاب – لای ژیلام. پێکەوە دەژین. لەگەڵ کچێکی دیکە.

- ئەویش ئاوایە؟ یانی ...

مەهتاب – ئەگەر ئەویش وەک خۆمان نەبا نەماندەتوانی پێکەوە هەڵ بکەین.

لە ناکاو ڕاوەستا و وتی: - تۆخوا هیچم لێ مەپرسە وەرە با بگەڕێینەوە.

خۆی گەڕاوە و مینش بە دوایدا. حەوت هەشت شەقاو ڕۆشتین و وتی: - پێم عەیبە. لە ڕوونکردنەوە شەرم دەکەم. قەت شتی وام بۆ پێش نەهاتووە.

- شتی چۆن؟

مەهتاب – ئۆتۆمبێلی کوڕێکمان دزی و ئەو بەرنامە و هەموو شتێک. کاتێک کوڕێکم دەدوان هیچی لە بارەمەوە نەزانیوە و دواتر نەمبینیوەتەوە.

بە ئەسپایی وتم: - دەزانم ناخۆشە.

پاش کەمێک گەیشتینە کافی شاپ و چووینە ژوورەوە و چووینە لای ئەو

مێزەی وا کاوە و ژیلا لە سەری دانیشتبوون. سەیرم کرد کاوە مەچەکی دەستی نووشتاندبووەوە و هەڵیدەهێنا و دایدەناوە و دوو پەنجەی لە یەکتر دەدا و ژیلاش شتێکی پێ وت و ئێمە گەیشتین و مەهتاب بە سەرسووڕمانەوە وتی:

- ژیلا!!

ژیلا - دەی خۆی پێی خۆشە.

چاوێکم لە کاوە کرد و وتی: - خەریکە فێری دزیم دەکا. بەڵام خۆشی باشی لێ نازانێت.

- کاوە ئەوە شتی ئاوای لێ فێر دەبی؟

کاوە - ئەی چی لێ فێر بم. تەسەوف و فەلسەفەی لێ فێر بم.

ژیلا - گوو مەخۆ.

- دەتوانی فێری هەموو شت بی تۆش ئەمە فێر بووی.

کاوە - ئاخە ئەمە چی هەیە لێی فێرم بم؟

- زۆر شت.

کاوە - یەکێکیان بلێ.

خۆشم نەمدەزانی چی بڵێم لە ناکاو وتم: - چێشت لێنان.

کاوە سەیرێکی کردم و ژیلا و مەهتاب پێکەنین. ئینجا وتی: - چێشت لێنان؟

- بەڵێ ئەوەش هونەرە.

کاوە - زۆر چاکە.

ئینجا ڕووی کردە ژیلا و وتی: - دادە ژیلا ئێوە فەرموون بڵێن شەلەم چۆن لێ دەنرێ؟

ژیلا - گوو مەخۆ کاوە. بە سەر ئەم هەموو خواردنە خۆشەدا چوویتە سەر شەلەم.

کاوە - باش باش دەی فاسۆلیا پلاو چۆن ساز دەبێ؟

ژیلا - خواردنی وامان هەر نییە. چی دەڵێی کاوە لە خۆتەوە.

کاوە بە ئەسپایی وتی: - دەی ئەتۆ من فێری شلەی ماسی بکە.

ژیلا - بڕۆ کۆی کەوە داشقەی توورت. ئەم خواردنانە لە کوێ دێنیت؟

کاوە - وەرە هەر ئەو دزییەم فێر کە چوون باشی لێ دەزانی.

ژیلا – گووت خوارد. چیشت لی دەنێم وەک گوڵ.

کاوە – کام گوڵ؟ گوڵە هێرۆ؟

ژیلا – نا. لە ماڵی خۆمان هەموو ئەوانەی وتت لێی دەنێم.

کاوە - بە ڕاستە؟

ژیلا – وەڵڵا.

کاوە - هەتیمچە دەزانی چییە؟

ژیلا – ئەری.

کاوە – ئەوە باوکی کەی مرد وا هەتیو کەوتووە؟

هەموومان پێکەنین و مەهتاب بە ژیلای وت: - درەنگە.

ژیلا – هێشتا کاتمان هەیە؟

کاوە – بۆ درەنگە؟

ژیلا – من دەبێ بچمەوە ماڵ و ئیلهامیش کاری هەیە.

مەهتاب – من بە بێزادم وت ناوم مەهتابە.

ژیلا سەیرێکی کرد و ئینجا وتی: - دەی منیش بە کاوەم وت ناوی ڕاستەقینەم چییە.

کاوە – نا تۆخوا. کوڵێکم پێ چوو تا ئەمەم لە بەر کرد. ناوەکان زۆرە بۆم لەبەر ناکرێت.

ژیلا – کاوە زۆر کەری.

کاوە – هاهـ تازە زانیوتە چەندە کەرم. هێشتا زۆری کەرییەتییەکەمت بۆ دەرنەکەوتووە.

هەر ئەم ناوە ساختەت باشترە.

ژیلاش چکلێتێکی هەڵگرت و بە برنگە خستی بۆ کاوە و کاوە سەری کشاندە دواوە.

ژیلا – لێت بێزارم کاوە. نازانی لەگەڵ خانمێکدا هەڵسووکەوت بکەی. بێدەبێ.

کاوە – برا چیم وت؟ من دەڵێم ئەم ناوەتم پێ خۆشە.

ژیلا – شتێ دەدەی یان نا.

کاوە – دەستخۆش بێ من بێ ئەدەبم؟

ژیلا پێدەکەنی و وتی: - ئۆتومبێلەکەت دەڵێم بێ ئەدەب.

کاوە – چەند جوان داوای ئۆتومبێل دەکەی.

سەیرێکی ژیلام کرد و بە کاوەم وت: - هەستە ئێمە بگەیێنە ئینجا بیبە.

هەموو هەستان و من پارەکەم حسێب کرد و هاتینە دەرەوە، هەر لەو کۆڵانەدا بووین وا پارکمان کرد بوو و کاوە ڕیمۆتەکەی دا بە ژیلا و وتی: - دانیشە با بڕۆین.

ژیلا دەرگاکانی کردەوە و بە خۆشحاڵییەوە چووە پشت فەرمان و کاوەش لە پێشەوە دانیشت و من و مەهتابیش لە دواوە. نازانم بۆ کاوە ئۆتۆمبێلی دا بە ژیلا. بەڵام هیچم نەوت.

کاوە - سووک سووک بۆ وا دەکەی؟

ژیلا – دەبێ بەم ئۆتومبێلە توند لێی بخوڕی.

کاوە – نییە شۆفێریشت باشە؟ لە بیرت نایێ چەند ڕۆژ لەمەوبەر کووتات بە ئۆتومبێلەکەمدا.

ژیلا – گووت خوارد. شۆفێری لە خۆم جوانە. ئەو ڕۆژە تۆ لە خۆتەوە لەو ناوەڕاستەدا ڕاوەستای.

کاوە – بە خوا ڕاست دەکەی. کابرا لە چرای سووردا هەر لە خۆوە کاتی بە فیڕۆ دەدات.

ژیلا هەر پێدەکەنی وتی: - بە خوا ئەو ڕۆژە هۆشم نەما. بیرم لای مۆبایلەکەم بوو.

ئینجا سەیری کاوەی کرد و وتی:- بەڵام بەفەڕ و بە خێر بوو.

کاوە – پێشەوەت سەیر بکە. شۆفێری ڕالی. نەکا کەسێک وەک ئەو ڕۆژەی من بێ کاتی خۆی بە فیڕۆ دا و ڕاوەستێ تۆش تێی بکوتی.

ژیلا دیسان پێکەنی و مەهتاب لە ناکاو دەستی لە سەر دەستم دانا و بە ئەسپایی پێی وتم:

- تەلەفۆنت بۆ دەکەم. باش.

سەرم لەقاند و هیچم نەوت. پاش بیست خوولەک نیو کاتژمێر گەیشتینە بەر

ماڵ و من و کاوە و مەهتاب دابەزین و مەهتاب چووە پێشەوە دانیشت و ژیلا وتی: - کۆتاییەکانی شەو ئۆتۆمبێلەکە دەهێنمەوە. دڵنیا بە.

کاوە – دڵنیام. بڕۆن بە سلامەت.

ژیلا گازی دا و ڕۆشتن. کاتێ لە کۆڵانەوە چوونە سەر جادە بە کاوەم وت: - ئۆتۆمبێلەکەت بۆ دا؟ خوا دەزانێ چی لێ دەکەن؟

کاوە – نا مەترسە ناچێتە هیچ کوێ کاتژمێرێکی تر ئۆتۆمبێلەکە لێرەیە.

- شێتی.

کاوە – دەیویست من تاقی بکاتەوە.

- تاقیکردنەوەی چی؟

کاوە پێکەنی و هەر دووکمان چووینە ژوورەوە. ئەو چووە ماڵی خۆیان و منیش چوومە ماڵی خۆمان. نیو کاتژمێر لای دایک و باوکم بووم و کاوە تەلەفۆنی کرد.

کاوە – سڵاو ئەوە من دەچمە دەرەوە. ژیلا ئۆتۆمبێلەکەی هێناوەتەوە. دەچم دەیگەیێنمە ماڵی خۆیان.

- ئاوا زوو هێنایەوە؟

کاوە – ئیلهامی گەیاندەوە و هاتەوە.

- مەهتاب.

کاوە – بە هەر حاڵ.

- سەیرە.

کاوە – خۆ وتم دەیویست من تاقی بکاتەوە.

- چووزانم.

کاوە – ئەوە من ڕۆشتم. مەترسە.

- وریا بە هاتی نامەیەک بنێرە.

کاوە – باش جارێ خوات لەگەڵ.

****

بەیانی کاتژمێر حەوت لە خەو ڕاپەڕیم. بۆ شەوەکەی کاوە کاتێ گەڕانەوە نامەی بۆ ناردم.

نزیکەی هەشت بوو، کە لەگەڵ کاوە ڕۆشتین بۆ کارگە، وەک هەمیشە بە هەوڵی کاک کاوە کاتمان تێپەڕاند و نزیکەی کاتژمێر دوو ڕەزا تەلەفۆنی بۆ کاوە کرد و بڕیار وابوو پێکەوە بچین.

پاش نیو کاتژمێر، گەڕاینەوە ماڵ و لەبەر ئەوەی لە کارگە نانمان خواردبوو نانمان نەخوارد و چووین خەوتین.

نزیکەی کاتژمێر شەش بوو، هەستام و چوومە گەرماو و کاوە لە سەربان هاتە ژوورەوە و لە سەر مۆبلەکە دانیشت و وتی: - ڕۆژانی پشوو چ بکەین؟ بچین بۆ تایلەند؟

- سێ ڕۆژە؟ خۆ ڕۆژێکیان هەر لە ڕێگادایین و دوو ڕۆژیشی دەبێ ماندوویێتی دەربکەین.

کاوە – دەی دەچین بۆ پاریس. گەشتێکی چوار ڕۆژە دەگرین و دەچین.

- ویزاکەی زۆری پێ دەچێ. درەنگ وتت. ئەرێ دوێشەو نەتزانی ئەمانە بە تەمان چی بکەن؟

کاوە – کێ دەڵێی؟

- مەهتاب و ئەوان. ئەو کارە گەورەی وا ڕەزا وتی.

کاوە – کاری گەورەی ئەمانە دەبێ چی بێ؟ خۆ دزی لە بانکی نیشتمانی نییە. دوو دانە ئۆتۆمبێل دەدزن و دەیفرۆشن؟

- دە خۆ ئێستاش هەر ئەوە دەکەن.

کاوە – کورە نا. ئێستا باری ئابوری خراپە. کار و کاسپی زۆر ناجۆرە. دوێنێشەو لێم پرسی. زۆر زۆرەکەی مانگی دوو ئۆتۆمبێل دەدزن. یەک دانەشی کەلەگاکەی ژوور سەریان لێیان دەستێنێت.

- ڕەنگە بە نیاز بن لە بانک دزی بکەن.

کاوە – زۆر سەیری فیلم دەکەی دیارە.

- باشە ئێستا چی لە ڕەزا بکەین؟

کاوە – کاتکوژی مەکە. کێشەی ڕەزا لەمانە دەرچووە. نووسینگەکەت نەبینی؟ کەسی وا تازە دێتە ناو کارگە و ببێتە کارمەندێکی سادە و مانگانەیەکی کەم، کە ئەویش بەشی کرێ ماڵەکەشی نەکات؟ کابرا لانیکەم مانگی سەد سەد و پەنجا ملوێن داهاتییەتی. تۆ بڵێ سێسەد ملوێن.

- باشە شتی وا دروست نییە.

کاوە – تۆ گیان دایکت ئیتر بیبڕەوە. ئێمە دەچین بۆ ڕابواردن. تۆ گیان باوکت تۆ گۆڕی باوکت. بە دەستی خۆت باوکت ناشتبێ وازمان لێ بێنە.

- گوو مەخۆ ئەوە سوێندە دەیخۆی!؟

کاوە – خۆ منداڵ نییە چی دەکا با بیکات.

لەم کاتەدا دەنگی موبایلەکەم هات. مەهتاب بوو. دەیویست بمبینێت. وتم لە شوێنێکدا بانگهێشت کراوم و سبەی شەو دێمە لات.

کاتژمێرێک لەگەڵ کاوە قسەم کرد و ڕەزا تەلەفۆنی کرد، بڕیار وا بوو لە سەر جادەی لەشکەرەک یەکتر ببینین.

ماڵاواییم لە دایک و باوکم کرد و سواری ئۆتۆمبێلی کاوە بووین و بەڕێ کەوتین.

سێ چارەکی کێشا و لە باباییەوە گەیشتینە لەشکەرەک. سەد مەتر سەرتر، ڕەزام بینی کە لە لای بێنزێکی جوان وەستا بوو و جگەرەی دەکێشا و سەیری ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەکرد، کە بە لایدا تێدەپەڕین.

کە ئێمەی بینی دەستی ڕاتەکاند. کاوە ئۆتۆمبێلەکەی لە پشت ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و دابەزین و پاش یەکتر ماچکردن و هەواڵپرسین وتی: - بە دوامدا

وەرن.

کاوە – لە چ ڕیستۆرانێتکە با یەکترمان لێ ون نەبێت؟

ڕەزا – ڕیستۆرانت نزیکە.

پێکەوە سوار بووین و ڕۆشتین، پاش بیست خولەک گەیشتین و پاسەوانەکەی پێش دەرگا، دەهاتە نێوەڕاستی جادەکە بۆ ئەوەی بە زۆری پەلکێشی ناو ڕیستورانتەکەمان بکات. هەر کە چاوی بە ئۆتۆمبێلی ڕەزا کەوت هاتە پێشەوە و ڕەزا پارکی کرد، دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی ڕەزای کردەوە و دوو سێ کڕنۆشێکی بۆ برد.

ئێمەش پارکمان کرد و دابەزین، کابرا ڕێزێکی زۆریشی لە ئێمە گرت. هەر سێکمان چووینە ناو ڕیستورانتەکە و لە پلیکانەکانەوە چووینە خوارەوە، کە بەڕێوەبەری ڕیستورانت و سێ چوار گارسۆن ڕایانکردە لامان و دیسان ڕێز لێگرتن.

ئەم جار ئیتر حەوت هەشت کەس، لە پلیکانەکانی ئەو لاوە چووینە خوارەوە و گەیشتینە لێواری ئاو و لە سەر و لە سەر یەکێ لەو کورسییە گەورانە دانیشتین و میوانداری دەستی پێکرد. هەموو شتێکیان هێنا.

کاتێ خواردنەکانیان هێنا، ڕەزا بە بەڕێوەبەری وت: کورسی ئەم لا و کورسی ئەو لا بە کەس نەدەی.

هەر سێکمان قاچمان ڕاکێشا و ڕەزا وتی: - گۆرەوییەکانتان داکەنن.

کاوە – نەکا بە نیاز بین ئەمانە بۆمان بشۆن. هی من تازەیە هی بێزاد بدە بیشۆن.

ڕەزا پێدەکەنی و وتی:- با قاچتان هەوای لێ بکەوێ و کەیفساز بن.

- دەستخۆش ڕەزا گیان من وا ئاسوودەم.

ڕەزا – کوڕە دایکەنن. بە خوا ئەوەندە خۆشە.

کاوە – برا من وام پێ خۆشە.

ڕەزا – شەرم دەکەی؟

کاوە – ناپیاو ئەوە مۆدێلی نوێیە؟ هەموو لە سەرەوە دایدەکەنن و دێنە

خوارەوە تۆ لە خوارەوە دایدەکەنی و دێیتە سەرەوە. لە کوڵمان بەوە ئیتر. ئێمە کوونی[8] نین.

من و ڕەزا، لە بەر پێکەنین قرتاین. من ڕاهاتبووم، بەڵام ڕەزا ژانی کردبوو. وەبیری ئەو کاتی زانکۆ کەوتمەوە. هەموومان بووین.

سەیرمکرد بە دەستی فرمێسکی چاوی سڕی. پێدەکەنی، بەڵام چاوی شتێکی تری دەوت.

نیو کاتژمێر خواردمان و قسەمان کرد و پێکەنین. ئینجا وتم:

- ڕەزا دوایی چیت لێهات؟ ئەوانی تریشی بڵێ.

پەرداخەکەی هەمووی نا بە سەرەوە و دەنکە ترێیەکی هەڵگرت و نایە دەمی و جگەرەیەکی داگیرساند و ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: - مرۆڤ هەمیشە کاس و وڕە. چوونکە بە دەور خۆیەوە دەسووڕێتەوە. گوناحیشن. لە سەر هەسارەیەکە، کە بەردەوام بە دەور خۆی و خۆرەوە دەسووڕێتەوە. ئەوە خولگەی خۆریش بە دەور خۆیەوە دەسووڕێتەوە. وەک شتێک سواری چەرخی سووڕێنەر بووە. ئەوە خۆشمان چەند دەور بە دەور خۆمانەوە دەسووڕێنەوە.

گێژ و وێژ بووم. دەردی کابرا وتی ڕابردوویکی سیا و داهاتوویەکی ڕەش.

- کابرا کێیە؟

ڕەزا – کارت چییە.

سووتکە جگەرەکەی تەکاندە ناو جێ جگرەکەی و وتی: - بەیانیان بە شوێن کاردا دەگەڕام و پاشنیوەڕوان گێژ گێژ دەچوومەوە لا پینەچییەکە. ئەگەر واکسێک هەبا دەمکرد و بزمارێکیش کە ڕاستی بکەمەوە. بۆ ئێوارەش پێنسەد تمەنی دەدا بە دەستمەوە. پیاوی چاکە. حەیف نەبێ ئەمە پینەچییە و هەندێکیش هیچ و پووچ، لەو سەرەوە دانیشتوون و گوویان کردووەتە وڵات؟!

- ئەی شەوانە هەر لە پارک دەنووستی؟

ڕەزا – نا. ئەو وەستاکارەم لە قاوەخانەیەکدا کە خۆشی لەوێ دەخەوت

---

[8] کوونی: حیز

شەشەمەکوژەکان

شوێنێکی بۆ خەوتن پێدام. دوو سێ جێگا هەبوو، بەڵام مووچەکەیان کەم بوو.

قەحبە بابانە کاتێ بیانزانیبا کابرا بە نانی شێو موحتاجە، وەک کۆیلە سەیریان دەکرد. بەڵام چم کردبا دەچووم. وەک کرێکاری ئیشیان پێم دەکرد. بڕوانامەکەم چ بوو ئیشی چم دەکرد؟ ناپیاو کاروباری ناوماڵی خۆشی بە من دەکرد.

دوو مانگ لەوێ بووم. لە هیچ باشتر بوو. لانیکەم پارەم هەبوو و داوای پارەم لەو وەستایە نەدەکرد.

- دیسان شەوانە لە قاوەخانە دەخەوتی؟

ڕەزا – ئەی چی؟ ئەی بچووبایەمە کوێ؟ خۆ ئەوەندە پارەیان نەدەدا.

بە کورتی لەو ماوەدا ئەو کۆمپانیایە لە ڕابردوومی دەپرسی و منی پەخمەش هەمووم بۆ باس دەکرد، ئەویش کەڵکاوەژوویی لێم دەکرد. وەک کۆیلە و بەردەست کاری پێم دەکرد.

ڕۆژێکیان لە نووسینگە بووم لە ناکاو خاتوونێک هاتە ئەوێ. منیش وەکوو هەمیشە چا دانەریان بووم. چام بۆ هێنا. چاوی پێم کەوت و کەمێک دواندمی و ماندوو نەبووی لێم کرد و لەم شتانە.

پاش دوو ڕۆژ بەڕێوەبەری کۆمپانیا، هەڵبەت کە دەڵێم کۆمپانیا پێتان شتێکی سەیر نەبێ، دوو ژوور و چێشتخانەیەک بوو. بەهەرحاڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیا پێی وتم: کاکە ڕەزا خێزانم خۆشی لێت هاتووە. دەڵێ کوڕێکی چاک و پاکداوێنە.

سپاسم کرد و ئەویش وتی: ئیشاڵا زۆر ناخایێنێ مووچەکەت بۆ زۆر دەکەم. دیسان دەستخۆشیم لێ کرد و وتی: ئەمڕۆ کارمان نییە بچۆ ماڵمان و خێزانم هەندێ کاروباری ناو ماڵی هەیە بڕۆ بۆی بکە. ڕاستییەکەیت دەوێ متمانەم بە خزمەتکارێکی دیکەی کۆمپانیا نییە.

نەمدەزانی چی بەم گلاوە بڵێم. لای ناخێر ئەندازیاری وڵاتی خۆم بووم؟! ئەویش پێی دەوتم خزمەتکار. بەڵام چم لە دەست دەهات؟! ئەگەر پێم کوتبایە دەری دەکردم.

بە نابەدڵییەوە وتم باش و چوومە ماڵیان و پاش کاتژمێرێک گەیشتم و لە دەرگام دا. ئاپارتمانێک بوو لە ناو باڵاخانەی ژووری شار. بە هەرحاڵ خێزانی

دەرگاکەی کردەوە. چوومە ژوورەوە و سڵاو و چاک و خۆشی ئینجا دانیشتین. چای لەگەڵ شیرینی بۆ هێنام و بە خەمخۆرییەوە لە مووچەکەی پرسیم و وتی بە مێردەکەی دەڵێ کە مووچەکەم بۆ زیاد بکا، چوو سێ هەزاری بۆ هێنام و لە سەر مێزەکەی دانام و وتی ئەمەش هی ئەورۆتە.

دەستخۆشیم لێکرد و چاکەم خوارد وتم کاری چی هەیە بیکەم؟ وتی نا ئێوە ئەندازیارن. ئەمانە ئیشی کرێکارە. دیسان دەستخۆشیم لێکرد و وتم چ کارێک هەیە کە دەبێ من بیکەم؟ وتی کەمێک وردەکارییە. وتم باش. لە خزمەتدام. وتی ئەم پیاوە هەر لە بەیانی هەتا ئێوارە کەس نازانێ لە کوێیە. منیش ئەوە تەنیا لەم ماڵە خەریکە شێت بم. ئەوەندە سەیری دار و دیوارم کردووە مردووم. وتم دەی بەرنامەیەک بۆ خۆتان چێ بکەن با بێتاقەت نەبن.

زمانم بە برین چێ. ئەمەم وت و بزە نیشتە سەر لێوی و هەستا چایەکی دیکەی بۆ هێنام و دیسان دانیشتەوە و بە بزەوە سەیری کردم و وتی: ئاخە بە تەنیایی چ دەکرێت؟ دیسان زمانم لاڵ بێ وتم: هاورێیەک بۆ خۆتان بگرن.

هەر ئەمەم وت و پێکەنی و شیرینییەکەی پێم فەرموو کرد و وتی: زۆر لە مێژە بۆ هاورێیەک دەگەرێم، کەسێک کە متمانەم پێی هەبێت. ئینجا جۆرێک سەیری منی کرد.

کاوە – تەمەنی چەند بوو؟

ڕەزا – نزیکەی پەنجا ساڵ. بە هەر حاڵ وتی ئەگەر متمانەم پێ بکەی متمانەت پێ دەکەم. ئاماژەی بە پارەی سەر مێزەکە کرد. ئینجا زانیم چ باسە. ئەو شیرینییەی کە لە ناو دەممدا بوو خێرا قوتم دا و وتم:

- نەتانفەرموو ئیشی چ بکەم؟

وتی دەی کورە کەمێک وردەکارییە. کاتمان زۆرە.

نەمدەزانی چ بکەم. وتی حەیف نییە کوڕێکی وەکوو تۆ ئەم کارانە دەکات؟! وتم چار چییە؟ باری ئابووری ناجۆرە و ئەو دەرسەی من خوێندوومە ئیشی بۆ دەست ناکەوێت. لە سەر ئەم مۆبلە هەستا هاتە سەر ئەم مۆبلە و دەستی کرد بە قسە کردن. دوو سێ خولەک قسەی کرد و وتم تکایە توالێت لە کوێیە.

هەستام بچم بۆ توالێت و لە دەرگاوە چوومە دەرەوە و گەڕامەوە بۆ کۆمپانیا.

جا لە ناو ڕێگادا ئەوەندەم جوێن بە بەڕێوەبەری کۆمپانیا و ڕۆژگار دا.

گەیشتمەوە و سڵاوم کرد. بەڕێوەبەر بە سەرسووڕمانەوە سەیری کردم و وتم وردەکاری بوو، ئەنجامم دا و ئەوە هاتمەوە. سەری لەقاند. چوومە چێشتخانە چا بێنم. بینیم تەلەفۆنی دەکرد. زانیم بۆ ئەوە تەلەفۆنی کردووە کە بزانێ ڕاست دەکەم یان نا. پاش کەمێک چوومە نووسینگەکەی و وتی خێزانم زۆری دەستخۆشی کردووە. ڕەزا خێزانم زۆری خۆش دەوێ. وتی بۆ سبەینێش ئەگەر کارێک شتێک بوو بێتەوە.

کەمێک بێدەنگ بووم و وتم: ئێرە شوێنی من نییە ببوورە ئەوانە ئیشی کرێکارە نەک ئەندازیار.

سەیرێکی کردم و هیچی نەوت. پاش دوو ڕۆژ داوای لێبووردنی لێمکرد.

کاوە – دە برا حەقیەتی تۆ وردەکارییەکەت بۆ نەکراوە بە تەمای ڕێزی چت لێبگرن؟

ڕەزا پێکەنی و سەری لەقاند و وتی: - بە هەرحاڵ دیسان بێکار بوومەوە و کەوتمە شوێن کار. هەڵبەت کەمێکم پارە هەبوو. دوو هەفتە بۆ ئیشێکی گونجاو دەگەڕام، بەڵام نەبوو. ناچار بووم مانگێ بچمە ساندویچ فرۆشییەک لەوێ ئیش بکەم. جارێ هەموویان بە لایێ ئەوە سۆگۆلیش تەلەفۆنی دەکرد و دەیوت وەرە خوازبێنیم. نەمدەزانی چی بکەم. بنەماڵەکەی زەختیان لێ کردبوو، کە یان من بچمە پێشەوە یان شوو بە خزمێکی خۆیان بکات.

چ بکەم. چەپکێ گوڵم کڕی و چووم بۆ خوازبێنی.

ئاخێکی هەڵکێشا و جگەرەیەکی داگیرساند و بە ئەسپایی وتی: - زۆر سووک بووم. زۆرم پێ ناخۆش بوو. هەڵبەت ناحەقیشیان نەبوو. کێ ژن دەدا بە بێکارێکی بەرەڵا؟

لە ناو دانیشتنی خوازبێنییەکەدا هەموو شتێکم سەبارەت بە خۆم وت. خوا دەیزانێ چم لێهات. جار نە جارێ سەیرێکی سۆگۆلم دەکرد. چاوی پڕ بوو لە ئاو. ڕەنگە لەبەر خوێڕیەتی من بێت.

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی: - باوکی گوێی بۆ وتەکانم هەڵخست و لەگەڵ ئەوەی میوەی پێ فەرموو دەکردم وتی: دەبێ پرس بە دایکی سۆگولیش بکەم و دواتر وەڵامت دەدەمەوە.

کاتێک سەیری سۆگولم کرد بینی خەریکە بە زۆری خۆی ڕادەگرێ کە نەگرێ.

پاش چەند خولەک داوای ئیزنم لێکردن و هەستام. هەتا نزیکەی دەرگا هەموویان ڕەوانەیان کردم و ئینجا باوکی هەموویان ناردەوە ژووری و خۆی لەگەڵم هات. کاتێک چووینە دەرەوە دەرگاکەی داخست و بە ئارامی وتی: کوڕی شیرینم ئەگەر خۆشت خوشکێکت هەبا و کوڕێکی وەکوو خۆت هاتبایە داوەکاری ئایا خوشکەکەت پێ دەدا؟

سەرم داخست و دەستی لە سەر شانم دانا و وتی: سەبارەت بە تۆ زۆر شت دەزانم. تۆ کوڕی چاکی. نەجیمی. بەڵام ئەمانە خۆ بە کەڵک نایە. تو هی ئەم سەردەمە نیت. بارودۆخت لە باش ناچێ. خۆ دەزانی چ دەڵێم. خوا بەو ڕۆژ نەکا ئەمڕۆ یان بەیانی ... .

درێژەی بە وتەکانی نەدا. منیش سەرم داخست و وتی: با ئەم کچە لەبەر تو نەمێنێتەوە. دەزانم زۆرت خۆش دەوێ. ئەویش تۆی خۆش دەوێ. بەڵام خۆشویستن فیداکاریشی دەوێ.

ئینجا شانمی گووشی و بزەیەکی هات. بە شەرمێکەوە ماڵاواییم کرد. نزیکەی سێ چوار کاتژمێر بە شەقامەکاندا خولامەوە. نزیکەی کاتژمێر یازدەی شەو چوومە بەر دەرگای ماڵی مستەفا. لە دەرگام دا. هاتە بەر دەرگا و منی دی و وتی ڕەزا چ بووە؟ وتم هیچ. وەرە با پێکەوە پیاسە بکەین. فەقیرە ترساش و وتی خۆ من کارم بە سۆگول نییە. وتم دەزانم. وەرە با بڕۆین.

دەرگاکەی داخست و هەر دووکمان وەڕێ کەوتین. پاش کەمێک هەموو شتێکم بۆ گێڕاوە. زۆر بێتاقەت بوو. سەیرە نا؟ ڕکەبەرەکەت خەمت بۆ بخوات؟!

وتی ڕەزا تۆ چی بڵێی من بۆتی دەکەم. کارێکت بۆ دەدۆزمەوە. لای هەمووان دەڵێم تۆ ئیشت هەیە. بە خوا هەموو کارێکت بۆ دەکەم. سوێندی خوارد و وتم:

بچۆ داوای سۆگوڵ بکە. ڕاچڵەکی. هەر وا سەیری کردم و وتم مستەفا تۆش سۆگوڵت خۆش دەوێ. خۆم باش دەزانم. خۆ دەزانم خۆشت دەوێ. دەی برۆ پێشەوە. لەگەڵ من بێ، بەختی ڕەش دەبێ، وەزعم باش نییە.

هات قسە بکا وتم هیچ مەڵێ. تەنیا دەڵێم بەختەوەری بکە. باش دەزانم کە ئەمەت لە دەست دێ.

دیسان هات قسە بکا نەمهێشت و وتم: ئەگەر هاوڕێمی ئەم کارە بکە. ئەگەریش نا دە ئەوە هیچ.ماڵەوە دەیانهەوێ بیدەن بە خزمێکی خۆیان کە سۆگوڵ خۆشی ناوێ. با بێبەخت نەبێ.

ئەوشەوە نەچوومە قاوەخانە و هەتا بەیانی بە ناو شەقامەکاندا پیاسەم کرد و جگەرەم کێشا و بیر و خەیاڵ هەڵیدەگرتم و دەگریام.

بۆ بەیانییەکەی سۆگوڵ تەلەفۆنی بۆ کردم پێم وت برۆ شوو بکە. ئیتر دوای ئەوە وەڵامی تەلەفۆنەکەیم نەداوە و سیمکارتەکەشم گۆڕی.

جگەرەیەکی دیکەی هەڵگیرساند و فرمێکسی قەتیسی سەر ڕوومەتی سڕی و پێکەنی و وتی:

- ساڵێ ڕاوەستا و ئینجا شووی بە مستەفا کرد. فەقیرە زۆر هەوڵی دا ئیشێکم بۆ بدۆزێتەوە. دۆزیشییەوە بەڵام نەچووم. وتم با ژیان خۆی چارەنووسم بۆ دیاری بکا و کردیشی.

قوومێکی لە پەرداخەکەی خواردەوە و دیسان فرمێسکی قەتیسی لاچاوی سڕی و پێکەنینێکی تاڵی هات.

من و کاوە هەر سەیرمان دەکرد. هیچمان نەبوو بڵێین. پاش کەمێک وتی:

- زیاتر لە مانگێ لە ساندویچ فرۆشییەکە نەمامەوە. یانی دەمویست بمێنمەوە، بەڵام دەریان کردم.

کاوە – لەوێ بۆ؟

ڕەزا – ئیرادم لێ دەگرت. ساندویچەکە لە خوار شار بوو. ڕۆنەکەی هەر لە بەیانییەوە هەتا شەو لە سەر ئاگر دادەنا و سۆسیسی پێ سوور دەکردەوە. دەموت کاکە مێهدی ئەمە دەبێتە هۆی شێرپەنجە. پێم پێدەکەنی. تەماتەکەی بە

نەشۆراوی ورد دەکرد و دەیخستە ناو ساندویچەکە. دەموت براگیان خەڵک نەخۆش دەکەون. دەیوت بە جەهەندەم و پێدەکەنی.

بە دەستە پیسەکانی ساندویچی دەپێچاوە. ئەوەندەم ئیراد لێگرت هەتا دەریکردم.

کاوە – هەر تەمبێ نەبووی زمانت ڕاگری و قسەی حەق نەکەی؟!

ڕەزا – نا. بە خۆم نەبوو. وامدەزانی خەڵک بە من چاک دەبن. جا ئەوە گوێ بگرن. کاتێک کاک مەهدی دەریکردم و لە بەر دەرگا مووچەی مانگێکی دەدامێ پێی وتم: کاک ڕەزا تۆ پیاوی چاکی. بەڵام بۆ ئەم کارە نابی. کابرا دەبێ هەندێ جار چاوی بنووقێنێ بۆ ئەوەی نان بخوات.

سەیرە. نا؟ هەموو ددانیان پێدا دەنا کە کەسێکی باشم. بەڵام قەڵپیان دەکردمەوە.

جگەرەیەکی داگیرساند و وتی: - دیسان بێکار بوومەوە. باوەڕتان بێ ئەم ماوەیە هەر ئەم پینەچییە دۆست و هاوڕێم بوو. هەر ئەو دەیدواندم و دڵخۆشی دەدامەوە. هەر ئەو بوو کە زانی کەسێکی باشم و یارمەتی دەدام.

دیسان کەوتمە شوێن کار. شوێن نەما نەچم. پاش نیوەڕۆیەک چووم بۆ ماڵی پوورم (خوشکی دایکم) کە چاوم بە دایکم بکەوێ. وا دیار بوو کاتی باش نەبوو و پوورم زۆر سارد و سڕ هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردم.

کەمێک دانیشتم و چایەکم خوارد و بە قەستی وتم ئیشم هەیە و دەبێ بڕۆم. هەستام و ماڵاواییم لە پوورم کرد و دایکیشم لەگەڵم هاتە دەرەوە و پێی وتم: ڕۆڵە ناتوانی شوێنێ پێکەوە بە کرێ بگرین؟ وتم بۆ دایە لێرە ئاسوودە نیت؟ وتی نا کوڕم. بەلام ...؟

تێگەیشتم کە دایکم لە دۆخێکی باشدا نییە. وتم بۆ دایە لێرە پارە خەرج ناکەی؟ وتی: با بە خوا. هەر چی مووچەی باوکی خوالێخۆشبووت وەردەگرم شتی پێ دەکڕم دەیهێنمە ماڵەوە. بەلام ...؟

کاتێ وتی باوکی خوالێخۆشبووت، دنیا بە سەرما ڕووخا. بەرچاوم لێڵ بوو. باوکم من کوشتم. من دیقم پێ کرد. لە خەفەتی من جەڵتە لێی دا و مرد.

کوڕیەتیم بۆی نەکرد، لە بری ئەوەی دارەدەستی بم کوشتم. خودا چاکم بۆ نەکات.

مژێکی لە جگرەکەی دا و سووتکەکەی کردە ناو جێ جگەرەکەی و ئاماژەی بە یەکێ لە گارسۆنەکان کرد کە بێتە لای ئێمە و ئەویش بە هەڵاتن هات و ڕەزا وتی: - بە قوربان ئەم جێ جگەرەم بۆ بەتاڵ دەکەی؟!

ئەویش تیژ جێ جگەرەکەی وەرگرت و پاش کەمێک بە دوو جێ جگەرەی خاوێنەوە هاتەوە و ڕەزا وەریگرت و وتی: - دەستخۆش. مێرسی.

پاش ئەوەی کوڕە ڕۆی وتی: - بە گیان هەر سێکمان، ئەوەندە بێزم لە خۆم هاتەوە کە پێم خۆش بوو هەر لەوکاتەدا خۆم بکووژم. ئەو دایکە داماوەم وای دەزانی من کار دەکەم. پێم نەوتبوو کە بە هۆی پیاوەتیمەوە لە سەر کار دەرکراوم. بە تەما بوو شوێنێکی بۆ بگرم و بە مووچەی خانەنشینی باوکی خوالێخۆشبوو و بە پارەی کارکردنی خۆم ژیانمان بەڕێوە ببەین.

کەمێک وەستا و ئینجا وتی: - هەر بە ڕاست چووم خۆم بکووژم. بەڵام جێبەجێ نەبوو. یا خوا ئەو ڕۆژێ نەیە کە بتهەوێ کارێک بکەی و ڕەزای خوای لە سەر نەبێت.

تۆ سەیر بکە قوربەسەری خۆم بە لایێ و دیقکردنی باوکی خوالێخۆشبووم بە لایێ و خەمی ئەم دایکمە بە لایێ، کە لە کۆتایی تەمەندا ئاوارەی ماڵی ئەم و ئەو ببوو. خەمی لە دەستدانی سۆگوڵ ئەوە کە هیچ. بێکار و ئەوەش لە رابردووم. دەبێ من چ ژیانێکم بووبێت.

ماڵاواییم لە دایکم کرد و هاتم. نزیکەی دوو کاتژمێر پیاسەم دەکرد. لە ناکاو خۆمم لە ناو شارێکەدا بینی، لە پاڵ گارد ڕاوەستام و سەیرم دەکرد. کەمێک تێپەڕی و ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل باڵام بینی. وتم ئەم ئۆتۆمبێلە بیمەی هەیە. ئەگەر خۆم بدەمە بەری دەستبەجێ دەمرم و دییەکەشم دەدرێ بە دایکم. خۆ هیچ نەبێ ئەمەم لە دەست دێت.

ئینجا وتم نا دایکم گوناحە ئەم چەند ساڵە تەمەنی ماوە با ئازاری ویژدانی نەبێت. لەتە کاغەزێکم لە گیرفانم دەرهێنا و نووسیم، من بە نیازی خۆکووژی

خۆمم داوەتە بەر ئەو ئۆتۆمبێلە ئەم شۆفێرە بێتاوانە.

کاغەزەکەم خستە گیرفانم و دیسان چاوەڕێ بوومەوە.

کەمێک تێپەڕی. لە دوورەوە دوو سێ ئۆتۆمبێل هاتن. دووانیان لەو شاسی بەرزانە بوون، کە من زۆرم حەز لێ بوو. خۆمم ئامادە کرد. یەک دوو سێ و خۆم خستە بەر ئۆتۆمبێل.

لە بەختی من هەر سێکیان تورمزیان گرت و لە چەند مەترییەوە وەک بزمار لە سەر عەرزەکە چەقیان بەست.

جا وەرە من خۆم فڕێ دەمە سەر ئەو قیرتاوی جادەیە بۆ ئەوەی بکەومەوە بەر ئۆتۆمبێل و هەر سێ ئۆتۆمبێلەکەش لە چەند مەترییەوە ڕاوەستن. خۆشم پێکەنینم هات.

لەگەڵ ئەوەی لە ناو ئوتووبانەکەدا ڕاکشا بووم، ئاوڕم داوە بینیم هەر سێ شۆفێرەکەی و هەموو ئەوانی دیکە دابەزین.

لە گوێی ئێوە دوور بێ هاتنە پێشەوە لەگەڵ ئەوەی کۆڵی جوێن و قسەی ناحەزیان خەڵاتم کرد، باش باش تێیان هەڵدام. ئەوەندەم پێکرا کە لە دەستیان ڕا بکەم. ئەی ئەو هەموو قسە ناخۆشەی کە پێم کرا.

قوومێکی لە پەرداخەکەی خواردەوە و وتی: - برسیتانە با بڵێم نانتان بۆ بێنن؟

کاوە – زووە بریا دەچووینە ڕیستورانتەکەی دیکە.

ڕەزا – ئای بریا.

کاوە – خواردنی ئەوێ خۆشترە.

ڕەزا – ئێرە هی خۆمانە شتی تایبەتکاریمان بۆ دێنن.

کاوە – بە ڕاستە؟

ڕەزا – ئەرێ بە گیانی شیرینی تۆ. بەڵام دەمهەوێ بیفرۆشم.

کاوە – باشە بۆچی؟

ڕەزا – کاتی خۆیەتی لاق و قوولم کۆ بکەمەوە.

- باشە بۆ ڕەزا؟

پێکەنی و هیچی نەوت.

کاوە – زۆر قەرەباڵغ بوو.

ڕەزا – ئەم دەمانە هەر وایە.

ئاورم داوە بینیم پڕە لە کچ و کوڕ. کۆمەڵێ ڕاوەستا بوون بۆ ئەوەی کورسییەکان بەتاڵ ببێتەوە و کاوە وتی: - ڕەزا با خەڵک بێنە لامان.

ڕەزا – نا با کەس نەیە ئێوە ئاسوودە بن.

کاوە – قەرەباڵغ بێ ئێمە ئاسوودەترین.

ئینجا ئاماژەی بەو گارسۆنە کرد کە چاوی لە ئێمە بوو بە هەڵاتن هاتە لامان و پێی وت:

- بە قوربان ئەو چوار خاتوونە کە لەوێ بە پاوە ڕاوەستاون پێیان بڵێ بێنە سەر ئەم کورسییە دانیشن. بەستەزمانانە دوو کاتژمێرە بە پاوە ڕاوەستاون. ئەو خانمانەی دیکەش پێیان بڵێ بێنە سەر ئەم کورسییەی دیکە. خێرت دەگا بە خوا.

کوڕە سەیرێکی ڕەزای کرد و ڕەزا سەری لەقاند و ئەویش چووە لای ئەو چوار خاتوونە و هێنایانیە سەر کورسییەکەی ئێمە. ئینجا چوو ئەو دوو خانمەی دیکەشی هێنا لە سەر کورسییەکەی بەرامبەرمان داینیشاندن. ڕەزا وتی: - سەرتان نەیەشێنم بە دەموچاوێکی خوێناوییەوە ڕامکرد. پاش کەمێک ڕامکرد و لەو شوێنە دوور کەوتمەوە و چوومە کۆڵانێکی لاوەکی. لووتم خوێنی ڕا نەدەوەستا. چوومە سەر جۆگەیەک و دەم و چاوم شت و گریام.

خوا تەنانەت نەیهێشتبوو بشمرم. هەر لە بەیانییەوە خەڵک هەتا ئێوارە خۆیان دەکووژن خوا ڕاست منی نەکوشت. گریانم کۆتایی هات، وتم دەبێ بچم بۆ کار بگەڕێم. هەستام و هەستمکرد ئازای ئەندامم دێشێت. ئەوەندەم تێهەڵدان خواردبوو هەموو گیانم دەیێشا. بۆ داماوی و کڵۆلیش نەمدەتوانی بە ڕێگاوە بڕۆم. خوا بەوە ڕەحمی کرد لووتم نەشکا بوو و جلوبەرگەکانم نەدڕا بوون.

وەلحاسڵ ڕۆشتم و دەواخانەیەکم دۆزییەوە و بەستەیەک پڕۆفینم لێ کڕی و سیانم بە جارێ خوارد پاش نیو کاتژمێر ژانم کەمی کرد. بەڵام توانای ڕێگا

ڕۆشتنم نەبوو.

لەو دەوروبەرانە پارکێکی لێ بوو، چوومە ئەوێ و لە سەر کورسییەک دانیشتم. کە شەو داهات چووم بۆ قاوەخانەکە کە گەیشتم داخرا بوو. لە دەرگام دا و چوومە ژوورەوە. وەستای پینەچی کە منی بینی زانی چ قەوماوە. بەڵام بە سەر خۆی نەهێنا. هەر ئەوەندە وتی ژیان زۆر شت وەک تاقیکردنەوە دێنێتە سەر ڕێت. بەڵام خۆزگە بەو کەسەی لەم هەموو تاقیکردنەوە بە سلامەتی دەرچێ.

من گوێم هەڵخستبوو. بەڵام کاوە نا. هەر لەبەر ئەوەش ڕەزا وتی: - کاوە ئەوە هۆشت لە کوێیە؟

کاوە – بەڵێ. بەڵێ. باسی تاقیکردنەوەی قوتابخانەت دەکرد. بە گیان تۆ هۆشم لاتە.

من و ڕەزا پێکەنین وتم: - کاوە عەیبە.

کاوە – کێ کاوە بۆ تاقیکردنەوەکان دەرسی نەدەخوێند. کوڕە با ئەو دەرسخوێنێکی چاک بوو.

- ئەم کەرە خەریکە درۆ دەکا.

کاوە – کوڕە لە کۆڵم بنەوە. چاو خۆی و ئەو ژیانە پڕنەهامەتییەی دەری. لێم گەڕێن با سەیری ئەم لا بکەم بزانم دنیا چ خەبەرە.

ئینجا سەیری ئەو لای کرد و وتی:

- زۆر لە سەر پا ڕاوەستان ماندوو بوون؟

یەکێ لە کچەکان وتی: - ئەرێ بە خوا.

کاوە بە ئەسپایی بە ڕەزای وت:

- قەبرت بۆ نەیە ڕەزا هەر خەریکی ئازاردانی خەڵکی.

دیسان کچەی وت:- ئێوە ئەم دوو کورسییەتانگرتووە؟

کاوە – بەڵێ. بەڵێ. ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە هەرکات دێینە ئێرە کورسییەک لەم لا و کورسییەک لەو لا داگیر دەکەین، بۆ ئەوەی ئاسوودە بین.

کچە – من لە جێی بەڕێوەبەر بام نەمدەهێشت.

کاوه – بەڵام ئەگەر لە بری خاوەنەکەی لێرە بان بەڕێوەبەر چ گوویەکە کە نەهێڵێ؟!

کچە سەیرێکی کرد و کاوە وتی:- ئێرە هی خۆمانە.

کچە سەیرێکی هاوڕێکانی کرد کە پێدەکەنین و کاوە وتی:

جا بۆ ئەوەی ماندوویێتیان قەرەبوو بکەمەوە دەڵێم خواردنتان بۆ بێنن.

کچە – ئێمە نان ناخۆین هەر نێرگەلە و چامان دەوێ.

کاوە – جا بۆ نان ناخۆن؟ بۆیە هەمووتان ئاوا کز و ڕەقەڵەن. با کەبابی گۆشتی بەرختان بۆ بێنن، برێ گۆشت بخۆن. ئەم کزی و لەڕییە چییە؟ خوا بیانگرێ وا وەزعی ئابووری ناجۆرە و ئەوەی کچ دەبینم دەڵێی ڕێوی لەڕن.

هەموو پێکەنین و کچە وتی:

- کزین چوون ڕژیمی خۆراکی دەگرین. لەبەر نەداری و هەژاری نییە.

کاوە – هەر بە ڕاستە؟ خۆ بە خوا من وامدەزانی خەڵک لە بەر هەژاری و دەستنەڕۆییەوە ئاوا کز و لەڕن.

هەموو دایان لە پرمەی پێکەنین و کاوە گارسۆنەکەی بانگکرد و وتی:

- ڕۆحەکەم بزانە ئەم دادانە چییان دەوێ بۆیان بێنە.

کوڕە بەسەرچاوێکی وت و چووە لای کورسییەکەیان و ئەوانیش دەستخۆشییەکیان کرد و داوای شتیان کرد.

نێرگەلە و چاو چوار دانە کەبابی بەرخ و سالاد و شتی تریش.

گارسۆن داواکارییەکەی وەرگرت و کاوە وتی:

- پێموابوو هۆی ئەم کزێتییە هەژارییە.

دیسان هەموومان پێکەنین و کچە وتی: - پێم خۆش نەبوو بێ قسەبێت بکەم. دەنا دەبێ بە زۆری بیخۆین.

کاوە – دەزانم. دەزانم. سەگباب ئەم زۆرەملێییە لە ژوور سەری هەموومان هەیە.

دیسانیش پێکەنین و کچە وتی: - بە ڕاست ئێرە هی ئێوەیە؟

کاوە – بۆ پێت وایە درۆ دەکەم؟ دەبێ بڵێم ئەم گارسۆنانە بێن بە شەق لێرە

بتانکەنە دەرەوە جا باوەڕ دەکەن؟

دیسانیش پێکەنین و کچە وتی: - چ بێ ئەدەبی؟

کاوە – ببوورن. مەبەستم ئەوە بوو کە بۆ ئیدعاکەم بەڵگەی زانستی بێنمەوە.

کچە – ئێمەش ڕاناوەستین کە ئێوە بە شەق بمانکەنە دەرەوە.

کاوە – یانی ئەوەندە ئازان؟

کچە – ئەی چی؟

کاوە – یانی لە قالۆنچەش ناترسن؟

کچە – نا.

کاوە – لە مارمێلکەیش ناترسن؟

کچە – دەمت داخە.

کاوە – دەک شوکر بۆ خوا. بۆیە وام وت ئەوە لە سەر لێواری ئەو کورسییە مارمێلکەیەک دانیشتووە و سەیرتان دەکات.

هەر ئەوەی وت و هەر چوار کچەکە ئاوڕیان داوە و سەیری ئەو شوێنەیان کرد وا کاوە وتبووی. لەگەڵ ئەوەی چاویان بە مارمێلکە کەوت هەر یەک بە لایەکدا هەڵاتن.

کاوە – برا بۆ وا دەکەن؟ ئەو داماوەتان ترساند. ڕۆی دادە ڕۆی. مەترسن.

کچەکان دڵنیا بوونەوە کە مارمێلکەکە ڕۆشت. لەگەڵ ئەوەی گەڕانەوە سەر جێگاکەی خۆیان دەیانبۆڵاند و کورسییەکانی تر، ئێمەیان چاو لێ دەکرد و پێدەکەنین.

- ئەم کاولبووە چییە هاتووین؟

- وتم با بچینە ئەوەی تر.

- تۆ وتت ئێرە باشە.

هەر ئەو کچە وتی:- هەر بە ڕاست ئێرە هی ئێوەیە؟

کاوە – ئەرێ.

کچە – دەی ئەم مارمێلکە بۆ لێرەیە؟

کاوە – مارمێلک هی ئێمە نییە. هی ڕیستۆرانتەکەی پەنامانە. هەندێ جار دێ

مشتەرییەکانمان دەتۆقێنێ بۆ ئەوەی ڕیستۆرانتەکەمان بەدناو بکات.

من و ڕەزا پێکەنین و کچەش خۆی پێکەنی و وتی: - قوزەڵقورت.

کاوە – برا مارمێلک بە ئێمە چی؟ ئێرە لای چۆمە جڕ و جانەوەری وای هەر تێدایە. چاکە قرژانگتان نەدی.

کچە – نەکا ئەویش هی ڕیستۆرانتەکەی پەناتان بێ هاتووە لای مشتەری بەدناوتان بکات؟

کاوە – نا قرژانگ هی خۆمانە. ئێمە لە توڵەدا دەینێرین بۆ ڕیستۆرانتەکەی پەنامان.

دیسانیش پێکەنین. ئەو کچانەشی وا لە سەر تەختەکەی دیکە بوون پێکەنین.

- تۆخوا ڕاستەکەی بڵێ ئێرە هی خۆتانە؟

کاوە – نا هەمووی نا.

کچە – ئەی کوێی؟

کاوە – هەر ئەم کورسییەی وا لە سەری دانیشتووین. بە کرێمان گرتووە کە شتێک بخۆین و بڕۆین. هەتا ئەو کاتەی ئێمە لە سەری دانیشتووین هی خۆمانە.

کچە – چ لووسکەی.

کاوە – ئێمە لە سەر ئیزنتان دەڕۆین. لای ئێوەمان خۆش. لە ئاشنایەتی نیوەچڵتان دڵخۆش بووین.

لەگەڵ ئەوەی لە سەر جێگاکەی هەڵدەستا وتی: - کوڕەکان هەستن درەنگە.

لە ناکاو هەر چوار کچەکە یەکتەکان هەستان و پێکەوە وتیان:- بۆ کوێ؟

کاوە – دەچینە سەر کاروباری خۆمان.

کچە – ئەی کێ پارەی ئەمانە دەدا؟

کاوە – خۆ ئێمە خوڵکمان نەکردن. کوڕەکان هەستن.

لەم کاتەدا گارسۆن دوو نێرگەڵە و چا و شیرینی زوولبیا و ئەم شتانەی بۆ هێنا و هەمووان لەگەڵ گارسۆن دەستیان بە قسەکردن.

- کاکە ئێمە کەبابی گۆشتی بەرخ ناخۆین.

- کاکە ئەوانە بگەڕێنەوە. ئێمە نامانەوێ.

ئینجا کچە بە توورەییەوە سەیری کاوەی کرد و وتی:

- لە من وا بوو بەشەری! چاک بوو ...

ئیتر درێژەی پێ نەدا و کاوە بزەیەکی هات و وتی:- چی چاک بوو؟

کچە ڕووی وەرگێڕا و کاوە وتی:

- برا فشەم کرد ویستم کەمێک پێکەوە خۆش بین. ئینجا بە گارسۆنی وت:

- کەبابی گۆشتی بەرخییان بۆ بێنی باش.

گارسۆن وتی بەسەرچاو و ئێمەش داوای کەبابی گۆشتی بەرخمان کردووە.

پاش نیوکاتژمێر خواردنی هەموومانیان پێکەوە هێنا و دەستمانکرد بە خواردن و پاش چەند کاتژمێر هەستاین و ماڵاواییمان لە کچەکان کرد و کاوە دەستخۆشانەیەکی زۆری گارسۆنەکەی کرد و خواحافیزیمان لە ڕەزا کرد و هاتینەوە. پاش ئەوەی کەمێک ڕۆشتین کاوە نامەیەکی بۆ هات و بە لە سەرخۆییەوە وتی: - فەقیرانە ترسی ئەوەیانە ئێمە درۆمان لەگەڵ کردبێتن.

- بۆ؟

کاوە - دەڵێن نەکا پارەی خواردنەکانمان نەدابێت.

- ئەوەندە فشە دەکەی بۆیە.

کاوە - تۆش کەم پێت خۆش نییە.

- بەسەرهاتی ڕەزاش سەیرە. خۆزگە ئەو دەم تەلەفۆنی بۆ دەکردین.

کاوە - لە کۆڵی بەوە. لە ڕووی هەڵنەهاتووە. ئەرێ ژوانت لەگەڵ ئیلهام کەنگێیە؟

- مەهتاب.

کاوە - باش دەی.

- سبەی شەو.

کاوە - یانی من سبەی شەو ئازادم؟

- ئا ئیتر چ گوویەک دەخۆی بیخۆ.

کاوە - بۆ گوو. دەچم بۆ یانەی لەشجوانی.

لەم کاتەدا دەنگی موبایلەکەی هات. وەک شتێ ژیلا بوو. من هەر گوێم لە

قسەکانی کاوە بوو.

- سڵاو. باشی؟

- ئازیزمی. خۆ هیچ نەبووە؟

- من؟ ئەوە خەریکم لە کارگە دێمەوە. مەکینەی کەبابساز خراپ بوو چووم چاکم کردەوە.

- چی؟ ڕاوەستە.

سەیرێکی منی کرد و وتی: - بەرهەمی کارگەکەمان چییە؟

سەرمم بۆ لەقاند و بە ژیلای وت: - خۆ کارگە کەبابسازی نییە. مەکینەی کەبابسازی ناو چێشتخانەکەمان خراپ بووە.

- ئەی؟ لای ناخێر ئەندازیاری وڵاتم.

- تۆ خوا؟ چۆن نازانم دروستی بکەم؟ ئێستا پێچ بادەرەکەم دێنم و بە هەڵاتن دێم وای چاک دەکەمەوە. ئەوانەی وا شەوان کار ناکەن تێرن. بەڵام ئێمە برسیمانە.

- ئەرێ. هاتم ئێوە دەستی لێ مەدەن. نەکا بسووتێ دەنا چاک نابێتەوە.

- باشە. ئەوە هاتم.

تەلەفۆنی داخست و سەیرێکی منی کرد و وتی: - بە خوا شەوانەش پشوومان نییە. چ گوویەکمان خوارد لەگەڵ ئەمانە ئاشنا بووین. ئێستا دەبێ بچم بۆ فیتەری.

- باشە ئێستا چی خراپ بووە؟

کاوە – جا چی خراپ نەبووە. کتلی، چادان، سەماوەر، قاپ و قاچاغ.

- خۆ خراپ بوونی قاپ و قاچاغ چووزانم چاکبوونەوەی دەوێ؟

کاوە – مەبەستم بەلۆعەی ئاوە.

- بەلۆعەی ئاوەکەیان چی لێ هاتووە؟

کاوە – تکە دەکات.

- بۆ تکە کردنێک شەو فیتەری دەوێ؟

کاوە – ئاو ژیانە. نابێ بە فیڕۆی بدەین. دەچم بۆ ئەوەی نەهێڵم ژیان بە فیڕۆ

بچێت.

- خۆت کەری.

کاوە – چ گیرێکم کردووە بە دەست ئەمانەوە. فیتەرم، ئاسوودەییم نییە. سەرزەنشتیشم دەکەن.

- زوو بگەڕەوە بەیانی کارمان زۆرە.

کاوە – بە چاوان. بەرپێچی دەوێ. دەیگۆڕم زوو دێمەوە.

پاشان منی گەیاندەوە ماڵی خۆمان و خۆشی ڕۆی. منیش چوومە ژوورەوە و نزیکەی کاتژمێرێک لای دایک و باوکم بووم. ئینجا چوومە گەرماو و بۆی نووستم. بەڵام چ خەوتنێک. هەتا بەیانی مەهتابم بینی. خەونم دەبینی کە پێکەوە لە ڕیستورانتی فیشمە پێکەوە لە سەر کورسییەک دانیشتووین. بەڵام تا دەهاتم بیدوێنم مارمێلکەیەک دەهاتە پێشەوە و مەهتاب یەک بە خۆی دەیزریکاند و ڕای دەکرد. ئینجا من دەچم بە دوایدا و بە جووتە سواری ئۆتۆمبێل دەبووین. لەگەڵ ئەوەی وەڕێ دەکەوین مارمێلکەیەک دێتە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە.

ئەوەندە لە مارمێلک قەڵسم. ئەم خەونانە بە لایەک و سەرماشم بوو. من وا ڕاهاتووم بەتانی ناسک بدەم بە مل خۆمدا. شەو زۆر سەرمام بوو و دەستم لە هەر چییەک دا بەتانیم دەست نەدەکەوت کە بیدەم بە ملمدا. لەبەر ئەوەی خەوەکەم نەزرێ چاوم نەدەکردەوە. هەتا بەیانی لە سەرما هەڵلەرزیم.

بەیانی کاتژمێر ٧ لە خەو ڕاپەڕیم. بینیم کاوەی خوا چاک بۆ نەکردوو لە خوار قەرەوێڵەکەم بەتانییەکەی منی دا بوو بە مل خۆیدا. ئەوەندە لێی تووڕە بووم.

- کاوە. کاوە.

کاوە – ئاااااا

- هەستە بزانم.

لەگەڵ ئەوەی سەری لە ژێر بەتانییەکە بوو بە دەم خەوەوە دەیوت:

- تۆخوا لێم گەڕێ. بە خوا هەر تۆم خۆش دەوێ.

پێکەنینم هات. لە خەویشدا درۆی نازانم بۆ کێ دەکرد. بە ئەسپایی وتم:

- به ڕاسته؟

به دەم خەوەوە دەیوت: - ئەرێ بە گیانی تۆ. بێلە ...

هاتە هۆش خۆی. بەتانییەکەی لە سەر خۆی لابرد و سەیرێکی کردم و وتی:

- من بە دەم خەوەوە قسەم کرد؟

- نا.

دیسان بەتانییەکەی دا بە سەریدا و منیش لە خوارەوە بەتانییەکەم لابرد.

لەگەڵ ئەوەی توند توند بەتانییەکەی گرتبوو. وتی:

- تۆ خوا وازم لێ بێنە زۆرم خەو دێت.

- پێت دەڵێم هەستە.

کاوە – ئەرێ دە لێم گەڕێ. شەو کار نیوەڕۆ کار و بەیانی کار نیوە شەو کار.

توند بەتانییەکەم کێشا و فڕێم دا ئەو لا و وتی:

- دوێشەو هەتا یەکی نیوەشەو ئەو نامەردانە بەرپێچیان پێ گۆڕیم.

- دەی بۆ هاتییە ئێرە؟

سەری بەرز کردەوە و سەیرێکی کردم و وتی:- تۆ بۆ لە ژوورەکەی منی؟

- ئێرە ژووری تۆیە؟

هەستا و دانیشت و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و وتی:

- بەڵێ ئێرە ژووری منە و ئەوەش قەرەوێڵەکەم. ئەوەش مێزی کۆمپیوتەرەکەمە. هەر تۆ و ئەم مۆبلە بە ژوورەکەم زیاد بوون.

- لاچۆ بەتانی منت داوە بە مل خۆتدا. منیش هەتا بەیانی لە سەرما قڕم هات.

کاوە – دەی خۆ تۆش لە سەر دۆشەک و قەرەوێڵ و سەرینەکەی من نووستی. من هەر ئەم بەتانییەم هەبوو. بەشی تۆ لە هی من زیاتر بوو. لە ژیانتا هەر بۆڵەت کردووە.

- بۆ لێرەی؟

- لەگەڵ ئەوەی لە سەر مۆبلەکە دانیشتبوو و وتی:

- وەی پشتم. ئازای ئەندامام لە سەر ئەم عەرزە وشک بووە.

- چاوت دەرێ. دەی دەنگت کردبا دۆشەک یان شتێکم پێ دەدای.

کاوە – دڵم نەهات هەڵتبسێنم.

- دەی بۆ نەچوویە ماڵی خۆتان؟

کاوە - چووم. دەرگای ماڵەوەم کردەوە و چوومە ژوورەوە. ویستم دەرگای ڕێڕەو بکەمەوە، بەڵام هەستم کرد شتێک لە پشتیەتی. ماڵتە باوکم سینییەکی لە پشت دەرگاکە دانا بوو بۆ ئەوەی ئەگەر دەرگام کردەوە دەنگی سینییەکە بێ و بێ بە سەرمدا.

هاتمە سەر دیوارەکە و چوومە ناو بەرهەیوان. پەنجەرەی ژوورەکەم داخرا بوو. لە بەرهەیوانەکەوە بازم دایە ناو بەرهەیوانەکەی تۆ و هاتمە ناو ژوورەکەت.

- باشە بۆ وای کرد بوو؟

کاوە – چوونکە هەموو شەوێک درەنگ دێمەوە بۆ ماڵەوە و پێی دەڵێم زوو هاتوومەتەوە و نوستووم. ئەویش ناتوانی بیسەلمێنی کە درۆم کردووە. ئەم فێڵەی کردووە بۆ ئەوەی بێ بە سەرمدا و پێم بزانی.

پێکەنیم و وتم:- ئێستا چی پێ دەڵێی؟

کاوە – دەی دەڵێم دوێشەو لە کاتژمێر یازدەوە لێرە بووم و لەگەڵ تۆ خەوتووم.

- دەی دەنگت کردبا با سەرینێکم پێ بدابای!

کاوە – وەڵا زۆرم هەوڵ دا سەرینەکەی ژێر سەریشت لابەم. بەڵام نەمتوانی. سەرت لە سەری دانا بوو و توند بە هەر دوو دەستت گرتبووت.

- ئای لە کاحەمە کاوە. هەستە بچۆ بۆ گەرماو و زووش وەرەوە دەچین بۆ کارخانە.

هەستا و ڕۆی. منیش کاروبارەکەم جێبەجێ کرد. و چوومە خوارەوە و بەرچاییەکەمم خوارد و ئامادە بووم. نزیکەی کاتژمێر هەشت و چارەک بوو هات و بە جووتە سواری ئۆتۆمبێل بووین و ڕۆشتین.

کاوە – زانیوتە چ بووە؟

- چی؟

کاوە – دوێنێشەو ئەو باوکە نامەردەم زانیویەتی من هاتوومەتەوە دەنگی نەکردووە.

- زانیویەتی هاتوویتەوە بۆ ماڵەوە؟

کاوە – شەڕمان کرد.

- جا ناحەقیەتی؟

کاوە – شوکر باشە لێرە تۆ هەی حەق بدەی بە حەقدار.

- ئەرێ شتێ تۆ ئەوشەو لەگەڵ ئیلهام ژوانت دانا؟

- مەهتاب. نە ئیلهام.

کاوە – کوڕە چاوی خۆت تۆ و مەهتابیشت دەرێ.

- بێئەدەب.

کاوە – توانیت لە زمانی دەربکێشی بەرنامەیان چییە؟

- سەبارەت بە چی؟

کاوە – ئەو کارە مەزنەی کە بڕیارە بیکەن.

- ژیلا هیچی نەوت؟

کاوە – نا. هەرچەند هەوڵ تەقەلام دا نەمتوانی لە ژێر زمانی دەربێنم.

- ئاخە ئەگەر قسە بکەن کێشە بۆ خۆیان ساز دەکەن.

کاوە – نەک بڵێی ئێستا کێشەیان نییە؟

- باش بوو ئەگەر بمتوانیبا کارێک بکەم کە چیتر دزی نەکەن.

کاوە – تاقە کارێک کە دەتوانین بۆیان بکەین ئەوەیە کە بیانخوازین.

- نا. ڕێگەی تریش هەیە.

کاوە – ژیلا کەرتی و پەرتی پێی ڕاگەیاندم کە ئەگەر بیخوازم واز لەم ئیشە ناشیرینە دێنێت.

بێدەنگ بووم و هیچم نەوت.

- هەر ماوە بە باوکم بڵێم بووکەکەی چکارەیە.

- یانی هەر بە ڕاست بیر لە هاوسەرگیری دەکەیتەوە؟

کاوه – من هەر لە کەڕەی بەیانی هەتا نیوەشەو بیر لە هاوسەرگیری دەکەمەوە. سات نییە بیری لێ نەکەمەوە.

– هاوسەرگیری لەگەڵ ژیلا؟

کاوه – ئەوەش بژاردەیەکە. لانیکەم ناخ و ڕەواڵەتی دەبینم ئیتر پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکات. ئەی تۆ؟

– چی؟

کاوه – ئیلهام ئیدی؟

– مەهتاب برا، مەهتاب.

کاوه – کوڕە شتێکت پێ دەڵێم.

– هاوسەرگیری بابەتێکی زۆر گرنگە. دەبێ مرۆڤ ژیرانە بیر بکاتەوە. قسەی تەمەنێکە. قسە لە سەر هاوبەشی ژیانە. قسە لە سەر ڕێککەوتنی دوو ڕۆحە. قسە لە سەر یەکێتییە. هاوبەشییە. هاوبەشیی چەند لایەنە. مرۆڤ لەگەڵ کەسێکی تر دەبێتە هاوبەش. هەم لە ژیان و هەمیش لە هەست و سۆز. لە ڕفتار، لە خوو و خدە. قسە لە سەر دروست کردنی مرۆڤ یان چەندین مرۆڤە. کە لەوەشدا هاوبەشی پێویستە.

کاوه – برا ئەوە لە دانووستانی یەک زێدە پێنج[9] دژوارترە. لە من وا بوو کابرا ژنێ دێنێ پاش کەمێک تەڵاقی دەدا و دەچێتە لای ئافرەتێکی تر.

– برا تۆ کەری. کەسێک کە نیوەشەو بێتە ژووری ئامۆزاکەی و بەتانی لە سەر ئامۆزاکەی لا بدا و بیدا بە ملی خۆیدا هەر ئەوەندە عەقڵی پێ دەشکێت.

کاوه – دەنا دەمویست سەرینەکەشت لا ببەم. نەمتوانی.

– هەر ئەوەندەم چاوەڕوانی لە تۆ هەیە.

گەیشتینە کارگە و چووینە ژوورەوە. هەتا کاتژمێر دوو و نیو لەوێ بووین. لە بەیانییەکەیەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ پشوو بوو.

کاتژمێر سێ و چارەک لە ماڵ بووین. کاوه چووە ماڵی خۆیان و منیش بۆی

[9]- ئاماژە بە پێنج ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی.

نووستم. بۆ ئەوەی دواتر هەستم و ئیشەکانم رابپەڕێنم و بچمە لای مەهتاب، جلەکانم ئامادە کرد و ڕاکشام و بیر و خەیاڵ بردمیەوە.

نازانم چ کاتێ خەوم لێکەوت کە کاتژمێر شەش و نیو بە تەلەفۆنی کاوە لە خەو ڕاپەڕیم، چوومە خوارەوە کاتژمێرێک لەوێ دانیشتم. ئینجا جلوبەرگەکانم گۆڕی و تەلەفۆنێکم بۆ کاوە کرد و سواری ئۆتۆمبیلەکەم بووم و وەڕێکەوتم.

ژوانەکەمان لای سینەما فەرهەنگ بوو. نزیکەی هەشت و بیست خولەک گەیشتم و لە دوورەوە بینیم. ئۆتۆمبێلی منی نەناسییەوە. دەستم بۆ ڕاتەکاند و ئەویش لەو بەری شەقامی شەریعەتی هات و سوار بوو و وتی:

- سلاو. ئۆتۆمبێلێکی جوانت هەیە.

- سلاو. سوپاس قابیلی نییە بە خوا.

مەهتاب – دەی بۆ سواری نابی؟

- زیاتر لەگەڵ کاوەم و بە ئۆتۆمبێلی ئەو هاتوچۆ دەکەم. خۆت چۆنی؟ باشی؟

مەهتاب – سپاس خراپ نیم. بەڵام هەر پێم عەیبە.

- فەرامۆشی بکە.

مەهتاب – ئەو ڕووداوە یان ژیانم یان کارەکەم و یان هیچ؟

کەمێک وەستا و بە بێتاقەتییەوە وتی: - بێزاد.

سەیرم کرد.

مەهتاب – ئەوە نزیکەی بیست خولەکە لێرەم.

- ببوورە بەڵام ژوانەکەمان هەشت و نیو بوو. وایە؟

مەهتاب – نا مەبەستم شتێکی ترە. لەو کاتەوە کە دەهاتمە ئێرە هەتا هەنووکە بیرم دەکردەوە بۆ چی ...؟

- تێناگەم چ دەڵێی؟

مەهتاب – بۆ چی ژوانمان دانا؟

نەمدەزانی چ بڵێم.

مەهتاب – تۆ بۆ هاورێیەک دەگەڕی؟ من هاورێیەکی باش نیم. ئەگەر بۆ





CS CamScanner

کچێک دەگەڕێ کە ببێتە خۆشەویستت دیسان من کچێکی باش نیم. ئێمە چمان لە یەکتر داوە؟! خۆشم نازانم بۆ دەبێ چاوم بە تۆ بکەوێت؟! داوای لێ بووردنت لێدەکەم کە منت بەخشی. ئیتر بۆچی ...

نەمهێشت کۆتایی بە وتەکانی بێنێ و چاوم بڕییە چاوی کە پڕ لە تووڕەیی و فرمێسک بوو.

بزەیەکم بۆ کرد و دەسرێکم پێدا. بە بزەیەکی دەستکردییەوە لێی وەرگرتم و چاوی پێ سڕی و وتم:

- مەهتاب من هیچت لێ نازانم.

مەهتاب – جا هیچ ماوە بزانی؟

- ئێستا دەڵێم. دەمەوێ بزانم بۆچی هاتییە ئێرە.

کەمێک بێدەنگ بوو و پاش کەمێک وتی: - نارۆی؟

- پێت خۆشە بچینە کوێ؟

مەهتاب – خۆت کوێت پێ خۆشە؟!

وەڕێکەوتم و پاش کەمێک وتی:- ئەگەر نازانی بچییە کوێ با بچینە فشم.

لە شەریعەتییەوە بەرەو سەدر چووم. پاش کەمێک ڕۆشتن وتی:

- ڕابردوو گرنگ نییە. گرنگ کاتی ئێستایە.

- بەڵێ وایە بەڵام کاتی ئێستا ڕابردوویەکی هەیە و داهاتووش ئێستایەکی هەیە. ئێستاش کە لە کاتی ئێستادایین، ڕابردوو داهاتووە و داهاتوو ڕابردوو.

پێکەنی و وتی:- یاری بە وشەکان مەکە.

هیچم نەوت و وتی:- بەڵێ ڕاستە. کاتێ هەست دەکەم ئەوە دروستە. لە من وایە ڕابردووی خەڵک زۆر گرنگە و هەمووان گرنگی پێ دەدەن. ڕابردوو و پێشینەی خراپ.

- بنەماڵەکەت لە کوێن؟

ئیتر هیچی نەوت. ڕێگەکە قەرەباڵغ بوو، نزیکەی کاتژمێر و چارەکێکی خایاند هەتا گەیشتینە ڕیستوڕانتێک و ڕامگرت. ویستم بچمە ڕیستوڕانتەکەی ڕەزا، بەڵام نەچووم.

لای ڕووباری تەتە لە سەر کورسییەک دانیشتین و داوای چام کرد، پاش کەمێک هێنایان. هاتم چادانەکە هەڵگرم لە پڕ سینییەکەی کشاندە لای خۆی و وتی:- ڕاوەستە خۆ ئامادە نییە.

ئینجا چادانەکەی هەڵگرت و کەمێک ڕایتەکاند. وازم لێهێنا وتم با ئیشی خۆی بکا و ئاسوودە بێت.

پاش چەند خولەک کەمێ چای کردە ناو کووپەکە، بۆ ئەوەی گەرم ببێتەوە و بیرێژێتە سەر عەرز و دوو نەباتی هەڵگرت کردییە ناو کووپەکان و چای تێکرد. یەکیانی هەڵگرت و یەکیانی دا بە من و بە بزەوە وتی: - فەرموون.

لێم وەرگرت و دەستخۆشیم لێکرد. زۆر حاڵم باش بوو. هەستی پەیوەندییەکی وەکوو پەیوەندیی ژن و مێردەکان. هەر دووکمان بە بێ هیچ قسە کردنێک چامان دەخواردەوە.

- حەزت لە شێعرەکانی حافزە؟

بە سەر وەڵامی بەڵێم پێدایەوە، بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە کووپەکەی لە سەر سینییەکە دانا، جانتاکەی هەڵگرت و لەگەڵ ئەوەی دیوانە شێعرەکەی کردەوە وتی:- دەبا فاڵێکت بۆ بگرمەوە.

پێکەنیم و وتم: - حافز لە ناو جانتاکەتە؟!

مەهتاب – هەمیشە.

پاشان کتێبێکی بچووکی حافزی هێنا، جانتاکەی لە سەر جێی خۆی دانایەوە و دیسان بە تامەزرۆییەکی شیرینەوە وتی: - نیازی دڵت چییە؟

پێکەنیم و چاوی نووقاند کتێبەکەی کردەوە و بە بزەیەکەوە وتی:

- زۆر چاکە.

- چی؟

مەهتاب – فاڵەکەت.

- حافز شێعری جوانی هەیە.

مەهتاب – ڕۆژی وایە سەد جار فاڵ دەگرمەوە.

کەمێک وەستا و بە ئەسپایی وتی: - گوو بەو کارەی وا بڕیارە بیکەین.

بێدەنگ بوو و تێکچوو و جانتاکەی کردەوە و کتێبی حافزی خستەوە ناو و کووپەکەی گرت بە دەستەوە. قاچەکانی کە درێژی کردبووەوە کۆی کردەوە و دانیشت و سەیری ڕووبارەکەی کرد.

منیش هیچم نەوت. ڕەنگە پێنج خولەک تێپەڕی و بە ئەسپایی وتی:

- من بنەماڵەم نییە. هیچ کات دایک و باوکی خۆمم نەبینیوە.

سەرم سووڕما.

مەهتاب – خانەی بێسەرپەرشتان.

دوو کەسی بێڕەوشت و بەرەڵا منداڵێک دەخەنەوە و ئینجا فڕێی دەدەن.

ئینجا گەڕاوە سەیری کردم. واقم وڕما و وتم:

- ڕەنگە وا نەبوو بێ. ڕەنگە ڕووداوێ، ...

نەیهێشت وتەکانم کۆتایی پێ بێنم و وتی: - هیچ شتێک ڕووی نەداوە. هیچ ڕووداوێکی هاتوچۆ نەکەوتۆتەوە. دایک یان باوکێک بەیانانێکی زوو کەرەی بەیانی یان شەو، یان نازانم چ کاتێکی نەفرەتی منداڵێکیان فڕێ داوەتە بەر دەرگای خانەی بێسەرپەرشتان. منداڵێکی بەرمەمکانە. جەرگی خۆی. ئەوی دیکەت بۆ بگێڕمەوە؟

- تۆ بە چیدا ئاوای دڵنیای؟

مەهتاب – منداڵ لەگەڵ ئەوەی چاو و گوێی دەکرێتەوە، وەک دەڵێن عەقڵی بە دنیا دەشکێ و فام دەکاتەوە، سۆز و خۆشەویستی دەوێ. هەمووکەس وایە. بەڵام منداڵ زیاتر. کاتێک کە گەورەی خۆت ئاگات لە خۆت دەبێ، بەڵام کە منداڵی دەوروبەرییەکانت دەبێ بتپارێزن. پشتیوانت دەوێ. زۆریش. ئەویش پشتیوانیی دایک و باوک.

هەتا منداڵی تەنیا هەڵوەدای سۆز و خۆشەویستیت. جا لە لایەن هەر کەسێک بێت. لە خانەی بێسەرپەرشتاندا سۆز و خۆشەویستی لە ئارادا نییە. منداڵێکی بێسۆز بار دێیت. کە منداڵی ئەمانە نازانی. لە قوتابخانە یان شوێنی تر گوێی لە وشەگەلی وەکوو دایک و باوک، پوور، خاڵ، مام دەبێ. ئەمانەی دواتر بۆ دەردەکەوێ و دەزانی چییە. ئەو کات دەزانی لە زۆر شت بێبەش بووە. پێشتر

هەستی بە نەبوونیان دەکرد. بەڵام نازانی لە ژیانیدا چی کەمە.

پاش کەمێک هەستا و جگەرەیەکی داگیرساند.

مەهتاب - نازانم چۆن پێت بڵێم، یەکەم جار یان دووهەم جار چ کاتێ بوو، کە لەگەڵ ئەم وشانە ئاشنا بووم. بەڵام دواتر زانیم لەگەڵ منداڵانی دیکە فەرقمان هەیە. شتێکمان کەمە. ئینجا پرسیار دەست پێ دەکات. لە سەرپەرشت و بەرپرسی خانەی بێ سەرپەرشتان، لە یەکتر. لە کۆتاییدا لەو منداڵانەی کە فەرقیان لەگەڵ ئێمە هەیە. ئەو کات دەزانی ئەو وشانە چ واتایەکیان لە خۆ گرتووە.

دایکم لە باوەشی کردم. دایک دەست و دەموچاوی شتم. دایکم نانی پێدام. دایکم یاری لەگەڵ کردم. دایکم حەقایەتی بۆ گێڕامەوە، بۆ ئەوەی بخەوم. دایکم بۆ پارکی بردم. دایکم چێشتی لێ دەنا. دایکم شیرینی بۆ ساز کردم.

ئەو کات دەزانی لە ژیاندا شتێک هەیە ناوی دایکە و هەموو کارە باشەکان بۆ منداڵی خۆی دەکات.

باوکم هاتەوە بۆ ماڵ. نقوڵی بۆ کڕیم. باوکم لە باوەشی کردم. باوکم ماچی کردم. باوکم قەڵەم ڕەنگی بۆ کڕیم.

ئینجا دەزانی لە ژیاندا شتێکی دیکەش هەیە ناوی باوکە، کە شەوانە و پاشنیوەڕوانە دێتەوە بۆ ماڵ و لەگەڵ هاتنی ئاسوودەیی و ئاسایش دێتە ناو ماڵ.

دەبینی لە ژیانی تۆدا ئەم بیرەوەرییانەی تێدا نییە. ئەو کات دەزانی تۆ بۆچی کەسێکی بێسۆزی. لە بەر ئەوەی دایک و باوکت نییە، کە فێری سۆزت بکەن. ئینجا ئەم پرسیارە لە خۆت دەکەی:

ئەی باشە کوا دایکی من؟

ئەی کوا باوکی من؟

ئینجا دەست دەکەی بە لێکۆڵینەوە و لەم ڕێگەوە کەرتی و پەرتی شتێکت دەست دەکەوێ. لە کۆتاییدا بۆت دەردەکەوێ کە کەس تۆی نەویستووە. تۆ ڕاونراوی. تۆ فڕێ دراوی. و بەم ئەندێشەوە گەورە دەبی.

ئینجا گەڕاوە و سەیریکی کردم و بە قووڵی لێی ڕوانیم. شەرمم لێکرد و سەرمم داخست و هیچم نەوت.

مەهتاب- لە سەردەمانی کۆندا کە کەسێک دەچووە شارێکی دیکە، کە دەهاتەوە کۆمەڵێ کەسی لێ کۆ دەبووەوە و پرسیاری شاریان لێ دەکرد. ئەویش چی دەبوو ئەوەندەی دیکەی پێوە دەنا و بۆیانی دەگێڕاوە.

منداڵی خانەی بێسەرپەرشتانیش وایە. خۆی بە منداڵێکەوە هەڵدەواسێ کە دایک و باوکی هەیە بۆ ئەوەی زیاتر بزانێت. هەڵبەت منداڵ درۆزنیشن خۆشیان کەمێکی پێوە دەنێن. بەڵام قسە دەکەن. باسی ئەوە دەکەن کە دایک و باوکیان چەندە باشن بۆیان. ئینجا باس لە مام و خاڵ و پوور و منداڵەکانیان دەکەن و ئەو کاتەیە کە بۆت دەردەکەوێ کە چەندەت کەمی هەیە. ئەو کاتە تووشی تووڕەیی، ئیرەیی، ڕق و بێزاری دەبیت.

لەگەڵ ئەمانە گەورە دەبێت. هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی زۆر شت وەدەست بێنێ و بیکا بە بەدیلی ئەمانە. بۆشاییەکانی ژیانی بەمانە پڕ بکاتەوە. لەم پێناوەدا لەوانەیە زۆر شتی بە سەر بێت.

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی: - منیش یەکێک لەم کەسانەم بێزاد. ویستم بە کورتی و بە پوختی وەڵامت بدەمەوە. بەڵام من دڵنیام. لە سەرەتادا بەوە فێڵم لە خۆم دەکرد کە دایک و باوکم منیان خۆش ویستووە، بەڵام مردوون. بە ڕووداوی هاتووچۆ یان چووزانم شتی تر. هەر بۆیە بە دواداچوونم بۆ کرد. بەڵام هیچم نەدۆزییەوە. جگە لەوەی بەیانانێک پیاوێک یان ئافرەتێک منداڵەکەی لەتی جەرگی خۆی هێناوەتە بەر دەرگای خانەی بێ سەرپەرشتان و کەمتەرخەمانە ڕۆشتووە. هیچ کاتیش بە دواداچوونی نەکردووە کە ئەو منداڵە بە چ چارەنووسێک چووە. ئەمانە کوڵێ پرسیاری لێ دەبێتەوە. بەڵام بەڵام بەڵام. ئەمانە دەتکووژن.

کەمێک لە کووپەکەی نا بە سەرەوە و سەیرێکی کووپە بەتاڵەکەی منی کرد و دیسان بۆی پڕ کردمەوە و وتی: - تۆ دەزانی خانەی بێ سەرپەرشتان چییە؟

سەیرم کرد و وتی: - سەربازخانەیەکە بە یاسای و ڕێسای خۆیەوە. شوێنێک

که هەندێ کەس ناچارن ئاگایان لە تۆ بێ، بۆ ئەوەی مووچەیان پێ بدەن و ژیانیان بەڕێوە ببەن. جا هەولیش دەدەن لەگەڵت میهرەبان بن. ئەو کاتە بیر لە ڕاکردن دەکەیتەوە. کاتێ کە ڕا دەکەی بێ پشتیوانی و نازانی چی بکەی؟

ئەمانە هی ئەو کاتەیە کە گەورە دەبیت. تەمەنی شازدە یان حەڤدە ساڵان. کاتێک کە زۆر منداڵی شتەکان فەرقی هەیە. بە ڕاستی کەموکوڕیت زۆرە. ناخت هیچی تێدا نییە ڕاستە تەنیای، بەڵام ئەوەندە دەترسی کە دەست نەدەیە هیچ کارێکی تر.

بە برسێتییەکی سادە تێدەگەی کە خانەی بێسەرپەرشتان شوێنێکی پارێزراوە. لەگەڵ بارینی باران و هەورە برووسکە، تێدەگەی کە خانەی بێسەرپەرشتان شوێنێکی پارێزراوە. لەگەڵ بەفر و باران تێدەگەی خانەی بێسەرپەرشتان شوێنێکی پارێزراوە. کە گەورە بووی ئیتر وا بیر ناکەیتەوە. وا دەزانی ئیتر دەتوانی خۆت بپارێزی. ئێستا ئیتر پێویستت بە خانەی بێسەرپەرشتان نیە. یانی ئیتر وا بیر دەکەیتەوە. بەڵام هەڵەیە. ئەو کات زیاتر پێویستت پێیە. بەڵام خۆت ئەمە نازانی.

ڕا دەکەی. دەتهەوێ دنیای بێ سەرپەرشت تاقی بکەیتەوە. بە نیازی لەو چوارچێوە وشک و ڕەق و تەقە بێیتە دەرەوە. بە نیازی دوور بکەویتەوە. دەتهەوێ شانسی خۆت بە تاقی بکەیتەوە.

ئینجا بە پێکەنینەوە دەڵێ: - زۆرم قسە کرد سەرم ئێشاندی. نا؟

بە هێورییەوە وتم: - نا.

دەمویست خۆم بخەمە جێی مەهتاب. لە منداڵی و گەورەییدا. بە ڕاستی ناخۆشە، خۆم بخەمە جێی ئەو چ جای ئەوەی لە جێی ئەو بام و ئەم قۆناغانە ببڕم. بیر و خەیاڵ هەڵیگرتم و دەستی لە نێو دەستم خست و وتی: - بێزاد گیان ئەمە ژیانی منە. ئەوەی کە هەم و بەشێکیشی پێشتر وتم. ئێستا ئەگەر ...

هەر لەم کاتەدا گارسۆن هات، بۆ ئەوەی داواکارییەکانی خواردن وەربگرێ و مەهتاب وتی: - بێزاد با بڕۆین.

- بۆ نانی شێو نەخۆین؟





CamScanner

بیچمی دەموچاوی جۆرێک بوو، کە هەم پەشیمان بوو و هەمیش تکای دەکرد پێداگری نەنوێنم و هەمیش داوای لێبووردن و هەمیش جوان.

حسێبەکەیان بۆ هێنایین و سواری ئۆتۆمبێل بووین و بەرەو تاران وەڕێکەوتین.

لەگەڵ ئەوەی شۆفێریم دەکرد وتی: - بێزاد شتێک بڵێم گوێم پێ دەدەی؟

سەیرێکم کرد چاوی لە چاوم بڕی و بزەیەکی هات و وتی:

- ئاگات لە پیشەوەی خۆت بێت.

نازانم دەیویست چی بڵێ، بەڵام وەک بڵێی پەشیمان بوەووە و وتم:

- بە تەمای نیت واز لەم پیشە بێنی؟

مەهتاب – خۆ جارێ پێم وتی. ئەمە بە تەنیا ناکرێت. خۆ ژیلا و کچێکی دیکەش هەیە.

- واتە گرووپ! بە تەما نیت بە جێیان بێڵیت؟

سەری لەقاند.

- چ کاتێ لەگەڵ ژیلا ئاشنا بووی؟

مەهتاب – ساڵانێکی زۆرە.

- لە کوێ ناسیت؟

بێدەنگ بوو و پاش یەک دوو خولەک وتی: - پێکەوە ڕامان کرد.

سەیرم کردم و وتی: - بێزاد. ئەمانەم تەنیا بە تۆ وتووە. لەبەر ئەوەی متمانەم پێتە. با هەر خۆمان بیزانین.

دیسان سەیرم کرد. خەم لە چاوی دەباری. ئەوەندە خەمی لە خۆ گرتبوو کە بەشی ئەوەی دەکرد کە دنیای پێ ناشیرین ببینێت.

لە ناکاو دەتکوت چۆتە ناو چوارچێوەیەکی دیکەوە. دەستی کرد بە پێکەنین و وتی: - دا گۆرانییەک لە سەر بخە.

گۆرانی ئۆتۆمبێلەکەم لە سەر خست و وتی:

- ئۆتۆمبێلەکەت بە ڕاستی جوانە. دڵم لێ چووە.

چوومە قەراغ جادە و دابەزیم و وتم: - وەرە دانیشە.

واقی ورما. بۆ پازده چرکه. هەر بەو جۆش و خرۆشەوە کە فالەکەی دەگرتەوە هەر ئاواش دابەزی و هاتە ئەم لا و سوار بوو. منیش چوومە ئەو لا دانیشتم و وتم: - دەزانی ئەم ئۆتۆمبیلانە لێ بخوڕی؟

پێکەنی و وتی:- بە ئۆتۆمبیلەکەی کاوە پرۆڤەم کرد.

- ئەم دوگمە لێدە و بیخە سەر D.

مەهتاب – ئاوا؟

- ئەری. تورمزەکەی لەو ژێرەیە. جارێکی دیکە لێی دەی دەکەویتە کار.

قایشەکەی بەست و تورمزەکەی ئازاد کرد، لەگەڵ ئەوەی بە دەنگی بەرز پێدەکەنی وتی: - ئامادە؟ بڕۆین؟

گازی دا و چووە ناو جادە.

مەهتاب – چ ئۆتۆمبیلێکی چاکە خوایە گیان.

هەستم بەوە دەکرد کە چ چێژێک دەبات. بەلام لە ناکاو وەک خۆی لێ هاتەوە خەم لە ڕوخساری نیشتەوە.

مەهتاب – لە خانەی بێ سەرپەرشتان، لەگەڵ بیست بۆ سی منداڵیت. ئەو منداڵانەی زۆر تینووی سۆز و خۆشەویستین. هەر لەبەر ئەوەش هەموویان بە جۆرێک لە سەرپەرشتیار نزیک دەبنەوە، بۆ ئەوەی سەرنجی بەرەوە لای خۆیان بدزنەوە. پێیان خۆشە سەرپەرشتیار تەنیا سەرنجی ئەوان بدات. واتە سۆزی بکڕنەوە. لەبەر ئەوەش هەموو بە جۆرێ هەوڵ دەدەن و کاروبارەکان بە باشی ڕادەپەڕێنن و خۆیان شیرین دەکەن. کێبەرکێیە. وەک پەپوولە بە دەوری سەرپەرشتیاردا دێن و سوال بۆ خۆشەویستی ئەو دەکەن. هەموو شتێک بەستراوەتەوە بەو سەرپەرشتە. سەرپەرشتیار لێیان عاجز بێ ئەوە دنیایان لێ دەبێتە چەرمە چۆلەکە.

سەیرێکی کردم و وتی: - شتێکی کەم نییە. چارەنووست لە دەستی کەسێکی نامۆ بێ کە هیچ هەستێکی بۆت نییە. لەبەر بزۆزییەک کە لە ناخی هەموو منداڵێکدا هەیە، دەتوانی ڕۆژێ دوو ڕۆژ یان چەند مانگ ئازارت بدات.

سەرپەرشتیارێک کە خۆشی لە یەکێک لە منداڵەکان نەیە، ئەوە ئەو منداڵە قوڕ

دەکرێ بە سەریدا. هەمیشە تەنیایە. ئیتر ئەوە جیا لە تەمبێ کردن و لێدانە.

جادە چۆڵ بوو و قاچی لە سەر گازەکە دانا و ئۆتۆمبێلی هەوابڕ کرد. سیسەد چوارسەدی مەتری بەو خێراییە بڕی و دیسان خێرایی کەم کردەوە و وتی:

- کارێکی باشم کردووە کە خەڵاتت کردووم؟

بە سەرم هێمای وەڵامی "نا"م پێدا.

مەهتاب – ئەی بۆچی ڕێگەت پێدام بێمە پشت فەرمان؟ خۆ وەکوو منداڵی خانەی بێ سەرپەرشتان چاکەم لەگەڵ نەکردووی. تەنانەت بەرنامەی نانی شێوەکەشتم تێک دا. نە قژم نەوازش کردی. نە بە دەفتەری شێوەکاری باوەشێنم کردی. نە بە دەستە بچکۆلەکانم دەستم ماساژ دای. نە قاچەکانتم شێلاوە. نە پێڵاوەکەتم خاوێن کردەوە. هیچ.

ئینجا بە پێکەنین وتی: - دیارە شتێک هەیە؟

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی: - دەزانی چی لە خانەی بێسەرپەرشتان ئەو کارانەمان دەکرد کە سەرنجی سەرپەرشت ڕابکێشین. هەر ئەم کارانەمان لە دەست دەهات.

هەستم بە بێتاقەتی دەکرد. تۆ سەیر کە کۆمەڵێ منداڵی بچووک، بۆ سۆزێکی چکۆلە دەبا چییان کردبا؟!

کاتێکیش کە گەورە دەبن بۆ وەدەستهێنانی سۆزی کۆمەڵگا دەبێ چی دیکە بکەن؟!

گەیشتینە شوێنێ کە تابلۆی تاران بوو بای داوە و وتی:

- ببوورە بەرنامەم تێک دا.

پێی پێکەنیم.

مەهتاب – یانی دیسان لێم دەبووری؟

- قسەم لە سەر بەخشین و ئەم شتانە نییە.

پێم پێکەنی.

هاتینە ناو سەدر و وتم: - بچمە کوێ؟

- من بگەیێنە ماڵەوە.

بە سەرسوورمانەوە سەیری کردم و وتم:

- ئۆتۆمبیلەکە بەرە و کاتێک کە پێکەوە ژوانمان دانا بۆم بێنەوە.

ئەم جارەیان تەنیا سەیری کردم. خەفەتی تێدا کەمتر بوو. ڕەنگە نیوەی دنیای بە ڕەش ببینێ.

پاش کەمێک گەیشتینە فەرمانییە و گەیشتینە بەر دەرگای ماڵی خۆمان. لەگەڵ ئەوەی سەیری ماڵی خۆمانم دەکرد وتی:

- زۆر جوانە هەر دوو نهۆمەکە هی خۆتانە؟

- ئەرێ. ئەوەی پەناشی ماڵی کاوەیە.

مەهتاب – زۆر باشە. خۆزگەم بە خۆتان بێزاد.

دابەزیم و وتم: - پێکەوە لە پەیوەندیدا دەبین. کارتی ئۆتۆمبێل و بیمە لە ناو داشبۆردەکەدایە. بە ئەسپایی لێی بخوڕە با لە کەسی نەدەی.

ئینجا دەرگاکەم داخست و هەنگاوی کشامە دوا و سەیرم کرد و ئەویش سەیری کردم و بزەی هات. ئینجا بە دەستە ناسک و جوانەکانی هەزاران هەزار جار دەستخۆشی لێکردم و وەڕێکەوت.

منیش چوومە ماڵەوە و نیو کاتژمێر لەگەڵ دایک و باوکم دانیشتم. ئینجا چوومە سەرەوە و تەلەفۆنم بۆ کاوە کرد.

کاوە – سەلام. لە کوێی؟ هیچ و پووچ بە بێ من خۆشتە؟ نالێم بە قوزەلقورتت بێ. بەلام نۆشی گیانت نەبێت.

- کەری کەرییەکەت تەواو بوو؟ من لە ماڵەوەم.

کەمێک بێدەنگ بوو و وتی: - مەگەر بەرنامەی نان خواردنی شێوتان نەبوو؟

- با؟

کاوە – ئەها بۆ نانی شێو ساندویچتان خوارد؟

- نا.

کاوە – ئەها پارووە نانێکتان خوارد و ...؟

- دەڵێم لە ماڵەوەم.

کاوە – ئەها نانی شێوەکەتان وەرگرت و وەکوو دوو مەلی دلدار گەڕانەوە

بۆ هێلانەکەتان و پێکەوە دەگمێنن و نانی شێوەکەتان دەکەنە قوزەلقورتتان؟ ئا ببوورە دەیکەنە نۆشی گیانتان.

- کاکی پرۆفیسۆر دەڵێم لە ماڵم.

کاوە – وەکوو کوندەبۆ هاتنەوە بۆ ماڵ؟

هیچم نەوت و وتی:- چ بووە؟

- نا کەمێک بێتاقەت بووم نانمان خوارد و گەڕاینەوە.

کاوە – بە جەهەندەم. وەرە خۆم دەتبەم نانی شێوت پێ دەدەم. قەڵەو و زل بی. ببیە پانێر و خۆش بێت.

-نا تاقەتم نییە. دەخەوم.

کاوە – ڕۆژی پشوو یانی شەوی پشوو بخەوی؟! ئەویش لە سێ ڕۆژی پشوودا؟

- ئەی چی ئەی تۆ چ دەکەی؟ نەچوویە دەرەوە؟

کاوە – نا. باوکم چووە شیمال سەرێک لە ڤیلاکە بدات. ئیتر من لە ماڵەوە مامەوە وتم نەکا دز بێتە ناو ماڵەکەمان. خۆی وتی لە ماڵەوە بمێنەوە. منیش وتم: باوکمە گەورەمی کردووە. ئیتر لە ماڵەوە مامەوە.

- چۆن متمانەی پێت کرد؟

کاوە – نا خۆمتمانەی پێ نەکردووم، هەر کاتژمێر جارێ تەلەفۆن بۆ ماڵەوە دەکا بزانێ لە ماڵەوەم.

- بوویەتە کوڕێکی گوێڕایەڵ.

کاوە – وتی بزانم دەتوانی شەوێ لە ماڵەوە خۆت بگری و لە ماڵ بمێنیتەوە. دز نەیە هەڵمانتۆزێنێ. لە ڕووم هەڵنایە بە براژنم بڵێم ئاگای لە ماڵەکە بێت. وتم باوکە گیان دەرگاکە قوفڵ دەکەم و دەیسپێرم بە خوا. وتی ئەی ئەگەر دز هات چی دەکەی؟ وتم بۆ باوکە باوەڕ بە خوا ناکەی؟ وتی دە هیچ ناڕۆم. وتم باشە دەمێنمەوە. ئەوەندەم نەزانی دەفتەری و دەستەوانەی هێنا و وتی ئەوەی پارەم پێداوی لە هی مووچەکەتی دەگێڕمەوە. ئیتر وتم با دڵ باوکمم لێ نەڕەنجێت. وتم باوکە گیان لە ماڵ دەمێنمەوە. وتی باشە. هەر نیو کاتژمێر جارێ تەلەفۆنت

شەشەگیرەکان

بۆ دەکەم. تەلەفۆن هەڵنەگری و گەڕامەوە و هەموو ئەو پارانەی کە وەرتگرتووە لە مووچەکەتی دەگێڕمەوە. وتم یانی باوکە گیان بڕوات پێم نییە؟ ئەوە ئێستا هەر کاتژمێر جاری تەلەفۆنێک دەکات.

- ئێستا چ دەکەی؟

کاوە – بە گیان تۆ هیچ ناکەم. داریکم گرتووە بە دەستەمەوە بە ناو ئەو ژوورانەدا دەگەڕم نەکا دزە لە شوێنێکدا خۆی حەشار دابێت. ئەم ماڵە بە من سپێردراوە. هەستە وەرە با بە جووتە ئاگامان لە ماڵەکە بێت.

- تاقەتم نییە.

کاوە – هەستە وەرە دەی.

لەم کاتەدا دەنگی گیتار هات.

- ئەوە دەنگی چییە؟ ئەوە گیتار لێ دەدەی؟

کاوە– نا. لە حەوت دەوڵەت بێخەبەر لەم کاتەدا دز ماڵەکەمان ڕووتاندووەتەوە و ئێستاش بۆ حەساندنەوەی خەریکە گیتار دەژەنێت. کوڕە بێزاد وەرە داریک هەلگرە با بە جووتە شل شل بیکوتین.

ئەمەی وت و تەلەفۆنەکەی داخست. پێکەنینم هات. دەمزانی ئەم شەوانە بەتایبەت سێ شەوی پشوو لە کیس نادات.

چوومە خوارەوە بە دایکم وت ئەوە دەچمە لای کاوە و لە سەربانی ماڵەکەیانەوە چوومە ژوورەوە. بەڵام کەس نەبوو. پاش کەمێک موبایلەکەم دەنگی هات.

کاوە – هاتی؟

- ئەری لە کوێی؟

کاوە – وەرە مەلەوانگە. سێ دانە دز بوون. گرتیانم و هێنایانمەوە خواری بۆ ناو مەلەوانگە بۆ ئەوەی کاتێ قسەیان لێ وەردەگرم و ئەشکەنجەیان دەدەم دەنگیان نەیە. زوو وەرە ئەوە خەریکن دانی پێدا دەنێن.

***

بەیانی کاتژمێر نۆ مەهتاب تەلەفۆنی کرد. تازە لە خەو ڕاپەڕیبووم. خۆ

کاوە شەوی دوێشەو نەهێشت هەتا کاتژمێر دوو و سێی شەو بخەوم.

- سەلام. خەوتبووی؟

- نا. بەلام تازە لە خەو هەستاوم. تۆ باشی؟

مەهتاب – هەم خۆم و هەمیش ئۆتۆمبێلەکەت باشین. دەستخۆش بۆ متمانە پێکردنت.

هیچم نەوت. وتی:- هەتا نیو کاتژمێری دیکە بیهێنم باشە؟

- نا مەیهێنەوە پێویستم پێی نییە. کاروبارتی پێ جێبەجێ بکە.

مەهتاب – هیچ ئیشێکم نییە. بۆ پێلاوێک دەگەڕم کە خۆش بێ لە پامدا. چەند شوێن گەڕام نەبوو. ئۆتۆمبێلەکەت بۆ دێنمەوە و خۆشم دەڕۆم.

- دەی وەرە پێکەوە دەچین. ئینجا بۆ نانی نیوەڕۆ دەچینە شوێنێکی دیکە. هەڵبەت ئەگەر خۆت دڵت پێوەیە.

پێکەنی و وتی:- کاک بێزاد ڕێزت هەیە.

پێکەنیم و وتم: - جەنابت ڕێزت هەیە. کاتژمێر چەند بێم؟

مەهتاب – دە و نیو باشە؟

- زۆر چاکە ئەوە چاوەڕێم.

مالاواییم کرد و تەلەفۆنەکەم داخست. کاوە هات. لە چوارچێوەی دەرگاکە وەستا بوو و باوێشکی دەدا وتی: - دە و نیو چییە؟

- هیچ. مەهتاب دێت. بچین پێلاو بکڕێت.

لەگەڵ ئەوەی خۆی دەکێشاوە کەمێک وەستا و سەیری کردم و وتی:

- زۆر چاکە. ئەگەر کوڕی چاک بی دوای ئەوەی پێلاوی بۆت کڕی ساردەمەنییەکیشت بۆ دەکڕێت.

- گوو مەخۆ.

کاوە – کێ چوزانێ ڕەنگە بیسکیتێکیشت بۆ بکڕێت. بەلام نەکەی بە ساردەمەنی و بیسکیتەوە بچییە ناو دووکانەکە.

پێکەنیم و وتی:

- ئەگەر داوای چووزانم شتی خراپی لێتکرد زوو بچۆ پۆلیس ئاگادار کەوە.

- ئەری دە گەوجە گەوج. بەیانیانت خواردووە؟
کاوە – هەر بە ڕاست دێ هەڵتدەگرێ بتبا پێڵاوت بۆ بکڕێ؟
- ئۆتۆمبێلەکەم لایەتی. ئۆتۆمبێلەکەم بۆ دێنێ. دەیویست بچێ پێڵاو بۆ خۆی بکڕێ وتم با لەگەڵ یەکتر بچین. وتم بە ئۆتۆمبێل بچین.
کاوە – دەی دەی. دڵت لێی چووە ماڵوێران؟
- کوڕە نا.
کاوە – کاتێ کوڕ دەچێ پێڵاو بۆ کچ بکڕێ ئەوە وردە وردە کڕینی ئاوێنە و تارای بووکێنی دەست پێدەکا. لە پێشدا کڕینی پێڵاوە. ئینجا جووتێ گۆرەوی. ئینجا چەند دووکان ئەو لاتر، جلێکی جوان و قەشەنگی بۆ دەکڕێ کە لە ماڵدا ئاسوودە و فێنک بێت. ئینجا دەچێتە ئەو دووکانەی دیکە جلی ژێرەوە دەکڕێت. بە زەردەخەنەیەکەوە پێت دەڵێ بە قوربان تۆ بۆت نییە بێیتە ئێرە. لێرە ڕاوەستە با من بازاڕی خۆم بکەم. پاشان لەگەڵ ئەوەی دەچێتە ناو دووکانەکە پێت دەڵێ هاتن بۆ پیاوان قەدەغەیە. پاش نیوکاتژمێر لە گۆشەی دووکانەکەوە سەر دەردێنێ و دەڵێ ئازیزگیان سوور یان پەمەیی؟
ئینجا کە هاتە دەرەوە نایلێکسی شت گرتووە بە دەستیەوە، دەڵێ ئەوانە بگرە بزانم حسێب و ژماردنەکە دروست بوو؟! هەشتا و حەوت هەزار تمەن. چەند زۆرە. ئەو کات دەبێ تۆی کلۆڵ پارەکەی بدەی. خۆی دەڵێ پەمەییەکە زۆر گران بوو. بە زەردەخەنەوە دەڵێ خۆت وتت بیکڕە. دووکانێکی ئەو لاتر ئاوێنە و تارای بووکێنی دەفرۆشێ. لەوێ ڕاتدەگرێ و بە بێ ئەوەی هیچ بڵێ سەیری ویترینەکەی دەکا و دەڵێ تارای بووکێنییەکەی چەند جوانە؟!
پێکەنیم و وتم:
- هەتیو برسیمە. دوێشەو هیچم نەخوارد. وەرە با بەرچاییەکەمان بخۆین.
کاوە – بێزاد کوێراییت داهاتووە. دەرمانداوی کردووی. دەبێ گوڵە هێرۆت بۆ دیم بکەم.
- ئەوە دەڕۆم.
کاوە –وەرە با بڕۆین. برسیتە قسە دەپەڕێنی.

- خۆ من هیچم نەوتووە.

کاوە - ئەی ئەو قسە قۆڕانەی کە دەیکەی؟

ئینجا لاسایی منی کردەوە.

- وەرە با بڕۆین پێڵاوت بۆ بکڕم. خۆ تۆ شۆفێری ئەو نیت.

لەگەڵ ئەوەی لە پلیکانەکان هاتینە خوارەوە دیسان دەستی پێکردەوە:

- پاش ئەوەی تارای بووکێنی و ئاوێنەی دی دەڵێ چی؟ دەڵێ من حەزم لە ئاهەنگی هاوسەرگیریی پڕخەرج و بەرج نییە. کابرا بۆ دەبێ پارەی خۆی بە فیڕۆ بدا. ئینجا دەڵێ تۆ خوا ڕاست ناکەم بێزاد؟ تۆش لەگەڵ ئەوەی چەند دانە پڕێسکە نایلێکست بە دەستەوەیە و دەڵێی نۆکەرە کەچەڵەکەیت بارەکەت قورسە، ئەوە موبایلەکەشت زەنگ لێدەدا نازانی بە دەستێ چی بکەی؟ لە خۆتەوە دەڵێی وایە وایە ڕاست وایە. ئەویش درێژە بە وتەکانی دەدا: کابرا نابێ پارەی خۆی بۆ داهاتووی بە هەدەر بدا، ئەوە تۆش سەرت لێ بووە ئاش و قوونت لێ بووە بە ماش، وا دەزانی کچێکی دەست پێوەگرە. بەڵام کوڕە بۆی کەر نەبی وا نەزانی ئاهەنگێکی پەنجا شەست کەسیت پێ دەگرێت! مەبەست لە ئاهەنگی پڕخەرج و بەرج ئەو ئاهەنگانەیە وا ئەسپ و ئێستر و کەژاوەی تێدایە. دەنا لای ئەوان ئاهەنگی کەم خەرج ئەو ئاهەنگەیە کە سێسەدی تێدا بێت.

لەم کاتەدا تۆ وادەزانی دەی هەموو بازارکردنەکان هەر ئەوەندەیە و چەند کچێکی دەستپێوەگرە و با شتی وام لە دەس نەچێ. شوکر بۆ خوا ئەوە ئاوێنە و تارای بووکێنی زۆر جوانە با لە کیسم نەچێت. لەم کاتەدا زەبری کۆتایی دەوەشێنرێت.

گەیشتنیە خوارێ و وتم:- ئیتر قسەکانت تەواو بوو؟

کاوە – ئەوەش با بڵێم کە دوایا نەڵێی نەیوت. ئەمە زەبری کۆتاییە.

دانەیەکی دا بە پشت ملمدا. هەر وا سەیرم کرد وتی:

- جا جوان گوێ بگرە با زەبری کۆتاییت پێ بڵێم چییە. هۆشت لای من بێت.

- کاوە بە قورئان شێتی.

کاوە – گوێ بگرە ...



CamScanner

هەر لەوێ باسکت دەگرێ و دەیگووشێ و دەڵێ ئازیز گیان تۆ دەڵێی چی؟ تۆش لەو کاتەدا کە باری کەرێکت پێیە دەڵێی باشە. ئینجا زەردەخەنەیەک دەنیشتە سەر لێوی و دیسان وەرێ دەکەوێتەوە و تۆش وەکوو پاکاری بەردەستی بە دوایا دەڕۆی و قسەکەت دەبێتە بەڵێ. ئەگەر لە قسەی خۆت لادەی دەبێتە ناپیاو.

- کاوە برسیمە.

کاوە - ڕاست دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم. لەو کاتەدا بە هۆی قورسایی نایلێکس و برسێتی هەر چییەکت پێ بڵێ سەرت دەلەقێنی، لەم کاتەدا پێت دەڵێ ئازیز گیان چۆنە ئاهەنگێکی سووکەڵەی هاوسەرگیری بگرین و پاشماوەی پارەکە بچین بۆ سەفەر؟ بەڵام گەمژە نەبی و پێت وا نەبێ سەفەر مەبەستی شیراز و هەمەدان و کیش و ئیسفەهانە. ئەو بیر لە سەفەر بۆ هۆلۆنۆ دەکاتەوە.

چوومە چێشتخانە بە ڕاکردن بە دوامدا هات و وتی:

- با دواقسەم بکەم و دوایی بچین بەرچایی بخۆین؟ چاکە.

- باشە زوو بیڵێ.

کاوە - لێرەدا ڕێگە چارەیەک هەیە. ئەو ڕێگە چارە چییە؟

- چییە؟

کاوە - لەگەڵ ئەوەی نایلێکسەکە دەدا بە دەستەوە، زوو بڵێ من ئالەرژیم بە نایلێکس هەیە لیری پێ دەکەم و نایلێکەسەکە بدە بە دەست خۆیەوە.

- هەر ئەوەندە؟

کاوە - ئا ئیتر. تا ئێستا زانیوتە ئەم هەمووە نایلێکسە بەرهەم دەهێنرێ کێ دەیکڕێ؟ تەنیا بۆ خانمەکان نییە؟ تۆ لە ژیانتا چەند دانە پیاوی نایلێکس بە دەستت دیوە؟ ئەمانە بۆ خانمان بەرهەم دەهێنرێن. هەر چییەک دەکڕن دەیئاخننە ناو ئەو نایلێکسە و دەیدەنە دەست مێردە قوڕ بەسەرەکەیان. دەچییە بازاڕیش هەر ئافرەتە و سەیری یەک بە یەکی دووکانەکان دەکا و پیاوێکیش بە دوایدا چوار پێنج نایلێکسی بە دەستەوەیە، جا عارەقە بە دەموچاویدا دەبارێت.

- باشە دەی من نایلێکس ناگرم بە دەستەوە. ئیتر وازم لێ دێنی؟

کاوه – ئافەرم. نایلیکس چەکی ستراتیژی خانمانە. ئاوا لێی مەروانە سووکە. چەکێکی زۆر خەتەرە. تۆ ئەمە بتەپێنە مێشکت و ئیتر هیچی تر مەکە.

- گوو مەخۆ لە برسان قرِم هات.

هەر دووکمان چووینە چێشتانە و دادە کوبرا بەرچایی بۆ ساز کردین. خواردمان و کەمێک لە لای دایک و باوکم دانیشتین و باوکم کەمێک ئامۆژگاری کردین و خێرا هەستا و چوومە سەرەوە و چوومە گەرماو و جلوبەرگەکەم لە بەر کرد و پاش دە خولەک مەهتاب تەلەفۆنی بۆ کردم. مالاوایییم لە کاوە کرد و بە دایکمم وت دەچم شت دەکرِم و لە مال دەرچووم.

مەهتاب لە سەری کۆلانەکە لە لای ئۆتۆمبێلەکە وەستا بوو. بالاپۆشێکی جوانی لە بەر کردبوو و سەرپۆشێکی لە سەر کردبوو کە جوانتری کردبوو.

مەهتاب – سلاو. هاتە پێشەوە.

- سلاو. باشی؟

مەهتاب – خۆ زوو نەهاتم؟

- نا. سواربە با برِۆین.

مەهتاب – وەرە.

ویستی سوویچی ئۆتۆمبێلەکەم پی بدا وتم:- تۆ سواربە.

مەهتاب – نا پێمخۆشە تۆ لێی بخورِی.

لە ناکاو وەبیر کاوە کەوتمەوە کە راست لەم کاتەدا نامە هات.

نایلیکست لە بیر نەچی کەرە. وەک مەرِ گوێی بۆ مەگرە.

پێکەنیم و سوویچەکەم لی وەرگرت و سوار بووین و رۆشتین. پاش کەمێک وتی:- دوێشەو لێیان دەپرسیم بێزاد بۆچی ئۆتۆمبێلەکەی پێداوی؟ یانی زۆر بە لایانەوە سەیر بوو. داوایان لی دەکردم کە سواریان بکەم کە بیانگەرێنم. بەلام بە قسەم نەکردن.

- بۆچی؟

مەهتاب– چاویان دەری. ترسام تووشی رِووداوی هاتوچۆ ببین. حەیفە ئەم ئۆتۆمبێلە شتێکی لێبی. خۆ ئەوان جەرگیان ژان ناکات.

دیسان پێکەنینم هات. کەوتمەوە بیری وتەکانی کاوەی کتوپڕ کوشتوو.

- ئەوانیش لەگەڵت بوون؟ هاوڕێکانت دەڵێم.

مەهتاب – بۆ کوێ؟

- هەر لەوێ ...

نزیکەی خولەکێک پێشەوەی سەیر کرد و ئینجا وتی:

- نا، هەر من و ژیلا بووین.

- دەی دوایا چ بوو؟ کاتێک هەڵاتن؟

دیسان بێدەنگ بوو. نزیکەی سێ خولەک.

مەهتاب– بێزاد. ئەمانە بیرەوەری خۆش نین کە من بە گێڕانەوەیان هەستێکی خۆشم هەبێت. کۆمەڵێ بیرەوەری تاریک و ڕەشن. تۆش بە بیستنی دڵخۆش نابی.

دیسان بێدەنگ بووەوە و پاشان وتی:

- خۆت باش دەزانی دوو دانە کچی تەمەن حەڤدە هەژدەساڵان بە تەنیا و بە برە پارەیەکی کەمەوە ڕا بکەن، بێ جێ و ڕێ و بە بێ پشتیوان تووشی چ ڕووداوێک دەبن. نامەوێ بیر لەو سەردەمانە بکەمەوە.

کەمێک بێدەنگ بوو و وتی:

- من تەنانەت نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ ساتێکی چ بگا بە ساڵێکی.

هیچم نەوت ئینجا کەمێ پێکەنی و بزەی هات و وتی:

- هەڵبەت با. بەردەوام بیر لە دوێشەو دەکەمەوە. دوێشەو و ئەو ڕۆژی ڕووداوی هاتوچۆکە. ئەمانە بە لامەوە چێژبەخشن. ئەو شوێنانەی کە تۆ لەگەڵم بووی.

پێکەنیم و دەستی لە سەر دەستم دانا و وتی:- بێتاقەت بووی؟

- لە چی؟

مەهتاب – ئەوەی بۆم گێڕاوەیەوە؟

- نا. نا.

کەمێک ڕۆشتم وتی:- ڕاستەکەیت دەوێ خۆشم لێی تێناگەم.

- له چی تێناگەی؟

لەگەڵ ئەوەی سەیری کردم و منیش گەڕامەوە سەیرم کرد و وتی:

- بۆ دوێنێشەو ئۆتۆمبێلەکەت پێدام؟

هەرچی بیرم کردەوە هیچ بە مێشکم نەگەیشت. بێدەنگ بووم و پێم پێکەنی و ڕوویکردەوە پێشەوە. زۆر شت پێموایە تێگەیشت. پاش کەمێک گەیشتین و چووینە پارکینگ و ئۆتۆمبێلەکەم لەوێ پارک کرد. هەر دووکمان چووینە سەرەوە و شان بە شانی یەکتر بە ڕێگاوە دەڕۆشتین و لە بێدەنگیدا سەیری دوکانەکانمان دەکرد. هەستێکی سەیر کەوتە دڵمەوە. لە ژێرەوە سەیرم دەکرد. تا بڵێی کچێکی ژیکەڵە و جوان بوو. بە جەسارەتەوە دەڵێم مەهتاب قەشەنگترین و جوانترین کچی دنیا بوو.

نزیکەی چارەکێک بە ڕێگاوە ڕۆشتین و سەیری دووکانەکانمان کرد. لە بەر دووکانێک وەستا و لەگەڵ ئەوەی سەیری ویترینی دەکرد وتی:

- ئەم پێڵاوەم پێ جوانە. پێت چۆنە؟

- کامە؟

مەهتاب – ئەو قاوەییە.

- جوانە.

مەهتاب: کەمێک پاژنەکەی بەرزە. دەنا زۆر جوانە.

- با بچینە ژوورەوە. لە پێی بکە.

مەهتاب: ئەم دووکانە گرانجانە. هەڵبەت کاڵاکانی چاکن و کوالێتیان باشە. با بچینە شوێنێکی تر.

- نا، با بچینە ژوورەوە.

مەهتاب – نا ...

دەرگای دووکانەکەی کردەوە و لە دواوە ڕاوەستام. بە بزەیەکەوە دەستخۆشی کرد و چووە ژوورەوە و پەیتا پەیتا نامەم بۆ دەهات.

کاوە بوو.

کوڕە نایلێکس هەڵنەگری.

مەهتاب پێڵاوەکەی بە فرۆشیارەکە پیشان دا و ژمارەی قاچی سی و حەوت یان سی و هەشت بوو، فرۆشیاریش پاش کەمێک بۆ هێنا و مەهتابیش لە سەر کورسییەکە دانیشت و قەیتانی پێڵاوەکەی کردەوە. بەڵام نەیتوانی. دانەویم و قەیتانەکەیم بۆ کردەوە. نازانم چۆن بوو وام لێهات کە بۆ کردنەوەی پێڵاوێک دانەویمەوە.

پێڵاوەکەیم لە پای داکەند و ئەو پێڵاوەی وا تازە کڕیبووی کردمە پای و ئینجا سەرم وەرگێڕاوە و سەیرم کرد.

ئەویش سەیری کردم. نزیکەی سی چل چرکە هەر وا سەیری یەکمان کرد و خێرا هەستامەوە و بە پەشۆکاوییەوە وتم: - زۆر جوانە.

بزەیەکی هات و لە سەر جێگاکەی هەستا و کەمێک لە بەر ئاوێنە ڕاوەستا و لە ئاوێنەکەوە سەیری من و پێڵاوەکەی کرد، فرۆشیار تای پێڵاوەکەی دیکەی هێنا و دای بە دەستمەوە. منیش نەمدەزانی چیبکەم؟

چوومە پێشەوە و دانیشتم و قەیتانی پێڵاوەکەی دیکەیم کردەوە. کاتێک قەیتانی پێڵاوەکەیم دەکردەوە و دەمویست پێڵاوەکەی داکەنم دەستی لە سەر شانم دانا بۆ ئەوەی هاوسەنگی تێک نەچێ.

پێڵاوەکەی دیکەشیم بۆ لە پێکرد کاتێک سەرم هەڵبڕی بینیم سەیرم دەکا. هەڵبەت بە بزەوە.

چوو دانیشت و پێڵاوەکەی لە پا داکەند و پێڵاوەکەی خۆی لە پێ کردەوە و لە سەر جێگاکەی هەستا و سوپاسی فرۆشیاری کرد و بە منی وت:

- با بڕۆین بێزاد.

من هەر وا سەیرم کرد و فرۆشیاریش وتی: - بۆ پات دەبوو؟

مەهتاب – بەڵی بۆم بوو. بەڵام نامەوێ.

دیسان فرۆشیار وتی: - پێت جوان نەبوو؟

مەهتاب – زۆر جوان بوو بەڵام سوپاس نامەوێ.

چوومە پێشەوە و وتم: - بۆ ناتهەوێ؟

دیسان سەیری کردم.

ناماژەم بە فرۆشیار کرد ئەویش لەبەر ئەوەی پەشیمان نەبینەوە تیژ خستییە ناو قوتووەکەی ئینجا خستییە ناو نایلێکس و خستییە سەر مێزەکەی. چوومە پێشەوە و حسێبم کرد و گەڕامەوە لای مەهتاب، کە هێشتا لە بەر دووکانەکە وەستا بوو و خەریک بوو سەیری مێزەکەی دەکرد.

پاشان وەڕێکەوت و نایلێکسەکەی هەڵگرت و سوپاسی فرۆشیاری کرد و فرۆشیار پیرۆزبایی لێکرد و وتی بە خۆشی لە پێی بکەن. سوپاسی فرۆشیارم کرد بە دوای مەهتابدا ڕۆشتم و دەرگاکەم بۆ کردەوە و هەر دووکمان وەڕێکەوتین، لەم کاتەدا دەنگی موبایلەکەی هات. ویستی لە ناو جانتاکەی دەریبێنێ نەیتوانی و نایلێکسەکەی دا بە دەستمەوە و وتی:

- تکایە کەمێک بۆم بگرە.

لەگەڵ ئەوەی نایلێکسەکەم گرت بە دەستەوە وەبیر قسەکەی کاوەی خوا چاک بۆنەکردوو کەوتمەوە. نەمتوانی پێش پێکەنینی خۆم بگرم و موبایلەکەی لە ناو جانتاکەی دەرهێنا و دوای ئەوەی کە دایخست وتی: - بە چی پێدەکەنی؟

- هیچ.

نایلێکسەکەی لێ وەرگرتم و وتی: - بێزاد وەرە با بڕۆین.

هەر دووکمان وەڕێکەوتین. پاش کەمێک وتی:

- ئەمە وەک یادگاری هەڵیدەگرم. هەرگیز لە پێی ناکەم. هەمیشە هەر وا بە تازەیی دەیهێڵمەوە.

ئینجا ڕاوەستا و چاوی بڕییە چاوم و وتی:

- بێزاد! ئێمە بۆ یەک نابین. یانی من بۆ تۆ نابم.

بە سەرسووڕمانەوە وتم: - بۆچی چ بووە؟

مەهتاب – بێزاد؟ تۆ زۆر سەری. من ناتوانم لای تۆ بم. من ناتوانم لە پاڵت دانیشم و لە ڕابردوویەک بدوێم کە مافی خۆتە بیزانی. بە ڕاستی ناتوانم.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

- ڕەنگە باوەڕم پێ نەکەی. بەڵام لە هەموو ژیانمدا ئەمە دژوارترین کارێکە کە دەیکەم. تۆ بزانە ئەمە چەندە دژوارە کە لە چاو ئەو کارانەی دیکە کە

کردوومە بەمە دەڵێم دژوار. ئازیز گیان تۆ زۆر لە من بەرزتری و سەرتری.

نەمدەزانی چی بڵێم وتم: - بۆچی مەهتاب؟

مەهتاب – تکایە هیچ مەڵێ. تەنیا برۆ. بەڵام لەم ماوە کەمە توانیت ئەو شتە چاکانەی وا لە دڵمدا مردبوو توانیت زیندووی بکەیتەوە و هەستیان پێ بکەم.

ئینجا سەری داخست و ڕۆشت.

تیژ بە دوایدا ڕام کرد و لەگەڵ ئەوەی چاوی بڕییە چاوم توند وتی:

- بێزاد گیان تکایە بە دوام مەکەوە.

نازانم بۆچی وای لێهات. ڕاوەستام و سەیری ڕۆشتنیم کرد.

ڕۆشتە دەرەوە و پاش کەمێک تاکسییەکی گرت و سوار بوو ئیتر هیچ.

هەستێکی زۆر ناخۆشم بوو. چوومە پارکینگ و سواری ئۆتۆمبێل بووم و وەڕێکەوتم نامەیەکی بۆ ناردم.

"ببوورە، ببوورە، ببوورە، وەک هەمیشە."

وەڵامم نەداوە و بیست خولەک پاش ئەوە گەیشتمەوە ماڵ و چوومە ژوورەوە. نەمدەزانی چ بکەم و زۆر توورە بووم. پێم خۆشبوو مەهتاب لێرە بایە بۆ ئەوەی ... .

نا. بە دڵ پێمخۆش بوو مەهتاب لێرە بایە. بەڵام نەک بۆ ئەوەی بە سەریدا بگوڕێنم و خۆم بە تاڵ بکەمەوە.

تەنیا پێم خۆش بوو مەهتاب لام بووایە.

چوومە سەر قەرەوێڵەکەم و ڕاکشام. پاش نیوکاتژمێر نامەم بۆ هات. وەک برووسکەی هەورە تریشقە دەرپەڕیم و موبایلەکەم هەڵگرت. وامزانی مەهتابە. کاوە بوو.

- خۆ دەستت لە نایلێکس نەکەوت؟!

بە بێزارییەوە وتم "گوو مەخۆ. تاقەتم نییە."

دەستبەجێ تەلەفۆنی بۆ کردم و وتم لە ماڵەوەم و پاش پێنج خولەک لە سەربانەوە هاتە خوارەوە و هاتە ژوورەکەم و وتی: - چ بووە؟ کەی هاتییەوە؟

کاوە – من بیست خولەکە لێرەم. کاتیشت لە بیر نەماوە؟

- چت دەکرد؟

کاوە – هەندێ جار تۆ نیت دێم ژوورەکەت دەگەڕم.

- گوو دەخۆی. بۆچی دەگەڕی؟

کاوە – دەگەڕم بزانم مادەی هۆشبەر و شت نەکێشی. حەبی، حەشیشی، کراکی چووزانم.

- ئای کاوە.

کاوە – باشە تۆ لێرە چ دەکەی؟ چووی پێلاوت بۆ کڕی و زوو گەڕایتەوە؟ دوایی هیچ لە هیچ؟ بە خوای نەجیم و حەیا بە خۆ و پاکی!

- کاوە تاقەم نییە.

کاوە – باشە بۆ؟

لە سەر قەرەوێڵەکەم هەستام و وتم: - عاشق بوون چۆنە؟

کاوە کەمێک سەیری کرد و وتی:- نایلێکست گرت بە دەستەوە؟

- ئەرێ دە گوو مەخۆ.

کاوە – توخوا بە ڕاست؟

- سەر مەخە سەرم وەڕەزم.

کاوە - تۆخوا بیلێ دڵم تۆقی.

بە وەڕەزییەوە وتم: - نا بە دەست خۆیەوە بوو خۆی هەڵیگرت.

کاوە – سەیرە. ئەی تۆ بۆ وات لێهاتووە؟

- وەڵامم بەرەوە. مرۆڤ چۆن دەزانی کە عاشق بووە؟

کاوە – فەرق دەکا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.

- باشە بە گشتی چۆنە؟

کاوە – لە پێشدا زک ئێشە و ئینجا ئازاری مەعیدە و دوای ئەوە دوور لە ڕووی تۆ سکچوون و هێڵنجدانە. جار جار باشت لێ بەر دەبێتەوە. هەڵبەت مەبەستم ترە.

- ئەرێ دە لاچۆ گەوجە گەوج.

بەتانیم دا بە ملمدا بخەوم وتی:

- برا فشەم کرد هەستە با بۆت بگێڕمەوە.

- تاقەتی فشەم نییە.

کاوە – نا. بە ڕاستمە. چی بووە جەرەیان چییە؟ شەڕتان بووە؟

دانیشتم و وتم:

- هەر بە ڕاست کابرا بە چیدا دەزانێ کە عاشق و شەیدا بووە؟

کاوە – تۆ دڵنیای نایلێکسەکەت بۆ هەڵنەگرت؟

- ئەها ... کاوە.

کاوە – وەڵا خۆ پێم سەیرە یانی تۆ نایلێکست هەڵنەگرتووە ئاوات لێهاتووە؟

- دیسان دەخەومەوە.

کاوە – باش. باش.

- تۆخوا پێم بڵێ مرۆڤ بە چیدا دەزانێ عاشق بووە؟

کاوە – برا هەر کەسەو جۆرێ دەریدەبڕێ. خۆ هەموو وەکوو یەک نین.

- خۆت چۆن دەریدەبڕی؟

کاوە – من دەستبەجێ لێکی دەدەمەوە کە ئەو کەسە چی لە دەست دێ و چی هەیە. یانی دەتوانێ چ کارێکم بۆ بکات.

- ئەوە دەڵێی چی؟

کاوە – پۆلی یەکی سەرەتایی مامۆستاکەمانت خۆ لە بیرە؟

- کەمێکم لە بیرە ناوی چی بوو؟

کاوە – من عاشقی بووم.

- بە ڕاستە؟

کاوە – بە قورئان. ئیتر ئەو کاتەوە وانەکانم ئەنجام نەدا. بۆ بەیانی هاتمەوە سەیری دەفتەرەکانی کردین و زانی کە وانەکانم ئەنجام نەداوە. هەر وا سەیرم کرد بزەیەکم هات و چاوم بۆ خومارکرد وتم: ئێستا لە سیگناڵەکەم تێدەگا، بەڵام نا تێنەگەیشت.

پێکەنیم و وتم:

- دەی؟

کاوە- سزای دام. دوو وانەی زیادیشی پێ دام. بۆم دەرکەوت ئەمە خۆشەویستی یەکلایەنەیە. وەبیر خۆراگری فەرهادی کۆکەن کەوتمەوە و بۆ بەیانی گوڵباخییەکم لە باغ هەڵگرت و بردم بۆ قوتابخانە.

- سزای دەرسەکەت ئەنجام دا؟

کاوە – کورە نا. ئەی خۆشەویستی مامۆستا بە کەڵکی چ دێ؟ جا ئەگەر وا بێ عاشقیش وەکوو قوتابییەکانی دیکە دەرسەکانی بنوسێ و بخوێنێ دە گوو بەو خۆشەویستییە. ئەو خۆشەویستییە دەبێ ئیمتیازێکی هەبێت.

- دەی.

کاوە – بۆ بەیانی چوومە قوتابخانەی مامۆستا هات سەیری دەفتەرەکانمان بکا، گوڵەکەم لە ناو جانتاکەم دەرهێنا و بۆنم پێوە کرد و چاوم بۆ خومارکرد و پێمدا. وتم ئەم جارەیان سیگناڵەکە وەردەگرێ و وەریشیگرت.

- دەی؟

کاوە – دە هیچ وەڵا وتی بڵێ بەیانی باوکت بێ بۆ قوتابخانە. لە پێشدا وامزانی دەڵێ بە باوکت بڵێ بێتە خوازبێنیم. بەڵام دواتر زانیم جەرەیان چییە؟!

- بە راستتە؟

کاوە – بە گیانی تۆ.

- خوا بتباتەوە کاوە. ئەی بۆ ئەمەت پێشتر لای من نەوتبوو؟

کاوە – دەزانی ئەو کات تۆ مناڵ بووی سەرەندەری خۆشەویستیت نەدەکرد و لە من تێنەدەگەیشتی. دواتر کە زانیم خۆشەویستییەکی بێئەنجامە لای تۆ لە رووم هەڵنەهات باسی بکەم. چوونکە ئەم خۆشەویستییە سەری نەگرت.

لە پێکەنین قرتام. وتی:

- بە هەر حاڵ ئەمە یەکەم خۆشەویستی بوو.

- ئەی دووهەمیان چ بوو؟

کاوە – پۆلی دوو، سێ، چوار و پێنجەم. لە هەموویاندا خۆشەویستییەکەم سەری نەگرت. وانەکانیشم بە ناچاری ئەنجام دەدا.

پێکەنیم و لە سەر قەرەوێڵەکەم هاتمە خوارەوە و وتی:

شەشەمەکۆیزەکار

- ئینجا ئەوی دیکەت با بۆ بگێڕمەوە.

- ئەرێ دە گوو مەخۆ.

کاوە – ئەو ماڵەی وا لەم لامانەوە بوو. ئەو ماڵەی وا ئەم چەند ساڵەی دوایی ڕووخاندیان.

- دەی؟

کاوە – کچێکیان بوو هەموو پاشنیوەڕوانێک دەچووینە پاسکیل سواری.

- وەبیرم نایە.

کاوە – ئەوەندە پەخمە و گەمژەی بۆیە. ساڵێک لە خۆمان گەورەتر بوو. پێموایە ئەو پۆلی شەشی سەرەتایی بوو.

- باش دەی.

کاوە– هەموو پاشنیوەڕوانێک دەهات. بە نهێنی فینتیلی پاسکیلەکەم شل دەکردەوە و باکەی دەردەچوو. ئەویش کە دەیبینی پاسکیلەکەی پەنچەرە بێتاقەت دەبوو. منیش وەکوو قارەمان دەهاتم بام بۆ تێدەکرد. ئینجا چاوم بۆ خومار دەکرد و ئەویش بۆ دەستخۆشی پارەی دەخستە گیرفانم، منیش دەچووم دەمدا بە ساردی دەخواردەوە.

لە بەر پێکەنین ژانم کردبوو.

- ئای لە کاحەمە کاوە.

کاوە – ئەمە یەکەمین سەرکەوتنی پاش ئەو هەموو شکستە بوو. ئیتر فێری بووم چ بکەم. پۆلی دووی ئامادەیی بووم. خۆ لە بیرتە لە پشت قوتابخانەکەمان لە کۆلانی خوارەوە قوتابخانەیەکی کچانەی لێبوو. کە قوتابخانە دادەخرا بە یەکێک لە کوڕەکانم دەوت جانتای کچێ برفێنێ و ڕا بکا. ئینجا من بە دوایدا ڕام دەکرد و لێم وەردەگرتەوە. چۆن ئەمەت لە بیر نییە؟

- با لە بیرمە.

کاوە – ئینجا جانتاکەم دەداوە بە دەست کچە و چاوم بۆ خومار دەکرد و ئەویش عاشقی ئەم قارەمانییە دەبوو.

- بۆ ئەم قارەمانییەت چت دەست دەکەوت؟

کاوه – ساردی و هەندێ جاریش ساندویچ.

- ئەی بۆ من ئەمانەم نەدەبینی؟

کاوه – تۆ گەمژە بووی منیش بە کەرم دەزانی و دەسەسەرم دەکردی. دەی پێمەکەنە بۆم باس کە چ بووە.

هەموو شتێکم بۆ گێڕاوە.

کاوه – ئەی دوایی ڕاست چی وت؟

- هیچ. وتی بڕۆ. زۆر بە جیدیش ئەمەی وت.

کاوه – ئاوا.

- بە ڕای تۆ من چ بکەم؟

کاوه – وەڵا ڕەحمەت لە باوکی وا وتوویەتی بڕۆ وازم لی بێنە. ئەوە چاکەی تۆ ویستووە.

- ناتوانم.

کاوه – نێرەکەری. ئاخە زلە چی ناتوانی؟

- پێموا دڵم لێی چووە ناتوانم وازم لی بێنم.

کاوه – خۆ تۆ وازت لەو نەهێنا ئەو وازی لە تۆ هێنا. دە توش واز لەو بێنە.

- ئیتر خۆت کەر مەکە.

کاوه – بە ڕاستمە. ئێوە ناتوانن پێکەوە بن. لە بەر ئەوەی ئەو عاشقی تۆیە و تۆش عاشقی ئەو.

بە خۆشییەوە وتم:

- بە ڕاستتە کاوە؟ یانی مەهتاب عاشقی منە؟

کاوه – داماو ئەو خۆشییەت لە چییە؟! ئەگەر هەر دۆستایەتی با باش بوو. مەهتاب نایهەوێ بتبینێت. بۆیە وتوویەتی وازم لی بێنە.

- باشە بۆچی؟

کاوه – ئەگەر داوای هاوسەرگیری لێت کردبا چت بە مامم و ئامۆژنم دەوت؟

بێدەنگ بووم.

کاوه – ئەمە باشە چوونکە پێویست ناکا مامم دەرگا بە دەرگا بکوتێ بزانی

بووکی داهاتووی کێیە سووکە پایەک دەچێتە ئاسایش لەوێ هەموو زانیارییەکی پێ دەدەن.

کەمێک بێدەنگ بووم وتم:

- دەزانی چی دنیا زۆر بە تاریکی دەبینی. زۆری ماوە بگاتە هاوسەرگیری.

کاوە – بەهەرحاڵ خۆ دەگات. بە خوا من تۆ بناسم دوو سبەییە.

- واش نییە.

کاوە – ئەرێ بە گیان پوورت.

- شا کاوە من لەم قسانە تێناگەم. زووکە هەوڵێکم بۆ بدە.

کاوە – تاکە کارێک کە دەتوانم بۆتی بکەم دێمکردنی گوڵە هێرۆیە.

- دە خۆت کەر مەکە.

کاوە – ئەی دە چی بکەم؟

- قسەم لەگەڵ مەکە.

کاوە – شتێکی دیکتاتۆری. باشە من چی بکەم؟

- تەلەفۆنی بۆ بکە. قسەی لەگەڵ بکە.

کاوە – چییە خۆت زمانت نییە شوکر؟

- من تەلەفۆن بکەم دەبێتە تکاکاری. تۆ قسەی لەگەڵ بکە با خۆم سووک نەکەم.

کەمێک بیری کردەوە موبایلەکەی هێنا و وتی:

کاوە – ژمارەکەم دەیە. تەح ماڵتە چۆن پیاو سووک دەکەی؟

بە خۆشییەوە وتم:- دەستخۆشبێ کاوە گیانی گیانەکەم.

ژمارەکەم پێدا و تەلەفۆنی بۆ کرد و پاش کەمێک مەهتاب هەڵیگرت.

- ئەلۆ دادە ئیلهام یانی دادە مەهتاب.

- سڵاو باشن شوکر.

بە ئاماژە پێم وت موبایلەکە لە سەر ئێسپیکێر دابنێ با منیش ببیستم مەهتاب چ دەڵێت. ئەویش لە سەر ئێسپیکێر داینا.

مەهتاب - سوپاس. کاک کاوە. ئێوە باشن؟!

کاوه - باشین شوکر بۆ خوا. داده ژیلا چۆنه!؟ دەماغ بەرزە. بە کەیفە؟
بەو حەواڵپرسییەی پێکەنینم هات. مەهتابیش پێکەنی و وتی:
- ئەری لە باش دەچی.
خوا خوام بوو کاوه بە جۆرێک کاروبارەکە جێبەجێ بکا ئیتر کار نەگاتە پارانەوە و لالانەوە.
کاوه - ئەی خۆتان چۆنن؟
مەهتاب- سوپاس. چی بکەین؟ باشین.
دەنگی گیرا بوو دیار بوو گریا بوو.
کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی:
- کاک بێزاد چۆنە باشە؟
کاوه - وەڵا نەوەڵا باش نەبوو. وەڵا ئەوە کچە پووری هات بری دڵخۆشی کرد. مستێکی توندم لە کاوه دا وتی:
- وەی کوشتمت.
ئینجا تیژ وتی: - وەی مەرگ تۆ لە کوێی ژیان ...
مەهتاب بێدەنگ بوو و هیچی نەوت. خێرا ئاماژەم بە کاوه کرد کە ئیتر خۆی کەر نەکا و ئەزیەتم نەکا و وتی:
-داده مەهتاب ئەوەی وتم فشە بوو. بێزاد لەوەتەی هاتووەتەوە بێتاقەتە.
مەهتاب دیسان بێدەنگ بوو و کاوه وتی:
- گوایا پاش ئەوەی ئێوە پێڵاوەکەتان کڕیوە پێتان وتووە کە وازتان لێ بێنێت. وایە؟
مەهتاب بە ئارامییەوە وتی:- وایە.
کاو - بەڵام پێتان نەوت بۆ بڕوا. فەقیرە بە بێ ئادرەس بچی بۆ کوێ؟ تکایە ئادرەسی پێ بدەن بچێ بۆ کوێ؟
بە زۆری پێشی پێکەنینی خۆمم گرتبوو، پێڵاوێکم هەڵگرت و بە ئاماژە پێم وت فشە بکا دەیدەم بە سەریدا. ئەویش بە ئاماژە وتی باش.
مەهتابی داماو نەیدەزانی چ بڵێ.

کاوه – ئاخە فەقیرە کاتژمێرێکە هاتووەتەوە و سەیری خەریتەی شاری تاران دەکا هەر دەڵێ مەهتاب پێی نەوتم بچم بۆ کوێ. هەر وتی برۆ.

ئەمجارەیان مەهتاب پێکەنی و خۆشم پێکەنینم هات، بەڵام زۆر تووڕە بووم و مەهتاب وتی:

– کاک کاوە ئێوە خۆتان باش دەزانن ...

کاوە نەیهێشت قسەکانی تەواو بکا و وتی:

- نا ئەو کێشەی حەل بوو، ئێستا ئەوە جلەکانی لەبەر دەکا و خەریکە دەڕوا. من بۆ شتێکی تر تەلەفۆنم کرد.

- دڵنیان وەزعی باشە؟

کاوە – خۆ وتم کچە پووری هات بڕێ قسەی بۆ کرد و حاڵی باش بوو.

دیسان پێڵاوەکەم هەڵگرت بۆی.

کاوە – بەهەرحاڵ بۆ شتێکی تر تەلەفۆنم کردووە.

مەهتاب – فەرموون تکایە.

کاوە – بێزاد دەڵێ ئەگەر دەکرێ پارەی ئەو پێڵاوەی وا بۆی کڕیون پێی بدەنەوە تکایە.

بەو پێڵاوە توند دام بە سەریدا و هەستا ڕۆشت و بەدەم تەلەفۆن قسە کردنەوە وتی: - جا یان پارەی پێ بدەنەوە یان پێڵاوەکە چوونکە دەیدا بە کچە پوورەکەی.

نەمدەزانی چی بکەم. تووڕە بووم و پێکەنینم دەهات. هەر بە ڕاست بە جیدی قسەی دەکرد.

مەهتاب بێدەنگ بوو و ئینجا پێکەنی و وتی:

- بەسەرچاو بە زووترین کات.

هاتم لێی بدەم کاوە بە ئاماژە وتی بێدەنگ بم و وئینجا وتی:

- لە شۆخی و فشە دەرچێ پێت وایە کارێکی دروستت کردووە؟

دیسان بێدەنگ بوو و وتی:

- ئەرێ پێموایە کارێکی باشم کردووە.

کاوه – منیش هەر وا بیر دەکەمەوە.

پێڵاوەکەم بۆ خستە برینگە و خێرا وتی:

- یانی منیش هەر وا بیرم دەکردەوە، بەڵام بینیم کارێکی باشت نەکردووە.

مەهتاب – بۆچی؟

کاوە – لەوەی کە کابرا پشت لە هەموو شتێک بکا و وەکوو چی پێ دەڵێن ... لێی دا بڕوات.

مەهتاب پێکەنی و وتی:

- دەست خۆش بێ کاک کاوە.

کاوە – مەبەستم بەچکەی بنیادەمە.

دیسان پێم وتەوە و دیسان ئاماژەی پێکردم و وتی:

- دادە مەهتاب. من یانی ئێمە هەموو شتێک سەبارەت بە ئێوە دەزانین و بە زانیاری تەواوە پەیوەندییم پێوە گرتوون. بێزاد خۆ منداڵ نییە فریوی بدەن. ڕەنگە پەخمە و گەمژە بێ، بەڵام منداڵ نییە.

مەهتاب دیسان پێکەنی و منیش پێڵاوێکم تێگرت و سەری داخست و لنگە پێڵاوەکە لە دەرگا کەوت.

کاوە – با ئەویش لەم بڕیارەدا بێبەش نەبێ. برایانە پێت دەڵێم. وابزانم ژیانی تۆ شتی چاکی تێدا نەبووە. وەک ئەم بڕیارە هەڵەی وا داوتە. ئەوە ئێستا خوا کەرێکی بۆ ناردووی لە دەستی مەدە سواری بە.

ئەوە من خەریکە دەتەقم و مەهتابیش هەر پێدەکەنێت.

کاوە – نا با لە فشە دەرچێ. بێزاد زۆر بێتاقەتە. ناحەقیشی نییە. ئەوە ئەو کارێکی وای لەگەڵ تۆ بکردایە چت دەکرد؟

مەهتاب – خۆشمدەوێ بۆیە وا جووەڵامەوە. لە بەر داهاتووی خۆی ئەو فیداکارییەم کرد و بە باوەڕی خۆم کارێکی باشم کردووە.

کاوە – با هەر دووکتان پێکەوە بڕیار بدەن. ڕەنگە ئەمە چانسێک بێ هاتبێتە بەر دەمتان. ئەوەی هەمووان پێویستیان پێیە.

مەهتاب هیچی نەوت و گوێی گرت.

کاوە – پێتان خۆش نییە یەکێکی وەکوو بێزاد پشتیوان بێ و هاوکاریتان بکات؟

کەمێک بێدەنگ بوو و وتی: - زۆر زۆر.

کاوە – دەی بۆ وازت لێهێنا؟

مەهتاب – بێزاد حەیفە. دەڵێم با داهاتووی ڕەش نەبێت.

کاوە – یانی عاشقی بوون و خۆشتان دەوێ؟

بێدەنگ بوو.

کاوە – بیری خۆتانی لێ بکەنەوە. ئەگەر قسەکانی منتان پێ باشە تەلەفۆنی بۆ بکە. بێدەنگ بوو.

- ئەگەر ئەویش منی خۆش بووێ دێ بە دوامدا. من دەرفەتی ئەوەم پێدا ژیانی خۆی ڕزگار بکات.

کاوە – با خۆی بڕیار بدات. تەلەفۆنی بۆ بکە. ئەو ڕێزی لە خواستی ئێوە گرت. بۆیە تەلەفۆنی بۆ نەکردی.

ئینجا بێدەنگ بوو و وتی:

- خۆشحاڵ بووم کە لەگەڵتان قسەم کرد. سڵاوی دادە ژیلا بگەیەنن. جارێ ماڵاوا.

مەهتاب بە ئەسپایی ماڵئاوایی کرد و کاوە موبایلەکەی داخست منیش خێرا چوومە پاڵی.

- کاوە پێت عەیب نییە. ئەوە من لە عەزرەتا خەریکە دڵم دەتۆقێ و تۆش خەریکی فشەی. ماڵتە.

کاوە – من کەرم کارت بۆ دەکەم.

- شاڵڵا هەر کار نەکەی. بەزیاد نەبێ ئەو کارکردنەشت.

کاوە – برا ئاوا جوان قسەم لەگەڵ کرد.

- جا ئەوە قسە بوو کردت؟ جا بە من دەڵێی پەخمە؟

کاوە – نا. ئەوەیان ڕاستە.

- لاچۆ گوو مەخۆ. تۆ هەر ئەو کاتیش ڕازی بە دۆستایەتی من و مەهتاب

نەبووی. بۆیە ئاواش قسەت کرد.

کاوە - بە خوای کەری.

- من تۆ باش دەناسم. تۆ زمانێکت پێوەیە مار لە کونەکەی دێنێتە دەرەوە.

کاوە – دەی ئەوەندەش تاریفم مەکە. دەنا لە خۆشیان دەچمە هەوا وەک شووتی دەکەومە خوارەوە و دەقڵیشێم. ئیتر من دەتوانم بەڵام ...

- قسە مەکە. دەمت داخە. وەک بەشەر قسە بکەی گوناحە؟

کاوە – بە گیان تۆ ئەوەندە جوان قسەم کرد.

- بە خوا ئیتر تەلەفۆن نەکا قسەت لەگەڵ ناکەم.

کاوە – دەی بە جەهەندەم.

-بە جەهەندەم؟ هەستە برۆ ماڵ خۆتان. دەی وەدەر کەوە.

کاوە – نا مەبەستم ئەوەیە کە بە جەهەندەم تەلەفۆنیش نەکا. چی زۆرە کچ یەکێکت بۆ دەدۆزمەوە کە دەستپیس نەبێت. برا خۆ کابرا لە ترس ئەمانە ناوێرێ سوویچەکەی لە گیرفانیدا دابنێت. جارێ باسی ژیلا هەر مەکە ئەو کتوپڕ کوشتووە هەر نازانم چۆن لە کاتی حسێبکردنی پارەی شتدا جزدانەکەم لە گیرفان دەدزێ و خۆی پارەکەی دەدا. دەمەوێ زنجیرێک بکرم بیدەم لە جانتاکەم و بیدەم لە گیرفانم با ئەو خودا چاک بۆ نەکردووە ئیتر نەیدزێت.

- تۆ خوا برۆ دەرەوە. پیاو نیت.

کاوە – من پیاو نیم؟

- پیاویش نیت هاوڕێش نیت.

کاوە – دەی هاتوو تەلەفۆنی کرد ئەو کات دەڵێی چی؟

- تەلەفۆن ناکا لەبەر ئەو قسەکردنەی تۆ. جارێ ئەو قسەی وا کردت. من دەزانم.

کاوە – بێزاد گیان کەمێک عاقڵ بە. ئەم کچە بە کەڵکت نایە. ئەمانە ئەمرۆ بەیانیانە هەر کاتێ بێ دەیانگرن. تۆ لە زیندان ناتوانی دایک و باوکت بنێریتە خوازبێنی. کەرە گیان. برێ بیر لە شان و ئابرووی بنەماڵەکەت بکەرەوە.

- ئەی خۆت بۆ بیر ناکەیتەوە. لەگەڵ ژیلا دەگەڕێت؟

کاوە - برا گیان دلی من وەکوو دلی تۆ نییە کە وەک بنیشت ئیتر لی نەبیتەوە. دلی من ریستورانتە هەموو دین و دەڕۆن.

- کاوە تو خوا برۆ.

کاوە – بە خوا ناڕۆم.

- ناڕۆی؟

کاوە – نا.

هەستام و دەرگاکەم کردەوە و چوومە دەرەوە و بەرەو پلیکانەکان ڕۆشتم بۆ ئەوەی بچمە خوارەوە. بە دوامدا ڕای کرد و وتی:

- بێزاد گیان ڕاوەستە کارم پێتە.

کەمێک ڕاوەستام دەنگی موبایلەکەم هات. سەیرم کرد مەهتاب بوو. خێرا بە کاوەم وت: - مەهتابە کاوە.

کاوە - ئەی هاوار خۆ وتم شوکر ئیتر تەلەفۆن ناکات.

تیژ چوومە ژوورەکەم و وەلامی موبایلەکەمم داوە.

- فەرموون؟!

مەهتاب – سلاو.

کەمێک بێدەنگ بوو وتی:- ویستم لەبەر ئەوەی وا جووەلامەوە داوای لێبووردنت لێبکەم. بەلام هیوادارم لێم تێگەیشتبێتی. لە بەر خۆت ئەوەم پێ وتی.

- لە بەر من؟

مەهتاب – بێزاد بە کەلک نایە.

- چی؟

مەهتاب – پێکەوە بوونی من و تۆ.

- بۆچی؟

مەهتاب – خۆت باش دەزانی بۆچی.

- قەی چ دەکا من و تۆ پێکەوە بین؟

مەهتاب – نابێ نا.

- باشە بۆچی؟

مەهتاب – بێزاد من ناتوانم. تێدەگەی؟

- نا تێناگەم. حاڵی نابم دەڵێی چی.

مەهتاب – بۆ من ئەمە چەتوونە. ناتوانم بەرگە بگرم.

- چی بەرگەی چی ناگری؟

بێدەنگ بوو و وتم:

- باس لە ڕابردووت ناکەی لەبەر ئەوەی پێت ئەستەمە. باسی کاتی ئێستاشت ناکەی. ئەمە بۆ؟ خۆ کاتی ئێستا تاریک و ئازاربەخش نییە. یانی ئەوە لەوە ئەستەمتر نییە دۆستەکەت لە نیوەی ڕێگەدا بە جێ بێڵی؟ بە بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک؟ من نازانم تۆ وات کرد. ئێمە دەمانتوانی جوان دابنشتایین و پێکەوە قسەمان کردبا. ئیتر جا هەر شتێک بە لاتەوە کێشەیە. من بە ڕاستی ...

بە قەڵسی و تووڕەییەوە و دەنگی بەرزەوە وتی:

- نەتدەتوانی پێشی ڕۆشتنم بگری؟

- ویستم نەهێڵم، بەڵام تۆ زۆر جیدی بووی.

دیسان هەر بەو حاڵەتەوە وتی: - دەی تەلەفۆنت بۆ کردبام.

- دەی وەڵامت دەداوە؟ تەلەفۆنەکەت دادەخست کە ئەوە زیاتر بێتاقەتی دەکردم.

ئەمجار بە هێورییەوە وتی: - نا.

بێدەنگ بووم و بە ئارامییەوە وتم:

- لەو کاتەی وا لێت جیا بوومەوە موبایلەکەم لە خۆم جیا نەکردوەتەوە. هەر بە دەستمەوەیە. چاوم لێیە.

کەمێک بێدەنگ بوو و وتی:

- پێم خۆش بوو تەلەفۆنت کردبا. پێم خۆش بوو بێی بە دوامدا. پێم خۆش بوو گوێ بۆ قسەکانم بگری. پێم خۆش بوو نەهێڵی بڕۆم.

دەنگی هەنسکی گریانەکەیم بیست. خۆشم زیز بووم و وتم:

- من بە کاوەم وت تەلەفۆنت بۆ بکات. خۆم لە پاڵی بووم. ڕازی بووی؟

بێدەنگ بوو و وتی: - بێزاد بە ڕاستتە؟

- له کاوه خۆی بپرسه. ئەوه لێرەیه.

گەڕامەوه و کاوەم بینی که له سەر کاناپەکه دانیشتووه و هەر دوو دەستی لەم لا و لای خۆی له سەر دەسکی کاناپەکه دانابوو و سەیری دەکردم. سەیری دەلەقاند.

مەهتاب – لێم ببووره بێزاد. خراپ جووەڵامەوه. به خوا مەبەستم خراپ نەبوو. منیش تۆم خۆشدەوێ و نامەوێ هیچت لێبێت.

- بۆ چیم لێدێت؟

مەهتاب – خۆشم نازانم به خوا.

هیچی نەوت و وتم:- بڕوام پێ ناکەی؟

به هێمنییەوه وتی:- با.

- دەی پێم بڵێ.

به گریانەوه وتی:- پێمخۆشه. زۆریشم پێخۆشه بەڵام به خوا ناتوانم.

دەگریا و منیش دەنگی گریانەکەیم بیست.

مەهتاب – بێزاد تۆخوا خۆت به کاوەت وت تەلەفونم بۆ بکات؟

- ئەرێ. من وتم.

مەهتاب – ئای خوایه گیان. نازانم له خۆشیان پێبکەنم یان بگریم.

- باشه بۆ دەگری؟

مەهتاب – تۆ هیچ نازانی.

- دەی پێم بڵێ با بیزانم.

مەهتاب – منیش ناتوانم. تکایه لێم تێبگه. تۆ چەنده لەگەڵ کاوه دۆستن منیش هەر ئاوا لەگەڵ ژیلا دۆستایەتی نزیکمان هەیه.

- دەی ئێستا من چیبکەم؟ دەی بمێنمەوه بۆم باش نییه و ئەی بڕۆم ...

مەهتاب – نا. با بڕێ بیر بکەمەوه. باشه؟

هیچم نەوت و هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی وتی: - بێزاد؟

- بەڵێ.

بێدەنگ بوو.



CamScanner

- دەی قسە بکە. دەتویست چی بڵێی؟

مەهتاب – خۆم تەلەفۆنت بۆ دەکەم. هەر کات هاتمە لات پێت دەڵێم.

- بێی دوایی وازم لێ بێنی؟

مەهتاب – نە بە خوا بۆ ئەو جارەی پێشوو زۆر پەشیمانم. با برێک بیر بکەمەوە.

- باشە خۆت دەزانی.

کەمێک وەستا و وتی: - سوپاس لەوەی کە تەلەفۆنت بۆ کردم. ئەوەندە خەفەتبار بووم. نیگەرانی خەریک بوو دەیخواردم.

- هەر کات بیرت لێ کردەوە ئینجا تەلەفۆن بکە.

مەهتاب - باشە بە چاوان.

- بە ئەرێنی بیر بکەرەوە. هەموو شتێک شیاوی گۆڕانە. ئەگەر مرۆڤ خۆی بیهەوێت. تۆش دەبێ خۆت بڕیار بدەی.

بە ئارامییەوە وتی:- دەزانم، بەڵام ...

- ئەم بەڵامانە فڕێدە لاوە ...

مەهتاب – هەوڵی خۆمی بۆ دەدەم.

- دەی خواحافیز. ئەوە چاوەڕێم.

دیسان بە ئەسپایی وتی:

- خوات لەگەڵ. ... زوو پەیوەندییت پێوە دەگرم.

تەلەفۆنەکەم داخست و گەڕامەوە لای کاوە، کە هەر ئاوا دانیشتبو و سەیری دەکردم.

- چییە؟

کاوە – کاری خۆتت کرد؟

- ئەرێ.

کاوە – ئاسوودە بووی؟

- قسە لە سەر ئاسوودە بوون و ئەمانە نییە. دەبێ قسەی لەگەڵ بکەم.

کاوە – بێزاد کوڕە ئەمانە هیچیان لێ ڕوون نییە. ئەوە خەت و ئەوە نیشان.

- دەکری جۆرێکی دیکە بێت.

کاوە – وەکوو فیلم و دراما و شت؟ بەو جیاوازییەی لە فیلمدا ئەوە دەرهێنەر ئاگای لە هەموو شتێک هەیە، بەلام لە دنیای ڕاستەقینەدا دەرهێنەر نییە.

- کەسێک هەڵەیەکی لێ وەشاوەتەوە. تاوانێکی قورسیش نەبووە. هەلومەرجەکە وای بەسەر هێناوە. ئێمە دەتوانین یارمەتی بدەین.

کاوە – هەر دوو قاچت کردووەتە پێلاوێک. ئەری؟

- قسە لە سەر ئەوانە نییە.

کاوە – تۆبە ناکەی؟

- نا.

لە سەر جێگاکەی هەستا و وتم: - بۆ کوێ؟

کاوە – بچمە سەربان برێک هەوا لێم بدا و کەمێک بیر بکەمەوە. گەوجت کردم. پێمخۆشە سەرم هەڵکەنم و فرێی بدەم بە دەست تۆوە. تەح.

پێی پێکەنیم و وتی: - تۆ خوا بە چی پێدەکەنی؟

لە پڕ هاتە ژوورەوە و چووە لای قەرەوێلەکەم و سەرینەکەی هەڵگرتم و دڕاندی و هەموو لۆکەکەی ناوەوەی بە ناو ژورەکەدا بڵاوکردەوە. تا هاتم دەستی بگرم فریا نەکەوتم.

- کاوە بە قورئان شێتی.

کاوە – شێتم بەلام کەر نیم. وەکوو بەڕێزتان.

ئینجا هەستا ڕۆشت. خۆم هەموو لۆکەکانم کۆ کردەوە. بەردەوام بیرم لە مەهتاب و قسەکانی کاوە دەکردەوە. نەمدەتوانی وازی لێبێنم. شتێک لە ناخمدا نەیدەهێشت.

بە وەڕەزییەوە هاتمە خوارەوە بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆ بخۆم. نەمزانی چم خوارد. پاش کەمێک چوومە ژوورەکەم. خەوتم هەڵبەت بە بێ سەرین.

نازانم کەی بوو کە خەوم لێکەوت. بەلام زۆر خەونم بینی.

لە یەکیاندا مەهتاب هاتە خەومەوە دەموچاویم نەدەبینی. بەلام دەمزانی مەهتابە و تاوێ دەگریا و تاوێ پێدەکەنی. کاوەش سەرینەکەی منی هەڵگرتبوو

خەریکبوو دەیدڕاند و لۆکەکەی بەم لا و ئەولادا بڵاودەکردەوە و دەیوت نەڵێی نەموت ئەوە خەت و ئەوە نیشان.

وەک شریت بەردەوام ئەم خەونە دووپات دەبووەوە. بە جۆرێک لە عەزرەتان لە خەو ڕاپەڕیم.

کاتژمێر نزیکەی شەش و نیو بوو لە خەو ڕاپەڕیم، چوومە گەرماو و چوومە خوارەوە. چاوەڕێ بووم کە کاوە بێ، بەڵام نەهات. پێم سەیر بوو. دیارە لێم تۆرا بوو. دوو کاتژمێر بوو نەمبینی بوو تاسەم کردبوو.

ژمارەکەیم گرت ئەویش وەڵامی داوە.

- ئەلۆ؟ سڵاو لە کوێی؟

کاوە – سڵاو لە منەوە.

- لە کوێی؟

کاوە - بە تۆ چی؟

- دەی خۆت... خۆت کەر مەکە پێم بڵێ لە کوێی؟

کاوە – لە شوێنێکی دوور. دوور لەو دنیا گەوجانەی تۆ.

- ئێستا تەنهای دەچییە ئەم لا و ئەو لا؟

کاوە – ئەگەر تۆ بێی ئەو گەمژەییەت لەگەڵ خۆت دێنی. حەیام دەبەی.

- دەستت خۆشبێ کا حەمە کاوە گیان.

کاوە – چییە؟ بیرت کردووم؟

بە ڕاستی بیرم کردبوو. بەتایبەت کاتێ زانیم ئاوا لێم دڵمەندە، کە بە تەنیا چووەتە دەرەوە.

- نا. بیرم نەکردووی.

کاوە – دەی بۆ تەلەفۆنت کردووە؟

- هەر وا.

کاوە – ئەرێ بە گیان باوکت.

- بێ ئەدەب. دەی چوویەتە کوێ؟

کاوە – پێت بڵێم دێیت؟

- ڕەنگە.

کاوە – دەی ڕەنگەی ناوێ. خواحافیز من کارم هەیە.

- باشە دەی بیمە کوێ؟

کاوە – بینیت؟

- ئەح ماڵتە ... دەڵێم لە کوێی؟

کاوە – لە سەرەوە لە ژوورەکەی خۆت. لە ناو دنیا گەوجانەکەتم.

- لەوێ چی دەکەی؟

کاوە – هاتم بە دواتدا نەبووی. هاتمە خوارەوە خۆت تەلەفۆنت کرد. زوو وەرە با بڕۆین.

- کوێ؟

کاوە – وەرە با پێت بڵێم.

تیژ چوومە سەرەوە بینیم لە سەر مۆبلەکە دانیشتووە و بەتانییەکەی منی لە سەر قاچی داناوە.

- بەتانییەکەمت بۆ هەڵگرتووە؟

کاوە - هاتم بیدڕێنم. ئیتر دڵم نەهات وتم حەیفە.

پێی پێکەنیم و وتی: - دیارە زۆر بیرت کردووم.

- نا.

کاوە – دیسان ئەرێ بە گیان باوکت.

- ئەرێ گوو مەخۆ. من ژیانم لە بەر تۆ نەماوە. ئێستا بیرت بکەم؟ ناوەڵا بیرم نەکردووی.

کاوە – گووت خوارد. من چاک دەتناسم. هەر وەخت چاوت پێم دەکەوێ لە خۆشیدا گەشکە دەتگرێ. خۆ دەزانم بیرت کردووم.

ڕاستیشی دەکرد. هەر کات بیری دەکەم بە بینینی شاگەشکە دەبم.

- ئێستا دەبێ بچم بۆ کوێ؟

کاوە – ڕەزا تەلەفۆنی کرد. نیو کاتژمێر فلتە فلتی کرد.

- دەی.

کاوه – دێ به دواماندا بچینه دەرەوە.

- کوێ؟

کاوه – چووزانم. نەیوت. بچۆ جلوبەرگەکانت لەبەر بکە، ئێستا سەر و سەکوتی دەردەکەوێ. مەترسە بۆ شوێنی خراپمان نابا.

پێکەنی و منیش پێکەنیم.

- بەو مەرجەی گەوجبوونەکەت لەگەڵ خۆتدا نەهێنی.

تیژ جلوبەرگەکانم گۆڕی و دانیشتم و وتی:

- دەزانی بۆ خوا گۆی زەوی خڕ دروست کردووە؟

- بۆچی؟

کاوه – لەبەر ئەوەی دوو دانە خوێڕی وەکوو من و تۆ کە دایمە دەستمان لە گیرفانمدایە و قیت قیت بە ڕێگاوە دەڕۆین و هۆشمان لە هیچ کوێ نییە، لە پڕ شلپ نەکەوینە ناو هەسارەکانی تر.

سەیرم کرد و وتم:

- زۆرت بیر کردەوە تا ئەمەت بۆ دەرکەوت؟

کاوه – دەزانی بۆ گۆی زەوی لە سەر خولگەیەک دەسووڕێتەوە؟

بە پێکەنینەوە وتم: - بۆچی؟

کاوه – چوونکا زمانلووسی بۆ خۆر دەکا کە نەکا لە پڕ بیداتە بەر شەق فڕێداتە ئەو لاو و تین و گەرمای خۆری پێ نەگا و ژیانی تێدا نەمێنێت. بۆیە هەر لە دەوری دەگەڕێ و بە قوربان و ساقەی دەبێت.

- چیت پێ بڵێم؟

کاوه – دەی ئێستا دەزانی بۆچی هێزی ڕاکێشانی زەوی ئێمەی لە مەودایەکی دیاریکراودا ڕاگرتووە؟

- لەبەر ئەوەی مانگیش زمانلووسی بۆ زەوی دەکا و لە دەوری دەگەڕێت.

کاوه – نا. لەبەر ئەوەی لە ناکاو هەوایی و شێت نەبێ و بچی بە دوای بەزمی دڵداری و لە ناو هەسارەکانی دیکەدا ون بێت.

- کاوه قۆشمەی. ئەم قسە قۆڕانە چییە؟

کاوە – بۆیە ئەمانەم وت کە بیر لە مەهتاب نەکەیتەوە و باسی نەکەی.

- ئای کاحەمە کاوە.

کاوە - ئەری ئەوە ڕەزا بۆ نایە؟! بێتاقەتم.

- دەزانی مەهتاب چی وت؟

کاوە – نا نامەوێ بزانم چی وت. تۆ دەزانی بۆچی هەسارەی بارام خڕە و بە دەور خۆردا دەسووڕێتەوە؟

- تەح ماڵتە. ئەری بڵێ قسە مەکە بە خوا دەمم دادەخەم و هیچ ناڵێم.

کاوە – قسە مەکە.

- ناتوانم دەبێ قسە بکەم.

کاوە - دەزانی بۆ خۆر ئاوا ڕووناکە؟

- دانەیەک دەدەم بە سەرتدا گێژت دەکەم.

لەم کاتەدا موبایلەکەی دەنگی هات و وەڵامی داوە. ڕەزا بوو. هاتبووە بەر دەرگای ماڵمان.

کاوە – هەستە با بڕۆین درەنگە بە خوای فریای نیوەی بەرنامەکانیش ناکەوین.

- بۆ بەرنامە چییە؟

کاوە – ناوەڵا نازانم هەرچی بێ لە دوای. دەی ڕا کە.

هەر دووکمان چووینە خوارەوە و بە دایکمم وت لەگەڵ هاوڕێکانم دەچینە دەرەوە، ئینجا چووینە بەر دەرگا ڕەزامان بینی. لە پۆرشەیەکی قەشەنگدا دانیشتبوو. هەرکە ئێمەی بینی لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزی و ماچی کردین و هەواڵی پرسین و هەر سێکمان سواری ئۆتۆمبێل بووین و ڕەزا وەڕێکەوت و لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی پاکەتێکی زەردی کۆنەی لە بەر شووشەی ئۆتۆمبێلەکەی پێ نیشان داین و وتی:

- کاوە دا هەڵێ دە بزانە ئەوە چییە؟

کاوە – ئەگەر دروست هەڵێ دەم چیم پێ دەدەی؟

ڕەزا پێکەنی و وتی: - تۆ جارێ هەڵێدە.

کاوه – وەڵا من بێبەرامبەر و نانە زکی مێشکم ماندوو ناکەم.

ڕەزا – باش دەی خەڵاتی هەیە.

کاوه – پاکەتێکە گەمژەیەک چەند ساڵ ڕایگرتووە.

ڕەزا – ڕاستە ئافەرەم وایە.

کاوه – دەی خەڵاتەکەم دەیە.

ڕەزا – برا خەڵاتت پێ دەدەم تۆ بڵێ ناو پاکەتەکە چی تێدایە؟

کاوه – ئێمەت هێناوە پرسیاربارانمان بکەی؟ هەتیو ئەوە بەرنامە شیرینەکەت بوو؟!

ڕەزا – نە بە گیانی تۆ. بەڵام ئەمە زۆر گرنگە.

کاوه – خۆ من زانستی خواییم نییە. با چاوی لێبکەم.

ڕەزا – ئەرێ.

کاوه پاکەتەکەی کردەوە و ناوەوەی سەیر کرد و لە سەر جێی خۆی داینا و زۆر بیرمەندانە سەیری ڕەزای کرد و وتی:

- ئەوە پاکەتنامەیەکە کە پەخمەیەک برە پارەیەکی تێخستووە و ڕایگرتووە. وایە یان نا؟

ڕەزا دیسان پێکەنی و وتی:- ئافەرەم. وایە.

کاوه – دەی ئێستە خەڵاتەکەمم دەیە.

ڕەزا – ڕاوەستە دەیدەم. ئێستا پێم بڵێ ئەم پارە چییە لەو ناوەدایە؟

کاوه – ناپیاو. من چووزانم ئەمە پارەی کێیە؟ حەتمەن پارەی خۆتە داتناوە بۆ کفن و ناشتنەکەت بۆ ئەو کاتەی بە تاوانی دزێتی دەتگرن لە سێدارەت دەدەن. برا لێرە ڕایگرە دەمەوێ دابەزم. بەرنامەکەشتمان ناوێ. فشەمان پێ دەکەن. قەرە پارەیەکت خستۆتە ناو ئەو پاکەتە و زوو زووش پێمان پیشان دەدەی کە تەماح بمانگرێ و بیدزین قوڕ بکرێ بە سەرماندا.

خۆ من و ڕەزا لە بەر پێکەنین ژانمان کردبوو.

- نە بە گیانی تۆ، ئەم پاکەتە بەسەرهاتی هەیە. ڕەنگە ئەم برە پارە وای کرد کە من بگەمە ئێرە.

کاوه – مەبەستت ئەوەیە بەختەوەری کردی؟

ڕەزا – یان بێبەخت.

کاوه – چەندەیە؟

ڕەزا – ئێستا ئەوە هیچ ناکا. بەڵام ئەو کات زۆر بوو. بۆ من زۆر بوو.

کاوه – باش دەی جەرەیانی ئەم پارە چییە؟

ڕەزا سەیرێکی من و کاوەی کرد و وتی:

– ئەوە ئەو پارانەیە وا قەرزم لێ دەکردن.

کاوه – یا خوا عەمرت نەمێنێ دە زوو بتکوتبا. ڕاوەستە با بیژمێرم کەم و کوڕی نەبێ. سوو و سەلەمەکەیت حسێب کردووە یان بە تەمای نەیدەی؟

ڕەزا پێکەنی و وتی:

– هەر ئەم پارە ئەم قەرزە، وایکرد کە توخنتان نەکەوم تووشی هەزار داماوی بم.

من و کاوه سەیرێکی پاکەتەکەمان کرد و سەیرێکی ڕەزامان کرد، کاوه بە ئەسپایی وتی:

– یانی لەبەر ئەوەی پێمان قەرزدار بووی نەهاتی بۆ لامان؟

ڕەزا بەدەم ئۆتۆمبێل لێخوڕینەوە سەری لەقاند.

کاوه – ڕەزا تۆ چۆن بیر لە ئێمە دەکەیتەوە؟ ئێمەت چۆن ناسیوە؟

ڕەزا – باشتانم ناسی. زۆر چاکتانم دەناسی. بۆیە نامەوێ لە دەستتان بدەم. بە گیان ئازیز هەر سێکمان، ئێستا لە جیاتی ئەوەی بچمە میوانی حاجی ... بەڵام دەسەسەرم کرد و هاتم بۆ لاتان.

کاوه – باش کەم خۆت شیرین بکە.

ڕەزا پێکەنی و وتی:

– نا دەمەوێ پێتان بڵێم چەندەم خۆش دەوێن.

ئینجا جیدی بوو و وتی:

– خۆم پێم شوورەیی بوو. هەر جارێ کە کارم دەکرد پارەکەم دەخستە لاوە و بۆ ئێوەم دادەنا. هەڵبەت کاری تاقەتپڕووکێن. بەڵام هیچم بۆ کۆ نەدەبووە. بە

پارەی حەڵاڵ نەمتوانی قەرزەکانم بدەمەوە.

کاوە – یانی ئەم پارە کەمی هەیە؟

ڕەزا – ئەری بە گیانی کاوە. بەڵام هەموو پارەی عارەقەی نیوچاوانە. پارەی دیکەی تێکەڵ نییە. ئەگەرچی وەک خۆت دەڵێی کەم و کوڕی هەیە. زۆریش کەم و کوڕی هەیە. بەڵام پاکە. پارەی کرێکارییە. پارەی زەوی شتنە. پارەی خاوێنکردنەوەی شووشەی ئۆتۆمبێلە.

هەر سێکمان بێدەنگ بووین. کەمێک چووینە پێشترەوە و کاوە وتی:

- ڕەزا ڕایگرە ئەوە سوار بکە خێرت دەگاتێ.

ڕەزا پێکەنی و ڕاینەگرت.

کاوە – کەر.

- ماوەیەک بێدەنگ دەبی بزانم چ باسە؟

ئینجا بە ڕەزام وت:- دەی دوایی بوو بە چی ڕەزا؟

ڕەزا – ئێستا پێتان دەڵێم.

- ترافیک گووی تێ بووە. دەی بیڵێ.

ڕەزا – لە کوێدا بووین؟

کاوە – وتت بیست دانە کچ تا چل دانە کچی ژیکەڵە و قەشەنگ هاتن و ئێمەش دەهاتین.

- ئەوە خەوی تۆیە.

کاوە – دەیجا چییە. لەوێوە بیگێڕەوە.

ڕەزا پێکەنی و وتی: وتم خەریک بوو خۆمم دەکوشت. دیسان چوومەوە سەر بەزمی خۆکوژی. هەتا ئەوەی کە لە یافتاوە لە دووکانی مۆبلفرۆشیدا دەستبەکار بووم. دووکانی چاککردنەوەی مۆبل. مانگامە برە پارەیەکی بەزیاد نەبوویان پێ دەدام. کەم کەم کارەکەیان فێر دەکرم. چۆن قایشی مۆبل وا چاک بکەمەوە کە نەدڕێت. چۆن فەنەرەکەی دەربێنم و زۆر شتی تر.

منیش خێرا و بە باشی فێر دەبووم و ئەو وەستاکارە زۆر خۆشی ویستم. بە نیوە حەقدەست گەنجێکی دامەزراند بوو و هەموو شتێکی فێر دەکرد، زۆر

زووش شت فێر دەبوو. هەفتەی یەکەم کارێکیان بۆ هێنایین کە دەبا فوومی موبلەکە و فەنەرەکەیمان گۆڕیبا.

لەگەڵ خاوەن مۆبلەکەی پارەی حسێب کرد و پارەی فەنەر و فووم و حەقدەستێکی باشیشی لێ وەرگرت. بەڵام کاتێ بۆ ڕۆژی دوایی دەستبەکار بووین پێی وتم فوومەکە هەڵگرم و ئاوەژوو بیخەمە سەری. ژێرەکەی ساغ بوو. یانی بە لای ساغەکەی ڕایخەم. فەنەری مۆبلەکەشی پێدام و وتی ئاوەژووی کەوە. کەمێک بێدەنگ بووم و ئینجا وتم برا مەگەر تۆ پارەی فووم و فەنەرەکەت وەرنەگرت؟ وتی با. وتم دەی دانەیەکی تازەی بۆ دابنێ. ئەوە کارێکی باش نییە، تۆ پارەی فوومی تازەت وەرگرتووە، بەڵام هی کۆنەی بۆ دادەنێی؟ وتی تۆ حەقت بە سەر ئەمانەوە نەبێت. منیش هیچم نەوت کە پاش کەمێک بە تووڕەییەوە وتی: ئەگەر ئاوا کار بکەم تا سەری مانگ هیچم بۆ نامێتەوە.

منیش هیچم نەوت دەستم کردەوە بە ئیشکردن و بە دوو ڕۆژە ئیشەکەمان کۆتایی پێهێنا. ئینجا تەلەفۆنی بۆ خاوەن مۆبلەکە کرد کە بێت بیباتەوە. کۆلێکیش منەتی بە سەردا کرد، کە لە بەر خانم دوو کرێکاری دیکەشم گرتووە بۆ ئەوەی بە دوو ڕۆژ تەواوی بکات. خاوەن مۆبلەکە بۆ بەیانی بە خۆشییەوە لەگەڵ ژنەکەی هات. سەیری مۆبلەکەی کرد. دڵم نەهات و بە سرتە بە گوێیدا سرتاندم کە نە فەنەر و نە فوم هیچی نەگۆڕیوە. کابرا سەیرێکی کردم و وتی: یانی چی؟ سەرم داخست و چوومە سەرەوەی دووکانەکە، کابرا لەگەڵ وەستاکار کردی بە شەڕ و هەڵاهەڵا و بە خاوەن دووکانەکەی وت ژێر یەکێ لە مۆبلەکە بکاتەوە بزانم فوومەکە گۆڕاوە یان نا. بە کورتی دەمەقاڵەیەکی زۆر ساز بوو کەمێک مابوو کار بگاتە شەق و تێهەڵدان. هەتا ئەوەی جیران دووکانەکان هاتن شەڕەکەیان کووژانەوە و بە داشکانی لە سەدا سەد مۆبلەکەیان هەڵگرت و ڕۆشتن. تۆ مەڵێ خاوەن مۆبلەکە بە وەستاکاری وتبوو شاگردەکەت هەموو شتێکی لەقاو داوە.

ماینەوە من و وەستاکار. قاحبەبابی خاوەن مۆبل نەیکردبوو ناوم نەهێنێت.

وەستاکار پارەی دە ڕۆژ کارکردنیشی پێ نەدام. منیش ئیتر وازم لە دەستپاکی و ڕاستگۆیی هێنا.

دەست لە پا درێژتر و دەم لە پووش بە ناو شەقامەکاندا دەخولامەوە. جا لە دڵمدا جوێنم بە وەستاکار و خاوەن مۆبل و بە خۆم دەدا. جنێوی بەو و یەکی بەم و دووان بە خۆم. هیلاک و کەنەفت و ماندوو هاتمەوە بۆ قاوەخانە. هەمووم بۆ وەستاکار گێڕایەوە. کەمێک دڵخۆشی پێدام وتی: کارێکی باشت کرد. خوا گەورەیە. ئەمانە تاقیکردنەوەیە. هەوڵبدە بە ڕووسووری لێیان دەربچی.

ڕەزا پێکەنی و تورمزی نەگرت.

کاوە - خوای بە کێی دەدا!

- کاوە بێڵە با قسە بکا من گوێی بۆ دەگرم.

ڕەزا – بۆ بەیانییەکەی دیسان کەوتمەوە ڕێ بۆ دۆزینەوەی کار. هەتا پاش نیوەڕۆ گەڕام. بەڵام هیچ کارێکم نەدۆزییەوە. هەستام چووم سەری دایکمم دا. لە دەرگای ماڵی پوورمم دا. بە دایکمم وت وەرە بەر دەرگا. ئەویش هات و گریا. لە باوەشم کرد و دڵداریم داوە و وتم کار نییە خوا جێبەجێی نەکات.

ئەویش کەمێک گریا و پاش کەمێک ئارام بووەوە. پێم خۆشبوو پارەم هەبا پێم بدابا. بەڵام خوا دەیزانێ هیچ لە گیرفانمدا نەبوو. پاش کەمێک دایکم وتی پوورزاکەت خەریکە دایکی دەنێرێتە حەج. هیچم نەوت و کەمێک باسی ئاواتی چوونە حەجی کرد. ئینجا وتی خاڵۆزاکەت ئاپارتمانێکی بۆ دایکی کڕیوە.

سەرم داخست. چم بکوتبایە؟ شانسی دایک و باوکم وا کوڕێکی خوێڕی و هیچ و پووچی وەکوو منیان هەبوو.

دیسان دایکمم لە باوەش کردەوە، بۆ ئەوەی ماڵاوایی لێبکەم. دایکم وتی: بیر لە شوێنێک بکەوە بۆم. وتم بۆ دایە گیان لێرە ڕەحەت نیت؟ وتی: با خراپ نییە. وتم دەی چ بووە؟ وتی هیچ. بە گیان باوکم سوێندم دا ئەویش وتی پوورت جوابی کردم. هەتا سەری مانگ وەختی پێدام کە شوێنێک بدۆزمەوە. پێی وتم بە کوڕەکەت بڵێ شوێنێکت بۆ بە کرێ بگرێت. تەزوویەکی سارد هەموو لەشی داگرتم. دایکم وتی خۆ مووچەکەی باوکی خوالێخۆشبووت هەیە. دەچین لە

گەڕەکێکی خوار خوارەوەماڵێک دەگرین. تۆش ئەوە لە بەرییەوە کار دەکەی ژیانمان بەڕێوە دەبەین.

نەمزانی چ بڵێم. بڵێم دایە بچینە گەڕەکی خوار خوارەوەی شاریش و مووچەی باوکم و کوڵێکی تریشی لە سەر دانێین هێشتا بەشی پێشکرێکە ناکات. خۆ ئێمە فلسێکمان نییە. بەڵام زمانم هەڵنەسووڕا. وتم باشە دایە گیان. بەڵام هەتا سەری مانگ لە سەرم بووەستە.

ماڵاواییم لێکرد. ئەو بە ئاواتەخوازی گەڕاوە ماڵی پوورم و منیش بە نائومێدییەوە وەڕێکەوتم. کوڵانێکی چۆڵم بینییەوە و دانیشتم و پاڵم دا بە دیوارێکەوە و تێر تێر گریام. نەمدەزانی چی بکەم.

گریانم تەواو بوو. هەستام و دیسان بۆ کار وەڕێکەوتمەوە. ئیتر بڕیارم دا حەقم بە سەر هیچەوە نەبێ. چمداوە کێ چی دەکات؟! زۆر زۆر گەڕام. بەڵام خۆم دەکرد بە هەر کوێدا خۆشیان زۆر باش نەبوون.

هەوا ڕووناک بوو کە گەڕامەوە قاوەخانە. دڵم زۆر پڕ بوو.

لای چوارڕیانی ئەستەنبۆل خوارەوەی مەیدانی فێردەوسی پیاسەم دەکرد. لە پڕ بینیم دوو سیکلێت سوار بایاندا لای کابرایەک و جانتا ڕەشەکەیان بە دەستەوە بوو، ویستیان جانتاکەی لێ برفێنن. کابرا توند جانتاکەی دەکێشا و ئەوانیش کابرایان دەخشاند بە سەر عەرزەکەدا. هاوسەنگیی سیکلێتەکە تێکچوو و ئەوەی لە دواوەی سیکلێتەکەی دانیشتبوو درا بە عەرزدا و هەستا لەگەڵ ئەوەی جانتاکەی دەکێشا بە شەق دەیدا بە زکی ئەو کابرادا. ئەوەی دیکەش هات بە هاوارییەوە و بە جووتە لە کابرایان دەدا. بەزەییم پیدا هات. چوومە پێشەوە لەگەڵ یەکیان تێکهەڵچووم. لە ناکاو نازانم لە کوێوە ئەوی تریان هات. لە پڕ قەمەیەکی دەرهێنا قەمەیەکی درێژ. زوو خۆمم کشاندەوە، بەڵام فریا نەکەوتم و زکمی هەڵدڕی. خوێنم لێهات. خوێن بە دەموچاوی ئەو کابرایەدا پرژا. چوار کەسیشیان کە ئەمەیان بینی هاواریان کرد و دەستیان کرد بە پۆلیس پۆلیس کردن و ئەو سێ کەسە سواری ئۆتۆمبێلەکە بوون و دەرپەڕین. بەر چاوم لێڵ بوو و ئیتر هۆشم بە خۆمەوە نەما.

من و کاوه هەر وا سەیرمان کرد و وتم:

- یانی بە قەمە لێیان دای؟

ڕەزا – ئەری بە گیان تۆ شوێنەکەی هەر ماوە. ئێستا پیشانت دەدەم. نزیکەی پازدە سەنتیمەترە.

- دەی؟

ڕەزا – وەلحاسل بوورامەوە. چاوم هەڵێنا بینیم لە نەخۆشخانەم. خوێن و سرۆم و ئەوانەیان لێدابووم. هۆشم نەما بوو. کاس و ور. هێڵنجم دەهات. زمانم ڕەق ببوو. هیچم لە بیر نەمابوو، ئەوە نەبێ بە قەمە لێیان دام.

دیسان لە هۆش خۆم چوومەوە. ئیتر نازانم کێ منی گەیاندە نەخۆشخانە. هەر ئەوەندە بوو منیان گەیاندە نەخۆشخانە.

پاش سێ چوار کاتژمێر وەهۆش هاتم. جاری یەکەم کە هاتمە هۆش حەوت هەشت کاتژمێر بوو. ئەم جارەیان سێ چوار کاتژمێر بوو. پەرەستار ئەمانەی پێ وتم. وتم ئێرە نەخۆشخانەی کوێیە؟ وتی نەخۆشخانەی دەییە. وتم قوڕ بە سەر بووم. ئێستا پارەی نەخۆشخانە لە کوێ بێنم؟! وتی ئەوەی وا چووی بە هاواریەوە پارەکەتی داوە. خۆشی هەتا دوو کاتژمێر لەمەوبەر لێرە بوو. کە زانی هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ نییە ڕۆشت.

هێزم تێدا نەبوو بە بێهێزییەوە وتم، بمبەنە نەخۆشخانەی حکوومی بەو کابرا بڵێن پارەی ئەوێ بدا پارەی ئێرە زۆرە. وتی ئەو کابرا پارکەی هەموو حسێب کرد.

سەرسام بووم. زۆر بێهێز بووم پەرەستار دەرزییەکی لێدام و خەوم لێکەوت.

سەرتان نەیەشێنم. بۆ بەیانییەکەی کە کەمێک حاڵم باشتر بوو هات بۆ سەردانم. پیاوێکی تەمەن نزیکەی ٥٠ ساڵان بوو. دەستخۆشی لێکردم. منیش پێم وت بمبەنە نەخۆشخانەی حکوومی ئەویش پێکەنی و وتی تۆ گیانت بۆ من دانا. چۆن شتی وا دەکەم؟ وتم من ئەرکی ئینسانیم جێبەجێ کردووە. دیسان پێکەنی و وتی زۆر چاکە. بەڵام من کەسێک بە دڵەوە ئێشم بۆ بکا خۆشم دەوێ و لە بیرم ناچن. جاری پشوو بدە با چاک بیتەوە.

بۆ بەیانی و دوو بەیانی خۆی نەهات. بەڵام یەکێ لە کارمەندەکانی نارد. کچێکی گەنج بوو. دەهاتە سەردانم بۆ ئەوەی هەم سەرم لێبدا و هەمیش ئەگەر کێشە و کارێکم بوو پێی بڵێم.

پاش دوو ڕۆژ خۆی هات. منیش باشتر ببووم. بڕیار وا بوو پاش دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە هەڵمبستێنن. هات و لە سەر مۆبلی ژوورەکەم دانیشت. ژووری تایبەتی بۆم گرتبوو. دانیشت و دیسان دەستخۆشی لێکردم، ئینجا سەبارەت بە ژیانم لێی پرسیم و کار و ماڵ و ئاستی خوێندەواری و لەم شتانە. منیش هەمووم بۆ باسکرد. کارتێکی پێدام و وتی: پاش هەستان لە نەخۆشخانە بچمە نووسینگەکەی.

پاش سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە هەستام و ڕاست چوومە لای وەستا پینەچییەکە. هەر کە منی بینی هەستا و لە باوەشی گرتم. وتی کوڕە لە کوێی؟ بەسەرهاتەکەمم بۆ گێڕاوە. ئەویش بۆم بە داخەوە بوو. ئەم جارەیان ئیتر قسەی نەبوو پێم بڵێ. نە ئامۆژگاری و نە سووکنایی و نە هیچی تر. نیو کاتژمێر لەوێ دانیشتم و ئینجا چوومە نووسینگەی ئەو کابرایە. لە فەرمانییە بوو. مێترۆ، پاس و تاکسی. گەیشتمە ئەوێ. بینایەکی زۆر جوان بوو. زۆر جوان. چوومە ژوورەوە و سۆراغیم گرت. نگابانی بەر دەرگا وتی چ کارت پێیە؟ وتم لە کوێیە؟ تۆ چت لەوە داوە. وتی بۆ من لێرە گەڵا چەوەندەرم؟ وتم دوور لە تۆ. بەڵام دەمناسێت. پێم پێکەنی و وتی لە کوێوە تۆ دەناسێت. دەستم کرد بە گیرفانمدا و کارتەکەم دەرهێنا و پێم نیشان دا. سەیرێکی کارتەکەی کرد و خۆی کۆکردەوە و وتی: دوو خولەک لێرە لە سەر ئەم مۆبلە دانیشن با تەلەفۆنێکی بۆ بکەم.

چوومە سەر مۆبلێکی جوان دانیشتم. سەیری ئەم لا و ئەو لام دەکرد. چ بینایەک بوو!؟

پاش کەمێک نگابانەکە بە بزەوە هات و وتی: ببوورە نەمناسین فەرموون تکایە.

پێموایە لە سەرەوە قسەیان بۆ کردبوو، چونکە تەواو گۆڕدرا بوو. هەستام و بەرەو ئەسانسۆر وەڕێکەوتین و وتی تۆخوا خەجاڵەتم. هەندێ دێنە ئێرە

بیتاقەتمان دەکەن. دیسانیش هەر داوای لێبووردنت لێدەکەم. وتم برا دەی هیچ نییە. خۆ هیچت نەوت. دیسان هەتا ناو ئەسانسۆرەکە داوای لێبووردنی کرد. چوومە ناو ئەسانسۆڕ و خۆی کلیلی دوایین نهۆمی لێدا و چووە دەرەوە و دیسانیش داوای لێبووردنی کردەوە.

پاش کەمێک گەیشتمە نهۆمی دوایین. لە ئەسانسۆڕ هاتمە دەرەوە خۆمم لە ناو هۆڵێکی گەورە و پڕ لە ژوور بینییەوە. دوو مێزیش لەم لا و ئەو لای هۆڵەکە دانرا بوو. لە سەر هەر کامیان خانمێکی سکرتێری لە سەر دانیشتبوو. نگابانێکیش وەکوو ئەوەی خوارەوە لە بەر دەرگای ئەسانسۆر کەمێک ئەو لاتر وەستا بوو. سێ چوار کەسیش لەوێ دەخوولانەوە. چوومە پێش یەکێک لە مێزەکان و ناومم وت. قرچە پا لەبەرم هەستا و بزەیەکی هات و بە ئاماژە پێی وتم بچم بە دوایدا. منیش بە دوای ڕۆشتم.

لە بەر یەکێک لە دەرگاکان ڕاوەستا و پاش کەمێک لە دەرگای کوتا و خۆی کشا دواوە و بە ئاماژە پێی وتم: بچمە ژوورەوە. منیش چوومە ژوورەوە و خۆمم لە ناو ژوورێکی گەورەدا بینی. نزیکەی ڕەنگە چل پەنجا مەتر. مێز و مۆبل و کورسی و گوڵدان و ویترین و کتێبخانە و ئیتر کەبکەبەیەکم بینی مەپرسە. خۆی لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو هەستا بە ڕووخۆشییەوە بەرەو لام هات. زوو سڵاوم کرد و وەڵامی سڵاوی دامەوە. کاتێک گەیشتە لام هەواڵی پرسیم. دەستی گرتم و لە سەر مۆبلێک دایینیشاندم.

بە گشتی چارەکێک بیست خولەکێک زیاتر لە لای نەبووم. بە دەستە کلیل و ئادرەسێک لەوێ هاتمە دەرەوە. کلیلی ئاپارتمان و ئادرەسەکەی.

پاش چارەکێک گەیشتم و دابەزیم و پارەی شۆفێرم دا. من چوومە بەر دەرگایەک و یەک یەک کلیلەکانم تاقی کردەوە. هەتا ئەوەی یەکیان کردییەوە و بە وریاییەوە چوومە ژوورەوە. چوومە ڕێڕەو، ئینجا چوومە نهۆمی دووهەم. چوار یەکە بوو. لە بەر دەرگای یەکێ لە ئاپارتمانەکاندا ڕاوەستام و دیسان کلیلەکانم تاقی کردەوە و یەکیان کردییەوە. چوومەوە ژووری. ئاپارتمانێکی شەست هەفتا مەتری بوو بە شمەکی ناو ماڵەوە. نوێ نەبوون، بەڵام خراپ

نەبوون. دلم پڕ بوو. جێگاتان خالی. ئاپارتمانەکەم دەپشکنی و دەشگریام.

سێ ژووری هەبوو. چێشتخانەکەم سەیرکرد. هۆلەکەم سەیرکرد. کابینەتەکانم سەیرکرد. ژوور بە ژوور کومێد بە کومێدم دەپشکنی. لە ناو کومێدی کوتاییدا جانتایەکی تێدا بوو. جانتاکەم هەلگرت بینیم پێنج ملوێنی گەلا پێنج هەزاری تێدا بوو. وتم داماوی کرێچی پێشوو ئەمەی لێرە لە بیر چووە.

لە ئاپارتمان هاتمە دەرەوە و دەرگاکەم داخست و تەلەفۆنم بۆ نووسینگە کرد و سکرتێر منی لکاند بەو کابرا و هەمووم بۆ گێراوە و ئەویش پێکەنی و وتی: هەموو هی خۆتە جاری با لات بێت. وتم چۆن شتی وا دەبێت؟ بە توندییەوە وتی ئیتر واز بێنە و لە سەری مەچۆ. با لای خۆت بێت. تەلەفۆنەکەی داخست. منیش نەمدەزانی چ بلێم. کوێر چی لە خوا دەوێ. دوو چاوی ساغ.

کاوە – خوا لە چاوت نەکا ڕەزا گیان. دا سووکە تورمزێک بگرە با ئەو کچە جوانە سوار بێت. بە خوا خێرت دەگات.

ڕەزا پێم پێکەنی و وتی:

- با ئەو پیرەمێردە گۆچان بە دەستە سوار بکەین گوناحە.

کاوە – نا نا نا با ئەو بە پا بڕوا قاچەکانی وشک نەبێتەوە.

ڕەزا – دە ئەو ژنە مندال بە باوەشە سوار بکەین.

کاوە – نا ئەو منداڵە چاوی بەم ئۆتۆمبێلە دەکەوێ شەو باوکی هەراسان دەکا دەلی پوورشەم دەوێ. ئەمە هیچ خێر نییە شەڕیشە. هەر ئەم کچە جوانانە سوار بکە خێرترە.

ڕەزا پێکەنی و گازی دا و تێپەڕین.

کاوە – ڕەزا خوا تۆمان لێ بستێنێت. ئەو ئۆتۆمبێلەت هیچی لێ هەلناوەرێت. خۆ کەس سوار ناکەی ماڵتە باشە بۆ پوورشەت کڕیوە؟ بچۆ سواری مێترۆ بە.

ڕەزا – گوێ بدە با ئەوی تریشتان بۆ بگێڕمەوە.

کاوە – تۆخوا بیبڕەوە. گەوجمانت کرد، بەو بەسەرهاتە دلتەزێنەت ئەوە دەچم سەیری تەلەڤیزیۆن دەکەم، ئیتر بەسەرهاتی تۆم بۆ چییە؟ هەر چاوت پێمان دەکەوێ بەسەرهاتی ترسناکمان بۆ دەگێڕیتەوە. دوو نوکتە بگێڕەوە. باشە

دەمانبەیتە چ گۆڕستانێک؟

ڕەزا – شوێنێکی باش.

کاوە – پێویست ناکات. حەتمەن دەمانبەیتە لای ئەو وەستا پینەچییە، یان ئەو نانپێژە. ڕایگرە من دادەبەزم.

- کاوە بێڵە با قسەکەی بکات.

ڕەزا پێدەکەنی و وتی:

- دەتبەمە شوێنێ کە قەتت لە بیر نەچێ.

کاوە بزەیەکی هات و ئینجا بە ئەسپایی وتی:

- بە قوربانی دڵت بم بۆمان بگێڕەوە ئێمە نەبووین چت بە سەر هاتووە.

من و ڕەزا پێکەنین و ڕەزا وتی:

- بە کورتی بە شادی و کەیفخۆشییەوە هەر لەوێ تەلەفۆنم بۆ ماڵی پوورم کرد و دایکم تەلەفۆنی هەڵگرت. وتم دایە گیان شوێنێکم بە کرێ گرتووە. خۆت ساز بکە ئێستا دێم بە دواتدا.

زمانی گیرا. نەیدەتوانی قسە بکات. لە خۆشیدا قسەی بۆ نەدەهات. تاکسییەکم گرت و چووم بۆ دووکانی لوکس فرۆشی و گوڵدان و دوو دانە جێ مۆمی کریستاڵی جوانم بە پێنسەد و نازانم هەزار کڕی. کادۆم کرد و چووم بۆ ماڵی پوورم و دابەزیم و چوومە ژوورەوە. پوورم زۆر لەگەڵمدا ڕووی خۆش بوو. چوونکە دایکم وتبووی شوێنێکم بە کرێ گرتووە و خەریکە دەڕۆین. بەتایبەت ئەوەی کە ئەو سێ دیارییەی وا بە دەستمەوە بوو ئەوەی بینی یەکجار دڵخۆشتر بوو.

وەلحاسڵ بە ڕێز و حورمەتێکی زۆر لە لایەن پوورمەوە و سوپاس و دەستخۆشییەکی زۆر لە لایەن ئێمە، دوو دانە جانتای دایکە داماوەکم هەڵگرت و هاتینە دەرەوە و تاکسییەکم گرت بەرەو ماڵەکەی میراوا وەڕێکەوتم.

کاتێ گەیشتمە سەرەوە خۆشی و پلەزیقان و کەیفسازیی دایکم گەیشتە ئاسمان. ماچێکی عەرزەکەی کرد و ماچێکی منی کرد و ماچێکیشی نارد بۆ خوا. وایزانیبوو کوڕەکەی بووەتە چ گوویەک.

سەرتان نەیەشێنم. دایکم جۆرێ دەسەسەر کرد و پێم نەوت ڕووداوەکە چییە، ئەویش زۆری لە سەر نەچوو. هەر ئەوەندەی کە سەقفێک لە ژوور سەریەتی و سەربەخۆیە و شمەکی ناو ماڵی هەیە دڵخۆش بوو و زۆر لە خوا ڕازی بوو.

بۆ ڕۆژی دوایی چوومەوە هەر ئەو بینایەی کە نووسینگەی ئەو کابرای لێ بوو. ئەم جارەیان ئیتر ڕێزیان لێ گرتم و وتیان بەڕێز چووە بۆ سەفەر و هەتا سێ هەفتەی تر نایەتەوە.

منیش خۆ کێشەیەکم نەبوو. تەنیا دەبا سەبرم کردبا. شوکر بۆ خوا ماڵ و پارەم هەبوو. ئیتر خەم بۆ بخۆم؟

ئینجا سەیرێکی کردین و وتی:

تەماشا چەند سادە کەسێک بەختەوەر دەبێت. هەڵبەت هەتا ئێرەی. دەڵێن سوویسرایییەک لە جیهانیی سێیەمییەکی پرسی ئاوات و خۆزگەکانت چییە؟ داماو وتی: ئاپارتمانێک کە لە ناویا بژیم. ئیشێک و مووچەیەک وا بێ لە برسان نەمرم و .... .

سوویسرایی وتی: گەمژە باسی ئاوات و خۆزگەکانت دەکەم، ئەوانەی وتت مافی سەرەتاییتە.

لە ناکاو کاوە دەستی کرد بە چەپڵە لێدان و فیکە کردن و وتی: مردن بۆ ئیمپریالیزمی خوێنمژ.

پێکەنین و وتی:

- پاش دوو سێ هەفتە کابرا گەڕاوە. چوومە لای دیسان بە پێکەنینەوە هەڵسووکەوتی لەگەڵ کردم و وتی لە سبەینێوە دەبییە نزیکترین کەسم. دەستخۆشیم لێکرد و وتم: کاکە خۆ من هیچ نازانم. لەوانەیە کاروبارەکان بشێوێت. وتی پێویست ناکا کارێکی ئەوتۆ بزانی. ئەوە بۆ من بەسە کە لەم تاقیکردنەوەدا سەربەرز دەرچووی. من کەم وایە متمانە بە کەسێک بکەم. تەنیا متمانەم بە تۆیە. سوویچی ئۆتۆمبێل لە کا عەباس وەربگرە و لەو خاتوونەش ئەری ناوی چ بوو؟ ئەها فەرناز موبایلی لێ وەربگرە و ژمارەکەشتم دەیە با

پاشەکەوتی بکەم. مووچەکەشت مانگی سێ ملوێنە. کارەکەشت ئەوەیە هەر شوێنێ من ویستم دەبێ بمبەیت. ئەو کاتانەشی وا ناچمە هیچ کوێ تۆ لە ناو نووسینگەکەدا هاتوچۆ بکە و ببە بە چاو و دڵی من.

کەمێک بێدەنگ بووم و وتم: یانی سیخووڕیتان بۆ بکەم؟ وتی: نا تەنیا بیر و هۆشت کۆ بکەوە. ئێستا بڕۆ.

هیچم پێ نەوترا. لە لایەک ئەوەندە دڵخۆش بووم کە پێم خۆشبوو بچم ماچی بکەم. لە لایەکی دیکەشەوە نەدەبوو.

کاوە – دەی بچووبای سکرتێرەکەت .... . یانی بچووبای دەستخۆشیت لە سکرتێرەکەی کردایە. ئەویش دواتر دەیگواستەوە بۆ سەرۆکەکەی.

ڕەزا – هەموو شتێک لە کاتی خۆیدا کاکە کاوە.

کاوە – ئافەرەم. بارەکەڵا.

ڕەزا جیدی بوو وتی:

– جا ئێوە شتێکەوە دەبیستن. لە بێبەختی و بێهیوایی و نامرازی و داماوی. ئینجا هەر وا لێی تێدەپەڕن. بەڵام من هەستم بە چرکە چرکەی کرد. بە ڕاستی ناخۆش بوو. لە گیاندانیش ناخۆشتر.

ئینجا گەڕاوە و سەیری منی کرد و وتی:

– بێزاد هەندێ جار مرۆڤ دادەنیشێ و بیری لێدەکاتەوە. بیر لە زۆر شت. دەگاتە شوێنێ کە ئیتر مێشکی کار ناکات. وردە وردە ئایدیا و هیواکانی دەگۆڕدرێت. لای خۆی بیر دەکاتەوە کە نەکا هەموو ئەو ئایدیایانەی کە پێشتر بوومە هەڵە بووە. یان لانیکەم بەشێکی. ئینجا بە خۆی دەڵێ تۆ بڵێی من بەوەی کە ئەم کارەم کردووە و ڕەچاوی هەندێ شت بووم کارێکی شیاو بێت؟ کە کاتێ چوومە سەرەی نان کارێکی باشم کرد، کە ڕاوەستام هەتا نۆرەم هات یان ئەوەی کە لەگەڵ ئەوەی گەیشتم بە قەستی وتم ئێرە شوێنی من بوو و ڕۆشتم و ئەوە ئێستا هاتمەوە و بە سەرکۆنەوە بچووبامە پێشەوە و نانەکەم وەرگرتبا و بە بزەیەکەوە بڕۆشتایەم. من کارێکی باشم کرد کە لە دواوەی سەرە ڕاوەستام، یان ئەوەی کە تازە گەیشتبووم و قیت قیت بڕۆشتایەم و پێش

هەموویان سوار ببایەم؟ من کارێکی باشم کرد کە دانیشتم دەرسم خوێند و لە تاقیکردەنەکاندا بە هەوڵی خۆم دەرچووم یان کۆپیم بکردایە؟

کابرا لای خۆی بیر دەکاتەوە نەکا ژیان ئەو جۆرە نەبێ وا من بیرم لێ دەکردەوە. نەکا ئەوەی لە منداڵییەوە فێریان کردووین هەڵە بێت. نانی حەرام و حەڵاڵ و کار و ... . خوالێخۆشبووی باوکم. هەر لە منداڵییەوە هەندێ شتی فێر کردم. بەر لەوەی تووشی ئەم بەزمانە بم، جار نە جارێ دەیوت ڕەزا وەخۆ کەوە. دنیا وەپێشت کەوت. هەستە لە خەو. بجووڵێ. دەست بدە کارێک.

بە ڕاستی بێزاد مەبەستی باوکم چ بوو؟ بە ڕاستی مەبەستی چ بوو؟ کاتێ دەیوت کوڕی حاجی فلان کەس تەواو ژیانی خۆش بووە.

ئەو پیاوەی کە دواتر کۆڵیماڵی خەڵکی خوارد و لێیدا ڕۆی. یان ئەو کەسەی وا چووە ناو بازاڕی دۆلار و بە دزی و فزی هەموو ژیانی خۆش بوو.

مەبەستی دایکم چ بوو؟ سەرەڕای ئەوەی دەیزانی کوڕەکەی تازە لە زیندان ئازاد بووە و بێکارە و شوێنێکی بۆ کار کردن نییە، نموونەی کوڕە خاڵ و کوڕە پوورمی دەهێناوە. کوڕە خاڵەکەم بە واسیتە و پشتیوانی سەوزە جنین و گۆڕینی دەموچاو و ڕەواڵەت، خۆی خستە شوێنێکی چەور و چلیک و حەسابووەوە.

کابرا دەبێ خۆی بیر بکاتەوە کە بۆچی دەبێ بەرەنگاری هەندێ شت ببێتەوە و بجەنگێت؟ کابرا بۆ دەبێ خۆی بدا بە دەم ئاو و ئاورەوە؟

وەک ئەو کابرایەی کە دوێنێ وتی: کاک ڕەزا خوانێکە ڕاخراوە. تۆش لە لایەکەوە پاروویەکی لێ هەڵمەلەقوت بکە.

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی:

- بە کورتی سوویچی ئۆتۆمبێلەکەی لە کاعەباس وەرگرت و پێیدام. ئیتر کارم بەوە نییە کاعەباس چەندە کرووزاوە و داوای لێبووردنی کرد و دەستی کرد بە گریان. بەڵام تازە سوویچەکە لای من بوو. کە نەک هەر سوویچی ئۆتۆمبێلێک بوو، بەڵکوو هێمای متمانەی ئاغا بوو. ئەو کەسەی ئەم سوویچەی دەدرێتە دەستی ئەوە ڕێگەی پارە دەستخستن دێتە سەر ڕێی.

ئەم کاعەباسە لە بێبەختی خۆیدا، ئەو ڕۆژەی کە من چەقۆم لێدرا، دەبا بەو جانتاوە بهاتبایەتە مەیدانی فیردەوسی و ئەستەنبوڵ. بەڵام ویدەچێ منداڵەکەی نەخۆش کەوتبێ و یەکراست دەچێتەوە ماڵی خۆیان و لەم کاتەدا کە ئاغا ویستوویەتی بڕواتە دەرەوە بانگی کاعەباس دەکا، بەڵام کاعەباس لە کوێ نییە. ئاغا خۆی ناچار دەبێ ئۆتۆمبێلەکە هەڵبگرێ و ئەم ڕووداوە دەکەوێتەوە.

بەڵام جەرەیانی سوویچی ئۆتۆمبێلەکە چی بووە؟

بێنزێکی تازە مۆدێل بوو. بەڵام خۆ ئەمە هیچ نییە. کابرا بۆتە شۆفێر. ئۆتۆمبێلەکەشی بێنزی تازە مۆدێلە. بەڵام گرنگ ئەوەیە دەبییە جێی متمانەی ئەم بەڕێزە. ئەمە خاڵی وەرچەرخانی ژیانە.

یەکەم جار بیرم لەوە کردەوە کە نەکا ئاغا بەم لا و ئەولادا بگێرم و یان ژنەکەی و ڕەنگە منداڵەکانی بەم لا و ئەو لادا بگێرم. بەڵام نا شتێکی وا ڕووی نەدا.

ڕەنگە تەنیا یەک دوو هەفتە بەم لا و ئەو لادا دەمهێنا و دەمبرد، یان لە ماڵی خۆیانەوە دەمهێنایە کۆمپانیا و پاشنیوەڕۆ دەمبردەوە بۆ ماڵی خۆیان.

پاش ئەو هەفتە بە تەواوەتی ئۆتۆمبێل بە دەست خۆمەوە بوو، خۆشم چەند جار ئەم لا و ئەو لام پێ دەکرد. هەندێ جاریش ڕەنگە هەفتەی شەوێ دوو شەو دەمبردە هەندێ شوێنی تایبەت.

کاتەکانی دیکە ئاغا، لەگەڵ شۆفێرێکی دیکە بوو، بە ئۆتۆمبێلێکی دیکە لە ماڵەوە دەهاتە کۆمپانیا و لە کۆمپانیاوە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە. کاروباری ئاسایی. بەڵام کارە تایبەت و نهێنییەکانی لەگەڵ من بوو.

یەکەم کارمم قەت لە بیر ناچێتەوە. جانتایەکی دا بە دەستمەوە و وتی بڕۆ بۆ فیردەوسی. وتی بیرت نەچێ ڕژابوونە سەرم. بیر و هۆشت بێت. دوو ملیۆن دۆلاری تێدایە. ئەمەش نرخەکەیەتی. دەچیتە ئەم شوێنانە و پارەی نەختیش وەردەگری. ناوی من و کۆمپانیا و ئادرەس و هیچ شتێک نادەی. تێگەیشتی؟ وتم تێگەیشتم. وتی مشتەرییەکانمان ئەوانەن وا وتم. ئیتر خۆت دەزانی. ئەمە نرخەکەیەتی. وتم بە چاوان. بە ترس و نیگەرانییەوە جانتاکەم وەرگرت و

کردمەوە. چەپکە دۆلاری تێدا بوو. وتم ئەی ئەگەر نەیانکڕی؟ وتی دەیکڕن. وتی دەچێتە دەرەوە و تاکسییەکی نەناسراو بە کرێ دەگرێ و دەڕوا. دیسانیش وتم باشە بە سەرچاو.

هاتمە دەرەوە. ئیتر ئەوە ناڵێم چەندە دەترسام. چوومە سەر جادە و تاکسییەکم بۆ چوار کاتژمێر بە کرێ گرت و ڕۆشتین. پاش کاتژمێرێک گەیشتینە فێردەوسی و تاکسییەکە ڕایگرت. پێم وتبوو هێواش هێواش لەگەڵ من بڕوات. چوومە ئەو شوێنەی کە ئادرەسی پێدا بووم و مشتەری لەوێ بوو. چوومە ژوورەوە و کابرا لەگەڵ ئەوەی جانتاکەی دەستمی بینی سەیرێکی کردم و پێکەنی و وتی ئێوە ئێستا هاتوون؟ منیش وتم بەڵێ. ئینجا وتم ئەمە نرخەکەیە. چاوەڕێ بووم کەمێک کەم و خوارێک بکا، منیش ڕەتی بکەمەوە، بەڵام پێکەنی و وتی دە دانیشە با شتێک بخۆین. چوومە خوارەوەی دووکانەکە و چایەکی بۆ هێنام و دانیشت و وتی: بە قوربان. کوڕی شیرینم. شێوازی کارەکە بەم شێوەیە کە ئێمە نرخ دیاری دەکەین. ئینجا دیسان پێکەنی. چاکەم خوارەوە و وتم دەی دەبێ چ بکەین؟ وتی لەگەڵ کاعەباس ئاوا ئیشمان دەکرد لەگەڵ ئەوەی تەلەفۆنی دەکرد کەمێک نرخەکەی دادەبەزاند و نیوەی زیاتری پێ دەدایین و ئەوەی دیکەی کەمێک زیاتر لە دەرەوە دەدا. کاتێ ئەوانی تر دەیانزانی ئێمە کڕیومانە لێیان دەکڕی. حسێبم کرد کە دوو ملوێن دۆلار کە ئەگەر دۆلاری پێنج حسێب بکەین دەبێتە دە ملۆێن. ملێوێنک لە دە ملوێنەکەی دەرەوە کەمی هەیە. ئەوە دە ملوێن لەوێ. بە هەموویەوە دەبێتە بیست ملوێن.

وتم هەموو هی کاعەباس بوو؟ وتی نا بیست لە سەدی چوونکە دەبا ئێمە لێمان کڕیبا، کە ئەوانی تریش لێی بکڕن. وتم باشە و هاتم تەلەفۆن بۆ ئاغا بکەم و جەرەیانەکەم وت. بەڵام نەموت لای کا عەباس وای حسێب دەکرد بۆ ئەوەی گووی تێ نەکەم. بەڵام وتم پێشنیارێکی ئاوای پێ کردووم و وتی نا. بڵێ ئەمە نرخەکەیەتی. ویستی بیدەیە و نەویست بگەڕەوە. وتم بە چاوان و گەڕامەوە دووکان وتم نرخەکەی هەر ئەوەیە. کابراش بیری کردەوە وتی نا. هاتم بڕۆمە شوێنێکی تر و ئەویش دیسان بانگی کردم وتی باشە، بەڵام لانیکەم پێنج تمەن لەوانی دیکە گرانتر پێم بدە. وتم هەمووی هەڵگرە و بیدە بەوانی دیکە بە هەر



CS CamScanner

نرخێک خۆت دەتهەوێ. کابرا تووڕە بوو. هەمووی وەرگرت و چەکێکی پێدام و منیش سواری هەر ئەو تاکسییە بوومەوە و گەڕامەوە بۆ کۆمپانیا و جانتاکەم دا بە دەست ئاغاوە و تا هاتم لە نووسینگەکەی بچمە دەرەوە پێکەنی و وتی ڕاوەستە. ئینجا لە ناو قاسەکەی دوو ملوێن پارەی دەرهێنا و دای بە دەستمەوە و منیش وتم بچمە کوێ؟ ئاغا دیسان پێکەنییەوە و وتی هی خۆتە. لە بەر ئەو ڕاستگۆیی و دەستپاکییەکەت. وتم ئاغا من ئەرکی سەر شانمە دیسان پێکەنییەوە و وتی کاعەباسی بیشەرەف هەر ئەم کارەی کرد. نەک بڵێی نەمدەزانی. هەر کەسم لە سەر ئەم کارە دانا هەر ئەم کارەی دەکرد. بەڵام تۆ ... .

ئیتر هیچی نەوت. منیش دوو ملوێنەکەم وەرگرت و بە دەستخۆشییەوە لە نووسینگەکەی هاتمە دەرەوە.

هەناسەیەکی تری هەڵکێشا و ئینجا وتی:

– لەو کاتەوە ئیتر بووم بە نهێنیپارێزەکەی. پێکەوە هەموو شوێنێک دەچووین هەموو کەسمان دەبینی و هەموو کارێکمان دەکرد. تیسرەواندن نەما نەکەین، چ یاریگەلێکمان دەکرد.

بە کورتی داهاتی من لەو مانگەدا بوو بە بیست ملوێن. و ئەمە کەمترین داهاتم بوو. یەکەمین مانگ. لە مانگەکانی دیکەوە کە یەکترمان دەبینی و هەمووان منیان دەناسی، داهاتەکەم تا دەهات زێدەتر دەبوو. ئیشیشم زێدەتر بوو. ئەرکەکانم زۆری کرد. بە ڕاستی بوومە کەسی نزیکی. دەچوومە هەر کوێ دەیناساندم و دەیوت کاکە ڕەزا پارێزەرمە. هەر ئەمە بۆ من تەواو بوو کە بوومە نهێنیپارێزی.

بە کورتی ئەو ساڵە کە کۆتایی هات، ویستم کەمێک سەرتر ئاپارتمانێک بکرم. ئاپارتمانێکی هەفتا هەشتا مەتری. ئاغا کە ئەمەی زانی چەکێکی پێدام کە بەوە و پارەکەی خۆم سەد و پەنجا مەترییەکم لەو لای قەیتەرییە کڕی.

لەم کاتەدا هەفتەی جارێ، دوو سێ جار سەردانی وەستاکاری پینەچیم دەکرد.

– وەستا نەیدەپرسی چۆن وەزعت باش بووە و ئەم پارانە لە کوێوە دێن؟

ڕەزا پێکەنی و وتی:– نا.

- بۆچی؟

ڕەزا – ماوەیەک پێش لەوە کۆمەڵێ ڕژانە سەری و هەموو پارەکەیان لێ ڕفاند و قوتووەکە واکسەکەیان لێ شکاند و هات لەگەڵیان تێوە بچێ خۆشیان باش کوتا.

ئیتر پاش ئەوە قسەی زل زلی بۆم نەدەکرد. قسەی زلیشی بۆ خۆی نەدەکرد. ڕەنگە ئەویش ئەو بیرەی منی دەکرد وا من دەمکردەوە. ئێمە چمان داوە؟ خۆمان بە چی دەزانین؟

کاتێ بەم دوو ڕستە دەگەی هەموو شتەکانت لە بەر چاو دەگۆڕێ و جۆرێکی تر سەیر دەکەیت.

ئەم جارەیان من یارمەتی وەستاکارم دا. پارەم پێدا. پارەم پێدا چوو قوتوویەکی کڕی و زیانەکانیشیم بۆ قەرەبوو کردەوە. چوونکە پارەم هەبوو کە پێی بدەم. پارەم هەبوو کە یارمەتی بدەم.

کاوە – ڕەزا؟

ڕەزا – گیان؟

کاوە – ئەو شوێنەی کە دەمانبەی ئاوی خواردنەوەی هەیە؟

ڕەزا پێدەکەنی و وتی:- ئەرێ. ئاوی لێیە.

کاوە – ڕەزا گیان کارەبای هەیە؟

ڕەزا – کارەباشی هەیە.

کاوە – ڕەزا گیان، ڕەزا ناپیاو دەمانبەیتە دەشت و دەر خۆ ئەوێ ئاو و کارەبای لە کوێ بوو؟

ڕەزا بە پێکەنینەوە وتی:

- برا دەچینە فیشم. ڤیلاش لەوێیە.

کاوە دیسان پێکەنی و وتی:

- ڕەزا گیان تۆ خوا ڤیلاکەت بوونەوەریشی هەیە؟

ڕەزا – هەموو جۆرە بوونەوەرێکی هەیە.

کاوە – ڕەزا گیان بۆم هەیە ئەم بوونەوەرانە بپشکنم؟

ڕەزا – هەر چەندەت پێ خۆش بیانپشکنە.

کاوە – خوا بۆ دامەزراوەی زانست و لێکۆڵینەوەکان خۆشت بکا کە ئەوەندە بیرت لای زانستە. ئیشالا بمێنین و بزانین ڕۆژێ لویی پاستور خەڵاتت بکات. با بچین منیش لەم پێناوەدا هەنگاوێ بهاوێژم. ڕەزا گیان لەوێ میکرۆسکۆپی لییە؟

ڕەزا پێدەکەنی و دەیوت؟

- ئەرێ لییەتی.

کاوە – مۆرکی کوێیە؟ ئەڵمانییە یان ئەمریکییە؟

ڕەزا – هەر چییەک بێ کاروباری تۆ دەخاتە ڕێ.

کاوە – یاخوا دەست بۆ خۆڵ دەبەی ببێتە زێڕ بە دەستەوە خوا ...

- ئەرێ دە کاوە بێڵە با قسەکەی تەواو بکات. شتێکی سەیری ماڵتە.

کاوە – بە سەر چاو. بە چاوان. من ئیتر قسە ناکەم.

- باش ئیتر هیچ مەڵێ.

ڕەزا پێکەنی و وتی: - ئیتر ئەوانی ترتان دواتر بۆ دەگێڕمەوە. هەر ئەوەندە بزانن کە دایکم سێ جار چووە حەج. ئیتر دایکم شیری خۆی حەڵاڵم کرد. ژیانێکی خۆش و ماڵی خۆش.

وەستا پینچییەکەش دوکانێکی بچووکی هەیە کەیف دەکات. ئیتر ئەوی تری نازانم کە پێی خۆش نەبوو تووشی ئەم چارەنووسە هات ئەگەر بیزانیبا ڕێگری لێ دەکردم و ڕێگەیەکی تری پێ نیشان دەدام.

- ڕەنگە ئەمانە تاقیکردنەوەیە.

ڕەزا – خوا خۆی لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو ئاگادارە. خوا بەر لەوەی شتەکان ڕوو بدا ئاگای لە هەموو شتێک هەیە. خوا ئاگای لە ناخی هەموومان هەیە. بۆ دەبێ تاقیمان بکاتەوە؟ خۆی دەزانی بۆ هەر بابەتێک چ کاردانەوەیەکمان هەیە و چ بڕیارێک دەدەین.

کاوە– ڕەزا گیان ببوورە خۆ تێهەڵدەقورتێنم. خۆ ناکرێ کابرا خۆی سەرپشک بێ و کارەکان بکا و ئینجا لە ئاست خوا زماندرێژی بکات.

ڕەزا – کاوە گیان. ئەوە نییە من نەیزانم. کەس نایزانێت. هیچ کەس لەو دنیا نەگەڕاوەتەوە و جوانی کە ناشیرینی ئەویمان بۆ بگێڕێتەوە.

کاوە – ڕەزا گیان ئەگەر مردی و لەو دنیا یەخەیان گرتی و داریان دا بە

ڕۆحتدا چی دەکەی؟

ڕەزا – لانیکەم لێرە داریان نەداوە بە ڕۆحمدا. دەی ئەو دنیاش خوا گەورەیە. گرنگ ئەوەیە لە دنیایەکدا خۆش ژیام.

– ئاوا ویژدانت ئاسوودە دەکەی ڕەزا؟

ڕەزا – دەی دەبێ بە جۆرێ ویژدانم ئاسوودە بکەم. پاش ئەم هەموو ساڵە. ئەمە وەزع و حاڵمانە. ئەم گرانییە. ئەم ئابوورییە. ئەمە دۆخی خەڵکە. بۆ خوا کارێکی وا ناکا دۆخمان باش بێ و چاوی دوژمنان کوێر بکەین؟

– دیارە مرۆڤی باش نەبووین.

ڕەزا – هێشتا ئێمە باشترین. ئەو ئەفریقاییە داماوانە. ئەوانیش خراپن؟ باشە گەورەکانیان داماون ئەی منداڵەکانیان؟ بۆ ئەو هەمووە داماوییە بە سەریاندا دەبارێت؟ بۆ چەند جار دەرفەتی ژیانمان هەیە؟ نەکا لە دایکبوون لە وڵاتانی ئەفغانستان و ئەفریقا و ئەم شوێنانە سزای خودایە؟

کاوە – ڕەزا گیان نەکا ئەو شوێنەی کە دەمانبەی سزا و تەمبێ کردن بێت؟ خۆ شتی وا نییە؟

ڕەزا – نا.

کاوە – هەر خەڵاتکردنە؟

ڕەزا – ئەرێ.

کاوە – ئەی گیان. خوایە گیان سەرم خەی. ڕووسپی دەرچم. زۆرمان ماوە بگەینێ؟

ڕەزا پێدەکەنی و وتی:

– گەیشتین. دوو سێ کیلۆمەترمان ماوە.

کاوە – ئەی شوکر بۆ خوا. دوو کیلۆ مەتر و نۆسەد و نەوەد و پێنج مەتر. دوو کیلۆمەتر و نۆسەد و نەوەد مەتر. دوو کیلۆمەتر و نۆسەد و هەشتا و پێنج. دوو کیلۆمەتر و نۆسەد و هەشتا مەتر. دوو کیلۆ مەتر و ...

***

ئەو شەوە زۆر بە خۆشی رامانبوارد.

هەتا دوو کاتژمێر و نیو لەوێ بووین. کاتێ کاوە ئێمەی گەیاندەوە ماڵەوە کاتژمێر سێی شەو بوو. هەر چوومە سەر قەرەوێڵەکەم خەوم لێکەوت هەتا نیوەڕۆ بە دەنگی دایکم لە خەو هەستام.

پاش کەمێک ئامۆژگاری چوومە گەرماو و بەرچایی و نیوەڕۆم پێکەوە خوارد و گەڕامەوە ژوورەکەم، بینیم کاوە لە سەر قەرەوێڵەکەمە و خەریکە موبایلەکەی من دەپشکنێ و چاوی لێ دەکا. تیژ لێم وەرگرت و وتم:

- هەتیو بۆ وا دەکەی؟ تۆ چت داوە لە موبایلەکەی من؟

کاوە – کوڕە ئەوەندە تەلەفۆنت بۆ کرا مێشکم تەقی. دە برا وەڵامی ئەمە بدەوە. دەنگی هەتا ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات.

- ڕۆژە ڕێیەک؟ ئەی بۆ من لە خوارەوە نەمبیست؟

کاوە – تۆ گوێت گرانە خۆ ئێمە هەمووان وا نین.

-کاکە گیان موبایلەکەم لە سەر بێدەنگ دانا بوو. تۆ چۆن دەنگت بیست؟

کاوە – وەڵا خۆ ڕاستیش دەکەی. ئەها دەنگی ویبرەکەی دەهات. ماڵە ویبرەکەی دەتکوت زەویلەرزەیە. ماڵەکەمان لەو لا دەلەرزی. باوکم لە ترسا چووە حەوشە کە نەکا ماڵەکە بڕووخێ بە سەریدا. دە وەڵامی بدەوە. خەڵکی گەڕەک وایانزانی زەویلەرزەیە.

- ئیتر فزوولی نەکەی.

کاوە – باشە دەی یەکێ نەزانی چییە؟ ئەو کچە تیوە دوو سێ جار تەلەفۆنی بۆ کردی.

- فزوولییەکەت بۆ ئەوە بوو کە بزانی مەهتاب تەلەفۆنی کرد یان نا؟!
کاوە – من لە تۆ گەورەترم نابێ حەقم بە سەرتەوە هەبێت؟
- تۆ مانگێ لە من گەورەتری؟
کاوە – هەر ئەوە بۆ گەورەبوون تەواوە.
- گووت خوارد.
کاوە – دەنا دەچم بە مامم دەڵێم دوێشەو چت کرد.
- هەستە دەمەوێ تەلەفۆن بکەم.
کاوە – لای من تەلەفۆن بکە.
- نا. هەستە بچۆ ماڵی خۆتان.
چووە سەر قەرەوێڵەکەم و بەتانییەکەمی دا بە ملی خۆیدا وتی:
- ماڵی خۆمان گەرمە ناتوانم بچمە ئەوێ.
- ئەی کولێرتان نییە. بچۆ دایگیرسێنە.
کاوە – باوکم دەڵێ پارەی کارەبامان زۆر بۆ دێ. نیمە بیدەم.
- کاوە هەستە برۆ ئەزیەتم مەکە.
کاوە – من چم لە تۆ داوە؟
بەتانییەکەی دا بە ملی خۆیدا وتی:
- وەبزانە هەر لێرەش نیم. سەرم لە ژێر بەتانییە. هیچ نابیستم.
- ژمارەی مەهتابم گرت و خێرا وەڵامی داوە.
مەهتاب – سڵاو. ئەوە تۆ لە کوێی؟
- سڵاو وەڵا ئەوە خەوتبووم. موبایلەکەم لە سەر بێدەنگ بوو. ببوورە.
مەهتاب – زۆر نیگەران بووم. چەند جار تەلەفۆنم بۆ کردی و نامەم بۆ ناردی.
- ببوورن. ببوورن.
کاوە سەری لە ژێر بەتانییەکە دەرهێنا و وتی:
- ئەوەندە ببوورە ببوورە مەکە داماو.
دیسان سەری خزاندەوە ژێر بەتانییەکە.

مەهتاب – کەی هەستای؟

- نزیکەی کاتژمێرێک دەبێت.

مەهتاب – دیارە دوێشەو درەنگ نوستووی؟

- ئەرێ. درەنگ خەوتم.

دیسان سەری لە ژێر بەتانییەکە دەرهێنا و وتی:

- ئێستا دەڵێ دوێشەو لە کوێ بووی وا درەنگ خەوتووی.

دیسان سەری خزاندەوە ژێر بەتانییەکە.

مەهتاب – بۆ درەنگ خەوتی؟ لە کوێ بووی؟

پێکەنینم هات و وتم:

- لەگەڵ کاوە و هاورێیەکمان لە دەرەوە بووین.

کاوە لە ژێر بەتانییەکە سەری هێنا دەرەوە و وتی:

- نەموت؟

مەهتاب – دوێشەو خۆش بوو؟

- خۆش بوو. سوپاس.

کاوە دیسان لە ژێر بەتانییەکەوە وتی:

- لە جیات ئەوەی لەگەڵ ئەم بەرەڵا و خوێرییانە چوویەتە دەرەوە، منت ببردایە بۆ بازاڕ با چەند دانە نایلێکسم بدایە بە دەستەوە با ئیتر تەمبێ بێ و گووی وا نەخۆی.

- مەهتاب گیان کەمێک تکایە ڕاوەستە.

بەتانییەکەم لە سەری لابرد و وتم:

- مەگەر بڕیار وا نەبوو هیچ نەبیستی؟

کاوە – دە من چ بکەم بەتانییەکی ناسکت کڕیوە. دەنگ لە تان و پۆکەی دێتە ژوورەوە خەتای منە؟

- هەستە بچۆ ماڵی خۆتان.

کاوە – ماڵەکەمان دەڵێی زەمهەریرە زۆر ساردە. تازە لە گەرماو هاتوومەتە دەرەوە سینە پاڵوو دەگرم.

- تۆ کەی لە گەرماو بووی؟

کاوە - دوێشەو جێت خاڵی نەبووی. بڕۆ وەڵامی ئەو کچە بدەرەوە عەیبە.

هیچم نەوت و لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە و داوای لێبووردنم لە مەهتاب کرد و وتم: - تۆ چۆنی باشی؟

- سوپاس باشم. چ بووە؟

- هیچ کاوە لێرەیە.

مەهتاب - ئەو چۆنە باشە؟

- باشە.

مەهتاب - سڵاوی منی پێ بگەیێنە.

- ئەویش سڵاوت دەگەیەنێت. ژیلا خانم چۆنە؟ چ دەکات؟

مەهتاب - ئەویش باشە.

- تکایە بۆ تەلەفۆنتان کرد؟

کەمێک بێدەنگ بوو و وتی:

- بە تەما بووم دوێشەو تەلەفۆنم بۆ بکەیت.

دیسان وەبیر قسەکانی کاوە کەوتمەوە و پێکەنینم هات. بەڵام پێش پێکەنینەکەمم گرت.

- نەکرا. لە شوێنێک نەبووم کە بتوانم قسە بکەم. بەڵام تا بڵێی بیرم کردبووی. یانی ئێستاش دڵم خەریکە بۆت دەرێ.

مەهتاب - دەی وەرە بمبینە.

- باش. کەی؟ ئەمشەو باشە؟

مەهتاب - نا. لە سەر دەوامم.

- هەر ئەو ماڵە؟

مەهتاب - ئەرێ. میوانییان داوە دەبێ ئاگام لە منداڵەکەیان بێت. بەیانی نیوەڕۆ. بۆ نانی نیوەڕۆ چۆنە؟

- باشە.

کەمێک بێدەنگ بووم و وتم:

- ئەو کات هەموو شتێکم بۆ بگێڕەوە باشە.

بێدەنگ بوو و وتم:

- بڕیار وا نەبوو بیری خۆتی لێ بکەیتەوە؟

مەهتاب – با بەڵام کاتم دەوێ. کەمێک دەرفەتم دەیە.

هیچم نەوت وتی:

- تۆ خوا لێم دڵمەند مەبە. باشە؟ سۆزت پێ دەدەم هیچت لێ ناشارمەوە.

- باشە. هەر کات ویستت پێم بڵێ.

مەهتاب – دەستخۆش بێزاد گیان.

- کەواتە بەیانی چاوەڕێتم. شوێن خۆت هەڵبژێرە.

مەهتاب – باشە. تەلەفۆنت بۆ دەکەم. بەڵام دەبێ وەڵامم بدەیتەوە.

- بێگومان. بێگومان.

مەهتاب – دەی جارێ خوات لەگەڵ.

ماڵاواییم لێ کرد و گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم بینیم کاوە بەتانییەکەی لە خۆی ئالاندووە و لە پشت سەرم ڕاوەستاوە.

- پێت عەیب نییە کاوە؟

کاوە – ئەوەندەم سەرمایە.

- ئەوە ناڵێم. باسی فزوولییەکەت دەکەم.

کاوە – ئەوە لە کەیەوە نەناسیاو بووین؟

- خۆم هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە. ئیتر بۆ سیخوڕی دەکەی؟

کاوە – باشە دەی دەڵێ چی؟

- بڕیارە سبەی چاومان بە یەکتر بکەوێت.

سەیرێکی کردم و بەتانییەکەی لابرد و وتی:

- وەرە بێزاد با پیاوانە قسە بکەین.

- سەبارەت بە چی؟ بێگومان مەبەستت مەهتابە.

کاوە – تۆ وەرە جارێ.

هەر دووکمان چووینە ژوورەکەم و لە سەر مۆبلەکە دانیشتین و وتی:

- به تەمای چ بکەی هاوسەرگیری بکەیت؟
- نازانم.
کاوە – بێزاد بیری لێ بکەرەوە. دەتهەوێ چ بە مامم و ئامۆژنم بڵێی؟
- نازانم.
کاوە – ئێستا دەتوانی بڵێی نازانم، بەڵام دوارۆژ مەسەلەکە زۆر جیدی دەبێ ئەو دەم ناتوانی بڵێی نازانم. تەماشا ئەمانە دزن. هێشتا ئەمە یەکێک لە عەیبەکانیانە. هێشتا زۆر شت هەیە ئێمە نایزانین. بێزاد گیان کەمێک مێشکت بخە کار. با کەمێک بچینە سەفەر، بچینە ڤێلای شیمال. یان دەچینە ئەورووپا و مانگێ لەوێ دەمێنینەوە. با بەشکەم ئەگەر گەڕاینەوە ئیتر مەهتابت لە بیر چووبێتەوە.
- ناتوانم.
کاوە – پیاو ئەگەر بیهەوێ هەموو کارێک دەتوانێ بکات.
- جارێ خۆی هیچ نییە.
کاوە – جارێ هیچ هەیە. دەبێ لە ئێستاوە پێشی پێ بگریت. کەرە بێتوو مامم بەمە بزانێ جەڵتەی مێشک لێی دەدا.
- پیاو نابێ ئەوەندە کەم جێکەڵدان بێت.
- من کەم جێکەڵدان نیم.
کاوە – من دڵت دەڵێم.
- جارێ بزانم بەیانی چ دەبێ.
دیسان سەیری کردم. خراپیشی نەدەوت. من عاشقی مەهتاب ببووم. بەڵام نەمدەویست قبووڵی بکەم. باشم دەزانی کە ناتوانم بیهێنم مەگەر ئەوەی واز لە دایک و باوکم بێنم. خۆم هەموو ئەمانەم وەک ڕۆژ لێ ڕوون بوو. لە لایەک متمانەم بە مەهتاب نەبوو، نەمدەزانی کاتی خۆی چ کاردانەوەیەکی دەبێت.
کاوە هەستا و چوو بۆ گەرماو و منیش لە سەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشام و بیرم دەکردەوە. ئینجا خەوم لێکەوت.
نزیکەی کاتژمێر پێنج بوو کە هەستام و چوومە خوارەوە. دادە کوبرا چای بۆ دانام. لێم پرسی کاوە لە کوێیە؟ وتی نازانم.

چاکەم هەڵگرت چوومە بەرهەیوان. دایکم و باوکم پێکەوە چووبوونە دەرەوە. کاتژمێرێک لەوێ وەستام. بەڵام کاوە دیار نەبوو. تەلەفونم بۆ کرد، بەڵام وەڵامی نەداوە. پێموابوو لێم توڕاوە.

هەستام و کەمێک لە ناو حەوشەدا پیاسەم کرد، دیسان گەڕامەوە بۆ ناو بەرهەیوان.

پاش کەمێک لە ناو حەوشەدا پیاسەم کرد و دیسان گەڕامەوە بۆ ناو بەرهەیوان.

کاتژمێر نزیکەی هەشت بوو. دایک و باوکم گەڕانەوە. کاتێک دەهاتنە ژوورەوە سەیرم کردن. چۆن دەمتوانی بێهیوایان بکەم. بەم هەڵبژاردنەمەوە. پاش نیوکاتژمێر چوومە سەرێ و لە سەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشام، کە دەنگی پێم بیست.

کاوە بوو. لە جێگاکەم هەستام کە هاتە ژوورەوە و سلاوی کرد.

- سلاو. لێم توڕاوی؟

کاوە – توڕانی چی و شتی چی؟

- لە کوێ بووی؟

کاوە – دەرێ.

- تەلەفونم بۆ کردی بۆ هەڵتنەگرت؟

کاوە – نەمتوانی.

- بە ڕاستتە.

چوو لە سەر مۆبلەکە دانیشت و جگەرەیەکی داگیرساند و سەیری کردم.

- چ بووە؟

کاوە – بچۆ چایەکم بۆ بێنە پێت دەڵێم.

- چییە کەرم دەکەی کە چات بۆ بێنم؟

کاوە – نە بە گیانت. تۆ کەریەتی لە خوێنتایە. پێویست بە هەڵفریواندن و درۆ ناکا.

کاوە فەرقی کرد بوو. چوومە خوارەوە دوو چام بۆ هێنا و یەکیانی هەڵگرت

و وتی:

- بێزاد دانیشە با پێت بڵێم.

دانیشتم و کەمێکی لە چاکەی خواردەوە و وتی:

- خوا چامان بۆ خۆش کات. هەر بە ڕاست چا نەبا چمان کردایە؟

بۆم دەرکەوت شتێ بووە. هەر کات کاوە بە لارێدا بچێ ئەوە شتێک ڕووی داوە. دەیویست هێورانە پێم بگەیەنێت. بۆ هەر بۆیە وتم:

- کاوە چ بووە؟ بە لارێدا مەچۆ.

کەمێکی تری لە چاکەی خواردەوە و وتی:

- دەمودەست بچمە سەر بابەتەکە؟

- ئەرێ.

کاوە - بێتاقەت نابی؟

- ئاوا زیاتر بێتاقەتم دەکەی دڵم دەرهات بیڵێ دەی.

کاوە – چوومە دەرەوە. لەگەڵ ژیلا بووم. بە هەر جۆرێک بوو لە ژێر زمانی کێشامەوە دەرەوە.

- چی؟

کاوە – ئەوەی کە ئەمانە بە تەمای چین؟

- دەی؟

کاوە – سوێندی دام لای کەس هیچ نەڵێم.

- ئەرێ دڵم تەقی دە بیڵێ.

کاوە – دەزانی ئەم پێنج کچە بە تەمای چین؟ باوەڕ ناکەی ئەگەر بیڵێم.

- ئای. ... کا حەمە کاوە.

کاوە – ئەو ماڵەی وا مەهتاب کاری تێدا دەکات؟

- دەی.

کاوە – بە تەمان بەتاڵی کەن.

سەیرم کرد و وتم:

- بۆ مەگەر لەوێ ناژین وا بە تەمان بە تاڵی بکەن.

کاوه - گەمژەی گوێدرێژ. یانی بیرووتیننەوە. یانی بیدزن. یانی تالانی بکەن.
هەر وا کز و مات سەیرم کرد.
کاوه – مەهتاب لە ڕاستیدا لەوێ کارێکی دۆزیوەتەوە و زانیاریی ئەو ماڵە دەباتە دەرەوە.
- شتی وا چۆن دەبێ؟ یانی ئەمانە پیلانیان گێڕاوە و مەهتابیان ناردوتە ئەو ماڵە ... ؟ کاوە تۆ شێتی. خۆ فیلمی ئەکشن نییە.
کاوه – ئەوان ناردبێتیان یان نەیاناردبێت چ فەرقێک دەکا؟ گرنگ ئەوەیە کە بە نیاز بوون بیرووتیننەوە.
هیچم نەوت و وتی:
- مەهتاب پێی نەوتی؛ بەڵام ژیلا پێی وتم. وتی با هەر خۆمان بیزانین. نەچی لای مەهتاب باسی بکەی. تێگەیشتی؟
دیسانیش تێنەگەیشتم و وتی:
- تێگەیشتی یان نا؟
سەرم لەقاند و وتی:
- دە فەرموو. ئێستا زانیت ڕاستم وت؟
- یانی بە تەمای دزییەکی گەورەن؟
کاوه – بەڵێ.
- ژیلا هەمووی وت؟
کاوه – بەڵێ.
- هەر وا لای تۆ باسی کرد؟
کاوه – هەر وا نا. کوڵێک قسەم هێنا و برد و هەتا قسەم لە زمانی دەرکێشا و ئەویش وتی.
- تۆ چیت وت؟
کاوه – وتم ئێمەش هاوبەشین. پشکێکی هی ئێمەیە.
- دەی فشە مەکە.
کاوه – چیم بکوتبا. هاتمە دەرەوە.

- بە ڕاستتە.

کاوە – نا بە چەپمە. دوو جاری تر لەگەڵ ئەمانە بمانبینن ئەوە زیندان چاوەڕێمانە. وێنەمان لە ڕۆژنامەدا چاپ دەکرێت. سەرمان دەتاشن و کەچەڵمان دەکەن و بە ناو شاردا دەمانسووڕێنن. حەیامان دەچێت. باوکت مایەباش دێتەوە دەکەوێتە سواڵ و سەدەقە. دایکت لە هەژاریدا دەبێ بچێ بۆ کارەکەریی ماڵان. باوکت دەبێ بچێت حەماڵی بکات. خۆشت پاش ئەوەی لە بەندیخانە دێیتە دەرەوە ئیشت پێ نادەن لەبەر ئەوەی پێشینەی زیندانت هەیە. دەبێ پەڕۆیەک بگری بە دەستەوە و بچی بۆ شووشە خاوێنکردنەوە. شووشەی ئۆتومبێلەکان دەبێ خاوێن بکەیتەوە. هەڵبەت دەبێ لە پاککەرەوەدا دەست پێوە بگری با بۆت بمێنێتەوە. ئینجا خەڵک گاڵتەت پێ دەکەن و پێت دەڵێن ورچە لادیوار لاچۆ. ئینجا لە سەر چوارڕیانەکە ڕادەوەستی و ئەو کچانەی دەتناسنەوە کاتیک دەتبینن تفت لێدەکەن و دەڵێن ئەمەیە عاشقی کچێکی دز و چەتە ببوو. ئینجا باوکت لە داخان دڵی دەتۆقێ و دەمرێ و تۆش پارەت نییە کفنی بۆ بکڕی جا لەحنەتت دەکەن. ئینجا ... .

- ئەرێ دە فلتە فلت. ئەی باوکی خۆت چی لێدێ؟

کاوە – باوکم هەمیشە برە پارەیەک لە شوێنێکدا پاشەکەوت دەکات. خەم مەخۆ ناکەوێتە سواڵ.

- ئەی خۆت؟

کاوە – منیش دەزانم چ بکەم. خێرا بەسەرهاتی خۆم دەنووسم و دەیکەم بە کتێب و دەوڵەمەند دەبم. جا با ئەوی دیکەشت بۆ بگێڕمەوە. بە هەر داماوییەک بێ مەهتاب دێنیت. چوونکە لە پێشدا دەبێتە ژنت. ئینجا منداڵ دەخەنەوە. پاش چەند ساڵ فامی دەکرێتەوە و لە ڕۆژنامەیەکدا وێنەی تۆی چاپ کردووە و ئەویش دەبینێ و پێی شوورەییە تۆ باوکی ئەوی. دەزانی باوک و دایکی دز بوون. ئەویش لەو دزە پەخمە و گێژانە کە گیراون. دز زۆرە، بەڵام دزی نەگیراو شادزە.

ئینجا منداڵەکەتان ناچێتە قوتابخانە و دەبێتە چەقۆکێش و ئینجا دەبێتە

ئالوودەی مادەی هۆشبەر و دەچێتە ناو قاچاغی مادەی هۆشبەر و دەیگرن و لە سێدارەی دەدەن.

- هەڵسە بچۆ ماڵی خۆتان گیانت داوەشێ بۆ قسە کردنت.

کاوە – خەریکم داهاتوومان روون دەکەمەوە.

- من ناهێڵم.

کاوە – چۆن ناهێڵی. دەبێ لەگەڵ مەهتاب هاوسەرگیری بکەی بۆ ئەوەی واز لەم کارە بێنێت. ئەو کات دەمێنێتەوە ژیلا. دەبێ منیش ژیلا بخوازم و ئەو سێ کچە دەمێننەوە. باوکم و مامم دەنێرینە داواکاری ئەو کچانە بەشکەم ئیتر واز لە دزێتی بێنن. ئەو ئاهەنگی هاوسەرگیرییە دەبێ چ ئاهەنگێک بێت؟ چوار دانە بووک و زاوا لە سەر کورسی دادەنیشن. ئای شەوی پەردە لە شەوی پاشایەتی خۆشترە.

بەو مەرجەی کوڕ بکا بە باوک و باوک کوڕ بکا بە زاوا.

ئیستا ناکری لە بری ئەم هەمووە داماوی و رۆژە رەشییە واز لەم کچە بێنی؟

- برا من گوێم لێ نییە. ئێمە پێکەوە دۆستین. ئەویش بۆ ئەوەی واز لەم بەزم و کارە خراپانە بێنێت.

کاوە – خۆشت ترسای؟

- گوو مەخۆ. لە چی بترسم؟

کاوە – ئیتر جوان بیری لێ بکەرەوە نە باوکت بەم تەمەنەوە توانای حەماڵیکردنی هەیە و نە دایکە گیانیشت دەتوانی کارەکەری بکات.

- برا رەنگە ژیلا گاڵتەی پێ کردبێتی.

کاوە – وەک بزن سەرت کردووەتە ژێر بەفر و ئاگات لە هیچ نییە. نا ببووره وەک کەو.

- قوزەلقوورت.

کاوە – رەزاش بەمە دەزانێت. هەڵبەت نە بە وردی. ئەمانە ناتوانن زمانیان رابگرن. عالەم زانیویەتی. ئەوە من. ئەوە رەزا. ئەوە تۆ. پیلانەکە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە و لەقاو دراوە. بە خوا دەمویست خۆم کاروبارەکە بگرمە

دەست و ڕێبەرایەتیان بکەم و بیانکەمە گرووپێکی شاز. بەڵام زەینیان تازە تر لەوە بوو ئیتر پاشگەز بوومەوە.

- با من چاوم بە مەهتاب بکەوێت. بە جیدی دەیدوێنم.

کاوە – نەڵێی ژیلا ئەمانەی پێ وتووم.

- نا برا نایڵێم.

کاوە - من دەبێ سەرێکی تر بچمە دەرەوە.

- بۆ کوێ؟

کاوە – بەڵێنم بە ژیلا دا ماڵی گێژ و ویژێک بدۆزینەوە کە بتوانین شمەکی ناو ماڵەکەی بدزین.

- بە ڕاستە ئەوێ چەندە شتی لێیە کە بە لایانەوە گرنگە. ئەویش بۆ پێنج کەس.

کاوە – وەڵا باسی برە پارەی چوار پنج ملیاردی دەکرد.

- چوار پێنج ملیارد. بێگومان بە تەمان قاسە تالان بکەن.

کاوە – ئەمانە ناو ماڵەکە دەرووتێننەوە.

- نەتبینی چۆن جزدانیان لە ناو گیراندا دەرفاند.

کاوە – ئەوە فەرق دەکات، قاسە کردنەوە بە هەر کەسێک ناکرێت. پێنج ملیارد دابەش بکە بە سەر حەوتدا. دەزانی دەبێتە چەندە.

- بۆ حەوت؟ پێنج کەسن.

کاوە – ئەی من و تۆ گەڵا چەوەندەرین؟

- بێ ئەدەب.

کاوە – مەبەستم ئەوەیە ئێمەش بەشمان دەکەوێت. ئەگەر بڕیار وابێ بیانخوازین لانیکەم بێڵە با جیازییەکی باش لەگەڵ خۆیان بێنن، وابێ لای مامم و باوکم و ئەوان حەیامان نەچێت؟

- ئەی هاتوو من ئەورۆ چووم و مەهتاب لەم بارەوە هیچی نەوت. ئەو دەم دەڵێی چی؟

کاوە – جۆری قسەی لەگەڵ بکە چووزانم.

- باشە چۆن؟

کاوە – شتێ بڵێ وا بێ پەیوەندی بە دزی و فزییەوە بێ و وردە وردە گرێی بدەوە بە دزییەکەی ئەوان.

- نابێ کاکە نابێ. هیچ شتێک پەیوەندیی بە دزییەوە نییە کە گرێی بدەم.

کاوە – کاتێ چاوت پێی کەوت بڵێ هەوا ئەورۆ خۆشە. ئێستا بۆ دزی خۆشە.

- گوو مەخۆ. خۆم بزانم چ دەکەم.

کاوە – تەماشا ئاوا قسەی لەگەڵ بکە. زۆر ئاسایی قسەی خۆت دەست پێبکە و ئینجا بڵێ مەهتاب تۆ بۆ ئەوەی جیازی خۆت ئامادە بکەی پارەکەی لە کوێ دێنی؟ ئەگەر وتی کار دەکەم بڵێ ئەی بەشە دزییەکەت داناوە بۆ چەکمە بۆر؟

- دەرد و ژان ئەریوەڵا. خۆم دەزانم چ بڵێم.

لەم کاتەدا دادە کوبرا هاتە سەرەوە و وتی مامتان هاتووە و دەڵێ وەرن با پێکەوە نانی شێو بخۆین.

من و کاوە چووینە خوارەوە، سڵاوم لە مامم کرد و کاوەش سڵاوی لە دایک و باوکم کرد و دادە کوبرا چای هێنا و وتی نیو کاتژمێری دیکە نانی شێو ئامادەیە.

هەمووان دانیشتین باوکم سەیری مامی کرد و ئینجا سەیری دایکمی کرد. کاوە سەیرێکی منی کرد. واتە شتێک خەریکە ڕوو دەدا.

ڕاوەستاین هەتا چاو لێکردنەکان کۆتایی هات و مامم وتی:

- ئەورۆ چوومە دەرەوە و لە ڕێگادا یەکێ لە هاوڕێ کۆنەکانمم بینی. زۆر لە مێژ بوو هیچ هەواڵێکم لێی نەبوو. دۆستایەتییەکی سی چل ساڵەمان لەگەڵ یەکتر هەیە. لە گەنجییەوە یەکتر دەناسین.

کاوە – باوکە گیان پێکەوە خۆش بوون؟

هەموو دامان لە پرمەی پێکەنین. مامم توورە بوو و وتی:

- بۆ وەک گەنجی ئێستا بووین بیر و هۆشمان لای بەزم و شتی وا بێ؟

کاوە – یانی نەدەچوونە سەیران و گەڕان؟

مامم کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی:

- با دەچووین. بەلام شوێنی خراپ نا.

کاوە – شوێنی خراپ کوێیە باوکە گیان؟

مامم – شوێنی خراپ ڕۆڵە.

کاوە – باشە کوێیە؟

مامم – ئەو شوێنەی پەرژینی قایم بێ گەنجان دەچن.

کاوە – کێو؟

مامم – نا کێو باشە. وەرزشێکە بۆ خۆی. بۆ تەندروستی بەسوودە.

کاوە - دە مەبەستت سینەمایە؟

مامم – نا. سینەما زۆر باشە. ئاستی کلتووریی خەڵک بەرز دەکاتەوە.

کاوە - یانەی کەڕاتە و لەشجوانی دەڵێی باوکە گیان؟

مامم – نا ئەوانە بۆ ڕۆح و جەستە زۆر بەسوودن.

سەرم داخست و بە زۆری خۆمم ڕاگرت.

کاوە – بۆ خواردنی نانی شێو لەگەڵ هاوڕێیان بچیتە دەرەوە. ڕیستورانت شوێنێکی خراپە؟

مامم – نا شوێنی ئاواش باشە.

کاوە – ئەی باوکە مەلەوانگە؟

مامم – ئەوە هەر زۆر چاکە. هەر کەس مەلە بزانێ ئەگەر بزانێ خوا بەو ڕۆژ نەکا کەسێک لە ناو دەریادا خەریکە دەخنکێ دەتوانێ ڕزگاری بکات.

کاوە – فتبۆل، تینیس و والیبال چی باوکە گیان؟

مامم – ئەمانە ئیتر هەر زۆر باشن.

کاوە – ئەی پیاسەکردن چی؟ یان چوونە کافی شاپ و قاوە نیسکافە و کەی خواردن؟

مامم – نا کێشە نییە.

کاوە – ئەی باوکە گیان پێت وایە گەنجان دەچنە کوێ؟ دەچنە سەر قەبری باوکیان عارەق و شەراب دەخۆنەوە. دە ئەوانیش دەچنە شوێنێک و هەر ئەم کارانە دەکەن و شەست کەسیش بە ئاژیر لێدانەوە بە دوایاندا دەچن. نایت کلاپ

و دیسکۆ و بار و کازینۆمان نییە بچین. لەگەڵ هاوڕێکانمان دەچینە دەرەوە بۆ پیاسەکردن. وەک خولخولە بە دەور خۆماندا دەسووڕێینەوە.

هەمووان پێکەنین. مامم بە زۆری خۆی ڕاگرتبوو.

مام – دێلی من قسەکەم بکەم یان نا؟

کاوە – بە چاوان ببوورن. فەرموون تکایە.

مامم – لاحول و لا قوة إلا بالله. لە بیریشم چوو باسی چم دەکرد.

کاوە – وتتان لەگەڵ هاوڕێکەتاندا دەچوون بۆ ڕابواردن.

دیسان هەمووان پێکەنین.

مامم – هەتیو قەلسم مەکە. بۆت هەڵدەستم.

کاوە – باوکە گیان خۆ من هیچم نەوت. فەرموون.

باوکم بە زۆری پێکەنینی خۆی ڕاگرتبوو. وتی:

- کاکە فەرموون.

مامم – گەورەم ئێوە بن کاتێ چاومان بە یەکتر کەوت زۆر خۆشحاڵ بووین. کافی شاپێک لەو دەوروبەرانە بوو. چووین بە یادی ڕابردوو لەوێ دانیشتین.

ئەوەی وت و خێرا چاوی لە کاوە کرد. کاوە بێدەنگ دانیشتبوو و سەیری مامی کرد و مامم وتی:

- چییە؟

کاوە – هیچم نەوتووە باوکە گیان.

مامم – با من دەزانم دەتویست قسە بکەیت.

کاوە – بە خوا نەمدەویست قسە بکەم.

مامە – بیلێ دەتەوێ چی بلێی بیلێ.

کاوە – نەوەلا.

مامم بە سەرسووڕمانەوە سەیری کرد و ئینجا وتی:

- ئیتر باسی هەموو شتێکمان کرد هەتا گەیشتینە سەر باسی منداڵەکان.

کاوە – یانی چوونە سەر باسی هاوڕێیانی کۆنتان؟

مامم – نا. منداڵەکانی خۆمان. کوڕەکانمان. کچەکانمان.

کاوه – تۆ کچت نییه باوکه گیان.

مامم – من نیمه ئەو هەیەتی. دوو کچیشی هەیە.

کاوه – بە ڕاستتە. خوا لێیانی نەستێنێت.

مامم – خوا هیچ منداڵی لە دایک و باوکی نەستێنێت.

کاوه – ئیلاهی ئامین.

مامم – من دەستم خستە ناو جزدانەکەم و وێنەی ئەم کوڕەم پێ نیشان دا. وێنەی بێزاد گیانیشم پیشان دا. باوەڕتان بێ چاوی بەم دوو کوڕە کەوت چاو و دڵی ڕوون بۆوە.

کاوه – ببوورە باوکە گیان نەکا هاوڕێکەت لەوانە بێ وا چووزانم.

هەموومان پێکەنین مامم بە توورەییەوە وتی:

- حەیا بکە ڕۆڵە گیان.

کاوه – مەبەست ئەوەیە برا هاوڕێکەت مرۆڤناسە کە ئێمەی دیوە و کەیفخۆش بووە.

مامم – لاحول و لا قوة إلا بالله. کوڕە دەکرێ دوو خولەک قسە نەکەی؟!

کاوه – بە چاوان. بە چاوان.

دیسان باوکم هاتە ناو قسەی مامم وتی:

- فەرموو کاکە.

مامم – هیچ ئیتر. کە من وێنەی ئەم دووانەم پێ نیشان دا و ئەویش وێنەی هەر دوو کچەکەی خۆی بە من نیشان دا. کوڕە زۆر شیرین بوون.

کاوه – ئەو وێنانە شیرین بوون؟

مامم بە سەریدا گوراندی و وتی:

- دەرد و ئەو وێنانە. من باسی وێنەی کچەکان دەکەم.

کاوه – یانی کچەکانی لەم بەزمەدان. خوا سەبری پێ بدات.

لەبەر پێکەنین قرتاین. مامم خۆشی پێکەنی. و وتی:

- کوڕی کەر مەبەستم ئەوە نەبوو. هەڵبەت منیش مەبەستەکەم خراپ گەیاند. بەلام ویستم بڵێم ئەو کچانە یەک لە یەک قەشەنگتر و شیرینتر بوون.

یەکیان قژی هەتا سەر کەمەری دەهات.

کاوە – تووکنە؟

مامم – گامێش. پەلکە شۆڕە. تووکنی چی؟!

کاوە – ئێسکتێشنە؟

مامم – نا ڕێگا و بان و بیناسازییان خوێندووە.

من و کاوە و دایکم دامان لە پرمەی پێکەنین و مامیشم وەخۆ هات و وتی:

- کوڕی کەر ئەوەی وتت چییە؟

کاوە – قژی باوە گیان دەستکردە؟

مامم – من لەوانە نازانم. لە وێنەکەدا هەر دووکیان قەشەنگ و نەشمیل و بالابەرز بوون.

کاوە – بالایان لە وێنەکەدا نووسیبوو؟

مامم – ئەرێ ڕۆڵە خۆ من کوێر نیم. کابرا بە بینین ئەمانەی بۆ دەردەکەوێ. گرنگ ئەوەیە بنەماڵەکەی دەناسم. خۆشیان جوان بوون. پێستیان دەتکوت شیرە.

کاوە بێدەنگ سەیری باوکی دەکرد.

مام – قژیان وەک شەوی ڕەش وا بوو.

کاوە مۆبلەکەی بە لای باوکیدا سووڕاندەوە.

مامم – چاو پان و وەکوو چاوی کەژاڵ.

کاوە مۆبلەکەی کەمێک تر بە لای مامدا سووڕاندەوە.

مامم – لووت چکۆڵە. دەم و لێو ناسک وەک پەڕەی گوڵ. گەردن کێل. ئەمە ...

کاوە خێرا هاتە ناو قسەکەی و وتی:

- ئەرێ ئەوە چییە باوکە؟ کەمێکیشی بێڵەوە خۆمان دوای گواستنەوە ببینین.

هەمووان دایان لە پرمەی پێکەنین مامم وتی:

- هەتیو ویستم بڵێم ئەو چاوانەیان نەجیمی لێ دەباری.

کاوە – باوکە گیان بچین بیانبینین؟

مامم – خۆ پارچە زەوی نییە بچی بیبینی؟

کاوه – ئەوەی تۆ باسی دەکەی لە سەر پێچی کۆلانەکەش هەیە.

مامم – بە هەر حاڵ دەچینە خوازبێنی.

کاوه – خوازبێنی بۆ باوکەکەی من؟ خۆ هاوڕێکەت پێشنیاری نەداوە؟

مامم – دەمت داخە هەتیو.

کاوه – مەبەستم ئەوەیە دۆستایەتییەکی سادەیە تەنیا چوار وشە یەکترتان دواندووە.

مامم کەمێک تێراما و وتی:

– وەڵا خۆ هاوڕێکەم بە فشە و ڕاست هەموو شتێکی وت. یانی وەختی وێنەی دوو کچەکەی دەرهێنا وتی نووسرەت تۆ کوڕێک و برازایەکت هەیە. منیش دوو کچ. نەکا پاش ئەم چەند ساڵە یەکترمان بینیوە ببینە خزم.

منیش لە بیری نەهاتمە دەرەوە براژن تۆ پێت چۆنە؟

دایکم پێکەنی و وتی:

– جا وەڵا بڵێم چی؟

مامم – ڕاتان چییە؟

دایکمم سەیرێکی باوکمی کرد و باوکم وتی:

– بزانین چۆن دەبێ؟

مامم – خراپ نییە بچین با ئەمانە بەریەککەوتنیان هەبێت.

کاوه – خۆ خراپ نییە. هاتوو خوا کردی جووت بوون، ساڵێکی دیکە ئەم دەمانە چەندانە تووتکمان خستەوە.

هەموو پێکەنین.

مامم – دیسان قسەی کردەوە.

کاوه – ئەی دە یانی چی ئەمانە بەریەککەوتنیان هەبێت؟

مامم – یانی بچین یەکتر ببینن؟

کاوه – دەی بڵێ بچین بە یەکتریان بناسێنین. بەرکەوتنیان هەبێ عەیبە.

مامم – باشە دەی. ئێستا دەڵێی چی؟

کاوه – یانی ڕای خۆمان بڵێین؟

مامم – ئەری.

کاوە – بە چاوان باوکە گیان. هەتا ئێستا ئێوە هەرچیتان وتووە ئێمە وتوومانە بە سەرچاو. وتتان لە دایک بن. وتمان باش. وتتان شیر بخۆن وتمان باش خواردمان. وتتان گەورە بن وتمان دەی باش. وتتان بچنە باغچەی ساوایان و قوتابخانە وتمان بە چاوان و چووین. وتتان بچنە ئامادەیی و زانکۆ وتمان بە سەر چاو و ڕۆشتین. وتتان بچن ئیش بکەن وتمان باش.

مامم – باشە دەی چی دەڵێی؟

کاوە – یانی بێڵە ئەم کارانە خۆمان بڕیار بدەین و بیکەین.

مامم – باشە دەی بڕیارتان چییە؟

کاوە – تکایە وێنە و فتۆکۆپی و ژمارە تەلەفۆن و ئەدرەسی ئەم دادە خانمانەمان دەیە خۆمان بچین بۆ لێکۆڵینەوە.

مامم – هاوڕێکەم ڕێتان ناکات بچنە ماڵەکەی.

کاوە – خۆ ناچینە ماڵەکەی. ئەوان بێنە ماڵمان. یانی بچین یەکتر ببینین. ئەگەر یەکترمان بە لاوە بە دڵ بوو ئەوە زۆر سادە دەبینە دۆست.

مامم – گووت خوارد. بە دۆستی دەیانگرن؟

کاوە – دۆستایەتی بنەماڵەیی.

مامم – شەش مانگی تر یەکێکی ترت دی و ئەوت لە بەر چاو کەوت ئەو دەم چ بکەین؟ حەیام لای هاوڕێکەم دەچێت.

کاوە – ئەی ئەگەر تیژ هاوسەرگیریمان کرد و پاش ساڵێ پێکەوە نەسازاین و خرت لێک جیا بووینەوە و منداڵێک لەو نێوانەدا بێ دایک و باوک بێ ئەو کات چ بکەین؟

مامم بێدەنگ بوو و سەیری کاوەی کرد و وتی:

- قەت ئەوەندە عاقڵ نەبووی. قەیناکە دۆستیش بن و ماوەیەک لەگەڵ یەکتر بن و یەکتر بناسن. ئینجا بە ئومێد خوا پێکەوە هاوسەرگیری بکەن.

کاوە – باوکە گیان ناکرێ هەر هیچ نەبێ وێنەکەیان ببینین و خۆمان بیانبینین و ئینجا سەودای خۆمان بکەین؟ ڕەنگە کێشەیان بێ، لار و گێر بن و یان وەبەر

جادە کەوتبێتن یان وەقف کرابێتن. براله دەبێ ئەوانە بزانین.

مامم – ڕۆڵە کابرا کچ و پارچە زەوی دەکا بە یەک؟

کاوە – بۆ ئێستا چی لە پارچە زەوی بە نرخترە؟

مامم – بەڵێ. ئابڕوو، نەجیمی، وەج و شەڕف.

کاوە – باوکە گیان ئەمانە بۆ کچی لادێی بوو ئێستا وا نییە.

مامم – ڕۆڵە حەیا بکە.

کاوە – مەبەستم ئەوەیە بۆ کچی قەدیمی بوو. کە هەموو خەریکی کار و کاسپی بوون. ئێستا هەمووان شوکر بۆ خوا نەجیمی و حەیایان لێ دەبارێت. شەرمی ناوێ. مەبەستم ئەوەیە کە ئەمانە هەموو کەس هەیانە. ئێمە نابێ ئەم خانزادانە ببینین؟ ئینجا دانیشین باسی شیربایی و مارەیی ئەم حسێب و کتێبانە بکەین؟

مامم – با من وێنەکانم لە هاوڕێکەم وەرگرت.

ئینجا جزدانەکەی لە ناو گیرفانی پانتۆڵەکەی دەرهێنا و وێنەیەکی دەرهێنا و بە دایکمی پیشان دا و وتی:

- فەرموو براژن. ئێوە سەیری بکەن.

دایکم وێنەکەی وەرگرت و سەیری کرد و لەگەڵ ئەوەی سەیری دەکرد وتی:

- وەڵا جوانن. بزانین قسمەت بۆ کوێیان دەبات؟!

باوکم وێنەکەی وەرگرت و سەیرێکی کرد و وتی:

- وەڵا زۆر جوان و ژیکەڵەن. خوا بە قسمەتی بکات.

کاوە – دەکرێ من و ئەم قوربەسەرە سەیرێکی چارەنووسمان بکەین.

باوکم وێنەکەی بەرەو ڕووی کاوە ڕاگرت و کاوەش هەستا و وێنەکەی لێ وەرگرت و سەیرێکی کرد و ئینجا وتی:

- باوکە گیان؟

مامم – بەڵێ.

کاوە – ئەو قژە ڕەشە وەک شەوگارە کامەیە؟

مامم – ڕۆڵە کوێرابیت داهاتووە؟

کاوە – نا کوێراییم دانەهاتووە. بەڵام چاوم تیشیکی ئیکسی نییە. ئەمانە سەرپۆش بە سەریانەوەیە. تۆ چۆن ڕەنگی قژیانت دی؟

مامم – ئەوەی لە سەرپۆشەکە هاتووەتە دەرەوە دیارە.

کاوە – ئەها ئاخە وتیشت هەتا سەر کەمەریان دێت. ئەمانە ڕوویان لە کامێرایە. تۆ چۆن ئەمەت بۆ دەرکەوت؟ نەکا لە پشت وێنەکەوە قژیانت بینیبێ؟ هەڵبەت وێنەکەش سێ ڕەهەندی نییە. ئێسکەنی ڕەنگیت لێیان گرتووە؟

مامم – تەح چەندە ئیرادگری ڕۆڵە؟! هاوڕێکەم وتی قژیان درێژە.

کاوە – چاوی چی؟ خۆ ئەمانە چاویلکەی ڕەشیان لە چاو کردووە.

مامم – چاویلکەکان گەورەن. ئەوە چاوی گەورەیە وا چاویلکەی گەورەی لە چاو کردووە.

کاوە سەیرێکی باوکی کرد و ئینجا وتی:

- ئەو پێستەی وا وتت دەڵێی شیرە مەبەستت شیرکاکاوە.

مامم – ڕۆڵە کەرە کەر مەکە.

کاوە – پێستی برۆنزییە. وتم نەکا مەبەستتان شیرکاکاو یان شیرچوکلێت بێت؟

مامم – کوڕە نا. ئەوە وێنەکە لێڵ هاتووە.

کاوە – باوکە گیان بە تەمای کچی هاوڕێکەت بە زۆری بدەی بە شوو یان کوڕ و برازاکەت قوربەسەر کەی؟

پێکەنین و مامم وتی:

- مارە تۆپیو مەخە بەینەکە.

کاوە – باوکە گیان نەوەی نوێ گۆڕاوە. ئێستا کەس هاوسەرگیری ناکات. لانیکەم چەند ساڵ یەکتر دەناسن. بچۆ بزانە ئاماری تەڵاق کوولاک دەکات. بە وێنەیەک خۆ کابرا هاوسەرگیری ناکات. سبەی دەڵێن ئەم پەخمانە ئێمەی خواستووە.

مامم – ڕۆڵە گیان بە دڵت نییە خۆت بچۆ دەستنیشان بکە.

کاوە – برا بۆ خۆمان توش بکەین؟

مامم – خۆ ناکرێ بەرەڵا بەرەڵا بسووڕێتەوە؟

کاوە – ئەها بەتەمان بماندەن بە شوو ئیتر گرنگ نییە کچە چۆن بێت.

مامم – پیاو تا ژن نەهێنێ نابێتە ماڵ.

کاوە – دەی هەر لە سەرەتاوە ئەوەتان کوتبایە.

مامم سەیرێکی کاوە کرد و ئینجا وتی:

- باشە دەی وەبزانە لە سەرەتاوە ئەوەمان وت. خۆت کەست بە دڵە؟

کاوە – بەڵێ.

مامم هەر وا سەیری کاوەی کرد وتی:

- کێیە؟

کاوە – کچێکی تر.

مامم – تەماشا ئەو قسە کچێکی تر. ناوی چییە؟ ئاستی خوێندەواری چەندەیە؟ دایک و باوکی کێن؟ماڵیان لە کوێیە؟ باوکی چکارەیە؟

کاوە – دیپلۆمی هەیە. لە دووکانێکدا ئیش دەکا. باوکی لە کارگەدا ئیشی دەکرد ئێستا لە زیندانە. ئاپارتمانێکی بچووکی لە خوارەوەی شار هەیە. هەڵبەت بە کرێیان گرتووە. کچی چاکە بە دڵمە.

مامم – خۆ ناکرێ هەر خۆت بە دڵت بێت.

کاوە – ئەی کێ دەبێ بە دڵی بێت؟

مامم – هاوسەرگیری دوو کەس هاوسەرگیری دوو بنەماڵەیە. دەبێ لە رووی چینایەتییەوە لە یەک ئاستدا بن. لای ناخێر باوکت کارگەدارە چووی کچێکت دۆزیوەتەوە ئاپارتمانی خۆشیان نییە. ئەمان هاوئاستن؟ ژیربە رۆڵە.

کاوە – باوکە گیان ئەو سەردەمانە رۆی کە جیاوازی چینایەتی لە گۆڕدا بوو. کۆمەڵگا بێچین ....!!

مامم قاقای کێشا و وتی:

- ئێستا ئیتر چین چین هەڵناپەڕن. هەر کە لە جێی خۆیەدا هەڵدەبەزنەوە. رۆڵە برۆ یەکێکی هاوئاستی خۆت بێنە.

کاوە – ئەرێ باوکە سامانەکەت چەندەیە من بچم بە دوای هاوئاستێکی تۆدا؟

مامم - پێویست ناکا ئەوەندە وردبین بیت. لەم دەروبەرەی خومان ئاپارتمانێکی گەورە و دوو سێ ئۆتۆمبێلی جوان مۆدێل بالای ببێت ئیتر کابرا دەزانێ وەزعیان چۆنە؟

کاوە - سەودا و مامەڵەیە ئیتر؟

مامم - ڕۆڵە ژیان سەودایە. هێشتا نەتزانیوە. پارەت بێ، گووت بێ. پیاوی دارا و زەنگین قەت بێکەس نییە. هەر خۆم کەس نا هەر سواری ئۆتۆمبێل دەبم و دەچمە کارگە سەد کەس سڵاوم لێ دەکات.

کاوە - بای باییت لێ دەکەن؟

- بەڵێ. ئەی؟

کاوە - دەزانی بۆ چوونکە جوان و خۆش دیمەن و قەڵافەت جوانی.

مامم - نا. لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەم گرانە.

کاوە - دەگەر وایە بچین بۆ خوازبێنی جەنابت.

مامم - من تەمەنی خۆمم کردووە. تۆ بیری خۆتی لێ بکەرەوە. زۆر زۆرەکەی ساڵێکی دیکە بۆ خۆت سەربەرز و بێمنەت دەبی ئینجا بچۆ ژن بێنە.

کاوە - لە بەیانییەوە دەچم ژنێکی دەوڵەمەند دەدۆزمەوە. ئێستا بێڵە با بچین نانەکەمان بخۆین.

لەم کاتەدا دادە کوبرا هات و وتی: نانی شێو ئامادەیە و کاوە لەگەڵ ئەوەی لە سەر جێی خۆی هەستا وتی:

- دادە کوبرا ژمارە حسێبی بانکییەکەتان چەندەی پارەی لە سەرە؟ ئەگەر پارەی بانکیت زۆرە با باوکم بنێرمە خوازبێنیت.

- دادە کوبرا لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی وتی: گوی بۆ قسەی باوکت ڕاگرە. ئەو خەمخۆرتە. بچۆ یەکێ بێنە هاوئاستی خۆت بێت. ئێستا با بچین نانی شێو بخۆین.

بە گاڵتە و جەفەنگەوە نانی شێومان خوارد و هەر دووکمان من و کاوە چووینە ژوورەکەی من. کاوە وتی:

- ئێستا دڵت ئەهوەن بووەوە. بیستت باوکم چی وت؟ بیستت دادە کوبرا چی

وت؟

خۆم خەریک بووم گوێم لە وتەکانی ڕادەگرت و بیرم دەکردەوە:

کاوە – جا ئێستا بە باوکت بڵێ بووکەکەت دزە. بە خوا دەستبەجێ جەڵتە لێی بدات. ئەوە قسەی باوکم و ماممە کە چینی بەرزی کۆمەڵگان تۆ سەیرکە دادە کوبراش هەر وای بیر دەکاتەوە.

- تۆ دەڵێی چی بکەم؟

کاوە – یان ئەوەتا واز لە مەهتاب بێنە یان واز لە دایک و باوکت.

- ناتوانم واز لە مەهتاب بێنم.

کاوە دەی واز لە دایک و باوکت بێنە. ئەمە بۆت ئاسوودەترە. دایک و باوکێکی زۆر باشیش نین. دادە کوبرا نەبێ نە نیوەڕۆ نە شێو و نە بەیانیان نانت هەیە. دادە کوبرا ماڵمان بۆ خاوێن نەکاتەوە سەگ تیرمان لێ ناخوات.

ئەوەش لە دایکت. باوکت هەر دەستبەجێ جەڵتە لێی دەدا و تۆ و مەهتاب بە کوڵێ سامان و سەروەتەوە دەمێننەوە.

- گوو مەخۆ بەو بیر و خەیاڵە قۆڕانەتەوە.

کاوە – جانتا و جلوبەرگەکانتی تێخە و لەم ماڵە ڕابکە بچۆ بۆ لای مەهتاب. پاروە نانێکی هەیە مەترسە لە برسان نامریت. ئەم ماڵەش دەفرۆشرێ چوار پێنسەد ملیوێنێکت گیر دەکەوێ دەچن ئاپارتمانێکی بچووکی پێ دەکرِی و بچنە ناوی هەتا دواساتی تەمەن لە ناویدا بمێننەوە.

- هەستە بچۆ ماڵی خۆتان کە تاقەتی نییە.

کاوە – بۆ دەم و لووتت تێک ناوە؟

- لەبەر ئەوەی ئەو کات کەمێک عەقڵت بوو ئێستا ئەوەشت نییە.

کاوە – چوونکە ئەمە ڕێگە چارەی نییە. ئەگەر مەهتاب کچێکی خوێندەوار با و کارێکی پوختی بکردایە بەڵێ. تەنانەت ئەگەر هەژارترین کچیش با و کەسیشی نەبا، بەڵام دزە. لەوە ناچێ بنەماڵەکەت قبووڵی بکەن. کێت دیوە بگەڕێ بۆ زاوایەکی دز و بووکێکی دەستپیس. سەرم داخست و هیچم نەوت.

بە ئەسپایی وتم:- نا؟

کاوە – ڕابردووی ئەم کچە ئەوەندە لیل و تاریکە کە کچە خۆشی ناتوانی باسی بکات. هێشتا هیچی نەوتووە کەمێکی تر بلی بە خوا هەر خۆت وازی لی دێنیت.

- منداڵێک دایک و باوکە بی ئەمەگەکەی وازی لی بێنن دەبی چی بی؟

کاوە – زۆر کەس ژیانێکی واشیان بووە و نەبوونەتە دزیش.

- تو لە مەڕ ڕابردووی ئەمانە چ دەزانی؟

کاوە – ژیلا هەموو شتێکی پی وتم.

- تو تەنانەت نازانی ژیلا ناوی چیشە.

کاوە – دەزانم.

- دەی ناوی چییە؟

کاوە – پێت ناڵێم.

پاشان سەیری کردم و وتی:

- شتێکت پی دەڵێم، بەڵام دەبی هیچ نەڵێی.

- چی؟

کاوە – سوێند بخۆ.

- خاترجەم بە قسە بکە.

کاوە – بلی بە گیان کاوە قسە ناکەم.

دەبی سوێند بخۆی چوونکە سوێندی دام وتی:

- ناوی ڕاستەقینەی مەهتاب مەهتاب نییە. ئەوەشی درۆیە.

- تو چووزانی؟

کاوە – ژیلا وتی.

- تو چووزانی ڕاست دەکات.

کاوە – درۆ ناکا دڵنیا بە.

- باشە مەهتاب بۆ درۆ دەکات؟

کاوە – چوونکە ئەگەر ناوی ڕاستەقینەیت پی بلی خۆشەویستییەکەت کەم دەبێتەوە.

- ئەوە چی لە خۆشەویستی داوە؟

کاوە – با گیانەکەم ئەمە پەیوەستە بە خۆشەویستییەوە.

- نا.

کاوە – ئەگەر تۆ لە جیات بێزاد ناوێکی ترت هەبوایە چ ناوێکت لە سەر خۆت دەنا. غەزەنفەر.

وەڵامم نەداوە وتی:

- دەی؟ غەزەنفەرت هەڵدەبژارد؟

- نا.

کاوە – ناوی خۆتت دەنا ڕەجەب یان شەعبان.

- نا.

کاوە – ناوی خۆتت دەنا ئەرخەمیدۆس یان ئەرەستوو؟ یان سووکرات.

- نا برا.

کاوە – با. چوونکە ناوی کەڵەپیاوانە. گریمان بە کچێک بڵێن خوازبێنیکی باشت هەیە. دەڵێ ناوی چییە؟ دەڵێن شەعبان. بەڵام پێی دەڵێن شەعوان. کچە دەڵێ چی؟

دیسانیش هیچم نەوت. وتی:

- مەهتاب بە درۆ خۆشە بووە. ئەمە خراپە. دەیتوانی هیچ نەبێ ناوەکە ڕاستەقینەکەی بکووتبایە. ئاوا هەستت دەکرد کەمێک باشتر بووە.

مێشکم خەریک بوو بتەقێ. نەمدەزانی چ بڵێم. قسەکانی کاوە ڕاست بوو. بەڵام کێشە لە شوێنێکی ترەوە سەرچاوەی دەگرت.

بە بێ ئەوەی هەستم پێ کردبێ عاشقی مەهتاب بووم.

کاوە هاتە لامەوە و دەستی لە سەر شانم دانا و وتی:

- وەرە با کەمێک بچینە سەفەر. موبایلەکەت لێرە بە جێ بێڵە. منیش موبایلێکی دیکە هەڵدەگرم. بە جووتە دەڕۆین. کە هاتینەوە هەموو شتێک کۆتایی دێت.

یانی وازی لێ بێنم.

کاوە – تۆ دەرۆستی ئەو کچە نایەت. تۆ چی بکەی ئەمانە ژیانیان ئاوایە؟ زۆر کەس ژیانیان وایە بە من و تۆ چی؟

- کاتێک دەتوانم یارمەتی کەسێک بدەم بۆ نەیدەم.

کاوە – برا لە شەقامەکاندا بۆ خۆمان دەخولاینەوە. لە پشتەوە لێیان داین. قەرەبوومان نەکردنەوە؟ ئۆتۆمبێلەکەشمان پێدان. دواتر دزییان. دۆزیانمانەوە و لە بری ئەوەی ڕادەستی پۆلیسیان بکەین دیسان یارمەتیمان دان و نەمانهێشت تێهەڵدان بخۆن. ئەمانە هەموو هاریکارین.

- بریا دەمتوانی لەو دزییە پاشگەزییان بکەمەوە.

کاوە – تەشییەکەمان بوەوە بە خوری.

هیچم نەوت و لە سەر جێگاکەی هەستا و وتی:

- بخەوە. من دەچم دەخەوم. بەڵام بیر لە قسەکانم بکەرەوە.

***

بەیانی دوایین ڕۆژی پشوو بوو. خۆ شەوەکەی هەر نەخەوتم. کەمێک درەنگ هەستام.

نزیکەی دە و نیو بوو. مەهتاب تەلەفۆنی کرد و بڕیار وا بوو کاتژمێر ١١ لە پارکی جەمشیدییە یەکتر ببینین.

جلوبەرگەکانم لە بەر کرد و سواری ئۆتومبێل بووم و وەڕێکەوتم. چۆڵ بوو زوو گەیشتم.

مەهتاب لە دەرگاکەی خوارەوە چاوەڕێم بوو. ئۆتۆمبێلەکەم ڕاگرت و دابەزیم و هاتە لام.

مەهتاب – سڵاو.

- سڵاو. باشی.

مەهتاب – سوپاس. تۆ چۆنی؟

- من باشم. بچینە ژوورەوە؟

مەهتاب – بچین.

هەر دووکمان وەڕێکەوتین. زۆر هەوڵم دا سەیری نەکەم. بەڵام نەکرا. دەی

لەبەر چی هاتبووم. بالامان بە قەت یەکتر بەرز بوو. بالابەرز و ناوقەد باریک بوو. جوولە و هەلسووکەوتی زەریف و ژیکەلە بوو.

کە بە دزییەوە سەیرم دەکرد زیاتر لە بەر چاوم جوان دەبوو. ڕەنگە بە چاوی من جوان بوو، بەلام نا جوان بوو.

لەگەل یەکتر بە ڕێگاوە دەڕۆشتین. چەند ڕۆژ پشوو بوو و هەمووان چووبوونە سەفەر. پارک زۆر چۆل بوو.

هیچمان نەدەکرد و دەڕۆشتین. پاش چارەکێک وتی:

- پێموا ژیلا هەندێ شتی لای کاکە کاوە وتووە؟

بە ئەسپاییەوە وتم:

- زۆرم حەز دەکرد تۆش ئەمانەت بە من وتبایە.

مەهتاب – من وا نیم بێزاد.

- چۆن نیت؟

مەهتاب – کە شتێک بلێم و خۆشم بڕوام پێی نەبێت.

هیچم نەوت و لەگەل ئەوەی پیاسەمان دەکرد وتی:

- ئیمە بەلێنمان دابوو لەم بارەوە هیچ نەلێین. ژیلا کارێکی ناحەزی لێ وەشاوە.

- ڕەنگە کاوەی خۆش دەوێ؟

مەهتاب – ئەگەر ئەوەش قسەیەک بێ دیسانیش نەدەبا ژیلا قسەی بکردایە. ئێوە هەرچی کەمتر بزانن باشترە.

- وەکوو فیلم.

مەهتاب – ڕەنگە. ئەوەی کە هەموو ژیانمان فیلمێکی گالتەجاڕی بووە. ژیانی خۆم دەلێم.

- هەموو کەس لە ژیانیدا کێشەی هەیە. وەرە لێرە دانیشین.

دەستیم گرت و پێکەوە چووین لە سەر کورسییەک دانیشتین و چاوی لە چاوم بڕی. نازانم لە ناخمدا چی ڕوویدابوو.

چاوی زۆر جوان بوو، هەستێکی گەرمی پێدەبەخشیم. هەستم دەکرد کە

خەریکە زەینم دەخوێنێتەوە. گەڕامەوە و ئەو لام سەیر کرد و بە ئارامییەوە وتی:

- تۆخوا هیچ خراپ مەکە.

دیسان سەیرم کرد.

- هەمووت بۆ باس دەکەم. ئەوەندەی پێویست بێ دەیڵێم و هیچی تر ناڵێم.

بێدەنگ بوو. منیش هیچم نەوت. کەمێک سەیری درەختەکانی کرد وتی:

- جارێک ئێمەیان هێنایە ئێرە. هەموو منداڵەکانی خانەی بێسەرپەرشتانیان هێنا بۆ ئێرە. بە پاسێک ئێمەیان هێنا. چوار ڕاهێنەرمان لەگەڵ بوو. بۆمان نەبوو لێک جیا ببینەوە. وەکوو سەفەری زانستی وا بوو. کە منداڵی قوتابخانە دێنن.

هەموو پێکەوە بووین و سەرەمان گرتبوو.

لە بری ئەوەی چێژ ببینین ئازارمان دەچشت.

هەمووان سەیریان دەکردین.

ئەو کاتە بەڵێنم بە خۆم دا کە ڕۆژێ جا هەر ڕۆژێ بێ بێمە ئێرە. لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشم دەوێ. دۆخی ئابووریشم باش بێت.

دیسان بێدەنگ بوویەوە و بە ئارامییەوە وتی:

- لەو کاتەوە هێشتا نەهاتوومەتە ئێرە.

تەزێک بە گیانمدا هات. لە تەوقی سەرمەوە هات و لە بن پامەوە دەرچوو.

خەریک بوو دەیوت خۆشم دەوێ.

ویستم شتێ بڵێم تێژ وتی:

- ئەوە هاتم. بەڵام دۆخی ئابووریم باش نییە.

هاتم قسە بکەم دیسان خێرا وتی:

- بێزاد لێم مەشێوێنە. من ئاواش شوکرانە بژێرم.

هەر وا سەیرم کرد.

مەهتاب – ئێمە پێنج کەسین. پێنج دانە کچ. بە تەمای کارێکین. ئەگەر تێیدا سەرکەوین. بە ئاواتەکەی دیکەشم دەگەم.

نەمتوانی خۆم ڕابگرم وتم:

- دەتانگرن. دەستبەجێ. مەهتاب تکات لێدەکەم. ئەمە مەکە. تەماشا ژیلا لە سەر قسەی خۆی سوور نەبوو، ئەوانیش سییانەکەی دیکەش هەر وان و زۆر کەس لەمە ئاگادارە.

سەیرم کرد و وتم:

- مەهتاب هەن. زۆر کەس ئاگادارن کە تۆ بە تەمای چیت. کارێکی گەورە و خراپ. هاتە ناو قسەکەم و وتی:

- بەڵام خۆ نازانن چ کارێک دەکەین.

- دیارە بە تەمای چین. پێکەنی.

- باشە بۆچی کاری وا دەکەن؟

مەهتاب – ژیان. لە پێناوی ژیان.

- بۆ ئێستا ژیانت چییەتی؟

مەهتاب – وتم ژیان. نە زیندوویەتی.

ئینجا بە توورەییەوە سەیری کردم و وتی:

- تۆخوا ئەمە کەی ژیانە؟ ئێمە پێنج کەسین کار دەکەین. نیوەی داهاتەکەمان دەدرێ بە کرێ ماڵ. دەبێ وەک ڕەبەن ژیان بکەین. پێڵاوێک بە زۆری دەکڕین کە بەشکەم بەشی زۆرمان بکات.

- بە ڕاستی وایە؟

مەهتاب – ئەگەر ئەو کارەی دیکەمان نەکردبا بەڵێ وا بوو.

- ئەی ئەگەر گرتانیان و ئێوەیان خستە زیندانەوە چ دەکەن؟

- زیندان بە لامەوە نامۆ نییە.

سەیرم کرد. ئەم کچە چ ڕابردوویەکی هەیە؟

مەهتاب – ئەوە دواکارە. دەیکەین و تەواوە. بە پارەکەی ئاپارتمانێک دەکڕین و کارێک جوان دەست پێدەکەین. ئەو کات ژیانمان بەڕێوە دەبەین.

- ئەی ئەگەر نەبوو چی دەکەن؟

مەهتاب – دەی نەبوو خۆ هیچ لە دەست نادەین.

- چۆن؟

مەهتاب – هەر وا دەبین وا هەین.

- یانی بڕیارت بۆ ناگیرێت.

مەهتاب – ژیان فیلم نییە بێزاد. ئەوەی لە فیلمدایە لە ڕاستیدا شتێکی ترە.

- با زۆر کەس سەلماندوویانە.

مەهتاب – تەماشا بێزاد. هاتوو من قەت شووم نەکرد. ئەو کات چ بکەین؟ دەبێ تاکەی بە پارەیەکی کەمەوە چاودێری منداڵی خەڵک بم. ئیتر بە لای منەوە ئازادی و ئەمانە هیچ مانایەکیان نییە. چونکە پارەم دەوێ. من دەبێ لە پێشدا بیر لە زکم بکەمەوە، ئینجا سەقفێک بە ژوور سەرمەوە. بیر لە خواردن و جلوبەرگ و ئەمانە دەکەمەوە. جارێ ئەمانە کێشەی منە. من ئەمانەم نییە. چوون ڕابردووم ڕەشە. کەس نامخوازێ تەنانەت ئەگەر خۆشیشیان بوویم.

ئینجا سەیرم کرد.

سەرم داخست و بە ئەسپایی وتی:

- کەواتە بێکەسم. ئەگەر کەسێکیش دەمخوازێ یەکێکە وەکوو خۆم. من دەمەوێ خۆمم لەم دۆخە ڕزگار بکەم. تا کەی جانتا و ئۆتۆمبێلی خەڵک بدزم؟

خەریک بووم شێت دەبووم. ئێستا زانیومە مەهتابم خۆشدەوێ. پێمخۆشە ئێستا هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم. بەڵام چ لە دایک و باوکم بکەم؟ ئەوانیشم خۆشدەوێ و نامەوێ لە دەستیان بدەم. دەمەوێ هەموویانم لەگەڵ یەکتر هەبێت. بەڵام وەک ڕۆژ لێم ڕوونە ئەمە ناکرێت.

ئەوەندەم فشار بۆ هاتبوو خۆم نەمدەزانی کە توند توند دستمم دەگووشی. لە ناکاو هەستم بە نەرمییەک لە سەر دەستم کرد.

بە ئەسپایی دەستی گووشیم و پەنجەی خستە ناو دەستم و وتی:

- خۆت ئەوەندە ئازار مەدە. قسە بکە.

بە هێمنییەوە وتم:

- خۆت دەزانی.

مەهتاب – ئەرێ بەڵام پێم بڵێ.

دیسان بە ئارامییەوە وتم:

- زۆرم خۆشدەویی. هەوڵدەدەم خۆشم نەویی. زۆرم بە خۆم وت کە خۆشم ناویی، بەڵام پێم ناکرێت. چ بکەم خۆشم دەویی.

- بێزاد بە خوا من بەوە ڕازیم. بریا دەتزانی چ دەڵێم. من بەوە ڕازیم. ئەمە خۆزگەمە. سوپاس بۆ خوا کە بە یەکێک لە ئاواتەکانم گەیشتم. تۆ بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک خۆشت دەویم.

توند توند دەستی گوشیم و وتی:

- هەر ئەوە بۆ من تەواوە. تەنانەت ئەگەر تۆشم نەبێت.

- بەڵام من دەمەویٚ لەگەڵت بم.

مەهتاب – نابیٚ بە قوربان. ئەو ڕۆژەی وا وازم لێهێنای بۆ ئەوە بوو کە بە باشی بیرم لیٚ کردبووەوە. تۆ دەبیٚ فێر بی ژیان پڕە لەو شتانەی کە وەدەست ناهێنرێن. تەنانەت بۆ کوڕە دەوڵەمەندێکی وەکوو تۆ. دەبیٚ فێری قەناعەت بیت. ڕۆژی سەد جار فاڵ دەگرمەوە بۆ ئەوەی بزانم عاشقم دەبی یان نا. ڕۆژی سەد جار داوا لە خوا دەکەم کە خۆشت بوویم.

لە سەر کورسییەکە جووڵەیەکی کرد وتی:

- بێزاد من عاشقتم. بە دڵ خۆشم دەویی. نە تەنیا لە بەر ئەوەی جوانچاک و تەڕپۆشی. لەبەر ئەوەی ئینسانی. لەبەر ئەوەی دلۆڤانی. لەبەر ئەوەی خەمی من دەخۆی و منت بە لاوە گرنگە. لەبەر ئەوەی دڵت شووشەیە. بەڵام دڵی من شووشە نییە. ڕابردووشم هەر وایە. ئەوە خۆپێزلی من بوو کە وای کرد تۆ منت خۆش بوویٚ. بەڵام چ دەبیٚ لانیکەم ئاواتی کچێک بێتە دی. خۆم پێموا نییە شتی وا ڕوو بدات. خۆم هەستم نەدەکرد، بەڵام پێش هات. ئێستاش ملیۆنان جار دڵخۆشم. خوایە گیان شوکرم بە تۆ. هەر ئەوەم بەسە. ڕەنگە. ڕۆژیٚ دیسان یەکتر ببینینەوە و ئەم جارەیان دۆخەکە جۆرێکی تر بێت.

- من نامەویٚ وا بێت.

مەهتاب – منیش نامەویٚ، بەڵام من تۆم لەبەر خۆت خۆشدەوێت. لەگەڵ من بوون مەترسیدارە.

- گرنگ نییە.

مەهتاب – با گرنگە. تۆ بنەماڵەت هەیە. ڕێزت هەیە. من نیمە من هیچ لە دەست نادەم. ئەو سەرەکەی جارێکی تر دەچمە زیندان. لانیکەم لەوێ هیچ شتێکی لێ نییە کە هۆگری بم.

بە ئەسپایی وتم:

- پێشتر چوویەتە زیندان؟

چاوی لە ناو چاوم کرد و وتی:

- هەزار جار.

نەمدەزانی چی بڵێم یان چ کاردانەوەیەکم هەبێت. بێدەنگ بووم. ئەویش وتی:

- من ڕاهاتووم. بەڵام تۆ نا. تۆ لە ناو دەچی. تۆ لە زیندان دەڕزێی. هەر بۆیە دەبێ لێرە تەواوی بکەین. ئەگەر شتێک ڕوو بدات هەموو ئەوانەی ئاشنا و ناسیاومن دەکەونە مەترسییەوە. ئەوانیش تێوە دەگلێن. نامەوێ کێشەیەکت بۆ ساز بێت. بێزاد نامەوێ کێشەت بۆ ساز بێت.

- دەی کەوایە وا مەکە.

مەهتاب – دەی ئەوە نەمکرد. چ دەبێت؟ هەر وا تەنیا هەناسە بکێشم. تەماشا بێزاد من هیچم لە ژیان ناوێ. تەنیا ئاسایش نەبێت. ئاسایشێکی بچووک وا بێ لە برسان نەمرم. شوێنێکم بۆ ژیان هەبێت. شوێنێک بۆ ژیان. شوێنێ بۆ خۆم. نەک لەگەڵ چوار کەسی تر. لەگەڵ چوار ئەخلاقی تر. لەگەڵ چوار خوو و خدەی تر.

ئاپارتمانێکی دوو ژوور و پێنج کچ. یەکمان میوان دێنێتەوە دەبێ ئەو چوارەی دیکە ماڵ چۆڵ بکەن و بە ناو شەقامەکاندا بخولێنەوە.

پێکەنی و وتی:

- خۆ باش دەزانی چ دەڵێم. هەر کەس خواست و هۆگری خۆی هەیە. بەڵای ناخێر مرۆڤین.

سەرم داخست.

مەهتاب – من ئامادەم کار بکەم. لە کار ڕا ناکەم. بەڵام تا کەی؟ دوو شیفتە. چواردە کاتژمێر لە ڕۆژدا دەبێ کار بکەم. هێشتا یەکێک لە کچەکان بە دوو

شیفت کارەوە دەزانی چەندەی پێ دەدەن؟ ئەوەندەی بتوانی شوێنێ بە کرێ بگرێت. خۆت دەزانی دۆخەکە چۆنە. بەڵام من دەزانم با ئەوەی جەستەم لاوازە و چەند مانگی دیکە نەخۆش دەکەوم، بەڵام ئامادەی کارم ئەی کوا کار بۆ نییە؟ دەچمە هەر شوێنێ داوای شتی دیکەم لێ دەکەن.

دەی ئەمەیان باشترە. ئەم کارەی ئێستام دەڵێم. ئەو سەرەکەی دەچمە بەندیخانە تووشی هەزار دەرد و نەخۆشی دەبم. تۆ خوا ڕاست ناکەم؟

لەم کاتەدا دەنگی موبایلەکەی هات. داوای لێبووردنی کرد و لە ناو جانتاکەی موبایلەکەی دەرهێنا و پاش کەمێ دایخست و سەیری کردم وتی:

- وا دیارە ئێمە ناتوانین پێکەوە بین.

- چ بووە؟

سەیری کردم و ئینجا دەستی گرتم و وتی:

- ئیتر پێم عەیبە پێت بڵێم ببوورە. بەڵام دەبێ بڕۆم.

- باشە بۆچی؟

کەمێک بێدەنگ بوو و پاش کەمێک وتی:

- کاتێک ئەم کارەمان کرد ئەو کات ...

دیسان بێدەنگ بووەوە. لە سەر جێگاکەی هەستا. منیش هەستام. بەرەو پارک وەڕێکەوتم. دوای ئەوەی کەمێ ڕۆشتین ڕاوەستا و وتی:

- ئەگەر ئەم کارە تەواو بێ. ئیتر بۆ هەمیشە دەبمە هی تۆ بێزاد گیان. ئەوەندەی تۆ ویستت. هەر هی خۆتم.

ئینجا وەڕێکەوت.

لە پارک هاتینە دەرەوە و گەیشتینە ئۆتۆمبێلێک و بەر لەوەی سوار بین گەڕاوە و سەیری پارکی کرد و وتی:

- تەماشا لە سەر قسەی خۆم سوورم!

ئاڕاستەی ڕوانینیم سەیر کرد. خەریک بوو لەگەڵ پارک و درەختەکان قسەی دەکرد.

مەهتاب - ئاخری هاتم. بەڵام وەک بەڵێنم پێدان لەگەڵ ئەو کەسەی هاتم وا

خۆشم دەوێ و خۆشی دەوێم.

ئینجا سەیری کردم. بە سۆز و خۆشەویستییەوە. هەستم پێ دەکرد. لە چاویدا عەشقم دەخوێندەوە و هەر ئەو کاتە بوو کە بڕیارم دا.

سواری ئۆتۆمبێل بووم و وەڕێکەوتم. داوای لێکردم لە لای مێترۆ دایبەزێنم. هەرچی داوام لێکرد بیگەیەنم نەیهێشت. وتی پێی خۆش نییە ئەو کەسانەی ئەو دەناسن لەگەڵ من بیبینن.

لەگەڵ ئەوەی دەڕۆشتین وتی:

- بیر لەوە دەکەمەوە چۆن دەتوانم کەیفخۆشت بکەم، بەڵام هیچ بە مێشکم ناگات. ویستم دیاریت بۆ بکڕم، بەڵام بە خۆمم دەوت چیت بۆ بکڕم کە تۆ لەوەت باشتر نەبێت؟

هاتم قسە بکەم خێرا وتی:

- دەزانم. گرنگ ئەوەیە کە کابرا بە دیاری خۆشەویستیی خۆی دەربڕێت. بەڵام من پێمخۆشە شتێک بێ کە لە هیچ کوێ نەبێت. شتێکی تایبەت.

ئینجا سەیری کردم و وتی:

- خۆشت یارمەتیم دە. چت بۆ بکڕم؟ چی دڵخۆشت دەکات؟

بە ئەسپایی وتم:

- تۆ.

سەیری کردم و پاش کەمێک وتی:

- هەتا ئێستا کەسێکی وەکوو تۆم بە پیاوچاکی نەبینیبوو. ئەوەی بەرکەوتنم لەگەڵیان بووە خراپ بوون.

کەمێ بێدەنگ بوو و ئینجا وتی:

- ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ ئەوان منیان پێ خراپ بووە، ئەوانیش لە بەرامبەردا خراپ بوون. بە هەرحاڵ کەس منی پێ بنیادەم نەبوو. وەک کاڵا و کەرەسە سەیریان دەکردم. کەس هەستی بەوە نەدەکرد کە منیش هەست و نەستم هەیە. تۆ نەبێ. ئەوە تۆ بووی منت وەک مرۆڤ بینی.

دیسانیش بێدەنگ بوو و پاش کەمێ ڕۆشتین و وێزگەی پێ نیشان دام و

وتی:

- بێزاد گیان لێرە ڕایگرە.

لە شوێنێکدا ڕامگرت و وتم:

- مەهتاب ئەگەر پێت ناخۆش نابێ با بڕێ پارەت بدەمێ ...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم و وتی:

- بێزاد مەیشێوێنە. تۆ هەر ئاواش بۆ من ئازیزی. با بڕیارەکەم سست نەبێتەوە.

ئینجا بزەیەکی هات کە نازانم بڵێم چی بوو. پێم خۆشبوو لەو کاتەدا بە ئۆتۆمبێلەکەم گازی دەم و بچمە ناو عەرز. شوێنێک کە ئیتر مەهتاب لێم جیا نەبێتەوە. پێمخۆشە ئەم کۆت و بەدانە نەبوایە و هەر لەوێ هاوسەرگیریم لەگەڵ کردبا. پێم خۆشبوو ...

دەنگی داخرانی دەرگاکە لەم خەیاڵ هێنامیە دەرەوە.

مەهتاب – بێزاد من هی تۆم. ڕۆژێ دەگەڕێمەوە. دڵنیابە. ئەوکات چ کەس ناتوانێ لێکمان هەڵبڕێت. ئیتر بۆ هەمیشە لە لات دەبم. بەڵێنت پێ دەدەم. هەتا ئێستا سەد جار فاڵی حافز ئەمەی پێ وتووم. لە سەد دانە فاڵدا.

سەیرم کرد و دەرگاکەی داخست و ڕۆی.

هەر لەوێ دانیشتم و سەیرم کرد. بەرەو مێترۆ وەڕێکەوت. پۆلیسی هاتوچۆ پێی وتم برۆ. بەڵام نەڕۆشتم. ئەویش ژمارەکەی نووسیم. ئەوەندە ڕاوەستام هەتا ڕۆشت و لە بەر چاوم ون بوو.

ئینجا تیژ ڕۆشتم. تووڕە بووم. لە هەموو شتێک و لە هەمووکەس. پاش بیست خولەک لە ماڵەوە بووم.

کە گەیشتمە ماڵەوە چوومە ژوورەکەم و دەرگا و پەنجەرەم داخست و پەردەکانم کێشا و لە سەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشام بیرم کردەوە.

ئەو ڕۆژە بۆ یەکەم جار بینیم. ڕۆژی ڕووداوی هاتوچۆکە.

ئەو کاتیش ئافرەتی چاک بوو. کچێکی ژیر و مەند بوو. ئەو کاتەی ژیلا دەمدرێژی دەکرد ئەو بەردەوام داوای لێبووردنی دەکرد. ئەو ڕۆژەی وا ژیلا

هاتبوو بۆ دزی ئەو لەبەر ئەوەی ناڕازی بوو نەهاتبوو. ئەو شەوەی ...

تەق تەق دەنگی شووشە بوو. هەستام و پەردەکەم لادا. کاوە بوو. لە پشت شووشەکەوە وتی:

- دەرگای سەرەوە بۆ قوفڵە؟

من قۆڵفم کرد.

ئەو لەوبەر شووشەکە و منیش لەم بەری شووشەکە. وتی:

- هاتم فراوێن بخۆم تۆ نەهاتی منیش نەمخوارد.

- من نان ناخۆم.

کاوە - چیت خواردووە؟

سەیرم کرد و پێکەنی وتی:

- دە وەرە دیسێر بخۆین.

- ناخۆم.

کاوە - بەستەنی. بەستەنیی چوکلێت.

- ناخۆم.

کاوە - چا. چای تازە.

دیسان وتم:

- وتم نا.

کاوە - نیسکافە. نیسکافە لەگەڵ شیر و کەمێک دارچین و خامە.

سەیرم کرد.

کاوە - سەمۆن. باوکم سەمۆنی خامەی کڕیوە لێی تێر نابێت.

بە دەست هێمای قاپێکی پێ نیشان دام دیسان هەر وا سەیرم کرد. هەر وا سەیرم کرد.

کاوە - جگەرە. وەرە با جگەرەی گەڵای کووبا بکێشین. ئەوەندە خۆشە شێرپەنجەی سییەی لەگەڵە. کە بەشکەم بیگری و لە دەستت ڕزگار بین. چاوت دەری نیسکافە و چا و بەستەنی ناخۆی؟ دەرگاکە بکەوە بزانم چیتە. با ئەگەر عیماڵەت پێویستە هەوڵێکت بۆ بدەم.

- کاوە برۆ وازم لێبێنە.

کاوە – چی؟

بە دەنگی بەرز وتم:

- برۆ وازم لێبێنە. چت لە من داوە؟

کاوە – باشە بۆ؟

- من هاوڕێم ناوێ.

کاوە – ئامۆزاشت ناوێ؟

- نا.

کاوە – نە ئامۆزات دەوێ و نە هاوڕێ؟

کاوە – سەگباب. دڵت چووە لە کچە مامم.

هاتم پەردەکە بکێشم تیژ وتی:

- ڕاوەستە. ڕاوەستە. چ بووە؟

- هیچ.

کاوە – چییە جندۆکەت لەگەڵە.

- کاوە پیاو نیت.

کاوە – من؟

- ئەرێ تۆ.

کاوە – تۆش بۆت دەرکەوت. بەڵام تکایە لای کەس باسی مەکە. خەریکی چارەسەرم. پزیشکەکان دەڵێن حاڵم باشە. بەڵام باوکم تەواو هیوای لە دەست داوە.

دیسان هاتم پەردەکە لادەم وتی:

- ڕاوەستە. ڕاوەستە. ببوورە.

- چت دەوێ؟

کاوە – دەرگام لێ بکەرەوە با بێم بزانم چ قەوماوە. خۆ تۆ نە چا دەخۆی نە بەستەنی و نە سەمۆنی خامەیی. پێموا گری دڵدارییە.

- دەستخۆش وا تێگەیشتی.

کاوە – دە دەرگاکە بکەرەوە.

- باشە بۆ یەیتە ژوورەوە؟

کاوە – هاوکاریت دەکەم.

- هاوکاریم ناوێ. ئەوەندە یارمەتیت داوم بۆ من بەسە. کاوە تۆخوا بڕۆ. ئەزیەتم مەکە.

سەیری کردم و وتی:

- دیارە باش نیت. بە ڕاستی عاشقیت. دەرگاکە بکەرەوە بزانم چ قوڕێ دەتوانم بە سەرمدا بکەم.

- بەڵێنم پێ بدە بیر بکەیتەوە؟

کاوە – بیکەوە شووشەکە دەشکێنم.

قوفڵەکەم کردەوە و پەردەکەم لادا و هاتە ژوورەوە و سەیری کردم و لە سەر مۆبلەکە دانیشت. منیش دانیشتم و پاش کەمێ وتی:

- وەرە با پێکەوە بچین بۆ سەفەر. بە خوا بیینەوە هەموو شتت لە بیر دەچێت. کورە بێزاد عاقڵ بە.

چاوم نووقاند و پاڵم داوە و هیچم نەوت.

کاوە – چاو لێکە بێزاد. مانگێ دەچینە ئەورووپا. کاتێ گەراینەوە ئەگەر دیسانیش خۆشت ویست بیری لێ دەکەینەوە. یانی مەبەستم ئەوەیە کاتێ گەڕاینەوە بڕیار بدە.

چاوم کردەوە وتم:

- من ئێستا بڕیاری خۆمم داوە. دەمەوێ لەگەڵ دایکم قسە بکەم. دەمەوێ هەموو شتێکی پێ بڵێم.

کاوە – خۆت کەر مەکە. چی پێ بڵێی؟ پێی بڵێی بووکی داهاتووت کچێکە کە دزە؟

- بۆ من هیچ فەرقێ ناکا.

کاوە – گەمژە مەبە. فەرق چۆن ناکات؟ ئەو کات هەم باوکم و هەمیش دایک و باوکت لە دەس دەدەیت.

- ئەی چیبکەم؟

کاوە – هەر بە ڕاست خۆشت دەوێ؟

- ئەرێ زۆر. زۆرم خۆش دەوێ.

کاوە – ئەوەندەت خۆش دەوێ کە بە تەمای لە نێوان ئەو و دایک و باوکت دا یەکیان هەڵبژێری.

کەمێک بیرم کردەوە و ئینجا بە ئەسپایی وتم:

- نا. بۆ دەبێ هەڵبژێرم؟ با هەر دووکیانم لەگەڵ یەک ببێت.

کاوە – جاری نابێت. ئەوان کچی تریان بۆ تۆ دەستنیشان کردووە. دوێشەوت لە بیر چوو؟

- من دەبێ خۆم بڕیار بدەم.

تووڕە بووم و گووڕاندم و وتم:

- مەگەر بڕیارت نەدا گوویەک بخۆی؟

پەشیمان بوومەوە. هەتا ئێستا بە سەر کاوەدا نەمگوڕاندبوو. چاوم نوقاند.

هەستا و هاتە سەر دەسکی مۆبلەکەم و وتی:

- بە خوا دیارە زۆرت خۆشدەوێ.

تیژ هەستام و وتم:

- بە گیان کاوە زۆرم خۆشدەوێ. بە خۆم نییە. تۆ نازانی من چ دەکێشم. تۆخوا بیرێکم بۆ بکەرەوە. تۆخوا کاوە.

کاوە – باشە دەی برا بۆ وا دەکەی؟ بیرت بۆ دەکەمەوە.

تیژ دەستیم گرت و وتم:

- گیانی من بە ڕاستتە؟ فشە ناکەی؟

کاوە – نا.

ئینجا هەستا و چووە سەر جێگاکەی و وتی:

- تەماشا بێزاد. ئێمە یانی تۆ لایەکی باسەکەیە و ئەو یانی مەهتاب لایەکی باسەکەیە. ئایا ئەو ڕازییە؟

- ئەی چۆن ڕازی نییە.

کاوە - قسەت لەگەڵ کردووە؟

کەمێ بێدەنگ بووم وتم:

- نا.

کاوە – دەی چووزانی؟

- دەزانم خۆشی دەوێم. زۆریش.

کاوە – خۆشویستنی تۆ لەگەڵ وازهێنان لە دیکەی هاوڕێکانی فەرقی هەیە. دەمەوێ بڵێم ئەگەر پێی بڵێی واز لەوان بێنە و لەگەڵ تۆ هاوسەرگیری بکا واز لەوان دێنێ یان نا؟

- بۆچی قبووڵی ناکات؟

کاوە – ئەمانە لەگەڵ یەکترن. ئەمە ناپاکی بە یەکتر دەزانن.

- هاوسەرگیری دەڵێی؟

کاوە – نا بە جێهێشتنی یەکتر.

چوومە فکرەوە. پاش کەمێک بە ئارامییەوە وتم:

- نازانم.

کاوە – لە پێشدا دڵنیا بە ئینجا قسە بکە.

- وابزانم دڵنیام. دەی ئێستا دەڵێی چی؟

کاوە – دەبێ لەگەڵ ڕەزا قسە بکەم. ئەوڕۆ تەلەفۆنی کرد و وتی شەو دێم بە دواتاندا.

- چی پێ بڵێین؟

کاوە – ڕەزا دەبێ یارمەتیمان بدات. دەبێ لە کۆمپانیاکەیدا دایبمەزرێنی و لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بڵێ چەند ساڵە لێرەدا ئیش دەکا بۆ ئەوەی باوکت ئەوەی زانی دڵنیا بێت.

- یانی درۆ لەگەڵ دایک و باوکم بکەم. ئەی ئەگەر دواتر زانیان؟

کاوە – نازانن. دەی زانیشیان کەمێک لێت دەتۆرن و ئینجا دەچی داوای لێبووردنیان لێدەکەی و ئاشت دەبنەوە. بەڵام چاکییەکەی لەوەدایە هەم بە مەهتاب دەگەی هەمیش پێشت بە کارەکانی گرتووە.

- بنەماڵەکەی چی؟

کاوە – یانی چی؟

- بڵێی خزم و کەسی نەبێت؟

کاوە – چییە پێتخۆشە خەسوو و خەزوور و ژنبرا و ژنخوشکت هەبێت؟ خۆزگەم بە مەهتاب چ مێردێکی هەیە.

- مەبەستم ئەوە نییە.

کاوە – زانیم. پێتخۆشە لە داهاتوودا هامووشۆی خزم و کەسی خێزانت بکەی و کەیف بکەیت. شەممە ماڵی پووری خێزانت. سێشەممە ماڵی خالۆژنی خێزانت. پێنجشەممە ماڵی مامە گیانی خێزانت. هەینیش ماڵی ئوخەی دایە گیانی خێزانت؟

- گوو مەخۆ. من ئەوە ناڵێم. بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەمان دەڵێم.

کاوە – ئەوە لەبەر ئەوەی دووسەد کەس لە ماڵی خێزانت بێن و لە شاییەکەدا چاک چاک هەڵپەڕن و دۆعای خێرت بۆ بکەن؟

- خۆت کەر مەکە. چۆن بە باوکم و ئەوان بڵێین مەهتاب کەس و کاری نییە؟

کاوە – یانی چی کەسی نییە؟

کەمێک بێدەنگ بووم و ئینجا وتم:

- بۆ ژیلا پێی نەوتووی؟

کاوە – نا ئەوەی نەوت.

- مەهتاب بە مەلۆتکەکراوی لە بەر دەم خانەی بێسەرپەرشتان فڕێ دراوە.

کاوە بێدەنگ بوو و سەیری کردم و وتم:

- باس لە ڕابردووی ناکا. خۆی پێم وتم. ئەمانەشی کەرتی و پەرتی پێ وتم.

دوو جگەرەی داگیرساند و یەکیانی دا بە من و پێی وتم:

- گوو بە قەبری هەرچی مرۆڤی بێئەمەگ و پیسە.

- چی لەمە بکەین؟

کاوە – ئەمە هیچی لەگەڵ ناکرێت. زۆریش گرنگ نییە. ئەو تاوانی نییە دایک و باوکی نەیانویستووە. چت لەو داوە؟ لەوە ناچی مامم و ئەوان لەوە بکۆڵنەوە.

ڕەنگە هاوخەمیشی بن. واز لەوانە بێنە. تۆ بزانە ئامادەیە واز لە هاوڕێکانی بێنێ؟ واتە لەم بەزمانەدا لەگەڵیان نەبێت. بزانە کامیان هەڵدەبژێرێت؟

قسەکەشی خراپ نەبوو. خۆم دوودڵ بووم کە لە نێوان من و ژیلا و هاوڕێکانی من هەڵدەبژێرێ یان نا، ئەمەش ئازاری دەدام. ئەوەڕۆم وەبیر هاتەوە. ژوانی لەگەڵ من بوو، بەڵام کە تەلەفۆنیان بۆ کرد لە لای من ڕۆی. ژیلا بوو یان هاوڕێ یان دۆستەکەی؟ یەکێک وەکوو خۆم. دیسان بێتاقەت بووم. پێم خۆشبوو بیزانم. پێم خۆشبوو بزانم لە کوێیە یان لەگەڵ کێیە.

بە ئەسپایی بە کاوەم وت:

- ئەگەر ئەوان هەڵبژێرێ چیبکەم؟

کاوە – یانی تۆی بەقەت ئەوان خۆش ناوێ؟ دەی وازی لێبێنە. تۆ لە پێناو ئەودا ئاواتی دایک و باوکت لە ژێر پێ ناوە. ئەویش دەبێ ئەم کارە بۆ تۆ بکات. یەکلایەنە نابێ. هەستە بچۆ بۆ گەرماو. دوو کاتژمێری دیکە ڕەزا دێ بە دوامانددا.

- سەرم دێشێ. پێم خۆشە بخەوم.

کاوە – دەی بخەوە. ئەوەندەش بیری لێ مەکەرەوە. دەی جێبەجێ دەبێ. با ئەویش بڕیاری خۆی بدات.

ئینجا هەستا لەگەڵ ئەوەی لە ژوورەکە دەچووە دەرەوە وتی:

- هاوڕێ. ئامۆزاگیان. عەشق چەندە جوانە، نیعمەت و قەشەنگە هەر ئەوەندەش خاڵی لاوازییە. ئەگەر ئەم لاوازییە دوولایەنە بێ جوانییەکەشی دوولایەنەیە. بەڵام یەکلایەنە وێرانت دەکات. دەرگاکە دەکەمەوە ئیتر دەرگاش قوفڵ مەکە.

ئینجا چووە لای پلیکانەکان منیش پاش چەند خولەک نووستم.

نزیکەی دوو کاتژمێر خەوتبووم. بە دەنگی موبایل لە خەو ڕاپەڕیم. کاوە بوو. هەستام و چوومە گەرماو و چوومە خوارەوە و نیو کاتژمێر لای دایک و باوکم بووم و کەمێ یەکترمان دواند. پێم خۆشبوو باسی هاوسەرگیری بێنمە گۆڕێ بەڵام دەترسام. ئەوەی کە ئەم باسانە کاری من نەبوو، کاوە باشی لێ دەزانی.

هەمیش دەترسام کە نەکا شتێک بڵێن پێی نارەحەت بم.

دەمەو ئێوارە بوو. کاوە تەلەفۆنی کرد و وتی: ڕەزا لەبەر دەرگا چاوەڕێمانە. ماڵاواییم لە دایک و باوکم کرد و چوومە دەرەوە. کاوە و ڕەزام بینی لە لای ئۆتۆمبێلەکە بوون و قسەیان دەکرد. ڕەزا منی دی خێرا هات و لە باوەشی کردم. پاش ئەحواڵپرسی هەر سێکمان سواری ئۆتۆمبێل بووین و کاوە وتی:

- ئێستا دەمانبەی بۆ کوێ برێ خەم بە با دەین؟

ڕەزا – دەتانبەمە ماڵی خۆمان.

کاوە – ماڵەکەتان لە کوێرە ڕێیە؟

ڕەزا – نا.

کاوە – کۆڵانەوکۆڵانە؟

ڕەزا – نا بۆ؟

کاوە – دەی ئادەرست دابا خۆمان دەهاتین شێتە گیان.

ڕەزا سەیرێکی کرد و وتی:

- پێم خۆشە وەک ئەو کاتانە سواری ئۆتۆمبێل بین و بە ناو شەقامەکاندا بخولێینەوە. بە خوای خۆشە.

کاوە پێکەنی و وتی:

- ئێمە لە تۆمان پێ خۆشترە.

ڕەزا قاقای کێشا و دەستی کرد بە نوکتە گێڕانەوە، بەڵام زۆر پێکەنینی نەبوون کاوە دوو سێ نوکتەی زۆر خۆشی گێڕاوە. من ڕەزا و لە بەر پێکەنین قرتاین. نازانم ئەم جۆکانەی لە کوێ هێنا بوو.

پاش کەمێک ئارام بە ڕەزام وت:

- ڕەزا.

ڕەزا – گیان بێزادەکەم؟

- مەهتاب یانی ئیلهام چۆن کچێکە؟

ئەمەم وت ئاوڕێکی داوە و خەریک بوو تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بین. کاوە هاواری کرد:

- وریا بە چی دەکەی؟

ڕەزا تورمزی گرت و ئارام بە لای گوشەی جادەکەدا لایدا، دیسان سەیری کردم وتی: - دڵت لێی چووە؟

سەرم لەقاند.

ڕەزا – ئەوە پارووی دەمی تۆ نییە.

- بۆچی؟

سەیرێکی کاوەی کرد و کاوەش ڕووی وەرگێڕا. پاشان گەڕاوە لای من و وتی:

- ئێوە بۆ یەک نابن. هەڵبەت یارمەتیدانی کەسێک خراپ نییە. بەلام دەبێ هەلومەرجەکەتان وەک یەک بێت. بەڵام ئێوە هاوڕەنگ نین. ئەو دنیایەکی هەیە کە لەگەڵ ئەو دنیایەی تۆ تێیدای فەرقی هەیە.

- ڕەزا تۆ چییان لێ دەزانی؟

ڕەزا – زۆر شت. هەڵبەت منیش ئەوانە دەبیستم. ئیتر ڕاست و درۆکەیان خوا دەزانێت.

- بۆ وێنە چی؟

ڕەزا – دزن. گیرفانبڕن. ئۆتۆمبێل دەدزن. خۆتان دەبێ بیانناسن. دەڵێ جاری زەڕنگەرییەکیان تاڵان کردووە.

- زەڕنگەری. هەر خۆیان؟

ڕەزا سەیرێکی کاوەی کرد و کاوە وتی:

کاوە – ئاوپڕتەقاڵیشتان هەیە؟

- بە ڕای تۆ ئیلهام کچی چاکە؟

ڕەزا – بە خوا بێزاد گیان چت عەرز کەم؟

- چی دەزانی بیڵێ؟

ڕەزا – ئاخە باسی چی ئەو بکەم؟

- کەسایەتی چۆنە؟

ڕەزا دیسان سەیرێکی کاوەی کرد و دیسان کاوە وتی:

- ڕەزا گیان ئاوسێوم زۆر پێخۆشە لەماڵەوە هەتانە؟

ڕەزا سەیری منی کرد و وتی:

- من زۆر تێکەڵیان نیم و باش نایانناسم بێزاد گیان.

- چیت لێیان بیستووە؟ هەڵبەت ڕاستەکانی.

ڕەزا – هەموو دزییەکانی؟

- جیا لەوانە.

ڕەزا دیسان سەیری کاوەی کرد و دیسان کاوە وتی:

- ئەرێ ڕەزا ئاناناستان هەیە؟ بەشم بدە.

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- تەماشا بێزاد کاوە ڕاست دەکا گوێی بۆ بگرە.

کاوە – برا من هیچم نەتووە.

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- بێزاد ئەگەر یارمەتی دەدەی بیدە. زۆریش چاکە. بەڵام هۆگری مەبە. چارەنووسێکی باشی نییە.

- ڕەزا چییان لێ دەزانی بیڵێ. من کێشەم نییە. بیڵێ.

دیسان سەیری کاوەی کرد و کاوە وتی:

- ئاوشووتیشتان هەیە؟

دیسان سەیری منی کرد و وتی:

- دزی یەکێک لە کارەکانیانە. کێشەی تریشیان هەیە. لەگەڵ چەند کەس ... ئەوەی تری نەوت. هەڵبەت پێویستیشی نەدەکرد بیڵێ.

ڕەزا – خۆت باش دەزانی ئەم چەشنە ژیانانە چۆنن؟ هەمیشە کۆمەڵی ملهوڕیان لەگەڵە کە دەبێ ئەمان کارییان بۆ بکەن. کەسانێکی وەکوو خۆم.

- یانی تۆ ...

ڕەزا – نا. نا. بە گیان تۆ بێزاد درۆ ناکەم. من خۆم هیچم نەدیوە، بەڵام وایە.

سەرم داخست و وتی:

- بێزاد. ئەوانە دزن. دزی لە خەڵک دەکەن. خۆ منیش ئەو کارە دەکەم. بەڵام

جۆرێکی تر. کەس مشووری کەسی نییە. ئێمە ڕاهاتووین. ئێمە نابینە هاوڕێیەکی باش.

ئینجا دەستی لە سەر قاچم دانا و وتی:

- شەیدای مەبە. ئازار دەبینی.

بە ئەسپایی وتم:

- ئەو بێتاوانە. کۆمەڵگا تووشی ئەم نەهامەتییەی کردووە.

- تۆ واز لەوانە بێنە. بەهەر حاڵ دزن.

ئاوڕێکی بەرەو لای کاوە داوە و کاوە وتی:

- شیرمۆزیشتان هەیە؟

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- دەی قسە بکە.

کاوە – من قسەی خۆمم کرد. ئیتر کارم پێی نییە. ئەم کوڕە حاڵەتی ئاسایی نییە. ئەو دەم دەیوت خۆشم ناوێ. ئێستا باس لە هاوسەرگیری دەکات.

ڕەزا – دەی قەیناکە ماوەیەک وەک دۆست پێکەوە بن.

- نابێ ڕەزا گیان.

ڕەزا – بۆ نابێ؟

- هەر خۆی نییە. خۆ دەزانی چ دەڵێم؟

- دەی من بۆتی چارەسەر دەکەم. بە دوو کەس دەڵێم بچن تەفر و توونایان بکەن. شتێکی زۆر ئەستەم نییە. ئەمجار تۆ گسکیان بدە. بۆ بەیانی لە کۆمپانیا لە سەر ئیشێک دایدەنێم و مووچەیەکی پێ دەدەم. ئەو کات کەس کاری پێ نییە. ماوەیەک پێکەوە دۆست بن بزانە چ کچێکە.

بۆ قبووڵکردنی قسەکەی ڕوویکردە کاوە.

کاوە – شیرمۆز و قستقیشتان هەیە؟

لە کاوە هیوابڕاو بوو و پێی وتم:

- ئەویش تۆی خۆشدەوێ؟

- دەڵێ خۆشم دەوێ.

ڕەزا – دەی بۆ واز لەم ژیانە ناهێنی و بێتە لات؟

- پشتیوانی دەوێت.

ڕەزا – خۆ پشتیوانی تەنیا هاوسەرگیری نییە.

هیچم نەوت و کاوە وتی:

- تەماشا ڕەزا ئەگەر خۆشت ئەمانەت نییە با لە ئاومیوە فرۆشییەک ئەمانەت بۆ بکڕم.

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- وا دیارە تۆ لە گوێی گادا خەوتووی.

کاوە – نا من ئەو سەری دەخوێنمەوە. ئەمە کوێرە، کەڕە، کەرە. من نیم. ئەمانە خەریکی پیلانگێران بۆ تالانکردنی ماڵێکن. بەڵام ئامادەش نین وازی لێ بێنن.

ڕەزا – منیش بیستومە. تۆ چووزانی؟

کاوە – ژیلا وتی. ئەوەی وا بەستبووتەوە دەتویست لێی بدەی.

ڕەزا – ئەها گەورەکەیان.

ئینجا کەمێک بێدەنگ بوو و وتی:

- ژیانێکی ئەستەمیان بووە. کەس گرنگی پێ نەداون. کە دۆخێکی وات بوو ژیان هەر وا دەبێت.

کاوە – ڕاستە. ئەویش بۆ کچێک. کچ بەو هەستیارییە. لەم تەمەنەدا دەبێ گرنگیان پێ بدرێت. کوڕ ئەوەندە گوێیان لێ نییە و کەمتر زیانیان پێ دەگات. بەڵام کچان خەساریان زێدەتر پێ دەگات.

ئاوڕم داوە و سەیرم کرد و وتم:

- تۆ ئەمانە دەزانی؟

کاوە – چۆن نازانم. بەڵام ئەوە نابێتە دەلیل هەر خەسار بەرکەوتوویەک بێت و ببێتە ژنت. هاوسەرگیری بۆ چییە؟ چاو و گوێ کپ هاوسەرگیری دەکەن ئینجا پاش شەش مانگ دەبێتە تەڵاق و لێکدابڕان. کچ و کوڕ دەبێ یەکتر بناسن. تۆ لێت ڕوونە مەهتاب چێشت دەزانێ لێ بنێت؟ دەزانی زەلاتەی گاپریس چی

بکا؟ چێشتی قرژانگی مەدیتەرانەیی بە سۆسی مووهامموورا لی بنێ کە تۆ بیکەی بە دەردت؟ هەر دەزانێ گیرفانت ببڕێت. ڕەزا گیان بە خوا چاوم دەکەوێ بەم ژیلایە دەبێ هەر دوو دەستم دەخەمە گیرفانەکانم نەکا بمڕووتێنێتەوە و جزدانەکەم بدزێت. جار جار بیرم نامێنێ ئەگەر لا دەکەمەوە دەبینم جزدانی پارەکەم بە دەستییەوەیەتی. نازانم ئەم جزدانەم لە کوێ بشارمەوە؟!

ئینجا ئاوڕی داوە و وتی:

- تۆش چاوت بە مەهتاب دەکەوێ ئەم کێشەت هەیە؟ دەبێ جزدانەکەت لە هەزار کوندا بشاریتەوە؟

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- پێم وتن خۆ. ئەوانە فێرن.

کاوە – بڕیارە ئەمشەو بچینە کوێ؟ ڕەزا دەبڕۆ دەی درەنگە.

ڕەزا ڕۆشت و پاش کەمێ ڕەزا وتی:

- بچۆ پێی بڵێ. من یان هاوڕێ پیلانگێڕەکانت. بزانە دەڵێ چی؟ ئەگەر قبووڵی کرد تۆش پشتیوانی لێبکە. شوێنێکی بۆ بە کرێ بگرە جارێ. ڕەزا تۆش لە کۆمپانیاکەتدا دایمەزرێنە. لە کارگەش دەبێ، بەڵام بۆ پێشینەکەی کێشەمان هەیە دەنا دەمانهێنا کارگەکەی خۆمان.

بە هێمنییەوە وتم:

- ئەی ئەگەر وتی نا چی بکەم؟

کاوە – دەستبەجێ دەستی بگرە و بگوڕێنە و بڵێ دز. دز هەی خەڵکە تەلەفون بۆ ١١٠ بکەن ئەمە دزە و ڕادەستی پۆلیسی بکەن، ئیتر مێشکی ئێمە و خۆت بحەسێنەوە. کەرە هیچی پێ عەیب نییە. کاتێ ئەوانی هەڵبژارد هیچ و ئا ئیتر. ئەو ڕێگەی ژیانی دەگرێتە بەر و تۆش هی خۆت.

- ڕێگەچارەیەک هەر هەیە. دەبێ بیری لێ بکەینەوە.

کاوە – خۆ هەیە. بۆ نییە. بەڵام کاتی دەوێ.

- چی؟

کاوە – ئەوەی کە خۆشت لەگەڵیان بچی بۆ دزی.

پێکەنیم و وتم:

- دزی نازانم.

کاوە – فێر دەبی. لە پێشدا دەبێ بە کاری چکۆلە دەست پێ بکەی. ئەوە ئەوان خەریکی ڕووتاندنەوەی ماڵێکن تۆ بچۆ سەر کۆڵانەکەی با پۆلیس نەیەت و ئەگەر هەر کەسیشت دی فیکە بکە. زانینی ئەوە زۆر دژوار نییە.

- گوو مەخۆ.

کاوە – چییە بە تەمای ببییە شادز؟ ڕۆڵە گیان قۆناغ بە قۆناغ دەبێ بچیتە پێشەوە. ئەمەت دیوە خۆ یەکتەکان ملیارد ملیاردیان پارە نەدزیوە. لە پێشدا پۆستێکی ئاساییان بووە. وردە وردە پلەیان بەرز بۆتەوە و پاش ئەوەی شوێنی خۆیان جێگیر کرد ئینجا ماڵی خەڵک تالان دەکەن. دەکەونە تالان و بڕۆ. ئەمانە دزن نەک پێڵاودزێکی وەکوو ژیلا. هەموویان ڕەگەزنامەی چەند وڵاتیان هەیە شتێ بوو بۆی دەردەچن.

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- ڕێک وەکوو خۆم.

کاوە – ئەشەدوو بیلا وەکوو خۆت.

ڕەزا – منیش ڕەگەزنامەیەکی ترم هەیە.

کاوە – زۆر چاکە. ئەوە لە پێویستییەکانە.

دەستم خستە سەر دەستی و وتم:

- ڕەزا ئەوی دیکەی بگێڕەوە چ بوو؟

ڕەزا – ئێستا؟

- ئەری دەی.

کاوە – دەیهەوێ بتکاتە سەرچەشنی خۆی. بەڵام کاکە بێزاد ئەمە ئەزموونێکی فرەی دەوێ.

کاکە ڕەزاگیان تۆش ئامۆژگاری و نوتقەکەت تەواو کە دەنا دەدەمە بە دەمتاندا. وازمان لێ بێنن. شەوێک هاتوویەنەتە دەرەوە خۆش بین. کاکم دز. دادە خانمی دۆستی ئەم دز و خۆشی ئەوە بە نیازە ببێتە دز. هەر من لە ناوتاندا

پاکم.

من و ڕەزا پێکەنین و ئەویش بیری دەکردەوە و وتی:

- من پاکەکەتان بم دەبێ ناپاکەکەتان کێ بێت؟

- ڕەزا بە کورتی و بە پوختی ئەوی دیکە بوو بە چی؟ کارمان زۆرە فریا ناکەوین.

ڕەزا – ئەوی تری نییە. ئەم ئاغایە زۆر دەستڕۆیشتوو بوو. منیش بوومە باوانی ئەو. منی دەخستە پێش خۆی و بوومە قەڵغانی.

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی:

- لە پێشدا هەر دۆلار بوو، دواتر بە شتی تر و گەورەتر وەکوو هاوردە کردن. هەموو شتێ، چا، شەکر، گۆشت، ئۆتۆمبێل، ئامێری دەنگی و ڕەنگی.

هەموو ئەمانەی بە من و بە پارەی خۆی دەکرد. کۆمپانیایەکی بە ناوی منەوە تۆمارکرد. هەر ئەوەی وا ئەو ڕۆژە بینیتان. شوێنێکی کاریی جوان بە دە دوازدە کارمەند و خزمەتگوزار و دوو سێ ڕاوێژکار. ئەو پارەی دەدا و ئەوان کاڵایان دەهێنا. هەتا ئەوەی کە دۆخەکە بەرەو خراپی ڕۆی. دوو سێ ملهوڕ هاتنە ناو کار و ئاغا ناچار بوو لەگەڵیان نەرمی بنوێنێ و هەندێ لە هاوردەکانی لە کیس چوو. لەم کاتەدا باغێکی کڕی و بەرنامەکانی لەوێ بەڕێ دەبرد. مانگی چوار پێنج شەو. شەوەکانی دیکەش ئاهەنگی هاوسەرگیری تێدا بەڕێوە دەچوو. هەموو شتێکی تێدایە. پارەی چاکی تێدایە. ئینجا لە ڕێگەی کوردستان و عێراقەوە، شتیان دەهێنا و ڕاستەوخۆ دەچووە ئەوێ و لەوێوە بڵاو دەبووەوە. شەوی وا بوو هەتا دووسەد سێسەد هەزار بتڵ دەفرۆشرا. دەزانی چەندە خوازیاری هەیە؟ زۆر شتی تریشی هەبوو. باغێکی پێنج شەش ملیاردی هەیە، مانگی حەوت هەشت ملیاردی داهات هەیە.

- کاریان پێ نییە؟

ڕەزا – هەتا ئەو کاتە باج دەدا نا. دەستڕۆیشتووە.

کاوە – ئەی لە کۆمپانیاکەی تۆدا چ دەکات؟

ڕەزا - هاوردەی هەر هەیە. بەڵام کەم. هێشتا قۆرخکاری هەندێ کاڵای هەر

پییە. بەڵام کارە سەرەکییەکەی شتێکی ترە.

کاوە - چی؟

ڕەزا - هەناردە.

کاوە - چی هەناردە دەکەن سەگباب؟

ڕەزا - نا. ئەوە حەیفە هەناردەی بکەین. ڕامان گرتووە بۆ خۆمان لە ناوەوە. خراپییەکە ئەوەیە لە سەر شیش و بن شیش دەخوا. منیش لەو ناوەڕاستەدا قەڵغانی نەهامەتیم. شتێکیش بێ ئەوە من گیرم.

کاوە - دە ڕەزا واز بێنە.

ڕەزا - هەر وا ئاسان نییە. دەستبەجێ داماوم دەکەن.

- دەی دوایی چی ڕەزا؟

ڕەزا - هەندێ بیر و خەیاڵم هەیە.

کەمێک پارەم لەو دیوە. گوێقولاغم. ڕاوەستاوم شتێک لە شتێ ترازا بۆی دەرچم.

کەمێک بێدەنگ بووم و ئینجا وتی:

- بزانم چ دەبێت. منێک کە بە تەما بووم بە زانست و پسپۆڕییەکەم خزمەتی وڵاتی خۆم بکەم و بوومە چی؟

هەر سێکمان بێدەنگ بووین و دیسان وتی:

- لەم نیوەندەدا بەزەییم بە کەسێکدا دێت.

کاوە - کێ؟

ڕەزا - ئەوەی دەویست لەم کارە پاشگەزمان بکاتەوە، ئەو کەسەی کە ویژدانی خۆی نەفرۆشت.

کاوە - گیانتان بکێشایە. ویژدانی چی؟ شتێکی قۆڕ. هەر قورساییەکەی دەبێ لە زەینماندا ڕابگرین.

ڕەزا - هەر واشی لێهات. دانەیەک نامەی ئازادی واژۆ نەدەکرد. لە پێشدا وامزانی داوای پارە دەکات. یەکێکمان نارد چێشتە خۆرە و دڵخۆشی بکات. بەڵام ڕازی نەبوو. پارەکەیمان بۆ زیاد کرد دیسان قبووڵی نەکرد.

کارەکەی خەریک بوو جێبەجێ دەبوو. ئەوانەی سەرەوە پێیان زانی و پاشان بۆم دەرکەوت ئەو داماوە فێڵێکیان بۆ ناوەتەوە، کە لانیکەم ساڵێک زیندان چاوەڕێی دەکات. منیش دوای دوو ڕۆژ زانیم.

- ئەو کات هیچت بۆ نەکرد ڕەزا؟

سەیرێکی کردم و وتی:

- هێشتا ئەوەندە گەندەڵ نەببووم بێزاد گیان. کە ئەوەم بیست چووم بە دوایدا. پیاوێکی لە خواترسە. نە دوو ڕوو بوو نە ساختەکار. دوگمەکەی لە ژێر چەنەی نەبوو و قۆڵی کراسەکەشی هەتا سەر مەچەکی نەبوو. بەڵام بە ئیمان بوو. سێ ڕۆژ بوو گیرا بوو چوومە لای. بە شەرمەوە پێم وت نەمزانیوە کە گیراوە. پێکەنی و هیچی نەوت. پاش کاتژمێرێ لە زیندان ئازادیان کرد. دیسانیش پێکەنی. یانی پێکەنینێکی تاڵ. وتم گەردنم ئازاد بکە. ئەم جار چاوی بڕییە چاوم و وتی لە خوا بۆت دەپاڕێمەوە بێیتە سەر ڕێگەی دروست. هەوڵی ئازادی من مەدە. خوا گەورەیە. ئەگەر لێرەم ئەوە تاوانێکم لێ وەشاوەتەوە. دڵخۆشم کە بووراوم و ئەو دنیاش هیچم لە مل نییە. ئینجا چاوی نوقاند یانی هەستە برۆ.

هیچ کات ئەو قسەیەم لە بیر ناچێ. هەموو گیانم لەرزی. کاتژمێرێکی پێنەچوو ئازادم کرد. ئینجا لە بارەیەوە کۆڵیمەوە بۆ ئەوەی بزانم چۆن کەسێکە. زانیم فەقیرە ژیانێکی بمژە و مەمرەی هەیە. بەڵام هەر پاکە.

- یارمەتیت دا؟

ڕەزا - یارمەتی چی؟

- پارەیەک شتێک؟

ڕەزا - ئەو دەبا یارمەتی بدابام ئەوە من بووم کە فەقیر بووم.

- ڕەزا بێزار نیت لەو کارەی کە کردووتە؟

ڕەزا - کابرا پاش ماوەیەک کە کەوتە گووخواردن خوو پێوە دەگرێت.

ئینجا هەر سێکمان بێدەنگ بووین.

- ئێرە کوێیە ڕەزا؟

ڕەزا – ئەو شوێنەی کە هەندێ جار دێم. پێم خۆشبوو پێکەوە بێن. لای شاری ئارایە. کەمێ خوارتر بوو. من و کاوە هیچمان نەوت. پاش چەند خولەک لە کۆلانێکدا ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و وتی:

- جار جار دێمە ئێرە.

من تێنەگەیشتم. بەڵام کاوە پاش کەمێ وتی:

- هێشتا لە بیرت نییە؟

ڕەزا پێکەنی. من سەیری کاوەم کرد و بە ئارامی وتی:

- لە بیرت نییە؟ ماڵی سۆگۆل لێرەیە. دوو سێ جار پێکەوە هاتینە ئێرە.

تازە وەبیرم هاتەوە. کاتێ زانکۆ پێموایە چەندجار لەگەڵ ڕەزا و کوڕەکاندا هاتبووینە شوێن سۆگۆل.

بڕیار بوو کاتێک خوێندنمان تەواو کرد پێکەوە هاوسەرگیری بکەین.

ڕەزا – ئێستا لێرە نییە. لە سەر ماڵ و ژیانی خۆیەتی. لەگەڵ مستەفایە. جار جار پەیوەندی بە مستەفاوە دەگرم. هەندێ کارم بۆ مستەفا جێبەجێ کرد و ئێستا کاروباری بە باشی دەچێ بەڕێوە.

کەمێک ڕاوەستا و وتی:

- ئێرە ماڵی باوکیەتی. هەمیشە دەهاتمە ئێرە بە دوایدا.

ئینجا گەڕاوە سەیرێکی کاوەی کرد و وتی:

- تۆش چەندجار لەگەڵم هاتی. بێزادیش لەگەڵم هاتووە.

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی:

- جارجار دڵم دەگیرێ یان دەچم بۆ ساندویچی فرۆشییەی بەر دەرگای زانکۆ یان دێمە ئێرە.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لەگەڵ ئەوەی سەیری ئەو ماڵە کۆنە خشتییەی دەکرد وتی:

- خۆ دەمتوانی ژیانێکی ساکار و هێمنم و خۆشم لەگەڵ عەشق ببایە. ئەگەر کەسێک کەمێک یارمەتی دابام. ئەوانەی وا دەرەقەتم دەهاتن کەمێک لەگەڵ باش بوایەن. بە قەت دەنکە جۆیەک. ئەوانەی وا لە ناویان بردم کەمێک بنیادەم

بوایەن.
ئینجا سووراوە و سەیری منی کرد. چاوی پڕ لە فرمیسک بوو.
ڕەزا - بێزاد. ئەگەر خۆشت دەوێ یارمەتی بدە. کەمێک. تەنانەت ئەگەر خۆشی نەیوست.

***

نزیکە کاتژمێر یازدە و نیوی بەیانی بوو، کە لە کارگەدا لە نووسینگەکەی خۆمان دانیشتبووین. کاوە بە فایبەرەکەی سەیری فیلمی دەکرد. منیش دۆسییەم هەڵگرت و خەریکی کارکردن بووم.
کاوە - ئەم دۆسییە زۆر ئیشی هەیە.
- نا. شتێکی وا نییە.
کاوە - بێم بۆ هاوکاریت؟
- نا. ئێستا کۆتایی دێت. چوار واژۆیە. خاتوو تابەندە هەموو ئیشەکانی کرد.
کاوە - لە خاتوونییەکەی کەم نەبێتەوە. بدابایە ئەم چوار واژۆشی بکردایە و ئێمەش کاروبارەکانمان بکردایە.
- ئەمە کاری ئێمەیە. ئەی بڕیار نەبوو ئیشەکانمان بکەین؟!
کاوە - جارێ ئیشی من ئەوەیە سەیری ئەم فیلمە بکەم. وەرە ئازیزگیان.
هەستام و کورتە فیلمی پێ نیشان دام. نزیکەی خولەکێک بوو.
مراوییەکی بچووک لە سەر تەختەبەردێک ڕاوەستا و لە ناو ئاوەکەدا ماسی لێ کۆ ببوونەوە، مراوی لە سەر بەردەکە بە دەنووکی لەتە نانێکی هەڵدەگرت و دەیخستە ناو ئاوەکە و ماسییەکانیش خێرا دەیانخوارد. پاش ئەوەی وردکە نانەکە تەواو بوو چووە ناو ئاو مەلەی کرد و ڕۆشت. ماسییەکانیش بە دوایدا.
- جارێکی دیکە لە سەری بخەوە.
جارێکی دیکە فیلمەکەم سەیر کرد.
کاوە - تۆ سەیری دەسەڵاتی خودا بکە، ئەم ئاژەڵانەش دەزانن هاوکاری یەکتر بکەن تەنیا مرۆڤە ئاوا غەدر لە یەکتر دەکەن و نانی یەکتر ببڕن.
سەیرێکم کرد و پاشان موبایلەکەم هێنا و ژمارەی مەهتابم گرت.

کاوه - ئای چ دەبوو؟
- ئێمەی مرۆڤ ببواینە بنیادەم. ئێستا تەلەفۆن بۆ مەهتاب دەکەم.
کاوه – چ گوێیەکم خوارد. برا ئەمانە فیلمە. درۆیە. تۆ بۆ ئەوەندە کەری.
پاش چەندجار زرە ئینجا هەڵیگرت. مەهتاب وەڵامی داوە.
مەهتاب – سڵاو. ئێستا دەمویست تەلەفۆنت بۆ بکەم.
- سڵاو. باشی؟
مەهتاب – باشم تۆ باشی؟
- دەمەوێ ئەورۆ بتبینم.
مەهتاب – چ بووە؟
- هیچ نەبووە. دەتوانی بێی؟
مەهتاب – ئەرێ. بۆ کوێ؟
- دەڵێی دێم بە دواتدا.
مەهتاب – نا خۆم دێم.
- چۆن ئاسوودەی وا بکە.
مەهتاب – پارکی قەیتەرییە. کاتژمێر حەوت. باشە؟
- کاتژمێر حەوت لەوێم.
مەهتاب – لای دەرگای سەرەکی.
- باشە.
مەهتاب – بێزاد چ بووە؟
- نا. پاشنیوەڕۆ دەتبینم. جارێ خوات لەگەڵ.
تەلەفۆنەکەم داخست. کاوه سەیری کردم و وتم:
- کاوه لەگەڵ منتە یان نا؟
کاوه – هەر بە ڕاست بڕیارت داوە؟
- ئەرێ. جا چ تۆ ببی و نەبی.
پاشان سەیری کردم و وتی:- باشە هەم.
- ئیتر بۆڵە بۆڵ نەکەی.

سەری ڕاتەکاند و وتی:

- بە تەمای چی بکەی؟

- قسەی لەگەڵ دەکەم. ئەگەر منی ویست شوێنێکی بۆ بە کرێ دەگرم تا بزانم دواتر چ دەبێت. تۆ بۆ ئاپارتمانێکی بچووک بگەڕێ. چوومە پشت مێزەکە دانیشتم و وتم:

- کاتێ بەچکە مراوییەک ئەمە دەکا ئێمە بۆ نەیکەین. کابرا دەبێ لە خۆی دابڕزێ؛ وەڵا بە ڕاستمە. خۆ لە بەچکە مراوی کەمتر نیم.

کاوە – ناع کەمتر نین. لە چاو ئەوان بە قەت گا دەبین. چا دەڵێی ورچین.

- چییە دیسان بەرهەڵستیم دەکەی؟

کاوە – ئێستا نا.

- یارمەتیم دەدەی؟

کاوە – ئەرێ. لە لایەن منەوە ئەرخایەن بە. ئێستاش لەگەڵتم.

- چییە دیسان گاڵتەم پێ دەکەی؟

کاوە – نە بە خوا. ئەوە ئاپارتمان ئێستا ئامادەیە.

سەیرم کرد و وتی:

- برا بۆ باوەڕت پێم نییە؟

- کوا لە کوێیە؟

کاوە – هەر ئەو ئاپارتمانەی وا لەگەڵ یەکتر چووین.

- قەیتەرییە؟

کاوە – ئەرێ.

- خۆ وتت ئەوە هی هاوڕێکەتە و لە ئەورووپایە.

کاوە – برا هی هاوڕێ و هی خۆم فەرقی نییە هی خۆمە. تۆ چت داوە؟

- بە کرێت گرتووە؟

کاوە – بە تۆ چی؟

- دەمهەوێ خاترجەم بم.

کاوە – خاترجەم بە. ئێستا دەتهەوێ چی پێ بڵێی؟





CamScanner

- پێی دەڵێم یان من یان هاوڕێ و پیلانەکانت؟
کاوە – ئەو بە تەنیا ناتوانی بڕیار نادات.
- مەبەستت چییە؟
کاوە – مەگەر ڕەزا نەیوت؟ ژیلا سەرۆکیانە. هاوڕێی نزیکیەتی. ئەمانە دەستیان لە گوزەیەکدایە. ژیلا ڕازی نەبێ مەهتابیش هیچی پێ ناکرێت. ئەمە پەیمانشکێنییە.
- دەی دەڵێی چ بکەم؟
کاوە – با تەلەفۆن بکەم ژیلا بێت. لەگەڵ هەر دووکیان قسە بکە. ئەمە باشترە.
- ڕەنگە نەتوانێ لای ژیلا قسە بکات.
- ئەرێ بیری چاکت کردەوە. تەلەفۆن بکە.
کاوە قسەیەکی جوانی کرد دەبێ خۆم لەگەڵ ژیلا قسە بکەم. دەبێ پێی بڵێم ژیلا هاوڕێیەتی با ڕێگە نەدا تووشی ڕۆژی ڕەش بێت. ئەمە باشترە.
پاشنیوەڕۆ کەمێ لە کاتژمێری شەش لایدا بوو، لەگەڵ کاوە سواری ئوتومبێل بووین. لەگەڵ ئەوەی وەڕێکەوتین. مامم لە ماڵی کاوەوە هاتە دەرەوە و ئێمەی بینی و هاتە پێشەوە. من و کاوە دابەزین و من سڵاوم کرد.
مامم – سڵاو مامە گیان. دەچنە کوێ؟
کاوە – باوکە گیان شوێنێکی خراپ ناچین. دەچینە شوێنێکی باش.
مامم – شوێنی باش. ئەم شوێنە باشە کوێیە؟
کاوە – بۆم نییە بیڵێم.
مامە – کەواتە پێویست ناکا بچن.
کاوە – ئەگەر بیڵێم دەبێتە ڕیاکاری.
مامم – دەبێتە چی؟
کاوە – ڕیا. دوو ڕوویی. ئیتر لەو دنیادا هیچمان پێ نابڕێت.
مامم سەیرێکی ئەم و ئەو لای کرد و ئینجا ڕوویکردە من و وتی:
- کوڕی کەر بە کەرم دەزانی؟ من خۆم ...


CamScanner

کاوه – چا. هەر باوەڕم پێ ناکەی!

مامم – ئەوەندە زوڵی بۆیە. هەتا نەڵین دەچنە کوی ناهێڵم بڕۆن.

کاوه – ئاهەنگی خێرخوازییە. بۆ نانی شێو. بڕیارە هاوکاری کەسێک بکەین. بڕوام پێ ناکەی لەمە بپرسە.

مامم – ڕاست دەکا ڕۆڵە گیان؟

بینیم درۆش ناکا هەم بڕیارە یارمەتی بدەین و هەمیش نانی شێو بخۆین.

- ئەری مامە گیان درۆ ناکا هەر وایە، بەلام بە کەمی جیاوازییەوە ...

کاوه تیژ هاتە بەر دەمم و وتی:

- جیاوازییە بچووکەکەی لەوەدایە کە ڕەنگە کارێکی هاوسەرگیریش بکرێت.

مامم سەیری کرد و بزەی هات و وتی:

- ڕاست دەکەی سەگباب؟

کاوه – ئەری بە گیانت باوە گیان. هەڵبەت ڕەنگە.

مامم بزەکەی زێدەتر بوو و وتی:

- خۆ درۆ ناکەی بڵی بە گیانی باوکم.

کاوه بە گیان باوکی قەت درۆی نەدەکرد.

کاوه - ... باوکە دە بۆ سوێندم دەدەی؟

مامم – دەبێ بیڵێی.

کاوه – بە خوا کارێکی خێر بەڕێوەیە.

مامم چاوی بریسکایەوە و وتی:

- دەچن یەکتر دەبینن؟

کاوه – ئا ئیتر.

مامم – چوار دانە پیاوماقووڵیش هەن؟

کاوه – وەڵا جا گەورە و پیاوماقووڵ زۆرن. بەلام یەکیان لە هەموویان گەورەترە کە سەرۆکیانە.

مامم – ئافەرم. بارەکەڵا. ئەمە باشە. ئەو کچە چۆنە؟

کاوه پێکەنی و وتی:

- چاک چاک. وەک خۆمان وایە.

مامم – وەج و ئابڕووی هەیە؟

کاوە – نا بە گیرفانی خەڵک بەڕێ دەچن.

مامم – هەتیو ئێمە کوا دزین؟

کاوە – نا سەریان لە سەر ئیشی خۆیانە و بە شان و پیلی خۆیان نان وەدەست دێنن.

مامم – دۆخی ئابووریيان چۆنە؟

کاوە – کارێکی گەورەیان بە دەستەوەیە ئیشاڵا چوار پێنج ملیاردی تێدایە.

مامم – ئەها دیارە کۆفرۆشی دەکەن؟

کاوە – پێشتر وردە فرۆشیان دەکرد ئێستا کۆفرۆشی دەکەن.

مامم – بنەماڵەکەی؟ ئەوانتان بینیوە؟

کاوە – یەکیانمان بینیوە.

مامم - چۆنە؟

کاوە – باش بوو.

مامم – لە خۆتەوە مەڵێ. لێی بکۆڵەوە.

کاوە – ئەگەر ئێوە ئیزنم پێ بدەن ئەوە دەچووم بۆ لێکۆڵینەوە.

مامم – باش باش. بچن جوان بیر و هۆشتان چڕ بکەنەوە با لە خشتەتان نەبەن. بەڵێنی هیچی پێ نەدەن هەتا بزانین چ بنەماڵەیەکن.

کاوە لەگەڵ ئەوەی دەچووە ناو ئۆتۆمبێلەکە وتی:

- بە سەرچاو باوکە گیان. کاتێ زۆپای سەد تمەنی بە نرخی هەشسەد تمەن دەفرۆشین دیارە چۆنین.

مامم گوڕاندی و وتی: - برۆ.

بە بزەوە سواری ئۆتۆمبێلمان بووین و ماڵاواییمان لێکرد. مامم ئەوە هەر قسەی دەکرد.

کابرا باوکی لە کۆڵانی خەڵک سەر دەکەوێ، کوڕەکەی دەڵێ باوکم ئاکرۆباتچییە. ئەمەش فەرمایشتی کوڕەکەمە.

کاوه – گووم خوارد باوکه گیان.

مامم – بزانن ژیانیان چۆنه؟ ملک، دارایی، زەوی و باخات ئاماری هەمووی بگرن.

کاوه – باوکه خۆ ناچین بۆ نووسینگەی خانوبەرە. دەچین بۆ ڕیستورانت.

کاوه ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕی و مامم گوڕاندی و وتی:

- نەکەن بڕی مارەیی بە قەت ڕێکەوتی لە دایکبوون بێت.

کاوه تورمزی گرت و وتی:

- ئەی ئەوان وتیان چ بکەین؟

کاوه – ئەگەر ئەمە بکەن ئەرێ.

مامم – چەندە؟

کاوه – پێنج ملیارد.

مامم – لە مامەڵە و سەودایەکدا؟

کاوه – پێموایە.

مامم دەستی بە دەموچاویدا کێشا و وتی:

- ئەگەر خۆیانیان کەر کرد و پێداگریان کرد بڵێن باش. بە پێی ڕێکەوتی کاتی لەدایکبوون لیر هەڵدەگرین. بەڵام مەڵێ چەند لیرە. خۆمان لە دانیشتنی خوازبێنیدا جێبەجێی دەکەین. خەڵک چەند کاری سەیر دەکەن.

کاوه – هەزار و سێسەد[10] گووی لە وڵات کردووە.

مامم – جیاز یەک لە سەر سێی مارەییە. باش.

کاوه – بە خوا پێموایە ساردینگەکەیان کڕیوە.

مامم – ساردینگ لە کوێ و هەزار و سێسەد لیر لە کوێ؟ ئەوەندە خۆت کەر نەکەی. تۆ هەر قسە مەکە. ئەو کات خۆم قسەی لە سەر دەکەم.

کاوه – بە چاوان.

مامم – ئێستا دەچن باوکی دەبینن؟

---

[10]- مەبەست ساڵی هەتاوییە. وەرگێڕ.

کاوه – نا.

مامم – دایکی دەبینن؟

کاوه – نا.

مامم – چاوتان به براکەی دەکەویت؟

کاوه – نا.

مامم – ئەی دەچنه کوێ دەیانبینن؟

کاوه – باوکه لەگەڵ باوک و دایک دیدارمان دانەناوه. دەمانەوێ ئەو باکتریایه ببینین. خۆ لەگەڵ خزم و کەس دیدارمان دانەناوه.

مامم – ئەرێ وتتان باوکمان کارگەداره؟

کاوه – نا باوکه گیان وتمان باوکمان بێکاره و له ماڵەوه خەوتووه.

مامم – گوو دەخۆی وا دەڵێی.

کاوه – فشەم کرد باوکه گیان.

مامم – ئەی وتووته چکارەن؟

کاوه – هێشتا نەموتووه. خەریکه بڕیار دەدەین چ بڵێین. دەمانهەوێ پرسیاری "ئێوه پێتان خۆشه گەوره بن ببنه چی؟" لێ بکەین.

مامم – خۆت کەر مەکە. بڵێ دوکاندارن، بەڵام وریا بن دزیتان لێ نەکەن.

کاوه – به چاوان فەرمانی دیکەتان نییه؟

مامم – نا. بڕۆین. نەچنه ڕیستووڕانتی گران بایی فێر نەبن.

کاوه – نا جاری یەکەم بابۆڵه پەتاتەیان پێ دەدەین.

مامم – باشه دەی خۆت کەر مەکە.

کاوه – شوێنێکی هەرزان بایی دەدۆزینەوه. دەچین بۆ کەبابی.

مامم – باشه دەی بڕۆ.

کاوه – بچینه کوێ؟ وادەمان کاتژمێرێک لەمەوبەر بوو. ئەوه دووانیان دۆزیوەتەوه خەریکن له سەر مارەیی چەنه لێ دەدەن.

مامم – باش دەی بڕۆ. بێزاد گیان ئاگات لەم کوره تیوه بێت.

- به سەر چاو مامه گیان.

مامم – بە سلامەت.

مالاواییمان کرد و کاوەش بەرێکەوت کە هەر دووکمان دامان لە پرمەی پێکەنین. هەتا ئەو کات بە زۆری خۆمان ڕاگرتبوو.

- ئەوە کاوە چۆن دەتوانی ئاوا بەرسڤ بدەیتەوە و لە قسە دانەمێنی؟

کاوە – زۆر سەیر نییە. هەموو بەیانیانێک بچۆ بەر ئاوێنە سەیری خۆت بکە. سەری ساڵ جا یان شێت دەبی یان ئیتر لە قسەدا دانامێنی.

- دەی چووینە ئەویٚ چی بڵێین؟

کاوە – هەر ئەم گەوجە گەوجییانەی باوکم بەڵام شاعیرانەتر.

- تیژ برۆ.

کاوە خێراییەکەی زۆر کرد و تیژ ڕۆی و بە چارەکێک گەیشتینە پارک و دابەزین.

لەم کاتەدا تەلەفۆنەکەم زرەی هات. مەهتاب بوو. بە داوای لێبووردنەوە وتی لە ترافیکدا گیریان کردووە و بیست خولەکی تر دەگەن.

هەر دووکمان لە بەر پارکەکە دانیشتین و کاوە وتی:

- جا ئەمە کەی بگەن؟

- دێن دەی. بچین لە بووفەی پارک نسکافەیەک بخۆینەوە هەتا ئەوان دەگەن.

هەر دووکمان ڕۆشتین و دوو دانە نسکافەمان کڕی. چوار کچ پێکەوە دانیشتبوون کە تەمەنیان لە ناو بیست و چەند ساڵ بوو و یەکتریان دەدواند. یەکیان ڕۆژی لە دایکبوونی بوو. ئەمانە دەیانویست ئەو فوودانانەی بکڕن وا گازی هیلیۆمی تێدایە. قسەی ئەوەیان دەکرد کە چۆنی بیکڕن.

- سوورپرایز دەبن. دە دانە دەکڕین.

- لەو ئاساییانە ناکڕین. ئەوانەی وا دەچنە سەرەوە.

- باشە زوو. لەوانە ناکڕین ئەوانەی وا دەچنە هەوا لەوانە دەکڕین.

- دەڵێ دەنکی حەوت هەزارە. دە دانە دەکڕین دەبێتە هەفتا هەزار. گرانە خووشکێ.

- بەڵام جوانە. میترا ئەمانە ببینی جا هەموو هەڵدەخەینەوە و بە دەم بە

پیرۆز بە پیرۆز ڕۆژی لە دایکبوونت* بەرەو پیری دەچین.

- تۆ چەندە پارەت پێیە؟

- کەمە. بەشی ساندویچەکان ناکات.

- دەچین چەنە لێ دەدەین.

کاوە سەیرێکی کردن و بە منی وت:

- بڕۆینە بەر دەرگا. ئێستا دێن.

بەرەو دەرگای چوونە دەرەوە وەڕێکەوتین، کاوە بە فودانفرۆشەکەی وت:

- ئەمانە بە چەندەن؟

- دەنکی حەوت هەزار.

کاوە — هەر ئەوانەت هەیە؟

- هێلیۆم؟ ئەرێ هەمە. بەڵام لە ئاساییەکان تا بڵێی زۆرم هەیە.

کاوە — زیاترت نییە؟

- بمبووایە پێم نەدەدای؟

کاوە — چەند دانەن؟

- یازدە دانە.

کاوە — هەموویانت بە پەنجا هەزار لێ بکڕمەوە؟

- پەنجا و پێنج هەزارم دەیە.

کاوە — پەنجا زیاتر نادەم.

- بەزیاد بێت.

دەستیم گرت و وتم:

- فوودانت بۆ چییە؟

کاوە — ڕاوەستە. کارم پێیە.

هەموو فودانەکانی کڕی. لەوێ ڕاوەستا.

وتم چییە بە تەمای بیدەی بە ژیلا؟

کاوە — نا.

- ئەی بۆ؟

کاوه – ئەوەی توانیم دەیفرۆشم. ئەوەی تر لە ڕێگەی خودا و مەولوودی پێغمبەر هەڵی دەخەمە ئاسمان.

لەم کاتەدا ئەو چوار کچە هاتن و سەیرێکی فوودانەکان و کاوەیان کرد، کە یازدە فوودانی ڕەنگاوڕەنگی بە دەستێک و پەرداخێک نسکافە بە دەستەوە و بە فودانفرۆشەکەیان وت:

– هەمووت فرۆشت؟

فوودانفرۆش وتی:

– ئەرێ درەنگ هاتن.

کچەکان سەیری یەکتریان کرد و دیسان وتیان:

– لەوانەت نەماوە؟

– نا. لەم هەرزانانە هەیە.

کچەکان بە حەسرەتەوە سەیری فوودانەکانیان دەکرد و سەیرێکی کاوەیان دەکرد و بە هێمنییەوە نسکافەی دەخواردەوە و بە فودانفرۆشەکەی دەوت:

– نا. لەوانەم دەوێ.

لەگەڵ ئەوەی دەچوونە ناو پارکەکەوە مشتومڕیان بوو، بە یەکتریان دەوت خەتای تۆ بوو ئەوەندە لە سەری چووی و ئەوتان دەیوت پارە بەش ناکا ئەمتان دەیوت ... کاوە بە دەنگی بەرز وتی:

– فودانمان هەیە. جا فوودان.

لە ناکاو هەم من و هەم کچەکان و هەمیش فوودانفرۆشەکە واقمان وڕ ما.

کاوە – فوودانە بەرەوە بۆ منداڵەکانت. باڵۆن بدە بە دەم باوە. لە پێناو خودادا بیخە هەوا خێری دنیا و قیامەتی هەیە.

کچەکان پێدەکەنین و منیش لە شەرمان خەریک بوو دەتوامەوە. فوودانفرۆشەکە هەر وا سەرسام مابوو. هاتم شتێک بە کاوە بڵێم کە کچەکان هاتنە پێشەوە و یەکیان وتی:

– دەیفرۆشن؟

کاوە – نا ڕایاندەگرم بۆ ئەوەی لە سەر قەبرەکەم هەڵیانخەمەوە. دەی

دامناوه بۆ فرۆش.

کچەکان دیسان پێکەنین و یەکێکیان وتی:

- دەنکی چەند؟

کاوه – هەشت هەزار.

- ئەم خاڵەیە دەیدا بە دەنکی حەوت هەزار.

کاوه – ئەو لە خۆڕا قسەی کردووه.

کچه – ئێستا دەیدا بە حەوت هەزار.

کاوه – دەی بڕۆ لێی بکڕه.

فوودانفرۆش دای لە قاقای پێکەنین. کاوه کەمێک لە نسکافەکەی خواردەوه و وتی:

- ئەمانه فوودانه نین. باڵۆنن. بە زۆر ڕایانمگرتووه. ئەوه خەریکه هەوابریشم دەکەن.

دیسان کچەکان دایان لە پرمەی پێکەنین. فوودانفرۆش خۆی زیاتر لە هەمووان پێکەنی. هەر ئەو کچه وتی:

- توخوا هەر بەو حەوت تمەنه پێمان بفرۆشه.

کاوه – حەوت تمەن خۆم کڕیومه. نایفرۆشم. دەمەوێ لە ڕێی خودا بیخەمه هەوا.

کچه – ئەمانه پەلەوەر نین لە ڕێی خودا ئازادیان بکەیت.

کاوه – دەی چۆن هەڵدەفڕن؟ خۆ گیانیان نییه هەڵفڕن.

کچه – هەڵنافڕن. خۆیان هەڵدەفڕن. گازیان تێدایه.

کاوه – گاز مرۆڤ دەکووژێ نایباته ئاسمان. ئەمانه هەڵدەفڕن کەواته گیانیان هەیه. هەمووت دەوێ؟

کچ – ئەرێ.

کاوه – دوازده دانه حەوت تمەنی دەبێته چەنده؟

کچه فوودانەکانی ژمارد و وتی:

- ئەمانه یازده دانەیه.

کاوە – یەکیان دووگیانە. دوو ڕۆژ ڕایگرە هێلکە دەکا و دەبێتە دوازدە دانە.

ئەم جار هەموومان پێکەنین.

کچە – دەی خۆت کەر مەکە. یازدە دانەیە.

کاوە – دەی دەبێتە حەفتا و حەوت دانە. حەفتا تمەنیش کە هیچ. دەبێتە هەشتا تمەن.

کچە – دەی بۆ هەشتا تمەن؟ حەوت دانە یازدە دانە دەبێتە هەفتا و حەوت.

کاوە – ئەو سێ تمەنەش دەبێتە باج.

هەموومان پێکەنین و هەندێ لە بن لچەوە جوێنیان دەدا. ئیتر خوا دەزانێ جوێنیان بە کێ دەدا.

کچە – تۆخوا زوو کە ئێستا هاوڕێکانمان دێت.

کاوە – باشە هەمووی بە شەست تمەن. لەبەر ڕۆژی لە دایکبوونی هاوڕێکەتان داشکانم کرد.

کچەکان هۆتافیان کێشا و ئەوەی وا لەگەڵ کاوە قسەی دەکرد و فوودانەکەی وەرگرت و لەگەڵ هاوڕێکانی ڕۆشتن و فوودانفرۆشەکە پێدەکەنی.

– مرۆڤ ئاوا دەوڵەمەند دەبێت. ئافەرم.

کاوە – نا بەقوربان. کابرا ئاوا دەوڵەمەند نابێت. ئاوا هەر لە برسان دەمرێت. ها ئەوە دە هەزارەش وەرگرە.

دە تمەنی دا بە فوودانفرۆشەکە کە کوڵێ دوعای خێری بۆ کرد و هاتم شتێک بڵێم یەکێ لە دواوە سڵاوی کرد.

مەهتاب بوو ژیلاش لەگەڵی بوو.

سڵاو و چاک و خۆشیمان پێکەوە کرد و مەهتاب وتی:

– ئێرە چ باس بوو؟

– هیچ کاوە خەریک بوو ...

کاوە هاتە ناو قسەکانمەوە و وتی:

– ئەو کچانە هەموو فوودانەکانی ئەم پیاوەیان کڕی. خەریک بوون چەنەیان لێ دەدا. دەی ئێوە چۆنن. ژیلا خان تۆ چۆنی؟ لە چاو ئەو ڕۆژەی پێشوو زۆر

پیرتر بوون و تەواو شکاونەتەوە. چی بووە؟

ژیلا پێدەکەنی وتی:

- خوا بە دڵی تۆی بکات.

کاوە – ڕەمزی ئەو گەنجێتییەت چییە لە تەمەنی سی و پێنج سالان لە کچێکی بیست و پێنج دەچی؟

ژیلا لەگەڵ ئەوەی باسکی کاوەی گرتبوو وتی:

- وەڵا ڕەمزەکەی ئەوەیە کە سەگبابی لە ناوچاوم دەبارێت. وەرە ئیشیتیام لە بەستەنییە بۆم بکڕە.

کاوە پێکەنی و وتی:

- بە چاوان. کێشە نییە دیسان میوانم بن و پارە مەدەن. ئەوە پێتان عەیب نییە؟ هەڵبەت ئەمە بۆ من سەربەرزییە کە ...

ژیلا جزدانێکی بچووکەکەی بەرەو لای کاوە ڕاگرت و وتی:

- ئەم جار من دەیکرم.

کاوە سەیرێکی جزدانەکەی کرد و وتی:

- ژیلا جارێکی تر جزدانەکەم لە گیرفانم بڕفێنی دەتدەمە دەست ئاجان. ئەو ئەخلاقە ناشیرینە چییە؟!

پێکەنینم هات. لە بەر چاوی من و کاوە جزدانەکەی ڕفاند.

ژیلا – ئەوەم وت کە ئیتر خۆت نەنوێنی.

کاوە – هاتم شتێکت پێ بڵێم. بەڵام نایڵێم.

ژیلا پێدەکەنی وتی:

- تۆ خوا بیڵێ.

کاوە – نایڵێم.

ژیلا – باشە. داوای لێبووردنت لێدەکەم. دەی ئێستا بیڵێ.

کاوە – نایڵێم. تۆ هەڵگری ئەو شتانە نیت.

ژیلا – بیڵێ. بەڵێن دەدەم.

کاوە – بەڵێن؟

کاوه – خوا بتکوژێ ژیلا. خوا بتباتەوە باش.

ژیلا چاوڕێی پاشماوەی قسەکەی تری بوو. پاش کەمێک ئارام گرتن وتی:

- دەی بیڵێ.

کاوه – وتم. خوا بتکوژێ.

ڕووم وەرگێڕا و پێکەنیم. مەهتاب پێدەکەنی و ژیلا سەیری کاوەی کرد و تووڕە بوو و وتی:

- بە خوا کەری.

کاوه – نەموت تۆ ئەوانە هەڵناگری؟

ژیلا – من وامزانی دەتهەوێ شتێکی گرنگ بڵێی و بەم ڕستە دەستت پێکرد.

کاوه – نە ویستم ئەوە بڵێم و ئۆخەی بە دڵمدا هات.

ژیلا – ئیتر قسەت لەگەڵ ناکەم.

ژیلا – دەرد.

کاوه – خۆ تۆ وتت قسە ناکەی.

ژیلا – وتم قسە ناکەم نەموت جنێو نادەم.

کاوه – ئەوە ئێستاش قسەت کرد.

ژیلا – لێت بێزارم.

ئەوەی وت و تیژ ڕۆی و کەمێ لە ئێمەوە پێشتر کەوت. کاوه چوو چوار بەستەنی کڕی و دووانی دا بە ئێمە و دووانیش بە دەستەوە و ڕۆی بۆ لای ژیلا. ژیلاش ئەوە چەند مەتر ئەولاتر ڕاوەستا بوو.

پاش کەمێک کاوه گەیشتە لای و بەستەنییەکەی پێدا. ژیلا هەردووکیانی لێ وەرگرت و هەر جارەو دانەیەکیانی دەلێستەوە و وتی:

- ئەوەش سزاکەت. هەر دووکیان هی خۆمە.

ئینجا وەڕێکەوت و کاوەش بە دوای ڕۆی.

ئەوان لێمان دوور کەوتنەوە. من بە مەهتابم وت:

- مەهتاب ئیتر بەسە.

مەهتاب سەیرێکی کردم و بە سەرسوورمانەوە وتی:

- زۆر سارده. ددانم تەزی.

- بەستەنی نالێم.

کڕ و مات بوو. دەستی بە بەستەنییەکەوە بوو، لە ڕووخساری نزیک بوو و سەیری کردم.

زۆر قەشەنگ بوو. هەر جارێک کە دەمدی زیاتر لە جاری پێشتر قەشەنگ بوو. ڕەنگە بە چاوی من جوان بێت. بەڵام نا. من زۆر کچم بینیوە هەموویان جوان بوو ئەمەیان جوانتر بوو. چاوی تایبەت بوو. سەیری ناو چاوی کابرای دەکرد. هەستت دەکرد دێتە ناو مێشکت و مێشکت دەخوێنێتەوە. کابرا لێی دەترسا. بە جووڵەیەکی جوان سەری ڕاتەکاند و قژی هێنا بووە پێش چاوی و بە دەستەکەی تری سەرپۆشەکەی چاک کرد و سەیری کردم و وتی:

- چی بووە بێزاد؟

- دەبێ پێکەوە قسە بکەین.

دیسان سەیری کردم و ئینجا وتی:

- باشە.

کەمێ چووە ئەولاتر و بەستەنییەکەی خستە ناو زبڵدانەوە و گەڕاوە. کەمێک سەیری کردم و وتی:

- چ بووە؟ نیگەرانم.

- هیچ نەبووە. یانی شتێکی خراپ لە گۆڕدا نییە.

لەم کاتەدا ژیلا بانگی کرد. بە دەست هێمای پێدا کە بڕوات. کاوەش شتێکی بە ژیلا وت و هەر دووکیان ڕۆشتن.

مەهتاب - بیڵێ.

- بچینە شوێنێکی چۆڵتر.

هەر دووکمان ڕۆشتین. من سەیری بەر پێی خۆمم کرد و بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن سەری قسە بکەمەوە. ناوە ناوە بەر پێی چاو لێدەکرد و منیشی چاو لێدەکرد.

چەند هەنگاو ڕۆشتین وتم:

- داوات لێدەکەم لە کۆڵ ئەم کارە خراپانە ببەوە.

کەمێک بێدەنگ بووم. و وتم:

- ئەگەر منت خۆش دەوێ.

ڕاوەستا ئینجا بەڕێگاوە ڕۆشت و بە ئەسپایی وتی:

- خۆ خۆت باش دەزانی خۆشم دەوێی؟

- بەلام هەتا ئێستا نەتوتووە.

دیسان بە ئەسپایی وتی:

- با وتم.

ئینجا بە تووڕەییەوە چاوی لێکردم و وتی:

- بەلام تۆ نەتوت.

- پێویست بە وتن ناکا. من خۆشم دەوێی.

مەهتاب – ئاوا دروست نییە. بۆ وێنە وەکوو ...

قسەکەی تەواو نەکرد. وتم:

- وەکوو چی؟

لەگەل ئەوەی بە ئەسپایی بە ڕێگادا دەڕۆشت ڕوویکردە ئەو لا و لە بنەوە وتی:- خێر پێکردن.

- هیچ وا نییە.

دیسانیش بە ئەسپایی وتی:

- با وایە. خۆت پێی نازانی. بە شک و دوودلییەوە قسە دەکەی. هەمیشە ترست هەیە.

پێکەنینێکی تاڵی هات و وتی:

- وەک شتێ لە ئابڕوو و ئەو شتانە دەترسی.

ئینجا ڕاوەستا و سەیری کردم و بە تووڕەییەوە وتی:

- ناچار نیت بێزاد. کەس زۆری لێ نەکردووی لەگەڵم بێت. من دەڕۆم. یانی ڕۆشتبووم. تۆ خۆت ویستت بگەڕێمەوە.

- ئێستاش دەمەوێ لەگەڵم بێت.

دیسانیش بە تورەییەوە وتی:

- کە چی بێت؟ زیاتر سووکایەتیم پێ بکەی؟ کاکە من بنیادەمێکی باش نیم. لە شان و پێگەی تۆدا نیم. تۆ لە من سەرتری، تۆ خوێندەواری، دەوڵەمەندی، دۆسییەیەکی پاک و بێگەردت هەیە. من بە زۆری ئامادەییم تەواو کردووە. هەژارم و ڕابردوویەکی ناشیرین و پڕ لە دۆسییەم هەیە. من بەشەر نیم.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەیری ئەم لا و ئەو لای کرد و بە ئەسپایی وتی:

- ماوەیەک پێکەوە دەبین. ئەم ماوە بقۆزەرەوە.

دەنگی کەمێ بەرز کردەوە بە تووڕەییەوە وتی:

- تۆ ئەوەندە پاک و بێگەردی کە لەم ماوەدا تەنانەت ...

گەڕامەوە بە تووڕەییەوە سەیرم کرد و بێدەنگ بوو و قسەکەی تەواو نەکرد. دیسان دەستمان کردەوە بە پیاسە کردن. پاش چەند چرکە وتی:

- ببوورە تۆ مرۆڤی چاکی، بنیادەمی. کەڵکاوەژوویێت لێم نەکرد. ڕەنگە ئەمە ئاواتی خۆم بێ کە وتم. یانی دڵی خۆم ...

لەم کاتەدا موبایلەکەی دەنگی هات. لە ناو جانتاکەی دەریهێنا منیش لێم وەرگرت ڕێجێکتم لێدا و خستمە گیرفانم. سەیری کردم و وتم:

- دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم. بەڵام ئەمجارەیان بێ مزاحیم.

سەری ڕاتەکاند. باوەڕی پێم نەدەکرد.

- من تۆ ناناسم و تۆش من ناناسی. دەبێ زیاتر لەگەڵ یەک بین. زیاتر یەکتر بناسین. لە شوێن چووە مەچۆ، گرنگ داهاتووە. هەمووان تاوانیان لێ دەوەشێتەوە. بەتایبەت لە هەلومەرجی نەخوازراودا. بەڵام هەموو کەس ئەمەی پێ ناگۆڕدرێ، یان ئەوەی کە ژیانی بگۆڕێت. چوونکە ناتوانێ شێوازی تێفکرینی بگۆڕێت.

سەیرم کرد. ڕاوەستا بوو و بە سەرسووڕمانەوە سەیری کردم.

- من ئامادەم مەهتاب. بۆ هەموو شتێک. لەگەڵم هەی؟ ئەوەندەت خۆشدەوێم لە پێناومدا واز لە هەموو شتێک بێنی؟ لە بیرمە وتت بە تەنیا ئەمە ناکرێت. دەی ئێستا تەنیا نیت منیش هەم.

بەستەنییەکەی دەستم تۆواوە و کەمێک تکایە سەر دەستم. سەیرم کرد و لێی وەرگرتم و کەمێ ئەو لاتر خستییە ناو زبڵدانەوە، لە ناو جانتاکەی کلینیکسێکی دەرهێنا و پێدام و لەگەڵ ئەوەی چاوی بڕییە ناو چاوم دەستمی سڕی و بزەیەکی هات و وتی:

- دەی قسە بکە. تەنانەت ئەگەر حەقیقەتیشی نەبێت؛ بیلێ.

بریا دەیزانی چەندە بەرەنگاری خۆم بوومەوە، بەڵام هەر خۆشم دەویست.

- حەقیقەتی هەیە مەهتاب. هەر ناوێک خۆت لێی دەنێی.

سەری داخست. بە دەستی خۆم سەریم بەرز کردەوە و وتم:

- ئاپارتمانێک هەیە. وەرە لەوێ بژی. هەموو شتێکت بۆ دەکرم. دەتوانین پێکەوە بین و باشتر لە یەکتر تێبگەین. ڕەنگە تۆ خۆشت لە من نەیەت. یانی ڕەنگە ڕەوشت و خووی من باش نەبێت. ئەگەر ڕێککەوتین ئەوە بۆ هەمیشە لەگەڵ یەکترین.

کەمێ بێدەنگ بووم و ئەمجارەیان بە تۆکمەییەوە وتم:

- هاوسەرگیری بکەین.

سەیریکردم. دەستم لە ناو دەستیدا بوو. دەستی لەرزی. وەک بڵێی گەشکە لێیدا بێت. فرمێسکی هاتنە خوار. لەگەڵ ئەوەی دەگریا بزەی هات.

دەستەکەی دیکەشی گرتم وتی:

- بە خوا کاتێ فاڵم گرتەوە حافز ئەمەی پێ وتم.

بێدەنگ بوو و چاوی پڕ بوو لە خەفەت.

پاش کەمێ وتی:

- ئەی ژیلا؟

- چی ئەی ژیلا؟

مەهتاب - ئەی چی لە ژیلا بکەین؟ ئەوانی تر چی لێبکەم؟

- مەگەر هاوڕێت نین؟

مەهتاب – دە با بۆیە دەڵێم.

- ئەگەر هاوڕێت بن دەبێ پێیان خۆشبێ کە تۆ لەم دۆخە ڕزگار دەبی، ئەگەر

نا ئەوە دوژمنتن.

دەستی بەردام و ئینجا تەنیا سەیری کردم.

- ئەگەر شتێکی ئاوا بۆ ژیلا ڕووی بدابا و بیتوانیبا لە ڕابردووی بکشێتەوە. تۆ ڕێگریت لێ دەکرد؟

بە سەر وەڵامی نەرێنی داوە.

- ئەگەر ژیانێکی لەبار و تەندروستی هەبایە تۆ پێشت پێ دەگرت؟

مەهتاب - نا.

- ئەگەر کەسێک بهاتایە و بیویستایە بەختەوەری بکا، تۆ دڵخۆش نەدەبووی؟

بە سەر ئاماژەی کرد کە بەڵێ.

- دەیباشە ئەو بۆ نابێ دڵخۆش بێ؟

موبایلەکەی لە گیرفانمدا دەنگی هات. بە ئەسپایی پاش چەند چرکە وتی:

- بیکووژێنەوە.

موبایلەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و دام بە خۆی بیکووژێنێتەوە و خستییە گیرفانییەوە و وتی:

- نازانم بێزاد. هەر هەموو قسەکانت جوانە. ناتوانم بڵێم چەندە کەیفخۆشم. نازانی ئێستا چ هەستێکم هەیە. لە خۆشیدا پێم بە عەرز ناکەوێ. بەڵام ...

- بەڵامی ناوێ. هەر ئێستا دەبێ قبووڵی بکەی. یان من یان ...

سەیرم کرد و وتم:

- ئەگەر من هەڵبژێری لەگەڵ یەک دەڕۆین. ئەگەر ڕابردوو و هاوڕێکانت هەڵبژێری ئەوە من دەڕۆم، بۆ هەمیشە دەڕۆم.

بزەیەکی هات و دیسان چاوی پڕ بوو لە ئاو و وتی:

- بە جێم ناهێڵی؟

- نا.

پاش پێکەنینێکی عەسەبی وتی:

- فەرقیشی نییە. تەنانەت ئەگەر بە جێشێم بێڵی. ئەو سەرەکەی دەگەڕێمەوە ئەو شوێنەی وا پێشتر بووم. بەڵام ئەمجارەیان بە ساردییەوە. وەکوو

مردوویەکی کە تەنیا بە ڕێگاوە دەڕوات.

- بە جێت ناهێڵم. بەڵێن دەدەم.

مەهتاب – تۆ هەڵدەبژێرم. ئەرێ لەگەڵتم. دڵنیابە لەگەڵتم وەکوو ...

نەمهێشت درێژە بە وتەکانی بدا و وتم:

- من ژنم دەوێ. هاوبەشێکی بێمەترسی بۆ ژیان. کەسێک کە خۆشم دەوێ و دەمهەوێ خۆشمی بووێت.

مەهتاب – خۆشم دەوێی. بە خوا خۆشم دەوێی بێزاد؟ هەر لە جاری یەکەمەوە. یانی پاش ئەوەی بۆ یەکەم جار تۆم بینی. کاتی لێت جیا بوومەوە بەردەوام بیرم لێ دەکردییەوە. عاشقت بووم. هەتا ئێستا هەزار جار فاڵم گرتۆتەوە. هەمیشە فاڵ پێم دەڵێ کە تۆ هی منی. بە هەزار جار ئەو فاڵانەی پێیان ....

لەم کاتەدا ژیلا و کاوە بە پەلە پەل هاتن و ژیلا لە مەودای سێ چوار مەترییەوە بانگی کرد.

- مەهتاب !!!

کە گەیشت بە گریانەوە باوەشی پێدا کرد و هەر ئاوا کە لە ئامێزی گرتبوو وتی:

- شێتە گیان. ئەو قسە چییە دەیکەی؟ کەرە گیان منت چۆن دیوە؟ من لە خودامە تۆ شوو بکەی. کچەکانی دیکەش پێیان خۆشە.

هەر دوو دەگریان و پێدەکەنین. باش بوو ئەو کاتە کەس لەوێ نەبوو و چۆڵ بوو.

پاش کەمێک هەر دووکیان بەرامبەر بە یەکتر ڕاوەستان و پێدەکەنین.

کاوە – دیمەنەکە زۆر ڕۆمانسییە. ئەو پەڕی ئاواتی کچێک.

ژیلا – هەندێ فێر بن.

کاوە – گەمژەیی جەوهەرییە. وەدەست ناهێنرێت.

ژیلا – دەی ئەمە یانی؟

کاوە – مرۆڤەکان بە کەریەتی لە دایک دەبن نەک ئەوەی دواتر بینە کەر.

ژیلا – یانی تۆ زۆر ژیر و تێگەیشتووی؟

کاوە – من ئەمانە نازانم. بەڵام ژنهێنەر نیم.

ژیلا – دەی چاوت دەرێ. کەسیش ئامادە نییە ببێتە ژنی تۆ.

کاوە – نا هەر بە گشتی وتوومە لە دۆسییەکەمدا بنووسرێت. کە دواتر خراپ تێگەیشتنێک لە ئارادا نەبێت.

سەیری مەهتابم دەکرد کە ئەویش سەیری ژیلای دەکرد و پێدەکەنی و لە ناکاو گەڕاوە لای من و سەیری کردم و وتی:

– سەبارەت بە هەموو شتێک دەستخۆش. بۆ متمانەت. لەوەی کە نەترسای. لەوەی کە ئەوەندە بە جەرگی. لەوەی کە ئەوەندە چاکی.

هەستێکی خۆشی دەروونی هەموو ناخی تەنیم.

کاوە – هەندێ فێر بن.

ژیلا – هەندێ فێرن. زۆر هەست ناسکن.

کاوە – مەبەستم فارسی قسەکردنە.

ژیلا – کاوە عەمرت نەمێنێ ئەوەندە قوتی لە قسە دانامێنی؟

کاوە – چەند هەست ناسکی؟! هەست ناسکییەکەت ئەوە بوو.

ژیلا – نا. ئەمە توورەییەکەم بوو.

کاوە – وەڵا هەر کات تۆمان بینیوە توورە بووی و جنێوت داوە. جاری یەکەمت لە بیرە؟ خانم لە دواوە بە ئۆتۆمبێلی دزیەتییەوە لە چرای سووردا کوتات بە ئۆتۆمبێلەکەی مندا و لێم هاتییە خوار و پێم وتی: ئێرە شوێنی ڕاوەستانە؟

هەموو دامان لە قاقای پێکەنین و ژیلا وتی:

– دەی توورە بووم. هەر ئەو کاتە ئۆتۆمبێلەکەمان دزی بوو و خەریک بووین ڕامان دەکرد کە ئێوە هاتنە پێشمانەوە.

کاوە – دەی بە سەر ئۆتۆمبێلەکەی مندا فڕتەت کردبایە یان لە ژێریەوە ڕات بکردایە؟!

ژیلا – ئای کاوە چەندەی لێ دەڵێی؟! بیرم لای ئاوێنە بوو و خەریک بووم

سەیری دواوەم دەکرد کە تێم کوتای.

کاوە – لە دەوری دەست و فەرمانت گەڕێم.

ژیلا – پێت چۆنە ڕکابەری بکەین بتکەم بە گوو.

کاوە – گفت و لفتت هەمیشە ئاوا شیرینە؟

ژیلا – بەڵێ. دەبێ زۆر منەتباریش بیت.

کاوە – ئیشالاّ سەری ساڵ خوێندن هات دەتبەمەوە خوێندنگەی ئەهلی ناوت دەنووسم با وردە وردە بۆ خۆت فێری ئەلف و بێ بیت.

ژیلا – شەقێکت لێ دەدەم؟

کاوە – ئەوە ئەو هەموو ناسکی و زەریفییەت لە کوێوە هێناوە ژیلا؟

بە قسەکانی کاوە و ژیلا پێدەکەنین کە مەهتاب ژێر باسکی گرتم و منی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا.

هەر دووکمان ڕۆشتین و کاوە و ژیلاش لە پشت سەرمانەوە چەند هەنگاو لە ئێمە دوورتر دەهاتن.

مەهتاب – بێزاد؟

سەیرم کرد.

مەهتاب – ئەو دوا ڕستەم دیسان پێ دەڵێیتەوە؟

- کامە؟

مەهتاب – ئەوەی وا دواجار وتت؟ وتت ئەگەر لێک تێگەیشتین.

پێکەنیم و وتم:

- هاوسەرگیری بکەین؟

ئەویش پێکەنی و وتی:

- دیسان لەو قسە خۆشانەم بۆ بکە.

سەیرم کرد. پێم خۆشبوو هەر ئێستا هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم. خودا خودام دەکرد کە دایک و باوکم ڕازی بن و کێشەیەک لە ئارادا نەبێت.

مەهتاب – ئەو ئاپارتمانەی وتت کوێیە؟

- نزیکە. لە قەیتەرییەیە.

مەهتاب - ئەو کات من چ بکەم؟

- چی چی بکەی؟

مەهتاب - هەر لە بەیانییەوە هەتا شەو لە ماڵەوە بم؟

- نا بیری لێ دەکەمەوە. پێت خۆشە چی بکەی؟

مەهتاب - دەی دیارە.

- لای یەکێک لە هاوڕێکانمان. واتە دەچیتە کۆمپانیا.

مەهتاب - کۆمپانیای چییە؟

- هەنارده و هاوردەی کاڵا.

مەهتلاب - زۆر چاکە.

- مووچەی چاکیشت پێ دەدا.

مەهتاب - گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە هاوڕێته و بڕیارە لەوێ کار بکەم. نە هیچ شتێکی تر.

مێشکم تەقی. قسەکەی زۆر مانادار بوو.

- ئەو شوێنانەی کە دەچووی کەسانی باش نەبوون. بەڵام خۆ هەموو کەس خراپ نین مەهتاب.

باسکمی گووشی و وتی:

- ئێستا کەمتر دنیا بە خراپە دەبینم.

پاش چەند هەنگاو وتی:

- ماڵەوە لەم بەسەرهاتە ئاگادارن؟

- هێشتا نا.

مەهتاب - پێیان دەڵێی؟

- دەبێ پێیان بڵێم.

مەهتاب - هەموو شتێک؟

- نا. تەنیا بەشێکی.

دیسان بێدەنگ بووەوە و دیسان وتی:

- ئەی ئەگەر ڕازی نەبن چ بکەین؟

- با هەر خۆم نیگەرانی ئەوە بم. تۆ خەمی لێ مەخۆ. هەموو شتێک جێبەجێ دەبێ.

دیسان بێدەنگ بووەوە و پاش دوو خولەک وتی:

- بێزاد ئەمانە لە ڕووی بەزەییهاتنەوە ...

- خۆ تۆ وتت کەمتر دنیا بە خراپە سەیر دەکەی؟!

پێکەنی و وتی:

- بیلێ با خاترجەم بم.

پێی پێکەنیم و وتم:

- مەهتاب زۆرم خۆش دەوێی. ڕاستییەکەی یەکەم جار بڕوام نەدەکرد. بەڵام بە خۆم نەبوو. هەرچی بیرمم چەواشە دەکرد و بیریم بە لاڕێدا دەبرد دیسان تۆ دەهاتیتەوە بەر چاوم. نەمدەتوانی بیرت لێ نەکەمەوە. ئەی تۆ؟

گەڕاوە و چاوی بڕییە چاوم و وتی:

- تۆ ئەو کەسەی وا لە تەمەنی سێزدە ساڵاندا بەڵێنی ئەوەم بە خۆم دا بوو.

ئینجا پێکەنی.

بە ئەسپایی وتم:

- تێناگەم.

مەهتاب – یانی ئەوەی کە ...

تا هات قسە بکا ژیلا لە پشت سەرمانەوە وتی:

- ئەی گیان نان و پەنیر.

ئینجا بە حاڵەتی نیوە ڕاکردوو چووە ئەو لا کە دوو کرێکاری پارک لە شوێنێکدا دانیشتبوون و سفرە و خوانێکی بچووکیان ڕاخستبوو و خەریکی خواردنی نان و پەنیر بوون. خێرا چووە لایان و نووشتایەوە و لەتێک نان و کەمێ پەنیری هەڵگرت و وتی:

- میوانتان نەدەویست؟

یەکیان پارووەکە لە گەرووپدا گیری کرد، ئەوی تریان هەر وا سەیری کرد و بە ئەسپایی وتی:

- فەرموون.
ئەمەی وت و ژیلا دانیشت و پارووی گرت و سەیری کردین. من و کاوە و مەهتاب کڕ و مات بووین. لەگەڵ ئەوەی پاروەکەی نایە دەمییەوە وتی:
- چییە؟ پێتان عەیبە نان و پەنیر بخۆن؟
ئەو دوو کرێکارە سەیریان کردین و خراپ لێیان ڕوانین و کاوە خێرا وتی:
- نا لە ڕووم هەڵدێ بەڵام خۆیان تێر نابن.
دەستبەجێ ئەو دوو کرێکارە پێکەنین و تێکڕا وتیان فەرموون.
کاوە چووە پێشەوە و پاروویەکی گرت. من و مەهتابیش بۆ ئەوەی پێیان ناخۆش نەبێ چووینە پێشەوە و پاروویەکمان گرت و دەستمان کرد بە خواردنی نان و پەنیر. بەخوا خۆش بوو.
ژیلا پارووی دووهەمی گرت و وتی:
- پەنیرەکەی خۆشە. پەنیری کوێیە؟
- پەنیری تەبرێزە.
ژیلا – بەخ بەخ. تەبرێز هەموو شتێکی خۆشە. یاشاسون ئازەربایجان.
هەر دوو کرێکارەکە دایان لە پرمەی پێکەنین. ژیلا پارووی دووهەمی نایە دەمی و هات پارووی سێیەم بگرێ کاوە وتی:
- ژیلا لە سەرخۆ بە. گەمارۆ ئابوورییەکان واشی لێنەهاتووە قات و قڕیمان تێکەوتبێ. ئاگاشت لەمانە بێ خۆشیان برسیانە نەکا بەشیان نەکات.
لە ناکاو دوو کرێکارەکە دەستیان کرد بە قسە کردن.
- نۆشی گیان و سازگاری لەشتان بێت. فەرموون. زۆرە، بەش دەکات.
ژیلا – چا کاوە سەیر بکە و فێر بە.
کاوە لەگەڵ ئەوەی دەستی ژیلای دەگرت و لە سەر جێگاکەی هەستا وتی:
- وەرە با بچین تێرت بکەم با لەوە زیاتر حەیامان نەبەیت.
کرێکارەکان خولکیان دەکردین. من و مەهتاب هەستاین. کاوە لەگەڵ ئەوەی ژیلای دەکێشا ئاماژەی پێکردم و منیش ئاماژەم بە مەهتاب کرد و هەر سێکمان دەستخۆشیمان لەو دوو کرێکارە کرد و ڕۆشتین. منیش پەنجا هەزار تمەنم

خسته سەر سفرەی ئەو دوو کرێکارە. ئەو دوو کرێکارە زۆر دڵپاکانە دەیانویست پێمی بدەنەوە. بە دەستخۆشییەوە لێیان دوور کەوتمەوە و خۆمان گەیاندە لای ژیلا و کاوە و ژیلا پارووەکەی قوت دا و وتی:

- جا کورەکان دەچینە ریستورانتێکی چاک نانی شێومان بدەنێ.

کاوە – تۆ بۆ هەموو کەس دایکی و بۆ ئێمە باوەژن. بە خۆت بێ بە نان و پەنیریش دەسازی، بەڵام داوای ریستورانت لە ئێمە دەکەی؟

ژیلا – زۆر بەغیلی کاوە.

کاوە – ژیلا قەڵەو دەبی. جا ئەو کات پێت دەڵێن مەشکە.

ژیلا – مەترسە. من توانای قەڵەو بوونم نییە.

کاوە – بۆ توانای ترت هەیە؟

ژیلا – تا بڵێی هەمە.

کاوە – دەکرێ یەکیان بڵێی؟

ژیلا – ئەوەی کە کورێکی وەکوو تۆ کەر بکەم و ئۆتۆمبێلەکەی بدزم. دواتر ئاوا خۆشی بووێم.

کاوە – بە خوا توانایەکی سەیرت هەیە. بڵێی ئەو ساڵ خەڵاتی نۆبلت پێ نەبەخشرێت؟

ژیلا – نۆبلم ناوێ. بەڵام تۆ دەکەمە هی خۆم.

ئینجا بە پێکەنینەوە سەیری کاوە کرد. کاوەش سەیری کرد و پێکەنی و ژیلا وتی:

- ئێستا دەچی نانی شێومان بۆ بکڕی؟

کاوە – بابۆڵە پەتاتە باشە؟ دووانت بۆ دەکڕم. یەکیان ئێستا بیخۆ و ئەوی تریان دانە بۆ نانی شێوی بەیانیت.

ژیلا – سەیرێکی من و باڵا و تەڕپۆشییەکەم بکە، منیان وتووە بابوڵە پەتاتە؟ سواڵکەر.

کاوە – بێگومان نا. دوور لە تۆ.

ژیلا – کارێ وا بکە لەگەڵت میهرەبان بم.



CamScanner

پێکەنینێکی شیرین و خۆشی ئا ڕاستەی کاوە کرد. کاوە سەیری کرد و وتی:
- چاوت دەری. کوێت پێ خۆشە با بچین.
ژیلا – پێم خۆشە بچینە برجی سپی ستەیک بخۆین.
کاوە – دوعاگیری نزاکانی باوکم بووم. با جاری بزانم جزدان و سویچەکەم لە گیرفانمدایە یان نا. خۆ ئیشیتاتان لە دیسیر و سەلاد نییە؟ چوون نایکرم.
ژیلا لەگەڵ ئەوەی باسکی کاوەی گرتبوو وتی:
- دیسیریشم بۆ دەکڕی؟ وەرە بەقوربان.
من پێدەکەنیم و مەهتاب وتی:
- من حەزم لێ نییە. بە نان و پەنیر تێر بووم. ئەی تۆ بێزاد؟
کاوە – ئەوە کچە. کەمخەرج.
گەڕامەوە سەیری مەهتابم کرد و وتی:
- بۆ هەر ئێستا نەچین ئاپارتمانەکە ببینین؟
سەیری کاوەم کرد و وتی:
- کلیلەکەی لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدایە.
- ئێوە ئێمە لەوێ دابەزێنن و خۆشتان بڕۆن.
مەهتاب – تۆ برسیت نییە؟
- نا با بڕۆین.
کاوە – ئەی بۆ دواتر. خۆ ئۆتۆمبێلت نییە؟
- تاکسی بە کرێ دەگرین.
ژیلا – من لە جیات ئێوە بم تاکسیش ناگرم. پارەکانم پاشەکەوت دەکەم بۆ داهاتوو. سواری پاس بن کەمتێچووترە.
کاوە – ڕاست دەکەی. وەڵا پاسیش خەرجی زیادەیە. بە پیادە دەڕۆین هەم وەرزشە و ڕێگا و شوێنەکان بۆ پلانەکانی داهاتوومان فێر دەبین و ئەگەر کاتی زیادەشمان دەست کەوت، ئەوە ناوی منداڵی داهاتووشتان دەدۆزینەوە.
- کلیلەکەم بدەیە خوێن شیرین.
هەر چوارمان لە پارک هاتینە دەرەوە و چووین سواری ئۆتۆمبیلەکە بووین و

پاش کەمێک گەیشتینە ئەو ماڵەی کە هی کاوە بوو، من وامدەزانی هی هاورێکەیەتی. دابەزین و کلیلەکەمان لە کاوە وەرگرت و ماڵاواییمان لێکردن و ئەوان ڕۆشتن.

مەهتاب – بێزاد کامەیە؟

- ئەوەی وا لە بەر دەمی وەستاوین.

مەهتاب – وەی چەند خۆشە؟!

- ناوەوەی خۆشترە.

مەهتاب – کرێیە؟

- نازانم بە خودا.

مەهتاب – یانی چی؟

وەڵا هەتا ئێستا وامدەزانی هی هاورێی کاوەیە. بەڵام ئێستا زانیومە هی کاوە خۆیەتی. جا نازانم کرێیە یان کڕیویەتی نازانم.

مەهتاب – کاوە قۆشمەیە.

- ئەرێوەڵا. با بڕۆین.

گەڕامەوە و کلیلی دەرگاکەم دۆزییەوە و سواری ئەسانسۆر بووین و چووینە نهۆمی سەرەوە.

مەهتاب – یەک شووقەیە؟

- ئەرێ.

دەرگای ئاپارتمانەکەمان کردەوە و مەهتاب بە بزەیەکەوە هاتە ژوورەوە و وتی دەستخۆش.

گڵۆپەکانم داگیرساند و سەیرێکی کرد و وتی:

- وەی چەند خۆشە؟!

دەرگاکەم داخست.

- وەرە با پیشانت بدەم.

مەهتاب – زۆر خۆشە بێزاد. دیارە کرێکەی زۆرە. موبیلیاتیشی تێدایە؟!

- ئەرێ. ئێستا ئەوان دەبەمە شوێنی خۆی ...



CamScanner

مەهتاب – نا تۆخودا. ئەمانە جوان و قەشەنگن. تازەشن.

چوو لە سەر کاناپەکە دانیشت و وتی:

- زۆر زۆر باشە.

- ئەگەر پێت خۆش نییە ...

لەگەڵ ئەوەی سەیری دەوروبەری دەکرد وتی:

- بێزاد ئەوە دەڵێی چی؟! ئێرە کۆشکە. بریا دەتزانی ئێمە لە کوێ دەژین. گریانت بۆمان دەهات.

هەستا چووە چێشتخانە و گڵۆپەکەی داگیرساند و وتی:

- وەی؟! هەر چێشتخانەکەی بە قەت ماڵەکەمان دەبێ. چرای گازەکەی چەند جوانە. ساردینگی سایدبایساید.

ئاوڕی داوە و دەستی گرتم و وتی:

- تۆخوا دەستیان لێ مەدە. زۆر چاکن.

سەیریم کرد و پێکەنیم و وتی:

- بێزاد باوەڕ ناکەم. وەختە شێت بم. هەتا ئێستا وامزانی هەموو فشەیە. بەڵام ئێستا ...

دیسان لە ناو هۆڵەکەدا سووڕاوە و سەیرێکی دیکەی ناو ژوورەکانی تر کرد و وتی:

- چەند دانە ژووری نووستنی تێدایە؟

- سێ دانە.

مەهتاب – ئەم ژوورانە چەند خۆشن. وەی خوایە گیان لەو قەرەوێلانە. کاوە مێزی ئارایشتی بۆ چییە؟ ئای لە کا حەمە کاوە!

یەکێک لە ژوورەکان گەرماو و توالێتیشی تێدایە.

مەهتاب – ئەوەیە؟

چومە ناو ژوورەکە و خۆی دەرگای گەرماوی کردەوە و گڵۆپەکانی داگیرساند و سەیرێکی ناوەوەی کرد و وتی:

- زۆر چاکە.

ئینجا ڕوویکردە من و وتی:

- ئیتر من لێرە ناچمە دەرەوە.

پێکەنیم و چووە ناو هۆڵەکە و وتی:

- تەماشا ئەو تەلەڤیزیۆنە. هەر لە فرۆشگاکاندا شتی وامان بینیوە. دەکرێ تەلەڤیزیۆنەکە دەستی لێ نەدەن؟

سەیرێکم کرد و پێکەنی. پێکەنینەکەی بە دڵ بوو و ئینجا لەگەڵ ئەوەی دەچووە ناو چێشتخانە بە ئەسپایی وتی:

- سوپاس.

چووە چێشتخانە و یەک یەک کابینەتەکانی کردەوە و وتی:

- ئەم قاپ و قاچاغانە هەمووی نوێن.

ئینجا دەرگای ساردینگەکەی کردەوە و بە ئەسپایی قیژاندی و وتی:

- وەی ئەو شتە خۆشانە!؟ لێرە میوانیتان دەدا؟

ئینجا دەرگای بەفرگرەکەی کردەوە.

- خواردنی خۆش خۆش!! کابرا بیخوا هەتا مانگی تێرە.

ئینجا سەیرێکی هەموو ناو ژوورەکانی کرد و وتی:

- بێزاد ئەمانە خەون نییە، تۆ بڵێی ڕاست بێت؟

- ڕاستە. هەموو هی تۆیە.

مەهتاب – نازانم چۆن سوپاستان بکەم. بیزاد هەر دەستخۆشیم لە دەست دێت.

- کەی دێی؟

مەهتاب – بەیانی. هەر ماڵاواییەکە و تەواو بەڵام ...

سەیرم کرد و دەموچاوی غەمین بوو، بەڵام دیسان بە دڵ پێکەنییەوە و چاوی بریسکاوە و وتی:

- دەبێ دەست لە ئیشەکەم هەڵبگرم و یەکێکتر لە کچەکان بخەمە جێی خۆم.

لەگەڵ ئەوەی سەیری ناو ژوورەکانی دەکرد لەبەر خۆیەوە دەیوت:

- کچەکانیش خۆیان دەزانن. چ جیاوازییەک دەکا من ببم یا نا.





CamScanner

ئینجا تیژ ئاوڕی بۆ لای من داوە و وتی:

- سەمیرە خۆشی ساڵی پارەکە لەگەڵ کوڕێ بوو. ئەگەر کورە بیویستایە لەگەڵی دەڕۆی.

دوا ڕەستەکەی کە وت وەک شتێ داوای داکۆکی لێ دەکردم:

- کابرا دەبێ لە پێشدا مشووری خۆی بخوات. هەموو هەوڵی مرۆڤ بۆ ئەوەیە کە ژیانێکی لەبار بۆ خۆی دابین بکات. هەڵبەت لە ڕێگەیەکی گونجاوەوە.

دیسان پێکەنی و هاتە پێشەوە و وتی:

- ئەگەر من بمهەوێ ژیانێکی خۆشم بێ بۆ ناپاکی بە هاوڕێکانمە؟ نا. ئەگەر نەتهەوێ ژیانێکی خۆشت بێ ئەوە ناپاکی لەگەڵ خۆت و هاوڕێکانتە.

دیسان پێکەنی و سەیری دەوروبەری خۆی کرد و وتی:

- من مافی خۆمە وەکوو مرۆڤ بژیم.

وەک شتێک دیسان پشتڕاستکردنەوەی منی دەویست.

- هەموو ئەم مافەیان هەیە.

مەهتاب – بەڵام ئەم شتە بۆ من ڕوویداوە.

سەرم لەقاند.

مەهتاب – ئەگەر ئێستا سەمیرە لە بری من لێرە بایە ...

کەمێک بێدەنگ بوو و وتی:

- هیچ ئێمەشی لە بیر نەبوو. وەک ئەو کاتەی وا ڕۆشت.

پاکانەی بۆ خۆی دەکرد منیش یارمەتیم دەدا. دەستیم گرت و وتم:

- تۆ کارێکی نەشیاوت نەکردووە. دڵنیابە. ئاوا ئەوانی تریش بە خۆیاندا دێنەوە و ئیشێک دەست دەخەن.

مەهتاب – ئەوانی تریش ئەگەر هەلێکی وایان بۆ هەڵکەوتایە دەیانکرد. بەڵام هیچ هەلێکیان بۆ هەڵنەکەوتووە.

سەیری کردم و لە کاتێکدا کە چاوی ببوو بە گۆمی خوێن وتی:

- من هێشتا باوەڕ ناکەم. وەک شتێ هەر ئەمشەو لێرەم و بۆ بەیانی دەبێ لێرە بڕۆم. وەکوو ...

ئینجا بێدەنگ بوو.
دەستی لە سەر دەستم بوو و منیش وتم:
- هەموو شتێک کۆتایی هات. دەبێ رابردوو لە رابردوودا بە جێ بهێڵین و وازیان لێ بێنین.
سەیرم کرد و پێمپێکەنی و وتی:
- وتم بە بێ پشتیوانی نابێت.
- دەی ئێستا ئەو پشتیوانییەت هەیە.
مەهتاب – کەمێ دان بە خۆتدا بگرە. بەڵێنت پێ دەدەم.
بزەیەکم ئا راستەی کرد و سەرمم لەقاند.
تەنیا سەیریکردم پاش نیو خولەک وتی:
- دەرگاکە قوفڵ بکە.

***

نزیکەی کاتژمێر دوو، دوو کاتژمێر دواترەکەی بە تاکسییەک گەیاندمەوە ماڵی خۆیان بە ئەسپایی بە گوێمدا چرپاندی:
- بێزاد؟ بە درێژایی ژیانم پێموا هەر ئەمشەو ژیام.
سەیرم کرد.
مەهتاب – ئێستا دەزانم ئەوەی تری هەر بە کاتکوشتن بوو نەک ژیان. لەو دوو سێ کاتژمێرەی کە پێکەوە بووین هیچی ترم لە خودا ناوێ.
بێدەنگ بوو و وتی:
- هەمیشە لەو کاتەوە وا لە بیرمە. رەنگە چوار پێنج شەش ساڵان بووم. هەموو کات و خولەکێک شتێکم لە خودا ویستووە. شتی گەورەش نا. شتی بچووک کە مافی هەموو کەسێکە. وەکوو بوونی دایک و باوک. تێربوونی سک. یان سۆزێکی بچووکی راهێنەرەکەمان. یان مۆز یان سێوێک. یانی لە ژیانمدا هەموو ساڵێک داوای ئەو شتانەم کردووە جگە لەو ساتانەی کە لەگەڵت بووم.
چاوی نووقاند و وتی:
- کە تۆ ببێ واتە هەموو شتێکم هەیە.

پاش کەمێ بێدەنگ بوو و دیسان بە ئارامییەوە وتی:

- بە ڕاستی تۆم هەیە؟

بزەیەکم ئاراستە کرد و وتم:

- منیش تۆم هەیە؟

مەهتاب – هەتە. بۆ هەمیشە.

- تۆم هەیە بۆ هەمیشە.

مەهتاب – منت بە هەموو ئەو ڕابردووەی کە بوومە قبووڵ کردووە؟

- من لە ڕابردوودا ناژیم. ئێستا و داهاتوو. من تۆم بە هەموو ئەوانەی کە لە ڕابردوو و داهاتوو هەتە قبووڵە.

مەهتاب – بە جێم ناهێڵی؟

- نا.

مەهتاب – سەبارەت بە ڕابردوو پرسیارم لێ ناکەی؟

- نا.

ئەم جارەیان توند توند دەستی گووشیم. نینۆکی چەقییە نێو دەستم.

- تۆخوا ببوورە ئەوەندە هەستم بەرامبەر بە تۆ بەتینە کە پێم خۆشە پێبکەنم. دەنگمان کەمێک بەرز بووەوە کە شۆفێرەکە لە ناو ئاوێنەکەوە سەیری کردین و هەر دووکمان بە پێکەنینەوە بێدەنگ بووین.

پاش کەمێک گەیشتینە ماڵی ئەوان وتی:

- بێزاد من لێرە دادەبەزم.

- نەچینە بەر دەرگا؟

مەهتاب – نا پێم خۆش نییە لەم شوێنانە کەس تۆ ببینێ. لە ناو جزدانەکەم شەشسەد هەزار تمەنم دەرهێنا و پێم وت:

- مەهتاب با ئەم پارەت پێ بێت.

دەستی کشاندمەوە و وتی:

- بۆچی؟

پێی پێکەنیم و لەگەڵ ئەوەی زیپی جزدانەکەم دەکردەوە پارەکەم تێخست و

وتم:

- هەتا نەچیتە سەر کار و مووچەت وەرنەگرت ئەوە من هەم. پارە لە خۆم وەردەگری باش.

سەیری کردم و وتی:

- حەیف نەبێ ئێستا لێرەین؟ بریا ئێستاش دوو کاتژمێر لەمەوبەر بایە.

پێی پێکەنیم و سەری داخست و شتێکی زۆر خۆشی بە گوێمدا چرپاند و سەیرێکی کردم و ڕۆی.

ڕاوەستام هەتا بای داوە چووە شەقامەکەی تر و مینش لە سەر کورسییەکەی پێشەوەی تاکسییەکە دانیشتم و نزیکەی سێ چارەکە کاتژمێر گەیشتمە مالی خۆمان.

چوومە ژوورەکەی خۆم و چوومە گەرماو و چوومە خوارەوە. نیو کاتژمێر لای باوکم و دایکم دانیشتم و ئینجا چوومە ژوورەکەم و بە کوڵی بیر و خەیاڵەوە لە سەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشام.

مەهتاب ڕاستی دەکرد ئەو دوو سێ کاتژمێرەی وا لە ئاپارتمان بووین منیش ژیام.

ڕەنگە ماناکەی بۆ من هێندەی ئەو تۆخ نەبوو، چوونکە من پێشتر ژیابووم. بەڵام ئەمە مانای هەبوو. هەستی دەستپێکێک. بەر لە پێکهێنانی بنەماڵە. بۆ ئەو و من ڕێگەیەکی نوێ بوو.

لە ناکاو پێکەنیم. هەتا ئەوشەو کە مەهتابم دەبینی. بۆم وەک ئەوە بوو کە دیوارێک لە نێوانماندایە. نا. دیوار نا. نێوانمان وەک پەنجەرەیەک لە ناو دیوارێکدایە. مەهتاب لەو بەر و منیش لەم بەر. پەنجەرەکەش داخراوە.

ئەوشەو ئەو پەنجەرە نەما. دیوارێکیش لە ئارادا نەبوو. پاش ئەو ماوە بۆ یەکەم جار یەکترمان بینی.

دیسانیش پێکەنیم. تەلەفۆنێکم بۆ کاوە کرد کە بە کەمێک درەنگەوە وەڵامی داوە.

- سلاو لە کوێی؟

کاوه – سڵاو لهماڵم.
– باشه دەی درۆ مەکە، لە ماڵ خۆتان نیت. دەی بۆ گلۆپەکەت کووژاوەتەوه؟
کاوه – وتم له ماڵم هەڵبەت نەک ماڵی خۆمان. ماڵی دڵ. تۆ له کوێی؟
– ماڵی؟
کاوه – تۆش له ماڵی دڵی؟
– نەخێر ماڵی خۆمان.
کاوه – باوکە ڕۆ؟ مەهتابت بردۆتەوه ماڵی خۆتان؟
– مەهتاب – چووه ماڵی خۆیان. منیش له ماڵی خۆمانم کوڕی چاک.
کاوه – موبیلیاتەکان ناگوێزنەوه؟
– بۆ بەیانی.
کاوه – سبەی موبیلیاتەکان دەگوێزنەوه؟
– کەرەکەر. کەی دەگەڕێتەوه بۆ ماڵەوه؟
کاوه – ئەوه دەڵێی چی؟ من ئەوه له ماڵەوەم. ماڵی دڵ.
– کەی دێی؟
کاوه – وەڵا کارێکم بە دەستەوەیە ئێستا ناتوانم. چوار کاتژمێری تر نامەم بۆ بنێره باش؟
– ئیشم پێته.
کاوه – سێ کاتژمێری تر نامەت بۆ دەنێرم باش؟
– بەیانی بچینە کارخانە؟
کاوه – دوو کاتژمێری دیکە بێمە ماڵەوه؟
– بەیانی له خەو هەڵناستی.
کاوه – کاتژمێرێکی دیکە بێم چاکە؟
– قوزەڵقوورت و کاتژمێر و دوو کاتژمێری دیکە. هەر گوویەک دەخۆی بیخۆ.
خەریک بووم تەلەفۆنەکەم دادەخست کە گوێم لێ بوو وتی:
– نیو کاتژمێری دیکە بێمەوه؟
دیسان له سەر قەرەوێلەکەم ڕاکشام و بیرم له مەهتاب کردەوه.

تۆ بڵێی ئێستا ئەویش بیری لای من بێ؟

پێم خۆشبوو بزانم ئێستا خەریکی چییە و بیر لە چی دەکاتەوە. پێم خۆشبوو ئێستا لای خۆم بایە و وەک ئەو کاتەی وا لە ئاپارتمان بووم ...؟!

چاوەکانم نووقاند و دەموچاویم وێنا کرد. چەند ناسک و قەشەنگ بوو. چەند نازدارە. دەڵێی پەرە گوڵە. لە ناو سەد کچدا لە هەموویان نایابترە.

ڕەنگە بە چاوی منیش وا بێ؟ بەڵام نا. بە ڕاستی جوان بوو. هەم خۆی هەم دەنگە خۆشەکەی. ئەو دەنگەی کە زایەڵەی دەڵێی مۆسیقایە.

لەم کاتەدا نامەم بۆ هات. تیژ موبایلەکەم هەڵگرت.

خۆی بوو. بە نامەیەکی ژیکەڵە.

- خۆشم خۆشم خۆشم خۆشم خۆشم

دەوێی دەوێی دەوێی دەوێی دەوێی

زۆر زۆر زۆر زۆر زۆر

وەڵامیم داوە و ئەویش نووسی:

- منیش هەر ئەوەم دەوێ. زۆر زیاتر لە تۆ.

هەتا بەیانی ڕاوەستە. من هەم. تۆش هەیت. ئەو ماڵە جوانە.

پێم خۆشبوو لێرە گوێم لە دەنگی بوایە. ژمارەکەیم گرت.

هەر ئەو دەنگە خۆش و زایەڵەدارەی.

وەک سروەی بەهاری کە لە ناو دارستاندا درەخت و گوڵ دەلاوێنێ، وەکوو بۆنی خۆشی بای شەماڵی کوێستانان.

***

بەیانی کاتژمێر ٨ بوو، تازە لە خەو هەستا بووم، دەموچاوم شت و چوومە خوارەوە بۆ ئەوەی بەرچایی بخۆم، دەنگی کاوەم بیست. لە حەوشە لەگەڵ مامم قسەی دەکرد.

کاوە – حەلیماویان دەفرۆشت. دەتکوت رۆژی حەشرە.

مامم – کراسی کەلامەڵا لە بەر بکەی هێشتا باوەڕ ناکەم، دوێشەو زوو هاتوویەتەوە ماڵەوە و زوو خەوتووی و بیانیش چووبێتی حەلیماوت کڕیبێت.

کاوە – باوکە گیان قەت باوەڕم پێناکەی بە خوا خوا چاکت بۆ ناکات.

دەنگی پێکەنینی باوکم و دایکم و دادە کوبراشم بیست.

گەیشتمە حەوشە هەموو لە سەر مێز دانیشتبوون. سڵاوم کرد و کاوە وتی:

- ئەوەتا. لە بەیانییەوە دەگووڕێنم بێزاد؟ بێزاد گیان. بێزادە جەرگەکەم. هەستە لەگەڵ یەکتر بچین بۆ ئەو دایک و باوک و باوکە لە بەر دڵانەمان کە یاخودا حەیرانیان بم و ئەم دادە کوبرا، کە لە جونیفێرلۆپێز شیرینترە بچین حەلیماو بکڕین. ببوورە مامە گیان. بەڵام خۆ کوڕت گەورە نەکردووە. لەشپەروەر و تەمبەڵ. دوور لە خۆتان دەڵێی ورچە هەر پرخەی دێت. وەرە لێرە دانیشە ئەوە حەلیماوم بۆ کڕیوی.

هەموو پێدەکەنین. چوومە لای دانیشتم و وتی:

- شەکریشم بۆ تێکردووی بیخۆ کارگە درەنگە.

دەستم کرد بە خواردن و بە ئەسپایی لێم پرسی:

- دوێشەو کەی هاتییەوە؟

کاوە – من دوێشەو نەهاتمەوە. چارەکێ لەمەوبەر هاتمەوە. بەڵام لەگەڵ

هاتنەوەم حەلیماویشم کری.

- عەمرت نەمێنێ کاوە.

کەوچکێ حەلیماوی خوارد و بە ئەسپایی وتی:

- تەح حەلیماوێکی ناخۆشە!؟

ئینجا بە دەنگی بەرز وتی:

- خەریک بوو تەواو دەبوو کرێم. حەلیماوەکەی لەم گەڕەکە و ئەو گەڕەکەی پشتەوە گەڕەکی سێزدە و گەڕەکی یازدە وێنەی نییە.

مامم – باش دەی ڕۆژێ زوو لە خەو هەستاوی.

کاوە – دەستت خۆش بێت. بریا باوکم نەبوایەی دەنا جووتە ...

مامم بە لاچاوێکەوە سەیری کرد و وتی:

- جووتێ ماچم لەو کوڵمانەت دەکرد.

ئینجا تیژ هەستا و دەستی گرتم و لەگەڵ ئەوەی دەمیکێشا هەستام و وتی:

- بێزاد با من تۆ بڕۆین درەنگە. ئێستا بەرهەمی کارگە بێ ستاندارەکان دروست دەبێ و خەڵک تف و لەحنەتمان دەکەن. هەستە هەتا دوزەخ شەقاوێکمان ماوە.

چوار پێنج هەنگاو ڕۆشتین و وتم:

- ماڵتە برسیمە بۆ نەتهێشت دوو کەوچکم لەو حەلیماوە خواردبایە؟

کاوە – وەرە دەی من کەوچکێکم خوارد هێڵنج دەدەم. وەرە دەچینە کارگە لەوێ بەرچایی دەخۆین. ئەم گەڕەکە چی بە کەڵک دێ تا حەلیماوەکەی بە کەڵک بێت؟ سەگباب وتی حەلیماوی ئێرە باشترە. دەڵێی گۆشتی پشیلەی تێدایە. ئەرێ بە ڕاست دوێشەو بوو بە چی؟

پێکەنیم و وتی:

- بێشەرم. هەتا بەیانی نەخەوتم وتم دەچم حەلیماو دەکرم ئەم پیرەژن و پیرەمێردە بیخۆن برێک هێز بگرن. تۆی هیچ و پووچیش خەریکی ڕابواردنی. بێزاد عەیبە.

پێکەنیم و وەڵامم نەداوە. هەر دووکمان لە ماڵەوە چووینە دەرەوە و سواری

ئۆتۆمبێل بووین هێشتا ستارتەکەی لێ نەدا بوو وتی:

- زوو بۆم بگێڕەوە دوێشەو چ ڕووی داوە با جوێنبارانت نەکەم.

بۆم گێڕاوە بەڵام نە هەمووی. ئەو بەشەی کە دەبا بمکوتبا ئەوەم گێڕاوە وتی:

- دەی باشە. بۆ دەستپێک ئەمە باشە.

لەگەڵ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەی لێ دەخوڕی وتی:

- تەواوی ئەوانەی گێڕاتەوە دەبێتە کاتژمێرێک ئەی دوو کاتژمێرەکەی تر چیتان کرد؟

- تەح ماڵتە کاوە زۆری لێ دەڵێی. ئۆتۆمبێلەکەت لێ بخوڕە.

سەیرێکی کردم و پێکەنی و وتم:

- دەی سەبارەت بە داهاتووش قسەمان کرد ئیتر.

قاقای کێشا و وتی:

- دەی هیچتان دەستگیر بوو؟

- هەندێ بڕیارمان دا.

کاوە – بۆ داهاتوو یان هەر بۆ ئەو کاتەتان؟

- ئەرێ دە کەرەکەر.

لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی وتی:

- مەبەستم ئەوەیە بڕیارەکانتان درێژماوە یان کورتماوە بوو؟

- ئەرێ دێڵی قسە بکەم یان نا؟ برا قسەت بۆ ناکەم.

کاوە – دەی فەرموون.

- کرێی ئەم ماڵە تا کەیە؟

کاوە – دەی نیگەرانی ئەوە مەبن. هەر کات ویستتان سەبارەت بە داهاتوو بڕیار بدەن ئەوێ ئامادەیە.

- هیچ قسە ناکەم. ئاپارتمانەکەشت بۆ خۆت.

کاوە – ئەرێ دە خۆ هیچم نەوت. مەبەستم ئەوەیە جارێ من بە کرێم گرتووە. خاوەنەکەی ژنێکە هاوڕێمە.

- نەچین قسەی لەگەڵ بکەین؟

کاوە – چییە ئەویش بێ سەبارەت بە داهاتووتان قسە بکات؟

- هەر فشە دەکەی.

- نا مەبەستم ئەوەیە کە بۆ ئەوە با من بڕیار بدەم.

پێکەنیم هات و وتم:

- مۆبل و موبیلیاتی تر؟

کاوە – چت لە مۆبلەکان داوە. ژووری نووستنت نەدیوە؟

- ئای کا حەمە کاوە.

کاوە – مەبەستم ئەوەیە هەر مۆبلەکان نین. قەرەوێڵەیش هەیە، مێزیش هەیە. تەلەڤیزیۆنیش هەیە، ساردینگ و ...

- دەمەوێ بڵێم ئەی ئەم کەرەسانە؟

کاوە – ئەوانەش دەبەیە داهاتوو؟

- یانی ئەوانەشم دەوێ. چەندەت پارەت پێداوە پێت دەدەمەوە.

کاوە – سەری بنەوە. من نامهەوێ.

- ئەی خۆت؟

کاوە – مەبەستت خۆمە یان داهاتووەکەم؟

- دەی فشە مەکە.

کاوە – شوێنێ بە کرێ دەگرم و کەمێک موبیلیات دەکڕم و دەچمە سەر ماڵ و حاڵی خۆم. نیگەرانی ئەوانە مەبە.

- دەستخۆش بێت. بەڵام هەندێ شتی دیکەشم دەوێ. هەڵبەت وردە شتە. ئەوانی تر ئامادەیە.

کاوە – لە داشبۆردەکەدا قەڵەم و کاغەز دەربێنە چیم وت بینووسە.

- دەزانی؟

لە ناو داشبۆردەکەدا قەڵەم و دەفتەرێکم دەرهێنا و وتم:

- فەرموو؟

کاوە – ئەو وردە شتانەی وا بە ڕاستی پێویستن و هەرگیزیش نەمدیون.

بەڵام نەبوونیان دیارە و زۆریش بە کەڵکن.

- ئافەرەم بیڵێ.

کاوە – گۆشتکوت.

سەیرم کرد و وتی:

- بە گیانی تۆ بە ڕاستمە.

- ماڵتە ئەم هەمووە شتە هەیە تۆ ئەوەت بینی؟! خۆ ئێمە لەوێ نۆکاو دروست ناکەین.

کاوە – خۆ گۆشتکوت هەر بۆ نۆکاو نییە. هەزاران قازانجی لە خۆ گرتووە.

- چ قازانجێ؟

کاوە – دەینێری بۆ ئەم و ئەو. دراوسێکان دێن دەڵێن تکایە گۆشتکوتمان دەوێ دەی تۆش بە ئەمانەت پێیان دەدەی. دەنا دراوسێکەتان دڵی دێشێت.

- ئەمە ئەمانەت دانە نەک ناردن.

کاوە – دەی یاری بە وشەکان مەکە. ئەوانەی وتم بینووسە. چت داوە؟ ئەمانە وردەکارین. من چوون بە تەواوەتی لەوێ نەبووم ئەمانەم نەکرێوە.

- باشە دەی. گۆشتکوت.

کاوە – تیرۆک.

- پیاوی چاک بە تیرۆکمان بۆ چییە؟

کاوە - ڕەنگە لە داهاتوودا ویستتان پیتزاش دروست بکەن. هەویرەکە بە چی پان دەکەنەوە؟

- دەی پیتزا لە دەرەوە دەکڕین.

کاوە – تیرۆکیش وەکوو گۆشتکوت کارکردی زۆری هەیە.

- مەبەستت ئەمانەت دان و ناردن بۆ دەر و دراوسێکانە؟

کاوە – ئەیچی. دەزانی مافی دراوسێ لە سەرمان چەندەیە؟! ناکرێ پشتگوێ بخرێن. ئەی ئەگەر لەتە گۆشتێک بکوتی و ستەیەکی بکەی بە چی دەیکەی؟

- دەی هەر بەو گۆشتکوتە دەیکەین.

کاوە – ئەوەت داوە بە قەرز. من لە خۆڕا شتت پێناڵێم.

- برا باشە دەی ئەمەش تیرۆک.

کاوە – ناسووست نووسی؟

- ئیدی خۆت کەر مەکە.

کاوە – هاتوو نیوەشەو ئاوەڕۆتان گیرا. بەو نیوەشەوە وەستاکار لە کوێ دێنی ئاوەڕۆکەت بۆ بکاتەوە. ئاو ماڵەکەت هەڵدەگرێ. ئەمانە زۆر پێویستن چاو لەوە مەکە گرنگ نین. ئەگەر دراوسێکەتان هات و وتی ...

- عەمری ئەو دراوسێیەمان نەمێنی وا هیچ لە ماڵیدا نییە و هەر دێ لەم و لەو قەرز دەکا. تۆخوا ئەمە کەی دراوسێیە.

کاوە – هەهـ دراوسێی وا هەیە دووی نیوەشەو دێ لە دەرگا دەدا داوای سپیاو دەکا بینووسە. ناسووسی دەوێ.

- باشە دەی دەینووسم. چی تریش؟

کاوە – ساتۆرە و قەندشکێن.

سەیریم کرد بۆ ئەوەی بزانم بە ڕاستییەتی یان نا؟!

کاوە – دە بینووسە دەی.

- ساتوور و قەندشکێن بۆ ناردن و قەرزدان بە دراوسێکانە؟

کاوە – ئەوە بۆ ئەوەی شەش مانگی تر کە لەگەڵ هاوسەرەکەت شەڕتان بوو و ئەو ساتۆری هەڵگرت با تۆ داماویش لانیکەم قەندشکێنێت پێ بێ بەرگری لە خۆت بکەی. بینووسە.

- ئەرێ دە گوو مەخۆ. نامەوێ. من وامزانی تۆی کەمێک لە من عاقڵتری.

پێکەنی و پاش کەمێک گەیشتینە کارگە و چووینە ژوورەوە و چووینە نهۆمی سەرەوە بەرەو نووسینگەکەمان و کاوە بە خاتوو تابەندەی وت کە بانگ لە مەشەدی عەولا بکات. پاش کەمێک مەشەدی عەبە هاتە نووسینگە و سڵاوی کرد و کاوە پێی وت:

- سڵاو لە مەشەدی عەبەی ڕوومانگ. هەواڵت دا ئەوڕۆ ڕۆژێکی کارییە؟

مەشەدی عەبە – کاکە گیان هەر نان و پەنیر و چایی بێنم یان هێلکە و ڕۆنیش؟

کاوه – ماڵت نەشێوێ کەی کاتی هەڵمەلەقوتکردنە؟!

مەشەدی عەبە – ئەی چ بکەم؟

کاوه – نان و پەنیر و کەره و چا بێنه و کەمێک هەنگوینی لەگەڵ بێ زۆر باشە.

مەشەدی عەبە – کاکە گیان ئەمە هەر وەک ئەو ڕۆژەی لێ دێ؟

کاوه – ڕاست دەکەی؟ دەی چوار پێنج دانە هێلکە بکە ڕۆنەوە.

مەشەدی عەبە – بە سەرچاو کاکە گیان.

کاوه – چاوت گەش. زوو بڕۆ و زوو وەرەوە. کاتژمێری کار دەست پێدەکات. نەکا مشکلۆزمەی باوکم و مامم بێن.

مەشەدی عەبە چوو بەرچایی بێنێ و کاوه وتی:

– سەر مێزەکە بەتاڵکە ئێستا بەرچایی دێنن.

لەم کاتەدا خاتوو تابەندە لە دەرگای دا و هاتە ژوورەوە و وتی:

– ببوورە کاک کاوه ئەم دۆسیانە دەبێ هەموویان واژۆ بکرێن.

کاوه – دیسان ڕۆژ بووەوە و چاومان پێت کەوت. کچێ بۆ ناکەی وازمان لێ بێنی با کەمێک پشوو بدەین؟ کەرەی بەیانیان لێ دێ ئێمە ئیسترێسمان هەیە.

خاتوو تابەندە پێکەنی وتی:

– ئەمانە کارەکانی هەموو جێبەجێ بووە تەنیا واژۆکانی ماوە.

کاوه – دە کاره سەختەکە هەر واژۆکەیە. بەرپرسایەتییە قورسەکە لە سەر ئەستۆی واژۆکارە. ئەگەر لەم دۆسیانەدا هەڵەیەکت لێ وەشابێتەوە مامم و باوکم ئێمە دارکاری دەکەن نە باوکی بەڕێزی جەنابت.

خاتوو تابەندە – خاترجەم بن کاک کاوه. دەبێلەکان پشکنراون و بێکێشەن و ئێوە تەنیا واژۆی بکەن.

کاوه – برا نیوکاتژمێر لێرە دانیشن و چەند جار پڕۆڤەی واژۆکەمان بکە کە خۆت ئەوەش بکەی و ئێمە کەرەی بەیانی ئەم هەمووە زەحتەمان لە سەر نەبێت.

خاتوو تابەندە هەر پێدەکەنی. دۆسییەکانم لێ وەرگرت و دەستخۆشیم لێ

کرد و ڕۆشت.

- کاوە عەیبە. ئێمە خۆ لەم کارگە هیچ ئیشێک ناکەین.

- بۆ ئەو خەڵکە چی دەکەن؟

کاوە – هەموو ئەو کەسانەی وا ئیش دەکەن ئەگەر کارکەری تێدا بێ تەنیا دە لە سەدە ئەوانی دیکە کەڵک لە کار کردنی ئەوان وەردەگرن. ئەگەر تەنیا سی لە سەدیان کاریان بکردایە ئێستا ئێمە دۆخێکی باشترمان هەبوو. جارێ تۆ ئەمانە واژۆ بکە دەستت نەیەشێ واژۆیەکیش لە بری من بکە با زووتر کاروبارەکان جێبەجێ بێت.

- ئای لە کا حەمە کاوە.

لە پشت مێزەکە دانیشتم و دەستم کرد بە سەیرکردنی دۆسییەکان و یەکە یەکە واژۆم دەکردن. کاوە قسەی دەکرد.

کاوە – دەزانی حەزم لە چییە؟

وەڵامم نەداوە و وتی:

- هەی ماڵتە تۆش.

- بیڵێ گوێت بۆ دەگرم.

کاوە – حەزم لێیە ڕۆژێ شازادە خاتوونێکی نەشمیل و دەلال بە ئەسپێکی سپییەوە بێتە بەر دەرگای ماڵم و من سواری ئەسپەکەی بکا و لێرە بمبا. بمبا بمبا بمبا بۆ ناو هەقایەتەکان.

سەرم هەڵبڕی و وتم:

- خوا بتباتەوە کاوە. تۆ تێربوونت نییە. فەقیرە ئەوەندە کوێرەوەری دەکێشی لێرە.

کاوە – نا. بەڵام پێم خۆشە بچمە ناو دنیا هەقایەتەکان.

- دەی بۆ؟

کاوە – دەمەوێ بزانم ئەم جوانی نوستووە و کەزی زێڕین و سیندرلا هەر بە ڕاست ژیکەڵە و لە بەردڵان بوون، یان هەمووی درۆیە. بە منداڵی ئاواتم بوو کوڕێکی گەورەساڵ بام، بەڵام خەفەتم دەخوارد چوونکە منداڵ بووم. ئەوەندە

ئیرەییم بەم کوڕانە دەبرد هەر مەپرسە.

لەم کاتەدا مەشەدی عەبە بە سینی بەیانیانەوە هات و کاوە لە سەر مێزەکەی من شوێنێکی کردەوە و لەوێی دانا، دۆسییەکانی هەڵگرت و لە سەر مێزەکەی خۆی دانا، هاتە سەر مێزەکەی من و وتی:

- بیخۆ هەتا سارد نەبۆتەوە.

دەستم کرد بە خواردن و وتی:

- بە ڕاستی ڕۆژێکی کاریی باش و بەسوودمان دەست پێکرد. هیوادارم هەتا کۆتاییەکەی سەرکەوتووانە بێت. بە ناوی خوا.

ئینجا پارووپەکی لە هێلکە و ڕۆنەکە گرت و وتی:

- هەندێ جار خۆمم دەخستە جێی کوڕە شازادەکەی ناو کارتۆنی سیندرلا. لە بیرتە باوکی میوانییەکی بۆ گرت، کە کچێکی بۆ هەڵبژێرێ و ئینجا سیندرلا بە کەژاوە و نۆکەر و کارەکەرەوە کە مشک و کولەکەکان بوون و جادوو ببوون هاتن؟

لەگەڵ ئەوەی بەرچاییم دەخوارد سەیرم کرد.

- ئەرێ.

کاوە – ئینجا شازادەی بینی و لە ناو هەموو کچەکاندا عاشقی سیندرلا بوو؟

- ئەرێ کچەکانی دیکە جوان نەبوون.

کاوە – من خۆمم لە جێی ئەو شازادە وێنا دەکرد، سەرەڕای ئەوەی کچەکان تر جوان نەبوون بەڵام هەر کە چاوم پێیان دەکەوت دڵم لە خۆ دەبووەوە و دەچوومە لای سیندرلا. یەکیان قژی ڕەش بوو. خراپیش نەبوو. بەڵام سیندرلا شتێکی تر بوو. بە خۆمم وت خۆ سیندرلا هی من نییە، دەبا سەبارەت بە سیندرلا زیاتر بزانم.

پێدەکەنیم کە لە دەرگایان دا، کاوە تیژ هەستا چووە پشت مێزەکان دانیشت و باوکم هاتە ژوورەوە. سینی بەرچایی لە سەر مێزەکەی من بوو و دۆسییەکانیش لە سەر مێزی کاوە.

پاروەکە بە دەستمەوە بوو، لە جێی خۆم وشک بووم. باوکم بزەیەکی هات

و چووه لای کاوه. منیش بینیم که ئەم کتوپڕ کوشتووە یەکێک لە دۆسییەکانی منی کردووەتەوە و بە خەیاڵی خەریکە دەیپشکنێت. ئەوەندە قەڵسبووم پێمخۆش بوو ملی بپەڕێنم.

تیژ سڵاوم کرد و باوکم وەڵامی دامەوە و کاوە سەری لە سەر دۆسییەکە هێنا دەرەوە و سڵاوی کرد و وتی:

- ببوورە مامە گیان. بیرم لای دۆسییەکان بوو. سڵاو لە منەوە.

باوکم سەری لەقاند و وتی:

- خێرا کارەکانی بکەن با بیاننێرین.

ئینجا گەڕاوە لای من و وتی:

- بەرچاییەکەت خوارد یارمەتی بدە.

کاوە خێرا وتی:

- بە چاوان، بە چاوان. نەمهێشت بەرچاییەکەی بخوا. دوێنێشەویش نانی نەخواردووە. برسی بوو. ئێستا هاتووە نان دەخوات. بە چاوان.

باوکم دەرگاکەی داخست سەیرێکی کاوەم کرد، کە دۆسییەکەی داخست و هاتە سەر مێزی نان خواردنەکە و وتم:

- کاوە زۆر خراپی.

کاوە – بۆچی؟

- خۆت بە چاک پیشان دا؟

کاوە – ئەی چیم بکردایە؟ هاتبووە ژوورەوە. باشتر لەوە بوو هەر دووکمان خراپەکە بین. سینی بەرچایی لە سەر مێزی تۆ بوو. خۆ نەدەکرا حاشای لێ بکەم. دۆسییەکان لە سەر مێزەکەی من بوون. دەبا وام پیشان دایە کە یەکمان پشوو دەدەین و یەکیمان ئیش دەکەین.

پێکەنیم و وتم:

- تۆ چۆن زانیت و دەرپەڕیتە سەر مێزەکە؟

کاوە – ئەم کاتانە هەر ئەوان دێن سەرمان دەدەن. نانەکەش سارد بووە. باوکێکی کاتەناست هەیە تەح. قەت نەکرا ئەمانە هەڵەیەک بکەن و ئێمە پێیان

بزانین و تۆڵەیان لێ بکەینەوە و جا پێیان پێبکەنین.

- چوونکە ئەوان ژیرن.

کاوە – کورە نەوەڵا. حەیایان تکاوە. گەنجییەتی خۆیان چی نەماوە نەیکەن؟! ماڵتە ئەم هێلکەورۆنە ساردیش بۆتەوە، هەر خۆشە. زوو بخۆ ئێستا ئەوی تریان دێت. کەی ئەمانە خانەنشین دەکرێن و ئێمەش خەیاڵمان ئاسوودە بێت. بەخ بەخ لەم هەنگوینە. چەند خۆشە؟!

لەگەڵ ئەوەی نانی دەخوارد دوگمەی ئایفۆنەکەی لێدا و خاتوو تابەندەی بانگکرد و پاش کەمێ هاتە نووسینگە و کاوە وتی:

- خاتوو تابەندە تۆش تۆڵەمان لێ دەکەیتەوە؟

خاتوو تابەندە – بە خودا سڵاویان لێکردم و هاتنە ژوورەوە.

کاوە – دەی لەم کاتانەدا جۆرێک سەرقاڵیان بکە.

خاتوو تابەندە – باشە چۆن؟

کاوە – بۆ وێنە بڵێ زەوی خرە. ئینجا زەنگ بۆ ئایفۆنەکەمان لێدە. یان بە قەستی پرسیار بکە. بە کورتی کارێک بکە چووزانم؟! بە بەڵگەی تاوانەوە گرتمانیان، دڵت خۆشبوو؟

خاتوو تابەندە پێدەکەنی. منیش پێدەکەنیم.

کاوە – باشە برۆ. ناپاک.

خاتوو تابەندە رۆیی و ئێمەش بەرچاییمان خوارد و دۆسییەکانم واژۆ کرد و پێمدا رۆی.

کاتژمێر نزیکەی یازدە بوو. مەهتاب بوو. تیژ وەڵامم داوە.

- سڵاو.

مەهتاب – سڵاو ماندوو نەبی.

- مەمنون سوپاس.

مەهتاب – خۆ مزاحیم نیم؟

- نا.

پێکەنی و وتی:

- من ئامادەم.

کەمێک بێدەنگ بووم و وتم:

- چی؟

مەهتاب – نەکا پەشیمان بووبێتییەوە.

- لە چی؟

مەهتاب – ئەورۆ دەبا من چم بکردایە؟

- ئەها ببوورە نەمزانی.

مەهتاب – دەی؟

پێکەنیم و وتم: - دیسان تێنەگەیشتم.

مەهتاب پێکەنی و وتی: - دەمەوێ لەگەڵ کچەکان ئەوێ خاوێن بکەینەوە. هەڵبەت ئەگەر کلیلمان پێ بدەن.

خێرا وتم:

- باشە باشە. ئێستا لە کوێی؟ کلیلەکانت بۆ بنێرمە کوێ؟

کاوە ئاماژەی کرد کە چی بووە منیش وتم:

- دەچن ئاپارتمانەکە خاوێن دەکەنەوە.

کاوە – کرێکارت گرتووە بۆ ئەوێ؟

بە ئەسپایی وتم:

- کرێکاری چی؟ مەهتاب وان دەیانهەوێ بچنە ئەوێ ئامادەی بکەن؟

بزەیەکی هات و وتی:

- مەهتاب دەناسم. بەڵام ئەوانی تر کێن؟

بە ئاماژە وتم نازانم و ئەویش بە ئاماژە وتی بپرسە.

- مەهتاب گیان ئەگەر کەس لەوێ نییە چەند کەس بنێرم؟

مەهتاب – نا هەن. ژیلا و کچەکانی تر هەن.

- ئەها.

خێرا بە کاوەم وت:

- لەگەڵ دادە ژیلا و ئەوانی تر دەچن. هەر کلیلەکەی لای منە.

کاوه – ئای سەگباب کلیلەکەت بۆ هەڵگرتووە؟ بمدەوە بزانم. بڵێ کاوە ئێستا تیژ دێ بۆ لاتان کلیلەکەتان پێ دەگەیێنێت. بڵێ دەستماڵی پاکژکەرەوەش دێنم. زەویشۆریش دێنم. بڵێ پاودر نەکڕن ئەویش دێنم. بڵێ نیوکاتژمێری دیکە لە بەر دەرگای بیناکە بن من بە کلیلەوە دێم.

- تۆ بۆ دەچی؟ بە ماتۆر نەفەرێک دەنێرم کلیلەکەیان بۆ دەبات.

کاوه – نابێ شتی وا نابێ. بۆ دێڵم ئەم خاتوونانە خۆیان موبیلیاتەکان بگوازنەوە؟! چوار دانە خانمن خۆ ناکرێ وەکوو حەماڵ ئیش بکەن. خانمان هەر نابێ ئیش بکەن. تۆ کوڕێکی زۆر ستەمکاری. بڵێ کاوە بە ئاژانسە پاک و خاوێنەکەیەوە دێت.

تا هاتم قسە بکەم دەرگاکەی کردەوە و ڕۆی. بە مەهتابم وت کاتژمێرێکی تر لە بەر دەرگای بیناکە چاوەڕێمان بکەن. منیش بە دوای کاوەدا ڕۆشتم و ماڵاواییم لە خاتوو تابەندە کرد. کاوە وتی:

- لە بەر دەرگای باوکم و ئەوانەوە نەڕۆین بە خوا بمانبینن قوڕ دەکرێ بە سەرماندا لە پلیکانی نائاساییەوە دەڕۆینە دەرەوە.

- ئەوە دەرگاکەی داخراوە.

کاوە – کلیلەکەیم هەیە.

هەر دووکمان بە ئەسپایی لە ڕێڕەوەکە چووینە دەرەوە و گەیشتینە پلیکانی نائاسایی و کاوە دەرگا قوفڵکراوەکەی کردەوە لە ناکاو مامم دەرکەوت و بە سەرسووڕمانەوە سەیری کردین و وتی:

- ئەوە لێرە چی دەکەن؟

خێرا سڵاومان کرد و کاوە وتی:

- ئەوە دەیپشکنین بزانین چۆنە.

مامم سەیرێکی کرد و وتی:

- پلەی نائاسایی پشکنینی ناوێ.

کاوە – باوکەکەی من ئەوە کەی قسەیە؟! هەموو شوێنێ پشکنینی دەوێ. ئەگەر خوا بەو ڕۆژ نەکا ئاگرکەوتنەوەیەک ڕوویدا چیبکەین؟ ئەگەر پلیکانەکان

عەیبدار بن چبکەین؟

- چییە هەتیو خەریکی چ بەزمێکی؟

- باوکی وام هەر نەدیوە هەر شکی لە کوڕی خۆیەتی.

مامم – ئای هەتیو. دەستت بکەوە بزانم دەتهەوێ چ بکەی؟

کاوە لەگەڵ ئەوەی قوفڵی ڕێڕەوی پلیکانی نائاسایی دەکردەوە وتی:

- دەبێ شتێک ڕوو بدا جا پشکنین بکەین؟

ئینجا دەرگاکەی کردەوە و وتی:

- بەخ بەخ. ئێرەیان کردووە بە کۆگا. کردوویانە بە زبڵدان. ئێستا پشکنەر بێ ئێوە چ دەکەن؟ ئەمانە بۆ لێرەن؟

من و مامم هەر وا سەیرمان دەکرد و چەند دانە کارتۆنیان لەوێ هەڵچنیبوو.

مامم – کێ ئەمانەی لێرە داناوە؟

کاوە – تەماشا باوکەکەی من؟ لە خۆڕا لە کوڕەکەتان بە گومانن.

مامم لەگەڵ ئەوەی سەیری کارتۆنەکانی دەکرد و هەوڵی دەدا سەیری کاوە نەکا وتی:

- باشە دەی. پێیان بڵێ بێن ئەمانە لا ببەن.

کاوە – بە سەرچاو. بچینە خوارەوە بزانین چی لێیە؟

هەر کات دەستبەتاڵ بین ئەوە هەموو شوێنێ دەپشکنین باوکە گیان. هەر ئێمەت بینی لە نووسینگە نەبووین ئەوە بزانە خەریکی پشکنینین.

مامم – زوو پێیان بڵێ بێن ئەمانە لا بەن.

وەڕێکەوتین و وتی:

- ڕاوەستن بزانم. ئەو کچە بوو بە چی؟ درۆت کرد؟

کاوە – باوکەکەی من، من درۆ ناکەم.

مامم – دەی بۆ نەهاتی پێم بڵێی؟

کاوە – باوکە گیان زۆر چاوچنۆک و تەماحکار بوون.

مام – چۆن؟

کاوە – لیرەکانی بە ساڵی زایینی دەویست نەک هەتاوی.

مامم – چۆن؟

کاوه – دەیوت دەبێ هەزار و نۆسەد و ئەوەندەم بکەیتە مارەییم.

مامم – خۆ خوازبێنی لە کچی باڵوێزی ئەمریکا ناکەین یان کچ لە ئاڵمانەوە ناگوازینەوە؟

کاوه – هێشتا ئەوە باشە. وتی نەخت دەمەوێ.

مامم – چی؟ نەخت؟ ئێمە لێرە بارمان بۆ دادەگرن چەکی پێنج شەش مانگەیان پێ دەدەین. ئەوە کچت دۆزیوەتەوە؟ خۆ باوکت نەمردووە؟! کچە تیوەیە؟

کاوه – نازانم بە خوا باوکە گیان. ڕەنگە.

مامم – ئەوە کچت دۆزیوەتەوە؟ ئەوە ئەوەندەتان بۆیان خەرج کردووە بۆیە چێشتە خۆرە بوون. بڵێ خەیاڵت خاوە. ئەنجلیناجوولییە؟!

کاوه – بەرەڵام کرد باوکە گیان.

مامم – چاکت کرد. کچی باشم پێ شک دێت. باوکی لە دوو کارگەی شیمال کار دەکات. چوار بینای خەریکی دروست کردنە. زەوی هەیە ...

کاوه – باوکەکەی من، ڕاوەستە ئەوە خۆم دانەیەکەم لە ئیسفەهان دۆزیوەتەوە باوکی کارگەی توانەی ئاسنی هەیە.

مامم – بە ڕاستە؟

کاوه – درۆ ناکەم بە خودا. سامانەکەیان لە هیچ کوێ تەواو نابێت. دوو خوشکن، دووانەن.

مامم – شۆرەتیان چییە؟

کاوه – جارێ شۆرەتیان نازانم.

مامم – ئەی چووزانی دەوڵەمەند و زەنگینن؟! ناوی چییە؟

کاوه – هادی و هۆدا[11].

مامم – هادی؟

[11]- ناوی دوو کەسایەتی فیلمێکی کارتۆنی

کاوه – بۆ وتوومه هادی؟

مامم – شتێکی وام بیست.

کاوه - هاله و هودا.

مامم – تێگەیشتم. ئەمە لە دەست مەدە.

ئینجا بێدەنگ بوو و وتی:

- دا ڕاوەستە بزانم. کارگەی تووانەوەی ئیسفەهان خۆ نیشتمانییە.

کاوه – ئەو کارگەیە نا. کارگەی ئاسن تووانەوەیەکی تریان هەیە.

مامم – هەتا ئێستا نەمبیستووە کارگەی ئاسن تووانەوەیەکی ترمان هەبێت.

کاوه – ئاسن ناتوێننەوە، چۆدەن و مەفرەق و ئەلەمینیۆم دەتوێننەوە و شتی پێ دروست دەکەن. وەک ئەوانەی وا بە وانێتێکەوە دێن و ئەوەندە تەمبەڵن شرێتێک لە سەر دەخەن و دەگوورێنن ئاسنەواڵە، چۆدەن، مەفرەق، ئەلەمینیۆم دەکرینەوە.

مامم – باوکی کچە وانێتێکی پێیە بە ناو شەقامەکاندا دەخولێتەوە و ئیش دەکات؟

کاوه – نا باوکە گیان. ئەمانە دەیکڕن و بە کارگەی دەفرۆشن.

مامم – ماڵیان لە کوێیە؟

کاوه – ماڵی خۆیان لە دووبەیە. لێرەش ماڵێکی ڤێلاییان لە زافەرانییە هەیە. بەڵام زیاتر لێرەن.

مامم – لێی بکۆڵەوە بزانە ڕاست دەکات.

کاوه – هەتا دووبەی توێژینەوەم کردووە جا توێژینەوە.

مامم – ماڵەکەی ئێرەیان دەڵێم.

کاوه - کردوومە. چەندین جاریش. ئێوە دڵنیا بن.

مامم – لە هەر حاڵەتێکدا ددانیان لێ تیژ کردووی. زوو بچنەوە سەر ئیشەکەتان.

هەر دووکمان بەسەرچاویکمان وت و من و کاوه لە پلیکانەکان چووینە خوارەوە و سواری ئۆتۆمبیل بووین و تیژ لە کارگە دەرچووین و وتم:

- به چیدا زانیت کارتۆنیان لەوێ داناوە؟

کاوە - خۆم لەوێ دامناوە. ماوەیەک بەر لە ئیستا کۆمەڵێ شتیان هێنا و لەوێ بەتالیان کردەوە و لەوێ دایاننا کە دواتر بیبەنە خوارەوە. من لە بیرم چوو پێیان بڵێم لەوێی دابنێن.

- باش بوو چانسمان هێنا. خۆ باوکی تۆ لە باوکی من خراپترە.

کاوە - باوکی من گوڵە. تەنیا خراپییەکەی لەوەدایە چاکم دەناسێ ناتوانم هەڵیخەڵەتێنم.

- ئیستا تۆ دەتهەوێ بچیتە ئەوێ چی بکەی؟

کاوە - کوێ؟

- پاک و خاوێنکردنەوەی ئاپارتمان.

کاوە - کوڕی باش فێر بە. هەر کات کۆمەڵێ کچ لە شوێنێک کۆ بوونەوە تۆش بچۆ ئەوێ. مەبەستم ئەوەیە نەکا یارمەتییەکیان پێویست بێ. ئیستا تەلەفۆنێ بۆ مەهتاب بکە بڵێ ئەوە بەڕێوەین.

- جارێ کاتمان هەیە. ئەگەر کەمێک کەمتر لەگەڵ باوکت قسە بکەی. لە کاتی خۆیدا فریای هەموو کارێ دەکەوین. هەر جارێ مامم ئێمە دەبینێ و کاتژمێرێ پرسیاربارانمان دەکا و هەمیشە وەدرەنگ دەکەوین.

کاوە - باوکمە چیبکەم. خۆ ناتوانم فڕێی بدەم. دوایەش من کەی تۆم درەنگ گەیاندووە بەرخە گیان. دانیشە با بڕۆین.

وای گاز دا پشتم بە کورسییەکەوە نووسا.

بیست خولەکی پێنەچوو گەیشتینە بەر دەرگای ماڵەوە. خوا بەوە ڕەحمی کرد تووشی ڕووداوی هاتوچۆ نەبووین. باش دەزانم کامێرای ترافیک پەنجا وێنەی لێ هەڵگرتین. گەیشتین و مەهتاب و ژیلا و دوو کچی ترم بینی کە لە بەر دەرگای بیناکە ڕاوەستابوون.

ئەم لای کۆڵانەکەی شوێنی پارککردن بوو، دابەزین و مەهتاب و ژیلا هاتن و کاوە ئۆتۆمبێلەکەی داخست و سڵاوی لێکردن و هەواڵپرسیمان کرد.

کاوە - دادە ئێوە خۆتان بۆ ئەزیەت دەدەن؟! دوو کرێکار دەهاتن بە دوو

کاتژمێر خاوێنیان دەکردەوە.

مەهتاب – نا خۆ خاوێنە. هەر پێم خۆش بوو ژیلاش بێ ببینێ و کەمێکیش پاکژی بکەینەوە.

کاوە – دەی ژیلا گیان دەستت ئەگەر بەتاڵ بوو دوو ڕۆژ وەرە ماڵی ئێمە و کەمێکیش دەستێ به ماڵی ئێمەدا بێنە.

ژیلا – وەڵا خۆ پێشم خۆشە باوکت ببینم. وتت سەڵتە؟

کاوە - وتم دەستێ بە ماڵەکەدا بێنە نە دەستێ بە سەر و دڵی باوکم. جا ئەم سەرە پیرییە باوکم لە کۆڵ بکەوە. هەتا ئێستا دۆستم بووی ئێستا دەبیتە باوەژنم.

ژیلا دای لە قاقای پێکەنین و وتی:

- من هەر جارێ باوکت ببینم ئەوە تۆ دەبیتە خاوەن دایک.

کاوە – وەڵا خۆ لە دەستت دێت. باوکم زۆر تەواویش نییە. بە خودا چاوی پێت بکەوێ هەموو ماڵ و داراییەکەی دەکا بە ناوتەوە.

مەهتاب لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی وتی:

- وەرە با بڕۆین کچەکان چاوەڕێن.

کاوە – خوا زەلیلم بکا ئەگەر بێڵم ئەم خانمانە دەست لە کار بدەن.

چووینە ئەو لا و ویستم کار بکەم و لەگەڵ هاوڕێکانی مەهتاب ئاشنا بم کە کاوە خێرا وتی:

- سڵاو لە ئێوەی خانمانی هێژا. ببوورن تۆ خودا. هەموو خەتای ژیلا و مەهتابە کە پێشتر ئاگاداریان نەکردینەوە ئامادەکارییەک بکەین. ئێستا تەلەفۆن بۆ ئەم بزنە دەکەم کە مەڕێک بێنێ قوربانی بکەین.

هەموو پێکەوە وتیان:

- نە تۆخودا. من خوێن ببینم دەبوورێمەوە.

- کارێکی زۆر ناحەزە. بە خودا ناحەزە.

- فەقیرە مەڕی داماو.

کاوە – نیگەران مەبن. نا خولکی مەڕەکەمان کرد، بەڵام وتی نایەم. مەڕیش

ئێستا قوت و وریا بوون دەزانن کاتی بانگهێشتی شوێنێکیان دەکەن بێمەبەست نییە. جا ئێستا تکایە ناوەکانتان و ژمارە موبایلەکانتان بفەرموون با من بینووسم ڕەنگە دواتر پێویستمان پێی بێت. ١. ژیلا ٢ ...

ژیلا – باشە بۆچی دەینووسی؟

کاوە – ڕەنگە مالی پوورم، خالم و مامم کاری خاوێنکردنەوەی ناو مالیان بوو تەلەفۆنم بۆ ئێوە کرد.

کچەکان پێکەنین و یەکیان وتی:

- دەستتان خۆش بی کاک کاوە. ئێمە کارەکەرین؟!

کاوە – نا وا مەفەرموون. دوای ئەوەی مالمان خاوێن کردەوە بانگهێشتتان دەکەین تەشریف بێننە سەر چاومان.

ژیلا – کاوە دەرگاکە دەکەیەوە یان نا؟

کاوە – دەیکەمەوە. بۆچی شەڕ دەکەی؟ بێزاد کلیلەکەم بدەوە بزانم.

بێدەنگ بووم و ئینجا وتم:

- مەگەر کلیلەکەت لە من وەرنەگرت؟

کاوە – وەی بابەڕۆ. وەلا لە کارگە بەجێمهێشت.

ژیلا – کاوە هۆشت لە کوێیە؟

کاوە – چیبکەم. خۆ تۆ هۆش بە پیاوەوە ناهێلیت.

ژیلا پێکەنی و وتی:

- گوو مەخۆ دەی. ئێستا چ بکەین؟

کاوە – ئێوە ئێرە گسک بدەن و ئاوپرژێنی بکەن هەتا من دەچمە کارگە و کلیلەکە هەلدەگرم و زوو دەگەڕێمەوە.

دوو دانە لە کچەکان بە یەکتریان وت:

- ئەی هاوار. کاتژمێرێک دەخایێنێ.

- کاتژمێرێ لە سەر شەقام ڕاوەستین؟!

- کاتژمێر زیاتر دەخایێنێ.

**توورە بووم و وتم:**

- کلیلەکەت بۆ لێم وەرگرت؟

مەهتاب – قەیناکە. کێشەیە و پێش هاتووە.

کاوە – مەهتاب گیان ڕاست دەکات. کێشەیە و پێش هاتووە. بە قوربانی خۆم بێت.

لەم کاتەدا ژیلاش تووڕە بوو و پێشدەکەنی و بە جانتاکەی لە قاچی کاوەی کوتا و وتی:

- لێت بدەم؟!

کاوە – برا بۆ تووڕەن. چاوی کلیل دەرێ. با بۆ خۆی لە کارگەدا بێ بزانم بە کوێ دەگات. بەم کلیلە دەرگا دەکەمەوە. چۆنە؟

لە ناکاو هەموو تووڕە بوون.

ژیلا – کاوە عەمرت نەمێنێ.

یەکێ لە کچەکان:

- خۆ دەمانزانی کاک کاوە شەیتان و قۆشمەیە، بەڵام نەماندەزانی تا ئەو ڕادە.

ژیلا- تا ئەو ڕادە؟ بزۆز و قون بە گێچەڵێکە نەبێتەوە.

کاوە – وامتان ناسیوە؟ با بچینە ژوورەوە خوێن شیرینتریش دەبم.

دەستیم کێشا و چووینە لای دەرگاکە و وتم:

- کاوە بیکەوە درەنگە.

کاوە – دەک بە چاوان.

ئینجا دەستی خستە گیرفانی و لە ناکاو سەیری کردم و وتی:

- ئەی هاوار زەویشۆرم نەهێناوە.

هەموومان چووینە پێشەوە کاوە بە کلیل دەرگاکەی کردەوە و چووینە ژوورەوە وتی:

- زەویشۆر بە جەهەندەم دەستماڵی بێ پۆرزم لە بیر چوو.

بۆ لای مەهتاب پاڵم پێوە نا کە بڕواتە ژوورەوە و ئینجا ژیلا و هاوڕێکانی چوونە ژوورەوە و من لە دواترەوە. کاوە هات و سواری ئەسانسۆر بووین و

چوونە سەرەوە و کاوە وتی:
- ئەورۆ گوول سواری ئەسانسۆر بووە. شەوبۆ. گەزیزە.
بە ئاماژە تێمگەیاند کە دەرگای ئاپارتمانەکە بکاتەوە و وتی:
- فەرموون. بەخێر بێن. زۆر زۆر بەخێر بێن.
هەموو چوونە ژوورەوە، ژیلا و هاوڕێکانی سەیری دەوروبەری ئاپارتمانیان کرد و ئینجا دەستیان کرد بە پێداهەڵگوتن:
ژیلا - ئەح چەند خۆشە؟!
- جوانە.
- ڕۆشن و دڵخوازە.
ژیلا - بە ڕاستیماڵێکی خۆشە.
کاوە - هەموو شتێکی جوانە. بەڵام ئەگەر قالۆنچە لێگەڕێت.
هەموو ترسان و سەیری دەوروبەریان کرد.
ژیلا - بۆ ئێرە قالۆنچەی لێیە؟
کاوە - ئەری بەڵام خاترجەم بە. مشک دەیانخوات کەمێکی تر ئەوانیش دەخورێن.
هەموو پێکەوە وتیان مشک و کاوە وتی:
- برا درۆم کرد. مشکی چی و شتی چی. ئێوە بۆ ئەوەندە ترسنۆکن.
ژیلا - ترساندمانت. جاری لاچۆ با ئەم شوێنە خۆشە تێر بە دڵ ببینم.
کاوە - بە چاوان. من دەچمە چێشتخانە ئاوەکوول دێنم با نیسکافەیەک ساز بکەم. پێتان چۆنە؟
ژیلا - ئافەرم. بژی.
کاوە - ئەوە ڕۆشتم.
من و کاوە چوونە چێشتخانە و کاوەی قاوەسازی هەڵگیرساند و ئاوی تێکرد و منیش چەند دانە کووپم هێنا و لە سەر سینییەکەم دانا.
کچەکانیش سەیری ئاپارتمانیان دەکرد و بە جۆش و تامەزرۆییەوە تاریفیان دەکرد. هەر جارێکیان شتێکی بە گوێی مەهتابدا دەچرپاند و هەمووان پێدەکەنین.

پاش چەند خولەک نیسکافەکان ئامادە بوون و کاوە هەرای لێکردن و منیش سینییەکەم هەڵگرت هێنامە سەر مێزەکە.

هەموو هاتن لە سەر مێزەکە دانیشتن. یەکێک لە کچەکان ناوی ڕەیحان بوو وتی:

- زۆر جوان بوو هیوادارم بەختەوەر بن.

ئەوی تریان ناوی تەرانە بوو، فرمێسکێکی قەتیسماوی سەر کوڵمی سڕی وتی:

- بێگومان بەختەوەر دەبن. بە دڵنیاییەوە.

مەهتاب لە سەر مۆبلەکەی پەنامەوە دانیشتبوو سەیری کردم و پێکەنی و کاوە کووپێکی هەڵگرت دای بە ژیلا و وتی:

- بیخۆ بزانە چم دروست کردووە!

ژیلا - دەستخۆش.

کووپەکەی وەرگرت و لە سەر مێزەکەی دانا و کەمێک سەیری کرد و ئینجا سەری هەڵبڕی و بە دەستی قژی بەرچاوی لابرد و وتی:

- بێزاد؟

سەیرم دەکرد.

ژیلا - شتێکت لێ بپرسم؟! ڕاستەکەی بڵێ.

- فەرموون. بەڵێ.

ژیلا - بە نیازی چی بکەی؟

بە حاڵەتی پرسیارەوە یەکەم سەیری مەهتابم کرد، کە سەری داخستبوو و ئینجا سەیری ژیلام کرد و دیسان ژیلا وتی:

- دەزانم. هەر دووکتان کچ و کوڕێکی چاکن. بە ڕاستی باشن. بەڵام پێم خۆشە لە خۆتانی بپرسم. بیری چی لە مێشکتاندایە؟

بە ئەسپایی وتم:

- بۆچی؟

ژیلا - داهاتوو؟ دەزانم وادەزانی بۆ فزوولیمە. بەڵام من و مەهتاب ڕاست

وەکوو تۆ و کاوەین. هەم هاوڕێین و هەمیش خوشکین. تۆ خۆت ئەگەر کاوە بیهەوێ بۆ ژیان و داهاتووی بڕیار بدا بۆی بەنیگەران نابی؟

- با.

ژیلا – دەی منیش وام.

سەرم ڕاتەکاند. لە ڕاستیدا خوشکی گەورەی مەهتاب بوو.

ژیلا – ئێمە لێرە هەمووومان لە یەکتر دەچین. ئێوەش ئێمە دەناسن. دەزانن ئیشی ئێمە چییە.

ڕەیحانە و تەرانە سەریان داخست و خۆیان سەرقاڵی کووپی نیسکافەکەیان کرد.

ژیلا – من زۆر پێخۆشحاڵم. بۆ مەهتاب. بەڵام پێم خۆش نییە ...

پاشماوەی قسەکەی نەکرد.

بە ئەسپایی وتم:

- هەرچی ڕووی داوە هی ڕابردوو بووە. من ئیتر نامەوێ مەهتاب وەکوو ڕابردوو بێت.

ژیلا – دەی دواتر چی؟

کەمێک بیرم کردەوە و ئینجا وتم:

- من نازانم دواتر دەبێتە چی. بەستە بە زۆر شتە. لەوانەیە من و مەهتاب لێک تێنەگەین. لەوانەیە مەهتاب پێی خۆش نەبێ لەگەڵم بێ. مومکینە من پیاوی دڵخوازی ئەو نەبم و ...

هاتە ناو قسەکەم و وتی:

- من بەڵێنت دەدەمێ کە ئەم قسانە لە گۆڕدا نییە. مەهتاب لە ژیانیدا زۆری مەینەتی و داماوی کێشاوە بە جۆرێک کە بچووکترین خۆشیش ڕازی و کەیفخۆشی دەکات. قسەی لێکتێنەگەیشتن لە ئارادا نییە. لانیکەم بۆ ئێمەمانان. ڕەنگە ئەو کچە نازدارانەی کە نازپەروەردەن بە بچووکترین کێشە ژیانیان تێک بدەن. بەڵام ئێمە نا. ئێمە ئەوەندەمان ناسۆر چەشتووە کە ئاواتەخوازی ئاسایشێکی کەم و تۆزە سۆزێکین. هەر کەس کەمێک لەمەمان پێ بدا بۆ

هەمیشە پێدەزانین.

پاشان لەگەڵ ئەوەی سەیری دەکردم وتی:

- دەزانی چی بێزاد ئەگەر لەگەڵی مێهرەبان نەبی مەهتاب لە ناو دەچێت.

سەیرم کرد. چاوی پڕ بوو لە ئاو. بە ئەسپایی وتم:

- من بەڵێن دەدەم هەر هەموو هەوڵی خۆم دەدەم بۆ ئەوەی مەهتاب بەختەوەر بێت. ئێستا نازانم ئەمەم پێ دەکرێ یان نا. بەلام دڵنیابە هەوڵ و کۆششی خۆم دە[ەم. لە بەر ئەوەی خۆشم دەوێ. تەنیا ئەوەم پێ دەوترێت.

بزەیەکی ئاراستەم کرد و وتی:

- ئەمە بۆ بەختەوەرکردنی کچێک تەواوە. بۆ بەختەوەرکردنی هەموو کچانی دنیا تەواوە. ئەوەی کە کەسێک خۆشی دەوێ و هەوڵی بۆ دەدات. بە ڕاستمە. منیش بەڵێنت پێ دەدەم کە مەهتاب دەبێتە نموونەی ژنێکی باش بۆت. چوونکە دەیناسم بۆیە بەڵێنی وات پێدەدەم.

ئینجا بە ئەسپایی وتی:

- بێزاد. ئێمە لە ژیانماندا زۆر هەڵفریوێنراوین. ئەگەر کارێکیشمان کردبێ یان بووینەتە کەسی هەمووشی خەتای ئێمە نەبووە.

دەستی درێژ کردەوە و کووپەکەی هەڵگرت و کەمێکی لێ خواردەوە.

کاوە سەیری کرد. جەوێکی سەیر بوو. پاش کەمێ پێکەنی و وتی:

- ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە نازانم چەندە دڵخۆشم، کە ئەو ڕۆژە بە پڕوکە لێمان دان؟

ئەمجار هەر چواریان پێکەنین و کاوە وتی:

- زۆر زۆر بێجات کرد. کچە تیوە. منی داماو وامدەزانی لە کردەوەکەت پەشیمانی. شەرت بێ بتخەمە زیندان با برزیی. ئەو هەموو چاکەی لەگەڵم کردی لێتدا ئۆتۆمبێلەکەمت دزی و پێوەی چووی بۆ ئاهەنگ. زۆرت فشە پێ لێدا نا؟

هەموو دایان لە پرمەی پێکەنین و ژیلا وتی:

- نە بە خوا. زۆرم ئاگا لێ بوو. خۆ ویستیشم پێت بدەمەوە.

کاوە – خۆ خۆم هاتم وەرمگرتەوە. لانیکەم لە لای خۆم بڵێ پەشیمانم. با

ئۆخەی بە دڵمدا بێت.

ژیلا – ئەگەر لە ژیانمدا کارێکی شیاوم کردبێ ئەو تێکووتاندنەتان بوو.

کاوە – بە خوا ڕووداری. ئۆتۆمبێل دانەیەک. نزیکەی دە جار جزدانەکەمت لە گیرفان دزیوە.

ژیلا – دەی پێم دەدایەوە.

کاوە – جا تازە. کاتێ دەستم دەخستە ناو گیرفانم و جزدانەکەمی تێدا نەبوو دەپەشۆکام. نەمزانی چ کێشەیەکت لەگەڵ من هەیە؟

ژیلا لەگەڵ ئەوەی نیسکافەکەی دەخواردەوە سەیری کاوەشی دەکرد. ئەویش لەو چاو لێکردنانە.

کاوە – ئاوا چاوم لێ مەکە. دەتخەمە زیندان با بڕێ عاقڵ بی.

ژیلا – کاتێ ئۆتۆمبێلەکەتم دزی لە ئوتووبان پەشیمان بوومەوە. ڕاستییەکەی بێژم لە خۆم هاتەوە.

کاوە – بە ڕاستە یان خەریکی کەرم دەکەی؟

ژیلا – ئەو کاتە پەشیمان بووم.

کاوە – پاش ئەوەی دەورێکی زۆرت پێ لێدا و کەیفت پێکرد ئەو کات پەشیمان بوویتەوە؟

ژیلا – نا. ترسام زوو پێ بزانی و سوویچەکەم هەلگرتووی و بە ئۆتۆمبێلێک بێی بە دوامدا.

کاوە – کە بتگرم و بدەمە دەست ئاسایش؟

ژیلا – نا. پێم عەیب دەبوو چاو ببڕمە چاوت.

من و کاوە سەیرمان کرد.

ژیلا – لەوێ بۆم دەرکەوت چ مرۆڤێکی خراپم.

کاوە – ئەی ئەو هەمووە قسە ناخۆشە چ بوو پێت دەکردم؟

ژیلا – نازانم. لێت توورە بووم. توورە بووم کە بە پێچەوانەی کورەکانی تر تۆ کەسێکی باش بووی و واتکرد کە لە کردەوەکەم پەشیمان ببمەوە و ڕقم لە خۆم هەستێ. هەر بۆیە جنێوم پێدای. خۆ دەمتوانی زۆر باش بیفرۆشم. بەلام

هەرچیم دەکرد دەموچاوت دەهاتە بەر چاوم و نەمدەتوانی. بە خۆمم وت دەچمە ئەو ئاهەنگی هالۆڤینە و بۆی دادەنیشمەوە و تەلەفۆنی بۆ دەکەم. نامەشم بۆ نووسیت. ئەگەر منت نەدۆزیبایەتەوە ڕەنگە زۆر جوان با. واتە بۆچوونت سەربارەت بە من گۆڕابا، بەڵام بە ڕاستی دەمویست بۆت بێنمەوە. خۆ دەزانم باوەڕم پێناکەی، بەڵام درۆم لێ نابیستی. ئێستا چەند ڕۆژی لێ تێپەڕیوە، بەڵام پەشیمان نیم.

کاوە – هەر دەمەوێ سکاڵاکەم وەربگرمەوە شتێک دەڵێ و پەشیمانم دەکاتەوە.

ژیلا – پەشیمان نیم، چونکە بووە هۆی ئەوەی دوو کەس بناسم. تۆ بناسم. ڕوودار مەبە. بەڵام چاکییەکانت منی گۆڕی.

کاوە بزەیەکی هات و وتی:

- دە ئەوە خاڵێکت پێ دەدەم بۆ ئەوەی سکاڵاکەم ڕابگرم. ڕەنگە لەوانەیە لە داهاتوودا ببیتە کچی باش.

ژیلا لەگەڵ ئەوەی سەیری کاوەی دەکرد وتی:

- تۆ داوام لێبکە دەبمە ئەو کەسەی وا تۆ دەتهەوێ. دڵنیابە سوپرایز دەبی.

کاوە بێدەنگ بوو سەیری کرد. منیش سەیرم کرد. مەهتاب دەستی گووشیم و وتی:

- بێزاد. ئێوە بڕۆن با کارەکان بکەین.

بزەیەکم بۆ کرد و وتم:

- باشە.

مەهتاب – من ئیتر لێرە دەمێنمەوە. جامەدانەکەم بێنم؟

پێکەنیم و وتم:

- خۆم بۆت دێنم.

مەهتاب – سوپاس تەلەفۆن دەکەم هاوڕێکەم بیهێنێت.

سەیرم کرد و توند دەستی لە ناو دەستم خست و کاوە وتی:

- ئێوە کار بکەن منیش دەچم فراوێن دێنم.

ژیلا – پێویست ناکا کوڕی باش. ئێوه پیاوەکان بڕۆنه دەرەوه بۆ ئەوەی ئێمه جلەکانمان دابکەنین و ڕاحەت ماڵەوه خاوێن بکەینەوه.

کاوه – وەی خوایه گیان ...

ژیلا – قوزەلقورت.

کاتێک که ماڵاواییم له مەهتاب کرد کلیلی ماڵەوەم پێدا و وتم ئەگەر ئیشی پێم بوو تەلەفۆنم بۆ بکا. ئینجا لەگەڵ کاوه سواری ئۆتۆمبێل بووین و گەڕاینەوه بۆ ماڵەوه و نانی نیوەڕۆمان خوارد و چووینه سەرەوه و چووینه ژوورەکەی من.

- کاوه؟

کاوه – بەڵێ.

- دەڵێم؟

کاوه – گوو دەخۆی.

- چووزانی من داوای چی دەکەم؟

کاوه – وەڵامی باوکم چی بدەمەوه؟

- ئەوەی وا من به باوکمی دەدەمەوه.

کاوه – کچێکی ئارام و فەقیره. وەکوو ژیلا نییه. دەترسم بیبەمه لای باوکم بیناسێنم.

- بۆچی؟

کاوه – قسه و قسەلۆکێک ئاڕاستەی باوکم دەکا یان جزدانەکەی دەڕفێنێ و دەبێته باوەژنم. ئەو کات که هەتا ئێستا پێم دەوت ژیلا ئێسته دەبێ پێی بڵێم دایه ژیلا.

پێکەنیم و وتم:

کاوه – به تەمای چی بکەی؟

کاوه – ئێستا تۆ دەتهەوێ چی بکەی؟

- جارێ با مەهتاب لەوێ جێگیر بێ. ئینجا لەگەڵ ئەوەی هاتوچۆ دەکەین بزانم دەتوانین لێک تێبگەین یان نا؟!

کاوه – ئەگەر لێک تێگەیشتن؟

- هاوسەرگیری دەکەین.

کاوە – ئەی ئەگەر باوکت وتی نا؟

- چووزانی ڕەنگە بڵێ باش.

کاوە – لە ئێستاوە بیر لە قەرزی هاوسەرگیری بکەرەوە.

- ئەری دە گوو مەخۆ دەبێ تەلەفۆن بۆ ڕەزا بکەم. مەهتاب لە کۆمپانیاکەی دابمەزرێنێت.

کاوە – با خۆم تەلەفۆن بکەم. شەو بچین بۆ لای؟

- ئەری. من پێشتر کەمێک دەچمە لای مەهتاب. ئینجا دەچین.

کاوە – ئێستا بە هیوای چی بکەی؟

- کەمێک دەخەوم و هەڵدەستم.

کاوە - ئیشت بە من نییە؟

- چۆن؟

کاوە – سەری تا ئەو ماڵەی دراوسێ دەچم بەلوعەکەیان خراپ بووە، دەچم بۆیان چاک دەکەمەوە.

- عەمرت نەمێنێ کاوە.

***

پاشنیوەڕۆ کاتژمێر پێنج بوو کە لە خەو هەستام و ئیشەکانم کرد و چوومە خوارەوە و کاتژمێرێ لای دایک و باوکم بووم، کەمێک قسەم لەگەڵ کردن. زیاتر قسەکانمان ناڕاستەوخۆ و لەبارەی پێکهێنانی بنەماڵە بوو.

نەمدەزانی چ ڕوو دەدات کە ئەگەر پێیان بڵێم خۆم کەسێکم دیاری کردووە؟ نەمدەویست بیری لێبکەمەوە. یەک دوو جار تەلەفۆنم بۆ کاوەکرد، وەڵامی نەدامەوە. زانیم سەری قاڵە و هەستام و ئۆتۆمبێلەکەم لە پارکینگەکە دەرهێنا و ڕۆشتم. پاش نیوکاتژمێر گەیشتمە جۆڕدەن. چەند دانە زێڕنگەری لەوێ بوون. ویترینەکانم یەک یەک سەیر کرد. ملوانکەیەکی جوانم بینی. بێوێنە بوو. بێچمێکی هەندەسی قەشەنگی هەبوو. چوومە ژوورەوە و بە فرۆشیارم پیشان دا. بۆی هێنام و لەگەڵ ئەوەی پێی نیشان دەدام وتی گوارەکەشت دەوێ؟

وتم بەڵێ.

ئەویش جووتێ گوارە و ئەنگوستیلە و دەستبەندێکیشی هێنا و وتی ئەمانە سرویسە. پرسیم دەتوانم یەک یەک بیانکرم. وتی ئەرێ، بەڵام بە سرویسەوە جوانترە. نرخەکەشی دیارە. زۆرە. بەڵام نازانم بۆچی پێم خۆشبوو بۆ مەهتابی بکرم.

کاتێ دەمخستە ناو قوتووەکەی پرسیم دەتوانم بەیانی بێم بیگۆڕمەوە و لە بری ئەو شتێکی تر هەڵبگرمەوە؟ وتی بەڵێ دەتوانی.

دەترسام مەهتاب بە دڵی نەبێت. ئاوا هەر شتێکی کە پێ جوان بوو دەیتوانی دەستنیشان بکات.

کارتی بانکییەکەم کێشا، قوتووەکەم کردەوە و ئەنگوستیلەکەم لێ دەرهێنا. چوومە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم، تەلەفۆنم بۆ مەهتاب کرد. پاش کەمێ وەڵامی داوە:

- سڵاو. خەوتبووی؟

قاقا پێکەنیم.

مەهتاب – سڵاو ببوورە ئەوەندە ماندوو و شەکەت بووم، لە سەر کاناپەکە خەوم لێکەوت.

- بریا دەتانهێشت ئێمەش هاریکاریمان بکردایەن. ئەوانی تر کوان؟

- ڕۆشتن.

- شتەکانیان هێنا بۆت؟

مەهتاب – ئا کورە جامەدانێک بوو.

- بریا کاتژمێرێکی تر تەلەفۆنم دەکرد.

مەهتاب – نا وا مەڵێ. دەمویست نیوکاتژمێر پشوو بدەم و ئینجا تەلەفۆنت بۆ بکەم. بەڵام هیچ نەمزانی چەندە نوستووم. لە کوێی؟

- دەرێ.

مەهتاب – دەرێ کوێیە؟

- لای جۆردەن.

مەهتاب – لەگەڵ کاوەی؟

- نا. هەر خۆمم.

مەهتاب – دێی بۆ ئێرە؟

- مزاحیم نیم؟!

مەهتاب – مەگەر بڕیار نییە زیاتر پێکەوە بین و یەکتر بناسین؟

پێکەنیم.

مەهتاب – وەرە زوو.

ڕۆشتم و پاش بیست خولەک گەیشتم و ئۆتۆمبیلەکەم پارک کرد. لە دەرگام دا. پاش کەمێ دەرگا کراوە، چومە ژوورەوە و بە ئەسانسور چوومە سەرەوە.



CamScanner

دەرگای ئاسانسۆر کراوە بینیم لە بەر دەرگا وەستاوە. جلوبەرگێکی زۆر جوان لە بەری دابوو، بزەیەکی شیرین لە سەر لێوی نیشتبوو.

وەبیرم هاتەوە کە گوڵم نەکڕیوە.

لەگەڵ ئەوەی چاوم لە چاوی بڕی چوومە پێشەوە و وتم:

- لە بیرم چوو گوڵ بکڕم.

مەهتاب – سڵاو.

- سڵاو. زۆر جوان بووی. یانی هەر ژیکەڵە بووی بەڵام ئێستا ...

مەهتاب – چوونکە شاد و دڵخۆشم. زۆر.

گەیشتمە بەر دەرگا و وتم:

- وامزانی لە بیرم دەمێنێ کە ...

چاوەڕێی بەخێرهاتنێکی ئاساییم دەکرد. بزە و قسەی خۆش. بەڵام زۆر لەوە زیاتر بوو کە بیرم لێ دەکردەوە.

هەستی مێردێک کە پاش ئیشی ڕۆژانە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.

من نەمدەزانی چی بڵێ و چی بکەم. هەر بۆیە لە درێژەی وتەکانمدا وتم:

- گوڵ بکڕم، بەڵام شەرمەندە؟

ئەمانەم بە ئەسپایی وت.

مەهتاب – تۆ خۆت بۆ من گوڵی.

سەیرم کرد قژی و دەموچاوی و ...

سەیری مەهتابم[١٢] کرد کە بە ڕاستی دەتوت تریفەیە. لە بەر دەرگاکە چووە ئەو لا و وتی:

- بە پێڵاو وەرە.

خەریک بووم پێڵاوەکانم دادەکەند. بە پێڵاو چوومە ژوورەوە. بەڵام بینیم هەموو شوێنێک وەکوو گوڵ دەدرەوشێتەوە.

لەو کاتەدا پێڵاوەکانم داکەند و سەیرم کرد. دیکۆراسیۆن گۆڕدرا بوو.

[١٢]- لە زمانی فارسیدا بە تریفە دەڵێن مەهتاب.

هەموو شتێک گۆڕدرا بوو، هەر کامیان لە سەر شوێنی خۆیان بوون و زۆر جوان بوون.

تازە بۆم دەرکەوت کە کاوە چەند خراپ ئەو شتانەی لای یەکتر چنیبوو.

دوو گوڵدانی گوڵە پووران و بۆنی خۆشی شیلان، کە لە بۆنی پرچی مەهتاب دەچوو.

قاپێکی میوە و قاپێکی شیرینی لە سەر مێز.

بە دەست خۆم نەبوو پێکەنینم هات. شوشەکان کە پیس بوون ئێستا ورشەیان دەهات.

ئاراستەی چاومی گرتە بەر و وتی سبەی پەردەکان دەشۆم.

دیسان پێکەنینم هات و وتم:

– هەست دەکەم هاتوومەتە ئاپارتمانێکی دیکە. ئێستا لەگەڵ جارانی بەراورد ناکرێت.

پێکەنی و منیش پێکەنیم.

مەهتاب – وەرە دانیشە. تەلەفۆنت کرد ئەوە لای کەمێک چاکە دێم دێنێ وتم با تا دێی ئامادە بێت. ئێستا چ دەخۆی؟ نیسکافە، چا یان قاوە؟ ئاومیوەش هەیە.

دیسانیش پێکەنیم و وتم:

– چا شتێکی ترە ئەو بێنە.

مەهتاب – دە دانیشە با بیهێنم. بە بزەیەک و جووڵەیەکی ناسکەوە وەرسووڕا و چوو بۆ چێشتخانە. وەکوو خەونێ وا بوو بۆ من. وەکوو کارتۆنی سیندرلا. چووم لە سەر کاناپەکە دانیشتم و پاش کەمێک مەهتاب بە سینییە چایەکەوە هاتەوە، سینییەکەی لە سەر مێزەکە دانا و هاتە لام و وتی:

– بە قەندەوە چا دەخۆی یان شیرینی دەکەی؟

دیسان پێکەنیم و وتم:

– فەرق ناکات.

ئارامانە و بە جووڵەیەکی زەریف و جوانەوە کەمێک شەکری کردە ناو کووپەکەمەوە، هێمنانە لێکی دەدا و پاش کەمێک کووپەکەی دا بە دەستمەوە و

وتی:

- زۆر گەرمە، نەسووتی.

پاشان پیاڵەیەکی بچووکی لە سەر مێزەکە دانا، قاپە شیرینییەکەی هەڵگرت و بە بزەیەکی شیرین و بەتینەوە خوڵکی کردم.

پێکەنیم و دانەیەکم هەڵگرت و لە سەر قاپەکەمم دانا و وتم:

- سوپاس.

پێم پێکەنی! دەتکووت گوڵە دەپشکووێت!

کەمێک لە چاکەی خوارەوە، وەبیرم هاتەوە کە دیاریم بۆ کڕیوە. کووپەکەم لە سەر مێزەکە دانا و قوتووەکەم کە لە لای خۆم لە سەر کاناپەکە بوو، بێگومان مەهتابیش بینیبووی؛ بەڵام هیچ پرسیارێکی لەم بارەوە نەکرد، هەڵگرت و بەرەو ئەو ڕامگرت و وتم:

- ئەوەم بۆ تۆ کڕیوە.

لە پێشدا چاوی بڕییە چاوم، ئینجا سەیری دیارییەکەی کرد و دەستی هێنایە پێشەوە و قوتووەکەی لە دەستم وەرگرت و وتی:

- دەتهەوێ بە شادکردنم دیقم پێ بکەی و بمکووژی؟

پێکەنیم و وتم:

- خوا نەکا. بیکەوە. ئەگەر پێت جوان نەبوو دەتوانین بەیانی بیبەینەوە بیگۆڕین.

کاغەزی کادۆکەی دڕاند. خێرا قوتووەکەی کردەوە و ناوەوەی سەیر کرد.

یەک چرکە، دوو چرکە، پێنج چرکە، دە چرکە ...

پێموا نزیکەی سی چرکە چل چرکە تێپەڕی و مەهتاب ناو قوتووەکەی سەیر کرد.

فرمێسک لە چاویدا قەتیس مابوو.

سەری هەڵبڕی و وتی:

- هەر کات سرویسی زێڕم بینیوە دواترەکەی ڕا کردن بووە.

یەکی دەرگاکەی بە کراوەیی ڕادەگرت و ئەوی تری بە قوتووە سرویسە

زێڕەوە ڕای دەکرد، ئەوانی تر خاوەن دووکیانیان سەرقاڵ دەکرد. بە ترس، دڵەڕاوکێ، وەحشەت و دنیایەک لە تووڕەیی و بە داخەوەبوون بووە.

ئینجا هەر کاممان جارێ بە خۆمانمان هەڵدەواسی و ئینجا دەمانفرۆشت.

بە نرخێکی زۆر زۆر هەرزان.

دیسان سەیری کرد و هێورانە دەستێکی بە پارچە زێڕەکاندا هێنا. پاشان سەری هەڵبڕی و فرمێسکەکانی سڕی و وتی:

- بێزاد چیت پێ بڵێم؟!

پێکەنیم و وتم:

- هیچ مەڵێ.

قوتووەکەی لە سەر مێزەکە دانا و ... .

نازانم ئەوە چۆنە کە مرۆڤ ناتوانێ هەندێ شت بڵێ؟! یان نازانی بیڵێ؟ ڕەنگە ئیرەییت دێ کە شادییەکانی واتە هەندێ لە شادییەکان لەگەڵ کەسێ بەش بکەیت. شادییەکان زۆر تایبەتین.

مەهتاب – تۆخوا ببوورە! قژم هێشتا تەڕە. زۆر ماندوو بووم وشکم نەکردەوە. جلوبەرگەکەشم تەڕ بوو.

قسەکەم ڕاست بوو. بۆنی گوڵە پووران لە بۆنی عەتری قژی مەهتاب دەچوو.

مەهتاب – ڕاوەستە ئەوە دێم. چاکەت سارد بووەوە. بێڵە بیگۆڕم.

- نا وا چاکە.

مەهتاب – ئێستا دەگەڕێمەوە.

قوتووەکەی هەڵگرت و دەرگاکەی کردەوە و سەیری کرد و پێکەنی، هەستا و ڕۆی بۆ ژووری نووستن.

هەڵفڕی نەڕۆشت. زۆری پێنەچوو بێچمێکی جوانی بە قژی دابوو و ملوانەکەی کردە مل و گوارەکەی لە گوێ کرد و دەستەوانەکەی بە دەستەوە. بە ڕاستی لێی جوان بوو.

هاتە پێشەوە و بزەیەکی هات و وتی:

- ئەوە دەکەیتە دەستم؟

لێم وەرگرت و کردمە دەستی، دیسان بە دەممەوە پێکەنی و ڕۆشتە بەر ئاوێنەیەک کە لە ناو هۆڵەکەدا بوو. کەمێک سەیری خۆی کرد، ئینجا سووڕاوە و دیسان سەیری کرد و لە ناکاو پێکەنی. ئینجا گەڕاوە لای من و لە سەر کاناپەکە دانیشت و وتی:

- دەستخۆش بێزاد. زۆر جوانە. دیارە زۆریش بە گران کڕیوتە. بەڵام بۆچی؟ نابێ پارەکەت ئاوا خەرج بکەیت.

سەیرم کرد و وتم:

- کە تۆ ئاوا دڵخۆشی ئەوە لە پارە بۆ من گرنگترە.

دەستی گرتم و توند توند دەستی گووشیم. پاشان خێرا هەستا و کووپەکەی هەڵگرت و لەگەڵ ئەوەی دەچووە چێشتخانە وتی:

- هەندێ شتم پێویستە دەبێ جێبەجێیان بکەم.

- چی هەیە با خۆم بیکرم؟

مەهتاب – نا خۆم دەیکڕم سبەی لەگەڵ ژیلا دەچمە دەرەوە.

بە کووپەکەی هاتەوە و دانیشت و کەمێکی تر شەکری تێکرد و لێکی دا و دای بە من، قاپەکەم کە شیرینی تێدا بوو هەڵیگرت کە بە دەستەکەی دیکە گرتم وتی:

- پێمخۆشە شێوێکی خۆشت بۆ لێ بنێم.

پێکەنیم و وتم:

- دەستخۆش وەڵا دەبێ بڕۆم.

مەهتاب – بۆ کوێ؟

- لەگەڵ کاوە و هاوڕێیەکمان وادەی دیدارمان هەیە.

مەهتاب – کورە؟

- ئەری نیگەران مەبە. من ئێستا دەروەستم.

پێکەنی.

- سەبارەت بە کارکردنی تۆیە. کۆمپانیایەکە. دڵنیایە.

مەهتاب – بە ڕاستە؟

- ئەرێ ئەوشەو قسەی لەگەڵ دەکەم.

مەهتاب – دەست خۆش بێزاد. نازانم چۆنت دەستخۆشی لێ بکەم؟!

- هیچم نەکردووە گوڵم.

مەهتاب – دەزانی. لە ماڵەوە مانەوە بۆ کەسێ کە هەمیشە لە دەرەوە بووە ...

- دەزانم ئەوشەو قسەی لە سەر دەکەین.

مەهتاب – چ کۆمپانیایەکە؟

- پێموا هەنارده و هاورده و ئەو شتانەیە. کۆمپانیایەکی زۆر گەورەیە. بۆ تۆ باشە.

مەهتاب – کێشە نییە چ بێ، بەڵام داوای ناسنامە و ئەو شتانە دەکەن؟ یان لێکۆڵینەوە و شت دەکەن؟

- نا پێم وا نییە. ناسنامە ... بۆ کێشەیە؟

مەهتاب – ناسنامە و کارتی نیشتمانییەکەم ون بووە. نەچووم بە دوایدا.

- دەی دواتر پێیان دەدەین. دەبێ بچین بە دوایاندا.

مەهتاب – دەبێ شایەد ببەم بۆ ئاسایش.

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی:

- چی بەم هاورێیەت دەڵێی؟

دیسان بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

- سەبارەت بە من و ڕابردووم؟

کەمێکم لە چاکە خواردەوە و تێرامام. دەبێ پێی بڵێم.

کووپەکەم لە سەر ژێرپیاڵەکەی سەر مێزەکە دانا و قاپەکەشم لە پاڵی دانا و وتم:

-تەماشا مەهتاب گیان ئەم کەسە بەڕێوەبەری ئەم کۆمپانیایە.

کەمێک بێدەنگ بووم و ئینجا وتم:

- تۆ دەیناسی.

بە سەرسوورمانەوە سەیری کردم و وتم:

- ئەویش تۆ دەناسی. ئێستا ئەگەر ناتهەوێ ...

قسەکەمی بڕی و وتی:

- کێیە؟

- ڕەزا وەک خۆتان دەڵێن دکتۆر.

هەستم کرد لەشی لەرزی. پەشۆکا و تیژ وتم:

- نیگەران مەبە. ئەو جۆرەی ...

قسەکەمی بڕی و وتی:

- ئێوە چۆن ئەو دەناسن؟

- بەسەرهاتێکی دوور و درێژی هەیە.

مەهتاب – بیڵێ.

- دەی لە کۆنەوە.

مەهتاب – چی دەڵێی؟ لە کۆنەوە یانی لە کەیەوە؟

- زۆر هاوڕێیەکی کۆنە. نیگەران مەبە.

مەهتاب – باشە ئێوە لە کوێ ئەو دەناسن؟ لێک ناوەشێنەوە. بڕوام نەدەکرد.

- دەی ئەو کات وا نەبوو.

مەهتاب – چۆن؟

- ئەو کات پێکەوە هاوڕێ بووین. ئەویش وەکوو ئێمە خوێندکاری زانکۆ بوو. لە زانکۆ زۆر زیرەک و دەرس خوێن و زانا بوو. وەک وتم بەسەرهاتێکی دوور و درێژی هەیە.

خێرا وتم:

- دەیڵێم. بۆت دەگێڕمەوە. جاری دوایی. گرنگ ئەوەیە ...

دیسان هاتە ناو قسەکەمەوە.

- دە وەڵا ڕاوەستە دەبێ بیری لێ بکەمەوە. ڕەنگە ...

بێدەنگ بوو و وتم:

- لە خۆڕا نیگەرانی. ڕەزا ئەو جۆرە نییە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە.

پێکەنی و وتی:

- وا دیارە زۆر شتی لێ نازانی.

- با، با، هەندێ شتی بۆ وتووین.

مەهتاب – کەواتە هەندێ شتی بۆ وتوون. ئەو شتانەی وا زۆر گرنگ نین.

- نا، واش نییە. هەندێ جار وەکوو برا وا بووە بۆمان.

سەیری کردم.

- دەمێک بوو نەمبینی بوو، هەواڵم لێی نەبوو. هەتا ئەوشەوە.

دەستی گرتم و وتی:

- بێزاد جارێ قسەی لەگەڵ مەکە. تکات لێدەکەم.

دەستی دەلەرزی. بە هێمنییەوە وتم:

- باشە دەی. بەڵام ئەو ئیتر دوژمنی تۆ نییە. هاورێتە.

سەری راتەکاند و هیچی نەوت. کەمێ بێدەنگ بووم و ئینجا لە سەر جێگاکەم هەستام و وتم:

- من دەرۆم.

کەوتە فکرەوە. نەمدەزانی تا ئەو رادە رەزا ترسناک بێت.

بە ئەسپایی وتم:

- نابێ لە هیچ بترسی. من لێرەم دڵنیا بە.

بزەیەکی هات، بەڵام هیچی نەوت. لە ناو گیرفانم جزدانەکەم دەرهێنا و برە پارەیەکم پێدا و ویستی وەرینەگرێ من وتم:

- با پێت بێ. هەر کات چوویتە سەر کار ...

مەهتاب – سوپاس بێزاد. من ئەمانەم چۆن بۆ قەرەبوو دەکرێتەوە؟ پارەکەم خەرج نەکردووە.

بەرەو دەرگاکە رۆشتم و لە دواساتەوەختدا بەر لەوەی دەرگاکە بکەمەوە نزیکەی خولەکێک یان زیاتر راوەستام.

دواتریش کە هاتمە خوارەوە سواری ئۆتومبێل بووم، هەستێکی خۆشم هەبوو. زۆر زۆر هەستێکی خۆشم هەبوو. زۆر شتم بۆ قەرەبوو ببوو.

سواری ئۆتومبێلەکە بووم و وەرێ کەوتم. لە ماڵ خۆمان نزیک دەبوومەوە کە موبایلەکەم زرەی هات. کاوە بوو.

- سڵاو.

کاوه – له کوێی؟

- سڵاوم کرد.

کاوه – باشه دەی. ئێستا له کوێی؟

- بێدەب.

کاوه – ماڵته خۆ هیچم نەوت.

- سڵاو دەکەم بۆ وەڵامی سڵاوم نادەیتەوە.

کاوه – باشه دەی سڵاو له منەوه قوربان گیان. ئێوه چۆنن؟ باشن شکور؟ دایکی منداڵان چۆنه؟ نەخۆشییەکەی چارەسەر بوو؟ باوکی منداڵان چۆنن؟ باشتر بوون شکور؟ بۆ خۆتان چۆنن؟ ژیانتان چۆنه؟ بێ کێشه و قرەن شکور؟ خزم و کەس چۆنن؟ هەموویان باشن شکور بۆ خوا؟ له چاوی بەدکار به دوور بن ئیشاڵا و تەعالا. به دەماغن خۆ؟ له بەلا و نەهامەتی به دوور بن. دایک و خوشکان چۆنن؟ ساغ و سلامەتن؟

وەڵامم نەداوه و وتی:

- ئەوه وەڵامی سڵاو بوو. ئێستا له کوێی؟

- نزیک ماڵ.

کاوه – ده خولەک چارەکێکی تر دەگەی؟

- ئا ئیتر پێموا بێ. جاری خوات لەگەڵ.

کاوه – به خوای گەورەت دەسپێرم. خوا پشت و پشتیوانت بێت. سەفەرێکی خۆش و بێمەترسیت بۆ به ئاوات دەخوازم. ئۆغرت خێر بێ.

- ماڵته چەندەی لێ دەڵێی!

کاوه – وتم دڵگران نەبێت.

- هاتم.

کاوه – گوێ درێژی ...

تەلەفۆنەکەم داخست و نزیکەی چارەکێک گەیشتم. له بەر دەرگای ماڵی خۆیان ڕاوەستا بوو، که گەیشتم هاته پێشەوه و دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی کردەوه

و دانیشت و وتی:

- سڵاو و ڕەحمەتوڵا. وێڕای ڕێز و ئەدەب و سڵاو بۆ جەنابت. سڵاوێکی گەرم و گوڕ و بەتین و سووتێنەر. ڕۆژ باش. سڵاو و درووودێکی بێبەرانەوە!

- ئەرێ دە گوو مەخۆ.

کاوە – دانیشتنێک لەگەڵ مەهتاب چەندەتی گۆڕی! چەندە لە کەماڵات نزیک بوویتەوە. پێموایە بە دوو کۆبوونەوەی تر دەگەیتە مەعریفە و بایەزیدی بەستامی دەبێتە شاگردت.

- وەڵامی سڵاوێکم لێت ویست.

کاوە – باشە دەی ئەوێ چ خەبەر بوو؟ چتان کرد؟

- دانیشتین و چامان خوارد و کەمێک یەکترمان دواند.

کاوە – ئای ببوورە. لە بیرم چوو حاڵی ئەو بپرسم. چۆنە تەندروستی باشە؟ باش و بە دەماغن؟ کێشە و گرفتیان نییە؟

- برا گووم خوارد. وەڵامی پرسیارم مەدەوە.

کاوە – هەموو شتێک جێبەجێیە؟

- ئەرێ! بە خوا دیکۆراسیۆنێکی ناشیرینت ڕازاندبۆوە. وەرە بزانە مەهتاب چۆن دیکۆراسیۆنی بە دڵی خۆی ڕازاندوەتەوە؟! بزانە چەند سەلیقەدارە؟!

کاوە – جارێ یەکەم ئەوەی کە بۆ ئەو کات ئەو ئاپارتمانەت بە لاوە شیرین و جوان بوو، ئێستا دەڵێی بزانە مەهتاب چۆنی ڕازاندۆتەوە؟ دووهەم کەی من دیکۆراسیۆنی ئەوێم چنیوە؟

- ئەی کێ چنیویەتی؟

کاوە – ئەوەی وا هێنای؟

- ئەوە دەڵێی چی؟

کاوە – یەکێ مۆبلەکانیان هێنا کلیلەم پێدان و وتم دەستتان نەیشێ جوانی دانێن و دەلقکەشی لێ بکەنەوە. تەلەڤیزیۆنیان هێنا وتم یاخودا دەستتان خۆش بێ سیم و کەیبلەکانیشی لێدەن و لە شوێنێکی گونجاویشی دابنێن یان ...

- باش دەی بیبڕەوە.

کاوه – ئەو ماوە دانیشتن تاریفی دیکۆراسیۆنی مەهتابت کرد؟

- نا برا.

کاوه – ئافەرم! بێگومان بە خۆشتان ڕاگەیشتن؟

- کەمێک پێکەوە قسەمان کرد.

سەیری کردم و وتی:

- هەر قسەتان کرد؟

- دەی چا و شیرینیمان خوارد. هەڵبەت من شیرینییەکەم نەخوارد.

کاوه – حەیف نەبێ. نیو کیلۆ شیرینیت بۆ بکڕم بیخۆی؟

- چی دەڵێی؟

کاوه – هیچم نەوت دەی چی دیکەتان کرد؟

- هیچم نەوت.

- تۆ نازانی کاوە مەهتاب ئەوێی چەندە جوان کردبوو. مۆبلەکانی وا چنیبوو کە هەم تەلەڤیزیۆن دەبینرا و هەمیش هۆڵەکە دەبینرا. چێشتخانەیەکی ڕێکوپێک. هەموو شتێک لە سەر جێی خۆی بوو. هەموو شتێک لە پاک و خاوێنیدا ورشەی دەهات. لە دەرگاوە کە دێیتە ژوورەوە بۆنی گوڵە پووران وڵاتی تەنیوە. شووشەکان. کوڕە شووشەکان.

هیچ سەیری شووشەکانت کردبوو؟ چەند پیس بوون. ئێستا بچۆ سەیری بکە. ئەو فەرشانەی! کابرا بێزی دەهات بە پێڵاویش بە سەریدا بڕوات. ئێستا بچۆ بزانە چەند خاوێنە! وای خاوێن کردۆتەوە دڵم نەهات بە پێڵاو بچمە سەری.

تەرکی هۆڵەکەی نازانم شتبووەوە یان زەویشۆری لێدابوو ورشەی دەهات. ئێستا کابرا دەچێتە ئەوێ تێر دەخوات. بە ڕاستی کاوە پیس و پۆخڵی.

سەیرێکی کردم و وتی:

- ئەی ژووری نووستن؟ چوونە ئەوێش؟ ئەوێشتان خاوێن کردەوە وەکوو گوول؟

- ناوەڵا هەر ژووری هۆڵەکەم بینی. ژوورەکانی تر نەگەڕام.

کاوه – یانی هەر لە هۆڵەکە دانیشتن و قسەتان کرد؟ حەیف نەبێت!

شەشەمەکوژەکان

- ئەویشی خاوێن کردووەتەوە!

لەگەڵ ئەوەی سەیری کردم وتی:

- بێگومان!

- بەڵام وتی هێشتا هەندێ شت پێویستن. سبەی بڕیارە لەگەڵ ژیلا بچن بیکڕن.

کاوە – زۆر چاکە!

- پیاو ئێستا بچێتە ئەوێ هەست بە ئاسوودەیی دەکات!

کاوە – زۆر چاکە!

- ئەوڕۆ هەستم کرد لە ماڵی خۆمانم.

کاوە – سەیرە!

- وتی شەو بمێنمەوە شێوێکی خۆشت بۆ دروست دەکەم.

کاوە – ئێوە چەند ڕۆمانسین!

- دیارە دەستاویشی خۆشە. زۆر بە متمانە بە خۆبوونەوە باسی لە لێنانی شێو دەکرد.

کاوە – چ باش!

سەیرم کرد و وتم:

- گاڵتەم پێ دەکەی؟

کاوە – نا نا. بگرە خۆزگەت پێ دەخوازم. یانی ئیرەییت پێ دەبەم.

- دەی تۆش وەخۆ بکەوە ژیلا کچێکی خراپ نییە.

کاوە – بێگومان. بێگومان. وەڵا ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەبینم تۆ ئاوا لە خۆڕا کەیفخۆشی منیش لە خۆوە بیر لەوە دەکەمەوە کە چەندە ئاسان دەتوانری کوڕێک ڕازی و دڵشاد بکرێت. شووشەی خاوێن، چێشتخانەی ڕێکوپێک، فەرشی شتراو، چەند زوو بە شت ڕازی دەبی. بێگومان مەهتاب لەگەڵ کوڕێکی قانعی وەکوو تۆ زۆر بەختەوەر دەبێت.

- سوپاس بە قوربان.

بە بێ هیچ بزەیەک هەر وا سەیری کردم:

- به ڕاستته یان فشەم پی دەکەی؟

سەیری کاتژمێرەکەی کرد و وتی:

- ئەوە ڕەزا بۆ نەهات؟!

- بڕیارە بێتە ئێرە؟!

کاوە – ئەری.

- دەی تەلەفونێکی بۆ بکە.

کاوە – ئێستا دی. دەی چی تریش؟ باس لە قاپشۆرەکە بکە. بێگومان ئەویش ورشە ورشی دەهات!

- کوڕە ئەریولا.

کاوە – سینکەکەشت بینی؟

- نا ئیتر ئەوم نەبینی.

کاوە – ئەگەر ئەم جار چووی پێیان بڵێ وەکوو دادە کوبرا قاپشۆر و سینکەکە بە وایتێکس بشۆن کە ببێتە گوڵ.

- دەی خۆیان دەزانن.

کاوە – توالێتەکەشت پشکنی؟

- هەتیو کوتم هەر لە ناو هۆڵەکە بووم.

کاوە – ئەی گەرماو؟

- ئەوە فشەم پی دەکەی؟

کاوە – نا پرسیارت لێدەکەم بزانم مەهتاب چ کابانێکە؟

- نا. خاترجەم بە. لە پاک و خاوێنیدا قسەی لە سەر نییە.

کاوە – دە ئەگەر وایە پیرۆزت بێت.

- گوو مەخۆ. فشەم پی دەکەی؟!

پێکەنی و وتی:

- کەرە گیان ئێرەییت پی دەبەم.

هاتم قسەیەک بکەم کە ئوتومبیلەکەی ڕەزا گەیشت.

کاوە – هات.

ئینجا دابەزی منیش دابەزیم و ڕاوەستاین هەتا ئۆتۆمبێلەکەی ڕەزا پارکی کرد و دابەزی. و چووینە پێشەوە و سڵاوی کرد و یەکترمان ماچ کرد و کاوە وتی:

- ڕەزا قوفڵی بکە با برۆین.

ڕەزا – پێکەوە برۆین ئیتر!

کاوە – نا. ئەمە تومبێلەکەی هێناوەتە دەرەوە. بەمە دەڕۆین.

- بێئەدەب ناوم بێنە.

ڕەزا سەیری کردم و کاوە وتی:

- ببوورن. ببوورن. ڕەزا ئەوڕۆ ڕاست بەر لەوەی تۆ بێی بۆ ئێرە ئەم پیاوە خۆشفەڕە کاکە ئەندازیار بێزاد چووەتە ماڵی خاتوونی پایەبەرز دادە مەهتاب.

ڕەزا – بۆ مەهتاب ماڵی بە کرێ گرتووە؟

کاوە – بێئەدەب مەهتاب چییە؟ دەڵێی ناوی کچە چکۆلەکەت دێنی؟ لانیکەم بڵێ مەهتاب خان.

ڕەزا سەیری کاوەی دەکرد و کاوە لە درێژەدا وتی:

- دەی دەموت. ئەم بەڕێز گیانە لەگەڵ خاتوونێکی هێژا بە دانیشتنێک زۆر زەنگین و دەوڵەمەند بوون. ئێستا تۆش بۆ ئەوەی شەوەکەمان لێ نەشێوێ، وریات قسە کردنت بە و هەوڵبدە، کاتێک لەگەڵ ئەم بەڕێزە قسە دەکەی ئەوپەڕی ئەدەب و حورمەتی خۆت بپارێزیت.

ڕەزا سەیری کردم و وتی:

- بە ڕاستە؟

پێکەنیم و وتم:

- برا گیان تەلەفۆنی بۆ من کردووە. من سڵاوم لێکرد و نەیدەتوانی وەڵامی سڵاو بداتەوە. منیش وتم بۆ وەڵامی سڵاو نادەیتەوە ئەوە ئێستا دەستی کردووە بە گەوجە گەوج.

ڕەزا – ئەها. ببوورن. خەجاڵەت خۆم. من داوای لێبووردن لە خاوەن شکۆ دەکەم. گەورەیی بنوێنن و چاوپۆشیم لێ بکەن.

- گوو مەخۆن. کاوە کەم بوو نۆرەی ڕەزایە.

سوار ئۆتومبێل بووین. کاوە خێرا شتێکی بە گوێی ڕەزادا چرپاند و ڕەزا لەگەڵ ئەوەی سەیری منی دەکرد پێدەکەنی.

پاش کەمێ هەر دووکیان بە دەم پێکەنینەوە بەرەو لای ئۆتومبێلەکە هاتن و کاوە دەرگاکەی لای منی کردەوە و وتی:

- ببوورە تکایە دەتوانم سوار بم؟

- دەی خۆت کەر مەکە.

کاوە - دەی کەوایە تەشریف بهێنە خوارەوە هەڵبەت داوای لێبووردنیش دەکەم ببوورە تۆخودا من شۆفێریم ئێوەی هێژام بە دڵ نییە، تکایە دابەزن.

وەڵامم نەداوە و دابەزیم و چوومە دواوە دانیشتم. کاوە لە پشت فەرمان دانیشت و ڕەزا لە لای دانیشت و وەڕێکەوتین.

یەک دوو خولەکێک بێدەنگ بووین و کاوە سەیرێکی ڕەزای کرد و هەر دووکیان دایان لە پرمەی پێکەنین.

- وا بکەن بە خودا دادەبەزم. شتێکی پێکەنینی هەیە وا هەر حیلکە و هۆڕتانە؟!

ڕەزا - هیچ برا. بەڵام تۆ چوویتە ئەوێ بزانی کوێ خاوێنە و کوێ پیسە؟

- نە بە خودا. بە سەلیقەی مەهتابدا هەڵمدەگوت. هەر ئەوەندە.

کاوە - بێزاد. ئەگەر جارێکی تر ڕۆشتی دەستماڵێکی سپی لەگەڵ خۆت بەرە و هەر شوێنێکت بینی دەسماڵێکی پێدا بێنە. وردیلەترین تۆزیش پیشان دەدا ئەگەر بینیت مەهتاب دارکاری بکە.

- من مەبەستم ئەوە نەبوو خۆشت ئەمە باش دەزانی.

هەر دووکیان دایان لە پرمەی پێکەنین و ڕەزا وتی:

- بێزاد گیان تەنیا چوویە ئەوێ و قسەت کرد و چێژت لە پاک و خاوێنی ماڵەکە بینی؟

کاوە زوو وتی:

- نا. بەستەزمانە چاشی خواردووەتەوە. بەڵام دەمی لە شیرینی نەداوە.

دیسان پێکەنینەوە. ئەمجار خۆشم پێکەنینم هات و وتم:

- کوڕەکان گاڵتە بەسە ئیتر. تکایە سنووری خۆتان بزانن.

کاوە لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی منی لە ئاوێنەکەوە سەیر کرد و وتی:

- بێزاد کوڕی چاکە. بە منداڵیش هەر کوڕی چاک بوو. زۆر لە من باشترە. باشم لە بیرمە کاتێ منداڵ بووین و ئێمەیان لە ماڵەوە بە تەنها بە جێدەهێشت و خۆیان دەچوونە دەرەوە. دەچوومە سەر چرای چێشتلێنانەکە دەیوت مەکە. مەترسیدارە. دەچوومە سەر ئامێوەگیرەکە دەیوت مەکە مەترسیدارە. دەستم لە سیمی کارەبا دەدا ڕایدەکردە لام و دەیوت مەکە مەترسیدارە. دەمویست بچمە حەوشە یاری بکەم دەیوت مەکە مەترسیدارە. دەچوومە هۆڵ یاری بکەم دەیوت مەکە مەترسیدارە. جارێکیان چوومە توالێت ڕایکردە لام و وتی نەکەی مەترسیدارە. منیش قەڵس بووم و وتم گامێش نەچم مەترسیدارە، دەیکەم بە خۆمدا.

هەر سێکمان دامان لە پرمەی پێکەنین.

ڕەزا – ئەو کاتیش هەر وا بوو. زانکۆ دەڵێم. نەماندەوێرا هیچ کارێ بکەین. لە بیرتە کاوە؟

- برا ئێوە شێتن من چ بکەم. مرۆڤ دەبێ ژیر و وشیار بێت.

کاوە – ماوەیەک لەمەوبەر لە لەندەن بووین. شەو بوو. لە گۆڕەپانی پیکادلی بوو بە شەڕمان. پیکادلی دەزانی کوێیە؟

ڕەزا – ئەرێ.

کاوە – سێ گەنج هاوتەمەنی خۆمان بوون. زانیان ئێمە ئێرانیین و کەڵەگاییان لێکردین. وەلحاسڵ بوو بە شەڕمان. ئەوان سێیان و ئێمە دوو. نەبووی باشم تێهەڵدان.

- منیش بووم. بۆ ناوم ناهێنی.

کاوە – ئەرێ ڕاست دەکات. ئەمیش ژیرانە و لۆژیکانە خەریک بوو لە یەکیانی دەدا. بە کورتی باشمان تێهەڵدان. هاوشێوەی ئێرەی خۆمان کە دەبێ ڕا بکەین، ڕامانکرد بۆ ئەوەی نەمانگرن. چوار هەنگاو هەڵاتین و کاکم ڕاوەستا و سەیرێکی دواوەی کرد و گەڕاوە. منیش ناچار بووم گەڕامەوە و وتم چ بووە؟





CamScanner

وتی نەکا شتێکیان لێهاتبێ. وتم دەی با شتێکیان لێهاتبێ؟ لێیانمانداوە دە شتێکیان هەر لێهاتووە خۆ نابێ بگەڕێنەوە. باوکمان دێننە بەرچاومان.

ئەخت و چارم کرد ئەو کوڕە گوێی نەگرت و گەڕاوە. دووانیان هیچیان لێ نەهاتبوو. بەڵام ئەوی تریان لێوی تەقیبوو. خەرجی دەرمان و تەقەڵ کەوتە ئەستۆی خۆمان.

ڕەزا – بە ڕاست؟

کاوە – بە گیانی تۆ. هەڵبەت پێکەوە بووینە هاوڕێ. هێشتاش لەگەڵیان لە پەیوەندیداین.

– گەوجە گەوج دەکا کاتێ ڕامانکرد من گەڕامەوە بینیم هەر سێکیان لە سەر عەرزەکە ڕاکشاون. ترسام شتێکیان لێهاتبێ. ئەوەی دوایی وا بە لەقە دای بە ناوچاویدا کە هەتا ناو جادەکە فڕێی دا.

کاوە – بە گشتی کوڕی چاکە. من لە جیاتی دەوڵەت بام دەمبردە قوتابخانەکان دەمگەڕاند و دەمکردە سەرچەشنی کوڕەکانی تر.

هەر دووکیان پێکەنین. بە کورتی ئەم دەیوت و ئەوی تریان لێی دەسەندەوە و تێکڕا پێدەکەنین.

ئەو شەوە زۆر خۆش بوو. هەتا ئەو کاتەی لێک جیابووینەوە هەر پێکەنین.

شەویش کە هاتینەوە هەتا بەیانی خەونی ئەو ڕۆژانەی زانکۆم بینی. هەڵبەت جیا لە هەندێ وێنەی دزێو و ناشیرین کە پێم خۆش نییە وەبیریان بهێنمەوە. ئەو دیمەنانەی وا کوڕەکان بە دەموچاوی خوێناوییەوە ...!!

بۆ بەیانی لەگەڵ کاوە چووینە کارگە و گەڕاینەوە و نانی نیوەڕۆمان خوارد. لە کارگە یەک دوو جار تەلەفۆنم بۆ مەهتاب کرد. لەگەڵ ژیلا چووبوونە دەرەوە. بڕیاری دیدارمان خستە کاتژمێری شەش.

نزیک کاتژمێر پێنج و نیو لە ماڵ هاتمە دەرەوە و چوومە ماڵی مەهتاب. شەقامەکان چۆڵ بوون و زوو گەیشتم. شوێنی بڕیارەکەمان بەر دەرگای ماڵی خۆیان بوو، بەڵام کاتێ بام داوە بۆ ناو کۆڵانەکەیان بینیم لە بەر دەرگای ماڵی خۆیان لە سەر پیادەڕەوەکە ڕاوەستاوە. پانتۆلێکی جین و باڵاپۆشێکی کورتی لە

پێ کردبوو. بەتایبەتی خێراییەکەمم کەم کردەوە و سەیرم کرد. ناسک و زەریف بوو. بزە هاتە سەر لێوم. سەیری منی دەکرد. کەمێ چوومە پێشەوە و دەستی بۆم ڕاتەکاند و لە پیادەڕەوەکەوە هاتە سەر جادەکە. هات دەرگای ئۆتۆمبێلەکە بکاتەوە و سوار بێ کە بە ئاماژە پێم وت و خۆم دابەزیم.

- سڵاو.

مەهتاب – سڵاو.

پێکەنی و وتی:

- لە پشت فەرمان چاویلکەی ڕەش دەدەی لە چاوت زۆر خۆش دیمەن دەبی.

- یانی ئەگەر دابەزم و چاویلکەی ڕەشم لە چاو نەکەم ناشیرینم؟!

لەوبەری ئۆتۆمبێلەکەوە هاتە لام و وتی:

- با! هەم تەڕپۆشی و هەمیش خۆشدیمەن.

- سوپاس دڵگەرمم دەکەیتەوە.

مەهتاب – تۆ فریشتەی ڕزگاریمی.

پێکەنیم و وتم:

- زۆرم گەورە دەکەیت.

مەهتاب – ئێستا دەمبەی بۆ کوێ؟

- بازاڕکردن.

مەهتاب – بازاڕکردن؟

- ئەرێ سواربە با پێت بڵێم.

هات بچێتە ئەولا، کە لەولا سوار بێ پێم وت:

- تۆ لێی بخورە.

چاوی بریسکایەوە وتی:

- تووشی ڕووداوی هاتوچۆ دەبم با خراپ نەبێت.

دەرگاکەم بۆ کردەوە و وتم:

- بە قوربانی تۆ بێت.

هەر بەو پێکەنینە شیرینەوە هاتە ئەم لاو سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو و وتی:

- سوپاس.

چوومە ئەولا و سوار بووم، جانتاکەی لە دواوە دانا و وتی:

- پێمخۆشە لە کاتی شۆفێریدا نەترسم.

کەمێک بێدەنگ بوو و وتی:

- چوونکە هەر کات شۆفێریم کردووە ئەو کاتە بووە وا ڕفاندبووم و دەبا تیژ ڕام کردبا.

قایشەکەی بەست و بە بزەیەکی تاڵەوە وەڕێکەوت و وتی:

- جارێکیان ئۆتۆمبێلێکمان دزی. من شۆفێر بووم. کوڕە زوو پێزانی. بە پرایدێکەوە کەوتە دوامان. من و ژیلا بووین. هەرچی توندتر لێم دەخوری نەمدەتوانی ونی بکەم. شۆفێری پرایدەکە زۆر وریا بوو، وەک با بە دوماندا دەهات.

لەگەڵ ئەوەی تیژ دەڕۆشتم و ژیلا بەردەوام بە سەرمدا دەیگوڕاند، کە خێراتر بڕۆم لە ناکاو ئۆتۆمبێلێک لە جادەیەکی لاوەکییەوە دەرکەوت و من لێی تێپەڕیم و کۆنترۆڵی خۆمم لە دەست دا و کوتام بەکۆڵەکەیەکدا.

لە ناکاو هەر دووکمان گێژ بووین. بەڵام خێرا لە ئۆتۆمبێل دابەزین و ڕامانکرد. جا بە ناو ئەو شەقامانەدا ڕامان دەکرد زۆریش ترسناک بوو.

بێدەنگ بوو و کەمێک پێکەنی و وتی:

- وازیان لێبێنە ئەو ڕۆژانە کۆتایی هات.

بە دەنگی بەرز پێکەنی.

- ئێستا بچینە کوێ؟

- هەر شوێنێ خۆت پێتخۆشە.

مەهتاب - هەر بە ڕاست بە نیازی بچی بۆ بازارکردن؟

- ئەرێ.

مەهتاب - تەندیس بچین؟

- ئەرێ با بچین.

کەمێک شۆفێری کرد. بزە لە سەر لێوی بوو.

مەهتاب – زۆر باشە. کابرا کەیف دەکا لە ناو ئۆتومبێلی ئاوادا. بە دەردی کابرا لە خۆشیدا دەڵێ پام بە عەرزدا ناکەوێ.

پێکەنیم و پاش کەمێ وتی:

- منیش ئەگەر ژیانێکی ئاساییم هەبا ڕەنگە لەم چەشنە ئۆتومبیلەم ببایە.

- ئێستاش وابزانە هی خۆتە.

مەهتاب – سوپاس. بەڵام ئەوەی وا هی خۆمە مرۆڤێکی باشبێ، ئەوە بۆ من تەواوە. باوەڕ بکەن.

هیچم نەوت دیسان وتی:

- مرۆڤ کاتێ دایک و باوکی دەناسێ یانی دایک و باوکی هەیە، خۆی یەکلایی کردووەتەوە. بۆ وێنە باوکێکی کارمەند و دایکێکی کابانی هەیە، یان ڕەنگە ئەویش کارمەند بێ. منداڵ دەزانێ دۆخی ژیانی چۆنە. دەڕێ و دەرس دەخوێنێ جا یان سەر دەکەوێ یان سەر ناکەوێت. بە کورتی هەموو شتێکی وەک ڕۆژی ڕۆشن لێ دیارە. بەڵام بۆ یەکێکی وەکوو من وا نەبوو.

دیسان بێدەنگ بوو. گەیشتینە مەیدانی تەجریش و وتی:

- نازانم بۆچی وا هەست دەکەم دایکم کچە زەنگین و دەوڵەمەند بووە، کە دووگیان بووە و دایک و باوکی درەنگ زانیویانە و بە هۆی ئەوەی کورتاژ بۆی مەترسیدار بووە، ڕاوەستاوە هەتا منی بووە ئینجا منی ...

دیسان بێدەنگ بووەوە. گەیشتینە تەندیس و چووینە ناو سەرەی پارکینگەکەی.

مەهتاب – نازانم بۆچی وا بیر دەکەمەوە؟ ڕەنگە وابزانی ئەوانەی وەکوو منن ئاوا بیر دەکەنەوە. بڵێی هەڵەی. مرۆڤی وەکوو من، پێیان وایە دایک و باوکیان هەژار بوون، کە بە هۆی نەدارییەوە ئەوانیان لە سەر ڕێگەکاندا فڕێداوە. ئاوا پیاو دڵی کەمتر ژان دەکا. بەڵام من جۆرێکی تر بیر دەکەمەوە. ئاوا جەرگم زیاتر ژان دەکات.

ئەم ئۆتۆمبێلە دەیتوانی هی من بایە.

سەیرم کرد. خەریکبوو پێشەوەی خۆی سەیر دەکرد. خەمین نەبوو، بەڵام

شەشەمەگوزەکان

شادیش نەبوو. خەمسارد بوو.

بە هێمنییەوە وتم:

- لانیکەم تۆ توشی کۆمەڵێ کەسی ناپیاو نەبووی، کە کەڵکاوەژوویت لێبکەن. وەکوو ئەو منداڵانەی کە لە شەقامەکادان و سواڵ و کاری تر دەکەن.

بایداوە بۆ ناو پارکینگی تەندیس و وتی:

- چووزانی؟

ئینجا سەیری کردم. ڕوانینێکی سارد کە هەتا ئێستا نەمبینیبوو.

مەهتاب – تۆ لە ڕابردووی من ڕەنگە تەنیا دە لە سەدی بزانی. ڕەنگە کەمتر لەوەش.

- هەر ئەوە بۆ من تەواوە.

بزەیەکی هات و چووینە ناو پارکینگ و ئۆتۆمبێلەکەی لە شوێنێکدا پارک کرد، دابەزین و چووینە سەرەوە و باسکی گرتم و وتی:

- نەتزانی؟

- چی؟

ئاماژەی بە پایکرد. واتە بە پێڵاوەکانی و منیش پێی پێکەنیم.

مەهتاب – لە پێم کرد.

- زۆرت لێ دێت.

مەهتاب – سوپاس ئازیزمی.

- با بڕۆین نەکا درەنگ بێت.

مەهتاب – بە تەمای چیم بۆ بکەی؟

- زۆر شت. پێم خۆشە باشترینەکان هی تۆ بێت.

کەمێک بێدەنگ بوو و باسکی لە ناو دەستمدا گوشی و بە ئارامییەوە وتی:

- هەیە.

دیسان هەستێکی خۆش کەوتە دڵمەوە.

بە جووتە لەگەڵ یەکتر و شان بە شانی یەکتر دەڕۆشتین و شتە جوانەکانمان بە یەکتر پیشان دەدا، ویترینی دووکانەکانمان سەیر دەکرد.

لە چەند دووکان شتمان کڕی. هەر شتێک جوانبا بۆم دەکڕی. هەندێکیانم بە زۆری بۆ دەکڕی. دەیوت گرانن. بەڵام من پێم خۆشبوو ئەمانەی ببێت.

نانی شێومان پێکەوە خوارد، ئینجا گەیاندمە بەر دەرگای ماڵی خۆیان. ویستم ماڵاوایی لێبکەم بێدەنگ و وتی:

- نایەی؟

- نا دەبێ بڕۆم.

مەهتاب – وەرە. پێمخۆشە پێکەوە سەیری تەلەڤیزیۆن بکەین. کەناڵەکانی هەموو تێکچوون.

ئینجا بزەیەک نیشتە لێوی. بزەیەکی خۆش و شیرین.

***

کاتژمێر نزیکەی دوازدە بوو گەیشتمە ماڵی خۆمان. ئۆتۆمبێلەکەم لە دەرەوە پارککرد و نەمبردە ژوورەوە، بۆ ئەوەی دەنگە دەنگ ساز نەبێ و دایک و باوکم لە خەو هەڵنەستن. بە ئەسپایی دەرگاکەم کردەوە و چوومە ماڵەوە، چوومە ژوورەکەی خۆم.

پێشتر لەگەڵ کاوە قسەم کردبوو، پێم وتبوو درەنگ دێمەوە. جلەکانم گۆڕی و کاوە تەلەفۆنی کرد.

- سڵاو. لە کوێی؟

کاوە – سڵاو. تۆ لە کوێی؟

- ئێستا هاتمەوە. تۆ لە کوێی؟

کاوە – چووزانم!

- چ بووە؟

کاوە – دەڵێم لە داخ کۆمەڵی کەسی بێمێشک قووڕی بگرمەوە و بیکەم بە سەرمدا.

- چ بووە؟ لەگەڵ ژیلای؟

کاوە – کوڕە نا. لە مێژە لەگەڵی نیم.

- ئەی ئێستا لە کوێی؟

کاوە – چاوەڕێم پەیژەکەم بۆ بێنن.

- چی؟

کاوە – پەیژە. پەیژە دەڵێم.

- پەیژە چییە؟

کاوە – کەرەسەیەکە پلیکانی هەیە و پێیدا دەچیتە سەر و ...

- دەی خۆت کەر مەکە. جەرەیان چییە؟

کاوە – خوا بەگژداچوویەک هاتووەتە سەربان و پەیژەکەی بردووە و ڕۆشتووە. کەس نییە بڵێ براگیان باوکەکەی من دایکەکەی من، خۆ ناکری هەر شتێک کەوتە بەر دەستتان هەڵیبگرن و بە کاری بێنن.

- باشە ئەو پەیژە چییە، تۆی ئاوا بێتاقەت کردووە؟ دەی دوایی بۆت دێنن.

کاوە – هاتوو بەیانی هێنایان! من چی بکەم؟ هاتوو دوو ڕۆژی تر هێنایانەوە! لە برسی و تینوویەتیدا قڕم دێت.

- ئاخە پەیژە لە کوێ و برسێتی و تینوویەتی لە کوێ؟

کاوە – دەی دەبێ پەیژە بێ من لێی سەر بکەوم و بێمەماڵەوە.

- بە پەیژە دێیتەوە ماڵەوە؟ بۆ ماڵەوە پەیژەی نییە؟

کاوە – ئەگەر باوکە کەرەکەم دەرگایەکی لە نێوان سەربانی ماڵی خۆمان و ماڵە دراوسێ دانابا، ئیتر من کوێردەوەریم نەدەبینی. ئەوەی بە سەرم دێ خەتای ئەو باوکەمە.

کەمێ بیرم کردەوە و وتم:

- چوویتە سەربانی دراوسێکەتان؟

کاوە – ئەرێ. بۆچی؟

- بە پەیژە؟

کاوە - ئەرێ.

- یەکێ هاتووەتە سەر سەربانەکەتان و پەیژەکەی بردووە و تۆش گیرت کردووە؟

کاوە – دوو کاتژمێرە گوێزت بۆ دەبژێرم؟ هەستە وەرە هەڵمکێشە سەر.

هەوا ڕووناک دەبێتەوە بە تاوانی دزێتی دەمگرن. زوو کە.

تێژ موبایلەکەمم داخست و ڕامکردە سەر و چوومە سەر سەربانی ماڵە دراوسێکەمان. ماڵێکی یەک نهۆمی ڤیلایی بوو، سەربانەکەیان چوار پێنج مەتر لە سەربانی ماڵی ئێمە کورتتر بوو. لە سەر لێواری سەربان ئەولام چاو لێکرد. بینیم کاوە لە سەر لێواری سەربانی دراوسێیە خەریکی جگەرەکێشانە.

- ئەوە چی دەکەی لەوێ؟

کاوە - شششش. سووک خەڵک مەتۆقێنە.

- چوویتە ماڵیان ناترسی من بە دەنگی بەرز قسە بکەم دەترسی؟

کاوە — من ئیزنم وەرگرتووە چووم. هەر وا هەرەمەکی نەهاتوومەتە ژوورەوە. قسەش مەکە و هەڵمهێنە.

- دەی هەڵخەوە وەرە سەرەوە.

کاوە — چوار مەتر بەرزی؟ ئینجا هەڵێم و دەنگە دەنگ ساز کەم و دراوسێکان ئەزیەت بکەم؟ ئەوە بیرکردنەوەتە؟ قاچت شۆڕ کەوە با من بیگرم و بێمە سەرەوە. سپایدەرمانیش چوار مەتری پێ ناکرێت.

- من چۆن قاچم درێژ بکەمەوە؟

کاوە — لە سەر لێوارەکە دانیشە و قاچت بۆ ئەم بەر شۆڕ بکەرەوە و قاچەکەشت بخە ئەو لا و ئیتر لە سەری مەچۆ.

- دەکەوم دەست و قاچم دەشکێت.

کاوە — مەترسە گیانخۆشەویست.

- باشە تۆ بۆ لەوێی؟

کاوە - کولێرەکەیان دەنگە دەنگی دەهات و نەیدەهێشت بخەوم. هاتم کەمی چەورم کرد. لە دەنگ کەوت.

- گوو مەخۆ ئەی کوا ڕۆنەکەی دەستت؟

سەیرێکی ئەم و لا و ئەو لای کرد و وتی:

- پێموایە لە کولێرەکەیاندا بە جێم هێشتووە. قاچت درێژ کەوە. نەکا ڕۆژ بێتەوە.

- زۆری ماوە ڕۆژ بێتەوە. تازە کاتژمێری دوازدەیە.

کاوە – درێژی دەکەیتەوە ئەری؟ دەنا جوێنت پێ دەدەم.

- باشە دەی توند مەیکێشە.

کاوە – کورە نا. بە مێهرەبانییەوە هەڵسووکەوتی لەگەڵدا دەکەم. درێژی کەوە بزانم.

لە سەر لێواری سەربانەکە دانیشتم و قاچم درێژ کردەوە و ئەویش قاچی گرتم و منیش هاوکاریم کرد و کێشامە سەرەوە و هاتە سەربانی ماڵی خۆمان و بە خەمساردییەوە وتی:

- دەستت خۆش بێ. کاتژمێر و نیوێکە چاوڕێم تۆ بێی بمهێنیتە سەر.

- دەی بۆ زەنگت لێ نەدا.

کاوە – وتم با بەرنامەکەت تێک نەچێت. شتی مفتەخۆر هەن. پەیژەکەی دزیوە. ناڵی برا خۆ هی ئێمە نییە.

سەیرم کرد و کەمێک خەمساردانە وتی:

- دەی لەوانە گەڕێ خۆت چیت کرد؟ خۆش بوو؟

- ماڵتە هاتوو من ئەوشەو نەهاتایەمەوە ماڵ چیت دەکرد؟

کاوە – دەی دوازدە و یەکی شەو تەلەفۆنم بۆ دەکردی کە لە کوێی؟ بۆ بەیانی لە بیرم بمێنێ بچم دەرگایان پێ بگرم و پەیژەکەیان لێ بستێنم.

- دەی وتیان پەیژەکەتان بۆ لە سەر سەربانی ماڵی ئێمەیە چ دەڵێی؟

کاوە – دەی من شکات دەکەم کە پەیژەکەمان بۆ لە سەر ماڵی ئەوانە نەک ئەوان شکات لە من بکەن. کێشەکەشیانم جێبەجێ کرد. ئێستا پەیژەی چێوی لە هیچ کوێ گیر ناکەوێ. ئەویش پەیژەیەک کە هی چل پەنجا ساڵ لەمەوبەر بێ؟ هەرکەس لێی سەرکەوێ وەک وایە قۆناغەکانی سەرکەوتنی بڕیبێ. دەی سەری بنێوە. وەرە با بچینە خوارەوە پێت بڵێم.

- کاوە – جاری دەتگرن و باوکت دێننە بەرچاوت.

کاوە – جاری یەکەمم نییە و یەکەو دوا ئەوەی کە پشتیوانم هەیە پاڵپشتیم دەکەن. وەرە ژیلا بە نیازە بۆ نانی شێو خولکمان بکات.

- ژیلا؟
کاوە – ئەری. من و تۆ و ڕەزا.
- ئەی بۆ مەهتاب باسی نەکرد.
کاوە – ژیلا بە نیازە بانگهێشتمان بکا نەک مەهتاب.
- دەی ئەویش بەمە دەزانی؟
کاوە – بێگومان لە بیری چووە. دەی با بڕۆین.
ئینجا گەڕاوە چاوی لە سەربانی دراوسێکەمان کرد و زەردەخەنەیەکی هات و وتی:
- دەبێ باش بیری لێبکەمەوە. سەربانەکەشیان نزمە.
هەر دووکمان چووینە سەربانی ماڵی خۆمان و چووینە ژوورەکەی من و وتی:
- بە نیازە لە باغێکدا میوانی بدا.
- لە باغ؟
کاوە – ئەری. مەلەوانگە و دار و درەخت و مۆسیقا و ئەم شتانە لێیە. وەک شتێ پامان دەکاتەوە.
- پامان دەکاتەوە؟
کاوە – ئەری.
لەم کاتەدا موبایلەکەی زرەی هات و خێرا وەڵامی داوە.
- ئەلۆ. سڵاو. ڕۆشتم. خاترجەم بە. بەڵام بە باوکت بڵێ کەرەی بەیانی پەیژەکەمان بۆ بێنێتەوە دەنا شکاتتان لێ دەکەم.
پاشان نازانم ئەوەی پشت هێڵەکە چی دەوت کە کاوە پێکەنی و وتی:
- بە جەهەندەم. دەی داگیری بکە. چی زۆرە پەیژە.
دیسان نازانم ئەو چی وت کە کاوە دیسان پێکەنییەوە و وتی:
- نا ئەمجار بیرم تیژ دەکەمەوە. دە جارێ خوات لەگەڵ. ئیشم زۆرە.
تەلەفۆنەکەی داخست و سەیرێکی کردم و وتی:
- تەماشا تۆ ئەو خوایە. چاک و خراپ چەند زۆرن. یەکێ دێ پەیژەکەت دەبا

و گوێشی لێ نییە و یەکێکی تر نیگەرانی پەیژەکەیە.
پێکەنیم و وتم:
- خاترجەم بە باوکی بەیانی دەیهێنێتەوە بەر دەرگای ماڵی خۆمان.
کاوە – خوا بکا. پەیژە گۆچانی دەستمانە.
ئینجا پێکەنی و وتی:
- تۆ چی؟ چاک ئەم چەند ڕۆژە ڕایدەبوێری؟ چت دەکرد؟
- چووین بۆ بازاڕ کردن.
کاوە – ناپیاو هەتا یازدە دوازدەی شەو لە بازاڕ بوون. نەکا بەشی چەند ساڵ هەتا ساڵی هەزار و چوارسەد و ... هەتاوی شتتان کڕیبێ؟!
پێکەنینیم هات و وتم:
- هەتا کاتژمێر نۆی شەو دوایا گەڕاینەوە.
کاوە – دەی کاتژمێری دوازدەی شەو هاتنەوە؟ ترافیک بوو؟ لە دار و دیوارەوە ئۆتۆمبێل دەباری؟
دیسانیش پێکەنیم و وتم:
- نا کەناڵەکانی تەلەڤیزۆینەکەی شێوا بوو چووم بۆ ڕێک کرد.
سەیرێکی کردم و وتی:
کاوە – ئێستا کەناڵەکان ڕێک و پێکن و لە سەر جێی خۆیانن؟
دیسانیش پێکەنیم و وتم:
- ئەرێ.
کاوە – ئێستا کەناڵەکان شەفاف و بێ خاڵ خاڵن؟
بە پێکەنینەوە وتم:
- ئەرێ.
کاوە – ئەرێ و دەرد.
- دە ماڵتە ئەوەندە پرسیارم لێ دەکەی. من لە تۆ دەپرسم لەگەڵ ژیلا بووی چت دەکرد؟
کاوە – نا.

- دەی پێت خۆشە لێت پرسم؟

کاوە – ئەرێ. قەی چ دەکا؟

- دەی چتان کرد؟

کاوە – عەرزی برای خۆم بکەم تەلەفونی کرد وتی بۆ نانی شێو دەچینە دەرەوە. وتم نا. نانی شێو دەکڕم دێمە ماڵ. ئەو لە سەر نا نا و منیش لە سەر ئەرێ پامان چەقاند بوو. لە کۆتاییدا بڕیارم دا نانی شێو بکڕم و بچمە ماڵیان. منیش تیژ سواری ئۆتۆمبێلەکە بووم و لە ڕێگادا دوو دانە پیتزا و بڕێ چەرەزم کڕی و لە چاوترووکانێک خۆم گەیاندە لای و سوارم کرد، وتم لە پێشدا وەک دەستپێک ...

- باش بیبڕەوە.

کاوە – بۆچی؟

- خۆ نابێ ئەمانە دەنکە دەنکە بە وردەکارییەوە بگێڕیتەوە.

کاوە – دەی چۆن بیگێڕمەوە؟

- شتە گرنگەکان.

کاوە - شتە گرنگەکان چییە؟

- شتە گرنگەکان ئیتر.

کاوە – چۆن چۆنی؟

- واتە ئەوشەو ژیلام بینی و زۆر بە خۆشی ڕامانبوارد.

کاوە – خۆ تەلیگرافت پێ نادەم. مرۆڤ تا وردەکارییەکانی پێ نەگەیێنێ خۆ هیچ تێناگات. هیچ نەگێڕیتەوە چاترە.

- نا. شتە گرنگەکان باشترە. ئێستا هۆی ئەم میوانییە چییە؟

سەیرێکی کردم و وتی:

- لە داهاتوویەکی خاڵ، نزیک خاڵ، بانگهێشت خاڵ.

- چی؟

کاوە – دەی خەریکی گرنگ‌بێژیم.

- دەبێ ئەمە بە وردەکارییەوە بڵێی.

کاوە – دەی منیش خەریک بوو ئەو وردەکارییەم دەوت بەڕێزت نەتهێشت.

- وامزانی بە نیازی شتێکی تر یەک بە یەک بە وردەکارییەوە بڵێی.

کاوە – نا برا هەر ئەوە بوو.

- دەی بیڵێ.

کاوە – ئا سوار بوو وتم وەک دەستپێک.

- دیسان وردەکارییەکان دەگێڕیتەوە.

کاوە – ئەرێ دە یەکلاییم کەوە. وردەکارییەکان یان گرنگەکان؟

- ئەمەیان گرنگەکانی بگێڕەوە و ئەوانی تر وردەکارییەکان. دەبێ بابەتەکان لێک بکەیتەوە.

کاوە – خۆ بێژنگم بە دەستەوە نییە لێکیان جیا بکەمەوە. دە بێلە با قسە بکەم.

- باشە دەی قسە بکە.

کاوە – ئا سوار بوو وتم وەک دەستپێک ...

- دیسان وردەکارییەکان برا من نامهەوێ ئەوانە گوێ بگرم.

کاوە – تام و خۆشیی گێڕانەوەکەی لەوەدایە.

- من تامم ناوێ.

کاوە – چیت پێخۆشە با ئەوە بڵێم.

- جەرەیانی بانگهێشتەکە.

کاوە – دڵنیای؟

- بەڵێ.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

- سوار بوو وتم وەک دەستپێک ...

نەمهێشت قسەکەی کۆتایی پێ بێ و وتم:

- فشەم پێ دەکەی؟

کاوە – مێشکت لە کار کەوتووە؟

- برا نامەوێ ئەو ڕووداوانە گوێ بگرم. حاڵی دەبی یان نا؟

کاوە – تەواو حاڵی بووم.

- هەر هی بانگهێشتەکە بڵێ.

کاوە – دەی باشە. منیش هەر ئەوە دەکەم ئیتر.

- دەی بیڵێ.

کاوە - دیڵی یان دیسان دەپەڕیتە ناو قسەکانم؟

- نا. بیڵێ.

سەیرێکی کردم و ئینجا بە پەلە وتی:

کاوە – سوار بوو وتم وەک دەستپێک لەتە پیتزایەک دەنێمە دەمت چوونکە دەگەینەوەماڵەوە بێتام دەبێت.

سەیرم کرد و وتم:

- هەر ئەوەندە؟

کاوە – ئا. چییە لە ناو جادەدا بۆ دەستپێک چی بکەین؟

- دەی ئەمە چ پەیوەندییەکی بە بانگهێشتە؟

کاوە – دەی لەتە پیتزایەکم نایە دەمی وتی ڕاوەستە تا لە بیرم نەچووە پێمخۆشە میوانییەک بۆ پاکردنەوەی بێزاد و مەهتاب بدەم.

تەواو بوو.

سەیرم کرد و وتم:

- خۆت باش دەزانی و منیش باش دەزانم دەتویست شتێکی تر بڵێی.

کاوە – ئەمجار ئەگەر چوویتە لای مەهتاب دوای دیدارەکەتان سەردانی نۆرینگەی دەروونناس بکە. تەواو مێشکت لە کار کەوتووە ماڵتە.

- دەی ئەوی تر بگێڕەوە.

کاوە – ببوورە، ناتوانی ئەوی تر گرنگبێژی بکەم. با یەک یەک بۆت بگێڕمەوە. بۆت بگێڕمەوە؟

- پێویست ناکا. بانگهێشتەکە بوو بە چی؟ چ میوانییەکە و لە کوێیە و چۆنە؟

کاوە – ببوورە ئەوە ناتوانم بگێڕمەوە. چوون جەرەیانی بانگهێشت و شوێن و جۆرەکەی و کاتەکەی لە ناو وردەکارییەکاندا باسکرد. ئەگەر پێتخۆشە

وردەکارییەکانت بۆ دەگێرمەوە.

- دوو وشە قسە دەکەی دیق بە کابرا دەکەی؟

کاوە - من دەمهەوی قسە بکەم تۆ ناهێڵی؟

- باشە برا بیڵی.

کاوە - بیڵێم؟

- بیڵی.

کاوە - خۆت کەر ناکەی؟

- نا بیڵی.

کاوە - برام تۆ بی پیتزاکەی نایە دەمی و لەگەڵ ئەوەی دەیخوارد و وتی:

- سۆسی دانەناوە. وتم با هەیەتی هانی. سۆسی تەماتەم بۆ پیدا کرد و پیتزاکەی خوارد و وتی: بەخ بەخ. بە خوا پیتزایەکی خۆشە. وتم نۆشی گیانت بی. وتی لە کوێت کڕیوە؟ وتم لە بەر دەرگای ماڵی خۆتان. تازە دانراوە. وتی دە ئەمجار لەوێی دەکڕم. وتم باش. وتی تێکەڵت کڕیوە؟ من وتم نا تایبەتم کڕیوە. وتی: ئەمجار کڕیت کارگ و گۆشتیش بکرە من حەزم لێیە. وتم دەبا ئێستا بۆت دەکڕم. وتی نا بۆ جارێکی تر. وتم. ئەوەتا نزیکە چارەکە ڕێگایەکە وتی نا جارێکی تر باشترە. وتم ئەمە سووپەر یۆمە. وتی لەتێکم دەیە بزانم چۆنە؟ لە ناو بەستەکەی دانەیەکم بۆ دەرهێنا و سۆسم بۆ پێدا کرد و پێمدا و وتی بەخ بەخ. ئەمەش خۆشە. ساردیت نەکڕیوە؟ وتم با کڕیومە. جا پیتزا بە بی ساردی چۆن دەخورێت؟ وتی دەی بمدەیە. خێرا لە ناو دەڵقەکە ساردییەکم دەرهێنا سەرەکەم هەڵمپچڕی پێمدا. بزەیەکی هات و وتی: زۆر باشە. وەکوو ژن و مێردمان لێهاتووە. وتم ئیتر ڕوودار مەبە. وتی جا دەبی زۆریش منەتبار بی من شووت پێبکەم. وتم دڵم بە بێزاد و تۆ پێدەکەنی ...

- ماڵتە چەندەی لی دەڵێی؟ بانگهێشتەکە بوو بە چی؟

کاوە - دەی ئێستا گوی بگرە ئێستا دەگەینی. پیتزاکانی خوارد و کەمێک لای لێوی سۆسی پێوە مابوو.

- بیبرەوە. بەسە.

کاوە – بۆچی؟

- دەزانم چت کردووە. پێویست ناکا بەیتە ناو وردەکارییەکانەوە.

کاوە – بە خوا نەخۆشی.

- دەزانم بە نیازی چی بڵێی. دواتر داوا لە من دەکەی وردەکاری ئەوەی کە لەگەڵ مەهتاب چم کردووە بۆت بگێڕمەوە.

کاوە – خوا تۆ و مەهتاب بباتەوە. باشە ئەوە گێراشتەوە چی دەگێڕیتەوە. لەگەڵ مەهتاب چووین پێڵاومان کڕی و دوایی نانی شێومان خوارد و ئینجا گەڕاینەوە ماڵی ئەوان، چوومە سەرەوە چامان خواردەوە و بە سۆزەوە چاوی لێکردم، منیش بە دزییەوە خۆشەویستانە لێم ڕوانی. ئینجا هەر دووکمان پێکەنین و ئینجا دیسان پێکەنین، ئەو سۆزدارانە چاوی لێکردم و منیش سۆزدارانە چاوم لێکرد، ئینجا هەر دووکمان پێکەنین و من پێکەنیم و ئەویش پێکەنی. پاش کەمێک شەوباشم پێ وت و لە ماڵیان هاتمەوە دەرەوە.

دام لە پڕمەی پێکەنین و وتم:

- گووت خوارد.

کاوە – دە باشە بیڵێ چتان کرد؟ جیا لە پێکەنین و ڕوانینی سۆزدارانە؟

- ئیتر ئەوانە پەیوەندی بە تووە نییە. بەڵام وا نییە کە تۆ دەیگێڕیتەوە. بانگهێشتەکە بوو بە چی؟

کاوە – ئیتر ئەوەندە پێکەنیم. ئاوی چاوم هات و من ...

- باش بیبڕەوە. ئەمانە تێپەڕێنە بچۆ پێشەوە.

کاوە – باشە دەی ڕاوەستە. ئۆتۆمبیلەکە کووژاوە ...

- دەی کەمێ بچۆ پێشەوە.

کاوە – دەی ڕاوەستە. لەبەر پێکەنین ژانیکردبوو. بە گیان تۆ نزیکەی دوو کاتژمێر پێکەنین وتم ئەمە چی لێ دەکەی! تا ...

- بەسە. بەسە. بچۆ پێشتر.

کاوە – دیسان؟

- ئەرێ.

کاوە – راوەستە. ئەها ئینجا وتی تێرم. زوو ئۆتۆمبێلەکە هەڵکە ناتوانم خۆم رابگرم ...

- سوپاس بەسە بچۆ پێشتر.

کاوە - ئامێری پێش و دواوەم خراپ ببوو. با پێشانی بدا خۆی بچێتە پێشەوە.

- دەی خۆت کەر مەکە. بانگهێشتەکە بوو بە چی؟

کاوە – هیچ براگیان ئۆتۆمبێلەکەم هەڵکرد. وتی دواتر تەلەفۆنت بۆ دەکەم و پێت دەڵێم میوانی کەی و کوێیە؟

سەیرم کرد و وتم:

- هەر ئەوەندە؟

کاوە – ئەری.

- ئەی چۆن زانیت دەچین باغ و مەلەوانگە و ئەمانە؟

کاوە – کاتی گەیاندمەوە ماڵی خۆیان وتی بە نیازە میوانییەکە لە باغێک بێ کە مەلەوانگەی لێبێت.

- ئای لە کاوە. کاتژمێرێکە خەریکی گەوجە گەوجیت. کاتژمێری یەک و نیوی شەوە.

کاوە – نا برا. یەک و بیست خولەکە. زۆری ماوە بۆ یەک و نیو.

- من دەچم دەخەوم. شەو باش.

کاوە – وەرە با برۆین. چەند بێدەنگە ئێرە دەڵێی گۆرستانە. کابرا دڵی دەگیرێت.

- کاتژمێری یەک و نیوی شەوە. ئەم دەمانە لە ئەوروپاش بی، هیچ باس نییە بچۆ بخەوە.

کاوە – بچمە ناو پێخەف خەوم لێ ناکەوێت.

- چاوت بنووقێنە خەوت لێ دەکەوێت.

کاوە – خەوم لێ ناکەوێت. ئیسترێسم هەیە.

- باشە تۆ ئیسترێسی چت هەیە؟

کاوە – سبەینێ.

- بۆ بەیانی ئیسترێست هەیە؟

کاوە – کار.

- تۆ خۆت کار ناکەی؟

کاوە – هەر ئەوە ئیتر کار ناکەم بێتاقەت دەبم.

- من دەچم دەخەوم.

کاوە – ئەوشەو بووایە؟ تەلگراف، تێلگرام و واڵس و تانگۆ هیچیان کار ناکەن. نەکا ئەنتەرنێتیش کێشەی هەیە.

مووبایلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و سەیرێکی کردم و وتی:

- چەند گێژم. لە سەر بێدەنگم داناوە چوومە ماڵی دراوسێ وتم با دەنگی نەیەت و ئازاریان نەدەم. تەح ئەم هەموو دەنگ و باسە. خوا ئەم نیشتمانە بەهەشتەمان بۆ خۆش کەی. برۆ بخەوە با بەیانی زوو لە خەو ڕاپەڕی.

- ئیسترێست نەما؟

کاوە – نا. دەچمە ناو پێخەفەکەم چاوم دەنووقێنم و بیر لە شتی خۆش خۆش دەکەمەوە با خەوم لێبکەوێت.

- ئەمانە ئیسترێس چارەسەر ناکەن.

کاوە – با با بیسمیلا دەکەم و شەیتان بە لەحنەت دەکەم چارەسەر دەبێت. ئەو شەوە زۆر کەس وەکوو من لە ئیسترێس تووشی بێخەوی و خەمۆکی دەبن ئەوە بۆ من دڵگەرمییە. شەو باش بە قوربان. شەوباش.

گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم و چوومە ناو پێخەفەکەم و چاوم نووقاند و خەوم لێکەوت.

کاتژمێر هەشتی بەیانی بە زۆری لە خەو هەستام، کاروبارەکەمم کرد و چوومە ماڵی مامم و دەنگی کاوەم بیست. لە گەرماوی ماڵی خۆیان خەریکی خۆشتن بوو و گۆرانیشی دەوت.

لە دەرگاکەم دا و وتم:

- ئێستا چوویەتە گەرماو؟

شەشەکوێرەکار

کاوە – نا برا. دوو کاتژمێر دەبێ. سڵاو.

– کەر مەبە. زۆرت ماوە بێیتە دەرەوە؟

کاوە – بەردە پاشۆر لە قاچم دەدەم و لفکەیەک لە خۆم دەدەم و سەرم دەشۆم دێم.

– ئەوە نیوکاتژمێری پێ دەچێت.

کاوە – باشە بەردە پاشۆر لە قاچم نادەم.

– دەی بەردە پاشۆر خولەکێکیش نابا. زوو کە.

کاوە – دەی لفکەش لە خۆم نادەم.

– ئەرێ دە گوو مەخۆ. زوو خۆت بشۆ و وەرە دەرەوە.

کاوە – میوانی سبەی شەوە.

– چووزانی؟

کاوە – دەزانم تۆ چت داوە. بەردە پاشۆرەکەتم خولەکێک بە قەرز پێ دەدەی؟

– بۆ خۆت نیتە؟

کاوە – هەمە. ئەوەندە قاچم پێ شۆردووە بە کار نایەت.

– خێرا کە.

کاوە – لە بیرت نەچێ تەلەفۆن بۆ ڕەزا بکەین. سبەی شەو. دوێشەو ویستم تەلەفۆنی بۆ بکەم وتم نەکا نووستبێ.

– کاتژمێر یەک و نیوی نیوە شەو؟

کاوە – نا دوو و نیو بوو. یەک و نیو با تەلەفۆنم بۆ دەکرد.

– هاتی؟ درەنگە.

کاوە – چی درەنگە؟ لێرە گەوجە گەوج بکەم یان لە کارگە هیچ تەوفیرێک ناکا. باوکم تەواو دەستی لە من شۆردوەتەوە.

– وەرە. من لە خوارەوەم.

کاوە – بڕۆ ئەوە هاتم.

چوومە خوارەوە و دادە کوبرا چای بۆ تێکردم و چوومە حەوشە و لە سەر

مێزی بەیانیان چایەکم خواردەوە، پاش چارەکێک کاوە بە پەرداخێک چاوە هات.

- سڵاو بەیانیتان باش.

- سڵاو بەرچایی لێرە بخۆین یان بچینە کارگە؟

کاوە – نا دەچینە کارگە باوکم و ئەوان لێمان لە بیانوون شتێکمان لێ ببینن ئیتر دەست دەکەن بە ئامۆژگاری. من نازانم ئەم دوو نەوە بۆ لێک تێناگەین؟!

- نان بخۆ با برۆین.

کاوە – دەچینە ناو ئۆتۆمبێل نان دەخۆین.

- چی لە پەرداخ دەکەی؟

کاوە – لە پەنجەرەوە فڕێی دەدەمە دەرەوە. چی لێ دەکەم دەیخەمە ناو ئۆتۆمبێل گەڕاینەوە بۆ ماڵ دەیخەمە ناو زبڵدانەکە. هەستە با برۆین.

ماڵاوابیم لە دایکم کرد و کاوە ئۆتۆمبێلەکەی دەرهێنا و سوار بووین و چووینە کارگە.

پاش چل و پێنج خولەک گەیشتینە نووسینگەی خۆمان، وەک هەمیشە کاوە داوای بەرچایی کرد، پاش کەمێ مامم هات و شەڕێکی لەگەڵ کردین، ئینجا رۆشت و ئێمە بەرچاییمان خوارد، کەمێک کارمان کرد، ئینجا کاتژمێر بوو بە دووی نیوەڕۆ و سواری ئۆتۆمبێل بووین و گەڕاینەوە ماڵەوە.

کاوە لە کارگە تەلەفۆنی بۆ ڕەزا کرد و بڕیاری سبەی شەومان پێدا. منیش تەلەفۆنم بۆ مەهتاب کرد و ئەویش باسی میوانییەکەی کرد و خوڵکی کردم و کەمێکیش لەگەڵ مەهتاب قسەم کرد.

نزیکەی کاتژمێر سێ گەیشتینە ماڵەوە، نانی نیوەڕۆمان خوارد و من زۆر ماندوو بوو و خەوتم.

پاشنیوەڕۆ لە خەو هەستام هەرچی کاوە زەختی لێکردم لەگەڵی نەچوومە دەرەوە، لە ماڵەوە خۆمم بە شتێکەوە سەرقاڵ کرد. تاقەتی هیچم نەبوو. بەردەوام بیرم لای مەهتاب بوو، ئەوەی کە چۆن لای دایکم و باوکم باسی بکەم.

کاتژمێر یازدە و نیو کاوە گەڕاوە ماڵ و کەمێک یەکترمان دواند و منیش چووم خەوتم.

بۆ بەیانی هەموومان لەگەڵ یەکتر چووینە کارگە و گەڕاینەوە، پاش چوونە گەرماوێک خۆمم ساز کرد کە لەگەڵ کاوە بچم بە دوای مەهتاب و ڕەزا و بچین بۆ ئەو میوانییەی کە لە باغی شەهریار بوو.

دەرگای کومیدەکەمم کردەوە، هەروا بەرامبەری وەستام. نەمدەزانی جلوبەرگی چی لەبەر بکەم. تەلەفۆنم بۆ کاوە کرد و وتم: بێ ڕاوێژی لەگەڵ بکەم. پاش کەمێک هاتە سەربان و لەگەڵ ئەوەی هات تووڕە بووم.

- کاوە؟ ئەوە بۆ وات کردووە؟

پانتۆڵێکی کورتی لە پێ کرد بوو و چایەکیشی بە دەستەوە بوو، دەتکوت بۆ میوانیش خۆلک نەکراوین.

کاوە – بۆ وات کردووە؟

- درەنگە.

کاوە – کوڕە نا. جاری وەختمان زۆرە. بۆ ئەوەندە ئیسترێست هەیە؟!

- نازانم چ لەبەر بکەم. لە ناکاو دای لە مێشکم قات و پانتۆڵ و کراوات لەبەر بکەم. پێت چۆنە؟

کاوە – بۆ میوانی پیاوماقوولانە؟

- تۆ چ لە بەر دەکەی؟

- پانتۆڵێک و تیشێرتی بێ گۆرەوی. دەڵێن قاچی تووکن بە بێ گۆرەوی بە کاکە نەعلییەوە مۆدە.

- ئەری دە گوو مەخۆ. چی لە بەر دەکەی؟

کاوە – ئیتر ئەوە فەرق دەکا کە بتهەوێ بە چی جوان بیت.

- یانی چی؟

کاوە – ئەگەر بتهەوێ وەکوو ڕووناکبیر، یان بیرمەندیک دەربکەوی، دەبێ قات و پانتۆڵی سی ساڵ بەر لە ئێستا لە بەر بکەی، یان شاڵێکی درێژ کە توند دەوری ملت بگری، یان چاویلکەیەکی خڕی شووشە ئەستوور. جا هەواش گەرمە، بەڵام گرنگ ئەوەیە تۆ دەزانی و خەڵک نازانن. تۆ خوێندەوار و ڕوشنبیری ئێمە نەخوێندەوار و ئاسایی. بیریشت نەچی هەر چییەکیان وت بزەیەکی گاڵتەجارانە لێدە.

ئەگەر پێت خۆشە وەکوو کوڕە دەوڵەمەندێک ببینرێی، دەبێ عارەقگیرێکی ڕەنگاوڕەنگ و یان سوور لە بەر بکەی ژێرپانتۆلێک و ئادیداسێک. ئەگەر دەتهەوێ ...

- ئەرێ دە خۆت کەر مەکە. چی لەبەر بکەم؟

کاوە – برا جاران چیت لەبەر دەکرد هەر ئەوە لە بەر بکەوە. ئاخە کێ خوڵک کراوە؟

- من چووزانم؟

کاوە – پێم وا نییە کەسێکی تر خوڵک کرا بێت.

- تەلەفۆنێک بۆ ڕەزا بکە بزانە ئەو چ لە بەر دەکا ئێمەش لە بەری بکەین؟

کاوە – وێڵی کە برا.

- تۆ خوا تەلەفۆن بکە.

کاوە – ئاخە ...!؟

- دە تەلەفۆن بکە.

موبایلەکەی دەرهێنا و تەلەفۆنی بۆ کاوە کرد و لە سەر ئێسپیکێری دانا.

ڕەزا – سڵاوی هاوپۆلی دێرین.

کاوە – من کەی لەگەڵ خوێڕی وەکوو تۆ هاوپۆل بووم؟

ڕەزا – نۆکەرتم.

کاوە – سڵاو. ڕەزا لە سەر ئێسپیکێرە.

ڕەزا کەمێ بێدەنگ بوو و وتی:

- چبووە؟

- سڵاو ڕەزا گیان.

ڕەزا – سڵاو کاکە بێزاد. وێڕای پیرۆزباییەکی زۆر بۆ تۆی هێژا و ...

کاوە – باشە دەی. شتێک ڕوویداوە کە ڕەنگە کار بکاتە ژیانی بێزاد و داهاتووەکەی.

ڕەزا – چ بووە؟

- خۆت کەر مەکە کاوە.

کاوە – ئێستا لە قەیراناویترین قۆناغی مێژووییمان داین ڕەزا. دەبێ بڕیارێکی

دژوار بدەین. ئەمانە بە ئێمە بەستراوەتەوە.

- با خۆم بیڵێم. پێویست ناکا تۆ بیڵێی. ڕەزا گیان تۆ چی لەبەر دەکەی؟

ڕەزا کەمێک بێدەنگ بوو و وتی:

- چی؟

کاوە – بۆ ئەوشەو جلوبەرگی چی لەبەر دەکەی؟

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- وەڵا نازانم ئێوە چ لەبەر دەکەن؟

کاوە – نا. پێم خۆشە بزانم بەم هەموو سەروەت و سامانەوە بۆ ئاهەنگێکی ئاوا خۆش چی لەبەر دەکەی؟

دیسان ڕەزا بێدەنگ بوو. ئینجا بە ئارامییەوە وتی:

- چووزانم؟ قات و پانتۆڵ لە بەر بکەم؟

کاوە – ئەوە هیچ. گۆرەوی چی لە پێت دەکەی؟ بۆنت هەیە؟

ڕەزا – چی؟

کاوە – نەکەی بۆنی خۆش لە خۆت نەدەی؟

ڕەزا – بە ڕاستە؟

کاوە – نا فشەت لەگەڵ دەکەم؟ حەیامان نەبەی. ئەم کوڕەمان لە ژیانیدا ئەمە یەکەم جارە کەر بووە. هەڵبەت جگە لە چەند جار لەمەوبەریش هەر کەر بووە. نابێ حەیای ببەین. قات و پانتۆڵەکەت خاریجییە؟

ڕەزا نەیدەزانی کاوە بە ڕاستیەتی یان نا بە هێمنییەوە وتی:

- لە ئینگلتەرا کڕیومە بە خودا. کاوە ئەوە فشەم پێ دەکەی؟

کاوە – قات و پانتۆڵی سپیت هەیە؟

ڕەزا – ئەرێ برا هەمە.

کاوە – ڕێڕێیە یان سادەیە؟

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- شەترەنجییە؟

- ماڵتە کاوە. هەموو شتێکت بە فشە گرتووە.

کاوە – ئەی برا بلێم چی ...

ڕەزا - چی بووە؟

- برا من نازانم جلوبەرگی چی لەبەر بکەم؟ فەرمی، ئیسپۆرت، ئاسایی.

ڕەزا - بێزاد گیان میوانییەکە فەرمی نییە.

- نا خۆ دەزانم وتم نەکا چوار کەس لەوێ بن و ...

کاوە - دەی چوار کەس لەوێ بن؟! پێموایە لە پاریسەوە هاتوون؟ برا هاوکاری خۆیانن دزن. تەواو بوو.

- کاوە فێربە ئاوا قسە نەکەی.

سەیرێکی منی کرد و وتی:

- بە چاوان. بە چاوان.

دەنگی پێکەنینی ڕەزام دەبیست.

کاوە - ئێستا جەنابت فەرموون ئێمە جلوبەرگی چی لەبەر بکەین؟

کەمێ بیرم کردەوە و وتم:

- ئیسپۆرتەکە لە هەمووی چاترە. بەڵام نا. ئیسپۆرت بۆ شەوانە شتێکە؟

کاوە - شتێکە ...

- سووکە.

کاوە - دەی ئیسکەی و جانتا کۆلییەکەشمان لەگەڵ خۆمان ببەین. با قورستر بین.

- ئەرێ دە قسەی قۆڕ مەکە.

کاوە - برا تۆ چ لە بەر دەکەی ئێمەش با ئەوە لەبەر کەین؟

- پانتۆڵی کەتانی و کراسێکی پیاوانە باشترە.

کاوە سەیری کردم و دەنگی پێکەنینی ڕەزا دەهات.

کاوە - باشە دەی.

- هەر ئەوە چاکە.

کاوە - شالگەردنێکیش بۆ تەنگانە دەبەم نەکا لە ناکاو ...

- ئەرێ دە بزن تەواوی کە. بچۆ کراسەکانت لەبەر کە.

کاوە - ئەی بۆن؟ بۆنی چی لە خۆت دەدەی؟

ڕەزا دیسان پێکەنی.



CS CamScanner

کاوە – ڕەزا کەمێک شێعری حافز لەبەر کە. نەکا لەوێ داوامان لێ بکەن بچینە پشت مایک وتار بدەین.

- بە چاوان.

- هەموو شتێ بە فشە بگرە دەی.

کاوە – برا ئەوەندە ئیسترێست نەبێ. ئارامبە. هێوربە.

- بە خۆم نییە. هەوڵ دەدەم.

کاوە – بیر لە شتی خۆش خۆش بکەرەوە. شادی چاوەڕێتە.

- بە خودا هەوڵی خۆم دەدەم، بەڵام ناتوانم.

کاوە – دەی یارمەتیت دەدەم. تەماشا بیر لە داهاتوو بکەرەوە. بیر لە داهاتوویەکی ڕۆشن. کاتێ دایک و باوکت بزانن کێت کردووە بە بووکیان.

- گوو مەخۆ. ئەوە قسەیە تۆ دەیکەی؟! لە جیاتی ئەوەی ئارامم کەیتەوە باسی ئەمانە دەکەی؟

کاوە – برا خۆ هێشتا هیچ نەبووە ئاوا زراوت چووە. سبەی باوکت بزانی جەڵتە لێی دەدا.

- هەستە جلەکانت لە بەر کە درەنگە.

کاوە – ئەوە ڕۆشتم. ڕەزا زوو جلوبەرگەکەت لە بەر کە. ئەوشەو ئارایشتی زەق مەکە با نەجیم دەرکەوی نانەجیم.

ڕەزا پێدەکەنی و وتی:

- ئێوە دێن بە دوامدا یان خۆم بێم بە دواتاندا؟

کاوە – بە خوا ئیتر ئەمەیان نازانم.

- دەبێ بچین بە دوای مەهتابدا. تۆ وەرە پێکەوە دەڕۆین.

ڕەزا – بە چاوان. ئەوە هاتم خواتان لەگەڵ.

کاوە تەلەفۆنەکەی داخست و بە پێکەنینەوە چووە ماڵی خۆیان و پاش چارەکێک گەڕاوە. پانتۆڵێکی ڕەشی لە پێ کردبوو و کراسێکی جوانی لە بەر کرد بوو بۆنێکی خۆشی لە خۆیدا بوو.

کاوە – تەڕپۆشم؟

- ئەرێ.

کاوە – نینۆکم کردووە و دەسرەیەکی خاوێنیشم پێیە و پەرداخیش لە ناو جانتاکەمە. لە ژێر پانتۆڵەکەم ژێرپانتۆڵێکی گەرمیشم لە پێ کردووە و خستوومەتە ژێر گۆرەوییەوە، وتم با ئەگەر لە سەر عەرز دانیشتین پانتۆڵەکەم چۆک نەدا.

- وەرە بڕۆین گەوجە گەوج مەکە.

کاوە – ڕاوەستە با ڕەزا بێ.

پاش بیست خولەک ڕەزا تەلەفۆنی کرد. لە بەر دەرگایماڵەکەمان بوو. من و کاوە چووینە خوارەوە و بە دایک و باوکمم وت دەچینە میوانی، ماڵاواییم لێکردن و چووینە دەرەوە. ڕەزا پانتۆڵێکی ڕەش و کراسێکی جوانی لە بەر کرد بوو. کەمێک سۆحبەتمان کرد و ئینجا سواری ئۆتۆمبێلی ڕەزا بووین و وەڕێکەوت.

ئێوارە بوو گەیشتینە بەر دەرگای ماڵی مەهتاب. دابەزیم و لە دەرگای ماڵیانم دا و پاش دە خولەک هاتە خوارەوە.

بە ڕاستی ژیکەڵە ببوو، دوگمەکانی دانەخستبوو و بە پانتۆڵێکی لی جوان و تیشێرتێکی جوان.

لەچکەکەی هەر وەک جاران لە سەر کردبوو و قژی هێنابووە بەر چاوی.

مەهتاب – ببوورە مەحتەل بوون؟

- نا. ئەو قسانە چییە.

سەیرێکی ئۆتۆمبێلی کرد و وتی:

- ئەو هاوڕێیەشتان لەگەڵە؟ دکتۆر؟

- ئەرێ بەڵام ناوی ڕەزایە با بڕۆین.

هەر دووکمان وەڕێکەوتین و من دەستیم گرت و لە جۆگەلەکە تێپەڕین و دەرگای ئۆتۆمبێلەکەم کردەوە و هەر دووکمان سوار بووین.

مەهتاب – سڵاو کاک کاوە.

کاوە – سڵاو لە منەوە. ئێوە چۆنن؟

مەهتاب – سوپاس باشم.

ڕەزا ئاوڕی داوە و بە دەموچاوێکی میهرەبانانەوە سەیری کرد و بە

بزەیەکەوە سلاوی لێکرد.
ڕەزا – سڵاو مەهتاب خان. پیرۆزبایت لێدەکەم. ئیشاڵا بەختەوەر بن.
مەهتاب لەگەڵ ئەوەی بە ترسەوە سەیری دەکرد بە ئەسپایی وتی:
- سوپاس.
ئینجا وتی:
- کاک ڕەزای وایە.
ڕەزا – ئێستا بوویەتە هاوڕێ و دۆستی هاوڕێکەم هەر پێم بڵێ ڕەزا.
دەستێکم لە سەر شانی دانا و وتم:
- دەستخۆش ڕەزا گیان. برۆ با وەدرەنگ نەکەوین. دوورە.
ڕەزا – بە چاوان.
ڕۆشتین. و کاوە پاش کەمێک وتی:
- مەهتاب خان میوانی نەناسیاومان هەیە یان هەر خۆمانین؟
مەهتاب بە هێمنییەوە وتی:
- وەڵا نازانم. بەڵام ژیلا و ئەوان زۆر ئامادەکارییان بۆ ئەم میوانییە کردووە.
کاوە – تۆخوا؟!
مەهتاب – بە خودا.
کاوە – خوا ئەم کچەمان لێ نەستێنێ. هەر دیار بوو کچێکی زیرەک و وریایە. بەڵام دڵم ئەمەی نەدەوت.
ڕەزا پێکەنی و کاوە خێرا وتی:
- قوزەلقورت. کوێی پێکەنینی بوو؟
ڕەزا خۆی گورج کردەوە و وتی:
- ئەوەی وا دەتبینی و نکوڵیت لێ دەکرد و دڵت شایەدی پێ نەدا کاوە گیان.
کاوە – ئەها. بەڵێ هەڵبەت. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لە کۆتاییدا ڕاستگۆیی و کرداری کەسێکت بۆ دەربکەوێت.
ڕەزا خۆی کۆ کردەوە و وتی:
- سەد لە سەد وایە. گرنگ ئەوەیە ڕاستگۆیی و دەستپاکیت بۆ ئاشکرا بێت.
کاوە – هەڵبەت ئەوەندەش متمانەم پێ نەبوو.

ڕەزا – تۆ هەندێ جار کەمێک دوودڵی کە ئەمە لۆژیکییە.

کاوە – سوپاس. وایە وەڵا. گرنگ ئەنجامە. مەهتاب خان؟ بڕیارە لەوێ گەمە ئاویش بکەین؟

مەهتاب – ببوورن چتان وت؟

کاوە – ژیلا وتی میوانییەکە لە ناو باغێکە کە مەلەوانگەی تێدایە.

مەهتاب – وەڵا نازانم. من هەتا ئێستا نەچوومەتە ئەوێ. تەنیا ئادەرسێکیان پێداوم. سەبارەت بە مەلەوانگە هیچ نازانم.

سەیرم کرد و وتم:

- مەلەوانگەشی لێ بێ مایۆت هێناوە؟

کاوە – نا بەم ژێرپانتۆڵییەکەی وا لە پام کردووە دەچمە ناوی. گۆرەوییەکانم لە پا دێنمە دەرەوە و لنگم هەڵدەکەم و دەچمە ناوی.

ڕەزا پێکەنی.

کاوە – دەرد. بۆ وا دەکەی؟

ڕەزا – ژێر پانتۆڵت لە پێ کردووە؟

کاوە – ئەی چۆن هاتوو شەو گلمانیان داوە.

ڕەزا دیسان پێکەنی.

کاوە – ماڵوێران. ژێرپانتۆڵەکەم لە قات و پانتۆڵە میوانییەکەی تۆ گرانترە.

ڕەزا – ژێرپانتۆڵیش گران بووە؟

- فشەت پێ دەکا.

کاوە – من پێی دەڵێم ژێرپانتۆڵ. مارکی هەیە. مارکەکە بە قەت ناو لەپی دەستی دەبێ، پێیان دووریوەتەوە. دادە مەهتاب؟

مەهتاب – بەڵێ؟

کاوە – برادەرانیش دێن؟

مەهتاب – برادەران؟ کێ؟

کاوە – برادەرانی تر. ئەوانەی وا ئەو ڕۆژە بۆ پاک و خاوێنکردنەوە هاتن.

مەهتاب – وەڵا جا خۆ دەبێ بێن. من نازانم.

کاوە – تەح ماڵتە تۆش هیچ نازانی.

مەهتاب – بچینە ئەوێ دەزانین.

کاوە – پێمخۆشە تا دەچینە ئەوێ چێژ لە ویناکردنیان ببینم.

ڕەزا دیسان پێکەنی و کاوە سەیری کرد و وتی:

- کابرا کاتێ بۆ فراوێن کەباب دەخوا هەر لە بەیانییەوە هەتا نیوەڕۆ سکی تاو دەدا. ئەوەش خۆی خۆشە. میوانیش ئاوایە ئیتر.

مەهتاب – تەلەفۆن بۆ ژیلا بکە با پێت بڵێ.

کاوە – نا پێویست ناکا. بە هەرحاڵ ئاهەنگە. خۆم پشت بە خودا خۆشی دەکەم.

- کاوە دەکرێ خولەکێک قسە نەکەی؟

کاوە – بۆچی؟ خۆ دیلتان ڕزگار نەبووە. خۆ ناچین بۆ پرسە و سەرەخۆشی. لای ناخێر دوای چەندین ساڵ دەچین بۆ میوانی.

- چەندین ساڵ؟ ئای کاوە.

کاوە – برا گیان خوای مەزن منی بۆ شادی و خۆشی ئافراندووە. خۆ ناتوانم بە پێچەوانەی سروشتی خۆم بجووڵێمەوە. ڕەزا گیان؟

ڕەزا – گیان.

کاوە – گیاندارت خۆش بێ. ئەوە تۆ پاسپۆرتت هەیە؟

ڕەزا – هەمە بۆ کاوە گیان؟

کاوە – بێزاد تێکەڵی شتی تر بووە. چووەتە ناو دنیای کەسانی خۆ بە بەرپرسزان و ئەم شتانە. دەڵێم حەزت لە سەفەر نییە؟

- ڕەزا – ئەرێوەڵا.

کاوە – بەخ بەخ. لە خۆم دەچی. ئیشاڵا جێبەجێ بووی وەرە بچین بۆ سەفەر. پاریست پێ چۆنە؟

ڕەزا – خۆشە. لۆڤێر، ئیڤێل، وێرسای، ئێلیزە.

کاوە – ئەوانەی دەیڵێی لە پاریسن؟

ڕەزا – بۆ نەچوویتە پاریس.

کاوە بە سەرسووڕمانەوە وتی:

- با. دوو جاریش چووم. بەڵام ئەم شوێنانەم نەبینوە.

ڕەزا – دەی کوێت دیوە؟

کاوە – وەڵا زیاتر لە هۆتێل بووین.

ئینجا ڕوویکردە من و وتی:

- یانی بووم.

ڕەزا پێکەنی.

کاوە – چوومەتە مۆلێنرۆز و هەندێ لە گەڕەکەکانیم بینیوە.

من و ڕەزا دامان لە پرمەی پێکەنین کە کاوە گێژ بوو و وتی:

- مەبەستم گەڕەکە کۆنەکانیەتی.

دیسان پێکەنیم و وتی:

- دەرد. من هەتا ئێستا وامزانیوە ویرسای لە ئەمریکایە.

ڕەزا سەیری کرد و پێکەنی.

کاوە – فشەم کرد. کابرا چۆن دەچێتە پاریس و لوڤیر نابینێت؟ ئیڤیل نابینێت؟

مەهتاب پێدەکەنی و وتی:

- چوونەتە لوڤێر؟

کاوە – نەچووینەتە ناوی. بەڵام چەند جار لە بەر دەرگاکەی تێپەڕیوین. یانی تێپەڕیوم.

مەهتاب – ئەی شانزە لیزە؟

کاوە – سەد جار. یانی دەچوومە شانزە لیزە و ئینجا هۆتێل. واتە ماندوو و هیلاک دەبووم. شەوانەش هەندێ شوێنی بوو زۆر خۆش بوو. زۆربەی ئەو شوێنانەمان بینیوە.

مەهتاب – ئەو شوێنانەتان بینیوە؟

کاوە – بۆ وتم ئەو شوێنانەمان بینیوە؟

مەهتاب – شتێکی وام بیست.

کاوە – نا. نا. هەر خۆم بووم. دەی واز لەوە بێنە. ڕەزا چوویتە ئیتالیا؟

ڕەزا – زۆر چووم. تۆ چووی؟

کاوە – ئەری.

ڕەزا – چوویەتە ڤینیز؟ کەناڵی نیلیی جوان.

کاوە – چی؟

پێکەنیم و وتم:

– دیارە هێشتا نەگەیشتوویتە کەناڵی ئاویی ڤێنیز و هەر لە هۆتێل بووی. ڤێنیز هەر لە ناو ئاوە.

کاوە – ئیتر قسەی قوڕ مەکە. دەی ڤێنیزت لە بیرە. یانی لە بیرمە، بەڵام هەر جارێ دێمە ئەم شوێنانە ئاستی وشیاریم دادەبەزێ، هەڵبەت هی ڕەوشی کەش و هەوایە.

ڕەزا پێکەنی و وتی:

– چۆن هاتوچۆی ڤێنیزت دەکرد؟

کاوە – بەو بەلەمانە. من کەمتر دەچوومە دەرەوە. لە ناو بەلەمدا حاڵم تێک دەچێ، پێم باشترە لە هۆتێل بمێنمەوە. بەڵام ماوەی چەند شەو لە ناو ئەم بەلەمانەدا یەکێ گیتاری لێ دەدا و ئێمەش لەم لا و لەو لا دانیشتبووین. زۆر خۆش بوو. چ سرووشتێک!

دام لە پرمە پێکەنین و خێرا ئاوڕی داوە و وتی:

– دەرد بۆ ئەو پێکەنینە ناخۆشەت. چیتە؟ من لەوێ دەریاژۆ ببووم. باوەڕکە ڕەزا چەند پەرستار لە ژوور سەرم بوون دوو هەفتە ئاگایان لێم بوو.

ڕەزا – پاریست پێ خۆشتر بوو یان ڕۆما؟

کاوە – بانگۆک.

من و ڕەزا پێکەنین. مەهتابیش پێدەکەنی.

کاوە – لە بەر ئەوەی ئەمانە ڕۆژهەڵاتین خوێنگەرمتر و میوانگرترن. لەبەر ئەوە لەوانە گەڕێ. ئێستا لە کوێین؟ دادە مەهتاب ئادرەسەکەمان بدەیە دەی.

مەهتاب کاغەزێکی دەرهێنا و دای بە کاوە و کاوەش بۆ ڕەزای خوێندەوە چوونکە ڕەزا شوێنەکەی باشتر دەناسی و خێرا گەیشتین. شەقامێکی چۆڵ و بێدەنگ بوو و پڕ بوو لە باغ. پێموایە باغی چاندنی گوڵ و گیا بوو.

ڕەزا هێورانە دەڕۆی و ئینجا لە بەر دەرگایەکی ئۆتۆمبێل ڕایگرت و وتی:

– پێموایە لێرەیە.

مەهتاب تەلەفۆنی بۆ ژیلا کرد، پاش کەمێ دەرگاکە کراوە و ژیلا و سەمرە و

تەرانە و یەکێکی تر، کە دواتر ناوی وەبیرم هاتەوە ناوی رەیحانە بوو، هاتنە دەرەوە.

ئێمەش دابەزین و سڵاومان کرد. هەر بە پێکەنین و خۆشییەوە.

زۆر کەیفخۆش بووم کە دەمبینی هاورێکانی مەهتاب لەوەی کە دەبینن مەهتاب خەریکە شوو دەکا و دادەمەزرێ دڵخۆشن. ئەگەرچی هێشتا وەحشەتم لە داهاتوو هەبوو. داهاتوویەکی نزیک کە دەبا لای دایک و باوکم باسم کردبا. ئەمانەم دانا بۆ دواتر.

هەموومان چووینە ژوورەوە. باغێکی گەورە بوو، کەمێ کە چووینە پێشترەوە شتێکی وەکوو مەلەوانگەی لێ بوو، بەڵام ئاوەکەی قەوزەی لە سەر بوو.

کاوە سەیری ناو مەلەوانگەکەی کرد و ئینجا بە ژیلای وت:

- ئەوە مەلەوانگەکە بوو وا باست دەکرد؟

ژیلا سەیری ناو مەلەوانگەکەی کرد و وتی:

- پێموایە بە کەڵک دێ؟!

کاوە – بە کەڵک دێ، بەڵام بۆ بۆق باشە. کێشە نییە دەی ژوورەکان لە کوێن با بچین پانتۆڵەکانمان لە بەر بکەین؟

ژیلا – چی؟

هەموو پێکەنین.

ژیلا – ژێرپانتۆڵت هێناوە؟

کاوە – برا ئێوە بۆ باس لە ژێرپانتۆڵ دەکرێ بیرتان بە لارێدا دەچێ؟

- دادە ژیلا سوحبەت دەکات.

ژیلا – لووسکە.

کاوە – ئێستا بچین بۆ کوێ؟ مۆبلێ، کورسییێ، فەرشێ، جاجمێ هەر دەبێ ئاوا دانیشین؟

ژیلا – بۆڵە مەکە. بیناکە لە سەر باخەکەیە.

کاوە – با برۆین. با بچین شتێک بخۆین. خواردنەوەت ساز کردووە یان ئەویش بە کەڵک دێ؛ بەڵام بە کەڵک نایە؟

ژیلا – بێڵە با وات سوپرایز کەم کە دەردت پێ بدەم.

کاوە لەگەڵ ئەوەی بەرەو سەرەوەی باغەکە دەڕۆی وتی:
- خوا دەیزانێ هەرچی لەوانە بکەی زیاتر دێتە ناو دڵمەوە، بە ئەرێنییەوە سەیری دۆسییەکەت دەکەم.
وەڕێکەوتین و کەمێک چووینە سەرترەوە. گەیشتینە خانە پلاستیکییەک کە بە نایلێکس دەورتادەوری شوێنەکەی گیرابوو.
کاوە – لە کێڵگەی مریشک میوانیتان بەڕێوە بردووە؟
ژیلا لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی و وتی:
- وەرە پشت ئاوێنە.
کاوە – گەور بووە کردووتانە بە باغ؟
ژیلا – وەرە خۆت دەیبینی.
دەوری خانەی پلاستیکی یان هەر شتێک بوو، لێرا کە بینایەک بە دوو سێ ژوورەوە ئاشکرا بوو. دیوارێکی خشتی و کۆن و چەند دانە پەنجەرە و شووشەی پیس و تەپ و تۆزاوی.
ژیلا – ئێرەیە؟! زۆر زۆر بە خێر بێن.
کاوە – زۆر سوپاس. ئێرە گەوری ماڵەکەیە یان ماڵەکەیە؟ کێڵگەی گاتان هەیە؟
ژیلا – ئەرێ دە خۆت قسەی قۆڕ مەکە. بەز نییە چۆڵە.
کاوە – دەبێ لە پێشدا یەک دوو کاتژمێر خاوێنی بکەینەوە جا بۆ دانیشتن دەبێت.
هەمووومان چووینە ئەو ژوورەی وا لە هەمووی گەورەتر بوو. خراپ نەبوو و ژوورێکی حەوت هەشت مەتر، لە چوار پێنج مەتر بوو، کە ناوەوەی دەستێک مۆبلی کۆن و مێز و ساردینگ و ئەم شتانەی تێدا دانرا بوو.
ژیلا – وەرە. ناوەوەی خۆشە.
کاوە – زۆر خۆشە؟
ژیلا – ئیتر ئەزیەتم مەکە.
کاوە – برا بە خۆمت کوتبایە شوێنێکی باشترم دەدۆزییەوە.
هەستم کرد مەهتاب خەریکە زیز دەبێ هەر بۆیە وتم:

- تەواوی کە کاوە. گرنگ خۆشی و دۆستایەتییە.

کاوە – وەڵا ڕاست دەکەی. بەڵام وریای ڕۆتێل و جالجالووکە بە.

سەیرێکی کاوەم کرد کە پێم پێدەکەنی و هەر دووکمان چووین لە سەر مۆبلەکە دانیشتین و ژیلا بە ڕەزای وت:

- زۆر زۆر بە خێر بێن دوکتۆر گیان.

ڕەزا – ناوم ڕەزایە.

ژیلا پێکەنی و چوو لە ناو ساردینگەکە قاپێکی میوە و سوراحییەک خواردنەوەی هێنا و لە سەر مێزەکەی دانا، سینییەک شیرینی و پەرداخ و ژێر پیاڵە و ئەو شتانەی لە سەر بوو، خواردنەوەی بۆ تێکردین و هێنای و پێی فەرموو کردین و وتی:

- لیمۆنادتان پێ خۆشە؟ کاحەمە کاوە ئیرادێکیش لەوە بگرە و حەیامان ببە.

کاوە پەرداخێکی هەڵگرت و لەگەڵ ئەوەی دەیخوارد و وتی:

- برا فشەم کرد. گرنگ هەر ئەوەیە وا بێزاد وتی. خۆشی و دۆستایەتی، مرۆڤایەتی، هاوڕێیەتی و یەکڕەنگی تەنانەت گەوریش دەکاتە هۆتێلی پێنج ئەستێرە.

ژیلا – دەی لێی بڵێ.

مەهتاب هات و لە سەر مۆبلەکەی تەنیشت من دانیشت و بە ئەسپایی وتی:

- داوای لێبووردنت لێ دەکەم بێزاد. من نەمدەزانی ...

خێرا وتم:

- هیچ نییە دەی. زۆریش خۆشە. کاوە فشە دەکا.

مەهتاب – نا بە ڕاستی وایە. لێرە ...

دیسان قسەکەم پێ بڕی و وتم:

- دۆستایەتی و خۆشی و عەشق. ئەرێ؟

پێم پێکەنی و هیچی نەوت.

خۆشاوەکەمان خواردەوە و دەستیان کرد بە فەرمووکردنی شیرینی و میوە و ئەو شتانە و کاوە وتی:

- ئەم خۆشاوە زۆر تراو نییە؟

ژیلا – ئێستا چاکی دەکەم.

ئینجا بتڵێکی لە ناو ساردینگ هێنا دەرەوە و کردییە ناو سوراحییەکەوە، کەمێک شەڵەقاندی و دیسان پەرداخەکانمانی پڕ کرد. خۆش بوو.

کاوە – بە ڕاست ئێرەتان بە کرێ گرتووە؟

ژیلا – ئەی چی!

کاوە – چەند شێتی؟ چەندەی لێ وەرگرتن؟

ژیلا – زۆری وەرنەگرت. ئەو برە پارە هەر ئەوەندە دەکات.

کاوە – بتکوتبا خۆم شوێنێکی باشترم دەدۆزییەوە. لەم کاتانەدا پێم بڵێ ئیتر پارەکەت فڕێ مەدە.

ژیلا – بە قوربانی خۆت بێ. گرنگ ئەوەیە پێکەوەین.

کاوە – دەی پیاو نابێ ببۆڵێنێ.

ئاگام لێ بوو ژیلا و کاوە پێکەوە قسەیان دەکرد، بەڵام دەموچاویان دەهاتە پێش و دواوە. چەند جار پێڵووەم لێک دەترووکاند. بەڵام خراپتر بوو. هەستم دەکرد لەشم هی خۆم نییە. لە پێشدا دەستم و ئینجا قاچم سڕ بوو. زەختم سەر و خواری دەکرد. وشەکانم بە باشی بۆ لێک نەدەدراوە. سەرم کشاندە دواوە و بینیم ڕەزا و کاوە لە سەر جێگاکەیان هەستان. لە پێشدا ڕەزا ئینجا کاوە کەوتن و منیش ئیتر هیچ تێنەگەیشتم.

***

نازانم بێهۆشییەکەم چەندەی خایاند.

کاتێ چاوم کردەوە بینیم قاچی کاوە و سەری ڕەزایە و دەستی لە دەور ملم ئالاندووە. سەرم دێشا. چەند جار چاوم دەکردەوە و دەمنووقاندەوە. گێژ بووم. نەمدەزانی چ ڕوو دەدات. چاوم لێڵ بوو. ناو دەمم وەکوو ژەهری مار بوو. چاوم لە دەوروبەرم کرد سەیرم کرد کاوە هەستا و ئینجا ڕەزا.

خولەکێکی خایاند تا گێژییەکەم کەم بووەوە. بە هێمنییەوە جووڵامەوە بۆم دەرکەوت دەستم لە دواوە بەستراوەتەوە. قاچم جووڵاند دەنگی زرەی زنجیرم بیست. لەگەڵ ئەوەی بە لاشاندا کەوتبووم سەرم نووشتاندەوە. قاچەکانم بەسترابوون بە زنجیرێکەوە کە سەرێکی دەچووە ناو دیوار. هەرچی بیرم دەکردەوە کە لەوانەیە چ ڕوویدابێ هیچ بە مێشکمدا نەدەهات. هەزاران بیر بە مێشکمدا هات. ئێمەیان گرتبوو؟ قۆڵبەستیان کردبووین؟ هەزاران شتی تر. لەم کاتەدا کاوە جووڵەیەکی کرد و هەستا و دانیشت و وتی:

- بێزاد، بێزاد.

بە ئەسپایی وتم:

- چ بووە کاوە؟

کاوە – باشی؟

- ئەرێ. یانی نا. بۆچی وامان لێهات؟

کاوە – ڕەزا؟ ڕەزا؟

ڕەزا جووڵەیەکی لە خۆی دا و هەستا و دانیشت.

کاوە – بێزاد هەستە بزانم. ئەوە باش نیت؟

به زۆری لە سەر جێگاکەم هەستام. ورو گێژ بووم. ورێ بە جەهەندەم، دەترسام. کاوە خۆی کێشایە لای دیوار و ئەو زنجیرەی جووڵاندەوە وا وەکوو من و ڕەزا بە قاچی بەسترا بوو. ئینجا سەیری دەوروبەری خۆی کرد. منیش سەیرم کرد. ڕەزا خۆی کشاندە لای دیوارەکە و پاڵی پێوە دا و سەیری من و کاوەی کرد. من هێشتا لە ناوەڕاست دانیشتبووم و بیرم لەوە دەکردەوە کە چ ڕووی داوە.

چەند خولەک تێپەڕی. ژوورەکە هەر ئەو ژوورە بوو. بەڵام کەسی تێدا نەبوو. هەر ئێمەی تێدا بوو.

- چ بووە کاوە؟

کاوە – چی بڵێم؟ ناو دەمم تامی پەیکۆڵ و ڕۆنی بادام و خەرتەڵ و بەهێی کاڵ و ئەسپەناخ و بەردە پاشۆر دەدات.

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- تامی چ دەدا؟

کاوە – قوزلەقورتەکەی خۆمان. چ گوویەکمان خواردووە. سەد جار دەڵێن لەم دەستسازانە مەکەن بە ژانتان. منی پەخمەش هەر دەموت زیاتر تێکە.

- بۆچی وایان لێکردین؟ چ بووە؟ بێهۆشیان کردین؟ گرتمانیان؟

کاوە – نا. دڵی خۆت خراپ مەکە. میوانییە ئیتر. هەندێ جار شتی وا پێش دێت.

ڕەزا پێکەنی.

کاوە – هەولبدەن ڕەوشتبەرز و بە ئەدەب بن. پێموا کامێرای شاراوەیە. ئێستا بە جلوبەرگی جوانەوە دێن و سەما دەکەن و ئینجا قاچ و دەستمان دەکەنەوە و ئێمەش دێینە ناو سەماکانیانەوە و دەبێتە شەوێکی زۆر خۆش و لە بیرنەکراو. بریا دەمانتوانی فیلمی لێ هەڵبگرین و لە ئینستاگرامدا بڵاوی بکەینەوە.

ڕەزا دیسان پێکەنی.

- گەوجە گەوج. بێهۆشیان کردووین و دەست و قاچمانیان بەستوتەوە و ئێمەیان لێرە فڕێ داوە کەچی تۆ هەر خەریکی فشە کردنی.

گوڕاندم.

- مەهتاب، مەهتاب.

لەم کاتەدا دەنگێک لە دەرەوە دەهات. خۆم کشاندە لای دەرگاکە. ژیلا و ئەوانی دیکە بە دوایدا هاتنە ژوورەوە. مەهتابیان تێدا نەبوو.

ژیلا لەگەڵ ئەوەی سەیری دەکردین پێدەکەنی وتی:

- شەوباش. چەندە دەخەون ماندوو نەبن.

کاوە – لەشساغ بی. ئێوەش دیارە چاک خەوتوون.

ژیلا – نا ئێمە ئامادەکاریمان بۆ ئەم میوانییە دەکرد.

کاوە – دەستتان خۆش بێ. ببوورە لای ئێوە قاچمان درێژ کردوتەوە.

ژیلا – ئاسوودە بن.

کاوە – لەو میوانایییانەیە وا کابرا سوپرایز دەکەن یان کامێرای شاراوەیە؟

ژیلا – خوێن شیرین.

- دادە ژیلا ئەمە چییە؟ بۆ واتان کردووە؟ کوا مەهتاب؟

ڕستەی کۆتاییم بە گوڕاندنەوە وت.

ژیلا – لە خۆڕا دەنگ بەرز مەکەوە. مەهتابیش لێرە نییە. دەنگە دەنگ مەکە چوونکە لێرە هەر خودا دەنگتان دەبیستێت.

کاوە بە ئانیشک تێی کوتام و وتی:

- ژیلا گیان ئەوە چت دەرخوارد داین؟ زۆر کاریگەر بوو.

ژیلا – پێت خۆشبوو؟

کاوە – زۆر.

ژیلا – چاک سوپرایز بووی؟

کاوە – ئیمانم پێ هێنای؟ یانی ئێمە چین؟

ژیلا پێکەنی و وتی:

- بارمتە.

ئینجا چاوی لە ڕەزا کرد و وتی:

- تۆ چۆنی جەنابی دکتۆر؟

ڕەزا خەمسارادانە سەیری کرد.

ژیلا – لە بیرتە منت بەستبووەوە دەتویست بە قەمچی لێم بدەی؟ قەت بیرت لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێ بێ وەکوو سەگ پەتت بکەم؟

بە تووڕەییەوە گوڕاندم و وتم:

- ئەوە قەرەبووی چاکییەکانمان بوو؟!

ئەویش قیژاندی و وتی:

- تۆ باشی؟ هەر گوویەکت خواردووە بۆ دڵی خۆت خواردووە. خۆت کەری. عەشق و خۆشەویستی ئەوەیە ئیتر.

کاوە جووڵەیەکی کرد و وتی:

- ژیلا ئیتر سوحبەت کردن بەسە. وەرە دەستمان بکەرەوە دەنا لێت دڵمەند دەبم. ئافەرم کچی باش وەرە دەستەکانمان بکەوە با پێکەوە ببینە هاوڕێ. لە بیرتە چەندە پێکەوە چاک بووین؟

ژیلا پێکەنی و ئەوانی تریش پێکەنین.

کاوە ئاماژەی بە قاچی کرد و وتی:

- کەلەبچە و پاوەنت لە کوێ هێناوە؟

ژیلا – من داوای هەر شتێک بکەم دێتە بەر دەستم.

سەیرێکم کرد و وتم:

- فشە دەکەن یان ...

قاقای کێشا و وتی:

- هیچ بێزاد گیان.

کاوە – دەی ئێستا چ دەبێ؟

ژیلا – دەبێ باش بیر بکەمەوە.

کاوە – خۆت زەحمەت مەدە بەو عەقڵەی تۆ هەتە بە هیچ کوێ ناگەی. بارمتەت گرتووە و پیلانت دانەناوە.

ژیلا – گشتێتییەکەی ئاشکرایە. بۆیە ئێوە لێرە دەست و قاچتان بەستراوەتەوە.

کاوە – ئەی وردەکارییەکانی چییە؟

ژیلا دیسان پێکەنی و وتی:

- کە کەمێک ئازارتان بدەم.

کاوە پاڵی بە دیوارەکەوە دا و وتی:

- دەی وەرە ئازارمان بدە.

ژیلا – کاتی خۆی. جاری بێدەنگ بن دەنا بە دارەوە دێم بۆ گیانتان.

کاوە دیسان پاڵی بە دەرگاکەوە نا و بێدەنگ و خەمسارد دانیشت و من وتم:

- خەتای خۆمان بوو زۆرمان ڕێز لێ گرتن.

ژیلا – زۆر قسە مەکە.

- دەکرێ مەهتاب بانگ کەی؟

ئینجا خۆم گوڕاندم و وتم:

- مەهتاب، مەهتاب.

ژیلا – خۆت ماندوو مەکە. با خاترجەمت کەم مەهتاب خۆشی بەشێک لەم پیلانە بوو.

- دەمهەوێ خۆی پێم بڵێ.

ژیلا – دەیڵێ پەلە مەکە.

کاوە – ژیلا گیان. ئاوا ناتوانن کەس ناچار بە هاوسەرگیری بکەن. بە زەبر و توقاندن و چاوسوورکردنەوە. تۆ بە زمانی خۆش بتکوتبا خۆشم دەویی دەمهێنای. ئەگەر مەبەستت بێزادە کلۆڵە خۆ فەقیرە بۆتان ببوو بە مەڕ. وەرە دەستمان بکەرەوە هەتا بەڵێیەکەم نەکردووە بە نا.

ژیلا دیسان پێکەنی و وتی:

- دە دانە؟

کاوە – دە جار بڵێم بەڵێ.

ژیلا – دە ملیارد پارەی نەخت.

کاوە – مارەیی؟ خۆ هەموو خزم و کەسەکەتان مارە ناکەین.

ژیلا – لەگەڵ خوێن شیرین دە ملیارد بدەن بەرەڵاتان دەکەین.

کاوە – من دە ملیاردتان پێ دەدەم وازم لێ مەهێنن تۆ خودا.

ژیلا – خۆت شیرین مەکە. من بە ڕاست قسە دەکەم گەمژە.

کاوە – باشە دەی. جیدی قسە دەکەم. وەرە جزدانەکە لە پانتۆڵەکەم دەربێنە. شەشسەد حەوتسەد هەزار تمەنی تێدایە. نۆ ملیارد و نۆسەد و کەمێکی دەکەمە قیست.

ژیلا – وا دیارە بە زمانی خۆش تێناگەی. دەبێ بە تێلا و قەمچی حاڵیت کەم.

کاوە – تەماشا ئەو داماوییە؟!

ژیلا هات بڕواتە دەرەوە کە دار و قەمچی بێنێ کچەکانی تر گرتیان و وتیان:

- با کێشەکە قووڵتر نەبێتەوە. دە ملیارد بدەن ئازادتان دەکەین. زۆر سادە.

کاوە – یانی یەکی چەندمان دەکەوێت؟ بە حسێب لێی دە بزانین ڕێک چەندەمان دەکەوێت؟

ژیلا – دوو ڕۆژ نان و ئاوت پێ نادەم ئیتر عاقڵ دەبی بە قوربان. دانیشە جوان بیری لێ بکەرەوە. کەس نازانێ لێرەن. لێرە دەتانهێڵینەوە با لە برسی و تینوویەتیدا قڕتان بێ. بە دەمتەوە پێکەنیم ڕوودار بووی و هەموو شتێکت بە فشە گرتووە.

ئەمەی وت و هەموویان پێکەوە ڕۆشتن. هەر سێکمان ماینەوە و پاش کەمێک کاوە سەیری ڕەزای کرد و هەر دووکمان دامان لە پرمەی پێکەنین.

سەیرم کرد و وتم:

- شتەکەت بە فشە گرتووە؟

کاوە – نە بە گیانی تۆ. وەبیر ئەوڕۆ کەوتمەوە کە خەریک بوو خۆت دەکوشت کە چی لە بەر بکەی؟

دیسان دایان لە پرمەی پێکەنین. منیش سەرەڕای ئەوەی زۆر تووڕە بووم پێکەنیم و وتم:

- چ بکەین؟

کاوە - نیگەران مەبە. دێن ڕزگارمان دەکەن.

- کەی دێن؟

کاوه – نازانم، بەڵام هەمیشە لە فیلم و شتدا هەیە کە کەسانێک دێن بارمتەکان ڕزگار دەکەن. نیگەران مەبە.

- گوو مەخۆ.

کاوه – ڕەزا تۆ چەندت پارە پێیە؟ پێکەوە کۆی کەینەوە و پێیان بدەین با ئازادمان کەن.

ڕەزا پێکەنی و منیش خێرا وتم:

- برا سۆعبەت مەکەن. لە برسیدا دەمرین. کەچی ئێوە خەریکی فشە و گاڵتەجاڕین.

ڕەزا – برا تۆ واز لە برسێتی بێنە. کاری توالێتمان بوو چ بکەین؟

کاوه پێکەنی و وتی:

- چ نەهامەتییەک. تەنگاوی؟

ڕەزا – نەوەڵا، بەڵام پێشبینی دەکەم.

کاوه – بیری لێ مەکەوە دەنا دێ؟

دیسان هەر دووکیان پێکەنین.

- ماڵتانە.

ئینجا گەڕامەوە و قاچم نا بە دیوارەکەوە و پاڵم پێوە نا بۆ ئەوەی زنجیرەکە لە دیوارەکە بێتە دەرەوە. بەڵام لە جێی خۆی نەجووڵا.

کاوه – قەوە لە خۆت مەدە. خوا دەزانێ چەندەیان خزاندووەتە ناو دیوارەکە و چیمەنتۆیان لێ داوە؟!

- ئەی چی بکەین؟!

کاوه – جارێ ڕاوەستە با نانی شێو بێنن. ڕاوێژیان لەگەڵ دەکەین و بە ئەنجامێکی ژیرانە دەگەین.

قێژاندم و وتم:

- شێتی بە خودا. ڕەزا تۆ شتێ بڵێ.

ڕەزا – بێزاد گیان دان بە خۆتدا بگرە. جێبەجێ دەبێ.

کاوه – ئەرێ. ئێستا ئەوان توورەن. پاش کەمێک هێور دەبنەوە و ئازادمان

دەکەن.

- خەیاڵت خاوە. کەلەبچەیان لە کوێ هێناوە؟

کاوە – سەگبابانە ئەوپەڕی بەدفەڕیین. ئەم سەگبابەی ژیلا ببێتە خێزانم ئیتر لە هیچ ساختەچییەک ناترسم. ئەوپەڕی ساختەچێتییە. ئەم بەرنامە کۆتایی پێ بێ ڕەنگە پێشنیاری خۆشەویستی پێ بدەم.

- بیر لە ئێستا بکەرەوە کەرە.

کاوە – منیش ئێستا نا دواتر بیری لێ دەکەمەوە.

- گوو مەخۆ.

ڕەزا پێکەنی.

- بۆ بەدبەختی بە کەسیشمان نەوتووە لێرەین.

کاوە – بۆ کەی لە ماڵ دەرکەوتووین و بە کەسمان وتووە؟! چەندە خەفەت دەخۆی. کەمێک دان بە خۆتدا بگرە.

- تۆ نازانی من لە چ حاڵێکدام. پێم خۆشە لە عەزرەتا سەرم بکوتم بەو دیوارەدا. تەماشا چۆن دوو کچە لە خشتەیان بردین؟

ڕەزا – هێوربە بێزاد گیان. بە تووڕەیی هیچ جێبەجێ نابێ. دەبێ بیر بکەینەوە.

کاوە – من بیرێک بە مێشکمدا هات.

- چ بیرێک؟

کاوە – سووچێک بۆ تواڵێتی کاری سووک هەڵدەبژێرین. هەرچی دوورتر باشتر.

- ماڵتە کاوە. ئێستا وەختی سۆعبەت کردنە؟

کاوە – سوعبەتی چی. گوو و میزمان بێ قوڕی کوێ بکەینە سەرماندا؟!

- دەڵێم بە قەستی یەکیان بە بیانوویەک دێنینە پێشەوە و هەر سێکمان دەیگرین ئەوەندەی ڕادەگرین هەتا ئازادمان بکات.

کاوە – بە کام دەست؟ خۆ ئێمە ناتوانین زیپی پانتۆڵەکانمان بکەینەوە چ بگا بەوەی وەک بارمتە بیانگرین.

- دەبێ زۆر کار بکەین. من خەریکە شێت بم. بە خۆم نییە. ئەوەندە تووڕەم خەریکە گریانم دێ. پاش ئەو هەمووە چاکییەی کە لەگەڵیان کردمان ...

کاوە – کارێکی تریش دەکرێت؟

خێرا وتم:

- چی؟

کاوە – دەبێ واز لە شەرم و حەیا بێنین دەبێ پانتۆڵەکانمان دابکەنین بۆ ئەوەی خۆمان بەتاڵ بکەینەوە. چۆنە؟ ئینجا نایخەینە سەر خۆمان و شەرمیش ناکەین.

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- کاوە تۆخوا جیدی بە. من لە نارەحەتیدا خەریکە جەڵتە لێم دەدا.

کاوە – بێزاد ئەمانە پێیان خۆشە ئێمە تووڕە بین. هێور و دان بە خۆداگر بە. منیش بە قەت تۆ قەڵسم. بەڵام مرۆڤ دەبێ دان بە خۆیدا بگرێ. تۆ سەیری ورچ بەو زەلامییە بکە.

هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی و هەوڵم دا ئارام ببمەوە. لەم کاتەدا ژیلا و ئەوان هاتنە ناو ژوورەکە و یەک یەک لە سەر مۆبلەکە دانیشتن و سەیریان کردین.

پاش کەمێک ژیلا وتی:

- بیرتان کردەوە؟

کاوە لەگەڵ ئەوەی سەیری کرد وتی:

- چی دەکەی بیکە.

ژیلا – یانی پارە نادەن؟

- کاوە – نا. نیمانە. هەر هەموو پارەکەمان دەبێتە دوو سێ ملیون.

ژیلا – پارەی ئێرەتان نالێم.

کاوە – ئەی پارەی کوێمان دەڵێی؟

ژیل – پارەی باوکەکانی ئەو دووانەتان و ئەو گڵاوەی هاورێتان.

کاوە – پێت وایە باوکەکانی ئێمە و ئەم گڵاوە ...

ئینجا سەیری ڕەزای کرد و وتی:

ئەشقەکوژەکان

- ببووره ڕەزا گیان ئەوە قسەی ژیلاگیانم دەقاودەق دەگێڕاوە.

ژیلا و ئەوانی دیکە دایان لە پرمەی پێکەنین و کاوە وتی:

- مەبەستم ئەوەیە لەم ئاخۆران و بخۆرانەدا کێ دە ملیاردی نەخت ڕادەگری؟

ژیلا – دە ملیارد بۆ ئێوە مانان پارەی گیرفانە.

کاوە – کورە نا واش نییە. هەڵبەت برە پارەیەکمان هەیە، بەلام تۆ بۆ دە ملیارد بچۆ لای ئەوانەی وا ماڵی خەڵک دەخۆن.

ژیلا – ئەو ناپیاوە هەیەتی. ئەوە نۆکەری ئەوانەیە وا ماڵی خەڵک دەخۆن.

ژیلا – ئێوە گێژ و وێژن نازانن ئەو هاورێیەتان چ گوویەکە.

من و کاوە هیچمان نەوت و ڕەزا وتی:

- واز لەو دووانە بێنە من دە ملیاردەکە دەدەم.

لە ناکاو هەمووومان گەراینەوە و سەیری ڕەزامان کرد.

کاوە – ڕەزا!!!

ڕەزا ڕوویکردە ئێمە و وتی:

- ئەمانە منیان دەوێ ئێوە بە منەوە مەسووتن.

کاوە – جاری پێکەوەین.

ژیلا – تۆ پارەکە بدە هەر سێکتان ئازاد دەکەین.

ڕەزا – نا ئەمانە ئازاد بکە من دە ملیاردەکە دەدەم.

ژیلا – ئەوان ئازاد بکەم کە بە پۆلیسەوە بێن؟! ئەوەندەت ئێمە پێ گێلە؟

کاوە – ئەی چۆنتان پارە پێ بدەین؟ لێرە دراو چاپ کەین؟

ژیلا – یەکتان تەلەفۆن بکا بۆتان بێنن.

کاوە – دە ملیارد دەزانی چەندەیە؟ بانک هەیە ئەم پارە نەخت بکاتەوە؟

کاوە – بە دۆلار یان یۆرۆ.

کاوە – نرخی بانکی یان ئازادەکەی؟

ژیلا سەیری کرد و وتی:

- کاوە فشەم پێ دەکەی؟

کاوه سەیری کرد و وتی:

- پرسیارێکت لێ دەکەم؟

ژیلا – چی؟

کاوه – لەو ماوەدا کە پێکەوە بووین هەموو فشە بوو؟ ئەو قسە و هەموو ئەو شتانە؟

ژیلا – ئەوانە پەیوەندییان پێکەوە نییە.

کاوه سەری لەقاند و هیچی نەوت و من بە ئارامییەوە وتم:

- تکاتان لێ دەکەم بڵێن با مەهتاب بێ؟

ژیلا – خۆی بە نیاز نییە بێ.

- پێی عەیبە؟

ژیلا – نازانم.

ئینجا بە کاوەی وت:

- بە نیازی چیت بۆ بێنم؟ ئاو ... چی؟

کاوه – کە بیخۆم و کاری دەست بە ئاوم بێ و پێم پێبکەنی؟

ژیلا – بۆ توالێتەکەت کاسە دەنێمە ژێرت.

کاوه – ئەی پانتۆڵەکەمان چ لێبکەین؟ لانیکەم باغێکتان بە کرێ گرتبا کە زیندانێکی تێدا بایە و ئێمەتان بخستایەتە ئەو زیندانە با کێشەی توالێتمان نەبایە.

سەیری یەکتریان کرد و ژیلا وتی:

- دەی ئەوە جێبەجێ دەکەین.

کاوه – ئێستا بیکە وردە وردە کاتی هاتووە؟

ژیلا – جاری خۆت ڕاگرە.

کاوه – باشە ئەوە پارەشتان وەرگرت دەی دوایی چ دەبێ؟

بە دەستی ئاماژەی بە فڕۆکە کرد و وتی:

- دەفڕین. شوێنێ کە کەس دەستی پێمان نەگا. ئینجا هەتا دواساتی تەمەن ڕایدەبوێرین.

کاوه – بە دە ملیارد؟ بۆ یەکی چەندتان دەکەوێ؟ پێنج کەسن یەکی دوو

ملیارد.

ژیلا – لە سەرمان زیادە. تۆ بیدە و حەقت بە سەر هیچەوە نەبێت.

کاوە – جارێ ئێستا ئێوە فەرتان سوارە دادە ژیلا کاتی ئێمەش دێ.

ژیلا – دەی کاکی دکتور دەی دەی یان نا؟

ڕەزا – ئەو دووانە ئازاد بکە. دەیدەم.

ژیلا – کەمێک لێرە بن قسەتان لەگەڵ دێت.

کاوە – وەرە دەستمان بکەرەوە. من هەموو شتێک فەرامۆش دەکەم. وەرە دەی خۆت کەر مەکە.

ژیلا – دە ملیارد بۆ ئێوە پارەیەکی ئەوتۆ نییە.

کاوە – بەرێوەڵا زۆرە. دەزانی باوکەکانمان چەندە دەبێ کوێرەوەری بکێشن بۆ ئەوەی دە ملیارد دەست بخەن؟!

ژیلا – هاورێکەت زۆر ئاسوودە پارە وەدەست دێنێ لێی بپرسە. کاکی دکتور بۆی بگێرەوە. پێیان بڵێ ئەو ملیاردانە لە کامە سفرە و خوان دەرفێنێ. پێیان بڵێ مافی کێت خواردووە؟ ئێمە دەبێ چەندە کوێرەوەری بکێشین هەتا کەسانێکی وەکوو تۆ رابیوێرن و پێمان پێبکەنن. بیڵێ ناپیاوی دز.

کاوە – تۆڵەی ئەمانە لە ئێمە دەکەیتەوە؟

ژیلا – نا. مافی خۆم وەردەگرم.

کاوە – لە ئێمە؟

ژیلا – لە هەر کەس کە دەرەقەتی بێم.

کاوە – من ناپیاوم؟ لە ژیانتدا کەس وەکوو من ڕێزی لێ نەگرتووی.

ژیلا – چوونکە کەری.

کاوە – من وەکوو مرۆڤێک سەیرم کردی. من کەرم.

ژیلا – باش خۆت شیرین مەکە. پارەم دەوێ.

کاوە – فلسێکمان نییە. چیت دەکەی بیکە.

ژیلا – بەیانی ڕات دەگۆڕێ. برسێتی و تینوویەتی نەکێشاوە کاکە. بزانم بەیانیش هەر ئاوا پیاوانە قسە دەکەی یان؟

ئینجا سەیری هاوڕێکانی وتی:

- هەستن نانی شێو بێنن برسیمانە.

هەموویان لە سەر جێگاکەیان هەستان و یەک دووانیان لە ناو کابینێتێکدا خوان و قاپ و قاچاغیان هێنا و ئەوانی دیکە چوونە دەرەوە، پاش کەمێ بە دوو مەنجەڵەوە گەڕانەوە و بە دەور مێزەکەوە دانیشتن و دەستیان کرد بە نان خواردن. ژیلا وتی:

- حەزتان لە شلەی سەوزییە؟ دەستاوی تەرانەیە؟ کابرا لێی تێر نابێ.

هەر سێکمان سەیرمان کردن و ئەوانیش دەستیان کرد بە نان خواردن. پاش کەمێک ژیلا قاپەکەی هەڵگرت و هاتە پێش ئێمە کە لە سەر عەرزەکە دانیشتبووین و پاڵمان بە دیوارەکەوە دابوو. یەکەم جار چووە لای کاوە و وتی:

- بەشت دوو کەوچکە.

کاوە – با ڕەزا بیخوا لە پێشدا.

ژیلا – ئەو دەرد و قوزەڵقورت دەبێ بخوا. من بەشی تۆ دەدەم.

کاوە - ڕەزا خواردی منیش دەخۆم.

ژیلا – چاوت دەرێ.

هاتە لای من و منیش ڕووم وەرگێڕا.

ژیلا – تۆش هەر دوو چاوت دەرێ. هاتم قەرەبووی چاکییەکانتان بکەمەوە.

هەستا چووە سەر مێزەکە دانیشت. سەیرمان دەکردن. هەر کەوچکێک کە لە دەمیان دەنا سەیریان دەکردین. پاش کەمێ ژیلا وتی:

- بڕۆ بڵێ مەهتاب بێتە ئێرە. ئەو گاڵتەجاڕییە چییە؟!

یەکیان هەستا و چووە دەرەوە و پاش چەند خولەک گەڕاوە.

ژیل – چبوو؟ نایە؟

نازانم کچە ڕەیحانە بوو سەمیرە بوو چ بوو وتی:

- چووزانم ئەویش خۆی کەڕ کردووە.

ژیلا کەوچکەکەی خستە ناو قاپەکەی و چووە دەرەوە. نزیکەی دە خولەک دواتر گەڕاوە و مەهتابیش بە دوایدا هاتە ژوورەوە و بە بێ ئەوەی سەیری ئەم

لا و ئەو لا بکا چوو لە سەر مۆبلەکە کە پشتی لە ئێمە بوو دانیشت.

ژیلا – پێکەوە دەستمان پێکرد. هەتا دواساتیش پێکەوەین. خۆت قبوولت نەکرد؟ بیرت لێ بکردایەتەوە. ئێستا بۆ وا دەکەی؟ نانەکەت بخۆ لە بیرت چوو لە زیندان چییان بە سەر هێناین. ئەو کاتانە وەبیر بهێنەوە وا بۆ پارووە نانێ بۆنمان بە عارەقەی هەموو گلاوێک دەکرد. ئەو کاتانەی وا بۆ برە پارەیەکی هیچ ... لەم کاتەدا مەهتاب هاتە ناو قسەکەی و وتی:

- تەواوی کە. بیبڕەوە. ئەوە هاتم ئیتر.

ژیلا – دەی دانیشە. وەکوو بنیادەم نانەکەت بخۆ.

قاپێکی هەلگرت چێشتی بۆ تێکرد و پێیدا. ئەویش دەستی کرد بە نان خواردن. بە هێمنییەوە نانی دەخوارد. کچەکانی تر سەیریان دەکرد.

دە خولەک بە بێ قسەکردن نانیان خوارد و ژیلا ڕوویکردە کاوە و بە شەکەتییەوە وتی:

- دوو کەوچکت بۆ بێنم؟

کاوە بە بزەیەک نوقمی نیگای بوو و ئەویش وتی:

- دەی چاوت دەری. بۆ بەیانی خۆت لێم دەپاڕێتەوە نانت پێ بدەم. ئەوە دەستپێکە ئەدای پاڵەوان دەردێنی.

ئینجا گەڕاوە و بە مەهتابی وت:

- هەستە فەرمووی نان خواردن بە عەشقەکەت بکە.

مەهتاب کەمی بێدەنگ بوو و ژیلا دیسان وتی:

- دە هەستە دەی.

مەهتاب بە هێمنییەوە هەستا و قاپەکەی هەڵگرت. هێشتا پشتی لە من بوو. ئینجا بە ئارامییەوە گەڕاوە و بە بێ ئەوەی سەیرم بکا هاتە لام و کاتی گەیشت بەرامبەرم لە سەر چۆک دانیشت، کەوچێکی لێ هەڵگرت و بەرامبەر بە من ڕایگرت. سەیرم دەکرد. بەلام ئەو چاوی لە سەر کەوچکە بوو.

بە ئارامییەوە کەوچکەی بەرامبەر بە دەمم ڕاگرت و وتی:

- بیخۆ.

هیچم نەوت و دیسان وتی:

- بیخۆ.

ئینجا سەیری کردم. منیش سەیرم کرد. بە هێمنییەوە کەوچکەی لە لیوم نووساند و وتی:

- بیخۆ هەتا بەیانی برسیت دەبێ.

دیسانیش هیچم نەوت. سەری داخست و لە سەر جێگاکەی هەستا و ژیلا وتی:

- وازی لێبێنە. کاتی خەوتین شتێکیان دەدەینێ.

مەهتابیش گەڕاوە و لە سەر مێزەکەی دانیشت. هیچیان نانیان نەدەخوارد.

پاش کەمێ ڕەزا وتی:

- کورەکان نانیان هێنا بیخۆن. خۆ ناکرێ هەر سێکمان برسێتی و تینوویەتی بکێشین.

کاوە بە ئارامییەوە وتی:

- پێکەوە دەخۆین.

ڕەزا بزەیەکی هات و وتی:

- بە خودا لە هەموو ژیانمدا پیاوەتیم لە سێ کەس بینیوە. تۆ و بێزاد و ئەو وەستا پینەچییە. بەڵام نا ئەو نانەواخانەش. ئەوانی تر بەردەوام ناپیاوەتیم لێ بینین. تۆ خودا ئەگەر ئەم جار نانیان هێنا بیخۆن.

ژیلا سەیری کردن و وتی:

- زەڕەزەڕی چیتە؟

هیچمان وەڵاممان نەداوە.

ژیلا – موبایلەکەت دێنم. بەو بەڕەڵا و خوێڕییانەی وا وەکوو پەپوولە بە دەورتەوەن بڵێ پارە بێنن.

ڕەزا – باشە چۆن بکەم؟ دەبێ خۆم لەوێ بم.

ژیلا – چەک بدە با وردی بکەینەوە.

ڕەزا – لێرە چەکم نییە.

ژیلا – تۆ تەلەفۆن بکە خۆم دەچم وەری دەگرم.

ڕەزا – چەک لە ناو قاسەکەیە. کلیلەکەشی لای خۆمە. ئەمانە ئازاد کە با بچن بۆت بێنن.

ژیلا – تۆی لە سەگ گلاوتر سەد ئاشنا و ڕۆشنات هەیە. بە یەکیان بڵێ بۆت جێبەجێ بکات.

کاوە – ڕەزا واز بێنە.

ڕەزا سەیری منی کرد و ئینجا بە ژیلای وت:

- موبایلەکەم بێنە.

ژیلا لە ناو کۆمیدەکە کەمێ گەڕا و ئینجا بە موبایلێک و گالۆنێکی بچووکی پلاستیکی هاتە لامان و بە ڕەزای وت:

- گوێ بگرە بزانە چ دەڵێم؟ ئەگەر وشەیەک زیاتر بڵێی سوێند بە ئیمام حسێن ئەم تیزابە دەکەم بە دەموچاوتدا. تێگەیشتی؟!

ڕەزا پێی پێکەنی و وتی:

- موبایلەکەم دەیە دەی ئەوەندەش هەڕەشە مەکە.

ژیلا – بیرت نەچێ چیم پێ وتی. ئێمە کاتێ دەستمان داوەتە ئەم کارە گیانمان لە سەر دەستمان داناوە. لە ڕەش ئەو لاترمان نییە. وریای قسە کردنت بە.

ڕەزا – بە کام دەستم بیگرم.

ژیلا – ژمارە بڵێ خۆم دەیگرم.

ڕەزا – ڕۆشنی بکە.

ژیلا – کۆدی دەوێ.

ڕەزا کۆدەکەی پێ وت و ژمارەی گرت و موبایلەکەی دا بە ڕەزا و وتی:

- لە سەر ئیسپیکەرە.

پاش دوو زرە یەکێک وەڵامی داوە.

- سڵاو ئاغا.

ڕەزا – کەریم.

- سڵاو ئاغا. فەرموون.

ڕەزا – سڵاو. سڵاو تەلەفۆن بۆ حاجی سادق بکە. هەر چۆنێک بوو بیدۆزەوە و پێی بڵێ خێرا تەلەفۆنم بۆ بکات.

- بە چاوان. کاکە چاوان.

ڕەزا – خوات لەگەڵ.

- خوات لەگەڵ. خوات لەگەڵ.

ژیلا خێرا موبایلەکەی داخست و وتی:

- حاجی سادق کێیە؟

ڕەزا – ئەو کەسەی بڕیارە کێشەی تۆ چارەسەر بکات.

ژیلا – لەو گڵاوانەیە؟

ڕەزا وەڵامی نەداوە و ژیلا وتی:

- خوا خوا بکە جێبەجێ بێ دەنا بەڵایەکت بە سەر دێنم کە ئارەزووی کەسانێکی وەکوو من بێت.

کاوە – تۆ پارەت دەوێ ئیدی چت داوە لەوانە؟

ژیلا – لایەنگری دەکەی؟ ئێوە لە خۆتان دەڕوانن. ئەمە وەکوو ئێوە نییە. ڕەنگە سەردەمانێک هاوڕێتان بووە و کەسێکی باش بووبێ. بەڵام ئێستا دێوەزمەیە. سکی خۆتانی بۆ مەدڕێنن.

ئینجا تەلەفۆن و گاڵۆنەکەی هەڵگرت و خستییە ناو کومێدەکە.

مەهتاب لە سەر مۆبلەکە دانیشتبوو و پشتی لە ئێمە بوو.

پاش کەمێک کاوە خۆی کشاندە پێشەوە و خەوت.

ژیلا – خەوتی؟

کاوە – ئەی چی بکەم؟

ژیلا – زۆر خەمساردی.

کاوە – نا چی بکەم؟ کوڕەکان ئێوەش بخەون.

ڕەزاش خۆی کشاندەوە و خەوت. منیش لەگەڵ ئەوەی پاڵم دابوو بە دیوارەوکەوە چاوم نووقاند و کاوە وتی:

- تەماشا مالتە دابووی لە دلم ژێرپانتۆل بێنم.

ڕەزا پێکەنی.

ژیلا – ئەگەر زۆر عاجزی با پانتۆلەکەت لە پا دەربێنم.

کاوە سەری هەلبڕی و سەیرێکی کرد و پێکەنی و دیسان سەری داخستەوە و هیچی نەوت.

ژیلا – من لە پیاو بێزارم. پێم خۆشە ئەم بێزارییە کەم بکەمەوە.

کاوە – هەر خۆت دەڕووخێنی. ناخت پاک بکەرەوە کچی باش.

ژیلا – گوو مەخۆ هەر دروشم دەدەی.

ئینجا گەڕاوە و بەوانی تری وت:

- مێزەکە کۆ بکەنەوە و چایەک بێنن با بیخۆینەوە.

هەموو هەستان و دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی قاپ و قاچاغەکان. ئینجا یەکیان کترییە کارەباییەکەی داگیرساند.

پاش کەمێ هەموو هاتن و لە سەر مۆبلەکە دانیشتن. مەهتابیش وەکوو پێشتر لە سەر ئەو مۆبلە دانیشت وا پشتی لە من بوو.

ژیلا – دە ملیارد ئای خوایە گیان. ئیتر ڕۆژە ناخۆشەکان کۆتاییان پێ هات. هەمووی هەلدەگرین و لێی دەدەین دەڕۆین. دەبینە خانم و خاتوون.

کاوە بە دەنگی بەرز پێکەنی و ژیلا دەستبەجێ بە تووڕەییەوە گوڕاندی و وتی:

- دەرد عەمبال. بۆچی پێدەکەنی؟

ئینجا تیژ هەستا و هاتە لامان. هاتە ژوور سەر کاوە و جوێنێکی پیسی بە کاوە دا و وتی:

- ... بۆچی پێدەکەنی؟

کاوە لەگەل ئەوەی چاوەکانی نووقاندبوو وتی:

- بەوە پێدەکەنم تۆ بۆ من خانم بووی و خۆت نەتدەزانی.

ژیلا لەوانە بوو هەموو کارێ بکا لە ناکاو گوڕاندی. کەمێک بێدەنگ بوو و پاشان بە هێورییەوە بە قاچی لە قاچ کاوەی کوتا و وتی:

- زمانبازی مەکە. ناتوانی کەرم کەی. من نموونەی وەکوو ئێوەم زۆر بینوە.
ئینجا گەڕاوە سەر جێگاکەی خۆی و کاوە وتی:
- تا ئێستا وەکوو منت دیوە کە ئۆتۆمبێلی چەند سەد ملیۆنییەکەت پێ بدا؟
ژیلا هیچی نەوت. هاوڕێکانی سەیریان دەکردین.
کاوە – دەمویست کەرت کەم؟
ژیلا بە ئەسپایی وتی:
- پیلانێکت هەبوو. پیاو لە خۆڕا لەو کارانە ناکات؟
کترییەکە کوڵی و یەکیان هەستا چاکە دەم بکا.
پاش کەمێک مەهتاب بە ئەسپایی شتێکی بە ژیلا وت و ئەویش ڕوویکردە ئێمە و وتی:
- ئەگەر کاری توالێتتان هەیە با کاسە بێنم؟
کاوە – نا دەستت خۆش بێ لە ناو پانتۆڵەکەمان دەیکەین دواتر دەیشۆین و تاهیر و تهوور دەبین.
ڕەزا دیسان پێکەنی. کچەکان پێکەنین و ژیلا وتی:
- خۆت کەر مەکە. بیهێنم؟
کاوە – باشە ئەوە هێناشت. چی لە زیپی پانتۆڵەکەمان بکەین؟
ژیلا پێدەکەنی و وتی:
- خۆم بۆت دەکەمەوە.
کاوە – بۆ بەسەلاچووم کە یەکێ پانتۆڵم بۆ بکاتەوە و یەکێ ...؟
ژیلا – ئێستا ئەرێ.
کاوە – من مانی میزکردن دەگرم هەتا دوایی.
ژیلا پێدەکەنی و وتی:
- ئەگەر تەنگای چ دەکەی؟
کاوە – دەفیڕێنم. ئیتر خۆتان دەزانن و فەرشەکەی ژێر قاچتان بۆگەنیوی لێ دێت.
هەموو پێکەنین و ژیلا وتی:

- هەستە دانیشە بزانم.

کاوە – چییە بێتاقەت بووی؟

ژیلا – دەمەوێ زانیاریت لێ وەربگرم.

کاوە – تۆ دۆسییەی زانیارەکانم هەتا حەوت پشت دەزانی.

ژیلا – بە جەهەندەم. بخەوە.

دیسان مەهتاب بە ئەسپایی شتێکی پێ وت و ژیلا وتی:

- موبایلەکەت بێنە تەلەفۆن بۆ باوکت بکە بە باوکت بڵێ لەگەڵ بێزاد ماوەی چەند ڕۆژ دەچن بۆ شیمال با خەفەت نەخۆن.

کاوە – دەستت خۆش بێ وا ئاو لە خەممانداى. بەڵام هەست ناکەی ئەگەر لە ناکاو بڵێم دەچینە شیمال چی دەکەن؟

ژیلا – خۆت دەزانی.

کاوە – باشە بیهێنە با تەلەفۆنی بکەم.

ژیلا هەستا و چوو لە ناو ئەو کومێدە دەرگاکەی کردەوە و موبایلەکەی کاوەی هێنا و وتی:

- ئەح ئێرە چەندەی ڕۆژنامەی لێیە. زانیارییە. دوو سێ بەرگە. هی ساڵی ١٣٥٨هەتاوییە.

کاوە – زۆر چاکە ئاوا بێتاقەتیش نابین. کوڵێ زانیاریش دەست دەخەین.

ژیلا موبایلەکەی هێنا بۆ کاوە و کاوە بە دەنگی بەرز وتی:

- ژمارە بگرە.

ژیلا ژمارەی مامی گرت و لە سەر ئێسپیکەری دانا و وتی:

- کاوە هیچ ناڵێ. دەنا ئەهانێ. چاکەت لەگەڵ دەکەم. دەستبەجێ دەنگی باوکم هات.

- لە کوێی کوڕە؟

کاوە – سڵاو باوکە گیان.

- سڵاو لە کوێی؟

کاوە – لە سەر ئیزنی جەنابت و گەورەکان ئەوە دەچم بۆ شیمال.

کچەکان پێکەنین و ژیلا لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی بە ئاماژەی پێی وت بێدەنگ.

- شیمال؟ شیمال بۆچی؟

کاوە – هاوڕێیەکم شێرپەنجە لێی داوە ژنەکەی تەلەفۆنی کردووە بچین بۆ ئەوێ.

- چی؟ شێرپەنجەی لێی داوە؟

کاوە – ببوورە تووشی شێرپەنجە هاتووە ژنەکەی وتوویەتی وەرن.

- بە ئێوە چی؟ پەرەستارن، پزیشکن یان فریاکەوتنی تارانن؟ ئەم دەمانەی شەو جادە مەترسیدارە.

کاوە – خۆ لە جادەوە ناڕۆین.

- ئەی بە کوێدا دەڕۆن.

- بە کوێرەڕێ و قەدپاڵی کێو. هەڵدەفڕین.

- خۆی دیسان کەر کردەوە.

کاوە – بە فڕۆکە دەڕۆین.

- لاحول و لاقوة إلا بالله

- باوکەکەی من هاوڕێمانە. ئێمە یارمەتی نەدەین ئەی کێ یارمەتی بدا؟!

- باشە ئەوە چوون چیتان لە دەست دێ؟

کاوە – ئیتر دەچین لە سەر نرخی کفن دەسازین. خۆ ژنە داماوەکەی بە تەنیا ناتوانێ؟

دیسان هەموویان پێکەنین، بەلام بە ئەسپایی.

- بۆ مردووە؟

کاوە – ئەرێ باوکە گیان.

- کەی؟

کاوە – بە گیانەوەیە. هەتا ئێمە بگەین ئەویش دەمرێ.

- هەژارە. منداڵیشی هەیە؟

کاوە – کوڕە نا خۆ منداڵی نەدەبوو. خوا نەویست میراتگری هەبێ.

دیسان هەموو پێکەنین.

- ئەگەر چووی لە لایەن منەوە هاریکاری ژنەکەی بکە. خێرە. لاحول و لاقوة إلا بالله.

- بە چاوان. بە چاوان.

- بە ڕاستتە هەتیو یان درۆ دەکەی؟

کاوە – باوەکەی من خۆ کابرا لە سەر مەرگی هاوڕێکەی درۆ ناکا.

- بێزاد چ دەکا؟

کاوە - هیچ وەڵا دەست و قاچیان بەستووەتەوە و لەو لا فڕییان داوە.

دیسان دامان لە پڕمەی پێکەنین و ژیلا موبایلەکەی دوور کردەوە و لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی بە ئاماژە هەڕەشەی لە کاوە کرد.

- دەست و قاچی چی؟

کاوە – دەست و پای بەستراوەتەوە هەتا نەچینە ئەوێ هیچی لە دەست نایە.

- دا بیدەیە با قسەی لەگەڵ بکەم.

ژیلا موبایلەکەی هێنایە لای من و منیش خێرا وتم:

- سلاو مامە گیان.

- سلاو مامە گیان چی بووە؟ ئەمە ڕاست دەکا؟

- ئەرێ مامە ڕاست دەکا.

مامم کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی:

- دە وریای خۆتان بن. گەیشتن تەلەفون بکەن.

- بە چاوان بە باوکم و دایکشم بلێ با نیگەران نەبن.

- باشە زووتر وەرنەوە.

- بە چاوان.

ژیلا دیسان موبایلەکەی داوە بە کاوە.

کاوە – دە من خواحافیز. دوعامان بۆ بکەن لەوێ شتەکان بە خۆشی و شادییەوە کۆتاییان پێ بێ.

- پاتاڵ بە مردنی خەڵک خۆشی و شادی ڕوومان تێ بکا؟ نەچی لەوێ قرتی قرتی بکەی.

کاوه – نا مەبەستم ئەوەیە یاخوا هەموو شتێک بە خۆشی و شادی کۆتایی پێ بێ.

- کەی وەرێ دەکەون؟

کاوه – ئێستا لە ناو فڕۆکەین. دەنگی ماتۆڕەکە نابیسی. هوڕڕڕ.

- ئەوە دەنگی زگتە ئەو قوڕە قوڕە.

کاوه – فشەم کرد نیو کاتژمێری دیکە وەرێ دەکەوین.

- برۆن. خواتان لەگەڵ. تەلەفون بکەن.

کاوه – بە چاوان. خواحافیز.

ژیلا لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی موبایلەکەی داخست و هەموو بە دەنگی بەرز پێکەنین. ڕەزا کە هەستا و ئینجا دانیشتەوە فرمێسک لە چاوی هات.

ژیلا – هەموو شتێکتم خۆش دەوێ.

کاوه – یانی خۆشت دەوێم؟

ژیلا – زۆر.

کاوه – بەڵام هێندەی ئەو دوو ملیاردە نا کە بڕیارە ئازادم بکەی؟!

ژیلا – نا دوو ملیاردەکەم خۆشتر دەوێ.

کاوه – ڕەنگە دوو مانگ ڕاوەستابای پێی دەگەیشتی؟

ژیلا – چۆن؟

کاوه – ئێستا.

ژیلا – دیسان کەرم دەکەی؟

کاوه – من تۆم جۆرێکی تر سەیر دەکرد.

ژیلا – چۆن؟

کاوه – دڵپاک.

ژیلا – چی؟

کاوه – لانیکەم دەمزانی چۆنی. بەڵام هەستم نەدەکرد ئاوا بیت.

ژیلا – باش. زمانلووسی مەکە.

کاوه بێدەنگ بوو کە دەستبەجێ دەنگی موبایلی ڕەزا لە ناو کۆمیدەکە هات و

ژیلا خێرا ڕۆشت و هێنای و نای بە گوێی ڕەزاوە.
- سڵاو ئاغا.
ڕەزا – بەڵێ. چت کرد؟
- حاجی سادق لە ئێران نییە. سبەی پاشنیوەڕۆ دێتەوە.
ڕەزا سەیری ژیلای کرد و وتی:
- باشە. باش. خوات لەگەڵ بێ. گوێقولاغ بە.
- خوات لەگەڵ بێ. بە چاوان.
ژیلا موبایلەکەی داخست و وتی:
- کەسی تر نییە پارەت پێ بدات.
ڕەزا – نا دەبێ ڕاوەستین تا بەیانی دێتەوە.
ژیلا – ژمارەی ترت لا نییە تەلەفۆنی بۆ بکەی؟
ڕەزا – کاتێ دەچێتە ئەورووپا موبایل لەگەڵ خۆی نابا.
ژیلا – چ کەرێکە.
کاوە – خەتای خۆتە. ئەگەر پێشتر پێت کوتباین بە بارمتە دەمانگرن دە ملیارد تمەنمان لەگەڵ خۆمان دەهێنا.
ژیلا – خوێن شیرین وادیارە دەبێ لێرە میوان بن؟!
کاوە – زوو بچۆ کاسە بێنە وا دیارە ئەوشەو لێرە دەمێنینەوە.
ژیلا سەیری کرد و وتی:
- ڕاست دەکەی. دەبا کاسەکە بێنم؟
کاوە – کوڕە جارێ نا جارێ نەتەنگاوم.
ژیلا – هەر کات ویستت بیڵێ.
کاوە – ژیلا گیان تۆ چاوەڕێ بە. باش دەزانم چاوەڕوانی دەردێکی زۆر ناخۆشە. بڕۆ هەر کات میزم هات پێت دەڵێم.
هەموو پێکەنین.
ژیلا – دەرد.
ئینجا بە ڕەزای وت:

- بیر بکەرەوە ڕەنگە ناپیاویَک وەربیر بیتەوە پارەت پێ بدا.
ئینجا ڕۆی و موبایلەکەی خستە ناو کۆمیدەکە و مەهتاب وتی:
- نانیان پێ بدەین؟ خەریکە هاوکاریمان دەکات.
ژیلا – کاوە و بێزاد ئەگەر نان دەخۆن پێیان دەدەم. بەڵام ئەم زولە جاری کارم زۆر پێیە.
کاوە – دە پارەکەت پێ دەدرێ ئیتر خەمی چیتە؟
ژیلا – پێت وایە ئەو برە پارە خەمەکانم لە بیر دەباتەوە؟
کاوە – دە ملیارد برە پارەیە؟!
ژیلا – خۆ هەمووی بە من نادرێت.
کاوە – ئەی.
ژیلا – من ئەو کاتە ئارام دەگرم کە ئەمە بە دەستی خۆم بکووژم.
ڕەزا – ئەگەر ئەمانە ئازاد دەکەی من ڕازیم. وەرە بمکوژە و ئەمانە ئازاد بکە.
ژیلا – وەکوو قارەمان خۆت مەنوێنە. گڵاو.
کاوە – ژیلا بە قورئان ڕەزا سەردەمانی قارەمان بوو؟ لە زانکۆ. قارەمانمان بوو. ئاوا لەگەڵی مەدوێ.
ژیلا – سەردەمانێک با، بەڵام ئێستا نا.
ڕەزا – منیش وەکوو تۆ بووم. تۆ ئەوڕۆ دەرەقەتم دێی خەریکی تۆڵەی خۆت دەکەیتەوە و منیش چەند ساڵ بەر لە ئێستا، وەکو ئێستا چۆن تو خەریکە تۆڵەی خۆت دەکەیتەوە منیش توانیم و تۆڵەی خۆم کردەوە. من و تو نابێ لۆمەی یەکتر بکەین. ئێستا هەر کاوە و بێزاد شتێکیان وت مافی خۆیانە، بەڵام من و تو یەکین.
ژیلا قیژاندی و وتی:
- من و تۆ هیچ کات هاوشێوە نابین.
ڕەزا – ڕاستە. من لە تۆ زۆر باشترم. لانیکەم من لەگەڵ دۆستان و هاوڕێیان ئاوا نەدەجووڵامەوە. ئەو کارەی وا تو لەگەڵ ئەوانەی دەکەی! کەسانێ کە چاکەیان لەگەڵ کردووی.

ژیلا – گوو مەخۆ.

ڕەزا – ئەگەر پێت وایە ئەمانە کەسانێکی باشن دەی لێیان گەڕێ با بڕۆن. من ئەوەم لە بەر دەستم هەم پارەت دەدەمێ و هەمیش چێت دەوێ بە سەرم بێنە.

ژیلا – خۆت کەرێ. دەمت داخە.

ڕەزا پێکەنی و هیچی نەوت. ژیلا زۆر تووڕە بوو. چوو موبایلەکەی خستە ناو کومێدەکە و کەمێک بێدەنگ بوو و پەڕەیەک ڕۆژنامەی هەڵگرت و چوو لە سەر مۆبلەکەی دانیشت و وتی:

– دا یەکێ چایەکم بداتێ.

یەکێک لە کچەکان هەستا چایەکی بۆ تێکرد و بردی لە سەر مێزەکەی ژیلا دانینا، ژیلا ڕۆژنامەکەی کردەوە و وتی:

– چەند ورد چاپ کراوە!

ئینجا چەند لاپەڕەی لێ خوێندەوە و پێکەنی و وتی:

– گوێ بگرن. سێشەممەی حەوتەمی مانگی نەورۆزی ساڵی ١٣٥٧ ژمارە ١٥٨١٥ یەک ژمارە ١٥ ڕیاڵ بوو. چا ١٥ ڕیاڵ بوو. ئێستا ڕۆژنامە بۆتە چەندە؟

یەکیان وتی:

– هەمشەهری ئێستا پێنسەد تمەنە. سێسەد و ئەوەندە قات.

ژیلا – گوێ بگرن خاڵە گرنگەکانی ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتی نوێ. مافی ژن و پیاو بە تەواوەتی یەکسانە.

هەموو پێکەنین.

ژیلا – گوێ بگرن. زانیاریی نوێ سەبارەت بە سامانی شا لە سوویسرا.

– شای پێشووی ئێران لە بانکەکانی سوویسرا ملیاردێکی و چوارسەد ملوێن دۆلاری پارە بووە. بە تمەن دەبێتە چەندە؟ بە موبایلەکەت حسێبی کە.

خۆی موبایلەکەی دەرهێنا و لێکی هەڵدا و وتی:

– چ ژمارەیەک؟ چوار، دووسەد، نۆ دانە سیفر.

کاوە – دەبێتە چوارهەزار و دووسەد ملیارد تمەن (٤.٢٠٠.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠).

ژیلا – ئەم دزییەی ئەم دواییە کە ئاشکرا بوو چەندە بوو؟ سێ هەزار ملیارد

تمەن؟ یان نۆ هەزار ملیارد تمەن؟

کاوە – چەند دانە بوو. هەر کامیان هەر ئەوەندە بوو وا شا لە بانکەکانی سوویسرا هەیبوو.

ژیلا – گوێ لەوە بگرن. کرێی ئاپارتمان. وەزەرا. سێ ژوور شەش هەزار تمەن مانگانە. گوێتان لێیە؟ ئەو کات وەزەرا یەکێ لە باشترین شوێنەکانی تاران بووە. زافەرانییە ماڵی سێ ژوور پێنج هەزار و پێنسەد تمەن. زافەرانییە ماڵی دوو ژوور چوارسەد هەزار و پێنسەد تمەن مانگی. گوێ لە ژمارە تەلەفونەکەی بگرن. ٢٧٧٢٢٧ تەلەفۆن بکەین بزانین هێشتا ئاپارتمان هەر ئەوەندەیە؟

هەموو پێکەنین.

ژیلا – میرداماد ٤ ژوور شەش هەزار تمەن. تەلەفۆن ٦٢١٤٦٠. سەمیرا تەلەفۆن بکە بڵێ کاکە شەشسەد هەزار تمەن هی خۆمانە. بۆ ئێمە زۆر باشە زۆرین. تەرانە حەزت لە میردامادە؟

تەرانە پێدەکەنی و وتی؟

- نا قەرەباڵغە.

ژیلا – سەڵتەنەتاوا چی؟ ٤ چوار ژووری خۆش شۆفاژ مانگی پێنج هەزار و پێنسەد تمەن. ئەمەیان گوێ بگرن شتنی مووکێت مەتری ٤٠ ریاڵ. تەلەفۆن ٢٣٢٥٢٠. کچەکان ئەگەر ئێستا ئەو کاتانە با ئێستا بەو پارەی وا لە گیرفانمانە دەمانتوانی لە خۆشترین شوێنی شار ئاپارتمانێکمان کڕیبایە. گوێ لەمە بگرن. فرۆشتنی ئۆتۆمبێل. مەک وان مۆدێلی ٧١ زۆر خاوێن ٢٠ هەزار تمەنی نەخت ١٠ هەزار بە قیستی. دەڵێی خەونێکی خۆشە. کابرا وا هەست دەکا ئەمانە هەمووی درۆیە. بەڵام رۆژنامەیە. درۆ نییە.

تەرانە – خەڵک ئەو کات کەیفیان دەکرد.

ژیلا – گوێ بگرن. میم. ئێ بێھ ئازین نووسەر و وەرگێڕی بەناوبانگ و خەباتکار ڕایگەیاند کە لە ڕیفراندۆمدا بەشداری دەکا و دەنگی بەڵێ بە کۆماری ئیسلامی دەدا، بێھ ئازین کە لە ڕاپرسییەکی تەلەڤیزیۆنیدا بەشداری کردبوو دەڵێ من بۆ ئازادیی ڕا دەربڕین و سانسۆری ئەندێشەکان خەباتم کردووە. ئەمە

بۆ دیموکراسی زۆر گرنگە و پێموایە گەشەی کۆمەڵگا لە هەلومەرجی ئێستادا بەشێکە لە ڕێبازی دیموکراسیی ڕاستەقینە، کە هەر هەموو خەڵک بە یەک ڕادە تێیدا بەشدارن، لە بیچمی حکوومەت و ڕێکخراوە حکوومەتییەکاندا بە یەک ڕادە و بە یەک شێوە یەکسانن، بە بێ گرنگیدان بە ڕەگەزی ژن یان پیاو و ئاینزا و ئێتنیکەکەیان کە ببێتە هۆی هەڵاواردن، بە شێوەی یەکسانانە بەشداری بکەن، من ئەمەم ویست و دەمەوێ و بۆ ئەوەی بەمە بگەم دەنگ بە کۆماری ئیسلامی ئێران دەدەم و شتێکی ئاوام دەوێ.

تەرانە – ئەو کات خەڵک سەرخۆش بوون.

ژیلا – ئەمە نووسەرە، ڕووناکبیرە.

تەرانە – ڕۆژنامە هی کەیە؟ ڕووناکبیرە یانی چی؟

ژیلا – پێنجشەممە نۆی مانگی نەورۆزی پەنجا و هەشت ژمارە ١٥٨١٧. ڕووناکبیر واتە ئەو شتێ دەزانێ کە ئێمە نایزانین. ئەم بێهـ ئازینە زۆر بەناوبانگە.

تەرانە – ڕووناکبیر چی دەزانێ وا ئێمە نایزانین؟

ژیلا – دەی وای زانیوە دەبێ، بەڵام ئێستا نابێ ...

تەرانە – دەی ئەوە چ ڕووناکبیرێکە کە وایزانیوە دەبێ و نەیدەزانی نابێ؟

ژیلا – ئەمە لە کاتی شادا لە زیندان بووە.

تەرانە – باشە لە زیندان ئازاد بوو و هەموو شتێکی جێبەجێ کرد.

هەموو پێکەنین.

ژیلا – ئەوە گوێ بگرن. ئامادە بن بچین بۆ ئەورووپا. کۆمپانیایەکی فرۆشتنی بلیتی فرۆکە ڕایگەیاند بە پێی بڕیاری کۆمپانیا فرۆکەییەکان لە سەرەتای مانگی ئاپریل (سێ ڕۆژ لەمەوبەر) نرخی بلیتی فرۆکە پتر لە دوو لە سەد گران بوو، بەم شێوە لەمەو بە دوا نرخی بلیتەکانی ئەورووپا بە پلەی تووریستەوە بەم شێوەیە:

تاران – لەندەن ٣٧٢٥ تمەن – تاران – پاریس و تاران – فرانکفۆرت ٣٥٠٩ تمەن و تاران – ژنێڤ ٣٤٤٠ تمەن.

نرخی بلیتی تاران ئەوروپا لە نرخی تاکسی هەرزانتر بووە.

ڕەیحانە – تەح. تاکسی ئیمە وای لێ هاتووە هەر سوار دەبی سێ چوار هەزارت لێ وەردەگرن دەستبەجێ پارەت لێ وەردەگرن.

ژیلا – گوێ بگرن. ئاپارتمانی دوو ژوورە ژووری میوانی ئەندازیارساز و متمانە پێکراو، ڕوو لە شەقامی دکتور موسەدق (پەهلەوی) لە نێوان جۆردەن و دکتور موسەدق (پەهلەوی) بە توالێت و گەرماوێکی ئەوروپایی و بۆنی خۆش و پارکینگ و ئەنباری نرخی فیکس ٤٩٠ هەزار تمەن.

ئینجا بەرەو لای کاوە ئاوڕی داوە و وتی:

– چەندە لە گیرفانتە. بمدەیە با بچم بیکرم. ئەمەیان. وەزیری دارایی و کاروباری ئابووری ڕایگەیاند، نرخی خزمەتگوزاری دەوڵەتی هەتا سێ لە سەد کەم دەبێتەوە. دەوڵەت نرخی بازرگانی کالاکان هەتا سێ لە سەد کەم دەکاتەوە. باجی مووچەی کارمەندەکانی دەوڵەت کەم دەبێتەوە.

تەرانە – لە پێشدا بڕیار نەبوو عاشقان بکووژن، بەڵام دواتر بڕیار درا عاشقان بکووژن.

ژیلا – ئەرێ چبوو؟ بۆ وای لێهات؟ ئەم جارەیان خۆ حەوا سێو یان گەنمی نەخوارد لە بەهەشت ڕاو نرا.

ڕەیحانە – ئەم جارەیان ئادەم خواردی. خستیانە مل حەوا.

ژیلا – ئێران لە ڕێگەی داشکاندنەوە شەکر دەکڕێ. لەندەن هەواڵدەریی فەرەنسە. ژووری بازرگانی لەندەن ڕایانگەیاند دەوڵەتی کاتیی کۆماری ئیسلامی بە نیازە یەکەم باری شەکری خوازراوی خۆی لە ڕێگەی داشکانەوە بکڕێت.

تەرانە – هێشتاش هەر دەیکڕێ. بەڵام نە لە ڕێگەی داشکان، بەڵکوو لە ڕێگەی هەڕاجەوە. ئەی کوا مەگەر بڕیار نەبوو چیتر وابەستە نەبین.

ژیلا – تماشا نرخەکەی. نرخی هەر تەن شەکر لە سەرەتا ١٠٢.٥٠ لیر سترلینگە، واتە ١٤٤٠ تمەن. واتە لە سەرەتا هەر کیلۆیەک ١٤ ڕیاڵە. ئێستا تا دەگاتە ئێرە ٤ چوار قات دەبێت. واتە کیلۆی پێنج تمەن و شەش قران. ئێستا شەکر کیلۆی چەندە؟

تەرانە – بۆچیتە؟ جارێک شەکرمان خوارد حەیامان بێ بەسمانە.

ژیلا – بە هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی بیانییەکان نیو ملوێن کرێکاری ئێران کار دەکەن. دواپین مۆڵەتی کارکردنی هاووڵاتییە بیانییەکان لە ئێران. هاووڵاتیانی بیانی ئەفغانییەکان نەبوون، بیستوومە ژاپۆنییەکان بوون.

ڕەیحانە – بیستوومە دەڵێن کچانی بەکالۆریۆسی فیلیپینیش بۆ کارەکەری دەهاتنە ئێران. ئێستا ئێمە بۆ چوونە ئەوێ دەبێ کوڵێ بۆ ویزا بپارێینەوە.

ژیلا – ئەو کات کەس نەدەچووە ئەوێ. هەمو دەچوونە ئەوروپا. ئەویش بە بێ ویزا. ویزایان لە فرۆکەخانە دەدا.

بەخ بەخ. تەلەفۆن بکەم کۆمپانیای پشکی شووشەی قەزوێن کە هەموو شووشەکانتان یەکجێ بکڕم. تماشا ئەو نرخانە. دوو ملیمەتری سادە ٩٩ ڕیاڵ. ٣ ملیمێتری سادە ١٧٥ ڕیاڵ.

تەرانە – مەتری؟

ژیلا – چووزانم ئا ئێتر. وزەخانەی ئەتۆمی بووشێر دادەخرێ؛ شەوی ڕابردوو بەڕێز دکتۆر سەحابی جێگری وەزیری وزە لە وتووێژێکی تەلەڤیزیۆنیدا جەختی کردەوە کە بە هۆی مەترسییەکانی وزەخانەی ئەتۆمی بووشێر پێشنیاری داخستنی ئەم وزەخانانەی، کە کاروباری بیناسازییەکانیان کۆتایی پێ هاتووە، ئاڕاستەی لێژنەی دەوڵەت دەکات. لەم بارەوە وتراوە، کە وزەخانە ئەتۆمییەکان لە سەردەمی شای ڕووخاو بە سەر ئێراندا سەپێنراوە، ڕژێمی شا، ئەم مەترسییانەی بە هەند وەرنەگرتووە، جیا لەوە خەرجێکی زۆریشی بە سەر خەڵکی ئێراندا سەپاندووە.

هەموو بێدەنگ بوون و ژیلا پێکەنی و وتی:

– ئەمە "بێشرۆڤە" بوو.

هەموو پێکەنین.

ژیلا – چ مامۆستا و ڕووناکبیرانێک!؟ مەرحەبا. ئافەرم. بریا دەبوو پەیکەری ئەوانەمان چێ کردایە و لە ناوەڕاستی شاردا دامانناپە.

تماشا ئەمەیان. ڕاگەیەندراوێک لە بارەی ڕۆن. نرخی ڕۆن لە ساڵی ١٣٥٢

هەتا ئێستا. واتە هەتا ساڵی ١٣٥٨. لە ساڵی ١٣٥٢ هەتا ١٣٥٨ لە سەرتاسەری وڵات یەکدەست بووە. تماشا ئەو نرخانە.

| | |
|---|---|
| پووتی ٩٠٠ گرامی | نرخی کڕینی دووکاندار ٦٠ ڕیال. |
| پووتی ١٨٠٠ گرامی | نرخی کڕینی دووکاندار ١١٨ ڕیال. |
| پووتی ٤٥٠٠ گرامی | نرخی کڕینی دووکاندار ٢٧٨.٥ ڕیال. |
| پووتی ٩ گرامی | نرخی کڕینی دووکاندار ٥٤٥ ڕیال. |
| پووتی ١٧ گرامی | نرخی کڕینی دووکاندار ٩٨٦ ڕیال. |

ئێستا دووکاندار لە سەدا سەد گرانی دەکا دەیکاتە دووسەد تمەن.

تەرانە – ئاخە ئەو کات دۆلار ٧ تمەن بووە.

کاوە – کوڕە ٧ تمەن درۆ بوو. لە هیچ کوێ بەڵگە بۆ ئەو ٧ تمەنە نییە. خۆ ناکرێ باوەڕ بە هەموو شتێک بکەن.

ژیلا – فەلەک ڕاستۆ نەبی بۆ هیچ و پووچی دەورەکەت

گورگە بۆتە شوانی ڕان و دزە بۆتە ئەولیای ئیمانم.

کاوە– دا سەیری ئەو ڕۆژنامە بکە، بزانە نرخی ئۆتۆمبێلی مازارتی نەنووسیوە؟

ژیلا – فشە بکە کا حەمە کاوە. تێر لە برسی ناپرسی.

کاوە کۆکی و وتی:

– ژیلا هەتا کار لە کار نەترازاوە وەرە بگەڕەوە سەر بارمتەگیرانەکەی خۆمان. دەی بە دۆلار بێ یان یۆرۆ.

ڕەزا پێکەنی و وتی:

– وەڵا بە خودا. ئەم کچە کەرە. چت داوە لەوانە. تۆ بارمتە بگرە و پارە وەربگرە و برۆ. سەرت لە کێشە دەخورێ؟ وادەزانی ئەمان خۆیان ئەم شتانە نازانن.

ژیلا – هاتە پێشەوە و لە بەر دەم کاوە لە سەر عەرزەکە دانیشت و وتی:

– ئەو مشکانەت دیوە؟ دەیانخەنە ناو قەفەز، گرۆڤەرێکی هەیە مشکەکە هەر بە سەریدا دەڕوا و گرۆڤەرەکە دەسووڕێتەوە.

کاوه سەیری کرد.

ژیلا – ئێمەش ئەو مشکەین. هەر ڕا دەکەین. بەڵام بە هیچ کوێ ناگەین. ئینجا ئەوەی وا لە دەرەوە وەستاوە سەیرمان دەکا پێدەکەنێ.

کاوه – با ئەو مشکە گیانی دەرچێ. چاوی دەرێ.

ژیلا – بۆ بەستەزمان؟

کاوه – چوونکە ئاژەڵە و بەشەر نییە. ئەگەر بەشەر با لە خۆڕا ڕای نەدەکرد. بەڵام کاتێ ڕا دەکا بۆ ئەوەی وا دەرەوە ڕاکردنەکەی دەبینێ سەرنجڕاکێشە. ئەگەر ڕا نەکەی ڕاگرتن و سەیر نەکردن نامێنێ.

ژیلا – دەی ئەو کات ڕەنگە بیکووژێ چوونکە ئیتر کەڵکی نییە.

کاوه – خۆ بمرێ چاترە لەو ئازارەی کە دەیچێژێ و لە سەر گرۆڤەرێک ڕا دەکا و گیانی دەردەچێ. دوای ئەوەش چەند دانە مشک دەتوانن بکووژن؟ دەزانی ئەگەر مشکەکانی تر مشک نەبن و پاڵ بدەن بە یەکترەوە چ دەبێ؟ ئەوە ئێستا ئێوە یەکتان گرتووە و سێ دانە پیاوی ماقووڵ و هێژاتان قۆڵبەست کردووە.

ژیلا پێکەنی و وتی:

- ئاوت بۆ بێنم؟

کاوه – لە کۆڵم بەوە.

ژیلا – پێت وایە ئێمە لە ماڵ هاتینە دەرەوە و خێرا یەکترمان بینی و یەکمان گرت؟ نا بە قوربان. ئێمەش وەکوو سیاسەتمەدارەکانمان چەندجار هەڵەمان کردووە. تاقیکردنەوە و هەڵە. سزای هەڵەکانی ئەوان خەڵک دایەوە، ئێمە چووینە بەندیخانە. ئینجا وردە وردە فێر بووین ببینە گورگ.

کاوه – هەمووی خەتای سەتەلایتە، ئەوەندە فیلمی ئەکشن پیشان دەدا خەڵکیان فێری هەموو شتێک کردووە.

ژیلا هەستا و چووە سەر جێگاکەی خۆی و وتی:

- کاوه با ئەم پارەم پێ بگا بچمە هەر کوێ تەلەفۆنت بۆ دەکەم کە بێی بۆ لام.

کاوە – کچێکی ڕووداری تەح. پارەی خۆم وەردەگری و ئینجا تەلەفونم بۆ دەکەی کە پێکەوە خەرجی بکەین؟!

ژیلا – دکتۆر بیرت کردەوە؟

ڕەزا سەیری کرد و وتی:

– دەبێ ڕاوەستی.

ژیلا – تووڕەم مەکە.

کاوە – دەبێ ڕاوەستی. خۆ پارەکەت ناخورێ. دوو ڕۆژ مۆڵەتمان دەیە. ئێمە ماڵی خەڵک ناخۆین.

لەم کاتەدا لە تێلێگرام و ئەم شتانەدا پۆستیان بۆ هات و هەموویان موبایلەکانیان هەڵگرت.

کاوە – گرووپتان دامەزراندووە.

ژیلا – دە دانە.

کاوە – خۆزگەم بە خۆتان. بۆمانی بخوێننەوە با بێتاقەت نەبین.

ژیلا پێدەکەنی و وتی:

– ئاوگۆشتمان ساز کردووە منداڵەکان، لە سەر ئێسک شەڕیانە خانمی ماڵەوە لە چێشتخانەوە دەگوڕێنێ دەڵێ خۆ ئێوە سەگ نین لە سەر ئێسک شەڕتانە. سەد جار وتوومە ئێسکەکان هی باوکتانە.

هەموو پێکەنین.

ژیلا – دەتانزانی پەنگوینی نێر لە نەبوونی مێیەکەی هەتا کاتی گەڕانەوەی هیچ ناخوا و ئەگەر مێیەکەشی بمرێ سەیری هیچ مێیەکی تر ناکا. کاوە فێر بە.

کاوە – دیارە مەبەستت لە پەنگوین گوێدرێژە؟!

ژیلا – نا مەبەستم پەنگوینە.

کاوە – ئاخە گوێدرێژ وایە. چوونکە گوێدرێژیش لە دوورەوە لە پەنگوین دەچێ.

ژیلا – نا من پەنگوین دەڵێم.

کاوە – ئەو کات وا پەنگوین بووی بە ئەزموونت کردووە؟

ژیلا – نا بیرمەندان لیی کۆلیونەتەوە شیتە.

کاوە – پەنگوینی مێیش نیرەکەی بە بارمتە دەگری و پارەی لی دەوی؟

ژیلا – پێویست بکا ئەری.

کاوە – ئەی بۆ باسی شێر ناکەی حەرەمسەرای هەیە؟!

ژیلا – شێر کەرە.

کاوە – نەکا پەنگوین بنیادەمە؟!

ژیلا – بنیادەم نییە. بەلام ئاژەلیکی خاوەن هەست و سۆزە.

کاوە – مردن بۆ پەنگوین.

ژیلا – لە پەنگوینیش کەمتری؟

کاوە – پەنگوین ئەگەر بنیادەم با دەمی باقەیەک نەدەکردەوە و گۆدە گۆدە بە ڕیگاوە نەدەڕۆیشت.

ژیلا – بێئەدەب. تەنیا ژنە کە دەتوانی مندال لە باوەش بکا و جانتاکەی خۆی و مندالەکەی هەلبگری، مێردەکەشی وەکوو دەسکە پیمەرە شان بە شانی لەگەلی بە ڕیگاوە بڕوا. گویت لییە کا حەمە کاوە؟!

کاوە – بەلی. بەلی. گویم لییە.

ژیلا – ژنان چێوی تەڕن دەسووتن و خۆلەمێشیان لی بەرز نابێتەوە. پیاوە بە ژنەکەی دەلی بۆچی هەر کاتی شەڕمانە تۆ بێدەنگ و خەمساردی و هیچ نالێی؟ ژنەش دەلی چوونکە پاش شەڕەکە توالێتەکە بە فلچەی ددانی تۆ خاوین دەکەمەوە و ئاوا هێور دەبمەوە.

دیسان هەموو پێکەنین.

کاوە – ببوورە ئەمە گرووپە یان شاندی دژەپیاوانە.

ژیلا – پیاو دەبی خراپتریشیان پی بووتری. گوی بگرە. پیاوی چاک نە کحول دەخواتەوە، نە جگەرە دەکێشی نە ناپاکی دەکا و نە بوونی هەیە. پێت خۆش بوو؟!

کاوە – زیاترمان بۆ بلی با زیاتر خۆمان بناسین.

ژیلا – ئەورۆ بە ڕاستی پێویستم بە پیاو بوو. پێویستم بە هێز و توانا و

باسکی بوو سەری شووشە دۆشاوی تەماتەکەم نەدەکراوە. کاوە هەتا ئێستا زانیبووتان ڕەگەزەکەتان بۆ چی دەبێ؟

کاوە – وەڵا هەتا ئێستا نەمزانیبوو. بەڵام ئەوە زانیم.

ژیلا – بۆ چ دەبن؟

کاوە – ئەوەی کە ئێوەی ئافرەتان شتێکتان هەبێ جۆکی پێ دروست بکەن.

ژیلا – کاوە؟

کاوە – فەرموون.

ژیلا – ئەگەر باوکت بزانێ لێرە بارمتە گیراوی ئامادەیە چەندەمان پێ بدا بۆ ئەوەی ئازادت بکەین؟

کاوە – وەڵا ئەگەر باوکی من بێ چیتان دەوێ پێتان دەدا کە ئازادم نەکەن.

ژیلا – گووت خوارد.

کاوە – باوک تۆیە یان هی منە؟

هاتە لای کاوە و وتی:

- کاوە من و تۆ زۆر لە یەک دەکاڵێینەوە. با ئەم بەرنامە کۆتایی پێ بێ.

کاوە – ئەم بەرنامە کۆتایی پێ بێ ئێوە لە سووچی زیندانن.

ژیلا – جا دڵت دێ شکاتم لێبکەی؟!

کاوە – تەح. باوکت دەسووتێنم.

ژیلا – کاسەت بۆ بێنم؟

کاوە – ئەگەر خۆشت دەوێم دەستم بکەرەوە.

ژیلا – خۆشم دەوێی. بەڵام دەبێ پارەم بێ. لە نەداری ماندوو بووم. هەموومان ماندوو بووین. ئیتر تاقەتی دزیکردنم نەماوە.

کاوە – ئەوە ئەو زنجیرانەتان چۆن ئاوا پێەو بەستووە؟

ژیلا – ژن لە دەستی دێ هەموو کاری بکا.

کاوە – نا نا خۆ لە دەستتان دێ.

ژیلا – دیوارمان کون کردووە و لەو دیو دیوارەکەوە چیمەنتۆمان لێداوە.

کاوە – ئەی ئێمە هاتین بۆ نەماندی؟

ژیلا - کومێدەکەمان لە بەری دانابوو.

کاوە – ئافەرم. ئافەرم.

ژیلا – زۆر قوت و وریاین. پێتان خۆشبوو؟

کاوە - با دەستم بکرێتەوە.

ژیلا – زۆر بێڕەوشتی.

لەم کاتەدا مەهتاب هەستا و هاتە لام و بە ئەسپایی وتی:

- توونیت نییە؟

وەڵامم نەداوە و قەڵس بوو و گوڕاندی و وتی:

- چۆنت پێخۆشە وا بیر لە بارەمەوە بکەوە. ئاواش سەیرم مەکە. چەندەشت پێخۆشە جوێنم پێبدە و لێم بێزار بە. بگوڕێنە و ئەوەی لە دەمت دەردێ پێم بکە.

ئینجا سەیریکردم و دیسان قیژاندی و وتی:

- دە قسە بکە.

بێدەنگ سەیرم کرد کە بە تووڕەییەوە هەستا و چووە سەر جێگاکەی و لەوێ گوڕاندی و وتی:

- دەزانی چییە لە هەمووتان بێزارم. با ئەم بەرنامە کۆتایی پێ بێ دەچمە شوێنێ کە ئیتر نەتانبینم.

ژیلا هەستا و چووە لای و لە ئامێزی گرت و وتی:

- خۆت زیز مەکە ئازیز گیان. با پارەکە بێتە دەستمان دەچینە شوێنێ پیاوی لێ نەبێ. دەچین لە دوورگەیەک دەژین.

ئینجا دەستی کرد بە نەوازش کردنی مەهتاب کە دەگریا و کاوە وتی:

- ببوورە ژیلا گیان. ئەم دوورگەی باسی دەکەی کوێیە؟ بە ڕاست هەیە یان درۆیە؟

ژیلا بە پێکەنینەوە گەڕاوە لای و وتی:

- تۆ هێشتا ڕقت لە کچ و ژنان نییە؟

کاوە – بۆ ڕقم لێیان بێ؟!

ژیلا – بە هۆی ئەو کارەی وا لەگەڵم کردوون؟

کاوە – حەقمانە. چاومان دەرێ. بۆ وا دەکەن؟! ئیشالاّ قەرزەکەمان پێ دەدەینەوە و ئازاد دەبین. زیندان و پەت و زنجیر هی پیاوە. ئەگەرچی ئیستا شێرەژنگەلێک هەن کە ... لێگەڕێ. خۆ هیچ ڕووی نەداوە. ئێوە کەمێکتان پارە دەویست. ئێمەی پیاویش کەمێ تێهەڵدانمان دەویست. ئیشالاّ هەر دووکمان بە مەبەستمان دەگەین. ژیلا گیان کەمێ لەو ساڵنامانەی زانیاریمان بۆ بخوێنەوە دڵمان ڕزا.

ژیلا پێدەکەنی هەڵسا و چوو ساڵنامەی زانیارییەکانی کردەوە و چەند لاپەڕەی لێ هەڵداوە و وتی:

– هەڵکشانی زۆری نرخەکان:

لە دوای هەڵکشانی زۆری نرخ لە بازاڕی ئازاد و پارەفرۆشییەکان ئەورۆ لە بانکی ناوەندی وتراوە، هەڵکشانی ساختەکارانەی دراو، لە بازاڕی ئازاد جێی تێڕامانە و بووە هۆی دەرکردنی بڕیاری نوێ لەم بارەوە. پێشبینی دەکرێ لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا، ئەم بڕیارانە دەردەکرێ و ڕادەگەیەنرێت. بە جێبەجێ بوونی ئەم بڕیارانە، قەرزی نوێ بۆ فرۆشتنی دراوی تایبەت بۆ ئەو کەسانەی، کە بە نیازی سەفەر یان چارەسەر سەردانی دەرەوە دەکەن، دابین دەبێت. بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری ڕۆژنامەی ئیتلاعات نرخی پارە بیانییەکان لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە. ئەورۆ لە بازاڕی ئازاددا دۆلار ١٠٤ ڕیاڵ لیرەی ئینگلتەرا، ٢٠٥ ڕیاڵ فرانکی فەرەنسا، ٢٣ ڕیاڵ فرانکی سوویسرا، ٥٧ ڕیاڵ مارکی ئەڵمان، ٥٤ ڕیاڵ و یەکسەد لیر ئیتالیا ١٢ ڕیاڵ فرۆشراوە.

ئینجا گەڕاوە و وتی:

– ئەمە ڕاستە یان ئەفسانەیە؟ یانی ئەو سەردەمانە نرخی دۆلار ئەوەندە بووە؟

کاوە – هێشتا ئەو گرانەکەشیەتی.

ژیلا – دراوی تر چی؟ بات، تایلەند، لیر، تورکیا، درهەمی ئیمارات؟

کاوە – بەر لە شۆڕش کەس نەدەچووە ئەوێ؟ تەنیا ئەورووپا و ئەمریکا.

تورکیا کەلاوە بووە. دوبەی هەر نەبوو. یانی بوو وەکوو ئێستا نەبوو.

ژیلا – ئەی بە چی وای لێ هات؟

کاوە – برا ئێوە زۆر بە پەلەن. هیواتان دەبێ کاڵ نەبێتەوە.

ژیلا – دە تمەن و پێنج ڕیاڵ لە کوێ و سێ هەزار و برێ لە کوێ؟

کاوە – جێبەجێ دەبێ. پەلە مەکە.

ژیلا – سەد تمەنت دەدا دە دۆلارت وەردەگرت. هەزار تمەنت دابا، سەد دۆلارت وەردەگرت.

کاوە - جێبەجێ دەبێ. پەلە مەکە.

ژیلا – ئەی دەرد و جێبەجێ دەبێ. جێبەجێ با تا ئێستا دەبوو. من نازانم هەموو ساڵێ ئاهەنگی چی دەگێڕین؟ دۆلاری سێسەد و بیست قات؟ ئاهەنگی ئەوەی کە دۆلاریان دەدا کوڵێ پارەیان وەردەگرت؟

کاوە - جێبەجێ دەبێ. پەلە مەکە.

ژیلا – دێم دەدەم بە سەرتا.

کاوە – هەڵە مەکە. ئێمە ئابووریزانی زۆر باشمان هەیە. تا ئێستا بینیوتە کەسێک تا ئەم ڕادە یەکەی پارە وێران بکا؟ ئەمەش خۆی جۆرە بەهرەیەکە. بیخوێنەوە با بە بیرەوەری باوکەکانمان کەیفخۆش بین.

ژیلا – نمدۆزی ١٠٠ تمەن.

کاوە – واتە بەشێکە لە ئاوەڕۆکردنەوە و بەتاڵکردنەوەی چا.

ژیلا – سەد تمەن. یەک لە سەر دەی هەزار تمەن؟ ئەو کات پارەکەمان چەندە بایەخی هەبووە.

ژیلا چەند لاپەڕەی هەڵداوە و ئینجا وتی:

- بەڕێز سەحابی سەرپەرشتی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران: بەو پێیەی کە گەلاڵەی دانانی دوو وزەخانەی بووشێر لە ڕووی نیشتمانی، سیاسی، ئابووری و خۆپارێزییەوە، بە سوود و قازانجی خەڵکی ئێران نییە، ئێمەی کاربەدەستانی تەکنەلۆژیای ناوەکی ئیسفەهان، بڕیارمان داوە پشتیوانی لە هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکانی ئەم گەلاڵە بکەین.

کاربەدەستانی تەکنەلۆژیای ناوەکیی ئیسفەهان

کاوە – ئافەرم. ئافەرم. چاک بوو دامانخستن. بە خوا ئەو کات بڕیارێکی دروست و بەجێیان دەرکردووە.

وتم ئێمە ئابووریزانی تێگەشتوو و لێهاتوومان هەیە. بەڵام ئەوەشم لە بیر چوو بڵێم سیاسەتمەداری زۆر تەڕدەست و زاناشمان بووە. بیخوێنەوە باوکەکەمی. بیخوێنەوە با بزانین چۆن بەو هەوراز و هەڵدێرانەدا تێپەڕین تا گەیشتینە ئەم قۆناغە.

ژیلا – گوێ بدەن. چارەسەری گیریی زمان لە ڕێگەی هەناسە و هیپنۆتیزمەوە. بۆ ئەو کات ئەم شتانە بووە؟

کاوە – ئەی چۆن. ئەو کاتیش بە هۆی زەبر و زەنگەوە خەڵک زمانیان دەگیرا.

ژیلا – تماشا ئەمە سەیر بکەن. لیستی نرخی فرۆشی تیراسنی کارگەکانی پۆڵاسازی شاریار ٥٨/١/٢٧

تیراسنی دەرەجە ١٠ کیلۆی ٣٤.٥٠

تیراسنی دەرەجە ١٢ کیلۆی ٣٤.٢٥

تیراسنی دەرەجە ١٤ کیلۆی ٣٤

ئەمانە بە ڕیاڵە یان تمەنە؟ دا ڕاوەستە؟ تیراسن کیلۆی ٣٤ ڕیاڵ؟ بە ڕاست؟ گوێ بدەن. تەنی ٣٠٠ ڕیاڵ بۆ خەرجی کێشان و هەڵگرتن بۆ هەناردە کردن لە ئەهوازەوە بە نرخەکانی سەرەوە زیاد دەبێت.

تەنێک، سێسەد ڕیاڵ. سێسەد ڕیاڵ. ئێستا ئاسن کیلۆی چەندەیە؟

گوێ بدەن. مژدە مژدە. بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیانی کارەبای گەرەکی تاران لە گفتوگۆیەکدا ڕایگەیاند: لەم ماوەی دواییدا دەرکەوتووە هەندێ لە هاوولاتیان کارەبا لە کۆڵەکەکانی کارەبا دەدزن. وتی ئەمە مەترسیدارە. ئینجا وتوویەتی نرخی کارەبای ماڵان زیاد نابێت.

بیسەرانی ئازیز درێژە بە هەواڵەکان دەدەین، نایک پێ هەزار ملیۆن تمەنی پارەی نەخت هەبوو.

نایک پی کێ بوو؟

کاوە – شارەوانی تاران. هەزار ملوێن تمەن. واتە ملیاردێک تمەن بە دۆلاری ئەو کات کە دەبێتە سەد و پەنجا ملوێن دۆلار.

ژیلا – ئەو سێ هەزار ملیارد تمەنە ئەگەر بە دۆلاری ئێستا دابەشی بکەین دەبێتە چەندە؟

کاوە – نزیکەی یەک ملیارد دۆلار.

ژیلا – ئەمە یەکێک لەو دزییانەیە وا توانیویانە پێشی پێ بگرن. سەد و پەنجا ملوێن دۆلار لە کوێ و یەک ملیارد دۆلار لە کوێ؟

تەرانە – چییان لێکردووە؟

کاوە – ڕاگەیەندراوە.

ژیلا – ئێستا ئۆتۆمبێلی دوو سێ ملیاردی لە تاران هاتوچۆ دەکەن، لە کوێ دەیهێن؟ ئەرێ بە ڕاست کاوە ئەم پارانە لە کوێ دێنن؟

کاوە – وەڵا خۆشم چەندجار لە باوکم ئەم پرسیارانەم پرسیوە، بەڵام هیچ وەڵامی نەدامەوە.

ژیلا – گوێ لەمە بگرن. سێ ژن لە تاران تیرباران کران:

سەکینە قاسمی ناسراو بە پەری بوڵیندە، ساحیب ئەفشاری ناسراو بە سوورەیا تورکە و زارا مافیها ناسراو بە ئەشرەف چوارچاو.

هەموو پێکەنین.

ژیلا – ئەوان سەدان کچ و ژنیان تووشی گەندەڵی کردبوو. چییان دەکرد؟ ئەم کچانەیان لە خشتە دەبرد؟

کاوە – ئا ئیتر؟ ئەی چییان دەکرد؟

ژیلا – ئەمانەیان کوشت و ئیتر هیچ ئافرەتێک بەرەو بەدڕەوشتی نەچوو؟

کاوە – دەی لە جێگایەکەوە دەستیان پێ کردووە.

ژیلا –ماڵێک کە مەلەوانگەی گەڕۆکی تێدایە ئۆتۆمبێلی سێ ملیاردی، ڤیلای باشووری فەڕەنسا. ڤێلا لە دوبەی. کاوە لە باوکت بپرسە هۆی ئەو سەرکەوتنە چییە.

کاوە – ماڵی ئێمە مەلەوانگەی تێدا نییە و لە توونیەتیشدا قرت بێ پەرداخی ئاوت پێ نادەن.

ژیلا – ئەی ئەوانەی ...

کاوە – تۆخودا بیبڕەوە. هەواڵمان بۆ مەخوێنەوە. قوڕ دەکەی بە سەرماندا.

ژیلا پێکەنی و ساڵنامەکەی لابرد و مەهتاب هەستا و هەر بەو تووڕەییەوە هاتە لام و وتی:

- بۆ دواجار پێت دەڵێم ئەگەر کاری توالێتت ...

سەیرم کرد و وتم: - ئەرێ توالێتم هەیە.

تیژ وتی:- چی؟

- تکایە دانیشە.

بە ئارامی لە بەر دەمم ڕاوەستا و سەیری کردم.

- دەکرێ دەست بخەیتە ناو گیرفانم قوتوویەک دەربێنن؟

کەمێک وەستا و دەستی خستە ناو گیرفانم و قوتووی دیارییەکی دەرهێنا و سەیری کرد و زۆر بە سرتە لەبەر ئەوەی کەس نەیبیسێ وتم:

- ئەوەم بۆ کڕیوی ویستم ئەوشەو پێتی بدەم.

مات بوو و سەیری کردم. ئەو ڕۆژە وا زێڕەکەم بۆ کڕیبوو ئەنگوستیلەکەم پێ نەدابوو. بیریم دەکردەوە. قوتووەکەی کردەوە و ماوەی دوو خولەکێک هەر وا سەیری کرد و ژیلا هاتە پێشەوە و سەیری قوتووەکەی کرد و وتی:

- ئەنگووستیلەیە؟ چەند جوانە!؟

کاوە – بەخ بەخ. بەخ بەخ. ئیشالا بە خۆشی و شادی. دەک پیرۆز بێ. مبارەک بێ مبارەک مبارەک بووک و زاوا. ڕەشبەلەکم بۆ بگرن هەموو بڵێن ماڵاوا.

ژیلا دەستم بکەرەوە با برێ خۆم با دەم. دەی بیکەرەوە. یا خوا بە خۆشی بژین. ماڵتە چاوم پڕ بوو لە ئاو دڵم پڕ بوو. شەوێکی خۆشە.

ڕەزا پێکەنی. کچەکان متەقیان لێوە نەهات. مەهتاب گریا و چووە دەرەوە.

ژیلا سەیرێکی منی کرد و چووە سەر جێگاکەی و وتی:

- بە ڕاستی دەتویست خوازبێنی لێبکەی؟

وەڵامم نەداوە و کاوە وتی:

- ژیلا گیان پێموا مەهتاب دۆستایەتی و کەریەتی پێکەوە تەواو کرد. ئەگەر ئەمشەو دانی بە خۆدا گرتبایە مێردێکی گەمژە و گەوجی وەکوو بێزادی گیر دەکەوت، هەر چەندە پارەی بویستایە لێی وەردەگرت. وا دیارە زۆر خۆشی دەوێ وا لە پێناوتا وازی لە هەموو ئەمانە هێناوە.

ژیلا – تۆ فێر بە.

کاوە – فێر بووم. زۆر شت.

وەڵامی نەداوە و چوو بە دوای مەهتابدا و تەرانە پێی وتم:

- بە ڕاستی خۆشت دەوێ؟

دیسان وەڵامم نەداوە و وتی:

- خۆزگەم بە مەهتاب. پێموا ئەم جارەیان ژیلا بە هەڵەدا چوو. یانی هەموومان بە هەڵەدا چووین.

ڕەیحانە – مەهتاب بە هۆی هاوڕێیەتی کردنمان زۆر شتی لە دەست دا، ئەمەیان بایەخی هەبوو.

تەرانە – دەی هەڵەی کرد. ئەگەر ئێمە ئەم کارەمان نەکردایە ئێستا ئەو لەگەڵ بێزاد هاوسەرگیری دەکرد و ئینجا ژیلا لەگەڵ کاوە. هەوڵێکیشیان بۆ ئێمە دەدا. تەنیا بە لێوتەڕ کردنێک بە ڕەزایان دەوت ئێمەیان لە شوێنێکی باش دادەمەزراند.

کاوە – ئێستاش درەنگ نەبووە بە قوربان. تۆ دەستمان بکەرەوە. بەڵێنت پێ دەدەم هەر سێکتان بە مووچەی باشەوە لە سەر کار دادەمەزرێنم. مەگەر نا دکتۆر؟ یانی کاکە ڕەزا گیان؟

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- ئەگەر ئێستا دەستمان بکەیتەوە، هەر سێکتان دەبەمە کۆمپانیاکەی خۆم و بە مووچەی باشەوە داتاندەمەزرێنم. لەم ژیانە دەربازتان دەکەم.

کاوە – ئەی شوێن و جێگا دکتۆر گیان؟

ڕەزا سەیرێکی کاوەی کرد و وتی:

- ئاپارتمانێکی حەفتا هەشتا مەتریتان پێ دەدەم.

ڕەزا دیسان بیری کردەوە و وتی:

- نا دەیکەم بە ناویانەوە. یەکی دوو دانگ دەکەم بە ناویانەوە.

کاوە – موبیلیات؟

ڕەزا – موبیلیاتیشیان بۆ دەکڕم.

کاوە – پارەی نەخت؟ خەلات؟ مزگێنی؟

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- باشە یەکی دە ملوێنتان پێ دەدەم. چۆنە؟

کاوە – نا برا ئێمە ئاوا کچ نادەین بە شوو. برۆ کۆی کەوە داشقەی توورت.

ئێمە پێکەنین و ئینجا تەرانە وتی:

- کاتێ مەهتاب ئاوا فیداکاری بۆمان کردووە، ئێمە چۆن ناپاکی لەگەل دەکەین.

کاوە – گوو بە قەبری باوکی فیداکاری. ئەمانە لێمان بوونەتە هێمای ئەخلاق و دەستپاکی.

ڕەزا – ئەگەر ئێستا دەربازمان بکەن جیا لەوانەی وا وتم یەکی پرایدیکتان بۆ دەکڕم. ئێستا بیری خۆتانی لێ بکەنەوە.

تەرانە پێکەنی و وتی:

- بەلام ئەگەر پێکەوە یەکگرتوو بین و دان بە خۆماندا بگرین. یەکی دوو ملیارد دەکەوین. لە خۆرا هەول مەدە سۆسەمان تێبخەی.

ئینجا بەوانی تری وت:

- وەرە با برۆین بۆ لای مەهتاب وان.

هەر سێکیان چوونە دەرەوە و من وتم:

- کوڕەکان وەرن بە هەر سێکیمان ئەو زنجیرە بکێشین. دەتوانین لەو دیوارەی دەربێنین.

کاوە – ئێستا زووە. دەنگی بێ دێنە ژوورەوە. با برۆن بخەون. من خۆم ئەم زنجیرەم کەمێ شل کردووەتەوە.

- بە ڕاستتە؟

کاوە – ئەری. بەڵام جاری ڕاوەستن.

ڕەزا خێرا پای چەقاندە سەر دیوارەکە و زنجیرەکەی کێشا. بەڵام لە جێی خۆی نەجووڵا. منیش ئەم کارەم کرد بەڵام نەکرا.

کاوە – لێگەڕێن. پێدەزانن. ڕاوەستن با بخەون. هەر سێکمان دەیکێشین و دەیهێنینە دەرەوە.

دیسان وەکوو حاڵەتی یەکەم دانیشتین پاش کەمێک هەموویان هاتنە ژوورەوە. مەهتاب وەکوو هەمیشە لە سەر ئەو مۆبلەی دانیشت وا پشتی لە ئێمە بوو. ژیلاش ڕۆی و بە ڕەزای وت:

- خەریکی دووبەرەکیخستن بووی؟

کاوە – نە بە گیان تۆ بیرمان لە دیاری ئاهەنگی هاوسەرگیری دەکردەوە.

ژیلا – زۆر چاکە ئێستا بێم بە سۆندە شل شل ڕەش و شینت کەمەوە و بتکوژم گلاو؟

ڕەزا پێکەنی و ژیلا بە تەرانەی وت:

- هەستە بچۆ ئەو سۆندەم بۆ بێنە با بیخەمە گریان کە چیتر وەکوو مەیموون پێمانپێنەکەنی.

هەتا تەرانە هەستا بڕوا کاوە وتی:

- ژیلا – سوێند بە خوا دەستت لێی بکەوێ خۆشم کوشتبێ ناهێڵم. پارەت پێ نادەین. جا خۆت دەزانی.

ژیلا – نا. وا دیارە زۆر جیدی بوو.

کاوە – تۆ هێشتا بێحەیایی منت نەبینیوە. کاری مەکە بیبینی. با کێشەکە هەر وا دۆستانە چارەسەر بێ.

ژیلا – دووبەرەکی بخەیتە نێوانمان؟

کاوە – ئێوە لە بری ئێمە بان واتان نەدەکرد؟

ژیلا بێدەنگ بوو مەهتاب گەڕاوە لای من و بە گریانەوە وتی:

- ببوورە بێزاد. من لە خۆم بێزارم. بەڵام ناتوانم واز لە هاوڕێکانم بێنم.

سەیرم کرد و وتی:

- وەکوو چۆن ئێوە ئامادە نین واز لەو هاوڕێیەتان بێنن.

کاوە - هەر ئەمشەو دانت بە خۆتدا گرتبایە.

مەهتاب - دەی؟

کاوە - بە هەموو شتێک دەگەیشتن.

مەهتاب - دیسان قەرز؟

کاوە - بۆ ئەوانەی شوو دەکەن نەخت بە هەموو شتێک دەگەن؟

مەهتاب - من لە سواڵ و دەرۆزە ماندوو بووم.

کاوە - دەرۆزە بۆ چی؟

مەتاب - پارە لە مێرد وەرگرتنیش جۆرێ دەرۆزەییە.

کاوە - نا وا نییە.

مەهتاب - با وایە. من دەمەوێ هەموو شتێ هی خۆم بێ. پارەی خۆم. ئۆتۆمبێلی خۆم. ماڵی خۆم.

کاوە - واتە باج وەرگرتن لە ئێمە دەبێتە هی خۆت؟ ئەوە دزییە. هەزار ڕەحمەت لە دەرۆزەیی.

ژیلا - ئەوە دزی نییە قوت و وریاییە.

کاوە - ئێستا دزی بۆتە قوت و وریایی؟

ژیلا - بۆ نییە؟ خەڵک بە ناوی قەرزی بانکی و وەرگرتن و فرۆشتن و کڕین و فرت و فێڵ پارە وەدەست دێنن و ناوی دەنێن مێشکی ئابووری.

کاوە - خۆ هەموو وایان نەکردووە.

ژیلا - چووزانی. هێشتا زۆر دەرنەکەوتووە. دەریشبکەوێ چ دەبێ؟ هیچ.

کاوە - چا ژیلا. هەموو ئەو شتانەی وا ڕەزا بە هاوڕێکانتی وت منیش بە تۆی دەڵێم. ئەگەر ئێستا ئازادمان بکەی کار و ئاپارتمان و دە ملیۆن و پرایدێک چاوەڕێتە. ئەمە نەختە. من خۆشم بەڵێنم دەدەم.

ژیلا - ڕاوەستە با کەمێ تێپەڕێ، ئەم هاوڕێیەمان دە ملیاردمان هەر وا پێ دەدات.

کاوە – تۆ هەڵەی.

ژیلا – تۆ هەڵەی. وامدەزانی من باش دەناسی.

کاوە – ئەگەر دەتمناسی ئێستا لێرە نەبووم.

ژیلا – ئێستا ناسیت. دەتویست چاوەکانت بکەرەوە.

کاوە – باشە. دنیا هەر وا نامێنێ.

ژیلا – چی؟ جاری ئافرەتێک دەردی پێداوی ئێستا پێت ناخۆشە؟ ئەوەندە مافی ئێمەی ژن و کچانتان پێشێل کردووە، ئێستا با جاری ئێمە ئەم کارە بکەین.

کاوە – بیکەن.

ژیلا – زۆری لێ مەڵێ.

ئینجا ڕوویکردە ڕەزا وتی:

- ئەگەر ویژدانت هەیە بڵێ چیت کردووە؟

کاوە – لە ناو ئەم هەمووە دزەدا ئەمەت دۆزیوەتەوە؟

ژیلا – جاری دەستم بەمە گەیشتووە. کاتێ زانیمان دکتۆر هاوڕێتانە ئەم پیلانەمان کێشاوە. تێگەیشتی؟

کاوە بێدەنگ بوو و ڕەزا وتی:

- بە ڕاستتە؟

ژیلا – ئەی؟ پێشتر بڕیاری چمان دابوو؟ بڕیار بوو مەهتاب هاوسەرگیری لەگەڵ بێزاد بکا و خۆی یەکلایی بکاتەوە. ئێمەش ئەو ماڵەی وا مەهتاب تێیدا پەرستار بوو بیڕوتێنینەوە. بەڵام لە ناکاو تۆ دەرکەوتی. ئەو کات بەرنامەکەمان گۆڕی، چوونکە زۆرمان ڕق لێتە.

ڕەزا – دەی ئەمانە چیبکەن؟ وازیان لێبێنە با بڕۆن.

ژیلا – ئەمانەش بە ئاوری تووە دەسووتێن. لە بیرت چووە چت کردووە؟

ڕەزا لە کاتێکدا سەری داخستبوو وتی:

- لە بیرمە. هەمووم باش لە بیرە.

ژیلا – داماوت کردین. زۆرمانت قوڕ بە سەر کرد.

ڕەزا – من قەتم لەو کارانە نەکردووە خۆشت باش دەزانی.



CamScanner

ژیلا – ڕاستەوخۆ نا. جۆرێکی تر. کەسانێکی وەکوو ئێمەیان بە پەند کرد. کاتێ لە خانەی بێسەرپەرشتان بووین ئاواتی جلوبەرگێکی جوانمان بوو. کەسانێکی وەکوو تۆ پارەی ئەم وڵاتەیان ڕفاند و ئیتر هیچ بۆ خانەی بێسەرپەرشتان و خانەی بەساڵاچووان و دینگە نەدەماوە.

ڕەزا بێدەنگ بوو.

ژیلا – وەڵام نادەیتەوە؟ ها؟ دەزانی هۆکاری داوێنپیسیی چەندەها کچی؟ دەزانی چەندەها کوڕت ئاڵوودە بە مادەی هۆشبەر کرد؟ چەندەها بنەماڵە بە هۆی تووە لێکهەڵوەشاوە؟ دارزە.

هەموو بێدەنگ بوون. پاش کەمێک ژیلا دیسان ساڵنامەی زانیاری کردەوە. حەوت هەشت خولەک بێدەنگی باڵی بە سەر کەشەدا کێشا و دواتر وتی:

پێنجشەممە ٦ی گوڵانی ساڵی ١٣٥٨

مافی ژنان بە تەواوتی لە یاسای بنەڕەتی

تەرانە – بۆیە حاڵ و وەزعمان تەواوە. مافمان پارێزراوە.

ژیلا – مەشهەد ٣ ڕۆژە ١٢.٤٠٠ ڕیاڵ. واتە هەزار و دووسەد و چل تمەن. کچینە مەشهەد میوانی خۆمن. دراو بوو بە دوو نرخە. بۆ هەر پاسپۆرتێک ٦ هەزار دۆلار دراو دەفرۆشرێت.

دکتور مەولەوی سەرۆکی گشتیی بانکی ناوەندی ڕایگەیاند. لە ئێستادا نرخی فەرمی کڕین و فرۆشتنی دۆلار ٧٠.٣٠هە. وات حەوت تمەن. نەک حەوت هەزار تمەن. واتە حەوت هەزار دانە تمەن.

ئەمەیان گوێ بگرن. ڕێنو بە پازدە هەزار و پێنسەد تمەن پێش قیست. هیلمەن بە دە هەزار تمەن پێش قیست. هیلمەن چی بوو؟ پەیکان بە بیست هەزار تمەن پێش قیست. کارینا بە بیست و شەش هەزار تمەن پێش قیست. پیموایە تویووتایە. گرووپی فەرهەنگیی پێگا. کەنکووری سەرتاسەری چل کاتژمێر تێچوو چوار هەزار ڕیاڵ. واتە چوار سەد تمەن بۆ نەوەد وانە.

گوێ بگرن. گوێ بگرن. تەمەنی هاوسەرگیری داکشا.

تەرانە – نەکا بۆ چل ساڵان. ئەویش ئەگەر بکرێ.

ژیلا – نا. کوڕان ۱۵ سالان و کچان ۱۳ سالان.

تەرانە – واتە فەرمانە؟ ئەی گیان.

ژیلا – موبیلیاتی گرانی کۆشکەکانی کیش هەرزانفرۆش دەکرێ.

ئێستا خوا دەزانێ لە کوێیە؟

تەرانە – ئێستا ئەو موبیلیاتە ناحەزن. بۆ چەند دانە کۆشکمان هەیە؟ من مالگەلیکم بینیوە کە کۆشکی شا لە چاو ئەوان فشەیە. پێت وایە چکارە بووە؟ بازاڕی. خۆی دەیوت. کومپانیای هەناردە و هاوردەی هەیە.

ژیلا – سەرۆک وەزیران لە پەیامێکی تەلەڤیزیۆنیدا ڕایگەیاند:

دەبێ دەسەلاتداری بدرێتە دەست خەلک.

دەسەلاتی دیکتاتۆری نیوەی داهاتی ولاتی دەدا بە کارمەندان، بۆ ئەوەی چاو لە دەست و دیل بن.

بریا ئەو سەردەمانە با و ئێمەش چاو لە دەست و دیل باین. نیوەی داهاتی ولات. ئەو وەزیرە زانا و بلیمەتە کێ بووە وا ئەم وتە بەنرخانەی گوڕیوە.

تەرانە – ببوورە لە پتەی دەرچوو. بە ئەنقسەت نەبوو.

ژیلا – شارەوانیی تاران. نرخی زەوی لە داهاتوودا دەبێتە سیفر.

تەرانە – چەند دانە سیفر؟

ژیلا – شارەوانیی تاران بە دوای هۆشدارییەکەی سەبارەت بە کڕیارانی زەوی و خانووبەرە لە تاران و وتی ئەو بەرنامانەی کە دەولەت لە سونگەی خانووسازی و بەرەنگاربوونەوەی زەویخۆراندا هەیەتی، نرخی زەوی لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە سیفر. بریا دەمانتوانی تەلەفۆنێک بۆ شارەوانی بکەین و بلێین داهاتوویەکی نزیک واتە تا کەی نزیک؟

تەرانە – برا ئەمانە هەوایی ببوون. وایانزانی شۆڕش کراوە ئیتر هەموو شتێ بەلاشە.

ژیلا – کا حەمە کاوە گوێ بگرە.

جیهانگەڕیی هالی دەی:

مادرید – ١٤ ڕۆژ – شەش هەزار و هەشتسەد و نەوەد تمەن.

ڕۆما - ١٤ ڕۆژ - شەش هەزار و نۆسەد و دە تمەن.

ئەمریکا - ٢٢ ڕۆژ - چواردە هەزار و سیسەد تمەن.

ڕەیحانە - وەی باوکە گیان. دەڵێی چیرۆکی ئالیس لە وڵاتی سەیر و سەمەرەکانە.

ژیلا - نا. ئالیس لە وڵاتی خەونەکان.

ئاوەڕۆکەرەوە سێسەد تمەن.

هەڵکشانی بێوێنەی نرخی زێڕ.

واتە ئەو کات نرخی زێڕ داکشان و هەڵکشانی نەبووە و ئەگەر هەڵکشانیشی بووە زۆر کەم بووە.

ڕاوەستن.

بانکی نیشتمانیی ئێران نرخەی سکەی زێڕ؛ واتە سی تمەن. نرخی سکەی زێڕ ٦٠٠٠ ڕیاڵ و نیوسکە ٣٠٠٠ ڕیاڵ.

کچەکان سکە ٦٠٠ تمەن بووە. واتە هەزار تمەنت دەدا سکە و نیوسکەیەکی دەکڕی.

نرخی شەش مادەی خۆراکی هەرزان بوو.

ڕێکخراوی هەرەوەرزیی شار و گوند ڕاگەیەندرا:

برنجی ئەمریکایی کیلۆی ٦٠ ڕیاڵ، نۆکی پاککراو ٨٨ ڕیاڵ، نیسک ٥٨ ڕیاڵ، ڕۆن هەر گالۆنێک ٢٥٠ ڕیاڵ، ڕۆنی زەیتوونی بێرتوولی پووتی ٤١٠ ڕیاڵ، ڕۆنی مازۆلا پووتی ٧٩٠ ڕیاڵ، قەند کیلۆی ٢٩.٥ ڕیاڵ، شەکر هەر کیلۆی ٢٤ ڕیاڵ، هێلکەی کیلۆی ٩٨ ڕیاڵ، گۆشتی ڕان بە پێی پشک کیلۆی ١٢٠ ڕیاڵ.

تەرانە - باشە ئێتر مەیخوێنەوە شێت بووین. ئەعسابمانی تێک دا. کەواتە ئەو کات دزەکان چییان دەکرد؟ چییان دەدزی؟ ئەو نرخانە جۆرێ بووە کە ئێمە ئەو کات دەمانوت نۆشی گیانی دز بێ. با بیدزن. گۆشت کیلۆی ١١ تمەن بووە. واتە سەد دانە تمەنت دەدا ٩ کیلۆ گۆشتت دەکڕی.

ژیلا - ڕۆما، پاریس - لەندەن. ١٩ ڕۆژە هەشت هەزار و نۆسەد و پەنجا تمەن.

پێموایە ئەو کات بە دوو هەزار تمەن دەتتوانی بۆ ماوەی هەفتەیەک بچی بۆ شیمال.

تەرانە – ئەرێ بۆ وای لێهات؟

ژیلا – چوونکە ئەوانەی وا وایان دەزانی چەندە بلیمەتن پاک بە هەڵەدا چوو.

تەرانە – پێمخۆشە ئەو نرخانەی وا ئێستا خوێندتەوە بینووسم و بینێرم بۆ دەوڵەت و بڵێم ئەوە بۆ وایە شێرە کورم دەوێ وەڵامم بداتەوە.

ژیلا – کۆمەڵێ وشەی کەری کەری و گەوجە گەوج و فلتە فلتت ئاراستە دەکا و دەڕوا. بۆ تا ئێستا وایان نەکردووە. کێ هاتووە بڵێ من سەردەمانێ بەرپرسی فلان شوێن بووم و هەڵەم کردووە؟

تەرانە – قەدەغە و ئاستەنگ. هەر مەکە و بکەیە. هەڕەشە و گوڕەشە. لە بری ئەم ئاستەنگانە چییان پێداین؟ چ گوڵێکتان لە سەرمان داوە؟ تا هەڵدەستی چوار دانە کەڵەگا لە بان سەرتن. ئەرێ ئەم فەرمانە بە چاکە و نەی لە خراپە یەکلایەنەیە یان ئێمەش دەتوانین بیکەین؟

لەوەتەی خۆم ناسیوە هەر ئیستریس بووە. مریشک نییە، گۆشت نییە، ئاو نییە، کارەبا نییە، دەرمان نییە. کەی ئەم ئیستریسانە کۆتاییان دێ؟ خۆ ئێستا جەنگ نییە؟ ئەی بۆ هێشتا هەر وایە؟

ژیلا – برا کەس قسە نەکا ئێمە دەمانهەوێ بمرین.

کاوە – ئەرێ ئێوە خەوتان نایە، بڕۆن بخەون. با ئێمەش سەرخەوێ بشکێنین.

ژیلا – چییە خەوت دێ؟ خۆ تۆ هەتا دوو سێی کاتژمێری نیوە شەو بێداری.

کاوە – خۆ ئەگەر ئێستا دەست و قاچم شەتەکە نەدرا بوو هەر وام دەکرد.

ژیلا – پێویست ناکا بخەوی.

کاوە – بۆ کەڵەگایی دەکەی؟

ژیلا – دەبا ئێمەی بێدەرەتانیش برێ کەڵەگایی بکەین دڵمان ئاهۆن بێتەوە.

کاوە – دەرەقەتی ئەوانەی سەرەوە نایەی تۆڵە لە ئێمە دەکەیتەوە؟

ژیلا – دارستان. ئەمە یاسای دارستانە. ئەگەر دەرەقت هاتی رامەوەستە

بیکوژە و ئەنجن ئەنجی بکە.

کاوە – با چوویتە دارستان چەندەت پێخۆشە بکووژە و بتۆپێنە و ئەنجن ئەنجن بکە بەلام نە لە ئێرە.

ژیلا – ئێمە و مانان بگەنە دارستان چوون دەسەلاتمان نییە دەبینە کەرویشک و خۆراکی درندەکان. دەبێ درندەکان دەست و قاچیان شەتەک بکرێ نەک ئێمەی کەرویشک ببینە قوربانی.

کاوە – برۆ خۆت بەهێز بکە.

ژیلا – دە بۆیە وامان کرد کە بەهێز بین.

کاوە – برا خەومان دێ.

ژیلا – خۆت کەر مەکە دەی.

کاوە – بە چاوان. بە چاوان. تماشا ئێمە بارمتەی گوێڕایەڵ و باشین. دە تۆش ئاگات لێمان بێ.

ژیلا پێکەنی و وتی:

- باشە ئاگام لە تۆ و بێزاد دەبێ.

کاوە – دە ڕەزاش گوناحە. منداڵ بوو نەیفامی، بێعەقڵی کرد و لە خشتەیان برد. تۆبە دەکا و دێتە سەر خەت.

مەهتاب وتی:

- بە ڕاست ئەوە بۆ وای لێهاتووە لەگەڵ هەر کەس قسە دەکەی خەمی ڕابردوو دەخوا. باشە من بۆ دەبێ کەسێک کە خۆشم دەوێ و بڕیار بوو لەگەڵی هاوسەرگیری بکەم زیندانیم کردبێ؟ ئەگەر ئەو ملهوڕە بە بەشی خۆی ڕازی با ئێمەش بە بەشی خۆمان ڕازی دەبووین و بیرمان لە دە ملیارد پارە و ئۆتۆمبێل و ئاپارتمان و شتی تر نەدەکردەوە. کاتێ دەبینێ منداڵێک ڕاست و چەپی خۆی بۆ لێک ناکرێتەوە ئۆتۆمبێلی چەند ملیاردی لە ژێر قاچیەتی، کابرا دڵی ژان دەکا. بڕیاریان دا کۆشکەکان بڕووخێنن کەچی ئاپارتمانگەلێکیان ساز کردووە کە لە کۆشکیش خۆشترە دەی کابرا لە حەیفان دەپچڕێ. هێشتا پزیشک یان ئەندازیار با شتێ منداڵە ڕاست و چەپی بۆ لێک ناکرێتەوە، ملیارد ملیارد سامانی هەیە.

ئەویش لە کوێ وەدەستی هێناوە؟ سەرۆکی فڵان بانک بووە. پارەی دزیوە و ئەلفەرار. کێ متمانەی پێکردوون و پلە و پایەی پێداون؟

کاوە – برا لەحنەت لە شەیتان کەن. ئێمە لێرە کەیسێکی بارمتەگیراوی سادەمان هەیە. بیکەنە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی. هەستن خەومان دێ. پشت بە خوا بۆ بەیانی دەبنە ملیاردێر.

مەهتاب – بەڵام چ سوود؟ ئەوەش هەر دزییە. ئەویش لە کەسێک کە خۆشم دەوێ.

سەیرم کرد و ئاوڕی داوە و سەیری کردم و بە گریانەوە وتی:

– ئەرێ بێزاد خۆشم دەوێی. تاکە کەسێک بووی کە لە ژیانمدا خۆشم ویستووە. چوونکە هەر تۆ پیاو بووی. لە خۆم دادەڕزێم. بێزم لە خۆم دێتەوە. بەڵام شتێک هەیە کە ناهێڵێ مێشکم کار بکا. شتێک لە ناخمدایە کە تەنیا پارەی دەوێ. بە هەر چەشنێ بێ. بە نرخی ویژدانم. بە نرخی عەشقەکەم. بە نرخی ژیانم.

کاوە – دەی بۆ ئەوەندە سەرکۆنەی ئەم ڕەزا داماوە دەکەن؟

مەهتاب – خۆ ئێمەش یەکێکین وەکوو ئەو. ڕەنگە خراپتریش بین. ئەگەر دەسەڵاتمان بایە خراپتریشمان دەکرد. لانیکەم ئەو ناپاکی لەگەڵ هاوڕێکانی نەکرد.

ژیلا – خوای ئێمەش گەورەیە مەهتاب گیان. هەموو شتێ جێبەجێ دەبێ.

مەهتاب – چ جێبەجێ دەبێ ژیلا؟ خوا ئێمەی خۆش ناوێ. ئەگەر خوا ئێمەی خۆش ویستبا یارمەتی دەداین. ئێمە ستەملێکراوین. یارمەتی خەڵکی فەلەستینی دەدا. بۆچی خودا تەنیا یارمەتی ئەمریکاییەکان دەدات؟ نەکا ئەوان چاکن کە خوداش ئاگای لێیانە؟ بۆچی ڕووبارەکانمان وشک دەبن. زایەندەڕوود، ئەوە لە گۆمی ورمێ.

خوا بۆ فریشتەکانی نانێرێ دزەکان لە سەر عەرز بسڕێتەوە. بۆچی زەویلەرزەیان بۆ نانێرێ با ئیتر غەدر لە خەڵکی داماو نەکەن. لە هەموو کەس وەدوا کەوتووین. ئەوە لە کوڕمان، ئەوە لە کچمان. ئەمە لە بارودۆخی دایک و

باوکەکانمان.

دەڵێی سەردەمی جەهالەتە. هەر گیر بە ئێمەی ئافرەتان دەدەن. دەی کچتان ناویٚ دەی وەک ئەو سەردەمانە زیندە بە چاڵیان بکەن. ئاوا زیاتر ئازار دەبینین. تەنانەت دایک و باوکەکانیش ئێمەیان ناویٚ دەچنە دکتور بۆ ئەوەی نوتفەکەیان لە کچەوە بگۆڕن بۆ کوڕ.

ژیلا ئاماژەی بە تەرانە کرد، کە ئاو بە مەهتاب بدا و ئەویش هەستا ئاوی بۆ هێنا و مەهتاب قوومێکی لیٚ خواردەوە و گەڕاوە لای من و وتی:

- پێمخۆشە هەستم لە ناو کومیدەکە کلیلەکان بێنم و ئازادتان بکەم. بەڵام شتێکە لە ناو دڵمە کە ناهێڵیٚ چوونکە پارەی دەویٚ. وەک نەخۆشێک کە چارەسەری تەنیا پارەیە. بە خۆم نییە بە خودا. هەر بۆیە لە خۆم بێزارم بێزاد گیان. زۆر ململانێم لەگەڵ خۆم کرد بەڵام نەکرا.

لەم کاتەدا ژیلا هەستا و مەهتابی لە باوەش گرت و ئینجا لە سەر جێی هەڵیساند و بردییە دەرەوە، پاش کەمێک گەڕاوە و ئینجا بەوانی تری وت بڕۆن بخەون و لە ژوورەکە چوونە دەرەوە و کاوە وتی:

- ئێستا بەتانیتان بۆ دێنم.

کاوە - نامانەویٚ گەرمە.

ژیلا — بە ڕاستتە؟

کاوە — ئەریٚ. دەستت خۆش بیٚ.

ژیلا — کاری توالێتتان نییە؟

کاوە — سەری شەو میزێکی باش باشمان کرد بە خۆماندا.

پێکەنی و وتی:

- ئاوتان دەویٚ؟

کاوە — نا دەستخۆش.

ژیلا — کارێکتان بوو هەرام لیٚ بکە.

کاوە — بە چاوان.

ژیلا — کەواتە هەتا بەیانی خواتان لەگەڵ. هۆ دکتور. بەیانی دەبیٚ کاروبارەکە

جێبەجێ بکەی. تێگەیشتی؟

ڕەزا سەری لەقاند و ژیلا دەستێکی بۆ لای کاوە ڕاتەکاند، واتە خۆشم دەوێی و ڕۆی.

هەر سێکیان چوونە دەرەوە ئێمە سییانەمان ماینەوە و سەیرێکی یەکترمان کرد و وتم:

- دەست پێ بکەین؟

کاوە – ڕاوەستە. بێڵە با نیو کاتژمێر تێپەڕێ.

پاشان بە ڕەزای وت:

- ڕەزا گیان ئەگەر من زنجیرەکە لە دیوارەکە بهێنمە دەرەوە و دەربازتان بکەم هەموو ئەوانەی بەو کچانەت دەدا بە منیشی دەدەی؟

ڕەزا پێکەنی و وتی:

- زیاترت پێ دەدەم. خۆ دەزانم لەبەر دۆستایەتی منە ئێوەش تووشی ئەم کێشە هاتوون. ئێوە ئەو کات چیتان بۆ من کرد و منیش چیم بۆ کردن؟

ئاماژەی بە زنجیرەکان کرد.

کاوە – هەر بیری لێ مەکەرەوە. جێبەجێ نابێ.

- ماڵتە چۆن پارە کابرا دەگۆڕێ؟

ڕەزا – دەگۆڕێ بێزاد گیان. زۆر شت دەگۆڕێ. من لەم جەوەدا بووم. باوەڕ بە قسەکەم بکە.

- ئەگەر ئیشاڵڵا لێرە دەرباز بووین چییان لێ بکەین؟

کاوە – چییە هێشتا بە تەمای مەهتاب بخوازی؟

- نا بەڵام ...

کاوە – بەڵامو دەرد بێ ئیرادە. تۆی بە دوو ملیارد تمەن کە هێشتا نەدراوە فرۆشت.

- ڕاستە بەڵام کاتێ باسی پارە ...

کاوە – گوو مەخۆ. من دەربازت دەکەم. چی گوویەک دەخۆی بیخۆ. ئەم کوڕە مامەم چ پەخمەیەکە. منیش بوومەتە ئامۆزای ئەم پەخمە. بە قورئان

مەهتاب بێنی دیاری بۆ ناکرم. پێم وتی. تماشا ڕەزا چم لی دەکا؟! چاکە ئەوشەو قات و پانتۆڵمان لەبەر نەکرد. ئەو کات هەستمان بە کەریتی دەکرد.

- چەندەی لی دەڵێی!

کاوە – چاکە زانیمان کلیلەکان لە ناو کومیدە.

- ئەگەر نەچوو چ بکەین؟

کاوە – هیچ. زنجیرەکان لە ناو دیوار دەردێنین و ڕا دەکەین. لە جادەدا یەکی دێ بە هاوارمانەوە. ژیری هەر دەبێ ئیمەی کەر ڕزگار بکا.

- خۆت کەر مەکە.

ڕەزا – با ڕزگار ببین. هەر بەو زنجیرەوە سواری ئۆتومبێلە دەبین و دەڕۆین.

- واز لەمانە بێنە.

کاوە – چییان لێبکەم. چییان لێبکەین. خۆ ناتوانین لێیان بدەین.

- دەستمان لە دواوە بەسراوەتەوە چۆن ئۆتومبێل لێبخورین؟

- جاری بزانین دەتوانین ئەم نەفرەتییە لەم دیوارە دەربێنین.

- دەی دەست پێبکە.

کاوە – هەر سێکمان قەوە لە خۆمان دەدەین. ئێوەش وەرنە پێشەوە.

من و ڕەزا پێدەکەنین و خۆمان کشاندە لای ئەو و وتی:

- ڕەزا بریا دەمزانی تۆی داماو بە چی پێدەکەنی؟

ڕەزا – بەوەی کە لەم  بارودۆخەشدا پێکەوەین.

کاوە – هەتیو دەستم ئازاد بێ دەتخنکێنم.

من و ڕەزا ڕاکشاین و زنجیرەکەی کاوەمان کێشا و قاچمان چەقاندە دیوارەکەوە.

کاوە – لەگەڵ ژمارەی من. یەک دوو سێ یا سامسۆن و دەلیلە.

هەر وتی " یا سامسۆن و دەلیلە" من و ڕەزا پێکەنین.

کاوە – دەرد. قەوە لە خۆتان بدەن.

ڕەزا – باشە سامسۆن بڵێ ئیتر بۆ دەڵێی دەلیلە؟

کاوه – ئێوه عەقڵتان پێ ناشکێ. دەلیلە ئەنگێزەمان زیاتر دەکا. یەک دوو سێ.

بە هەموو هێز و قەوەی خۆمان زنجیرەکەمان کێشا. دەنگێکی لێوە هات و دوو سێ خشت لە دیوارەکە هاتە دەرەوە. و زنجیرەکە ئازاد بوو.

لەم کاتەدا ژیلا لە ژوورەکەی ترەوە گوڕاندی و وتی:

- ئێوە خەریکی چین؟ کاوە؟

کاوه – گیان و دڵی کاوه.

ژیلا – دەنگی چی بوو؟

کاوه – هیچ نەبوو بەقوربان. ڕەزا تری لێ بەر بوو. منیش دام بە ناو زکیدا سەری درا لە دیوارەکە و زرمەی دیوارەکە بوو.

ژیلا – چاوی دەرێ. ئەوەندە گڵاوە بۆیە.

دەنگی پێکەنینی کچەکانی تر هات و کاوە بە ئەسپایی زنجیرەکەی کۆ کردەوە و خستییە ناو دەستی بۆ ئەوەی دەنگی لێوە نەیە و لە سەر جێگاکەی هەستا چووە لای کومێدەکە و لەوێ بە دەنگی بەرز وتی:

- ڕەزا ماڵتە پشتت بنووسێنە بە کومێدەکەوە با قڕ نەبین. وا دیارە هەتا بەیانی ئەمە بەزمی ئێمەیە. شەو چیت خواردووە فاسۆلیا یان پیواز؟

ڕەزا پێکەنی. کاوە دەرگای کومێدەکەی کردەوە و دەستی کرد بە گەڕان و لە ناکاو بە زەردەخەنەوە دەستی بەرز کردەوە و کلیلەکانی پیشانمان دا. ئەو کات هەموو سەروەت و سامانت پێدابا ئەوەندە دڵخۆش نەدەبوو.

بە هێورییەوە گەڕاوە لای ئێمە و لە پێشدا دەستی منی کردەوە و قوفڵی زنجیری قاچم و ئینجا هی ڕەزاشی کردەوە. پاشان منیش زنجیری دەست و قاچی ئەوم کردەوە و هەر سێکمان هەناسەیەکی قووڵمان هەڵمژی.

خێرا وتم:

- بچین سواری ئۆتۆمبێل بین و ڕا بکەین؟

کاوه – لە چی؟

- ئەی نابێ ڕا بکەین؟

کاوه – گلادیاتۆر وتم ئەگەر دەستمان بەسرا بوو ڕا بکەین. خۆ ئێستا

نەبەستراوە.

- دەی چی بکەین؟

کاوە – هیچ دادەنیشین و هەتا بەیانی ڕەزا پارەکە جیبەجی دەکا و پییان بدەین و دەڕۆین.

ڕەزا پیکەنی.

- خۆت کەر مەکە ئیتر.

کاوە – دەی لییان دەدەین.

دیسان ژیلا هاواری کرد:

- ئەویٚ چیتانە؟ چی بە یەکتر دەڵین؟ چییە بە تەمای چین؟

کاوە – هیچ برا زنجیرەکانمان کردۆتەوە و خەریکین بڕیار دەدەین چیتان لی بکەین.

دەنگی پیکەنینیان هات و ژیلا وتی:

- بە ڕاستی ئازاد بان چتان لیمان دەکرد؟

کاوە – وەڵا هیشتا بڕیارمان نەداوە. ئەریٚ بە ڕاست بۆ ناخەون؟ سبەی کارمان زۆرە.

ژیلا – بە چاوان دەخەوین.

کاوە – ئەو گویڕایەڵییەی منی کوشتووە.

بە ئاماژە پیی وتین:

- وەرن.

هەر سیکمان لە ژوورەکە چووینە دەرەوە. لە بەر دەرگای ژوورەکەی مەهتاب وان گلۆپەکەی هەڵگیرسا بوو و کاوە وتی:

- لەچکەکانتان لە سەر کەن ئەوە ئیمە دیینە ژوورەوە.

بیدەنگی زاڵبوو، لە ناکاو ژیلا لە ژوورەکە دەرپەڕییە دەرەوە و لەگەڵ ئەوەی چاوی پیمان کەوت خەریک بوو جەڵتە لییدا.

ئەوانیش تریش پاڵیان بە ژیلاوە ناو هاتنە دەرەوە. ئەوانیش پەشۆکان.

لە ناکاو ژیلا دانەوییەوە بۆ ئەوەی داریک لە سەر عەرزەکە هەڵبگریتەوە و

کاوە تیژ قاچی لە سەر دانا و وتی:

- بە ڕاست پێت وایە ئەو دارەت پێ بێ چ دەبێ؟

ژیلا سەیری کرد و کاوە وتی:

- دۆخەکە لەوە خراپتر مەکە. هەمووتان بچنە ئەو ژوورە بزانم.

دەنکە دەنکە سەریان داخست و چونە ئەو ژوورەی وا ئێمەی تێدا زیندانی کرا بووین و ئێمەش بە دوایاندا و ڕەیحانە گریا. ئینجا سەمیرا گریا.

ژیلا بە تانەوە پێی وتن ئارام بن. بەڵام تەرانە وتی:

- سەد جار وتم ئەو زنجیرانە بە کار نایە. ماڵتە گوێ نادەی.

کاوە - باشە خۆتان بێتاقەت مەکەن. ئەزموونتان نەبووە بۆیە. کێشە نییە. هیچ نەبووە دەی. مرۆڤ هەڵەش دەکا. ئێستا خۆمان توند و تۆڵ دەست و قاچی خۆمان دەبەستینەوە با باش فێر بن.

ژیلا - دەی بە تەمای چ بکەی؟ لێمان دەدەن؟ دەمانکووژن؟ دەی خێرا کەن.

کاوە - نا. ئێوە زیندانی دەکەین و هەتا دە ملیاردمان پێ نەدەن دەربازتان ناکەین. دەی خێرا کەن دە ملیاردمان پێ بدەن. ئێستا بچنە لای ئەو دیوارە ڕاوەستن با بیریکتان بۆ بکەینەوە.

هەموو چوونە سەر جێگای خۆیان دانیشتن. ئێمەش لە سەر مۆبلەکان دانیشتین و کاوە وتی:

- ئێستا پێچەوانە بووەوە. چ دنیایەکە.

ژیلا - ئێستا چمان لێدەکەن؟

کاوە - سێ کاتژمێرە میزم دێ دەنگم دەرنەهاتووە، بۆ ئەوەی ورەی هاوخەباتەکان نەڕووخێنم. مسووڵدانم تەقی. دەبێ مسووڵدانێکی نوێی بۆ بکڕم.

لە ناکاو ژیلا لەگەڵ ئەوەی دانیشتبوو گریا. ئینجا جیا لە مەهتاب هەموویان گریان.

کەمێک سەیرمان کردن و کاوە وتی:

- باشە جووکە جووک.

ژیلا سەری هەڵبڕی و وتی:





CamScanner

- ئەمە گریان نییە. لە توورەییە. لە قەڵسییە. بێزم لە خۆم دێتەوە کە بۆچی ئەو زنجیرانەم توند نەبەست.

کاوە – کورە بە قوربانی خۆت بێ. هیچ ڕووی نەداوە. جارێ بیر لە دە ملیارد بکەنەوە کە چۆنی جێبەجێ بکەن؟

ئینجا ئاوڕی بۆ لای ئێمە داوە و وتی:

- دەی چ لەوانە بکەم؟

من سەیری مەهتابم کرد کە سەری داخستبوو. پاش کەمێ ڕەزا هێورانە چووە لایان و کاوە خێرا وتی:

- ڕەزا.

ڕەزا بە زەردەخەنەیەکەوە گەڕاوە بۆ لای کاوە کە نیازێکی خراپی نییە. ئینجا چووە لای ژیلا دانیشت و وتی:

- لەبەر ئەو کارە خراپانەی وا کردوومە پەشیمانم. هەمیشە پەشیمان بووم. پێشم وا نییە لەو کارانەی کە کردوومە ڕازی بووبێتم. ڕقم لە خۆمە. ناشتوانم بگەڕێمەوە ئەگەر ڕێدەرەتان هەبا بێگومان دەگەڕامەوە.

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی:

من ئەوەندە لە ئێران نامێنمەوە. لەم ماوەدا هەر کامتان بێنە کۆمپانیا یەکی چەکێکیتان دەدەمێ.

ئینجا هەستا و گەڕاوە لای ئێمە و وتی:

- کوڕەکان با بڕۆین.

کاوە گەڕاوە بە ژیلای وت:

- خۆ خۆتان ئۆتۆمبێلتان هەیە؟ ئەرێ؟

ژیلا بە ئاماژەی سەر وتی ئەرێ.

مەهتاب سەری هەڵبڕی و بە گریانەوە سەیری کردم. منیش سەیرم کرد و کاوە وتی:

- با بڕۆین ئیتر. شەوێکی خۆش بوو. زلزلەش لەو شوێنانەی دنیا وا باست کرد هات. زۆر بەهێز بوو. بەڵام ئەوان پێشتر مشووری خەڵکی خۆیان

خواردبوو و هەروەها ماڵەکانیان وا ساز کردبوو کە هیچی لێ نەیەت. ئەوان هەموو مشووری یەکتر دەخۆن. زکیان بۆ یەکتر دەسووتێ. هەموو پێکەوەن. فریای یەکتر دەکەون. هەر لەبەر ئەوەش خوا فریادڕەسیانە. ئێمە تەنیا خەمی خۆمانە. ئەوان خەمی خۆیان و خەڵک و وڵاتیانە. ئەوان سوود و سەڵەم ناکەن کە تووشی کێشە بن. ئینجا هەموو گەڕانەوە سەیری منیان کرد و منیش گەڕامەوە سەیری مەهتابم کرد. سەری لە نێوان چۆکی دانا بوو. دیار بوو دەگریا. نەمدەزانی چی بکەم. دەمزانی هێشتا خۆشم دەوێ.

کاوە هاتە پێشەوە و باسکی گرتم و وتی:

- با بڕۆین بێزاد.

سەیرم کرد. قاچەکانم نەدەجووڵان.

بە هێمنییەوە دەستی گرتم.

هەر سێکمان لە ژوورەکە هاتینە دەرەوە و چووینە لای ئۆتۆمبێلەکە و کاوە دەرگای باغەکەی کردەوە و کەمێک وەستا و سەیری کرد. من و ڕەزا گەڕاینەوە و پشت سەری خۆمان سەیر کرد.

هەموو هاتنە دەرەوە و لە مەودای چەند مەتر دوورتر لە ئێمە ڕاوەستان و سەیریان دەکرد.

یەک دوو خولەک هەر وا ڕاوەستا بووین و ڕەزا دەرگای ئۆتۆمبێلی کردەوە. لەم کاتەدا ژیلا وتی:

- کاوە هەموو ئەو شتانە ڕاست بوو. هەموویان. ئەوەی وتم و ئەوەی لە نێوانماندا بوو. هەموو ڕاستەقینە بوو.

کاوەش لەگەڵ ئەوەی سواری ئۆتۆمبێل دەبوو وتی:

- درەنگە ژیلا. هەڵەت کرد.

ئینجا سوار بوو. ئێمەش سوار بووین و ڕۆشتین و لە باغ هاتینە دەرەوە.

- خەریکە ڕۆژ دەبێتەوە.

کاوە - بڕۆین چ بکەین؟ هەتا ئێستا لە ماڵەوە بووین.

ڕەزا پێکەنی. بە دەنگی بەرز.

- تۆ حاڵی نابی. خۆ نیو و کاتژمێر نابێ ڕزگار بووین.

کاوه – ئەگەر ئیدیسۆن بە یەکەم شکست وازی لە هەوڵەکانی بهێنابایە خۆ ئێستا ئێمە چرا لەنتەر بە دەستمانەوە بوو.

- من ماڵ نەبێ نایەمە هیچ کوێ. ماڵ، گەرماو. خەو. ئەوەندە ئەعسابم شێواوە کە تاقەتی خۆمم نییە.

کاوه – برا ئەمەش بگەیێنینە ماڵەوە بزانم چ دەبێ با برێ زەینمان بحەسێتەوە.

پاش کەمێ ڕەزا وتی:

- کوڕەکان دانیشن. هەموو خەتای من بوو.

کاوه – وازی لێ بێنە. چاکتریش بوو. ناسیانمان. ئەم قوڕ بە سەرە خەریک بوو لە ناو دەچوو. منداڵەکەیان دەبوو بە چی؟ دایک دز و بارمتەگر، باوک پەخمە و گێژ.

ڕەزا – ئەرێ بە ڕاست بۆ وای لێ هات؟ من سەردەمانێ دەمویست دنیا بگۆڕم. کەچی دنیا منی گۆڕی. هەندێ جار بیر هەڵمدەگرێ. چمان دەویست و چی هاتە سەرەڕێمان؟ دەیتوانی باشتر با. ئەوەی پێشتر هەمانبوو بمانبایە و شتی تریش.

کاوه – بنیادەمی بێئەزموون و خاو وا دەزانێ زۆر ژیرە بەڵام وا نییە.

ڕەزا – سەردەمانێ ئەوانەی وا ئێستا وریا بوونەتەوە دەماندواندن و ئیرادمان لێ دەگرتن پێیان وا بوو ئێمە کافر و وڵاتفرۆشین. ئێستا دەزانن خۆیان هەڵە بوون.

سەیرم کرد و وتم:

- ڕەزا؟

ڕەزا – گیان؟

ئەگەر هاتنە لات پارەیان پێ دەدەی؟

گەڕاوە و سەیری کردم و بزەیەکی هات و وتی:

- تۆ چت دەوێ بە نیازی پێیان بدەم؟

- نازانم. ئەرێ. گوناحن.

ڕەزا – ئەرێ کاوە گیان. دۆخەکە شێواوە. لە ناکاو دەبینی بۆ ئەوەی خۆیان قوتار بکەن ئێمەمانان دەفرۆشن.

کاوە – دەچی بۆ کوێ؟

ڕەزا – یەک دوو شوێن هەیە. نیشتەجێبوونی ئەوێم وەرگرتووە. ماڵ. ژیان هەموو شتێک.

یەکیان کەنەدا و ئەوی تریان دوبەیە. هەر کات پێتان خۆش بوو وەرن. هەموو شتێکتان بۆ دابین دەکەم.

کاوە – کۆچ و بار دەکەی؟

ڕەزا – ئەرێ هەرچیم بوو کردمە دۆلار و ناردم. هەر ئەم کۆمپانیایەیە کە ئەویش لە کۆتاییدایە.

- چەند جار ویستم بۆتان ڕوون کەمەوە کە چیم کردووە بەڵام نەمتوانی.

کاوە – پەشیمانی؟

ڕەزا – ئەرێ. کاوە گیان. ڕۆحم فرۆشت. ڕۆحێک کە لە پارە نەدەهات. سەردەمانێک پارووە نانێکم بە ئاسوودەییەوە دەخوارد. ئێستا ستەیک بە ترس و لەرز و پەشیمانییەوە دەخۆم. ئەو کات سەد دانە هاوڕێم بوو کە منیان بۆ خۆم دەویست. ئێستا هەزاران هاوڕێم هەیە کە منیان بۆ پارە دەوێ. ئەمە یانی چی؟ ئەمە یانی مەرگ.

کاوە – ئێستا وەزعت زۆریش خراپ نییە.

ڕەزا – با کاوە گیان خراپە. من بنیادەم نیم.

- هەموو شتێک جێبەجێیە.

ڕەزا – دەبێ ڕا بکەم ئینجا کارێ وا بکەم کە ویژدانم ئاسوودە بێ. چاکە لەم کۆتاییانەدا ئێوەم دۆزییەوە.

- بە دڵ داوا لە خودا بکە لێت ببوورێ و تۆش قەرەبووی تاوانەکانت بکەرەوە.

ڕەزا – خوا ڕووی لە ئێمە وەرگێڕاوە. بە ناو خوا چم نەکرد!؟

ئینجا سەیری من و کاوەی کرد و پێکەنی و وتی:

- هەمیشە کاتێ لە خراپترین بارودۆخدام واتە هەموو گیانم لە قوڕدایە وەبیر ئێوە دەکەومەوە، هەستم دەکرد کەسانێک هەن کە هێشتا پاکن. ئەمە دڵی خۆش دەکردم. ڕەنگە لەبەر ئەوەش بوو وا زۆر کارم نەکرد. دەمتوانی زۆر کار بکەم. کاری پیس. من دز بووم، بەڵام لە دیوار سەر نەکەوتم. بەڵام جۆرێکی تر دزیم دەکرد. مافی خەڵکم خوارد. خۆ دەزانم سزاکەی دەدەمەوە.

- ئەگەر ئەو پارانەی وا دزیت بیدەیتەوە چ دەبێ؟

ڕەزا – بێزاد تازە ناتوانم بچمەوە سەر خانەی یەکەم. بە دەردی کچەکان وتیان ئێوەمان خۆش دەوێ بەڵام نایانهەوێ هەژار بن.

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی:

- دەزانی بیرەوەرییەکانم ئەو شتانەی کە هەمیشە بیری لێ دەکەمەوە و ئاسوودەییم پێ دەبەخشێ هی چ کاتێکە؟

هی ئەو کاتانەی وا لە زانکۆ و پێکەوە بووین. ئینجا تووشی ئەم بەسەرهاتانە هاتم وا بەشێک لە بەسەرهاتم نین. من نایانزانم. تەنیا قۆناغێکە کە تێپەڕاندوومە. بریا وا نەبا. بریا سەرم داخستبا وەکوو زۆر کەس ژیانی خۆمم بکردایە و بیرم لە ڕێنوێنیی کۆمەڵگا نەکردباوە. بڕوانامەی زانکۆم وەرگرت و بچووبایەمە سەر ئیشێک، چم دا بوو لە گەندەڵی. چم دابوو فڵان کەس دووڕووە، فڵان کەس ماڵی خەڵک دەخوا. چم دا بوو غەدر لە خەڵک دەکرێ یان نا.

- هەر بە ڕاست بگەڕابایتەوە بۆ ئەو سەردەمە ئەم کارەت دەکرد؟

ڕەزا – نازانم بێزاد گیان. لەو پەشیمانم. لەم پەشیمانم. نە ئەوم دەوێ و نە ئەم. پێم خۆشبوو هەمووان چاک بن. هەمووان ئاسوودە بن. بەڵام هەندێ نەیاندەهێشت. دەبا سەرمان لە سەر ئیشی خۆمان بایە و زۆر کار نەکەین و تەنیا لە خەمی خۆماندا بین. ئەو کات کەس کاری پێمان نەبوو. زۆر شت نابێ خۆت لە قەرەی بدەیت.

ئێستا چی؟ وەک کچەکان وتیان کە دەگەینە ئەم قۆناغە حەسرەتی ڕابردوو دەخۆین. کە چی بووین و بووین بە چی؟

هەمووی لە نەزانینە.

چووزانم. جاریٚ بە دایکمم وتووە جانتا و شمەکەکانی کۆ بکاتەوە. داماو پێی خۆش نییە ئێران بە جێ بێڵێ و وەک خۆی دەڵێ بچێ بۆ غەریبی.

ناردم بۆ مەکە، ناردم بۆ مەشهەد، ماڵ و ژیانم بۆ دابین کرد. بەلام ئێستا دەمەوێ لە نیشتمانی خۆی هەڵیکەنم و بیبەمە ولاتێکی تر. دلی نەتوقی باشە. ئەو کاتێ من هەم باوکم و هەمیش دایکمم کوشتووە. باوکمم ئاوا کوشت و دایکمم ئاوا کوشت.

چ سەردەمێکیان بۆ دروست کردووین؟! من یەکێک لە هۆکارەکان بووم. چۆن داوای گەردن ئازایی لە هەشتا ملیۆن ئێرانی بکەم.

پێکەنی و هیچی نەوت.

****

نزیکەی سێ  هەفتە دوای ئەوە ڕەزا ڕۆی.

نە مەهتاب و نە ژیلا هیچیان نەچوون پارەی لێ وەربگرن.

پاش هەفتەیەک کاوە چوو سەردانی ئاپارتمانەکەی کرد. مەهتاب ڕۆشتبوو و جلوبەرگەکانی بردبوو. سرویسی زێڕ و ئەنگووستیلە هەر لەوێ بوون.

نازانم بە ڕاستی خۆشی دەویستم یان نا

وەکوو کەسێکم کە هاوسەرگیری کردووە و ئینجا هاوسەرەکەی تەلاق داوە.

وەڕەزی و ناهومێدی وازم لێ ناهێنن.

بە ڕاستی بۆ وای لێهاتووە؟

خەتای کێیە؟

خۆ ئێمە خراپ نەبووین.

ئەی بۆ وای لێهات؟

دەبێ کێ وەلام بداتەوە؟

ئەم هەموو خەمە کێ دەبێ وەلامدەر بێ؟

بیرم لەوانە دەکردەوە کە کاوە تەلەفۆنی کرد.

- ئەلۆ؟ کیف حالک؟

- سڵاو لە کوێی؟

کاوە – ئەو کوڵوانە دراکوولایەم لە ناو کومیدەکە دەربێنە و ئوتووی بکە و ئامادەی کە.

- بۆچی؟

کاوە – ئاهەنگی هالۆڤینی درەنگ وەختە. کوڵوانە دەربێنە و ئوتووی بکە. دەستێک ددانی دراکوولاییم بۆ جۆر کردووی دەڵێی ئەڵماسە. خۆشم جلوبەرگەکانی زۆڕۆم داوە بۆم بشۆن. ئەوە کاتژمێریکی دیکە ئامادەیە. شمشێرەکەم داوە بۆم تیژی کەن وەکوو ...

تەلەفۆنەکەم داخست.

**کۆتایی**



مرۆڤ لەسەرەتای ژیانیدا، زۆر بە پاکی ئافرێندراوە، بەڵام لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا دڕەندەیەک دەژی، ئەم دڕەندەیە دەنوێ، تا ئەو دەمەی خۆمان بەخەبەری دێنین. کاتێ بەئاگامان هێنا ئیدی جڵەوکردنی ئەستەمە.

هەندێجار لە ئەنجامی تۆڵەکردنەوەی ئەو زوڵمەی بەرامبەر مرۆڤ دەکرێ، بڕیاردەدات دڕەندەی ناخی بەئاگا بێنی، تا تۆڵەی خۆی لە مرۆڤەکان بکاتەوە. بێ گوێدانە ئەوەی کێ تاوانبارە و کێ بێتاوان.

زۆرجار کەسانێک پەیدا دەبن، دەیانەوێت لەو گێژاوە دەربازی بکەن. مرۆڤایەتی پێویستی بەم جۆرە کەسانەیە، تا چەندە سەرکەوتوو دەبن یان نا، گرنگ نییە، گرنگ بوونی ئەم کەسانەیە، گەرچی هەزاران جار دڵشکاو دەکرێن و نائومێد دەبن.




کتێبخانەی گۆڵدن بووک
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
07701598762 - 07501444434
Goldenbook ktebfroshe warzer
GOLDEN BOOK
9 781573 067896